

دەستووری
کۆماری کوردستان

وەشانی ٢٠٢٦

دەستووری کۆماری کوردستان



دەستووری کۆماری کوردستان

وەشانی ٢٠٢٦

ناوی پەرتووک:	**دەستووری کۆماری کوردستان**
ناوی کوردی ژوورین:	Destûra Komara Kurdistanê
ناوی ئینگلیزی:	Constitution of the Republic of Kurdistan
داڕێژەر:	مانی ئاقرین
پسپۆڕی قانوون و دەستوور:	پارێزەر ئەلەند ئیبراهیم، دکتۆر برایم مەلازادە و دکتۆر حەسەن مستەفا
وەشانی چاپی:	چاپی یەکەم، ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: نەورۆزی ٢٧٢٦ ک. / ٢٠٢٦ ز.
وەشانی ئەلیکترۆنی:	وەشانی یەکەم، ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: نەورۆزی ٢٧٢٦ ک. / ٢٠٢٦ ز.
ISBN ـی وەشانی چاپی:	٩٧٨-٨٢-٦٩٤٣٢٦-٢-٦
ISBN ـی وەشانی ئەلیکترۆنی:	٩٧٨-٨٢-٦٩٤٣٢٦-٠-٢
بڵاوکەرەوە:	بڵاوگەی کۆمار، نۆرۆێژ
مافەکان:	مافی چاپ، بڵاوکردنەوە و دووبارەبڵاوکردنەوەی ئەم وەشانە بۆ مانی ئاقرین پارێزراوە پارێزراوە.
مالپەڕ و پەیوەندیی:	www.kurdconstitution.com



سوێندنامەی دەستووریی

من، _____ ، کوڕی/کچی _____ ،

لەبەردەم خودی نەتەوەیی و ویژدانی مێژوویییدا، لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان و لەبەرامبەر پاشماگی شەهیدان و ئاواتی نەوەکانی داهاتوودا، بە ویست و خواستی سەربەخۆ و ئازاد و باوەڕێکی پڕ و بێخەوشەوە، بە هەموو پێرۆزییەکان و باوەڕە ئاسمانی و زەوینییەکانم، بە شیری دایک و ڕەنجی باوکم سوێند دەخۆم کە:

یەکەم: بە دڵسۆزییەکی ڕەهاوە پابەندی دەستووری کۆماری کوردستان بم وەک باڵاترین دەربڕینی ویستی نەتەوە و تاکە سەرچاوەی ڕەوایەتیی و بە هەموو توانامەوە بیپارێزم.

دووەم: پارێزەری سەروەریی، سەربەخۆیی و یەکپارچەیی وارگەی نەتەوەیی کوردستان بم لەبەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی ناوخۆیی و دەرەکیدا و گیان و ژیانی خۆمی پێ ببەخشم.

سێیەم: ڕێز لە سەروەریی قانوون، دامەزراوە دەستوورییەکان و ئاڵای پیرۆزی کوردستان بگرم و مافی شارۆمەندانی تر وەک مافی خۆم بپارێزم.


چوارەم: بەشدارێکی چالاک بم لە بنیاتنانی دەوڵەت و نیشتمانێکی ئاوەدان، پێشکەوتوو، دادپەروەر و بەهێزدا و ئەرکە نیشتمانی و شارستانییەکانی سەرشانم بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە جێبەجێ بکەم.

پێنجەم: کار بۆ پتەوکردن و سەقامگیرکردنی یەکێتیی نەتەوەیی و ئاشتیی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بکەم و بەرەنگاری هەر گوتار و کردەوەیەک ببمەوە کە ببێتە هۆی دووبەرەکی و تێکدانی یەکڕیزیی کوردستان.

شەشەم: هەر گوتارێکی وارگێڕی یان ڕێکخراوێکی وارگێڕی لە کوردستان کە هەڵگری گوتاری دەوڵەتی کوردستان نەبێت و لە بەرامبەردا بە هەر پاساوێک کوردستان بە بەشێک لە خاک و دەوڵەتی بێگانە و داگیرکەر بزانێت و پرۆگرامی وارگێڕی و دروشمی وارگێڕی بۆ دەوڵەت و وڵاتی داگیرکەر بێت، بە بەشێک لە داگیرکاری بزانم.

ئەم سوێندە، پەیمانی منە لەگەڵ کوردستان و نەوەکانی داهاتوودا!

ناو و واژۆ: _____ شوێن/ڕێکەوت: _____





پێڕست

پەیکەری یەکەم:..... ١٦

دەقە بەراییەکان ١٦

ڕاگەیاندنی دەستووری کۆماری کوردستان..... ١٧

بەرایی..... ٢١

پێشەکی..... ٣٣

پەیکەری دوویەم: ٤٣

پەیکەری دەستووری و قانوونی..... ٤٣

دەروازەی یەکەم: بنەماکان و ناسنامە ٤٤

بەندی ١: وڵات و وارپارێزیی (تێریتۆریالیزم)..... ٤٥

بەندی ٢: ئاڵای کوردستان..... ٥١

بەندی ٣: بنچینەی بوونناسانەی دەستوور..... ٥٥

بەندی ٤: پیرۆزیی خاک و پلانی نیشتمانی بۆ نەخشەدانان..... ٥٨

بەندی ٥: پاشماگی شارستانی، پاراستنی یادەوەریی نەتەوەیی..... ٦١

بەندی ٦: سنوورەکان وەک قەڵغانی بەرگری و دەروازەی هێز..... ٦٤

بەندی ٧: ئامانجی باڵای دەوڵەت و هاوسەنگیی ستراتیژی..... ٦٦

بەندی ٨: ڕێکخستنی خاوەندارێتی و وارگەی نەتەوەیی..... ٦٩

بەندی ٩: چەکداریی گشتی..... ٧٤

دەروازەی دوویەم: ئێسکبەندیی بنەمایی دەوڵەتداری و دەسەڵاتداری ٧٨

بەندی ١٠: سەرکۆماری کوردستان - سەرۆکی دەوڵەت و ڕایەدار..... ٧٩

بەندی ١١: پەرگاڵی وارگێڕی و سەقامگیریی دەوڵەت..... ٨٤

بەندی ١٢: دەسەڵاتی ڕایەدار - کابینەی دەسەڵات.....٨٧

بەندی ١٣: دابەشکاریی کارگێڕی و دەسەڵاتە خۆماڵییەکان.....٩٢

دەروازەی سێیەم: دەسەڵاتی قانوونداناں..... ١٠٤

بەندی ١٤: سەرچاوە و پێکهاتەی دەسەڵاتی قانوونداناں.....١٠٥

بەندی ١٥: سەقامگیریی فۆرمی دەستووریی و میکانیزمەکانی گۆڕان.....١٠٦

بەندی ١٦: ڕەوایی دەسەڵات و چوارچێوەی دەستووریی.....١٠٩

بەندی ١٧: مەکۆی ژیران (سەنا) - ژووری ژیرمەندی و سەقامگیریی نیشتمانی.....١١٠

بەندی ١٨: دەسەڵاتی قانوونداناں و مەکۆی نیشتمانی (پەرلەمان).....١١٧

بەندی ١٩: هەڵبژاردن و مەرجەکانی ئەندامێتیی مەکۆی نیشتمانی (پارلەمان).....١٢٤

بەندی ٢٠: کارکردن و ڕێسا ناوخۆییەکانی مەکۆی نیشتمانی.....١٢٦

بەندی ٢١: پرۆسەی قانوونداناں و ڕۆڵی مەکۆی ژیران.....١٢٩

بەندی ٢٢: چاودێریی مەکۆی نیشتمانی بەسەر دەسەڵاتی ڕایەدار ١٣٢

بەندی ٢٣: پەیوەندیی نێوان مەکۆی نیشتمانی و دەسەڵاتی دادوەری.....١٣٣

بەندی ٢٤: پارێزبەندی و سەربەشەکانی ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی.....١٣٤

بەندی ٢٥: هەڵوەشاندنەوەی قانوونەکان.....١٣٦

دەروازەی چوارەم: دەسەڵاتی دادوەریی..... ١٣٧

بەندی ٢٦: سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی.....١٣٨

بەندی ٢٧: پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەریی.....١٣٩

بەندی ٢٨: دادگای باڵا - پارێزەری ڕەهای دەستوور و سەروەریی قانوون.....١٤١

بەندی ٢٩: دانان، مەرجەکان و ماوەی ڕاژەی دادوەران ١٤٤

بەندی ٣٠: پرۆسەی دادگاییکردن و بنەماکانی دادپەروەری.....١٤٦

بەندی ٣١: دەزگای داخوازکاریی گشتی ١٤٨
بەندی ٣٢: لێپرسینەوە و سزادانی دادوەران و داخوازکارانی گشتی ١٤٩
بەندی ٣٣: بوودجە و کارگێڕیی دەسەڵاتی دادوەریی ١٥١
دەروازەی پێنجەم: ئەرکە نیشتمانییەکان و پاراستنی دەوڵەت ١٥٣
بەندی ٣٥: ئەرک و چوارچێوەی قانوونیی پارتییە وارگێڕییەکان..... ١٥٥
بەندی ٣٦: ئەرکی بەرگریی نیشتمانی و ڕاژەی گشتی..... ١٥٩
بەندی ٣٧: تاوانی باڵای ناپاکیی نیشتمانی..... ١٦١
بەندی ٣٨: بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزم..... ١٦٤
بەندی ٣٩: ڕێنەدراوکردنی سیخوڕی و دەستێوەردانی بیانی..... ١٦٦
بەندی ٤٠: پاراستنی نهێنییەکانی دەوڵەت..... ١٦٨
بەندی ٤١: بەرپرسیارێتیی نیشتمانیی ڕێکخراوە ژیاری و ئابووریيەکان..... ١٦٩
بەندی ٤٢: پەیمانی نەتەوەیی و ئەرکەکانی شارۆمەند..... ١٧١
بەندی ٤٣: پاراستنی شکۆی نەتەوەیی و نەهێشتنی نەیارشەیدایی..... ١٧٢
بەندی ٤٤: جینۆساید وەک تاوانی لێنەبوردە و ئەرکی هەردەمیی نەتەوە..... ١٧٤
دەروازەی شەشەم: شارۆمەندیی، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان ١٧٨
بەندی ٤٥: پاراستنی مافی ژیان و سنووردارکردنی سزای لەسێدارەدان..... ١٧٩
بەندی ٤٦: شارۆمەندی، شوناس و بنەمای یەکسانی ١٨٠
بەندی ٤٧: ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان..... ١٨٤
بەندی ٤٨: دادپەروەریی نەتەوەیی و خۆشبژێوی وەک کۆڵەکەی هێزی دەوڵەت ١٨٦
بەندی ٤٩: پێگە و مافی کەمینەکان..... ١٨٨
بەندی ٥٠: سنووردارکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان..... ١٨٩

بەندی ٥١: پاشماگ بۆ نەوەکانی داهاتوو ١٩١
بەندی ٥٢: بەشداریی لاوان ١٩٢
بەندی ٥٣: کۆمەڵگەی ژیاری ١٩٣
بەندی ٥٤: پاراستنی زانیاریی کەسی و کەسینەیی دیجیتاڵی ١٩٥
بەندی ٥٥: مافی دەستگەیشتن بە زانیاری و ژینگەی دیجیتاڵی ١٩٦
بەندی ٥٦: مافی نیشتەجێبوون و دابینکردنی سەرپەنا ١٩٧
بەندی ٥٧: پشتیوانی لە داهێنانی ئابووری و پڕۆژەی نوێباو ١٩٨
بەندی ٥٨: ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خۆشبژێویی گشتی ١٩٩
بەندی ٥٩: مافەکانی کەمتوانایان ٢٠١
بەندی ٦٠: مافەکانی منداڵ و پاراستنی ژینەکییان ٢٠٢
بەندی ٦١: مافەکانی کار و پاراستنی کارکەران ٢٠٤
بەندی ٦٢: مافەکانی کڕیاران ٢٠٦
دەروازەی حەوتەم: ئاسایشی نەتەوەیی و بەرگریی گشتگیر ٢٠٨
بەندی ٦٣: دۆکترینی بەرگریی چالاک و پاراستنی پێشوەختە ٢٠٩
بەندی ٦٤: کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ٢١١
بەندی ٦٥: هێزی بەرگریی نیشتمانی (ئارتەش) ٢١٤
بەندی ٦٦: ڕاژەی نیشتمانی و هێزی یەدەگ ٢١٥
بەندی ٦٧: پەڕگاڵی نێوخۆیی و پۆلیسی نیشتمانی ٢١٧
بەندی ٦٨: دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی ٢١٩
بەندی ٦٩: تەکنەلۆژی و پیشەسازیی بەرگریی نیشتمانی ٢٢٢
بەندی ٧٠: فەرماندەیی ئەلیکترۆنیی ئارتەش ٢٢٤

بەندی ٧١: باری جەنگ و دۆخی ئاوارتە..... ٢٢٦

دەروازەی هەشتەم: وارگێڕیی دەروە و دیپلۆماسی..... ٢٣٢

بەندی ٧٢: بنەما ستراتیژی و دەستوورییەکانی وارگێڕیی دەرەوە..... ٢٣٣

بەندی ٧٣: پرەنسیپە ڕێنوێنکەرەکانی وارگێڕیی دەرەوە..... ٢٣٥

بەندی ٧٤: پەیوەندیی نێوان قانوونی نیشتمانی و قانوونی نێودەوڵەتی..... ٢٣٦

بەندی ٧٥: دیپلۆماسی و نوێنەرایەتیی نێودەوڵەتی..... ٢٣٧

بەندی ٧٦: دیدگای ستراتیژی بۆ پەرگاڵێکی جیهانیی دادپەروەرانە..... ٢٣٩

بەندی ٧٧: پەیوەندییە ستراتیژییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل..... ٢٤٢

بەندی ٧٨: پەیوەندیی مێژوویی و پەیمانی ستراتیژی لەگەڵ نەوەکانی ماد..... ٢٤٤

بەندی ٧٩: دیپلۆماسیی ئابووری و سامانە نەتەوەییەکان..... ٢٤٦

بەندی ٨٠: دیاسپۆرای کورد وەک قووڵایی ستراتیژیی..... ٢٤٩

بەندی ٨١: وارگێڕیی مرۆیی و مافی پەنابەری..... ٢٥٣

دەروازەی نۆیەم: ئابووریی نیشتمانی و گەشەی ڕاوەستاو..... **٢٥٩**

بەندی ٨٢: بنەماکانی ئابووریی نیشتمانی..... ٢٦٠

بەندی ٨٣: سەرمایەداریی نیشتمانی و ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی ستراتیژی..... ٢٦٢

بەندی ٨٤: ئابووریی فرەبناغە و ستراتیژیی کەرتە پێشەنگەکان..... ٢٦٦

بەندی ٨٥: گەڕیاریی نیشتمانی و نواندنی شارستانیەت..... ٢٦٨

بەندی ٨٦: دەسەڵات بەسەر سامانە سروشتییەکاندا..... ٢٧١

بەندی ٨٧: ئاسایشی خۆراک و سەربەخۆیی کشتوکاڵی..... ٢٧٣

بەندی ٨٨: داهێنان، توێژینەوە و پاراستنی مافی هزری..... ٢٧٤

بەندی ٨٩: ئابووریی دیجیتاڵی و سەربەخۆیی تەکنەلۆژی..... ٢٧٦

بەندی ٩٠: پەرگاڵی بانکی و سەقامگیریی دارایی..... ٢٧٨
بەندی ٩١: پاراستنی ژینگە و گەشەی ڕاوەستاو..... ٢٧٩
بەندی ٩٢: بازرگانیی نێودەوڵەتی و کێبڕکێی جیهانی..... ٢٨١
بەندی ٩٣: دادی کۆمەڵایەتی و خۆشبژێویی نیشتمانی..... ٢٨٣
بەندی ٩٤: پاراستنی ئابووریی نەتەوەیی..... ٢٨٥
دەروازەی دەیەم: پەروەردە، زانست، کولتوور و ڕاگەیاندن..... ٢٨٧
بەندی ٩٥: بنەما و ئامانجە ستراتیژییەکان بۆ پەروەردە، کولتور و زانست..... ٢٨٨
بەندی ٩٦: پەرگاڵی پەروەردەی نیشتمانی..... ٢٨٩
بەندی ٩٧: خوێندنی باڵا، توێژینەوەی زانستی و باڵادەستیی تەکنەلۆژی..... ٢٩٥
بەندی ٩٨: کولتوور، زمانی کوردی و پاشماگی نەتەوەیی..... ٣٠٥
بەندی ٩٩: ئازادیی داهێنان و ڕۆشنگەریی نەتەوەیی..... ٣٠٨
بەندی ١٠٠: مێدیا، ڕاستی و ئاوەزی گشتی..... ٣١١
بەندی ١٠١: مێدیای گشتیی نیشتمانی..... ٣١٤
بەندی ١٠٢: دامەزراوەکانی هزری ستراتیژی و دۆکترینی نەتەوەیی..... ٣١٧
بەندی ١٠٣: ئەرشیفی نەتەوەیی و کتێبخانەی نیشتمانی..... ٣١٩
دەروازەی یازدەیەم: دەسەڵاتداریی پێشکەوتوو و ڕەوایەتیی سەقامگیر..... ٣٢٣
بەندی ١٠٤: چاودێریی کۆمەڵایەتی و ڕەوایەتیی سەقامگیر..... ٣٢٤
بەندی ١٠٥: پاراستنی شوناسی نەتەوەیی..... ٣٢٥
بەندی ١٠٦: شایستەسالاری وەک بنەمای هێزی دەوڵەت..... ٣٢٧
بەندی ١٠٧: تاوانی جەردەسالاری و داڕزاندنی دەوڵەت..... ٣٣٠
بەندی ١٠٨: خۆشبژێویی گشتی وەک ئامانجی دەستووریی دەوڵەت..... ٣٣٣

بەندی ١٠٩: ژمێریاریی گشتی و چاودێریی کارایی ٣٣٤

بەندی ١١٠: نووسینگەی پارێزەری گشتی ٣٣٦

دەروازەی دوازدەیەم: دەوڵەتی ژێر ٣٤٠

بەندی ١١١: بنەما دەستوورییەکانی دەوڵەتی ژێر ٣٤١

بەندی ١١٢: دەستەی نیشتمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ٣٤٣

بەندی ١١٣: پەڕگاڵی دەوڵەتی ژێر ٣٤٤

بەندی ١١٤: ڕاژە گشتییەکان لە ڕێگەی دەوڵەتی ژێرەوە ٣٤٧

بەندی ١١٥: شوناسی نیشتمانیی دیجیتاڵی ٣٥٢

بەندی ١١٦: پەڕگاڵی دیموکراسیی دیجیتاڵی ٣٥٤

بەندی ١١٧: دیجیتاڵکردنی دەسەڵاتی دادوەری ٣٥٨

بەندی ١١٨: ناوەندی نیشتمانی بۆ هەواڵگری و شیکاریی ستراتیژی ٣٦٢

بەندی ١١٩: پەڕگاڵی نیشتمانی بۆ بنیاتنانی پەروەردە و تەندروستی ٣٦٦

بەندی ١٢٠: چوارچێوەی قانوونیی و ڕەوشتیی تەکنەلۆژیا ٣٧١

بەندی ١٢١: دیپلۆماسیی دیجیتاڵی و سەربەخۆیی تەکنەلۆژی ٣٧٤

بەندی ١٢٢: دەوڵەتی ڕزگاریی و پەڕگاڵی دەوڵەتی ژێر لە قۆناغی ڕزگاریدا ٣٧٧

دەروازەی سێزدەیەم: ڕستە دامەزرێنەرەکان، کردەی ڕزگاریی ٣٨٠

بەندی ١٢٣: ڕاگەیاندنی دەستوور وەک کردەی دامەزرێنەری سەروەریی ٣٨١

بەندی ١٢٤: دەوڵەتی ڕزگاریی وەک جێگرەوەی قانوونیی و دامەزرێنەر ٣٨٣

بەندی ١٢٥: دەوڵەتی ژێر وەک ئامێری کارپێکەری خەبات و نەتەوەسازیی ٣٩٠

بەندی ١٢٦: میکانیزمی ڕاگوێز بۆ کۆماری کوردستان وەک دەوڵەتی سەربەخۆ ٣٩٢

بەندی ١٢٧: هەموارکردنەوەی دەستوور ٣٩٤

بەندی ۱۲۸: بەندە نەگۆڕەکان: گەوهەری بوونایەتی و پەیمانی هەردەمیی.....۳۹۷

بەندی ۱۲۹: لێکدانەوەی دەستوور و سەروەریی دوا-بڕیار.....۳۹۹

بەندی ۱۳۰: پاراستنی ئاوەزی نەتەوەیی و قەڵغانی هزری.....٤۰۰

بەندی ۱۳۱: پاراستن و ساغکردنەوەی دیمۆگرافیای نەتەوەیی.....٤۰۲

بەندی ۱۳۲: کۆڕی باڵای ئابووریی نیشتمانی ٤۰۵

دەروازەی چواردەیەم: دامەزراوە نیشتمانییە سەربەخۆکان..... ٤۰۷

بەندی ۱۳٤: دەستەی نیشتمانیی پاکڕەوشتی ٤۱۰

بەندی ۱۳۵: دەستەی نیشتمانیی مافەکانی مرۆڤ ٤۱۲

بەندی ۱۳٦: بێلایەنیی دەوڵەت بەرامبەر ئایین و باوەڕەکان.....٤۱٤

بەندی ۱۳۷: بانکی ناوەندیی کوردستان و سەربەخۆیی نەختینەیی.....٤۱۵

بەندی ۱۳۸: دەستەی نیشتمانیی وردبینیی ستراتیژی و کارایی.....٤۱۷

دەروازەی پازدەیەم: مانیفێستی واتایی و ڕووگەی تێگەیشتن..... ٤۱۹

بەندی ۱۳۹: پێناسە دەستوورییە بنەڕەتییەکان.....٤۲۰

پەیکەری سێیەم: پاشکۆکان..... ٤۳۹

بۆچی سوێندنامەی هاوواڵاتیبوون.....٤٤۱

داخوازکاریی بۆ تۆمارکردن وەک هاوواڵاتیی کۆماری کوردستان.....٤٤۸

پەیکەری چوارەم: دەقی هزری و کوردستانیزم ٤۵٦

دەستوور؛ ژێرخانی هزری کوردستانیزم.....٤۵۷

پەیکەری پێنجەم:..... ٤٦٦

زانان..... ٤٦٦

پەیکەری شەشەم: دەزگا چاودێرییەکان ۵۲۸

دەزگا چاودێرییەکان.....۵۲۹

ڕێنیشاندەری ناوەڕۆک ٥٣٦

تۆمارکردنی دەستوور و دانپێدانانی خوێنەر.....٥٤٤

پەیکەری یەکەم:

دەقە بەراییەکان

ڕاگەیاندنی دەستووری کۆماری کوردستان

نەتەوەی کورد، وەک نەتەوەی دایک، خاوەن و پاشماگگری ڕەسەنی ئەو کەتواری بنیاتنەرە مێژوویی و شارستانییەتانەیە کە لە قوواڵایی مێژووی سومەر، میتانی، هوری و گوتی و هتد هەڵقوواڵاون و لە ماد / میدیا و ساسانیدا گەیشتوونەتە لوتکەی یەکخستنی ئاوەزی دەوڵەتداریی کە بەسەر سەرانسەری وارگەی نەتەوەیی کورددا سەروەر بووە و بوونایەتی خۆی سەپاندووە. ئەم بوونایەتییە کە ڕەگ و ڕیشەی لە کەلتورە کەوناڕەکانی قەوقاز، زاگرۆس، ئەلبۆرز و تۆڕەسەوە داکوترا، جیا لە پەیوەندییەکی جوگرافی، هەمان بوونایەتیی بوونسەپێنی مێژوویییە کە لە چیاکانەوە شارستانییەتی بردووەتە شار و دەوڵەتشارەکانی پێدەشتەکانی دەوروبەری خۆی و لەسەر بنەمای سەروەریی ڕەها و قانوونی هەزاران ساڵەی خۆی بنیاد ناوە.

لە سەدان ساڵی ڕابردوودا، هەنووکە پاش تێپەڕاندنی قۆناغی ژێردەستی و ئازارەکانی جینۆساید و هەموو تاوانێکی لێنەبوراو، بە پشتبەستن بە ئاوەزی گشتی، ژیری کۆیی و ویستی ئاشکرا کە بە فەرمی لە ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ لە باشووری نیشتمان و بە بەرزکردنەوەی دەنگ لە پارچە بندەستەکان لە فۆرمی هاتنە سەرشەقام بۆ پشتیوانی دەنگی سەربەخۆیی لە باشووری ووڵات و هەروەها تازەترینیان بە بەرزکردنەوەی دەنگی سەربەخۆیی لە خۆپێشاندانە سەدان هەزارییەکانی جەنیوەری ٢٠٢٦ بە دروشمگەلی وارپاڕێزانە و دەوڵەتخوازانە و بەرزکردنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، ئێمە ویستی هەربوویی کورد بەم دەستووڕە ڕادەگەیەنین. کۆماری کوردستان، کە لە مەهاباد (١٩٤٦) وەک

ویستێکی ڕەهای نەتەوەیی ڕاگەیەندرا، لە ڕووی واتا و ڕەواییەوە بە هەربوویی ماوەتەوە؛ هەرچەندە داگیرکەران بە فیزیکی کۆماریان هەڵوەشاندەوە و نەتەوەی کوردیان خستە ناو دۆخێکی درێژخایەنی هەڵوەشاوەیی، بەڵام ئەم دەستوورە وەک باڵاترین خواستی بوونویستانە، کۆتایی بەو دۆخە و بە تەوژمێکی لێڵی هەڵوەشاوەیی و بێکۆماریی دەهێنێت و واتا مێژوویی‌یەکەی کۆمار بۆ کەتواری سەروەریی بونیاد دەنێتەوە؛ بەمەش خۆمان دەگۆڕین بۆ بکەرێکی چالاکی مێژووساز لە ناو هەناوی وڵاتی خۆماندا کە هەموو کوردێک هاووڵاتی کوردستان و کورد هەمووی شارۆمەندی کۆماری کوردستانن.

ئەم دیکلاراسیۆنە، دەسپێکی یەکلاکەرەوەی ڕەوایی و خۆسەرچاوەیی دەستووری کۆماری کوردستانە؛ بەم واتایە، یەکەمین دامەزراوەی دەوڵەتی کوردستانە کە وەک ئامرازێکی پیرۆز و پێویست و کێڵگە و ژینگەی وارگێڕیی بۆ ڕاییکردنی ویستی گەوهەریی نەتەوەی کورد لە وڵاتی کوردستان دامەزراوە، و بە هیچ شێوەیەک ڕەوایەتیی خۆی لە دەرەوەی پەیمانی نێوان کورد و وارگەی نەتەوەیی خۆی وەرناگرێت. فۆرمی کۆماریی دەوڵەتی کوردستان، وەک بنەمایەکی ئێستایی و دانەدواوەی ڕەهای هەر جۆرە دەسەڵاتێکی بنەماڵەیی یان تاکەڕەستانە، باڵاترین دەسکەوتی تێکۆشان و هاوئاگایی و خۆئاگایی نەتەوەییە کە لەم دەستوورەدا زایەڵە دەداتەوە. ئامانجی باڵای دەوڵەتی کوردستان لە ناو ئەم دەستوورەدا، هەم دابینکردنی ڕاژەی گشتی بۆ کۆمەڵگای کوردستان و هەم جێگیرکردنی سەروەریی ڕەهایە بەسەر وارگەی نەتەوەیی کوردستان، و مسۆگەرکردنی مانەوەی شکۆمەندانەی کوردستانە و پاراستنی بێ مەرجی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی لە سەرووی گشت بەرژەوەندییەکی لایەنی کاتی یان گرووپیە.

لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا، ئیسکبەندیی بنەمایی دەوڵەتدارێتی بنەمای جیاکردنەوەی گەوهەری دەسەڵاتەکان دەنەخشێنێت. دەسەڵاتی دادوەریی خاوەنی سەربەخۆیی بنەڕەتیی ڕەهایە، کە لە ڕێگەی دابینکردنی بودجە و کارگێڕیی سەربەخۆ گەرەنتی کراوە، تا ببێتە ویژدانی بێلایەنی کۆمار و پاسەوانی سەروەریی قانوون بەسەر هەمووانداا. مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران وەک زایەڵەی ژیریی کۆیی کوردستان کار دەکەن و لە ڕێگەی چاودێریی مەکۆی نیشتمانی بەسەر دەسەڵاتی ڕایەداردا، ڕێگری لە هەر جۆرە لاساریی‌یەک و لادانێک لە پڕۆسەی قانووندانان دەگرن.

شارۆمەندی کوردستانی، وەک شارۆمەندی پێشمەرگە، خاوەنی ئەرکی باڵای نیشتمانییە بۆ پاراستنی پیرۆزیی خاک و ڕاییکردنی ڕاژەی نیشتمانی. لە وارگەی ئاسایشدا، دۆکترینی بەرگریی

چالاک و پاراستنی پێشوەختە، لە ڕێگەی هەواڵگریی نیشتمانی و ناوەندی نیشتمانی بۆ هەواڵگری و شیکاریی ستراتیژی، هەڕەشەکان پێش گەیشتنیان بە وارگەی نەتەوەیی پووچەڵ دەکاتەوە. هێزی بەرگریی نیشتمانی/ئارتەش، وەک شمشێری پۆڵایینی وڵات، تەنیا پابەندی ئاڵای نەتەوەیی کوردستان و دەستوورە، و دڵسۆزیی پارتایەتی یان ناوچەیی لە ناو ئەم هێزەدا بە تاوانێکی هەڵوەشێنەرەوەی بنەماکانی دەوڵەت دادەنرێت.

لە ڕەهەندی ئابووریدا، ئابووریی نیشتمانی لەسەر بنەمای ئابووری دەوڵەتی کوردستان و سەرمایەداریی نیشتمانی و ئابووریی فرەبناغە دامەزراوە. سامانە سروشتییەکان وەک سپێردەیەکی پیرۆزی نەوەکانی داهاتوو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت، و بەڕێوەبردنیان لە ڕێگەی کۆڕی باڵای ئابووریی نیشتمانییەوە، ئامانجی گەشەی ڕاوەستاو و ڕێگریکردنە لە خوێنبەربوونی دارایی کوردستان. ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و تاوانی جەردەسالاری و دارزاندنی دەوڵەت، کە وەک ژەهری ناو جەستەی دەوڵەت پێناسە دەکرێت، ئەرکێکی بوونویستانەیە بۆ پاراستنی متمانەی گشتی و زاڵکردنی شایستەسالاری و ڕوونایی و ڕووەنی لە داموودەزگاکانی دەوڵەتی کوردستاندا.

دەوڵەتی ژێر و پەرگاڵی دەوڵەتی ژێر، لە ڕێگەی چوارچێوەی قانوونیی و ڕەوشتیی توند بۆ تەکنەلۆژیا، سەربەخۆیی تەکنەلۆژی و دیجیتاڵی کوردستان مسۆگەر دەکات. ئەم ڕەهەندە مۆدێرنە، پارێزەری شوناسی نیشتمانیی دیجیتاڵی شارۆمەندان لە دژی هەر جۆرە دزەکردنێکی ئەلگۆریتمی و پێشێلکارییەکی پاراستنی زانیاریی کەسی و کەسینەیی دیجیتاڵییە.

لە کۆتاییدا، ئەم دەستوورە، وەک دۆکترینی بوونسەپێنانەی کوردستانیزم، کوردبوون (ڕەسەنایەتیی بوونناسانە و مێژوویی) لەگەڵ کوردستانیبوون (وارپارێزی و شارۆمەندیی قانوونی و یەکسانیی گشتگیر) هاوسەنگ دەکات؛ فەرمیبوونی زمانی کوردی بەرزترین پێگەی دەبێت و ماف و شکۆی شوناسی فەرهەنگی و زمانیی ناکوردان لە چوارچێوەی وەفاداریی بێ مەرج بۆ دەوڵەت و یەکپارچەیی وار پارێزراو دەبێت. ئەم دەقە، پەیمانی نێوان نەوەکانی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوویە و دوادانەوەی ڕەها بۆ هەر جۆرە ناپاکی نیشتمانی و ملکەچییەک بۆ بێگانەیە، چونکە نەتەوەی کورد بڕیاری داوە چیتر لە تاریکخانەی مێژووی مۆدێرندا نەمێنێتەوە، بەڵکوو وەک سوبێکتێکی سەروەر و خاوەن ویستی خۆی، شکۆی نەتەوەیی بە کردەوە بسەپێنێت.

لە ڕێگەی ئەم دەستوورەوە، نەتەوەی کورد دەستووری خۆی ڕادەگەیەنێت؛ ئەم بەڵگەنامەیە نەک هەر پەیمانێکی وارگێڕی، بەڵکو ڕێنامەی ئاوەزیی دەوڵەتسازی و دەوڵەتداری و نەخشەڕێگایەکی کردەییە بۆ وارگێڕیی کوردستان و چلۆنایەتیی بنیاتنانی دامەزراوەکان و بەڕێوەبردنێکی ژیرانە.

لێرەدا ویستی هەرمان و هەربوویی کورد، وەک پارێزەری مانەوەی شکۆمەندانە و سەرچاوەی هەردەمیی سەروەریی کۆماری کوردستان دەمێنێتەوە.

بژی کۆماری کوردستان، واری ئاوەزی دەوڵەتی و قەڵای سەروەریی نەتەوەی کورد

واژووی دامەزرێنەرانی دەستوور:

مانی ئاڤرین — حەسەن مستەفا

برایم مەلازادە — ئەلەند ئیبراهیم

لە ساڵی یەکەمی ڕاگەیاندنی دەستووری کۆماری کوردستان

٠١-٠١-٢٧٢٦

بەرایی

دەستووری کوردستان؛ زایەڵەی ژیریی کۆیی کورد بۆ بنیاتنانی بوونایەتی هەرهەیی

هێز و دادپەروەری، بنەمای مانەوەیە.

ئەم دەستوورە، وەک ڕەنگدانەوە و زایەڵەی ژیریی کۆیی سەرچاوەی ڕەهای ویستی کوردە، پێویستی بە جیاکردنەوەی گەوهەریی لە گشت دەقێکی نووسراوی تر هەیە، لە بنەڕەتدا نابێت بە سادەیی وەک کۆمەڵێک بەندی قانوونی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەمە بەڵگەنامەییکردنی بوونی نەتەوەیەکی خاوەن ژیریی کۆییە کە ناسینی بنەڕەتی لە خودی کۆیی خۆی وەک ژێدەری نەتەوەبوون و کرداریی کۆیی خۆی هەیە، کە مێژووی دەیان هەزار ساڵەی لە هەناوی کوردستانی مێژوویی‌دا لە قووڵایی وڵاتەکەماندا هەڵگرتووە. لە ڕوانگەی ژورالْ دەستوورییەوە، گشت دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و دامەزراوە دادوەرییەکان پابەند دەکرێن کە بەندەکانی ئەم دەستوورە نەک تەنیا وەک دەقێکی وشک، بەڵکوو وەک ئامرازی بەرجەستەکردنی ئەم ڕوانگە فەلسەفییە و پاراستنی 'خودی کۆیی و بەکۆمەڵ'ی کورد لێک بدەنەوە و ڕایی بکەن؛ بەم پێیە، ئەم بەراییە ڕوونکەرەوەیە بە هیچ شێوەیەک قانوونێکی لاوەکی نییە، بەڵکو ڕووگەی تێگەیشتنی نەتەوەی کورد بۆ دەقە بنەڕەتی و فەرمییەکانییەتی.

ویستی ڕەها بۆ سەروەریی لە ژیریی کۆیی و هاوئاگایی مێژوویی نەتەوەی کوردەوە هەڵدەقوڵێت، بۆیە جوگرافیای میدیا چوارچێوەی کەتوارسازێنەری وڵات لەسەر زەوییە؛ ئەوێ زێدی نیشتەجێبوونی

باوانی ئێمە و نەوە ڕەسەنەکانیانە. قووڵایی ڕەگ و ڕیشەی بوونمان لەسەر ئەم خاکە پیرۆزە لە ڕێگەی گەواهی شوێنەوارە دێرینەکانی وەک قەڵاکورد، شانیدەر، واروواسی، وەزمە، و گرێ مەرازان دەسەلمێنرێت؛ ئەمەش قووڵبوونەوەیە لە ڕەسەنایەتی ئەو خاکە کە لانکەی یەکەمین کۆمەڵگەکانی مرۆیی بووە و بنەماکانی شارستانییەتی سەرانسەری ئەم ناوچەیەی داڕشتووە، درێژەی هەبووە تا گەیشتۆتە قۆناغی میدیا و پارت و ساسانی و درێژەی بە بوونایەتی خۆی داوە لە سەردەمی دوای داگیرکارییەکانی عەڕەب، سەرەڕای هەوڵە مێژوویییەکان بۆ ونکردنی کورد لە تەوژمێکی لێڵی نەناسراوییدا. نەتەوەیەک خاوەنی ئەم هەموو قووڵاییە مێژوویییە بێت، لە دەرەوەی هەموو مەرج و ڕەزامەندییەکی دەرەکی، خاوەنی یەکینەیەکی کۆییە کە ژێرخانی پەیدابوونی ژیریی کۆیی، خودی کۆیی و کەسایەتی نەتەوەیی کوردە و تێگەیشتنێکی قووڵی لە چلۆنایەتی بوونی نەتەوەیی خۆی هەیە؛ ئەم کۆییبوونە کە لەسەر بوونایەتی خۆی وەستاوە مافی ڕەها و قانوونیی خۆیەتی سەروەریی ڕەبەق و بێ مەرجی لە ڕێگای دەوڵەتی خۆی بەسەر خاکەکەیدا هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە، پابەندبوونی گەوهەری-سروشتی مێژوویی، کورد ناچار دەکات بە هەبوون و مانەوە و گەشەکردنی وەک نەتەوەیەکی دایک؛ چونکە نەتەوە، بەبێ ڕێکخراوێک کە سەروەرییەکەی جێگیر بکات، تەنیا مەیلێکی پاسیڤە بۆ بوون، نەک بکەرێکی چالاک. ئەگەر دەوڵەت وەک فۆرمێکی ڕەهای ڕێکخراو نەبێت، نەتەوە وەک 'گیانێکی بێ جەستە' وایە، چونکە ناتوانێ هێزی خۆی بە شێوەیەکی قانوونیی ڕایی بکات؛ چونکە مۆنۆپۆلی هێزی دادپەروەر بۆ دەرچوون لە 'باری سروشتی و جێگیرکردنی ئاسایش دابین دەکات. لەم دۆخەدا، کاری ئەم دەستوورە ئەوەیە کە ببێتە گیانی ناو جەستەی نەتەوەی کورد و هێزی ویستمەندیی کۆیی بگۆڕێت بۆ 'کۆماری کوردستان' وەک کەتوارێکی ڕەها و خاوەن سەروەریی؛ ئەمە نەک تەنیا مافێکی مۆراڵی، بەڵکو پێویستییەکی بوونناسانەیە بۆ ڕزگاربوون لەو ئاژاوە نێودەوڵەتییەی کە قووڵترە لە 'باری سروشتی'ـی لەسەر ئاستی جیهانیدا. بۆیە دەستوور، وەک 'ئاوەزی باڵا و جەوهەریی نەتەوەیی'، ئەم هێزە ئۆرگانیکە دەکاتە پەرگاڵێکی ڕێکخراو کە توانای نواندنی 'ویستمەندیی هێزمەند'ـی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا هەبێت، نەک تەنیا لەناوخۆدا. دەستوور لێرەدا، وەک گێڕانەوەیەکی بنەڕەتی لە ژیریی کۆیی و ژیانی قووڵ و ڕیشەداری نەتەوەکەمان، خۆی بە شێوەیەکی خۆساز و خۆسەرچاوە ڕەوایی خۆی بەدەست دێنێت؛ ئەم تایبەتمەندییە ئەوە دەگەیەنێ کە دەستوور بەبێ پێویستی بە هیچ سەرچاوەیەکی قانوونیی دەرەکی یان ڕەزامەندی دەرەوەی کوردستان، خۆی خۆی دروست دەکا و دادەمەزرێنێت و بۆ ڕەوایی و قانوونمەندیی خۆی پەنا ناباتە

بەر هیچ بنەمایەکی دەرەکی، بەڵکو لە سەروو-دەوڵەتدا وەستاوە. هەر لەبەر ئەمەیە، تەنانەت پێش دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەم دەقە دامەزراوە کارگێڕیی، قانوونیی و وارگێڕییەکانی داگیرکەران لە بەها و بایەخ دەخات و ڕەوایەتییان لێ دەسڕێتەوە، چونکە سەرچاوەی دەسەڵاتیان لە دەرەوەی ویستی کوردەوە هاتووە و بەسەریدا سەپێنراون. پەیوەندی نێوان دەستوور و دەوڵەت لە نێوان شێوە و ناوەڕۆکدایە، لە نێوان ئامانج و ئامرازدایە؛ دەوڵەت ئافرێنراوی دەستوورە، نەک بە پێچەوانەوە، ئەرکی دەوڵەت تەنیا و تەنیا ڕاییکردن و پاراستنی فەرمانەکانی دەستوورە. نەتەوەیەک کە بناغەکانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی دامەزراندووە، دەبێت خۆی بسەپێنێتەوە و جێگەی خۆی بگرێت لە پەرگاڵی دەوڵەتاندا وەک مۆدێرنترین چاخی مێژوویی مرۆڤ، و چیدی پێویست ناکات بدرێتە دەم کڵپی تیژی بەربەرییەت.

ئاڵای نەتەوەیی کوردستان لە دەستووردا لە فۆرمی پارچە قوماشێک دەردەهێنرێت و دەبێتە ئەو پەیمانە بنەڕەتی و نەگۆڕانەی کە بوونی نەتەوەیی لەسەریان دامەزراوە. هەر ڕەنگێکی نوێنەرایەتیی ئەرکێکی بوونایەتی و بەڵێنێکی هەردەمیی دەکات؛ ئایا دەکرێت ئەمە بە بەڵێنێکی ساکار هەژمار بکرێت؟ نا، ئەمە سێ لایەنی سەرەکیی گەوهەری نەتەوەیی لێک دەدات. ڕەنگی سوور، پەیمانی خوێن و نەتەوەیە؛ ئەمە ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیک و دانەبڕاوەیە کە هەر تاکێکی کورد بە ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی نەتەوەوە گرێ دەدات، بۆیە ئەرکی پاراستنی پاکی و درێژەداریی‌یەتی نەتەوە وەک باڵاترین ئەرکی بوونایەتی دەچەسپێنێت. ڕەنگی سپی، هێمای پەیمانی ژیانی کۆیی و بەکۆمەڵی گەش و ڕووناکە؛ لوتکەی ویستی پۆڵاینە کە لەسەر بنەماکانی ئاوەز، قانوون و دادپەروەری دامەزراوە، بە واتای بنیاتنانی دەوڵەتێکی هێزمەند و قانوونسەروەر کە تێیدا هیچ کەسێک لە سەرووی قانوونەوە نییە، هەر ئەمەشە کە پابەندبوون بە پەرەپێدانی زانست و ڕۆشنگەری و بەرەنگاربوونەوەی نەزانی و دواکەوتوویی مسۆگەر دەکات. ڕەنگی سەوز، پەیمانی دانەبڕاو و هەردەمیی کورد لەگەڵ خاک و وارگەی پیرۆزی کوردستان؛ ئەمە لە ژووروووی پەیوەندییەکی جوگرافی، پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی و بوونناسانەییە لەنێوان نەتەوە و ئەو خاکەی کە جەستەی فیزیکیی و شانۆی بەرجەستەبوونی بوونایەتییە مێژوویی‌یەکەیەتی، بۆیە پاراستنی سەوداهەڵنەگر و بێ سازانی یەکپارچەیی وارگەی نەتەوەیی وەک بەرزترین ئەرکی بوونایەتی جێگیر دەکرێت و دانەدواوەی ڕەهای هەر هەوڵێک بۆ گۆڕینی دیموگرافیای خاک یان لێدابڕینی هەر بستێکی، بە ناپاکی لەم پەیمانە هەژمار دەکرێت. خۆری زێڕینی ناوەند، کە بە ٢١ تیشک دەدرەوشێتەوە، دڵی لێدەری ئاڵاکەیە و هێمای وزە هەربوونییەکەیە کە

پەیمانەکانی وار و نەتەوە و ژیانی کۆیی و بەکۆمەڵ پێکەوە گرێ دەدات و دەیانکاتە یەکەیەکی زیندووی خاوەن سەروەری؛ سووکایەتی بەم هێمایە، داشکاندنی ڕێز و شکۆی گەوهەری کوردستانە و سووکایەتی بە ئاڵای نەتەوەیی بە تاوانێکی گەورە و نابەخشراو دژی سەروەریی و شکۆی دەوڵەت و نەتەوە دادەنرێت و پاراستنی ئاڵا ئەرکێکی نیشتمانیی سەرشانی هەموو شارۆمەندێکە و دەبێت هەمیشە بە شکۆمەندی پیشان بدرێت و هەرگیز لەژێر هیچ هێمایەکی دیکەوە نەبێت.

پێویستە لێکدانەوەی قانوونی جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان کوردبوون و کوردستانیبوون وەک گەوهەریی بنەڕەتی کوردستانیزم جێگیر بکات. کوردبوون ژێرخانی بوونناسانەی هەستی نەتەوەیی کورد و دەرخەری پەیوەندیی ڕەچەڵەکی، مێژوویی، کولتوری و وارناسانەیە، کە لە ڕێگەی ڕەچەڵەکی کورداییەوە دەگوێزرێتەوە یان لە ڕێگەی خۆئاگایی، هاوئاگایی و هەستی ناسنامەی ڕەچەڵەکمەندانەی کورداییەوە دەچەسپێت و گەشە دەکات و دەوڵەتی کوردستان پێویستە پاراستنی ناسنامەی کوردبوون بە شێوازی دامەزراوەیی لە دەستوور، قانوونی بنەڕەتی و لاوەکییەکاندا مسۆگەر بکات. لە کاتێکدا کوردستانیزم (کوردستانیبوون) پێوەبەستەییەکی بنەڕەتییە بە وارگەی نەتەوەیی کوردستان وەک وڵات و خاک، کە بنەمای قانوونیی و دەستووری هاووڵاتیبوونی کوردستانییە و مافی نیشتەجێبوون و ژیان لەسەر خاکی کوردستان مسۆگەر دەکات؛ ئەمە واتای ئەوەیە کە شارۆمەندی کوردستانی بریتییە لە کۆی کوردان و ناکوردانی نیشتەجێی کوردستان کە خاوەنی پلەی شارۆمەندییەتین و بەبێ جیاوازی لە ڕەچەڵەک، نەژاد، یان ئایین، لە مافی شارۆمەندیدا لە بەرامبەر قانوونداً یەکسانن. دەوڵەت پابەندە بە پاراستنی شوناسی فەرهەنگی و زمانیی ناکوردانی کوردستان، بەڵام ئەم مافە هەرگیز نابێت ببێتە هۆی لاوازکردنی پابەندبوون بە دەستوور و سەروەریی دەوڵەتی کوردستان، بەڵکو دەبێت بە یەکێتییەکی نەتەوەیی پتەو و یەکگرتوو گەشە بکات کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی جیاوازییەکان و فرەیی ڕەنگەکانی نێوخۆی کوردستان دامەزرا بێت، کە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان لەخۆ بگرێت. ئەمە ئەرکی دەوڵەتە کە زمانی کوردی بۆ ئەو کوردانە بگەڕێنێتەوە کە لە ئەنجامی تواندنەوە و گواستنەوەی زمانییەوە لە دەستیان داوە. بەڵێندارێتی دەستووریی ئەوە دەسەپێنێ کە ئەرکی دەوڵەتە بە وارگێڕیی دروست زمانی کوردی بۆ خۆیان و نەوەکانی دواتریان بگەڕێنێتەوە، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە پاراستنی ناسنامەی کوردبوون بە شێوازی دامەزراوەیی، چونکە زمانی کوردی درێژەداریی‌یەتی مێژوویی و بەشێکی دانەبڕاوی ناسنامەی هەزاران ساڵەی نەتەوەیی و وارگەی نەتەوەیی کوردستانە و فەرمییەتی زمانی کوردی هەموو زاراوەکان دەگرێتەوە.

سەروەریی نەتەوەیی دەوڵەتی کوردستان بەر لە هەر شتێک گەوهەری بوونایەتی ڕەسەن، دانەبڕاو، سەوداهەڵنەگر و هەردەمیی نەتەوەی کورد؛ دەوڵەتی کوردستان، ئامراز پێویست بۆ ڕایەداری ئەم سەروەرییە بەسەر خاکی پیرۆزی کوردستانە. هیچ دەسەڵاتێک، تەنانەت ئەوانەی بە شێوەیەکی دیموکراتیش هەڵبژێردرابن، بۆی نییە بە ناوی نەتەوەوە دەستبەرداری بچووکترین بەشی ئەم سەروەرییە ببێت، چونکە نەتەوەی کورد خاوەنی ڕەسەنی سەروەرییە. پاراستنی شکۆی نەتەوەیی و نەهێشتنی نەیارشەیدایی، دەبێت وەک بنەمایەکی دەستووریی قووڵ لێکبدرێتەوە، کە مەبەست لێی نەک تەنیا دانەدواوەی بیردۆزێک، بەڵکو مەبەست لێی نەهێشتنی دۆخێکە کە کورد بە تاک یان بە کۆ تێیدا تووشی ئەویندارى بۆ دوژمن بووە، بەڵام ئەمە لە چوارچێوەیەکی وارگێڕیی و نەتەوەییدا ڕوو دەدات و پێویستی بە بەرەنگاربوونەوەی هزریی و قانوونی هەیە؛ و دەکرێت دڵسۆزی بۆ داگیرکەر لە پێناو بەرژەوەندیی کاتی، بە ڕەفتارێکی تاوانبارانە؛ واتا تاوانی باڵای ناپاکیی نیشتمانی و وەک کردەی پچڕاندنی پەیوەندی نێوان نەتەوە و ویستی گەوهەریی خۆی دادەنرێت و دەکەوێتە چوارچێوەی تاوانی دژ بە پەرگاڵی دەستوورییەوە. دەستوور داخوازی دانەدواوەی ڕەهای هەر ئایدیۆلۆژیایەک دەکات کە هەوڵی سڕینەوەی ئەم پەیوەندییە بنەڕەتییە بدات یان شوناسی نەتەوەیی بە شتێکی هەڵبژاردەیی یان کاتی وێنا بکات، چونکە هەر کردەوەیەک کە هەوڵ بدات ڕەوایەتیی سەروەریی دەوڵەتی کوردستان بە ڕەزامەندی یان مەرجی هێزێکی دەرەکییەوە ببەستێتەوە، بە ناپاکی لە هاوئاگایی نەتەوەیی و تاوانی بنەڕەتیی دەستووری هەژمار دەکرێت. ئەرکی دەوڵەت وەک پارێزوان، پاراستنی چالاکانەی سەربەخۆیی و ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانە؛ ئەم نەک تەنیا بەرگریکردن، بەڵکو دۆکترینی بەرگریی چالاک و پاراستنی پێشوەختە پەیڕەو دەکات.

دەسەڵاتی قانوونداناان، سەرچاوە و پێکهاتەیەکی هەیە کە لەو هاوئاگاییە نەتەوەییە هەڵدەقوڵێت و دەبێت نوێنەرایەتیی ویستی کۆمەڵیی نەتەوە بکات، نەک بەرژەوەندیی لایەنی کاتی. مەکۆی نیشتمانی (پەرلەمان)، وەک دەسەڵاتی قانوونداناان، بە شێوەیەکی لۆژیکیی دەبێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مەکۆی ژیران (سەنا)، وەک ژووری ژیرمەندی و سەقامگیریی نیشتمانی، هەبێت. مەکۆی ژیران، ئەرکی ژێرخانیکردنی سەقامگیریی فۆرمی دەستووریی و چاودێریی باڵای بەسەر قانوونەکاندا لە ئەستۆ دەگرێت، بەو واتایەی، دەستوور، هەمیشە وەک ڕێنوێن و سەکۆی سەرووی هەموو قانوونێکی دیکە دەمێنێتەوە. هەڵوەشاندنەوەی قانوونەکان دەبێت بە میتۆدۆلۆژیایەکی توند و قانوونییەوە ڕێکبخرێ کە ڕێگە بە لاساریی قانوونداناان نەدات، بەڵکو پابەندبوون بە بنەما

نەگۆڕەکانی دەستوور بکاتە پێوەری یەکلاکەرەوە. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە بوودجە و کارگێڕیی دەسەڵاتی دادوەریی بە قانوون گەرەنتیی سەربەخۆیی بنەڕەتیی پێدەدرێت، چونکە دادوەران و داخوازکارانی گشتی لە کاتی ڕاژەیاندا خاوەنی سەربەخۆیی تاکەکەسین و دەبێت لە هەر کاریگەرییەکی دەسەڵاتی ڕایەدار یان دارایی بێ پارێزراو بن، و پرۆسەی لێپرسینەوە و سزادانی دادوەرانیش بە شێوازێکی زۆر توند ڕێکخراوە بۆ پاراستنی شکۆی دادپەروەریی، ئەمەش دڵنیایی دەدات کە دادگای باڵا وەک پارێزەری ڕەهای دەستوور و سەروەریی قانوون دەمێنێتەوە، و بەم شێوەیە پەیوەندیی مەکۆی نیشتمانی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری و دامەزراوە سەربەخۆکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی تەواو بە سەروەریی قانوونی دەستوور زاڵ دەکرێت.

پێویستە لێکدانەوەی دادوەریی بەردەوام جیاوازیی بکات لەنێوان مافە تاکەکەسییەکانی شارۆمەند و ئەرکە نیشتمانییەکان؛ ئەم دەستوورە جەخت لەسەر ئەو ڕاستەواییە دەکاتەوە کە مانەوەی تاک بەستراوە بە مانەوەی ژینگەی وارگێڕیی، کە ئەویش دەوڵەتە، بۆیە ئەرکی باڵای نیشتمانی وەک بنەمای سەرەکی دادەنرێت. سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان ئەرکی قانوونیی و نیشتمانیی وارپارێزیی و پاراستنی سەروەریی نەتەوەییان لەسەر شانە، ئەمەش نەک تەنیا لە ڕێگەی ئامادەیی بۆ بەرگریکردن لە کاتی شەڕدا، بەڵکوو لە ڕێگەی بەشداریی چالاک لە دامەزراوەکانی کوردستان و وەفاداریی بێ مەرج بە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت ڕایی دەکرێت، دەکرێت کەسێک خۆی لەم ئەرکە نەتەوەییە دانەبڕێت و هێشتا بەرهەمە مادی و مەعنەوییەکانی دەوڵەت بخوات؟ ئامانجی بەرگری نیشتمانی نەک هەر بەرگریکردن، بەڵکو پاراستنی چالاکانەی سەربەخۆیی و ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانە، کە بە پێڕەوکردنی دۆکترینی بەرگریی چالاک و پاراستنی پێشوەختە جێبەجێ دەکرێت؛ ئەم دۆکترینیی وارگێڕییە، فەلسەفەی دامەزراندنی هێزی بەرگریی نیشتمانی (ئارتەش)، دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی و پەرگاڵی نێوخۆیی و پۆلیسی نیشتمانییە کە پێکەوە کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی پێکدەهێنن، کە پارێزەری ڕەهای سەقامگیریی کوردستانن. بنەماکانی ئابووریی نیشتمانیی کۆماری کوردستان دەبێت لەسەر بنەمای سەرمایەداریی نیشتمانی و ئابووریی فرەبناغە دامەزرێن، کە ئامانجی سەرەکییان بریتییە لە دابینکردنی سەربەخۆیی ئابووریی و خۆشبژێویی گشتی وەک ئامانجی دەستووریی دەوڵەت، و ناکرێت دەوڵەتێک سەروەریی ڕەبەقی هەبێت بەبێ سەربەخۆیی نەختینەیی و سەقامگیریی دارایی. سەروەریی دەوڵەت بەسەر سامانە سروشتییەکاندا ڕەهایە و دەبێت بە شێوازێک ڕێکبخرێ کە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی مسۆگەر بکات، چونکە ئەم

سامانانە ملْکی نەوەکانی داهاتووشن. ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی ستراتیژی و گەشەی ڕاوەستاو پێویستی بە دامەزراندنی بانکی ناوەندیی کوردستان و کۆڕی باڵای ئابووریی نیشتمانی هەیە، بۆ ئەوەی ببنە قەڵغانی بەرگریی لە بەرامبەر شۆکە دەرەکییەکان و دەستێوەردانە ئابوورییە بیانییەکان، بەشێوەیەک کە ئاسایشی خۆراک و سەربەخۆیی کشتوکاڵی بپارێزرێت و پاراستنی ئابووریی نەتەوەیی بکاتە بنەمای بازرگانیی نێودەوڵەتی. ئابووریی دەبێت وەک ئامرازێک بۆ نواندنی شارستانیەت و گەڕیاریی نیشتمانی کار بکات، کە تێیدا پشتیوانی لە داهێنانی ئابووری و پڕۆژەی نوێباو دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی ڕکابەر لە گۆڕەپانی جیهانیدا، ئەمە نەک تەنیا خواستێکی ئابووریيە، بەڵکوو ئەرکێکی بوونایەتی و دەستووریيە.

بنەما ستراتیژی و دەستووریيەکانی وارگێڕیی دەرەوەی کۆماری کوردستان لەسەر پرەنسیپە ڕێنوێنەرەکانی سەربەخۆیی ڕەبەق و نەگۆڕ و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی دامەزراون. پەیوەندیی نێوان قانوونی کوردستان و قانوونی نێودەوڵەتی بە شێوازێک ڕێک دەخرێ کە قانوونی نێوخۆیی هەمیشە لە سەرووی هەموو ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتییەوە بێت و هەرگیز ڕێگە بە سەودا لەسەر بەشێک لە مافە ڕەهاکانمان لە پێناو دانپێدانانێکی کاتی نادرێت، چونکە ئەمە دژی بنەما نەگۆڕەکانی دەستوور و سەروەریی نەتەوەییە. لەم چوارچێوەیەدا، دیاسپۆرای کورد وەک قووڵایی ستراتیژیی کوردستان پێناسە دەکرێت و دەوڵەت بەرپرسیارە لە وارگێڕیی دروستی ئەوان و بەستنەوەی کولتووری و فەرهەنگی بە نیشتمانەوە. هاوکات، پەیوەندیی مێژوویی و پەیمانی ستراتیژی لەگەڵ نەوەکانی ماد و پەیوەندییە ستراتیژییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و بەرەنگاربوونەوەی دژەجووبوون وەک بەشێکی دانەبڕاو لە دۆکترینی وارگێڕیی دەرەوە دەچەسپێنرێن، کە ئاماژەیە بۆ هاوسەنگیی ستراتیژیی نەتەوە و بەرەنگاربوونەوەی ئایدیۆلۆژیای هەڵوەشێنەر وەک ئەرکێکی دەستووریی.

دەوڵەتی کوردستان پابەند دەکرێت بە پەرەپێدانی چەمکی دەوڵەتی ژیر، کە تێپەڕاندنی پەرگاڵی کارگێڕییە بەرەو گەرەنتیی سەربەخۆیی تەکنۆلۆژیی و دیجیتاڵیی نەتەوە. بنەما دەستووریيەکانی دەوڵەتی ژیر دەبێت ببنە چوارچێوەیەک بۆ ڕاژە گشتییەکان و دیجیتاڵکردنی دەسەڵاتی دادوەری و بەدیهێنانی شوناسی نیشتمانیی دیجیتاڵی و پەرگاڵی دیموکراسیی دیجیتاڵی. لە سەردەمی ئێستادا، پاراستنی زانیاریی کەسی و کەسینەیی دیجیتاڵی مافێکی لاوەکی نییە، بەڵکو مافێکی بنەڕەتی و ئەرکێکی ڕەهای دەوڵەتە؛ بۆیە دامەزراندنی دەستەی نیشتمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی و ناوەندی

نیشتمانی بۆ هەواڵگری و شیکاریی ستراتیژی لەم چوارچێوەیەدا بە پێویستییەکی ژینەکیی دادەنرێت بۆ ئەوەی چوارچێوەی قانوونیی و ڕەوشتیی تەکنۆلۆژیا بە تووندی ڕێکبخەن، چونکە ئاسایشی ئەلیکترۆنی بەشێکی دانەبڕاوە لە ئاسایشی نەتەوەیی گشتگیر.

ڕەوایەتیی دەسەڵات لە توانای دابینکردنی خۆشبژێویی گشتی وەک ئامانجی دەستووریی دەوڵەت و گەشەپێدانی شایستەسالاری وەک بنەمای هێزی دەوڵەتدا دەبینرێتەوە. مانەوەی دەسەڵات سەربەخۆ لەژێر سایەی گەندەڵکاران و جەردەسالاراندا ناشۆیە، بۆیە تاوانی جەردەسالاری و داڕزاندنی دەوڵەت بە تاوانێکی باڵا هەژمار دەکرێت و دەبێت بە دامەزراندنی دەستەی نیشتمانیی پاکڕەوشتی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ژمێریاریی گشتی و چاودێریی کارایی لە دەزگاکانی دەوڵەتدا، بە تووندی بەرەنگاری بکرێتەوە. لە هەمان ئاستدا، پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای هەڵوەشێنەر ئەرکێکی هەردەمیی دەوڵەتە و پاراستن و ساغکردنەوەی دیمۆگرافیای نەتەوەیی وەک بەندێکی نەگۆڕ جێگیر دەکرێت، چونکە نەتەوەیەک کە دیمۆگرافیا و کولتووری دەشێوێنرێت، وارگەی بوونایەتیی خۆی لەدەست دەدات. ئەرکی دەسەلاتە کە بێپسانەوە بۆ بەهێزکردنی دەستەی نیشتمانیی مافەکانی مرۆڤ و نووسینگەی پارێزەری گشتی و بێلایەنیی دەوڵەت بەرامبەر ئایین و باوەڕەکان کار بکات، بۆ ئەوەی لە دادپەروەریی گشتگیر و سەروەریی قانوون بەسەر هەمووواندا دڵنیایی بدات.

لەسەر بنەمای پەیمانی وارپارێزی و ئەرکی بوونناسانە پێویستە لێکدانەوەی دادوەریی بێوچان جیاکارییەکی ورد و بنەڕەتی لەنێوان مافە تاکەکەسییەکانی شارۆمەند و ئەرکە باڵا نیشتمانییەکان بکات، چونکە ئەم دەستوورە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە مانەوەی تاک لە دەرەوەی ژینگەی وارگێڕیی، کە دەوڵەتە، ناشۆیە؛ بۆیە ئەرکی باڵای نیشتمانی وەک بنەمایەکی ژینەکی و سەرەکی دادەنرێت و بەرژەوەندیی گشتی هەمیشە پێش بەرژەوەندیی تایبەتی دەکەوێت. سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان، بەبێ جیاوازی، ئەرکی قانوونیی و نیشتمانیی وارپارێزیی و پاراستنی سەروەریی نەتەوەییان لەسەر شانە، ئەمەش نەک ئەرکێکی ڕووکەش، بەڵکو پەیمانێکی بوونناسانەیە کە نەک تەنیا لە ڕێگەی ئامادەیی جەستەیی بۆ بەرگریکردن لە کاتی جەنگدا، بەڵکوو لە ڕێگەی بەشداریی چالاک و هۆشمەندانە لە دامەزراوەکانی کوردستان و وەفاداریی بێ مەرج بە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت ڕایی دەکرێت. مافی سوودمەندبوون لە بەرهەمە شتەکی و واتاییەکانی دەوڵەت و ژیان لە سایەی ئاسایشەکەیدا، بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی بەندە بە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە

نەتەوەییەوە و هەر چەشنە دابڕانێک لێی، دژی لۆژیکی دادپەروەری و پێچەوانەی پەیمانی پیرۆزی هاوواڵتیبوونە. ئامانجی بەرگری نیشتمانی لەم دەستوورەدا نەک هەر بەرگریکردنی سادە، بەڵکو بریتییە لە پاراستنی چالاکانەی سەربەخۆیی و ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان کە بە پێڕەوکردنی "دۆکترینی بەرگریی چالاک" و "پاراستنی پێشوەختە" جێبەجێ دەکرێت؛ ئەم دۆکترینیی وارگێڕییە، فەلسەفەی دامەزراندنی کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەییە کە پێکهاتووە لە هێزی بەرگریی نیشتمانی، دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی و پۆلیسی نیشتمانی، کە پێکەوە وەک یەکەیەکی ژینەکی کار دەکەن بۆ ئەوەی ببنە پارێزەری ڕەهای سەقامگیریی بوونایەتیی کوردستان و ڕێگری لە هەر هەڕەشەیەک بکەن کە ئامانجی شێواندنی ناسنامە یان داگیرکردنی وارگەی نەتەوەیی بێت.

ژێرخانی ئابووریی نەتەوەیی کۆماری کوردستان لەسەر بنەمای "سەرمایەداریی نەتەوەیی" و پەرگاڵی ئابووریی فرەبناغە دادەمەزرێت، کە ئامانجی سەرەکییان بریتییە لە دابینکردنی سەربەخۆیی ئابووریی ڕەها و دابینکردنی "خۆشبژێویی گشتی" وەک ئامانجی دەستووریی دەوڵەت، لەسەر ئەو باوەڕەی کە هەبوونی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی نەتەوەیی ڕەبەق بەبێ هەبوونی سەربەخۆیی نەختینەیی و سەقامگیریی دارایی، ناشۆیە. لەم ڕوانگەیەوە، باڵادەستیی دەوڵەت بەسەر سامانە سروشتییەکاندا ڕەهایە و دەبێت بە شێوازێک ڕێکبخرێ کە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی مسۆگەر بکات، چونکە ئەم سامانانە ملکی نەوەکانی داهاتووشن و بەفیڕۆدانیان تاوانە دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی. ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی ستراتیژی و گەشەی ڕاوەستاو پرسێکی ژینەکییە و پێویستی بە دامەزراندنی "بانکی ناوەندیی کوردستان" و "کۆڕی باڵای ئابووریی نەتەوەیی" هەیە، بۆ ئەوەی ببنە قەڵغانی بەرگریی لە بەرامبەر شۆکە دەرەکییەکان و دەستێوەردانە ئابوورییە بیانییەکان، بەشێوەیەک کە ئاسایشی خۆراک و سەربەخۆیی کشتوکاڵی بپارێزرێت و پاراستنی ئابووریی نەتەوەیی بکاتە بنەمای بازرگانیی نێودەوڵەتی. ئابووریی لەم دەستوورەدا دەبێت وەک ئامرازێک بۆ نواندنی شارستانیەت و "گەڕیاریی نەتەوەیی" کار بکات، کە تێیدا پشتیوانی لە داهێنانی ئابووری و پڕۆژەی نوێباو دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی ڕکابەر لە گۆڕەپانی جیهانیدا، ئەمەش نەک تەنیا ویستێکی ئابوورییە، بەڵکوو ئەرکێکی بوونایەتی و دەستوورییە.

بنەما ستراتیژی و دەستوورییەکانی وارگێڕیی دەرەوەی کۆماری کوردستان لەسەر کۆڵەکە ڕێنوێنەکانی سەربەخۆیی ڕەبەق و نەگۆڕ و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی دادەمەزرێن. هاوکێشەی نێوان قانوونی کوردستانی و قانوونی نێودەوڵەتی بە شێوازێک ڕێک دەخرێ کە قانوونی کوردستانی

هەمیشە باڵادەستیی هەبێت بەسەر هەموو ڕێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتییەوە، بە جۆرێک کە هەر هەوڵێک بۆ سەوداکردن لەسەر بەشێک لە مافە ڕەهاکان لە پێناو دانپێدانانێکی کاتی، وەک پێشێلکارییەکی دەستووری و لادان لە سەروەریی نەتەوەیی بە تۆندی وەدوا دەدرێتەوە. ڕوانگەی ستراتیژیی بۆ پەرگاڵێکی جیهانیی دادپەروەرانە و بەرپرسیارێتیی گەردوونی ئاراستە دەکرێت. لەم چوارچێوەیەدا، دیاسپۆرای کورد وەک قووڵایی ستراتیژیی نەتەوە پێناسە دەکرێت و دەوڵەت بەرپرسیارە لە وارگێڕیی دروستی ئەوان و بەستنەوەی کولتووری و فەرهەنگی بە نیشتمانەوە. لە هەمان کاتدا، پەیوەندیی مێژوویی و پەیمانی ستراتیژی لەگەڵ نەوەکانی ماد و پەیوەندییە ستراتیژییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و بەرەنگاربوونەوەی دژەجووبوون وەک بەشێکی دانەبڕاو لە دۆکترینی وارگێڕیی دەرەوە دەچەسپێنرێن، کە ئاماژەیە بۆ هاوسەنگیی ستراتیژیی نەتەوە و بەرەنگاربوونەوەی ئایدیۆلۆژیای هەڵوەشێنەر وەک ئەرکێکی دەستووریی و نەتەوەیی.

دەوڵەتی کۆماری کوردستان چەمکی "دەوڵەتی ژیر" وەک ستراتیژییەتێکی باڵا دەچەسپێنێت، بە جۆرێک کە پەرگاڵی کارگێڕیی پێشکەوتوو تەنیا ئامرازێک نەبێت، بەڵکو ببێتە گەرەنتیی سەربەخۆیی تەکنەلۆژیی و دیجیتاڵیی نەتەوە. بنەما دەستوورییەکانی ئەم دەوڵەتە، چوارچێوەی ڕاژە گشتییەکان، دیجیتاڵکردنی دەسەڵاتی دادوەری و بەدیهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی دیجیتاڵی دادەڕێژێتەوە. لەم دۆکترینیەدا، پاراستنی زانیارییە کەسییەکان و کەسینەیی دیجیتاڵی، لە پلەی مافێکی لاوەکییەوە بۆ ئاستی مافێکی بنەڕەتی و ئەرکێکی ڕەهای دەوڵەت بەرز دەکرێتەوە؛ لەم سۆنگەیەوە، دامەزراندنی "دەستەی نەتەوەیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی" و "ناوەندی نیشتمانی بۆ هەواڵگری و شیکاریی ستراتیژی" بە گەرەکییەکی حاشاهەڵنەگر دادەنرێت بۆ ڕێکخستنی تۆندی چوارچێوەی قانوونیی و ڕەوشتیی تەکنەلۆژیا، بەو پێوەرەی کە ئاسایشی ئەلیکترۆنی بەشێکی دانەبڕاو و تەواوکەری ئاسایشی نەتەوەیی گشتگیرە.

سەرچاوەی ڕەوایەتیی دەسەڵات لە توانای دابینکردنی "خۆشبژێویی گشتی" و جێگیرکردنی "شایستەسالاری" و دابینکردنی ئاسایش بۆ هاوڵاتیانی کوردستان وەک تاکە پێوەری وەرگرتنی بەرپرسیارێتیدا بەرجەستە دەبێت؛ بۆیە چەمکی دەوڵەتی سەربەخۆ و دیاردەی "جەردەسالاری" دوو دژبەری ئاشکران و لە یەک کاتدا کۆنابنەوە. هەر فۆرمێکی گەندەڵی و داڕزانی دامەزراوەیی، وەک هەڵوەشێنەرەوەی پەیمانی کۆمەڵایەتی و "تاوانێکی باڵا" دژ بە شکۆی دەوڵەت پێناسە دەکرێت، کە پێویستە لە ڕێگەی کاراکردنی "دەستەی نەتەوەیی پاکڕەوشتی" و "ژمێریاریی گشتی"یەوە بە تۆندی

ڕیشەکێش بکرێت. هاوکات، دەوڵەت ئەرکی پارێزبەندیی لە "کەسایەتیی دیمۆگرافی"ـی نەتەوەکەمان لە ئەستۆ دەگرێت، لەسەر ئەو بنەمایەی کە شێواندنی دیمۆگرافیا و کولتوور، یەکسانە بە لەدەستدانی "وارگەی بوونایەتی"؛ کەواتە "ساغکردنەوەی" نەخشەی دیمۆگرافی وەک بەندێکی نەگۆڕی دەستووری زاڵ دەکرێت. لەم چوارچێوەیەدا، دەسەڵات نوێنەرایەتیی هیچ ئایین و باوەڕێکی تایبەت ناکات، بەڵکو لە ڕێگەی "نووسینگەی پارێزەری گشتی" و "دەستەی نەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ"ـەوە، بێلایەنیی ڕەهای خۆی دەپارێزێت بۆ ئەوەی ببێتە چەترێکی دادپەروەر بۆ هەموو پێکهاتەکان و باڵادەستیی قانوون بەسەر هەمووواندا وەک یەک جێبەجێ بکات.

ئەم دەستوورە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی کەسایەتی مێژوویی و یەکپارچەی نەتەوەکەمانە، هاواری قانوونیی خودی بەکۆمەڵە — تاسەی مێژوویی، هۆشمەندیی فەلسەفی و ویستمەندیی بێوچانی بۆ سەربەخۆیی بێسنوور و دەوڵەتداریی تەواوە. دەستوور پشت بە "بوونایەتیی بوونسەپێن"ـی کوردستان و ویستی کۆیی نەتەوە و سرووشتی مێژوویی وڵات دەبەستێت؛ هەبوونی کەتواڕە ناوەرۆکسازەکەی لە خۆئاگایی نەتەوەیی و لە هەناوی ئەزموونی مێژووییەوە هەڵدەقوڵێت و بایەخ و بەهای خۆی لە ویستی بێپسانەوەی کوردەوە وەردەگرێت، بۆیە ئەم هێزە هەربووییە لە چوارچێوەی دەقێکی وشکدا بەرتەسک ناکرێتەوە، بەڵکو وەک ڕۆحێکی زیندوو دەمێنێتەوە. "خۆسەرچاوەیی"، ئەو چاوگە بوونناسییە بنچینەییەیە کە پڕۆسەی دەوڵەتبوون و دەستوور بەیەکەوە گرێ دەدات؛ واتە دەستوور نەک هەر دەربڕینی قانوونمەندی، بەڵکو لە قووڵبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە هەناوی ڕەوتی مێژوویی نەتەوەدا سەری هەڵداوە و بۆ هەموو گۆڕانکارییەکی مێژوویی داهاتوو، پلاتفۆرمێکی ڕەوایی قانوونیی بەرفراوان دابین دەکات. دەستوور ڕابەرێکی مێژووییە بۆ تێپەڕین لە قۆناخی ژێردەستی بۆ قۆناخی سەروەریی نەتەوەیی و سەربەخۆیی، بە جۆرێک کە هاوبەرپەرچیی نێوان دەوڵەت، ڕەوایی و دەستوور لە ڕوانگەی دەستووریەوە هەم یەکبین و هەم لێکجیاوازە؛ یەکبین لەو ڕووەوە کە هەرسێکیان لە کەتواری ناسنامەی نەتەوەیی و هەستی نەتەوەییەوە هەڵدەقوڵێن، لێکجیاوازیش لەو ڕووەوە کە هەریەکەیان لە ئاستی جیاوازی پێگەیشتنی کەتواری وارگێڕی و قانوونییدا خۆیان دەردەخەن. لەم هاوکێشەیەدا، دەوڵەت سەرچاوەی دەستوور نییە، بەڵکو ئەوە دەستوورە کە لە "سەروو-دەوڵەت"ـدا وەستاوە و ڕەوایی بە بوونی دەوڵەت دەدات، کەواتە دەوڵەت ئافرێنراوی دەستوورە و پێویستە ملکەچی بێت. ئاواتی مێژوویی نەتەوەی کورد بۆ

دەوڵەتی سەربەخۆ، بۆ سەروەریی نەتەوەیی و بۆ بڕیار لەسەر چۆنییەتی بوونایەتیی خۆ وەک نەتەوە و نیشتمانەکەی وەک وڵات، لەم دەقە پیرۆزەدا دەگات بە بەرزترین پلەی دەربڕینی بوونایەتی.

پێشەکی

ئێمە، نەتەوەی کورد، نەوەی ڕەسەنی ئەو مرۆڤانەی کە لە سەرەتای مێژوودا لە سەرانسەری پێدەشتەکان و بەرزەدەشتەکانی زاگرۆس، ئەڵبورز، تۆرۆس و قەوقاز، لەنێوان دەریاکانی مەکران، هۆرموز، کاسپێن، دەریای ڕەش و ناوەڕاست نیشتەجێ بوون، بە گەواهی شوێنەوارە دێرینەکانی وەک قەڵاکورد، واروواسی، وەزمە، شانیدەر، هەزارمەرد، زارزی، بێستوون، گرێ مەرازان و نێقالی و دەیان ناوەندی ژیاری تر، قوواڵایی ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەکەمان لەسەر ئەم خاکە پیرۆزە دەسەلمێنین. لەم خاکەدا، کە لانکەی یەکەمین کۆمەڵگەکانی مرۆیی و پێشەنگی گەشەپێدانی ژیاری بوو، ئێمە بە نیشتەجێبوون و دۆزینەوەی کشتوکاڵ لە شوێنەوارەکانی وەک خرابڕەشک، گرێناڤۆکێ، حەسەنکەیف، چیای نەمرود، شمشارە، نەمرک، شانیدەر، بێستانسوور، چەرمۆ و هاوشێوەکانی، بنەماکانی شارستانییەتی سەرانسەری ئەم ناوچە فراوانەمان داڕشت. وڵاتی ئێمە بە گەواهی گرێمەرازان بێشکەی سەرهەڵدانی یەکەمین ئایینەکانی جیهان بووە، لە بەردنووسەکانی سومەر و دەقە کەونارەکان و کتێبی پیرۆزی موسڵمانان وەک خاکی پیرۆز ئاماژەی پێ دەکرێت، کەشتی نوح لێی دەگیرسێتەوە، هەروەها ئیبراهیم لێی لە دایک دەبێت، بانگەشەی پێغەمبەری دەکات وێجا میترا پیرۆزترین پەیامەکانی خۆی پێ دەگەیەنێتە کورد و مرۆڤانی تر، کە هەتا ئەم ساتەش ژێرخانی کولتوری وڵاتی ئێمەیە و ئایینە پیرۆزە کوردییەکانی ئەزدایی، یارسان و هەڵاوی لێی هاتوونە بوون و کوردستانی دێرین و هەنووکەییەکانی کرد بە کۆمەڵگەیەکی ڕەوشتیی، کە مرۆڤی کورد بەزەییان بۆ

یەکتر هەبێ و پارێزگاری لە بوونایەتی بەکۆمەڵی خۆیان و لە مانەوەی یەکتر بکەن. ئەم خاکە، وارگەی نەتەوەیی و مێژوویی نەگۆڕی نەتەوەی کوردە، کە دەکاتە هەمان خاکی میدیای دێرین. بە درێژایی هەزاران ساڵ، ئەم خاکە بووەتە سەکۆی سەنگاندن و پەرەسەندنی شارستانییەتە شکۆمەندەکانی وەک سومەر، ئیلامی، کاسی، سوبارتۆ، گوتی، هوری، میتانی، میدی، پارت، ئادیابین، ساسانی و دەیان یەکە و کولتوری دێرینی تر، کە لەسەر ئەم زەوییە یەکەم جار بناغەی ئاوەزی دەوڵەتیان بنیاد نا و قانوونی لێ هاتە بوون و لە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی ژیاون و بەشداریەکی بنەڕەتی و هەردەمییان لە پێشخستنی ژیانی مرۆڤایەتیدا کردووە. کورد پاشماگگری ڕاستەقینەی هەموو ئەو شارستانییەت و دەوڵەتە مێژووییانەیە، کە لەسەر خاکی کوردستانی مێژوویی دامەزراون. باوانی کورد نەک تەنیا داهێنەری زانست و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی سەردەمی خۆیان بوون، بەڵکو بنەماکانی کشتوکاڵی پێشکەوتوو، دێرینترین گوند و نیشتەجێبوونەکان، یەکەمین شێوازی دەستەمۆکردنی ئەسپ، کۆنترین پەیوەندییە دیپلۆماسییە تۆمارکراوەکان، یەکەمین نەبەردیی و ڕاپەڕینەکان بەڕووی داگیرکاری و زۆرداریبدا لەم خاکەوە دەستیان پێکردووە. لێرە کۆنترین پەرگاڵە دیموکراتییەکانی وەک هەڵبژاردنی پاشا و فەرمانڕەوا لەلایەن گۆتییەکانەوە پێش لە یۆنانییەکان بوونی هەبوو، نموونەی دەسەڵاتداریی سەقامگیر و ئاوەدانیی وەک سەردەمی فەرمانڕەوایی کاشییەکان لە دۆڵی دووڕووبار تۆمار کراوە. پاشایەتیی ئادیابین وەک نموونەیەکی دیار لەنێو سنووری ئەم خاکە مێژوویەدا، هێمای دەخۆگرتنی دانیشتووانی نەکوردی وڵاتی کورد لەسەر بنەمای ڕێز و پاراستن و پابەندبوون بە بەها بنەڕەتییەکانی شکۆمەندی، مانەوە و بەرەنگاربوونەوەی زۆرداریە، کە پێکەوە خاوەندارییەتی لێ دەکەین و مێژووی نەتەوەییمان دەوڵەمەند دەکات. سەروەریی ڕەبەق و بێ مەرج بەسەر خاکی کوردستاندا، تەنیا و تەنیا دەرفێکی گەردوونی و مافی ڕەوا و قانوونیی نەتەوەی کورده، کە سەرەتا لە قووڵایی مێژوو و ڕەسەنایەتی بوونمان و دواتر لە بەڵگەنامە قانوونییەکان و بنەما نێودەوڵەتییەکانی وەک چارتەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکسانی نەتەوەکان و خۆبڕیاردەری خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێت. هیچ هێز و یەکەیەکی دیکە، چ ناوخۆیی و چ بیانی، مافی دەستدرێژی و سەپاندنی سەروەریی بەسەر کوردستاندا نییە. ئەو هێز و قەوارانەی کە لە قۆناغەکانی مێژوودا بە زۆر و بە زۆرداری خۆیان بەسەر کوردستاندا سەپاندووە، ناقانوونیی و داگیرکەر بوون و هیچ ڕەوایەتییەکیان نییە و هێز و دەسەڵاتیان بەسەر کوردستاندا لەدژی خواست و ویستی نەتەوەکەمان و ئەم قانوون بنەڕەتییەیە کە بناغەی هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. لە درێژەی تێکۆشانی سەدان

ساڵەی نەتەوەییماندا بۆ وەدیهێنانی ئاواتی لەمێژینەی سەربەخۆیی، شکۆمەندی و پاش قوربانیی و تێچووی زۆر لە ڕێگای ڕزگاری نەتەوەییدا، لە ساڵی ١٩٤٦ کۆماری کوردستان لە مهاباد دامەزرا وەك یەکەم دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی لە سەردەمی مۆدێرندا بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، کە نوێنەرایەتیی ویستمەندیی نەتەوەکەمانی دەکرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆمان لەسەر خاکی خۆمان. هەرچەندە ئەم کۆمارە تەمەنکورت بوو و بە پیلانی هاوبەشی هێزە داگیرکەر و دەرەکییەکان ڕووخێنرا و پێشەوا و هاوڕێیانی گیانی خۆیان بەخشی، بەڵام ڕۆح و ڕێبازەکەیان بووە چرای ڕێگای خەباتگێڕان و نەوەکانی دوای خۆیان، بۆ درێژەدان بە تێکۆشان لەپێناو دەوڵەت و سەربەخۆیی. ئێمە، نەتەوەی کورد و کۆمەڵی کوردستان، لەم ساتە مێژوویییە چارەنووسسازەدا کە ویستمەندیی ئازادانەمان و ئاواتە کۆنەکانمان بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی ڕەها گەیشتووەتە قۆناغی پشکووتن وەك پاشماگگری ئەم مێژووە دێرینە و لەسەر ڕێبازی پیرۆزی پێشەوا قازی محەممەد و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی نیشتمان، بە هەستکردن بە شکۆمەندیی و بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی، ئەم دەستوورە وەك قانوونی بنەڕەتی و پەیماننامەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوو، بۆ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بە فۆرمی کۆمار ڕادەگەیەنین.

ئەم دەستوورە نەک داهێنانێکی نوێ، بەڵکو درێژەپێدەر و کۆکردنەوەی مافە مێژوویی و قانوونییەکانی نەتەوەکەمانە و ڕەنگدانەوەی ئاوات و ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەیەکە کە سەدان ساڵە لەپێناو سەربەستیی، خۆییبوون، ئازادیی و شکۆمەندییدا دەکۆشێت و دەجەنگێت. هاوکرداریی قووڵ و ڕیشەداریی مێژووی ناو کورد هەزاران ساڵە وەک دەستوورێکی نەنووسراوە، بەڵام کارکردە و کارا، کوردی وەک تاک و کۆمەڵ لێ بەستۆتەوە و بە ژیریی کۆیی و ئاوەزی گشتی چەشنێک لە خودی کۆییان بنیادناوە کە ڕۆحی نەتەوەیی کوردی وەک دەستووری نەنووسراوە بۆ پێکەوەژیانی درێژەدار و نەپساوە کورد بگەیەنێت چەرخی هەنووکەیی و لە جیهانی مۆدێرندا وەک نەتەوەیەک کە ئێستایی سەر هەڵدات. دەستوور گەوهەری ئەو ژیریی کۆیی و ئاوەزیی گشتی و هاوکردارییە مێژوویییەی کورد لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە و دەبێتە ئاوەزی دەوڵەتی بۆ بنیاتنانی دەوڵەت و وارگێڕیی کۆمەڵگای وڵاتەکەی خۆی.

ئەم دەستوورە پابەندبوونی کۆماری کوردستان بە بنەما سەلمێندراوەکانی دادپەروەریی، یەکسانیی، ڕێزگرتنی بێ مەرجی ڕێکەوتنامەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان، سەروەریی قانوون و ژیانی ئاشتییانە لەگەڵ گشت نەتەوە دۆستەکان لە

جیهاندا دەسەلمێنێت. کۆماری کوردستان دەوڵەتی نەتەوەیی کوردە و بۆ ژیانی بەختەوەری هەموو کوردستانیان وەک هاووڵاتی ئەم وڵاتە دەبێت، دەوڵەتێکی دیموکراتی ڕاستەقینە کە تێیدا دەنگی هەموو شارۆمەندێك بە بایەخ و گرنگییەوە وەربگیرێت و هیچ کەس لەسەر بنەمای جیاوازییەکان پەراوێز نەخرێت یان مافەکانی پێشێل نەکرێن. دەوڵەت پابەند دەبێت بە بنەماکانی دەسەڵاتداریی شکۆمەند و ڕوونایەتی و لێپرسراوێتی، کار بۆ دابینکردنی خۆشبژێویی و پێشکەوتنی هەموو شارۆمەندان لە چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییدا دەکات. ئێمە باوەڕمان بە یەکێتییەکی نەتەوەیی پتەو و یەکگرتوو هەیە کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی جیاوازییەکان و فرەیی ڕەنگەکانی نێوخۆی کوردستان دامەزرا بێت، کە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان لەخۆ بگرێت، کۆی گشتی هەموو کورد و هەروەها کەمینە کولتووری و ئایینییە ڕەسەنەکانی کوردستانیشەوە وەک بەشێکی دانەبڕاو و بنەڕەتی لە نیشتمان و ناسنامەی نەتەوەیی کوردستان. ئێمە، نەتەوەی کورد و کۆمەڵی کوردستان، بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، دان بە گرنگیی پەیوەندییەکی تەندروست و سازگار لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییدا دەنێین. کۆمارەکەمان وەک دەوڵەتی سەربەخۆ خوازیارە ببێتە ئەندامێکی کارا و بەرپرسیار لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی، بەشداریی لە چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان بکا و پەرە بە ئاشتیی و ئاسایش و دادپەروەریی جیهانی بدات، لەگەڵ ڕێزگرتن لە قانوون نێودەوڵەتییەکان و پابەندبوون بە هەموو ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی کە لەگەڵ بنەما و ئامانجەکانی نەتەوەکەمان دەگونجێن و ڕاژەی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان دەکەن. بە دڵنیاییەوە لەوە ئاگادارین کە ڕێگای بەردەممان پڕە لە هەوراز و نشێوی و ئاستەنگە و ئالەنگاری گەورە ڕووبەڕوومان دەبنەوە، بەڵام باوەڕمان بە خۆمان و بە توانای نەتەوەکەمان بۆ سەرکەوتن بەسەر هەموو بەربەستەکاندا و تێپەڕاندنی هەموو سەختییەکان هەیە. ئێمە ویستمەندییەکی پۆڵاییینمان هەیە بۆ بنیاتنان و پاراستنی دەوڵەتێکی بەهێز، پێشکەوتوو و دیموکراتی، دەوڵەتێک کە شانازی بە ڕابردووی پڕشکۆی خۆیەوە بکات و هیوای بە ئایندەیەکی گەش و ڕوون هەبێت. بەم باوەڕ و ئومێدەوە، ئێمە، نەتەوەی کورد و گشت کۆمەڵی کوردستان، ئەم دەستوورە بۆ کۆماری کوردستان دادەمەزرێنین و بە یەکدەنگی پەیمان نوێ دەکەینەوە کە دەست لەناو دەست، پێکەوە کار بکەین بۆ ڕاییکردنی ئەم دەستوورە، بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی سەربەخۆ، ئاوەدان، ئازاد، دادپەروەر و پێشکەوتوو، کە مایەی شانازیی هەموومان بێت و ببێتە چرایەک بۆ ئاشتیی و ئارامیی لە ناوچەکە و جیهاندا.

ڕۆحی نەتەوەیی، ژیریی کۆیی، خودی بەکۆمەڵ و پێویستیی دەستووریبوون

ئەم مانیفێستە فەلسەفییە، گەوهەری بوونناسانەی دەستوور و سەرچاوەی باڵای لێکدانەوەیە؛ گشت دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و دامەزراوە دادوەرییەکان پابەندن کە بەندەکانی ئەم دەستوورە نەک تەنیا وەک دەقێکی وشک، بەڵکوو وەک ئامرازی بەرجەستەکردنی ئەم دیدگا فەلسەفییە و پاراستنی 'خودی بەکۆمەڵ'ـی کورد لێک بدەنەوە و ڕایی بکەن.

دەستوور — قانوونی بناغەیی دەوڵەتی کوردستان— گێڕانەوەیەکی دەستوورییە لە ژیانی قووڵی سروشتی و ژوورسروشتی نەتەوەی کورد، کە لە درێژەدارییەتییەکی ڕەسەنی مێژوویی‌یەوە هەڵدەقوڵێ و بەشێوەیەکی خۆساز و خۆسەرچاوە ڕەوایی خۆی لە خواست و ویست و تاسە دەروونی کورد بۆ هەبوونی دەوڵەت بەدەست دێنێ و دەیسەلمێنێت. خۆسازبوونی دەستوور بەو واتایەیە کە ئەم دەستوورە بەبێ پێویستی بە هیچ سەرچاوەیەکی قانوونیی دەرەکی یان ڕەزامەندی دەرەوەی نەتەوە، لەسەر بنەمای ژیریی کۆیی کورد وەک بەرهەمی هەزاران ساڵەی ژیانی کۆیی و یەکترناسین و گەشەی کولتووری و پارادایمە بە کۆمەڵەکان کە کوردی بەشێوەیەکی بەرفراوان لە کرداریی بەکۆمەڵدا پێک بەستۆتەوە خۆی خۆی دروست دەکا و دادەمەزرێنێت و بۆ ڕەوایی و قانوونمەندیی خۆی پەنا نابات بۆ هیچ بنەمایەکی لە دەرەوە ژیریی کۆیی کورد و ویستی دەروونیبووی ئەم نەتەوەی بۆ نواندنی سەروەریی ڕەهای خۆی وەک دەوڵەت. خۆسەرچاوەبوونیشی بەو واتایەیە کە سەرچاوەی بەدەوڵەتبوون و دەسەڵات و ڕەواییەکەی لە قووڵایی ناخی خودی کۆیی هەزاران ساڵەی کورد وەک ویستمەندیی ژیر و بەئاگا و هەربوویی ئەودایە. ئەم دوو تایبەتمەندییە —خۆسازبوون و خۆسەرچاوەبوون— وەک دوو ڕەهەندی یەک ڕاستی، دەستوور لە سەرووی هەموو قانوون و دەستوورێکی دەرەکی دادەنێن، چونکە هیچ قانوونێکی دەرەکی ناتوانێ بەم شێوەیە ڕەسەنانە لە ناخی خۆئاگایی نەتەوەییەوە هەڵقوڵێ و دەرکەوێت و بۆ کورد ببێتە سەرچاوەیی ڕەوایی. هەر لەبەر ئەمەیە کە دەستووری کۆماری کوردستان، تەنانەت پێش دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، دامەزراوە کارگێڕیی، قانوونیی و وارگێڕییەکانی داگیرکەران لە بەها و بایەخ دەخات و ڕەوایی و قانوونمەندییان لێ دەسێنێتەوە، چونکە ئەو دامەزراوانە خۆساز و خۆسەرچاوە نین، بەڵکو سەرچاوەی دەسەڵاتیان لە دەرەوەی کوردەوە هاتووە و بەسەریدا سەپێنراون. دەستوور، بە پێچەوانەی ئەوان، بە شێوەیەکی ئۆرگانیک لە ناخی کوردستان و نەتەوەی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە و لە هەناوی ویستی تاسەریی نەتەوەییەوە دەرکەوتووە و بەم شێوەیە خاوەنی ڕەواییەکی ڕەسەن و بنچینەییە کە هیچ قانوون و

دەستوورێکی سەپێنراوی دەرەکی ناتوانێ هەیبێت. بۆیە هەر ئەم تایبەتمەندییە خۆساز و خۆسەرچاوەیەی دەستوورە کە ئەم دەستوورە دەکاتە دەربڕی ڕاستەقینەی ویستی نەتەوەیی کورد و دواتر بە دامەزراندنی دەوڵەتی ڕەسەن و نەتەوەیی لەسەر بنەمای ویستی نەگۆڕ و بێکۆتایی نەتەوەی کورد، بە تەواوی سڕینەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو دامەزراوانە و قانوونمەندیی داگیرکەران دەستەبەر دەکات. ئەم دەستوورە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی کەسایەتی مێژوویی و یەکپارچەی نەتەوەکەمانە، هاواری قانوونیی خودی بەکۆمەڵی کورد — تاسەی مێژوویی، هۆشمەندیی فەلسەفی و ویستمەندیی بێوچانی بۆ سەربەخۆیی بێسنوور و دەوڵەتداریی ڕەبەقە. دەستوور پشت بە بوونایەتی بوونسەپێنی کوردستان و ویستی کۆیی نەتەوەی کورد و سرووشتی مێژوویی وڵاتەکەیەوە دەبەستێت، هەبوونی کەتواڕە ناوەرۆکسازەکەی دەستوور لە خۆئاگایی نەتەوەییەوە و لە هەناوی ئەزموونی مێژوویی کوردەوە هەڵدەقوڵێ و بایەخ و بەهای خۆی لە ویستی بێپسانەوەی نەتەوەوە وەردەگرێ کە لە ڕۆحی هەربوویی کورد و وڵاتەکەیەوە دێت.

خۆسەرچاوەیی، ئەو چاوگە بوونناسییە بنچینەییەیە کە بە دەوڵەتبوون و دەستوور بەیەکەوە دەبەستێتەوە. دەستوور وەک تەنبا دەربڕینی قانوونمەندی سەرچاوە نەگرتووە، بەڵکو لە قووڵبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە هەناوی ڕەوتی مێژوویی نەتەوەدا سەری هەڵداوە، بەجۆرێک کە هەر دەمە و بۆ هەموو گۆڕانکارییەکی مێژوویی هاتوو لە داهاتوودا پلاتفۆرمێکی ڕەوایی قانوونیی بەرفراوان دابین دەکات. دەستوور وەک یروشێکی مێژوویی بۆ تێپەڕین لە قۆناخی ژێردەستی بۆ قۆناخی سەروەریی و سەربەخۆیی کار دەکات. هاوبەرپەرچیی نێوان دەوڵەت و ڕەوایی و دەستوور لە ڕوانگەی دەستوورەوە هەم یەکبین و هەم لێکجیاوازە. یەکبین لەو ڕووەوە کە هەرسێکیان لە کەتواری شوناسی کوردی و هەستی نەتەوەییەوە هەڵدەقوڵێن، لێکجیاوازیش لەو ڕووەوە کە هەریەکەیان لە ئاستی جیاوازی پێگەیشتنی کەتواری وارگێڕی و قانوونیی و ڕێکخستنی بوونایەتیدا خۆیان دەردەخەن. دەوڵەت سەرچاوەی دەستوور نییە، بەڵکو ئەوە دەستوورە کە لە سەروو-دەوڵەتدا وەستاوە و ڕەوایی بە بوونی دەوڵەت دەدات، بە شێوەیەک کە دەوڵەت پێویستە پابەندی دەستوور بێت نەک بە پێچەوانەوە.

دەستوور سەرچاوەی خۆی لە چەمکی نوێی "گەوهەری نەتەوەیی"ـدا دەدۆزێتەوە. ئەم چەمکە لە شیکردنەوە لاساییەکانی ژوراڵ دەستووری و فەلسەفەی وارگێڕی لەو سەروو-تڕە و ئیدی تەنیا لە پەیوەندی پەیماناسانەی نێوان دەوڵەت و هاوواڵاتیدا خۆی بەرتەسک ناکاتەوە، بەڵکو تێگەیشتنێکی

گەوهەرییە لە هەبوونی نەتەوە وەک وەکیەکبوون و پێکەوەبوون و خەمی هاوبەش و هاوئاگاییەکی نەتەوەیی زیندوو، بەرپرسیارەتی نەتەوەیی، مێژوویی و کولتووریی. گەوهەری نەتەوەیی کورد وەک ئەو خاڵەی لە نێوان بوون و نەبووندا ناسنامەی مێژوویی و ڕەواییەکی خۆسەرچاوەی پێداوە، ئاراستەکەری ڕەوتی سەرهەڵدان، پاراستن و درێژەدانی بوونی نەتەوەییە لە سەر هێڵی شوێن-کات. دەستوور ڕەنگدانەوەی ئەم گەوهەرە و ڕەشمالّی مێژوویی پاراستنیەتی. بەم پێیە، پەیوەندی نێوان دەستوور و دەوڵەت لە نێوان شێوە و ناوەڕۆکدایە، لە نێوان ئامانج و ئامرازدایە، لە نێوان ویست و دەرکەوتەدایە، کە سەرەڕای جیاوازی دەروونی، یەکێتییەکی ناسێنەریان هەیە.

نەتەوەی کورد ڕوانگەیەکی هێرمۆنۆتیکی بۆ مێژووی خۆی هەیە کە لە ڕێگەی دەستوورەوە ڕەنگ دەداتەوە. هێرمۆنۆتیکی مێژوویی کورد ئاماژەیە بۆ ئەو چۆنیەتییەی کە نەتەوە مێژووی خۆی لێکدەداتەوە و واتای پێدەبەخشێت، کە لەو شێوەی کورد بۆ مێژووی خۆی بەکاری دەهێنێت بریتییە لە پەیمانێکی مێژوویی-نەتەوەیی پێش-دەوڵەتی. لەم پەیمانەدا نەتەوە لەگەڵ مێژووی خۆیدا، لەگەڵ خاکی خۆیدا و لەگەڵ شوناسی خۆیدا پەیمانێکی هەربوویی و ئۆنتۆلۆژی بەستووە کە پێویستی بە هیچ بەڵگەنامەیەکی دەرەکی نییە. دەستوور بریتییە لە بەڵگەنامەیی کردنی ئەم پەیمانە بنچینەییە و تەنیا بۆ ئاشکراکردنیەتی، نەک بۆ دروستکردنی.

پەیوەندی نێوان نەتەوە و دەستوور لەسەر بنەمای هاوئاگایی نەتەوەیی ڕادەگیرێت. هاوئاگایی نەتەوەیی بە واتای بەشداربوونی هەموو ئەندامانی نەتەوە لە یەک ئاگایی کۆیی و یەک ویستی دەروونی و یەک سۆزی نەتەوەیی و یەک شێوازی مێژوویی ڕوانینە بۆ ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو. ئەم هاوئاگاییە پێویستییەکی دڵنیایی و نێوەکییە، نەک شتێکی هەڵبژاردە و دەرەکی، چونکە هەر لە دایکبوونێکی مرۆڤێکی کورد، بە شێوەیەکی نێوەکی دەچێتە ناو ئەم هاوئاگاییەوە و بەشێک لێی پێکدەهێنێت و بە ڕەگوڕیشەی خۆی دەزانێت. لەبەر ئەمە ئەندامێتی ناسنامەیی بە دەوڵەتی کوردستان لەسەر بنەمای ئەم هاوئاگاییە نەتەوەییە دەبێ کە ئەوان دەکاتە بەشێک لە خاکێک کە وارگەی نەتەوەیی خۆیانە کە لەوێ پێکەوەژیانی نەتەوەیی و نیشتمان بە شێوەی کۆیی لە جیهان-ژینێکیدا ئەزمون دەکەن. هاوئاگایی نەتەوەیی وەک بناغەی دەستوور بێوچان لە گەشەکردن و نوێبوونەوەدایە و هەڵقوڵاوی ئەزموونە هاوبەشەکانی نەتەوەیە، کە لە دەستووردا دەبێتە ڕێنوێنی دەستووری بۆ ئاڕاستەکردنی ویستی کۆمەڵیی نەتەوە بەرەو سەروەریی و ئازادی و دادپەروەری.

نەتەوەکان لە ویستی ڕەها بۆ بوون، بۆ مانەوە، بۆ خۆڕێکخستن و بۆ بنیادنانەوەی سەروەریی بەسەر ژیانی کۆیی و ژێرخانی ژینگەیی ئەو ژیانە کۆییەوە، پەیدا دەبن. ئەم پرۆسەیە بناغەی دروستبوونی هەر نەتەوەیەکە و نەتەوەی کوردیش لەم چوارچێوەیەدا سەریهەڵداوە و چونکە خاوەنی شارستانییەتێکی دێرینە کە بە پانتایی فراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فراوان دەبێتەوە کە بە بەڵگە و شوێنەوارە دێرینەکان دەسەلمێنرێت و نیشانەی قووڵایی ڕەگ و ڕیشەی ژیاریی و شارستانی کوردن لەسەر ئەم خاکی مێژوویی خۆی، کە دەیان هەزار ساڵ بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە.

کورد سەرەڕای سەدان ساڵ لە لەدەستدانی سەروەریی بەهۆی دەوڵەتە داگیرکەرەکان و ئەکتەرە جیهانییەکانەوە، بەڵام هەرواش توانیویەتی بە شێوەیەکێ بەرچاو بوونایەتی خۆی بپارێزێت و لە سەر هێڵی کات و شوێن وەک "سوبێکتێکی ژوراڵ" کە خاوەن درێژەداریەتییەکی مێژوویی وڵاتی و نەتەوەییە، توانیویەتی ناسنامە و هەبوونی خۆی بهێڵێتەوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەمە لە سەردەمێکدا کە کورد لە هەبوونی ئیمپراتۆری بێبەش بوو، هێزە ئەمپریاڵە خۆرئاواییەکان پەرگاڵی دەوڵەتتەوەریان بنیاد نا و کورد بە ویستی ئاگامەندانەی ئەوان لە پشکی خۆی لەم پەرگاڵە بێبەشکرا و کرا بە نەتەوەی بێدەوڵەت و فرێداریە تاریکخانەی ونی هێڵی شوێن-کات. دەستوور ئامرازی خۆسەپاندنەوەی کوردستانە لەسەر پەرگاڵی دەوڵەت وەک مۆدێرنترین چاخی مێژوویی مرۆڤ.

کورد وەک نەتەوەیەک کە بناغەکانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داڕشتووە، دایان و باوانی کورد ڕۆڵێکی بنەڕەتییان هەبووە لە پەیمانی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا و لە سەرەتای کشتوکاڵەوە، کە یەکێکە لە بنەماکانی ژیاریی، تا بنیاتنانی یەکەمین شارەکان، داهێنانی خەت و نووسین، پەرەپێدانی ئایین و هونەر و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتە گەورەکان وەک میدیا، پارت و ساسانی و پاشماگگری شارستانییەتگەلێکە کە بنچینەی هەبوونی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی مۆدێرن پێکدەهێنێت، بەم دەستوورە چیدی پەسەند ناکات لە تاریکخانەی ئەم شارستانییەتەدا ون بکرێت و بدرێتە دەم کڵپی تیژی بەربەرییەت تاکو لەناوی ببات.

مانەوەی بوونایەتیی کردەیەکی خۆدان درێژەداریەتی و ڕاوەستاوییە کە لەسەر چەندین بنەما خۆی هەڵدەچنێت: درێژەداریەتی یادەوەریی و شوناسپارێزیی کۆیی، ژینگەسازیی و وارپارێزیی و ویستمەندیی وارگێڕی بۆ بەدەستهێنانەوە و پاراستنی سەروەریی بەسەر وارگەی نەتەوەیی خۆیدا. شارستانییەتی کوردستان لە ڕەوتی میژوودا و لە سەر هێڵی شوێن-کات لە پانتاییەکی فراواندا گەشەی کردووە،کە وەک وڵات بووە بە هەم زێد و هەم نیشتمان. بە درێژایی مێژووی بوونایەتی

مرۆڤ، شارستانییەتی ئێمە پەرەی سەندووە و بەرهەمی ئەو ژینگە ژیارییەیە کە کوردستان لە مێژوودا لەنێو دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووە، ئەوە بووە کە لە سەرهەڵدان و گەشەی شارستانییەتی جیهان بە تایبەت خۆرئاوا ڕۆڵێکی بنەڕەتی گرنگی گێڕاوە. ئەو شارستانییەتە و کولتوری بەرزی کوردستان لەم دەستوورەدا هەم بە پێوەری دیرۆکی و هەم بە پێوەری سەردەم و هاوچەرخ زایەڵە دەداتەوە و ڕەوایی ئەم دەستوورە بنیاد دەنێت.

دەستوور لە پانتایی مێژوویی و قانوونیی نەتەوەی کورددا پەیمانێکی گەوهەرییە کە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان کەتواری ئێستایی و داهاتووی نەتەوەیی پێکدەهێنێت، پەیمانێک کە هەم بەڵێنێکی ڕاستییانەیە بۆ سەلماندنی ڕەوایی بوونایەتی نەتەوەیی، هەم پەیمانێکی نێوان-نەتەوەییە بۆ یەکگرتنی هێزە گەوهەرییەکانی ناخی هەموو کورد و کوردستانیان. ئەم پەیمانە گەوهەرییە پشت بە ئەو تێڕوانینە ئۆنتۆلۆژییە دەبەستێ کە نەتەوە وەک بوونایەتییکی ژیندار، درێژەدار و ڕوو لە داهاتوو هەڵگری کۆمەڵێک گەرەکمەندیی بنەڕەتییە کە لە پێکهاتەی دەروونی و هەناوی کولتووری و زەمینەی مێژوویییەوە هەڵدەقوڵێت، نەک لە ڕێککەوتنێکی کاتی یان خواستێکی ڕواڵەتی. ئەم گەرەکمەندییە بنەڕەتییە لە دەستووردا دەبنە بنەمای سەروەریی، دەبنە ڕەگی قانوونیی، دەبنە پشتی دەستووری و دەبنە ئاسۆی دەوڵەتمەندی. دەستوور لە ڕەوتی مێژوودا کەتواری سەربەخۆیی نەتەوەیی دەچەسپێنێت و سەروەریی هەبووییی نەتەوە لە شێوەی بەڵێندارەتییەکی گەوهەری-سرووشتی مێژوویییدا دەردەبڕێت، بەڵێندارەتییەک بە هەبوون و مانەوە و گەشەکردنی کورد وەکو نەتەوەیەکی دایک، چونکە نەتەوە بەبێ دەوڵەت وەک گیانێکی بێ جەستەیە. لە ڕوانگەی دەستوورەوە، دەوڵەتی کوردستان بەر لەوەی بەرهەمی بەرەنگاری و خۆڕاگریی بێت، بەرهەمی سەرهەڵدانی ویستێکی هاوبەش و هاوگیانی بوونیستانەیە کە لە هەناوی مێژووەوە بەرەو داهاتووی خۆیی وڵاتی کوردستان هەڵچووە، ویستێک کە گەڕێنەری هێزی ئۆرگانیکی نەتەوەییە، هێزێک کە ئامانجی سڕینەوەی ئاژاوەی بێدەوڵەتی و پارچەبوونە لە نێو نەتەوەکەماندا. لە ئاوێنەی دەستووردا، کە ژینەری ڕۆحی نەتەوەیی کوردستانە؛ کەتوارگەی نەتەوەیی دەبێتە شێوازی دەرکەوتەی خودی نەتەوەیی، سەردەمی مێژوویی دەگەیەنێتە تروسکایی دۆخی دەوڵەت و سەروەریی. هەر ئەمەیە کە واتای قووڵی خۆسەرچاوەیی و خۆسازی دەدات بە دەستوور: نە دەسەڵاتێک لە دەرەوەی دەستووردەوە توانای ڕەدکردنەوەی دەبێت، نە ڕکێفێک لە سەرووی نەتەوەوە دەتوانێت هەڵیوەشێنێتەوە. دەستوور هاوکات لە ناخی مێژوو، لە هەناوی کەتوار و لە ئاسۆی داهاتوودا ڕەوایی و بوونی خۆی دەسەلمێنێت. دەستوور کردەیەکی

نەتەوەیی دەستووریی-ژوراڵیە کە پەیوەندی نێوان هاوواڵاتیانی کوردستان هەرتەنیا لە چوارچێوەی پەیوەندی قانوونیی یان بەرژەوەندی ئابووری کورت ناکاتەوە، بەڵکو دەیانکاتە بەشداربووی هاوئاگایی نەتەوەیی واتە یەک خۆئاگایی نەتەوەیی لەسەر بنەمای بیرەوەری هاوبەش، کوردبوون وەک بوونایەتی هاوبەش، کوردستانیبوون وەک شارۆمەندیی هاوبەشی دەوڵەتێکی خۆیی، کولتور وەک شێوازی ژیانی هاوبەش، یەک ئاسۆی چاوەڕوانی هاوبەش، یەک چیڕۆوەرگرتنی ئێستێتیکی هاوبەش و ئەرکی خۆپاراستن و یەکترپاراستنی هاوبەش. لەم ڕوانگەیەوە، ڕەوایی دەستوور لە توانای پاراستن و پتەوکردنی ئەم هاوبەشییە نەتەوەییەدایە، لە توانای پاراستنی ئەو پەیوەندییەدایە کە تاکی کورد و شارۆمەندی کوردستانی بە نەتەوەکەیەوە دەبەستێتەوە و لە توانای پاراستنی ئەو ئازادییەدایە کە هەموو کورد و کوردستانییەک لە بوون و شێوەی بوونی خۆیدا هەستی پێدەکات. دەستوور بەم پێیە ناوەندی پەیوەندی نێوان تاک و نەتەوە و دەوڵەت و مێژوو و داهاتووە، ناوەندێک کە هەم سەربەستی تاکەکەسی دەپارێزێت و هەم بوونایەتی نەتەوەیی گەشە پێدەدات، هەم ڕەواییەک بە دەوڵەت دەدات کە نوێنەری ڕاستەقینەی نەتەوە و پارێزوانی وڵات و هاوبەشایەتییەکان بێت و هەم ئاسۆیەک دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە داهاتوویەک کە لەگەڵ تاسەی مێژوویی کورد بۆ دەوڵەتمەندی، بۆ دەسەڵاتداری، بۆ بوون-بۆ-خۆ و بۆ بوون-لەگەڵ-خۆ، یەک بگرێتەوە. ئاواتی مێژوویی نەتەوەی کورد بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ سەروەریی نەتەوەیی و بۆ بڕیار لەسەر چۆنییەتی بوونایەتیی خۆ وەک نەتەوە و نیشتمانەکەی وەک وڵات و هەروەها دیاریکردنی داهاتووی خۆی، لە دەستووردا دەگات بە بەرزترین پلەی دەربڕینی بوونایەتی و ئەمەش وەک ئاواتێکی خودەکی و بەهایەکی بناغەیی، هاوکات بەڵێندارەتییەکی گەوهەرییە بە هەموو ئەو قوربانییانەی کە کورد و کوردستان لە مێژووی خۆیدا داویەتی. دەستوور ئەم بەڵێندارەتییە وەک بنەمای ڕەوشتی-قانوونیی دادەنێت، بەڵێندارەتییەک کە سەرەڕای هەموو گۆڕانکارییەکانی مێژوو، هەمیشە چاوەڕێی سەرکەوتنی دەبێت.

پەیکەری دوویەم:

پەیکەری دەستووری و قانوونی

دەروازەی یەکەم: بنەماکان و ناسنامە

کۆماری کوردستان وەک دەرکەوتەی مێژوویی ویستمەندی نەتەوەی کورد، و هەستانەوەی کۆماری کوردستان، لەسەر کۆمەڵێک بنەمای بوونناسانە و بوونویستانەی نەگۆڕ دامەزراوە. ئەم دەروازەیە ئەو گەوهەرە بنەڕەتییە پێناسە دەکات کە ڕۆحی نەتەوە تێیدا زایەڵە دەداتەوە: نەتەوە وەک خاوەنی ڕەسەن و هەردەمیی سەروەریی؛ خاک وەک وار و پاتریای پیرۆز و جەستەی زیندووی نەتەوە؛ پاشماگ وەک یادەوەریی دانەبڕاو؛ ئاڵا وەک هێمای شکۆمەندی؛ دەستوور وەک ئامرازی پۆڵایینی ئەم پەیمانەیە. ئەم بنەمایانە پێکەوە، ناسنامەی نەگۆڕی دەوڵەت دادەڕێژن و ئەو چوارچێوە پیرۆزە دیاری دەکەن کە پاراستنی، باڵاترین ئەرکی دەوڵەت و هەر شارۆمەندێکە.

بەندی ١: وڵات و وارپارێزیی (تێریتۆریالیزم)

کوردستان دەوڵەتێکی کۆماریی سەربەخۆیە، کە تەنیا وڵات و وارگەی (تێریتۆری) نەتەوەی کوردە. سەروەریی نەتەوەیی کوردستان نەگۆڕ و سەوداهەڵنەگرە و نە بەش دەکرێت و نە بە هاوبەشی دادەنرێت. ڕیشەی ئەم سەروەرییە لە درێژەداریيەتی مێژوویی، کولتوری و وارگەی نەتەوەیی کوردستان وەک نەتەوەیەکی یەکبوویی هەیە.

یەکەم: پێناسەی سەروەریی و وارپارێزی

١.١. سەروەریی نەتەوەیی باڵاترین دەسەڵاتی قانوونیی نەتەوەی کوردە بەسەر وارگەی نەتەوەیی کوردستاندا کە تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی دانپێدانراوی خاوەن دەسەڵاتی ڕەها ڕایی دەکرێت.

١.٢. سەروەریی بنەمای وارگێڕی ڕەوای دەوڵەتی سەربەخۆیە و بەستێنی دەوڵەتداری و دەسەڵاتداریتی لە کوردستان دابین دەکات.

١.٣. وارپارێزیی بریتییە لە خاوەندارێتی ڕەبەق بەسەر گردوکۆی خاکی مێژوویی کوردستاندا.

١.٤. وارگەی نەتەوەیی کوردستان هەموو ئەو خاکە لەخۆ دەگرێ کە بە درێژایی مێژوو نەتەوەی کورد تێیدا نیشتەجێ بووە.

دووەم: ئەرکی بەکۆمەڵ بۆ وارپارێزیی

٢.١. سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان ئەرکی قانوونیی و نیشتمانی وارپارێزیی و پاراستنی سەروەریی نەتەوەییان لەسەر شانە.

٢.٢. ئەم ئەرکە لە ڕێگەی:

ئ. بەشداری چالاک لە دامەزراوەکانی کوردستان

ب. وەفاداری بە پەرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت

پ. ئامادەیی بۆ بەرگریکردن لە وارگەی نەتەوەیی لە کاتی ئاشتی و شەڕدا، ڕایی دەکرێت.

سێیەم: پابەندبوون بە وارگێڕیی بەرگری نیشتمانی

٣.١. دەوڵەتی کوردستان وارگێڕیی یەکگرتووی بەرگری نیشتمانی پەیڕەو دەکات.

٣.٢. دەوڵەت بە قانوون پێویستە:

ئا. هێزی بەرگری نیشتمانی دابمەزرێنێت

ب. بەشداری بەکۆمەڵی هاووڵاتیانی کوردستان لە بەرگری نیشتمانیدا ڕێکبخات

پ. هاوئاهەنگی نێوان دامەزراوە سەربازی و ژیارییەکان دابین بکات

٣.٣. ئامانجی بەرگری نیشتمانی نەک هەر بەرگریکردن، بەڵکو پاراستنی چالاکانەی سەربەخۆیی و ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانە.

چوارەم: دەوڵەتداری و دەسەڵاتداری

٤.١. دەوڵەت و دەسەڵات دوو ڕەهەندی سەرەکی وارگێڕی لە کوردستانن:

ئا. دەوڵەت: پێکهاتەی هەردەمیی وارپارێزی و سەروەریی نەتەوەییە کە ئامرازەکانی لەشکەری، پەروەردە، دارایی و دیپلۆماسی لەخۆ دەگرێت.

ب. دەسەڵات (حکومەت): میکانیزمی کاتی وارگێڕییە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات کە لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتییەوە دادەمەزرێت.

٤.٢. کۆماری کوردستان دەوڵەتی کوردستانە و دەوڵەتی کوردستان ڕەوایی خۆی وەک زایەڵەی ویستمەندیی میژووی کورد بۆ دەوڵەت تەنیا و تەنیا لەم دەستوورە وەردەگرێت و هیچ هێزێک و ویستێکی جیاوازی ناوخۆیی و یان ویستێک دژی دەرەکی ناتوانێت ئەم ڕەوایی لە دەوڵەتی کوردستان بستێنێتەوە.

٤.٣. هەموو هاووڵاتیان و شارۆمەندانی کوردستان بە ناسنامەی کوردستانی لە ڕێگای میکانیزمەکانی بەشداریی وارگێڕی وەک دامەزراندنی پارتی وارگێڕیی و چوونە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە مافی بەشداری لە دەسەڵاتداریان هەیە بە مەرجی پابەندبوون بە دەستوور و بەها باڵاکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

پێنجەم: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پاراستنی سەروەریی

٥.١. دەوڵەتی کوردستان مافی قانوونیی بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی و ئەندامێتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی هەیە.

٥.٢. دەوڵەتی کوردستان بە مەرجی بەرژەوەندیی و ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بەشداری چالاکانە لە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکاندا دەکات و پابەندی ڕاییکردنیان دەبێت لە چوارچێوەی سەروەریی نەتەوەیی خۆیدا.

٥.٣. هەموو ڕێککەوتن و هاوپەیمانییەک دەبێت:

ئا. ڕووەن بن

ب. لەسەر بنەمای ڕێزی دووقۆڵی بۆ وارپارێزی کوردستان بن

پ. سەروەریی نەتەوەیی کوردستان لاواز نەکەن.

٥.٤. هەر ڕێککەوتنێک دژی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان بێت، لە ڕووی قانوونییەوە پووچەڵە.

شەشەم: دەستوور وەک یەکەم دامەزراوەی دەوڵەتی کوردستان

٦.١. دەستوور یەکەم دامەزراوەی دەوڵەتی کوردستانە، و ژێرخانی وارگێڕی و ژوراڵ بۆ هەموو دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەتی کوردستان دادەڕێژێت.

٦.٢. ئەم دەستوورە پارێزوانی قانوونیی و دەستووری وارگەی نەتەوەیی، سەروەریی نەتەوەیی، ئاسایشی نەتەوەیی و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە.

٦.٣. بەندەکانی ئەم دەستوورە کە پەیوەندیدارن بە بنەماکانی دەوڵەتداری و وارپارێزی، نەگۆڕن و دەستکاری ناکرێن، مەگەر بۆ پتەوکردن و ڕاییکردنی باشتری هەمان بنەماکان.

٦.٤. دەستووری کۆماریی کوردستان زایەڵەی ویستی و خواستی گشتی وەک بەرهەمی ژیریی کۆیی نەتەوەی کورد لە کوردستان کە ئێستا لە قووڵایی خودی کۆیی خۆیدا خاوەنی کەسایەتی نەتەوەییە و هەموو ئەمانە کاتێک کە دەبێتە دەق، پێکەوە دەبن بە دەستووری کۆماری کوردستان.

٦.٥. هیچ قانوون، ڕێسا یان بڕیارێک نابێت دژی بنەماکانی ئەم بەندە دابڕێژرێت.

٦.٦. هەر کردەوە یان چالاکییەکی وارگێڕی یان کۆمەڵایەتی کە هەڕەشە بۆ سەروەریی و وارپارێزی کوردستان بکات، بە تاوانی ناپاکی نیشتمانی هەژمار دەکرێت و بە پێی قانوون سزا دەدرێت.

حەوتەم: زمانی کوردی و وار و سەروەریی

٧.١. زمانی کوردی درێژەدارییەتی مێژوویی و بەشێکی دانەبڕاوی ناسنامەی هەزاران ساڵەی نەتەوەیی و وارگەی نەتەوەیی کوردستانە.

٧.٢. هەموو ناوچەیەکی کوردستان، تەنانەت ئەو ناوچانەی کە نەتەوەی کورد تیایاندا بە کەمینە کراوە، بەشێکی دانەبڕاوی خاکی کوردستانن و هیچ گۆڕانکارییەکی دیمۆگرافی، قانوونیی ئەم ڕاستییە ناگۆڕێت.

٧.٣. لە نێوان زاراوەکانی زمانی کوردی باڵادەستی و بندەستی پەسەند نەکراوە و هیچ زاراوەیەکی کوردی بە تاقی تەنیا زمانی کوردی نییە، بەڵکو زمانی کوردی وەک زنجیرەزاراوە، گردوگۆی گشت زاراوەکانی کوردییە و فەرمییەتی زمانی کوردی هەموو زاراوەکان دەگرێتەوە.

٧.٤. زمانی کوردی لە سەرانسەری کوردستان دەبێت:

ئا. زمانی فەرمی پەروەردە و خوێندن بێت

ب. لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا بەکار بهێنرێت

پ. لەلایەن هەموو دانیشتووانی کوردستانەوە فێر بین

ت. دەوڵەتی کوردستان "ئەکادیمیای نیشتمانیی زمانی کوردی" دادەمەزرێنێت، کە ئەرکی ستانداردسازی، پەرەپێدان و ئاسانکاریی وێژەی فەرمی زمانی کوردی لە دامودەزگانی دەوڵەت و شوێنە گشتییەکاندا لە ئەستۆ دەگرێت، بە شێوەیەک کە لێک تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی ئاسان بکاتەوە و هاوکات ڕێز لە فرەزاراوەیی زمانی کوردی بگرێت.

٧.٥. هەموو ئەو کوردانەی کە لە ئەنجامی تواندنەوە و گواستنەوەی زمانیی، زمانی کوردی خۆیان لە دەست داوە، لە کوردبوون ناکەون و ئەرکی دەوڵەتی کوردستانە کە بە وارگێڕیی دروست زمانی کوردی بۆ خۆیان و نەوەکانی دواتریان بگەڕێنێتەوە.

هەشتەم: کوردستان وەک ژێرخانی نەتەوەیی

٨.١. سەروەریی و وارپارێزی کوردستان لە سنووری وارگێڕییە ئەمپریاڵەکانی داگیرکەران تێدەپەڕێت و بەرهەمی خەباتی مێژوویی نەتەوەی کوردە بۆ سەربەخۆیی و ئازادی.

٨.٢. سەروەریی کوردستان بەسەر وارگەی نەتەوەیی خۆی:

ئا. ئەنجامی بوونایەتی سروشتی و کەتواریی کوردە

ب. لە سەرووی ویستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە

پ. بەرهەمی ویستی هەتایی و بێپسانەوەی نەتەوەی کوردە

نۆیەم: ناسێنەی کوردبوون و کوردستانیبوون

٩.١. پێناسەی کوردبوون:

ئا. کوردبوون ژێرخانی بوونناسانەی هەستی نەتەوەیی کوردە و دەرخەری پەیوەندیی ڕەچەڵەکی، مێژوویی، کولتوری و وارناسانە لەگەڵ نەتەوەی کوردە.

ب. دەوڵەتی کوردستان پێویستە پاراستنی ناسنامەی کوردبوون بە شێوازی دامەزراوەیی لە قانوون بنەڕەتی و لاوەکییەکاندا مسۆگەر بکات.

پ. بۆ پاراستنی کوردبوون دەبێت دامەزراوەی تایبەت بە کاروباری ناسنامەی نەتەوەیی دابمەزرێ کە ئەرکی دیاریکردن، پاراستن و چەسپاندنی پێوەرەکانی کوردبوونی لە ئەستۆ بێت.

٩.٢. ڕێگاکانی گواستنەوەی کوردبوون:

ئا. کوردبوون لە ڕێگەی ڕەچەڵەکی کورددییەوە دەگوێزرێتەوە، کە دەکرێت لە هەردووک دایک و باوک یان تەنیا یەکێکیانەوە وەرگیرابێت.

ب. کوردبوون لە ڕێگەی خۆئاگایی، هاوئاگایی و هەستی ناسنامەی ڕەچەڵەکمەندانەی کورددییەوە دەچەسپێت و گەشە دەکات.

پ. کوردبوون پابەندبوونی قانوونیی و کرداریی بە دەستووری کوردستان و وارپارێزیی نەتەوەیی کوردستان.

ت. کوردبوون مەرجی پەیمانی نەتەوەیی لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان و پابەندبوونە بە ویستی سەروەریی ڕەبەقی نەتەوەیی.

٩.٣. پێناسەی کوردستانیبوون:

ئا. کوردستانیبوون پێوەبەستەییەکی بنەڕەتییە بە وارگەی نەتەوەیی کوردستان وەک وڵات و خاک کە بوونایەتی و ژیانی مرۆڤی کورد پێوەی گرێدراوە.

ب. کوردستانیبوون بنەمای قانوونیی و دەستووری هاووڵاتیبوونی کوردستانییە و مافی نیشتەجێبوون و ژیان لەسەر خاکی کوردستان مسۆگەر دەکات.

پ. کوردستانیبوون لە ڕێگەی لەدایکبوون لەسەر خاکی کوردستان لە دایک و باوکی خاوەن شارۆمەندیی کوردستانی، نیشتەجێبوونی درێژخایەن، یان پەیمانی هاووڵاتیبوون بەدەست دێت.

ت. کوردستانیبوون پەیوەستە بە پەسەندکردن و وەفاداری بە دەستووری کوردستان و ناسنامەی نەتەوەیی کوردستانەوە فەرمییەتی قانوونیی وەردەگرێت.

٩.٤. پێگەی شارۆمەندی کوردستانی:

ئا. شارۆمەندی کوردستانی بریتییە لە کۆی کوردان و ناکوردانی نیشتەجێی کوردستان کە خاوەنی پلەی شارۆمەندیین.

ب. گشت شارۆمەندانی کوردستان، بەبێ جیاوازی لە ڕەچەڵەک، نەژاد، ڕەگەز، ئایین، باوەڕ، زمان، یان پێگەی کۆمەڵایەتی، لە بەرامبەر بە قانوونداً یەکسانن.

پ. گشت شارۆمەندانی کوردستان یەکسانن لە ئەرک و ماف و ئازادییە دێموکراتیکەکان کە لە دەستووردا پێناسە کراون.

ت. ناکوردانی کوردستان مافی پاراستنی شوناسی فەرهەنگی و زمانی خۆیان هەیە بە مەرجێک پابەند بن بە دەستوور و سەروەریی وارگەی نەتەوەیی کوردستان.

٩.٥. ئەرکی دەوڵەت بەرامبەر بە کوردستانیبوون:

ئا. دەوڵەتی کوردستان بەرپرسیارە لە دیاریکردنی قانوون و ڕێساکانی پەیوەست بە شارۆمەندی کوردستان، مافی پەنابەری، مافی نیشتەجێبوون، و هەموو پرسە پەیوەندیدارەکان.

ب. دەوڵەت پێویستە هاوسەنگی نێوان مافەکانی تاکەکەسی شارۆمەندان و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و وارگەی نەتەوەیی کوردستان بپارێزێت.

پ. قانوونی تایبەت بە شارۆمەندی و هاووڵاتیبوونی کوردستانی لەلایەن مەکۆی نیشتمانی کوردستانەوە دەردەچێت و پێوەر و مەرجەکانی وەرگرتن، لەدەستدان، و گەڕاندنەوەی شارۆمەندی دیاری دەکات.

بەندی ٢: ئاڵای کوردستان

ئاڵای کوردستان هێمای هەردەمیی یەکێتی، سەروەریی و شوناسی وارگێڕیی نەتەوەی کورد و ئاڵای هەردەمیی کورد و کوردستانە. ئاڵای کوردستان نەک ئاڵای نەتەوە، وڵات و دەوڵەتی کوردستانە و هەر دەسەڵات و پەرگاڵێک لە کوردستان دەسەڵاتداریییەتی بکات، ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەییەتی کە ڕێز لە ئاڵای کوردستان بگرێت و لە هەمان کاتدا مافی کەڵکاژۆیی بۆ ڕێبازی ئایدیۆلۆژیک لە ئاڵای نەتەوەیی نییە. ئەم ئاڵایە لە سێ ڕەنگی ئاسۆیی پێکدێت: سوور لە بەشی سەرەوە، سپی لە ناوەڕاست و سەوز لە بەشی خوارەوە. لە ناوکی ڕەنگە سپییەکەدا، خۆرێکی زێڕین بە بیست و یەک تیشکەوە دەدرەوشێتەوە.

یەکەم: پەیمانی ڕەنگەکان

ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان، نەک هەر تەنیا توخمێکی بینراو، بەڵکو بەرجەستەبوونی دەستووریی ئەو پەیمانە بنەڕەتی و نەگۆڕانەن کە بوونی نەتەوەیی لەسەریان دامەزراوە. هەر ڕەنگێک نوێنەرایەتیی ئەرکێکی بوونایەتی و بەڵێنێکی هەردەمیی دەکات کە لەسەر شانی دەوڵەت و هەر تاکێکی نەتەوەی کوردە.

١.١. ڕەنگی سوور: پەیمانی خوێن و نەتەوە

ڕەنگی سوور، نوێنەری پەیمانی خوێنە؛ ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیک و دانەبڕاوەی کە هەر تاکێکی کورد بە ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی نەتەوەی کوردەوە گرێ دەدات. ئەمە هێمای ئەو ڕیشە هاوبەشە قووڵەیە کە وەک ڕەچەڵەک لە باوانمانەوە بۆمان ماوەتەوە و وەک سپاردەیەکی پیرۆز دەیگوازینەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. ئەم پەیمانە دەوڵەت و شارۆمەند پابەند دەکات بە:

ئا. داننان بەوەی کە نەتەوە نەک هەر کۆمەڵێک تاک، بەڵکو زنجیرەیەکی زیندووی مێژوویی کە خوێن و یادەوەری پێکەوەی بەستووەتەوە.

ب. پاراستنی پاکی و درێژەداریی‌یەتی نەتەوە وەک باڵاترین ئەرکی بوونایەتی.

پ. بەرپرسیارێتیی هاوبەش بۆ پاراستنی هەر تاکێکی نەتەوە، چونکە هەر تاکێک هەڵگری بەشێکە لەم پاشماگە هاوبەشە.

ت. دانەدواوەی هەر ئایدۆلۆژیایەک کە هەوڵی سڕینەوەی ئەم پەیوەندییە بنەڕەتییە بدات یان شوناسی نەتەوەیی بە شتێکی هەڵبژاردەیی یان کاتی وێنا بکات.

١.٢. ڕەنگی سپی: هێمای ڕووناکی وەک پەیمانی ژیانی بەکۆمەڵی گەش و ڕووناک

ڕەنگی سپی، لوتکەی پەیمانی نەتەوەی کوردە بۆ بنیاتنانی ژیانێکی بەکۆمەڵی گەش و ڕووناک و خاوەن ویستی پۆڵایین، کە لەسەر بنەماکانی ئاوەز، قانوون، دادپەروەری و ویستی بەکۆمەڵی سەروەریی ڕەها لە کوردستان وەک وڵاتی نەتەوەی کورد دامەزراوە. ئەمە پەیمانی ئامانجە؛ ئەو ئاسۆ ڕوونەی کە خەباتی نەتەوە بەرەو ئەو ئاڕاستە دەکات. ئەم پەیمانە دەوڵەت و شارۆمەند پابەند دەکات بە:

ئا. بنیاتنانی دەوڵەتێکی هێزمەند و قانوونسەروەر کە تێیدا هیچ کەسێک لە سەرووی قانوونەوە نییە.

ب. مسۆگەرکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان وەک بنچینەی ژیانێکی شکۆمەندانە.

پ. پەرەپێدانی زانست و ڕۆشنگەری و بەرەنگاربوونەوەی نەزانی و دواکەوتوویی.

ت. کارکردنی بێوچان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و دادپەروەر کە ببێتە چرایەک بۆ ناوچەکە و جیهان.

١.٣. ڕەنگی سەوز: پەیمانی وار

ڕەنگی سەوز، هێمای پەیمانی دانەبڕاو و هەردەمیی نەتەوەی کورد و شارۆمەندانییەتی لەگەڵ خاک و وارگەی پیرۆزی کوردستاندا. ئەمە نەک هەر پەیوەندییەکی جوگرافی، بەڵکو پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی و بوونناسانەییە لەنێوان نەتەوە و ئەو خاکەی کە جەستەی فیزیکیی و شانۆی بەرجەستەبوونی بوونایەتییە مێژوویی‌یەکەیەتی. ئەم پەیمانە دەوڵەت و شارۆمەند پابەند دەکات بە:

ئا. پاراستنی بێ سازانی یەکپارچەیی وارگەی نەتەوەیی وەک بەرزترین ئەرکی بوونایەتی.

ب. ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی خاک وەک ئەرکێکی پیرۆز، نەک تەنیا وەک سەرچاوەیەکی ئابووری، بەڵکو وەک بەدیهێنانی تواناکانی نەتەوە لەسەر جەستەی خۆی.

پ. ڕێزگرتن لە سروشت و پاراستنی ژینگەی کوردستان وەک پاشماگێکی نەوەکانی داهاتوو.

ت. دانەدواوەی ڕەهای هەر هەوڵێک بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای خاک یان لێدابڕینی هەر بستێکی، کە بە ناپاکی لەم پەیمانە هەژمار دەکرێت.

دووەم: هێمای خۆر و سەرچاوەی وزەی نەتەوەیی

خۆری زێڕینی ناوەند، دڵی لێدەری ئاڵاکەیە و هێمای ژیان، زانین و سەرهەڵدانەوەی هەردەمیی نەتەوەیە. ئەم خۆرە نوێنەری ئەو وزە هەربوویە کە پەیمانەکانی وار و نەتەوە و ژیانی بەکۆمەڵ پێکەوە گرێ دەدات و دەیانکاتە یەکەیەکی زیندووی خاوەن سەروەری.

٢.١. وزەی خۆر:

ئا. وزەی خۆر ژیان بە وارگەی کوردستان (سەوز) دەبەخشێت و دەیگۆڕێت لە خاکێکی بێگیانەوە بۆ نیشتمانێکی زیندوو.

ب. وزەی خۆر خوێنی نەتەوە (سوور) گەرم دەکات و ویستی بەرگری و یەکێتیی پێدەبەخشێت.

پ. تیشکی خۆر ڕێگای ژیانی بەکۆمەڵی گەش و ڕووناک (سپی) ڕۆشن دەکاتەوە و ئاسۆی سەروەریی و ئاوەدانی کوردستان دیاری دەکات.

٢.٢. ژمارەی بیست و یەک (٢١) تیشکەکەی ئاماژەیە بەم دوو ڕاستەواییە مێژوویییە دامەزرێنەرە، کە لە یادەوەریی نەتەوەییدا نەسڕاونەتەوە:

ئا. بیست و یەکی ئازار (نەورۆز)، وەک نوێبوونەوەی ساڵانەی پەیمانی نەتەوە لەگەڵ ژیان و بەرەنگاریدا.

ب. بیست و یەکی کانوونی دووەمی ١٩٤٦، ساڵی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، وەک یەکەم بەرجەستەبوونی قانوونیی و وارگێڕیی مۆدێرنی ویستمەندی هەردەمیی نەتەوە بۆ دەوڵەتداری.

سێیەم: پێگەی قانوونیی و نیشتمانی

٣.١. ئاڵای کوردستان خاوەنی پێگەی دەستووری و سەروەریی قانوونیی ڕەبەقە و بەم جۆرە ڕایی دەکرێت:

ئا. ئاڵای کوردستان وەک هێمایەکی باڵا، خاوەنی پێگەیەکی دەستووری و سەروەریی ڕەبەقە لە گشت بوارەکانی نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەتدا، چ لەناو کوردستان و چ لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا.

ب. دەبێت ئاڵای کوردستان بە شکۆوە لەسەر هەموو تەلار و باڵەخانە فەرمییەکان، نووسینگەکانی دەسەڵات، باڵیۆزخانەکان و دامەزراوە دەوڵەتییەکان هەڵبدرێت و بە بەرزی و دیاری بشەکێتەوە.

پ. ئامادەیی ئاڵا لەم شوێنانە ئەرکێکی قانوونییە و نەبوونی، بە پێشێلکاریی دەستووری و بێڕێزی بە پیرۆزییە نیشتمانییەکان هەژمار دەکرێت.

ت. ئاڵا هێمای فەرمیی هێزە چەکدارەکانی کۆماری کوردستانە و لەسەر جلوبەرگ و بنکە سەربازییەکان بە شێوەیەکی شکۆمەندانە بەکاردێت. هەڵکردنی هەر ئاڵایەکی دیکە، جگە لە ئاڵای کوردستان لەلایەن هێزەکانی چەکدار، بە سەرپێچی دەستووری هەژمار دەکرێت.

ج. دەبێت ئاڵا وەک بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن بناسێنرێت و ڕێزگرتن لێی وەک بەهایەکی باڵا، لەنێو نەوەی نوێی کوردستاندا بچەسپێنرێت.

چوارەم: تاوان دژی ئاڵا

٤.١. سووکایەتی بە ئاڵای نەتەوەیی بەم شێوەیە پێناسە و سزا دەدرێت:

ئا. هەر کردەوەیەک – چ زارەکی، چ هێمایی یان فیزیکی – کە سووکایەتی، ڕێزشکاندن، شێواندن یان کەمکردنەوە بێت لە شکۆ و پێگەی ئاڵای کوردستان، بە تاوانێکی گەورە و نابەخشراو دژی سەروەریی و شکۆی دەوڵەت و نەتەوەی کورد دادەنرێت.

ب. تاوانەکانی دژی ئاڵا بەپێی قانوون بەرکارەکانی سزادانی نیشتمانی سزا دەدرێن.

پ. سزای ئەم تاوانانە دەکرێت دامالێنی مافە شارستانییەکان، سزای بەندکردن، یان هەر سزایەکی تری توند کە قانوون دیاری دەکات، لەخۆ بگرێت.

پێنجەم: ئەرکی پاراستن

٥.١. پاراستنی ئاڵای کوردستان ئەرکی گشتییە و بەم شێوەیە ڕایی دەکرێت:

ئ. پاراستن، ڕێزگرتن و بەرزڕاگرتنی شکۆی ئاڵا، ئەرکێکی نیشتمانیی سەرشانی هەموو شارۆمەندان، دامەزراوەکان و نوێنەرانی کوردستانە لە هەر شوێنێکی جیهان بن.

ب. دەبێت ئاڵا هەمیشە بە شکۆمەندی پیشان بدرێت و هەرگیز نابێت لەژێر هیچ هێمایەکی دیکەوە بێت، بەڵکو دەبێت وەک پیرۆزترین هێمای نیشتمانی، شانبەشانی خاک و سەروەریی کوردستان، هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت.

٥.٢. شێوازی هەڵکردن، داگرتن و ڕێزگرتن لە ئاڵا بە قانوونێکی تایبەت ڕێکدەخرێت.

بەندی ٣: بنچینەی بوونناسانەی دەستوور و سروشتی خۆسەرچاوەیی سەروەریی

سەروەریی نەتەوەی کورد، لە هاوئاگایی میژوویی و ویستی گەوهەریی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت. دەستوور دەرکەوتەی قانوونیی ئەم ڕاستەواییە خۆسەرچاوەییەیە، نەک ئافرێنراوی هیچ هێز و ڕەزامەندییەکی دەرەکی.

یەکەم: ڕەوایەتیی نێوەکی و سەروەریی دامەزرێنەر

١.١. دەستوور باڵاترین دەرکەوتەی قانوونیی و دامەزرێنەری ویستمەندیی نەتەوەی کورد و لە گەوهەردا خۆساز و خۆسەرچاوەیە.

١.٢. ڕەوایەتیی ڕەهای دەستوور و ئەو سەروەرییەی کە دایدەمەزرێنێت، لە هیچ کردەیەکی دەرەکییەوە هەڵناهێنجرێت، لەوانە:

ئ. دانپێدانانی نێودەوڵەتی

ب. پەیماننامە و ڕێککەوتنەکان

پ. ڕەزامەندیی هێزی بیانی

ت. ڕاپرسیی گشتیی پێشوەخت

١.٣. دەستوور خۆی سەرچاوەی گشت ڕەوایەتییەکە و ئەو کردە بنەڕەتییەیە کە خودی نەتەوە لە ڕێگەیەوە:

ئ. بوونی وارگێڕیی خۆی دەچەسپێنێت

ب. ویستی مێژوویی خۆی دەکاتە قانوونی باڵادەست

دوویەم: هاوئاگایی نەتەوەیی وەک چاوگەی ڕەوایەتی

٢.١. هاوئاگایی نەتەوەیی زیندووی نەتەوەی کورد، چاوگە نەبڕاوەی هێز و قانوونمەندیی ڕەهای دەستوورە و دەگرێتەوە:

ئ. هەستکردن بە بوونایەتی هاوبەش وەک کورد و وەک نەتەوە

ب. هەستکردن بە خاوەندارێتی وارگەی نەتەوەیی وەک وڵاتی ئەم نەتەوەیە

٢.٢. هاوئاگایی نەتەوەیی پەیمانێکی بوونناسانە و پێش-دەستوورییە کە:

ئ. لە قووڵایی مێژووەوە تاکەکانی کورد پێکەوە گرێ دەدات

ب. کوردان وەک یەک "خودی بەکۆمەڵ"ـی خاوەن ویستمەندیی و هەڵکەوتەی بوونایەتی سەربەخۆ دەناسێنێت

پ. لەسەر کۆڵەکەکانی بوونایەتیی هاوبەش، یادەوەریی هاوبەش و ویستی بەکۆمەڵی بێپسانەوە بۆ سەروەریی دامەزراوە

٢.٣. دەستوور بەڵگەنامەییکردن و گەشەپێدەری ئەم پەیمانە گەوهەرییەیە، نەک دروستکەری.

سێیەم: دەستوور وەک ئامرازی گەوهەری نەتەوەیی

٣.١. دەستوور ئامرازی قانوونیی "گەوهەری نەتەوەیی" کوردە، کە بریتییە لە:

ئ. ویستی ڕەهای نەتەوە بۆ بوون لەسەر بنەمای "بوون بۆ نەتەوە"

ب. ویستی ڕەهای نەتەوە بۆ مانەوەی شکۆمەندانە

پ. ویستی ڕەهای نەتەوە بۆ خۆڕێکخستن لە فۆرمی دەوڵەتی سەربەخۆدا

٣.٢. دەستوور بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە سەرووی هەموو قانوون و دەستوورێکی سەپێنراوی دەرەکییەوەیە.

٣.٣. لە ساتی ڕاگەیاندنی دەستوور:

ئا. ڕەوایەتی لە گشت دامەزراوە و پەڕگاڵێکی داگیرکەران دەسەنرێتەوە

ب. بوونی داگیرکەران لەسەر وارگەی نەتەوەیی کوردستان، لە دۆخی "قانوون"یەوە دەگۆڕێت بۆ دۆخی "کردەی زەبری ڕووت و داماڵراو لە هەرچەشنە قانوونمەندییەک"

٣.٤. دەوڵەت ئافرێنراوی دەستوورە، نەک بە پێچەوانەوە؛ ئەرکی دەوڵەت تەنیا و تەنیا ڕاییکردن و پاراستنی فەرمانەکانی دەستوورە.

چوارەم: ڕێنەدراوکردنی بەستنەوەی سەروەریی بە مەرجی دەرەکی

٤.١. ئەم کردەوانە بە ناپاکی لە هاوئاگایی نەتەوەیی و تاوانی بنەڕەتیی دەستووری هەژمار دەکرێن:

ئا. هەر کردەوەیەک کە هەوڵ بدات ڕەوایەتیی سەروەریی کۆماری کوردستان بە ڕەزامەندی هێزێکی دەرەکییەوە ببەستێتەوە

ب. هەر گوتارێک کە هەوڵ بدات ڕەوایەتیی سەروەریی کۆماری کوردستان بە دانپێدانانی هێزێکی دەرەکییەوە ببەستێتەوە

پ. هەر وارگێڕییەک کە هەوڵ بدات ڕەوایەتیی سەروەریی کۆماری کوردستان بە مەرجی هێزێکی دەرەکییەوە ببەستێتەوە

ت. هەر بیردۆزێک کە هەوڵ بدات ڕەوایەتیی سەروەریی کۆماری کوردستان بە هێزێکی دەرەکییەوە ببەستێتەوە، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ

٤.٢. ئەم جۆرە کردەوانە بە کردەی پچڕاندنی پەیوەندی نێوان نەتەوە و ویستی گەوهەریی خۆی دادەنرێت و دەکەوێتە چوارچێوەی تاوانی دژ بە پەڕگاڵی دەستوورییەوە.

پێنجەم: نەتەوە وەک خاوەنی ڕەسەنی سەروەریی

٥.١. سەروەری، ملکی گەوهەریی ڕەسەن، دانەبڕاو و هەردەمیی نەتەوەی کوردە.

٥.٢. دەوڵەتی کۆماری کوردستان، ئامرازی پیرۆز و ڕایەداری ئەم سەروەرییەیە، نەک سەرچاوەکەی یان خاوەنەکەی.

٥.٣. گشت دامەزراوەکانی دەوڵەت، لەوانە سەرکۆمار و هەموو یەکەکانی کارگێڕی، لە گەورەترینەوە تا بچووکترین ڕەوایەتیی خۆیان لەوەوە وەردەگرن کە تا چەند پارێزوانی دڵسۆزی ئەو سەروەرییە بن کە لە گەوهەری نەتەوەدا چەسپاوە و لەم دەستوورەدا بەرجەستە بووە.

٥.٤. هیچ دەسەڵاتێک، تەنانەت ئەوانەی بە شێوەیەکی دیموکراتیش هەڵبژێردرابن، بۆی نییە بە ناوی نەتەوەوە دەستبەرداری بچووکترین بەشی ئەم سەروەرییە ببێت.

بەندی ٤: پیرۆزیی خاک و پلانی نیشتمانی بۆ نەخشەدانان

خاکی کوردستان وەک جەستەی نەتەوە و شانۆی بەرجەستەبوونی بوونایەتیی مێژوویی، خاوەنی پیرۆزییەکی دەستوورییە. پاراستن و بەکارهێنانی ستراتیژیی ئەم خاکە، پەیمانێکی بوونایەتییە کە لەسەر شانی دەوڵەت و نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتووە.

یەکەم: پیرۆزیی خاک

١.١. خاکی کوردستان خاوەنی پیرۆزییەکی دەستووری و قانوونییە کە دەبێت بپارێزرێت.

١.٢. پێناسەی خاکی کوردستان دەگرێتەوە:

ئا. جەستەی خۆڕست (دەستلێنەدراو و ڕەسەن)ـی نەتەوە

ب. شانۆی بەرجەستەبوونی بوونایەتی مێژوویی کورد

پ. هەڵگری یادەوەریی هەزاران ساڵەی نەتەوەی کورد

١.٣. ئەرکی پاراستنی خاک:

ئا. پاراستنی یەکپارچەیی وڵات ئەرکی دەوڵەت و هەموو شارۆمەندێکی کوردستانە

ب. پاراستنی پاکی و دەوڵەمەندیی سروشتیی خاک پەیمانێکی بوونایەتییە لەسەر شانی گشت نەوەکان

دووەم: پلانی نەخشەدانانی نیشتمانی

٢.١. دەوڵەتی کوردستان پابەندە بە داڕشتن و ڕاییکردنی "قانوونی نیشتمانی بۆ نەخشەدانانی ستراتیژیی خاک."

٢.٢. ئامانجی ئەم قانوونە:

ئا. گۆڕینی خاک لە سەرچاوەیەکی سڕەوە بۆ ئامرازێکی چالاکی هێزی نەتەوەیی

ب. مسۆگەرکردنی هاوسەنگییەکی ژیرانە لەنێوان پێداویستییە ژینەکییەکانی گەشەی نەتەوە

پ. دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و خۆشبژێویی ئابووری

ت. پاراستنی مافی نەوەکانی داهاتوو لە بەهرەمەندبوون لە سەرچاوە سروشتییەکان

٢.٣. ئەم قانوونە لەسەر بنەمای توێژینەوەی زانستی دادەڕێژرێت و دەبێتە نەخشەڕێگای باڵا و پابەندکەری دەوڵەت.

سێیەم: کۆڵەکە ستراتیژییەکانی نەخشەدانانی نیشتمانی

٣.١. "قانوونی نیشتمانی بۆ نەخشەدانانی ستراتیژیی خاک" لەسەر ئەم کۆڵەکە ستراتیژییانە دادەمەزرێت:

ئا. ئاسایشی خۆراک و پاراستنی زەویی بەپیت:

- دیاریکردنی "ناوچەی قەڵغانی خۆراک" کە تێیدا زەوییە کشتوکاڵییە بەپیتەکان بە شێوەیەکی ڕەها پارێزراون

ڕێنەدراوکردنی هەر گۆڕانکارییەک کە مەترسی لەسەر توانای بەرهەمهێنانی ستراتیژیی وڵات دروست بکات

ب. گەشەی شارستانی و پیشەسازیی ژیر:

- دیاریکردنی "هێڵی گەشەی شارستانی" و "ناوچەی پیشەسازیی ستراتیژی"
- دڵنیابوون لەوەی کە گەشەی ئابووری نابێتە هۆی تێکدانی سیما سروشتی و کولتووورییەکان
- ڕێگریکردن لە دروستبوونی قەرەباڵغیی ناتەندروست

پ. ئاسایشی بەرگری و قووڵایی ستراتیژی:

- دیاریکردنی "ناوچەی ستراتیژیی سەربازی" و "ڕێڕەوی جووڵەی هێزەکان"
- ڕێگریکردن لە هەر پڕۆژەیەک کە ببێتە هۆی لاوازکردنی قووڵایی ستراتیژیی بەرگریی وڵات

ت. پاراستنی پاشماگی سروشتی و کولتووریی بینراو:

- دیاریکردنی ناوچەکانی خاوەن بەهای بێهاوتای سروشتی، شوێنەواری یان کولتووری وەک "پاشماگی پارێزراوی نەتەوەیی"
- دانانی ڕێسای توند بۆ پاراستنی ئەم ناوچانە

ج. ئاسایشی وزە و سەرچاوە سروشتییەکان

- نەخشەدانان بۆ بەکارهێنانی ژیرانەی سەرچاوە سروشتییەکان
- پاراستنی مافی نەوەکانی داهاتوو لە بەهرەمەندبوون لە نەوت، گاز و کانزاکان
- دابینکردنی گەشەی ئابووری بەبێ زیانگەیاندن بە ژینگە

چوارەم: کۆڕی باڵای نەخشەدانانی نیشتمانی

٤.١. بۆ مسۆگەرکردنی ڕاییکردنی بێ لادانی ئەم قانوونە، "کۆڕی باڵای نەخشەدانانی نیشتمانی" دادەمەزرێت.

٤.٢. ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆڕی باڵا:

ئا. دەسەڵاتی باڵای ڕێکخەر و خاوەن بڕیاری کۆتایی لە بواری نەخشەدانانی نیشتمانی

ب. پێدانی ڕەزامەندی پێشوەخت و پابەندکەر بۆ هەر پڕۆژەیەکی گەورەی ژێرخان

پ. چاودێریکردنی پابەندبوونی دامەزراوەکان بە قانوونی نەخشەدانانی نیشتمانی

٤.٣. پێکهاتە، دەسەڵات و میکانیزمی کارکردنی ئەم کۆڕە بە قانوونێکی تایبەت دیاری دەکرێت.

٤.٤. هەر پڕۆژەیەکی گەورەی ژێرخانی، چ دەوڵەتی، چ تایبەت، کە کاریگەریی ستراتیژیی لەسەر خاک هەبێت، دەبێت ڕەزامەندیی پێشوەختە و پابەندکەری ئەم کۆڕە بەدەست بهێنێت.

پێنجەم: هاوسەنگکردنی مافی تایبەت و بەرپرسیارێتیی نیشتمانی

٥.١. ئەم بەندە بە هیچ شێوەیەک مافی خاوەنملْکایەتی تایبەتی شارۆمەندان، کە بەپێی قانوون بەدەست هاتووە، سنووردار ناکات.

٥.٢. خاوەنملْکایەتی تایبەت دەخرێتە چوارچێوەی بەرپرسیارێتیی نیشتمانییەوە.

٥.٣. قانوون چۆنیەتیی هاوسەنگکردنی نێوان مافی تاک و بەرژەوەندیی باڵای گشتی لە بەکارهێنانی خاکدا ڕێکدەخات.

٥.٤. دەبێت خاوەندارێتیی تایبەت ببێتە هۆکارێک بۆ ئاوەدانی و گەشەی نیشتمان، نەک بەربەست لەبەردەمیدا.

بەندی ٥: پاشماگی شارستانی، پاراستنی یادەوەریی نەتەوەیی

پاشماگی شارستانیی کوردستان، جیا لە یادەوەریی ڕابردوو، بەڵکو وزەی واتایی و بنچینەی سەوداهەڵنەگری ڕەوایەتیی بوونایەتیی نەتەوەی کوردە لەسەر ئەم خاکە.

یەکەم: پاشماگ وەک وزەی واتایی و بنچینەی ڕەوایەتی

١.١. پاشماگی شارستانیی کوردستان کە لە پێشەکیی ئەم دەستوورەدا وەک گەواهیی ڕاستەوایی مێژوویی ئاماژەی پێکراوە، ملکی دانەبڕاو، پیرۆز و سەروەریی کۆماری کوردستانە.

١.٢. پاراستنی پاشماگی شارستانی لە پاراستنی خودی بوونی نەتەوە کەمتر نییە.

١.٣. پاشماگی شارستانیی کوردستان ئەمانە دەگرێتەوە:

ئا. پاشماگی شتەکی: قەڵا و پەرستگا و شارە دێرینەکان، دەستنووسەکان و داهێنانە هونەری و تەکنەلۆژییەکان.

ب. پاشماگی ناشتەکی: زمانی کوردی بە قووڵایی زاراوەکانییەوە، داستان و ئەفسانەکان، فەلسەفە و جیهانبینیی ڕەسەن و موزیکی کۆن.

دووەم: فەرمانی پاراستنی یادەوەریی نەتەوەیی

٢.١. دەوڵەت ئەرکدارە بە ڕاییکردنی بێ سازانی "فەرمانی پاراستنی یادەوەریی نەتەوەیی" کە ئامانجی گۆڕینی پاشماگە لە ئۆبژەیەکی پاسیڤەوە بۆ سوبێکتێکی چالاک لە ژیانی نەتەوەدا.

٢.٢. فەرمانی پاراستنی یادەوەریی نەتەوەیی بریتییە لە گرتنەبەری ئەم ڕێکارانە:

ئا. پاراستن و نۆژەنکردنەوەی ستراتیژی:

- دامەزراندنی بەرنامەیەکی نیشتمانیی بێوچان بۆ پاراستن و نۆژەنکردنەوەی سیستماتیکی گشت شوێنەوار و کەلوپەلە مێژوویییەکان
- بەکارهێنانی پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیا بەپێی ستانداردە جیهانییەکان

ب .ئەرشیڤکردنی دیجیتاڵیی هەردەمیی:

- تۆمارکردنی دیجیتاڵیی گشت پاشماگی شتەکی و ناشتەکی
- دامەزراندنی ئەرشیڤێکی نیشتمانیی پارێزراو و دابەشکراو وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ژێرخانی دەوڵەتی ژیر
- دڵنیابوون لەوەی کە یادەوەریی نەتەوە لەبەرامبەر هەر کارەساتێکی سروشتی یان مرۆییدا پارێزراو دەبێت

پ. پەرەپێدانی زانستی شوێنەوارناسی و مێژوونووسیی نەتەوەیی:

پشتیوانیکردنی بێسنوور لە توێژینەوەی زانستیی قووڵ لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی شارستانییەتی کوردستان

بەهێزکردنی ئاوەزیی نەتەوەیی و ڕاستکردنەوەی ئەو شێواندنانەی کە لەلایەن داگیرکەرانەوە بەسەر مێژوودا هێنراون

ت. گەڕاندنەوەی پاشماگی زەوتکراو:

- بەکارهێنانی گشت ئامرازێکی دیپلۆماسی و قانوونیی بۆ گەڕاندنەوەی بێ مەرجی گشت ئەو پاشماگە نەتەوەییانەی کە بە ناقانوونیی براونەتە دەرەوەی وڵات
- چەسپاندنی سەروەریی کولتووریی و ڕێزگرتن لە شکۆی کوردستان لەڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە

سێیەم: تاوان دژی یادەوەریی نەتەوەیی

٣.١. ئەم کردەوانە بە تاوانی دژی یادەوەریی نەتەوەیی هەژمار دەکرێن:

ئا. پێناسەی تاوان:

- هەر هەوڵێک بۆ شێواندن، سڕینەوە، نکۆڵیکردن یان بچووککردنەوەی ڕاستییە مێژوویی و شارستانییەکانی کوردستان

- ئەم تاوانانە دژی ئاسایشی واتایی کۆمار هەژمار دەکرێن

ب. تاڵانکردنی پاشماگ:

- هەر جۆرە بازرگانیکردنێکی ناقانوونیی یان کەمتەرخەمییەکی بەرپرسانە کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە پاشماگی نەتەوەیی
- ئەم کردەوانە بە تاڵانکردنی ڕۆحی نەتەوە دادەنرێن

پ. سزای نەبەخشراو:

- ئەم تاوانانە بەپێی قانوونێکی تایبەت، توندترین سزایان لەسەر دەبێت
- ئەم تاوانانە ناکەونە ژێر هیچ لێخۆشبوونێکەوە

چوارەم: دەستەی نیشتمانیی پارێزگاریی پاشماگ و یادەوەری

٤.١. "دەستەی نیشتمانیی پارێزگاریی پاشماگ و یادەوەری" وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی سەربەخۆ دادەمەزرێت.

٤.٢. ئەرکەکانی دەستەی نیشتمانی بریتین لە:

ئا. پاراستنی پاشماگی شارستانی بە گشت جۆرەکانییەوە

ب. داڕشتنی وارگێڕیی دیپلۆماسیی کولتووریی چالاک

پ. بەکارهێنانی ستراتیژیی پاشماگ وەک ئامرازێکی هێزی نەرم بۆ:

- بەرفراوانکردنی شکۆمەندیی شارستانیی کوردستان
- پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ نەتەوە دۆستەکان
- بەهێزکردنی پێگەی دەوڵەتی کوردستان لەسەر گۆڕەپانی جیهانی

٤.٣. پێکهاتە، دەسەڵات و میکانیزمی کارکردنی ئەم دەستەیە بە قانوونێکی تایبەت دیاری دەکرێت.

پێنجەم: پەروەردەی نیشتمانی و بنیاتنانیی شوناس

٥.١. پاشماگی نەتەوەیی دەبێت بە شێوەیەکی بنەڕەتی تێکەڵی پەرگاڵی پەروەردەی نیشتمانی بکرێت.

٥.٢. خوێندن و تێگەیشتن لە قووڵایی مێژوویی و شارستانیی کوردستان، مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ بنیاتنانی "شارۆمەندیی خاوەن شوناس."

٥.٣. تێکەڵکردنی پاشماگی شارستانی لە پەروەردەدا لەم ڕێگایانەوە ڕایی دەکرێت:

ئ. تێکەڵکردنی مێژووی شارستانیی کوردستان لە گشت قۆناغەکانی خوێندندا

ب. ڕێکخستنی فەردی زانستی و خوێندکاریی بێپسانەوە بۆ شوێنەوار و ناوەندە کولتوورییەکان

پ. بەرهەمهێنانی میدیایی نیشتمانی وەک فیلمی بەڵگەنامەیی و زنجیرەی تەلەفزیۆنی، بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی مێژوویی نەتەوە

ت. زیندووکردنەوە و بەنیشتمانیکردنی بۆنە و ئاهەنگە مێژوویی و کولتوورییەکان

ج. دامەزراندنی مۆزەخانەی نیشتمانیی مۆدێرن، کە وەک دڵی زیندووی یادەوەریی نەتەوە کار بکات

بەندی ٦: سنووورەکان وەک قەڵغانی بەرگری و دەروازەی هێز

سنووورەکانی کۆماری کوردستان، جیا لە هێڵی جیاکەرەوەی جوگرافی، مەتاڵی پۆڵایین و پەردەی زیندووی دەوری جەستەی نەتەوەن؛ ئەو پانتاییەن کە تێیدا سەروەریی دەوڵەت بە شێوەیەکی خۆڕست بەرجەستە دەبێت و بوونی نەتەوە لەبەرامبەر جیهانی دەرەوەدا خۆی دەناسێنێت. پێشێلکردنی سنووورەکان بە پێشێلکردنی ڕاستەوخۆی بوونایەتیی نەتەوە دادەنرێت و پاراستنیان باڵاترین ئەرکی دەستووریی دەوڵەت، هێزی بەرگریی نیشتمانی و هەر شارۆمەندێکە.

یەکەم: دانپێدانان بە سنووورە سەپێنراوەکان و مافی ستراتیژیی نەتەوەیی

١.١. دەوڵەتی کوردستان دان بەو ڕاستەواییە تاڵەدا دەنێ کە سنووورە وارگێڕییە سەپێنراوەکانی داگیرکاری، دەرئەنجامی ویستی داگیرکەران و پیلانگێڕییە مێژووییەکانن.

١.٢. ئەم سنوورانە نوێنەرایەتیی وارگەی مێژوویی و ڕەسەنی نەتەوەی کورد ناکەن.

١.٣. کۆماری کوردستان مافی ڕەوا و نەگۆڕی خۆی دەپارێزێت بۆ:

ئ. کارکردنی ستراتیژی لەپێناو زیندووکردنەوەی سنووورە نیشتمانییە مێژووییەکان

ب. گێڕانەوەی ئەو ناوچانەی لێی دابڕێنراون

پ. بەدەستهێنانی ئەم مافانە بەپێی قانوون نێودەوڵەتییەکان

دوویەم: پلانی سنووری ژیر و چالاک

٢.١. کۆماری کوردستان "پلانی سنووری ژیر و چالاک" پەیڕەو دەکات.

٢.٢. ئەم پلانە لەسەر دوو کۆڵەکەی تەواوکەری یەکتر دامەزراوە:

ئا. سنوور وەک قەڵغانی بەرگریی قووڵ:

- سنووورەکان دەکرێنە قەڵغانێکی هەداریی فرەڕەهەند و پۆڵایین
- بنیاتنانی ژێرخانێکی تەکنەلۆژیی پێشکەوتوو بۆ چاودێری
- دامەزراندنی هێزێکی تایبەتی سنوورپارێزیی نوخبە
- ڕاییکردنی وارگێڕیی ئاوەدانکردنەوەی ستراتیژیی ناوچە سنووورییەکان
- گۆڕینی ناوچە سنووورییەکان بۆ ناوچەی ئاوەدانی دڵسۆز و قەڵای مرۆیی بەرگری

ب. سنوور وەک دەروازەی هێزی نەتەوەیی:

- گۆڕینی دەروازە سنووورییە فەرمییەکان بۆ ناوەندی ستراتیژیی چالاک
- پەرەپێدانی هێزی ئابووری، کولتووری و دیپلۆماسیی کۆمار
- پردی پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ ئەو دەوڵەت و نەتەوە دۆستانەی کە ڕێز لە سەروەریی کوردستان دەگرن
- ناوەندی هەناردەکردنی بەرهەم و کولتووری کوردستان بۆ جیهان

سێیەم: ئەرکی نەتەوەیی بەرامبەر بە کوردانی دەرەوەی سنوور

٣.١. دەوڵەتی کوردستان ئەرکی پیرۆزی نەتەوەیی و دەستوورییە هەیە کە بە شێوەیەکی بێ وەستان و سیستماتیک، پشتیوانی لە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و مافە بنەڕەتییەکانی ئەو کوردانە بکات کە بەهۆی سنووورە سەپێنراوەکانەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی کۆماردا دەژین.

٣.٢. ئەم پشتیوانییە لەم ڕێگایانەوە دەبێت:

ئا. ئامرازی دیپلۆماسی

ب. پشتیوانی کولتووری

پ. پشتیوانی پەروەردەیی

ت. ئامرازی قانوونیی نێودەوڵەتی

٣.٣. ئەم ئەرکە بە هیچ شێوەیەک بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی تردا هەژمار ناکرێت، بەڵکو ڕاییکردنی ئەرکێکی مێژوویی و نەتەوەییە بەرامبەر بە بەشەکانی تری جەستە و پێکهاتەی نەتەوە.

چوارەم: کۆڕی باڵای ستراتیژیی سنووردار

٤.١. بە مەبەستی ڕاییکردنی ئەم پلانە، "کۆڕی باڵای ستراتیژیی سنووردار" دادەمەزرێت.

٤.٢. ئەم کۆڕە لەژێر سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرکۆمارداید.

٤.٣. ئەرکەکانی کۆڕی باڵا بریتین لە:

ئا .داڕشتنی وارگێڕیی گشتی سنووردار

ب. هاوئاهەنگیکردن لەنێوان دامەزراوە هەداری، ئابووری و دیپلۆماسییەکان

پ. چاودێری ڕاییکردنی ستراتیژیی نیشتمانیی بۆ سنووردار

٤.٤. پێکهاتە و دەسەڵاتەکانی کۆڕی باڵا بە قانوون دیاری دەکرێت.

پێنجەم: چوارچێوەی قانوونیی بۆ بەڕێوەبردنی ستراتیژیی سنووردار

٥.١. قانوونێکی تایبەت وردەکاریی بەڕێوەبردنی ستراتیژی و ئاسایشی سنووردار دیاری دەکات.

بەندی ٧: ئامانجی باڵای دەوڵەت و هاوسەنگیی ستراتیژی

دەوڵەتی کۆماری کوردستان وەک ئامرازی مێژوویی ویستمەندیی بەکۆمەڵی کورد، لەسەر بنەمای ئامانجێکی باڵا و گەوهەریی دامەزراوە: مسۆگەرکردنی مانەوەی شکۆمەندانە، گەشەسەندنی بێپسانەوە و سەروەریی ڕەهای نەتەوەی کورد لەسەر وارگەی مێژوویی خۆی.

یەکەم: ئامانجی باڵای دەوڵەت

١.١. دەوڵەتی کۆماری کوردستان ئامانجێکی باڵا و گەوهەریی هەیە کە خودی هۆکاری بوونی دەوڵەتە:

ئ. مسۆگەرکردنی مانەوەی شکۆمەندانەی نەتەوەی کورد

ب. گەشەسەندنی بێپسانەوەی توانا نەتەوەییەکان

پ. سەروەریی ڕەهای نەتەوەی کورد لەسەر وارگەی مێژوویی خۆی

١.٢. ئەم ئامانجە باڵایە لە سەرووی پاراستنی دۆخی ئێستاییە و پرۆسەیەکی دینامیکی و بێپسانەوە بەدیهێنانی تواناکانی کوردستان بۆ داهاتووە.

١.٣. گشت وارگێڕی، قانوون و کردەوەیەکی دەوڵەت و دەسەڵات دەبێت لە ڕاژەی ئەم ئامانجە پیرۆزەدا بێت و ڕەوایەتیی خۆی لە ڕادەی ڕاژەکردنی بەم ئامانجە باڵایە وەربگرێت.

دووەم: هاوسەنگیی ستراتیژی

٢.١. دەسەڵاتداریی ژیرانە و دەوڵەتداریی بەهێز، لەسەر بنەمای "هاوسەنگیی ستراتیژی" دادەمەزرێت.

٢.٢. هێزی ڕاستەقینەی دەوڵەت لە توانای هاوسەنگکردنی چوار ئەرکی بوونناسانەی دانەبڕاودا خۆی دەبینێتەوە:

ئ. فەرمانی مانەوەی نەتەوەیی:

- مانەوەی وڵات و نەتەوە لە سەرووی هەموو قانوون و بەرژەوەندییەکی تردەیە
- پاراستنی ڕەهای گەوهەری فیزیکی (یەکپارچەیی وڵات و ژیانی شارۆمەندییان)
- پاراستنی گەوهەری گیانەکی و واتایی (شوناس، زمان و یادەوەریی مێژوویی) نەتەوە
- بەرەنگاربوونەوەی هەر ڕەشەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی

ب. بنیاتنانی سەربەخۆیی ستراتیژی و توانای نەتەوەیی:

- بنیاتنانی ئابووریەکی فرەچەشنی بەرهەمهێنەر
- گەیشتن بە باڵادەستی تەکنەلۆژی و زانستی
- مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆراک و وزە
- گەشەپێدانی سەرمایەی مرۆیی وەک ستراتیژیترین سامانی وڵات

پ. چەسپاندنی پەڕگاڵێکی دادپەروەر و شکۆمەندانە:

- بەشدارکردنی دادپەروەرانەی کۆمەڵگا لە سامان و دەرفەتەکان
- مسۆگەرکردنی شکۆ و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی هەر تاکێکی شارۆمەند
- بەهێزکردنی یەکڕیزیی و ویستمەندیی نەتەوەیی

ت. گەیاندنی پەیام و بەدیهێنانی کاریگەریی جیهانی:

- گۆڕینی کوردستان لە ئۆبژەیەکی وارگێڕییەوە بۆ سوبێکتێکی مێژووساز
- پەرەپێدانی دیپلۆماسییەکی ستراتیژیی چالاک
- پەرەپێدانی هێزی نەرم لە ڕێگەی کولتوور و زانستەوە
- بەشداریکردنی کاریگەر لە داڕشتنی وارگێڕیی هەرێمی و جیهانی

سێیەم: پێوەری باڵای دەستووریی و لێکدانەوەی قانوونیی

٣.١. "هاوسەنگیی ستراتیژی" پێوەری باڵای دەستوورییە بۆ هەڵسەنگاندنی گشت وارگێڕی، قانوون و بڕیارێکی دەوڵەت.

٣.٢. پشتگوێخستنی هەر کام لە ئەرکە بوونناسانەکان لەسەر ئەژماری ئەوانی تر، دەبێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتێکی ناتەواو و لەڕێ لادەر.

٣.٣. هەر قانوونێک یان بڕیارێک کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی هاوسەنگیی ستراتیژی تێکبدات، بە پێچەوانەی ئامانجی دامەزراندنی کۆمار دادەنرێت.

٣.٤. دادگای باڵا دەسەڵاتی هەیە هەر قانوون یان بڕیارێک کە هاوسەنگیی ستراتیژی تێکبدات لە بنەڕەتەوە پوچەڵ بکات.

چوارەم: هاوواڵاتی وەک لوتکەی ئامانج و بنچینەی هێز

٤.١. دەوڵەت لە پێناو وڵات و هاوواڵاتیدا دادەمەزرێت و بە هاوواڵاتیش بەهێز دەبێت.

٤.٢. ئەرکەکانی دەوڵەت پرۆسەی وەبەرهێنانن لە بنیاتنانی "هاوواڵاتیی سەربەست"ـدا:

ئ. تاکێک کە خاوەنی شکۆ، ئازادی و خۆشبژێوییە

ب. بەشدارێکی چالاک و بەرپرسیار لە بەهێزکردنی توانای نەتەوەیی

پ. پارێزەری گەوهەری نەتەوەییە و بەرپرس و بەرپرسیارە لە بەرامبەر وڵات و نەتەوە

٤.٣. بەدیهێنانی هاوکێشەی هاووڵاتیی سەربەست و بەشدار، لوتکەی دەسەڵاتداریی ژیرانەیە.

پێنجەم: هاوبەرپەرچیی ئازادیی تاک و پێویستیی کۆمەڵ

٥.١. پەیوەندیی نێوان ئازادیی تاک و مانەوەی نەتەوە، پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە:

ئ. ئازادیی ڕاستەقینەی تاک تەنیا لە سایەی دەوڵەتێکی بەهێز و نەتەوەیەکی سەروەردا مسۆگەر دەبێت

ب. دەوڵەت ئەو چوارچێوەیەیە کە ئازادی تێیدا دەتوانێت بە قانوون پێناسە بکرێت

پ. بوونی ئازادی بە قانوون و دەوڵەت دەپارێزرێت

٥.٢. لە کاتی هەر پێکدادانێکی یەکلاکەرەوەدا لەنێوان بەرژەوەندییەکی تاکەکەسی و هەڕەشەیەکی بوونایەتی بۆ سەر نەتەوە:

ئ. بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی، کە بریتییە لە مانەوەی کوردستان، هەمیشە لەپێشترە

ب. پاراستنی دەوڵەتی سەربەخۆ تاکە ئامرازی بەدیهنان و پاراستنی ئازادییە

٥.٣. قانوون سنووری ئەم یەکەمایەتییە بەم شێوەیە دیاری دەکات:

ئ. لە دۆخە ئاساییەکاندا مافەکانی تاک پارێزراو بن

ب. لە دۆخە چارەنووسسازەکاندا، مانەوەی ئەو چوارچێوەیەی کە ئازادی تێیدا بەدی دێت، مسۆگەر بکرێت

بەندی ٨: ڕێکخستنی خاوەندارێتی و وارگەی نەتەوەیی

کوردستان، پاتریای نەتەوەی کوردە. پەیوەندیی کورد بەم خاکەوە، پەیمانێکی خوێنی نەنووسراوە کە پێش هەموو قانوون و دەستوورێک بوونی هەبووە. مافی نەتەوە بەسەر خاکەوە، لە خودی ئەم پەیوەندییە بوونناسانەییەوە هەڵدەقوڵێت.

یەکەم: پاتریا و پەیمانی خوێنی نەتەوە

١.١. پاتریا لە دەستووری کوردستاندا ئەم واتایانە دەگرێتەوە:

ئ. ئەو پانتاییە بوونناسانەییەی کە تێیدا "خودی بەکۆمەڵ"ـی نەتەوە، فۆرمی گرتووە

ب. ئەو شوێنەی کە یادەوەریی نەتەوەیی تێدا بەدی هاتوە

پ. ئەو شوێنەی کە نەتەوە ویست و بوونایەتی مێژوویی خۆی تێدا دەژی

ت. ئەو شوێنەی کە تێیدا جوگرافیا دەبێتە مێژوو و مێژووش دەبێتە شوناس

١.٢. پەیوەندیی نەتەوە بە پاتریاوە:

ئ. لە سەرەوەی پەیوەندیی خاوەندارێتیی ڕووتە

ب. پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی و هاوبوونە

پ. نەتەوە لە هەناوی خاکەوە هەڵدەقوڵێت و خاکیش لە ڕێگەی خوێنخشین و ئاوەدانکردنەوەی ولات و نەتەوەوە واتا وەردەگرێت

١.٣. مافی نەتەوە بەسەر خاکەوە:

ئ. لە هیچ سەرچاوەیەکی دەرەکییەوە نایەت

ب. لە خودی پەیوەندییە بوونویستانەکەوە هەڵدەقوڵێت

پ. پاراستنی خاک، پاراستنی خودی بوونی نەتەوەیە

ت. ئاوەدانکردنەوەی خاک، بەدیهێنانی تواناکانی نەتەوەیە

دووەم: بنەمای بنەڕەتیی خاوەندارێتی و ئاستەکان

٢.١. خاکی کوردستان ڕەنگدانەوەی ڕۆحی نەتەوە و ژینگەی یادەوەریی بەکۆمەڵە.

٢.٢. چەمکی خاوەندارێتی لەسەر خاکی کوردستان لە سێ ئاستی لێک دانەبڕاودا پێناسە دەکرێت:

ئ. خاوەندارێتیی نەتەوە:

- نەتەوەی کورد وەک خودێکی مێژوویی و هەردەمیی، خاوەنی ڕەسەن و ڕەهای سەرلەبەری وارگەی نەتەوەیی کوردستانە
- ئەم خاوەندارێتییە، مافێکی بوونویستانەی گشتایەتی مێژووی کورد و کوردستانە

- ئەم خاوەندارێتییە نەگۆڕە و ناکرێت بفرۆشرێت، ببەخشرێت، یان سازانی لەسەر بکرێت

ب. ئەرکی پاسەوانیی دەوڵەت:

- دەوڵەتی کوردستان، پاسەوان و سپێردەداری خاکی کوردستانە
- دەوڵەت بە نوێنەرایەتی هەموو کورد (نەوەکانی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو) خاوەندارییەتی لە خاکی کوردستان دەکات
- ئەرکی دەوڵەت بریتییە لە پاراستنی خاک، ڕێکخستنی بەکارهێنانی و دڵنیابوون لەوەی کە لە ڕاژەی ئامانجە باڵاکانی نەتەوەدا بەکاردەهێنرێت

پ. ئەرک و مافی شارۆمەند لە بەکارهێنان و ئاوەدانکردنەوە:

- شارۆمەندیی کوردستانی بۆ کورد و ناکوردی نیشتەجێی کوردستان مافی بەکارهێنان و ئاوەدانکردنەوەی خاک دەبەخشێت
- ئەم مافە لە بەرامبەر ئەرکی شارۆمەند بۆ بەشداریکردن لە گەشەپێدانی نیشتمانداا پێی دەبەخشرێت

سێیەم: چوارچێوەی قانوونیی مافی بەکارهێنان

٣.١. قانوون چۆنیەتیی بەخشین و ڕێکخستنی مافی بەکارهێنانی خاک بە شارۆمەندان دیاری دەکات.

٣.٢. ئەم چوارچێوەیە لەسەر ئەم بنەمایانە دادەمەزرێت:

ئا. ئاوەدانی وەک مەرجی ڕەوایەتی:

- مافی بەکارهێنانی خاک بەندە بە ئەرکی ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنانییەوە
- پشتگوێخستنی درێژەدارییەتی خاک و بەکارهێنانی بۆ مەبەستی قۆرخکاریی ناڕەوا، دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی قانوونیی ئەو مافە

ب. پابەندبوون بە نەخشەی نیشتمانی:

- بەکارهێنانی خاک دەبێت لە چوارچێوەی "نەخشەی گشتیی ستراتیژیی خاک"ـدا بێت
- ئەم پابەندبوونە بۆ دڵنیابوون لە گەشەیەکی هاوسەنگ و ڕاوەستاوە

چوارەم: ڕێکخستنی قانوونیی بۆ بیانییەکان

٤.١. بیانییەکان وەک میوانی ڕێزدار و هاوبەشی گەشەپێدان، دەتوانن لە چوارچێوەی قانوونێکی تایبەتدا مافی وەبەرهێنان و سوودوەرگرتنی کاتی لە خاکی کوردستان بەدەست بهێنن.

٤.٢. ئەم مافە بەم مەرجانە دەبێت:

ئا. بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان تێیدا مسۆگەر کرابێت

ب. یارمەتیدەر بێت بۆ گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و بەهێزکردنی ئابووریی نیشتمانی

٤.٣. هیچ بیانییەک هەرگیز و لەژێر هیچ بارودۆخێکدا نابێت بە خاوەنی خاک، بەڵکو تەنیا دەتوانن ببن بە خاوەن ملک.

پێنجەم: پووچەڵکردنەوەی خاوەندارێتیی سەردەمی داگیرکاری

٥.١. گشت ئەو بەڵگەنامە و گرێبەستانەی خاوەندارێتی کە لە سەردەمی داگیرکاریدا و لە چوارچێوەی وارگێڕیی گۆڕینی دیمۆگرافیا و لاوازکردنی نەتەوەی کورددا دەرچوون، لە بنەڕەتەوە پووچەڵ و بێکاریگەرن.

٥.٢. دەوڵەت، لە ڕێگەی دادگای تایبەتمەندەوە، کار لەسەر پێداچوونەوەی ئەم دۆسیانە و گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان دەکات.

شەشەم: پێکهاتە مێژوویییەکان و پەیمانی هاونیشتمانیبوون

٦.١. ئەو کەمینە ئێتنیکی و پێکهاتە ئایینییە ڕەسەنانەی کە بە درێژایی مێژوو لەسەر خاکی کوردستان ژیاون و بەشێکن لە تانوپۆی کۆمەڵایەتیی وڵات:

ئا. وەک شارۆمەندی یەکسان خاوەنی ڕەهای مافی بەکارهێنان و ئاوەدانکردنەوەی ملکی تایبەتی خۆیانن

ب. ئەم مافە لە چوارچێوەی پەیمانی شارۆمەندبوون و وەفاداریی بێ مەرج بۆ دەوڵەتی کوردستان و ئەم دەستوورەدا پارێزراوە

حەوتەم: دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ پرۆژەی گشتی

٧.١. دەوڵەت وەک نوێنەری نەتەوە، مافی باڵادەستی هەیە کە بۆ مەبەستی پرۆژەی ستراتیژیی گشتی، مافی بەکارهێنانی خاک لە شارۆمەند وەربگرێتەوە.

٧.٢. ئەم پرۆژانە ئەوانەن کە ڕاژەی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان دەکەن وەک بنیاتنانی بەنداو، فڕۆکەخانە، هێڵی وزە، بنکەی سەربازی و هتد.

٧.٣. ئەم پرۆسەیە دەبێت بەپێی قانوونێکی تایبەت بێ کە بۆبژاردنێکی دادپەروەرانە و پێشوەختە بۆ خاوەن مافەکە مسۆگەر بکات.

هەشتەم: خاکی گشتیی نەتەوەیی و دادی نێوان نەوەکان

٨.١. خاکی گشتیی نەتەوەیی:

ئا. ئەو بەشە بەرفراوانەی خاک کە ملکی تایبەت نییە (وەک لەوەڕگا شاخاوییەکان، دارستانەکان و ناوچە پارێزراوە سروشتییەکان) وەک "خاکی گشتیی نەتەوەیی" پێناسە دەکرێت

ب. ئەم خاکانە سپێردەیەکی پیرۆزن و بەڕێوەبردن و پاراستنیان لەلایەن دەوڵەتەوەیە

٨.٢. دادی نێوان نەوەکان:

ئا. قانوون ڕێژەیەکی دیاریکراوی خاک وەک "پاشماگی پارێزراوی نەوەکانی داهاتوو" دیاری دەکات

ب. ئەم خاکە هەرگیز بۆ گەشەپێدانی شارستانی یان پیشەسازیی بەکارناهێنرێت

پ. ئەم خاکە وەک خۆی بۆ نەوەکانی دواتر دەپارێزرێت

نۆیەم: تۆماری نیشتمانیی دیجیتاڵیی خاک

٩.١. دەوڵەت پابەندە بە دامەزراندنی "تۆماری نیشتمانیی دیجیتاڵیی خاک" وەک بەشێک لە ژێرخانی دەوڵەتی ژیر.

٩.٢. تایبەتمەندییەکانی ئەم تۆمارە:

ئا. ناوەندی

ب. ڕووەن

پ. نەشیاوی دەستکاریکردن

۹.۳. ئەم تۆمارە ئەم زانیارییانە لەخۆدەگرێت:

ئا. مافی بەکارهێنانی خاک

ب. نەخشەی ستراتیژی

پ. سامانە ژێرزەمینییەکان

۹.٤. ئامانجی ئەم تۆمارە:

ئا. دڵنیابوون لە ڕوونایی قانوونیی

ب. ڕێگریکردن لە هەر جۆرە گەندەڵی و دەستدرێژییەک

بەندی ۹: چەکداریی گشتی

لە کۆمارێکدا کە ڕەواییەکەی لە "هاوئاگایی نەتەوەیی" هەڵدەقوڵێت، چەکداریی گشتی نەک هەر مافێکی تاکەکەسی، بەڵکو ئەرکێکی پیرۆز، نیشانەی زیندووی سەروەریی و ئامرازی پۆڵایینی پەرگاڵی دەستوورییە.

یەکەم: بنەمای دەستووری چەکداریی گشتی

۱.۱. مافی هەڵگرتنی چەک، بەرجەستەبوونی فیزیکیی ئەو پەیمانەیە کە شارۆمەند لەگەڵ نیشتماندا دەیبەستێت.

۱.۲. ئەم پەیمانە بریتییە لە پاراستنی بوونی نەتەوە لەبەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی ناوخۆیی و دەرەکیدا.

۱.۳. چەکداریی گشتی مافێکی نەگۆڕ و سەوداهەڵنەگری هەموو شارۆمەندێکی کوردستانە کە شایستەیی قانوونیی هەبێت.

دوویەم: چەمکی "شارۆمەندیی پێشمەرگە"

٢.١. هەر شارۆمەندییەکی کوردستان کە سوێندی وەفاداری بۆ ئەم دەستوورە خواردووە، "شارۆمەندییەکی پێشمەرگەیە."

٢.٢. شارۆمەندیی پێشمەرگە ئەم واتایانە دەگرێتەوە:

ئ. مافی هەڵگرتنی چەک لەم چوارچێوەیەدا پێناسە دەکرێت، نەک وەک سەربەشبوون، بەڵکو وەک ئامرازی ڕاییکردنی ئەرکی پارێزوانی وڵات

ب. شارۆمەندیی پێشمەرگە، دوا قەڵای بەرگرییە لە دەستوور، ئازادی و سەروەریی کۆمار

پ. لە کاتی پێویستدا، دەبێت چەکەکەی بخاتە ڕاژەی بەرگریی گشتیی نیشتمانەوە

سێیەم: ڕۆڵی ستراتیژی لە بەرگریی گشتگیردا

٣.١. چەکداریی گشتی، شانبەشانی هێزی بەرگریی نیشتمانی (ئارتەش - سوپا)، قووڵایی ستراتیژیی بەرگریی کۆمار پێکدەهێنێت.

٣.٢. پەرگاڵی بەرگری بەم شێوەیە ڕێکدەخرێت:

ئ. ئارتەش هێڵی پێشەوەی بەرگریی پیشەییانەیە

ب. شارۆمەندانی چەکدار، لە بەرەنگاریدا ویستمەندیی نەشکێنراو و بێسنووری کوردستانن

٣.٣. لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاری یان هەر هەڕەشەیەکی بوونایەتیدا:

ئ. دەوڵەت پشت بەم قووڵاییە ستراتیژییە دەبەستێت

ب. توانای نەتەوە لەژێر چاودێریی فەرماندەیی سەربازیدا بۆ پاراستنی نیشتمان ڕێکدەخرێت

چوارەم: مەرجەکانی شایستەبوون بۆ ئەرکی پێشمەرگایەتی

٤.١. هەڵگرتنی چەک وەک ئەرکێکی پیرۆز، تەنیا بەو شارۆمەندانە دەسپێردرێ کە شایستەیی خۆیان سەلماندووە.

٤.٢. قانوونێکی تایبەت مەرجەکانی هەڵگرتنی چەک دیاری دەکات، کە دەبێت لانیکەم ئەم خاڵانە لەخۆ بگرێت:

ئ. تەمەنی قانوونیی و پێگەیشتوویی ئاوەزیی

ب. نەبوونی پێشینەی تاوانی توندوتیژ یان تاوانی دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی

پ. تەندروستی دەروونیی سەلمێنراو لەلایەن لیژنەی پزیشکیی پسپۆڕەوە

ت. کۆتاییهێنانی سەرکەوتووانەی پرۆگرامێکی ڕاهێنانی نیشتمانیی ناچاری لەسەر:

- بەکارهێنانی تەندروست و بەرپرسیارانەی چەک
- قانوونەکانی وڵات
- بنەماکانی ئەم دەستوورە
- سوێندخواردن کە لە دۆخی جەنگ و ئاوارتەدا چەکەی بخاتە ڕاژەی دەوڵەت

ج. وەفاداریی بێ دوودڵی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و پەرگاڵی دەستووری

ح. تۆمارکردنی ناوی شارۆمەند و چەکەکەی لە تۆماری نیشتمانیی چەکداریدا، کە بەشێکە لە ژێرخانی دەوڵەتی ژیر

پێنجەم: ڕێنەدراوکردنی ڕەهای میلیشیای ناقانوونیی

٥.١. مافی چەکداریی گشتی، پەیمانێکە لەنێوان شارۆمەندیی پاسەوان و دەوڵەتی قانوونییدا.

٥.٢. بەم پێیە:

ئا. هەر هەوڵێک بۆ پێکهێنانی گرووپ یان میلیشیای چەکداری لە دەرەوەی چوارچێوەی فەرمیی هێزی بەرگریی نیشتمانی، بە ناپاکی لەم دەستوورە، کودەتایەک دژی سەروەریی نەتەوە و تاوانێکی گەورەی دژ بە ئاسایشی دەوڵەت دادەنرێت

ب. هیچ هێزێکی چەکداریی لە کوردستاندا ڕەوایەتیی نییە، مەگەر ئەوەی بەشێک بێت لە هێزی بەرگریی فەرمیی کۆمار و لەژێر فەرمانی باڵای دەوڵەت و دەستووردا بێت

پ. قانوون سزای توند بۆ هەر کەسێک دیاری دەکات کە بەشدار بێت لە پێکهێنان یان پاڵپشتیکردنی میلیشیای ناقانوونییدا

ت. دەوڵەت مافی ڕەهای هەیە بۆ چەکداماڵینی هەر هێزێک کە لە دەرەوەی ئەم دەستوورەدا کار بکات

شەشەم: ڕێکخستنی چەکداریی تاکەکەسی

٦.١. قانوون جۆر و ئاستی چەکی ڕێگەپێدراو بۆ بەکارهێنانی تاکەکەسی دیاری دەکات.

٦.٢. چەکی قورس و جەنگی تەنیا لە کاتی بانگەوازی بەرگریی گشتیدا دەکەونە ژێر فەرمانی شارۆمەندانی پێشمەرگەوە.

٦.٣. دەوڵەت بە ڕێگەی قانوون و دامەزراوەی پێویست، چاودێری بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی چەک دەکات.

دەروازەی دوویەم: ئێسکبەندیی بنەمایی دەوڵەتداری و دەسەڵاتداری

ئەم دەروازەیە نەخشەی دامەزرێنەری جەستەی وارگێڕیی کۆماری کوردستان و میکانیزمی کارپێکەری دەمارە پەرگاڵی دەسەڵاتداریيەکەی دادەڕێژێ کە ویستمەندیی ڕەهای نەتەوەییە کە لە دەروازەی یەکەمدا وەک بنەمایەکی بوونناسانە چەسپێنرا، لە قاڵبی دامەزراوەی دەستووریی تۆکمە و خاوەن دەسەڵاتی دیاریکراودا بەرجەستە دەبێت. فەلسەفەی بنەڕەتیی ئەم هەیکەلەیە، بنیاتنانی دەوڵەتێکە کە لە هەمان کاتدا هەم بەهێز و خاوەن ویستمەندی بێت بۆ پاراستنی سەروەریی و ڕاییکردنی ئامانجە ستراتیژییەکان، و هەم پابەند و وەڵامدەرەوە بێت بەرامبەر بە ویستی ئەو جەماوەرەی کە سەرچاوەی ڕەوایەتییەکەیەتی. ئەم دەروازەیەکۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ڕایەدار، وەک مێشکی بڕیاردەر و بزوێنەری دەوڵەت، لەگەڵ پەیکەری دەسەڵاتە خۆماڵییەکان، وەک ڕەگی داکوتراوی دەسەڵاتداریيەتی لەنێو خاکی نیشتمانداا، پێناسە دەکات. ئامانجی کۆتایی، دروستکردنی هاوسەنگییەکی وردە لەنێوان ناوەندێتیی پێویست بۆ یەکپارچەیی نەتەوەیی و ژیرانە بۆ مسۆگەرکردنی بەشداریی کارا و ڕاژەی نزیک لە شارۆمەندەوە، بە شێوەیەک کە پەیکەری دەوڵەت ببێتە شورەیەکی پۆڵایین بۆ کۆمار و ئامرازێکی کارا بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی.

بەندی ١٠: سەرکۆماری کوردستان - سەرۆکی دەوڵەت و ڕایەدار

سەرکۆماری کوردستان وەک هێمای باڵای سەروەریی، یەکێتیی نەتەوەیی، درێژەداریی مێژوویی نیشتمان، لە ڕێگەی ماندانی ڕاستەوخۆی گشت شارۆمەندانی کوردستانەوە، نوێنەرایەتیی باڵاترین ئاستی ویستی نیشتمانی و ویستی نەتەوەیی بۆ ڕایەداریی دەوڵەتێکی بەهێز و پێشکەوتوو دەکات. سەرکۆمار سەرۆکی ڕایەداریی باڵایە، فەرماندەی گشتیی باڵای گشت هێزە چەکدارەکانە، و گەرەنتیی سەروەریی قانوون و پارێزەری دەستوورە.

یەکەم: پێناسە و هەڵبژاردن

١.١. سەرکۆماری کوردستان سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی ڕایەداریی باڵایە کە نوێنەرایەتیی سەروەریی نەتەوەیی دەکات.

١.٢. سەرکۆمار بەرپرسیاریی سەرەکیی ڕاییکردنی دەستوور و قانوونەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتی لە ئەستۆدایە.

١.٣. سەرکۆمار لەڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆی گشت شارۆمەندانی شایستەی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت.

١.٤. ماوەی سەرۆکایەتی پێنج ساڵە و سەرۆک تەنیا یەک جار مافی دووبارە هەڵبژاردنەوەی هەیە.

دووەم: مەرجەکانی بەربژێربوون و سوێندخواردن

٢.١. بەربژێری پۆستی سەرکۆمار دەبێت خاوەنی ئەم مەرجانە بێت:

ئ. تەمەنی لە ٣٥ ساڵ کەمتر نەبێت

ب. خاوەن لانیکەم بڕوانامەی زانستیی باوەڕپێکراوی بەکالۆریۆس، یان هاوتایەکی قانوونیی دانپێدانراو بێت، لە بوارێکدا کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە دەوڵەتداری، قانوون، کارگێڕیی گشتی، ئابووری، دارایی گشتی، دیپلۆماسی، ئاسایشی نەتەوەیی، بەرگری، ستراتیژیی نەتەوەیی، وارگێڕیی گشتی، یان بەڕێوەبردنی دامەزراوەییەوە هەبێت.

پ. لانیکەم ١٠ ساڵ ئەزموونی سەلمێنراوی پیشەیی لە ڕاژەی گشتی، کارگێڕیی باڵا، دەوڵەتداری، قانووندانان، دادوەری، دیپلۆماسی، بەرگری، ئاسایشی نەتەوەیی، ئابووریی نیشتمانی، دارایی گشتی، یان بەڕێوەبردنی دامەزراوەیی هەبێت.

ت. خاوەن توانای سەلمێنراوی ڕایەداریی دەوڵەت، بڕیاردانی ستراتیژی، بەڕێوەبردنی قەیران، پاراستنی سەروەریی قانوون، ڕێزگرتن لە دەستوور، و هاوئاهەنگیکردنی دامەزراوە باڵاکانی دەوڵەت بێت؛ ئەم توانایە بەپێی پێشینەی پیشەیی، ڕاپۆرتی شایستەیی، و پشکنینی قانوونیی دیاریکراو پشتڕاست دەکرێتەوە.

ج. بە حوکمی کۆتایی دادگای شایستە، پێشینەی سزادانی بەهۆی ناپاکیی نیشتمانی، گەندەڵی، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، تاوانەکانی دژ بە پاکڕەوشتی و ڕاژەی گشتی، یان هەر تاوانێکی مەبەستداری دیکەی نەبێ کە بەپێی قانوون متمانەی گشتی و شایستەیی بەربژێربوونی بۆ پۆستی سەرکۆمار لەناو دەبات.

چ. لە کوردستان لەدایک بووبێت و باوک و دایکی هەردووکیان بە ڕەچەڵەک کورد بن.

ح. لانیکەم ٢٠ ساڵ لە کوردستان نیشتەجێ بووبێت.

خ. زمانی کوردی بە باشی بزانێت و توانای قسەکردنی بە لانیکەم یەک زاراوەی دیکەی کوردی هەبێت.

د. پێش پەسەندکردنی ناوی وەک بەربژێر، بەپێی قانوونی تایبەت، پشکنینی شایستەیی، پاکڕەوشتی، پێشینەی قانوونی، هاوبەندیی بەرژەوەندی، و پابەندی بە دەستوور و سەروەریی قانوون بۆی ئەنجام بدرێت. ئەم پشکنینە تەنیا بۆ پشتڕاستکردنەوەی مەرجە دەستووری و قانوونییەکانە و نابێت ببێتە ئامرازێک بۆ سنووردارکردنی کێبڕکێی وارگێڕی یان مافی هەڵبژاردنی شارۆمەندان.

ر. ڕاپۆرتێکی شایستەیی گشتی پێشکەش بکات، کە تێیدا پێشینەی زانستی و پیشەیی، ئەزموونی دەوڵەتداری و بەڕێوەبردن، دیدگای ستراتیژی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، ئابووریی نیشتمانی، خۆشبژێویی گشتی، دادپەروەریی نەتەوەیی، وارگێڕیی دەرەوە، و گەشەی ڕاوەستاو ڕوون کرابێتەوە.

ز. سامان، سەرچاوەکانی داهات، هاوبەندیی بەرژەوەندی، پەیوەندییە دارایی و پیشەییە گرنگەکان، و هەر پەیوەندییەک کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر سەربەخۆیی بڕیار و پاکڕەوشتیی ڕایەداریی بکات، بەپێی قانوون ئاشکرا بکات.

ژ. بەشداری لە گفتوگۆیەکی گشتی، ڕووەن، بێلایەن و یەکساندا بکات، کە تێیدا بەرنامەی سەرکۆماریی خۆی بۆ پاراستنی دەستوور، بەڕێوەبردنی دەوڵەت، ئاسایشی نەتەوەیی، بەرگری، ئابووری، دادپەروەریی نەتەوەیی، ڕاژەی گشتی، و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕوون بکاتەوە.

س. پاش هەڵبژاردن و پێش دەستبەکاربوونی فەرمی، قۆناغێکی ئامادەسازیی دەستووری و ستراتیژی تەواو بکات، کە ناساندنی وردی دەستوور، پەرگاڵی دەوڵەت، ئاسایشی نەتەوەیی، بەرگری، بوودجە و دارایی گشتی، دادوەری، دیپلۆماسی، ڕاژەی گشتی، و پەڕگاڵی دامەزراوە باڵاکانی دەوڵەت لەخۆ بگرێت. ڕێکاری ئەم قۆناغە بەپێی قانوونی تایبەت ڕێکدەخرێت.

٢.٢. پاش هەڵبژاردنی، سەرکۆمار دەبێت سوێندی وەفاداری بە دەستوور و کوردستان بخوات. دەقی سوێندەکە بەم جۆرەیە:

"لەبەردەم مەردم و نیشتمانی پیرۆزی کوردستان و لەبەردەم ویژدانی خۆم، من _____ وەک سەرۆکی هەڵبژێردراوی کۆماری کوردستان، سوێند دەخۆم بە هەموو پیرۆزییەکانم و بە باڵاترین بەهای نیشتمانی:

کە بەوپەڕی دڵسۆزی، ڕاستگۆیی و بەرپرسیارێتییەوە، ئەرکی سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی ڕایەداریی باڵای وڵات ڕاپەڕێنم؛

کە فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی کوردستان بکەم و بە هەموو توانام پارێزەری دەوڵەت و نەتەوە و سەروەریی نەتەوەیی، یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی پیرۆزی کوردستان بم لە بەرامبەر هەموو هەڕەشەیەک؛

کە دەستووری کۆماری کوردستان وەک باڵاترین قانوون بپارێزم، پابەند بم بە بنەما و پرەنسیپە نەگۆڕەکانی و دڵنیایی لە ڕاییکردنی قانوون و بڕیارەکان بدەم؛

کە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی گشت شارۆمەندانی کوردستان، بەپێی دەستوور و قانوون، بەبێ هیچ جیاوازییەک گرەنتی و پارێزگاری بکەم؛

کە بێپسانەوە کارە بنچینەیی بۆ گەشەی وڵات و پەرەسەندنی هێز و تواناییەکان و زانست و تەکنۆلۆژیا لە کوردستان بم،

کە بێوچان کار بۆ دابینکردنی خۆشبژێویی، دادپەروەریی نەتەوەیی و پێشکەوتنی هەمەلایەنەی گشت شارۆمەندانی کوردستان بکەم؛

کە هەرگیز بە هۆی بیرو باوەڕ و ئایدیۆلۆژیا وڵات و نەتەوەکەم نەخەمە بەر تاقیکردنەی مەترسیدار و هەڕەشەی جیهانی لە هاوکێشییە وارگێرییەکان و هاوسەنگی هێزدا؛

بەڵێن دەدەم هەموو ژیان و توانام بۆ ڕاژە بە کوردستان و بەرزڕاگرتنی شکۆ و بەرزیی وڵات و نەتەوەکەم لە ناوچەکە و جیهاندا تەرخان بکەم".

سێیەم: دەسەڵات و ئەرکەکان

٣.١. سەرکۆمار خاوەنی ئەم دەسەڵات و ئەرکە سەرەکییانەیە:

ئا. سەرۆکی ڕایەدار:

- سەرپەرشتیکردنی گشتیی دەسەڵاتی ڕایەدار
- داڕشتنی وارگێڕییە گشتییەکانی دەوڵەت
- دڵنیابوون لە ڕاییکردنیان لەلایەن کابینە و دامەزراوە فەرمییەکانەوە

ب. دانان و لادانی کابینە:

- دانان و لادانی سەرۆکی کابینەی دەسەڵات (ئەگەر هەبێت. و شالیارەکان
- کابینە و شالیارەکان بەرپرسیاریی ڕاستەوخۆیان لەبەردەم سەرکۆماردا هەیە

پ. فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان:

- فەرماندەی گشتیی باڵای گشت هێزە چەکدارەکانی کوردستانە
- سەرپەرشتیی باڵای وارگێڕیی بەرگریی نیشتمانی و ئاسایشی نەتەوەیی دەکات

ت. وارگێڕیی دەرەوە:

- داڕشتن و بەڕێوەبردنی وارگێڕیی دەرەوەی کوردستان
- نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا
- دانانی باڵێۆزان و نوێنەرانی دیپلۆماسیی کوردستان

- وەرگرتنی باوەڕنامەی نوێنەرانی بیانی

ج. واژۆکردنی قانوونەکان و مافی ڤیتۆ:

- واژۆکردن و ڕاگەیاندنی ئەو قانوونیانەی لە مەکۆی نیشتمانیەوە پەسەند کراون
- مافی ڤیتۆی قانووندانانی هەیە
- دەتوانێت پرۆژەقانوونی پەسەندکراوی مەکۆی نیشتمانی بۆ پێداچوونەوە یان دانەدواوە بگەڕێنێتەوە بەپێی مەرجەکانی بەندی ٢١

چ. بڕیار و فەرمانی ڕابەدار:

- دەرکردنی بڕیار و فەرمانی ڕابەدار بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات بەپێی دەستوور و قانوونەکان

ح. لێبوردن و مەدالیا:

- دەرکردنی بڕیاری لێبوردنی تایبەت (جگە لەو تاوانانەی قانوون دیاری دەکات)
- پێدانی نیشان و مەدالیای دەوڵەتی

خ. باری نائاسایی و جەنگ:

- ڕاگەیاندنی باری نائاسایی یان باری جەنگ بەپێی قانوون
- دوای ڕاوێژ یان پەسەندن لەگەڵ مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژێران
- یان بەپێی بڕیاری دادگای باڵا لە هەندێک باردا کە قانوون دیاریکردووە

د. دانانی بەرپرسانی باڵا:

- دانانی بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەت
- دانانی سەرۆکی دامەزراوە سەربەخۆکان و دادوەرانی دادگا باڵاکان
- ئەم دانانانە بەپێی قانوون و لەوانەیە بە ڕەزامەندیی مەکۆی ژێران بێت

چوارەم: بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە

٤.١. سەرکۆمار بەرپرسیارە لەبەرامبەر کۆمەڵگای کوردستان و پابەندە بە ڕاییکردنی دەستوور و قانوونەکان.

٤.٢. لێپرسینەوە و لادانی سەرکۆمار لە پۆستەکەی تەنیا لە ڕێگەی پرۆسەی لادانی دەستوورییەوە دەکرێت بەهۆی:

ئا. پێشێلکاریی سەلمێنراوی قورس لە دەستوور، کە بەڵگەی ڕوون و پشکنراو هەبێت و بەپێی قانوون متمانەی دەستووری و شایستەیی مانەوەی سەرکۆمار لە پۆستەکەدا لەناو ببات

ب. ناپاکیی نیشتمانی

پ. تاوانێکی مەبەستداری قورس کە بە حوکمی کۆتایی دادگای شایستە بسەلمێنرێت و بەپێی قانوون متمانەی دەستووری، پاکڕەوشتیی ڕایەداری، یان شایستەیی مانەوەی سەرکۆمار لە پۆستەکەدا لەناو ببات.٤.٣. پرۆسەی لادان بەپێی ئەو مەرجە زۆر تووندانەی لە دەستوور و قانوونی تایبەتدا دیاری کراون، ڕایی دەکرێت.

پێنجەم: ڕێنەدراوکردنی کاری دیکە

٥.١. سەرکۆمار لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا مافی ئەنجامدانی هیچ کارێکی بازرگانی، پیشەیی، یان هەر کارێکی دیکەی نییە کە:

ئا. لەگەڵ پۆستەکەی ناکۆک بێت

ب. ببێتە سەرچاوەی بەرژەوەندیی تایبەت

٥.٢. سەرکۆمار و جێگرەکەی (ئەگەر هەبێت. پابەندن بە ئاشکراکردنی سامانی خۆیان بەپێی قانوون.

بەندی ١١: پەرگاڵی وارگێڕی و سەقامگیریی دەوڵەت

پەرگاڵی وارگێڕی لە کۆماری کوردستاندا، فۆڕمی دەسەڵاتداریێتی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستانە و دەبێت پابەند و پارێزەری بنەما نەگۆڕەکانی دەستوور بێت، بە تایبەتی سەروەریی نەتەوەیی، یەکپارچەیی وڵات و ئاسایشی نەتەوەیی. ئەم پەرگاڵە بنەمای سەقامگیریی دەوڵەت و مانەوەی نەتەوەکەیە.

یەکەم: بنەمای پەرگالّ

١.١. پەرگالّی وارگێڕی لە کوردستاندا دەبێت دیموکراسی بێت و لەسەر بنەماکانی ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری بونیادنرابێت.

١.٢. ئەم بنەمایانە نابێت ببنە هەڕەشە بۆسەر یەکپارچەیی و سەروەریی دەوڵەت یان ئاسایشی نەتەوەیی.

١.٣. پەرگالّی وارگێڕی دەبێت پارێزەری ئەم بنەما نەگۆڕانە بێ کە لە دەروازەی یەکەمی دەستووردا هاتوون.

دووەم: نەگۆڕیی پەرگالّی بنەڕەتی

٢.١. فۆڕمی بنەڕەتیی پەرگالّی وارگێڕی کۆماری کوردستان، کۆماری نەتەوەیی سەربەخۆیە.

٢.٢. ئەم فۆڕمە بنەڕەتییە لەم دەستوورەدا چەسپێندراوە و نەگۆڕە.

٢.٣. تەنیا لە باریی زۆر نائاسایی و هەڕەشەی بوونیدا دەکرێت پێداچوونەوەی بنەڕەتی بە فۆڕمەکەیدا بکرێت، بەپێی مەرجەکانی بەشی سێیەم.

سێیەم: ڕیفراندۆمی گۆڕینی فۆڕم

٣.١. گۆڕینی فۆڕمی بنەڕەتیی پەرگالّی وارگێڕی (وەک گۆڕینی لە کۆمارییەوە بۆ شێوازێکی دیکە) تەنیا لە ڕێگەی ڕیفراندۆمێکی نیشتمانییەوە دەکرێت، بە مەرجێک کە:

ئ. قەیرانێکی بوونایەتی یان هەڕەشەیەکی گەورەی نیشتمانی سەرهەڵبدات کە ڕاستەوخۆ سەروەریی یان مانەوەی دەوڵەت بخاتە مەترسییەوە

ب. داخوازکارییەکە لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە، پاش ڕاوێژ لەگەڵ کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و دادگای باڵا، پێشکەش بکرێت

پ. پارڵمان بە زۆرینەیەکی زۆر تایبەت کە لێرەدا سێ لەسەر چوارە (٤/٣)، داخوازی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە بکات

ت. گۆڕانکاریی پێشنیارکراو دەبێت لە ڕاژەی پاراستن و بەهێزکردنی سەروەریی، یەکپارچەیی و ئاسایشی نەتەوەیی بێت

ج. گۆڕانکاریی پێشنیارکراو نابێت پێچەوانەی هیچ بەندێکی بنەڕەتیی دەروازەی یەکەمی ئەم دەستوورە بێت

چوارەم: ستانداردەکانی ڕیفراندۆم

٤.١. بۆ پەسەندکردنی گۆڕانکاری لە فۆرمی بنەڕەتیی پەرگاڵی وارگێڕی لە ڕیفراندۆمدا، پێویستە زۆرینەیەکی زۆر تایبەت واتا زیاتر لە سێ لەسەر چواری دەنگەکان بەدەست بهێنرێت.

٤.٢. ئەم زۆرینەیە نابێت لە حەفتاوپێنج لەسەد (٧٥٪) کەمتر بێت.

٤.٣. ئەم پێوەرە بۆ دڵنیابوون لەوە دانراوە کە هەر گۆڕانکارییەکی پەیوەست بە فۆرمی بنەڕەتیی پەرگاڵی وارگێڕی، تەنیا بە پشتگیریی ڕوون، ژمارەیی و دەستنیشانکراوی زۆرینەی نەتەوەیی پەسەند بکرێت.

٤.٤. وردەکاریی پرۆسەی ڕیفراندۆم و چاودێرییەکەی بەپێی قانوونێکی تایبەت دیاری دەکرێت.

پێنجەم: ڕێنەدراوکردنی پەرگاڵی دژی دەستوور

٥.١. هیچ پەرگاڵێکی وارگێڕی کە ئەم بنەمایانە پێشێل بکات، لە کوردستان ڕێنەدراوە:

ئا. بنەماکانی دیمۆکراسی

ب. سەروەریی قانوون

پ. مافە بنەڕەتییەکانی شارۆمەندان بەپێی ئەم دەستوورە

٥.٢. هەر فۆرمێکی دەسەلاتداریی کە ئەم خەسڵەتانەی هەبێت، لە کوردستان ڕێنەدراوە:

ئا. دیکتاتۆر

ب. ئۆتۆریتار

پ. تۆتالیتار

ت. دژی نیشتمانی و دەوڵەتداریی

ج. ئایدیۆلۆژیک و دژی مۆدێرنیزم

چ. دەسەڵاتی بنەماڵەیی لە هەموو فۆرمەکانی خۆیدا

٥.٣. هەر هەوڵێک بۆ دامەزراندنی پەرگاڵێکی وارگێڕی دژی ئەم بەندە، بە ناپاکیی نیشتمانی و پێشێلکردنی دەستوور هەژمار دەکرێت.

بەندی ١٢: دەسەڵاتی ڕایەدار - کابینەی دەسەڵات

دەسەڵاتی ڕایەدار وەک کۆڵەکەی سەرەکیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دڵنیابوون لە ڕاییکردنی دەستوور و قانوونەکان، لە کۆماری کوردستاندا بە سەرکردایەتیی باڵای سەرکۆمار بەڕێوە دەچێت. ئەم دەسەڵاتە لە سەرکۆمار و کابینەی دەسەڵات پێکهاتووە. کابینەی دەسەڵات، بە سەرۆکایەتیی سەرکۆمار کە سەردەستەی ڕایەدارە، بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی وردەکاریی کاروباری ڕۆژانەی وڵات و ڕاییکردنی برِیار و وارگێڕییەکان.

یەکەم: پێکهاتە و دانانی کابینە

١.١. کابینە پێکدێت لە ژمارەیەک شالیار، کە سەرۆکایەتیی کاروبارە جیاجیاکان دەکەن.

١.٢. ژمارە و پسپۆڕی کاروبارەکان بە قانوونێک ڕێکدەخرێت، کە لەلایەن مەکۆی نیشتمانییەوە دەردەچێت.

١.٣. سەرکۆمار وەک سەرۆکی دەسەڵاتی ڕایەدار، شالیارەکان دادەنێت و لە پۆستەکانیان دووریان دەخاتەوە.

١.٤. دانانی شالیارەکان:

ئا. پێویستی بە وەرگرتنی ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی مەکۆی ژیران هەیە

ب. ئەم ڕەزامەندییە تەنیا بۆ پشکنینی شایستەیی و گونجاویی دەستووریی کاندیدەکانە

پ. ئەم ڕەزامەندییە بە هیچ شێوەیەک وەک بەخشینی متمانەی وارگێڕیی مەکۆی نیشتمانیی هەژمار ناکرێت

١.٥. کابینە لەژێر سەرۆکایەتیی ڕاستەوخۆی سەرکۆماردا کاردەکات، شالیارەکان تەنیا لەبەردەم ئەودا بەرپرسیارن.

١.٦. سەرکۆمار دەتوانێت بەپێی قانوون، هەندێک لە دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی خۆی بە شالیارەکان بسپێرێت، بۆ ماوەی کاتی، بەبێ ئەوەی لە بەرپرسیارێتی سەرکۆمار کەم بکاتەوە.

دووەم: بەرپرسیارێتی و وەڵامدەرەوەیی

٢.١. کابینە، بە گشت شالیارەکانەوە، بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆیان لەبەردەم سەرکۆماردا هەیە.

٢.٢. کابینە پابەندە بە:

ئ. ڕاییکردنی وارگێڕیی و بڕیارەکانی سەرکۆمار

ب. بەڕێوەبردنی کارای کاروبارەکان

٢.٣. سەرکۆمار وەک سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی ڕایەدار، بەرپرسیارێتی کۆتایی لەبەرامبەر گەلی کوردستان و بەپێی ئەم دەستوورە لە ئەستۆدایە.

٢.٤. دەسەڵاتی ڕایەدار پابەندە بە:

ئ. بنەماکانی ڕوونایەتی و وەڵامدەرەوەیی

ب. دەسەڵاتداریێتی دادپەروەرانە

پ. پاراستنی سامانی گشتی

ت. بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە گشت ئاستەکان

سێیەم: ئەرک و دەسەڵاتەکان

٣.١. دەسەڵاتی ڕایەدار، بە سەرکردایەتیی سەرکۆمار و لە ڕێگەی کابینەی دەسەڵات و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە، خاوەنی ئەم ئەرک و دەسەڵاتە سەرەکییانەیە کە لە ڕاژەی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتماندان:

ئ. داڕشتن و ڕاییکردنی وارگێڕییە نیشتمانییەکان:

- یارمەتیدانی سەرکۆمار لە داڕشتنی وارگێڕییە ستراتیژییەکان
- داڕشتن و ڕاییکردنی وردەکاریی وارگێڕییە نیشتمانییەکان لە بواری جیاوازەکاندا
- مافی پێشنیارکردنی وارگێڕیی نوێ بۆ سەرکۆمار
- بەرپرسیارێتی پەرەپێدان و پێشنیارکردنی نەخشە و بەرنامە بۆ سەرکۆمار

ب. بەڕێوەبردنی دارایی گشتی و بودجە:

- ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پڕۆژە قانوونی بودجەی گشتیی دەوڵەت بۆ مەکۆی نیشتمانی
- بەڕێوەبردنی بودجە دوای پەسەندکردنی لەلایەن مەکۆی نیشتمانییەوە
- کۆکردنەوەی داهاتەکان و بەڕێوەبردنی قەرزە گشتییەکان
- سەرپەرشتیکردنی ژیرانەی سامانی نیشتمانی بۆ گەشەی ڕاوەستاو و دابینکردنی خۆشبژێویی

پ. دابینکردنی ڕاژەداریی گشتیی بنەڕەتییەکان:

- دابینکردنی چلۆنایەتی بەرز و کارای ڕاژەداریی بنەڕەتییەکان بۆ گشت شارۆمەندان بە دادپەروەرانە
- ڕاژەداری لە بوارەکانی تەندروستی، پەروەردە و ژێرخانی پێویست (ئاو، کارەبا، ڕێگاوبان، پەیوەندییەکان)

ت. پاراستنی ئاسایشی نێوخۆیی و پەرگاڵی گشتی:

- سەرپەرشتیکردنی هێزی پۆلیسی نیشتمانی و دەزگا هەداریەکانی دیکە
- پاراستنی پەرگاڵی گشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی
- ڕاییکردنی قانوون بەپێی فەرمان و ڕێنوێنییەکانی دەسەڵاتی دادوەریی پسپۆڕ
- ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ

ج. بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان:

- ڕاییکردنی وارگێڕیی دەرەوەی دیاریکراو لەلایەن سەرکۆمارەوە
- بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بە شێوازێک کە ڕاژەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بکات
- بەهێزکردنی پێگەی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

چ. پێشنیارکردنی پڕۆژەقانوون و برپیارنامە:

- ئامادەکردنی پڕۆژەقانوون و برپیارنامە پێویستەکان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات
- پێشکەشکردنیان بە دەسەڵاتی قانووندانان (مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران)

ح. بەڕێوەبردنی سامانی گشتی:

- سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیا و ملْک و ماڵی گشتیی دەوڵەت
- بەڕێوەبردن بە شێوازێکی کارا و ڕووەن و لە ڕاژەی بەرژەوەندیی نیشتمانیدا

خ. پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەریی:

- پابەندبوون بە ڕاییکردنی بڕیارە کۆتاییەکانی دادگاکان
- ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی

چوارەم: پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتی قانوونداناان

٤.١. پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی ڕایەدار و دەسەڵاتی قانوونداناان لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پەرگاڵی پشکنین و هاوسەنگی ڕێکدەخرێت.

٤.٢. هەردوو دەسەڵات پابەندی هاوکاری و ڕێزگرتنی یەکترن.

٤.٣. دەسەڵاتی قانوونداناان، کە پێکدێت لە مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران، مافی چاودێریکردنی کارەکانی کابینەی دەسەڵات و کاروبارەکانی هەیە لە ڕێگەی:

ئا. ئاراستەکردنی پرسیار

ب. لێکۆڵینەوە

پ. پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەند

٤.٤. شالیارەکان و ئەندامانی کابینە:

ئا. تەنیا لەبەردەم سەرکۆماردا بەرپرسیارێتیی وارگێڕییان هەیە

ب. بۆ مانەوە لە پۆستەکانیاندا پشت بە دەنگی متمانەی مەکۆی نیشتمانی نابەستن

٤.٥. مەکۆی نیشتمانی دەسەڵاتی تاوانبارکردنی هەر شالیارێکی بە مەبەستی لابردن هەیە، ئەگەر:

ئا. بە پێشێلکاریی مەترسیداری دەستوور یان قانوون تۆمەتبار کرا

ب. پرۆسەی لابردنەکەی بەپێی قانوونێکی تایبەت ڕێکدەخرێت

٤.٦. شالیارەکان و بەرپرسانی باڵای دەسەڵات پابەندن بە:

ئا. ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی مەکۆی نیشتمانی و لیژنەکانیدا

ب. وەڵامدانەوەی پرسیارەکان

پ. پێشکەشکردنی هەر زانیارییەک کە بەپێی قانوون داخواز دەکرێت

پێنجەم: ڕاژەی گشتی و دامەزراندن

٥.١. دەسەڵاتی ڕایەدار بەرپرسیارە لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی پەرگاڵێکی ڕاژەی شارستانیی پیشەیی، لێهاتوو و بێلایەن.

٥.٢. دامەزراندن لە ڕاژەی گشتی دەبێت:

ئا. لەسەر بنەمای قانوون بێت

ب. بنەمای شایستەیی ڕەچاو بکات

پ. یەکسانی لە دەرفەتەکاندا بۆ گشت شارۆمەندانی کوردستان دابین بکات

٥.٣. ئامانجەکانی پەرگاڵی ڕاژەی گشتی:

ئا. دابینکردنی ڕاژەداریی کارا و دادپەروەرانە

ب. دڵنیابوون لە پاکی و دەستپاکی لە ئیدارەی گشتیدا

شەشەم: ڕێوشوێنە تایبەتەکان و باری نائاسایی

٦.١. لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی کارەسات ، قەیرانی سەخت و هەر باریکی نائاسایی کە ببێتە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و پەرگاڵی گشتی

٦.٢. سەرکۆمار وەک سەرۆکی دەسەڵاتی ڕایەدار دەتوانێت باری نائاسایی ڕابگەیەنێت، بەو مەرجەی:

ئا. لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە قانوون دیاری دەکات، فەرمانەکەی بۆ پەسەندکردن پێشکەش بە مەکۆی نیشتمانی بکات

ب. ڕاییکردنی ئەم دەسەڵاتە و گرتنەبەری ڕێکارەکان تەنیا بەپێی قانوونی تایبەت بێ کە مەرج و ماوە و سنووری باری نائاسایی دیاری دەکات

٦.٣. لە باریی ڕووداتی شەڕ یان دەستدرێژیی سەربازیی دەرەکی بۆ سەر خاکی کوردستان:

ئا. سەرکۆمار وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، لەسەر بنەمای ڕەزامەندیی مەکۆی نیشتمانی، باری جەنگ ڕادەگەیەنێت

ب. بۆ بەڕێوەبردنی دۆخەکە کابینەیەکی تایبەت بە جەنگ پێکدەهێنێت

حەوتەم: هێزی پۆلیسی نیشتمانی

٧.١. هێزی پۆلیسی نیشتمانیی، دامەزراوەی فەرمیی دەسەڵاتی ڕایەداره.

٧.٢. ئەرکەکانی هێزی پۆلیسی نیشتمانی:

ئا. پاراستنی ئاسایشی نێوخۆیی

ب. پاراستنی پەڕگاڵی گشتی

پ. ڕاییکردنی قانوون و بڕیارەکانی دادگاکان

٧.٣. تایبەتمەندییەکانی هێزی پۆلیسی نیشتمانی:

ئا. هێزێکی ژیاری و پیشەییە

ب. لەژێر فەرمانی کاروباری ناوخۆ یان دامەزراوەیەکی هاوشێوەی سەر بە کابینەی دەسەڵات کار دەکات

٧.٤. هێزی پۆلیسی نیشتمانی پابەندە بە:

ئا. بنەماکانی دەستوور

ب. سەروەریی قانوون

پ. پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی شارۆمەندانی کوردستان

ت. ڕێگرتن لە هەر جۆرە پێشێلکارییەک دژی شارۆمەندان

بەندی ١٣: دابەشکاریی کارگێڕی و دەسەڵاتە خۆماڵییەکان

دەسەڵاتە خۆماڵییەکان، وەک یەکەی بنەڕەتیی دیموکراسی و ڕاژەداری لە کۆماری کوردستاندا، لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبەریی کارگێڕیی کارا و سەربەخۆیی دامەزراوەیی دادەمەزرێن، بە ئامانجی گەیاندنی دەسەڵات و دێموکراسی بە نزیکترین ئاست لە شارۆمەندەوە و مسۆگەرکردنی گەشەیەکی نیشتمانیی هاوسەنگ و دادپەروەرانە.

یەکەم: پێکهاتەی بنەڕەتی و هەڵوەشاندنەوەی ئاستی پارێزگا

١.١. دابەشکاریی کارگێڕیی کۆماری کوردستان لەسەر دوو ئاستی بنەڕەتی دادەمەزرێت: دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەت و یەکە خۆماڵییەکان کە پێیان دەوترێت "شارەوانی."

١.٢. بە مەبەستی پتەوکردنی یەکێتیی نەتەوەیی و نیشتمانی، ڕێگریکردن لە دروستبوونی ناوچەگەریی وارگێڕی، پچڕاندنی ڕیشەی قۆرخکاریی پارتایەتیی، کەمکردنەوەی بیرۆکراسی و ئۆلیگارشی ناپێویست و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی سیستماتیک، هیچ ئاستێکی کارگێڕیی ناپێویست لەنێوان دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەت و شارەوانییەکاندا بوونی نابێت.

١.٣. بەپێی ئەم دەستوورە، پەرگاڵی پارێزگا وەک پلیکە و ئاستێکی کارگێڕی بە شێوەیەکی دەستووری هەڵدەوەشێنرێتەوە.

١.٤. گشت ئەو دەسەڵات و ئەرکانەی کە پێشتر لە ئەستۆی پارێزگاکاندا بوون، بەپێی قانوونێکی تایبەت، بە شێوەیەکی لۆژیکی و کارا لەنێوان دەسەڵاتی ناوەندی (شالیارگە تایبەتمەندەکان) و شارەوانییەکاندا دابەش دەکرێن.

دووەم: پێگەی قانوونیی، سنوور و هاوکاریی شارەوانییەکان

٢.١. هەر شارەوانییەک لە چوارچێوەی دەوڵەتی کوردستاندا یەکەیەکی خۆبەڕێوەبەریی خاوەن کەسایەتیی قانوونیی سەربەخۆیە و مافی خاوەندارێتی، بەستنی گرێبەست، و سکاڵا تۆمارکردن و سکاڵا لێ تۆمارکردنی هەیە.

٢.٢. سنووری جوگرافی، پێکهاتە و میکانیزمی دامەزراندن یان یەکخستنی شارەوانییەکان بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرە میژوویی، جوگرافی، ئابووری، دیمۆگرافی و توانای دابینکردنی ڕاژەداریی کارا بە قانوونێکی تایبەت ڕێکدەخرێت.

٢.٣. شارەوانییەکان دەتوانن بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش یان دابینکردنی ڕاژەداریی هاوبەش، هاوکاریی خۆویستانە لەنێوان خۆیاندا پێکبهێنن، بەڵام ئەم هاوکارییە نابێت ببێتە هۆی دروستکردنی ئاستێکی کارگێڕیی نوێ یان یەکەیەکی وارگێڕیی سەروو-شارەوانی.

سێیەم: دەسەڵات و بەرپرسیارێتییە بنەڕەتییەکان

٣.١. شارەوانییەکان خاوەنی دەسەڵاتی داڕشتن و ڕاییکردنی وارگێڕیی خۆماڵین و بەرپرسیارێتیی ڕاستەوخۆیان لە گەیاندنی ئەم ڕاژەداریە بنەڕەتییانەدا هەیە:

ئا. پلاندانانی شارستانی، دەرکردنی مۆڵەتی بیناسازی و بەڕێوەبردنی کاروباری زەویوزار لە چوارچێوەی پلانی گشتیی نیشتمانیدا.

ب. دابینکردنی ڕاژەداریە گشتییەکان، وەک ئاو، ئاوەڕۆ، وزەی خۆماڵی و بەڕێوەبردنی پاشماوە.

پ. بنیاتنان و چاککردنەوەی ژێرخانی خۆماڵی، وەک ڕێگاوبان، پارک، کتێبخانە و شوێنە گشتییەکان.

ت. سەرپەرشتیکردنی کارگێڕیی پەروەردەی بنەڕەتی (باخچەی ساوایان، دایانگە و قوتابخانەی بنەڕەتی) و ڕاژەی تەندروستیی سەرەتایی.

ج. گەشەپێدانی ئابووریی خۆماڵی، پشتیوانیکردن لە پڕۆژە بچووک و مامناوەندەکان و ڕاکێشانی وەبەرهێنان.

چ. پاراستنی ژینگە و پاشماگی کولتووریی خۆماڵی و پاراستنی نەزمی گشتی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ پۆلیسی نیشتمانی.

چوارەم: هەڵبژاردن و پێکهاتەی دیموکراتی

٤.١. هەر شارەوانییەک لەلایەن "کۆڕی شارەوانی"یەوە بەڕێوەدەبرێت، کە ئەندامەکانی لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی گشتی، ئازاد و ڕاستەوخۆوە لەلایەن دانیشتووانی شارەوانییەکەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێن.

٤.٢. کۆڕی شارەوانی، سەرۆکی شارەوانی کە سەرۆکی دەسەڵاتی ڕایەداریی شارەوانییەکەیە هەڵدەبژێرێت.

٤.٣. هەڵبژاردنەکان لەژێر چاودێریی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا بەڕێوەدەچن.

٤.٤. بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی دەسەڵاتی تاکەکەسی، مافی دووبارە هەڵبژاردنەوە بۆ سەرۆکی شارەوانی و ئەندامانی کۆڕ تەنیا بۆ یەک خولی دیکەی یەک لەدوای یەک سنووردار دەکرێت.

پێنجەم: سەربەخۆیی دارایی و سندوقی هاوسەنگیی نیشتمانی

٥.١. شارەوانییەکان خاوەنی بودجەی سەربەخۆی خۆیانن و مافی کۆکردنەوەی داهاتی خۆماڵییان لە ڕێگەی باج و تێچووی ڕاژەدارییەوە هەیە.

٥.٢. دەوڵەتی ناوەندی، لە ڕێگەی "سندوقی هاوسەنگیی نیشتمانی"ـیەوە، پشکێک لە بودجەی گشتی بۆ شارەوانییەکان تەرخان دەکات.

٥.٣. شێوازی دابەشکردنی ئەم پشکە بەپێی فۆرمولایەکی قانوونیی ڕوونە کە لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتووان، پێداویستیی گەشەپێدان، بە ئامانجی کەمکردنەوەی جیاوازی و دابینکردنی گەشەی هاوسەنگدۆخی جوگرافی و توانای داهاتی خۆماڵی دادەڕێژرێت.

شەشەم: چاودێریی دەوڵەت و ڕێکاری ڕایەداریی تایبەت (میکانیزمی ڕۆبێک)

٦.١. بنەمای بەرپرسیارێتیی دارایی: سەربەخۆیی دارایی شارەوانییەکان بەندە بە بەرپرسیارێتییەوە. هەر شارەوانییەک ئەرکدارە بە بەڕێوەبردنی ژیرانەی داهات و خەرجییەکانی و مسۆگەرکردنی سەقامگیریی دارایی درێژخایەن.

٦.٢. چوونە ناو لیستی چاودێری: هەر شارەوانییەک کە ناتوانێت بودجەیەکی هاوسەنگ پەسەند بکات یان پابەندییەکانی دارایی خۆی ڕایی بکات، بەپێی قانوون و دوای هەڵسەنگاندنی دامەزراوەی باڵای چاودێریی دارایی، دەخرێتە ژێر "ڕێکاری ڕایەداریی تایبەت"ـەوە.

٦.٣. سنووردارکردنی دەسەڵاتی دارایی: لەم دۆخەدا، شارەوانییەکە مافی وەرگرتنی قەرزی نوێ یان ئەنجامدانی هەر پابەندبوونێکی دارایی درێژخایەنی نابێت، مەگەر بە ڕەزامەندیی پێشوەختەی شالیارگەی تایبەتمەندی دەسەڵاتی ناوەندی.

٦.٤. دانانی چاودێری دارایی: دەسەڵاتی ناوەندی مافی هەیە چاودێرێکی دارایی بۆ شارەوانییەکە دابنێ کە ئەرکی یارمەتیدان و چاودێریکردنی پلانی چاکسازیی دارایی دەبێت.

٦.٥. ئامانجی ڕێکارەکە: ئامانج لەم ڕێکارە نەک سنووردارکردنی سەربەخۆیی خۆماڵی، بەڵکو پاراستنی مافی شارۆمەندان، ڕێگریکردن لە مایەپووچبوونی دارایی، و مسۆگەرکردنی سەقامگیریی ئابووریی نیشتمانییە.

٦.٦. دەرچوون لە لیست: شارەوانییەکە تا ئەو کاتە لەژێر ئەم ڕێکارەدا دەمێنێتەوە کە بەپێی ڕاپۆرتی فەرمی، توانای بەڕێوەبردنی دارایی سەربەخۆی بەدەست هێنابێتەوە.

حەوتەم: وەڵامدەرەوەیی، ڕوونایەتی و بەشداریی گشتی

٧.١. بنەمای وەڵامدەرەوەیی: شارەوانییەکان لە بەرامبەر دانیشتووانی خۆیان و قانوونەکانی دەوڵەتدا وەڵامدەرەوەن. کۆڕی شارەوانی و سەرۆکی شارەوانی بەرپرسیارێتیی ڕاستەوخۆیان لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری شارەوانییەکەدا هەیە.

٧.٢. ڕوونایەتیی ڕەها: دەبێت گشت بڕیار، گرێبەست، و خەرجییەکی شارەوانی بە شێوەیەکی گشتی و ئاسان بۆ دەستگەیشتن بڵاوبکرێتەوە. بودجەی ساڵانە و ڕاپۆرتی وردبینیی دارایی دەبێت بۆ ڕای گشتی بەردەست بێت.

٧.٣. هاندانی بەشداریی شارۆمەندان: شارەوانییەکان ئەرکدارن بە هاندانی بەشداریی چالاکانەی شارۆمەندان لە پرۆسەی بڕیاردانداا، لە ڕێگەی میکانیزمی جۆراوجۆرەوە وەک:

ئا. کۆبوونەوەی گشتیی دەوری.

ب. ڕاوێژکاری لەسەر پرۆژە گرنگەکان.

پ. پلاتفۆرمی دیجیتاڵی بۆ وەرگرتنی پێشنیار و سکاڵا.

ت. "بودجەی بەشداریکەر" کە تێیدا بەشێک لە بودجە بۆ ئەو پرۆژانە تەرخان دەکرێ کە لەلایەن خودی هاووڵاتیانەوە پێشنیار کراون.

٧.٤. مافی دەستگەیشتن بە زانیاری: هەر شارۆمەندێک مافی دەستگەیشتنی بە زانیارییەکانی پەیوەست بە کارەکانی شارەوانییەکەی هەیە، بەپێی ئەو قانوونەی کە ئەم مافە ڕێکدەخات.

٧.٥. لێپرسینەوە لە گەندەڵی: هەر باریکی گوماناوی گەندەڵی یان بەد بەکارهێنانی دەسەڵات، لەلایەن دەزگای نیشتمانیی دژەگەندەڵییەوە لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێت.

هەشتەم: پەیوەندی و هاوئاهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی

٨.١. پابەندبوون بە ستراتیژی نیشتمانی: شارەوانییەکان لە چوارچێوەی قانوونداو کار دەکەن و بە وارگێڕییە ستراتیژییە نیشتمانییەکانی دەوڵەت، بەتایبەتی لە بوارەکانی ئاسایش، پەروەردەی باڵا، پاراستنی ژینگە، و پلانی گشتیی خاکدا پابەندن.

٨.٢. چاودێریی قانوونیی، نەک وارگێڕی: دەسەڵاتی ناوەندی، لە ڕێگەی شالیارگەی تایبەتمەندەوە، چاودێریی قانوونیی کارەکانی شارەوانییەکان دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بڕیارەکانیان لەگەڵ دەستوور و قانوون نیشتمانییەکاندا یەکدەگرنەوە، بەڵام دەست لە بڕیارە خۆماڵییەکانیان وەرنادات.

٨.٣. پشتیوانیی تەکنیکی و پسپۆڕی: دەسەڵاتی ناوەندی ئەرکدارە بە دابینکردنی پشتیوانیی تەکنیکی، زانیاری و پسپۆڕی بۆ شارەوانییەکان، بەتایبەتی بۆ ئەو شارەوانییانەی کە توانای مرۆیی و دارایی سنووردارییان هەیە.

٨.٤. ئاڵوگۆڕی زانیاری: دەبێت پەرگاڵێکی نیشتمانیی یەکگرتوو بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و داتا لەنێوان شارەوانییەکان و دەسەڵاتی ناوەندیدا هەبێت، بۆ مسۆگەرکردنی پلاندانانێکی زانستی و هاوبەش.

٨.٥. نوێنەرایەتی لە ئاستی نیشتمانی: قانوون میکانیزمێک بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی شارەوانییەکان وەک دامەزراندنی "کۆڕی نیشتمانیی شارەوانییەکان" کە دەبێتە سەکۆیەکی ڕاوێژکاری لە ئاستی نیشتمانیدا دادەنێت.

نۆیەم: بەڕێوەبردنی قەیران و بەرگریی شارستانی

٩.١. بەرپرسیارێتیی هاوبەش: لە دۆخی کارەساتی سروشتی، قەیرانی تەندروستیی گشتی، یان هەر هەڕەشەیەکی دیکە بۆ سەر ئاسایشی گشتی، شارەوانییەکان وەک هێڵی پێشەوەی بەرپەرچدانەوە کار دەکەن، بەڵام بە هاوئاهەنگیی تەواو لەگەڵ دامەزراوە فریاکەوتنە نیشتمانییەکاندا ئەرکدارن.

٩.٢. پلانی ئامادەیی خۆماڵی: هەر شارەوانییەک دەبێت پلانی ئامادەیی بۆ قەیران و تیمی بەرپەرچدانەوەی فریاکەوتنی خۆماڵیی هەبێت، کە بە شێوەیەکی دەوری ڕاهێنانیان پێدەکرێت.

٩.٣. پەرگاڵی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە: شارەوانییەکان لە ڕاییکردنی پەرگاڵی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی دانیشتووان لە کاتی مەترسیدا بەرپرسیارن.

٩.٤. بەڕێوەبردنی خۆبەخشان: شارەوانییەکان ئەرکی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی هێزی خۆبەخشی شارستانییان لە کاتی قەیرانەکاندا لە ئەستۆدایە.

٩.٥. دەسەڵاتی کاتیی تایبەت: لە کاتی قەیراندا، دەسەڵاتی ناوەندی دەتوانێت بەپێی قانوون، دەسەڵاتی کاتیی تایبەت بۆ خێراکردنی دابەشکردنی هاوکاری و جوواڵاندنی سەرچاوەکان بە شارەوانییەکان بدات.

دەیەم: پاراستنی پاشماگی خۆماڵی و شوناسی ناوچەیی

١٠.١. ئەرکی پاراستن: شارەوانییەکان لە پاراستن و پەرەپێدانی پاشماگی کولتووری، زمانەوانی و مێژوویی تایبەت بە ناوچەکانیان، وەک بەشێک لە شوناسی گشتیی نەتەوە بەرپرسیارێتیی قانوونیی ڕاستەوخۆیان هەیە.

١٠.٢. پشتیوانی لە داهێنانی خۆماڵی: پشتیوانیکردن لە هونەر، پیشەی دەستی، فێستیڤاڵە خۆماڵییەکان، و گشت ئەو چالاکییانەی کە شوناسی تایبەتی ناوچەکە دەوڵەمەند دەکەن، ئەرکێکی بنەڕەتییانە.

١٠.٣. پاراستنی شوێنەوارەکان: شارەوانییەکان، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەستەی نیشتمانیی پاراستنی پاشماگ، لە پاراستنی شوێنەوارە مێژوویییەکانی سنووری خۆیان بەرپرسیارن.

١٠.٤. ناوی شوێنەکان: شارەوانییەکان بە پاراستن و بەکارهێنانی ناوە ڕەسەن و مێژوویییەکانی شوێنە جوگرافییەکانی سنووری خۆیان ئەرکدارن.

١٠.٥. هاوکاریی کولتووری: شارەوانییەکان بە هاندانی هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە کولتووری و پەروەردەییەکان بۆ بەهێزکردنی شوناسی کولتووریی خۆماڵی ئەرکدارن.

یازدەیەم: کێبڕکێی تەندروست و گەشەی هاوسەنگ

١١.١. بنەمای کێبڕکێی بنیاتنەر: پەرگاڵی شارەوانییە سەربەخۆکان لەسەر بنەمای هاندانی کێبڕکێی تەندروستی بنیاتنەر لەنێوان شارەوانییەکاندا بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان، داهێنان، پەرەپێدانی توانای مرۆیی و بەرزکردنەوەی چلۆنایەتیی ژیان دادەمەزرێت.

١١.٢. ئامانجی گەشەی هاوسەنگ: ئامانجی ستراتیژیی ئەم کێبڕکێیە، دابینکردنی گەشەیەکی نیشتمانیی هاوسەنگ و فرەچەشنە و ڕێگریکردن لە چڕبوونەوەی گەشەی ئابووری و دانیشتووان لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودایە.

١١.٣. پێوەری نیشتمانیی هەڵسەنگاندن: دەوڵەت، بەپێی قانوون، پەرگاڵێکی نیشتمانیی ڕووەن و زانستی بۆ هەڵسەنگاندنی کارایی شارەوانییەکان لە بوارەکانی وەک ڕاژەداری، گەشەی ئابووری، پاراستنی ژینگە و ڕەزامەندیی شارۆمەندان دادەمەزرێنێت.

١١.٤. سندوقی هاندانی نیشتمانی: دەرئەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنە دەبێتە بنەما بۆ دابەشکردنی بەشێک لە یارمەتییە دارایییە هاندەرەکان لە "سندوقی هاوسەنگیی نیشتمانی"یەوە، بە مەبەستی پاداشتکردنی سەرکەوتن و هاندانی شارەوانییەکانی دیکەیە.

١١.٥. هاوکاریی نێوان شارەوانییەکان: شارەوانییەکان بۆ دامەزراندنی هاوکاریی خۆویستانە و بەستنی ڕێککەوتنی فەرمی لەنێوان خۆیاندا بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی هاوبەشی ستراتیژی، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی کارایی و کەمکردنەوەی تێچوو هان دەدرێن.

١١.٦. یەکخستنی ڕاژەداری: قانوون چوارچێوەی قانوونیی پێویست بۆ یەکخستنی ڕاژەداری لە بوارە تایبەتەکاندا (وەک گواستنەوەی گشتی یان بەڕێوەبردنی پاشماوە) لەنێوان چەند شارەوانییەکی دراوسێدا دابین دەکات، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی دروستکردنی ئاستێکی کارگێڕیی نوێ.

١١.٧. ئاڵوگۆڕی ئەزموون و باشترین پراکتیک: دەوڵەتی ناوەندی بە دامەزراندنی سەکۆیەکی نیشتمانی بۆ ئاڵوگۆڕی ئەزموون و ناساندنی باشترین پراکتیکەکانی بەڕێوەبردنی خۆماڵی لەنێوان شارەوانییەکاندا ئەرکدارە.

دوازدەیەم: دادگای کارگێڕی و چارەسەرکردنی ناکۆکی

١٢.١. دەسەڵاتی دادوەریی تایبەتمەند: هەر ناکۆکییەک لەسەر سنووری دەسەڵاتی نێوان شارەوانییەک و دەسەڵاتی ناوەندی، یان لەنێوان دوو شارەوانیدا، لەلایەن دادگای کارگێڕیی تایبەتمەندەوە یەکلایی دەکرێتەوە.

١٢.٢. پابەندبوون بە بڕیارەکانی دادگا لەم بوارەدا کۆتایی و پابەندکەرن بۆ هەموو لایەنەکان و ناشێت تانەیان لێبدرێت.

١٢.٣.ڕاوێژی قانوونیی پێشوەختە: شارەوانییەکان مافیان هەیە داخوازی ڕاوێژی قانوونیی لە دەزگای ڕاوێژکاریی دەوڵەت بکەن بۆ دڵنیابوون لەوەیکە بڕیارە ستراتیژییەکانیان لەگەڵ دەستوور و قانوون نیشتمانییەکاندا دەگونجێن.

١٢.٤. ناوبژیوانیی کارگێڕی: قانوون دەتوانێت میکانیزمێک بۆ ناوبژیوانیی کارگێڕی لەنێوان شارەوانییەکاندا دابنێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان پێش گەیشتنیان بە دادگا، بە مەبەستی کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر دەسەڵاتی دادوەری.

١٢.٥. پاراستنی مافی شارەوانییەکان: دادگای کارگێڕی ئەرکی پاراستنی ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی شارەوانییەکانی لە ئەستۆدایە لەبەرامبەر هەر دەستدرێژییەکی ناقانوونیی لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە.

١٢.٦. سکاڵای شارۆمەندان: هەر شارۆمەندێک کە پێی وابێت بڕیارێکی شارەوانی مافە دەستوورییەکانی پێشێل کردووە، مافی هەیە سکاڵا لە دادگای کارگێڕی تۆمار بکات.

سێزدەیەم: نەهێڵانی قۆرخکاریی وارگێڕی

١٣.١. بێلایەنیی دامەزراوەیی: هیچ پارت یان لایەنێکی وارگێڕی مافی نییە دامودەزگای شارەوانییەک بۆ بەرژەوەندیی پارتایەتی بەکاربهێنێت. کارمەندانی شارەوانی دەبێت لە کاتی کارکردنی فەرمیدا بێلایەنیی تەواو بپارێزن.

١٣.٢. بەکارهێنانی سامانی گشتی: بەکارهێنانی سامانی گشتیی شارەوانی، لەوانە باڵەخانە، ئۆتۆمبێل و بودجە، بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن یان هەر کارێکی پارتایەتی، بە تاوانی گەندەڵی دادەنرێت و سزای تووندی قانوونیی لەسەر دەبێت.

١٣.٣. دامەزراندن لەسەر بنەمای شایستەیی: دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە لە پۆستە کارگێڕییەکانی شارەوانیدا دەبێت تەنیا لەسەر بنەمای شایستەیی، لێهاتوویی و ئەزموون بێت، نەک وەفاداریی پارتایەتی.

١٣.٤. جیاکردنەوەی پۆستی هەڵبژێردراو و کارگێڕی: دەبێت جیاکارییەکی ڕوون لەنێوان پۆستە هەڵبژێردراوەکان (ئەندامانی کۆڕ و سەرۆکی شارەوانی) و پۆستە کارگێڕییە پیشەییەکاندا هەبێت. فەرمانبەرانی پیشەیی نابێت لەژێر تینهێنانی وارگێڕیدا بن.

١٣.٥. چاودێریی بێوچان: دەزگای نیشتمانیی دژەگەندەڵی و دامەزراوەی باڵای چاودێریی دارایی، بە شێوەیەکی بێوچان و لەناکاو، چاودێریی کار و گرێبەستەکانی شارەوانییەکان دەکەن بۆ ڕێگریکردن لە هەر جۆرە قۆرخکارییەک.

١٣.٦. نەهێڵانی گرێبەست لەگەڵ بەرپرسان: بەستنی هەر جۆرە گرێبەستێکی بازرگانی لەنێوان شارەوانی و هەر کۆمپانیایەک کە ئەندامێکی هەڵبژێردراوی شارەوانییەکە یان کەسە پلە یەکەکانی خاوەنی بن، بە تونديی نەهێڵراوە.

١٣.٧. ئاشکراکردنی بەرژەوەندییەکان: هەموو ئەندامێکی هەڵبژێردراوی شارەوانی دەبێ بە ئاشکراکردنی گشت بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆی و خێزانەکەی پێش دەستبەکاربوون یان لە سەروبەندی هەر گۆڕانکارییەکدا پابەند بێت.

١٣.٨. سزای توند: هەر سەرپێچییەک لەم بڕگانە، جگە لە سزای قانوونیی، دەبێتە هۆی لادانی یەکجارەکی لە پۆستی گشتی و بێبەشکردنی هەردەمیی لە مافی خۆپاڵاوتن.

چواردەیەم: مافی شارۆمەند بۆ لێپرسینەوە

١٤.١. میکانیزمی لێپرسینەوەی گشتی: شارۆمەندانی هەر شارەوانییەک مافیان هەیە لە ڕێگەی میکانیزمی قانوونییەوە، وەک پێشکەشکردنی داخوازکاریی کۆکردنەوەی واژۆ، داخوازی لێپرسینەوەی فەرمی لە کۆڕی شارەوانی یان سەرۆکی شارەوانی لەسەر هەر مژارێکی دیاریکراو بکەن.

١٤.٢. ڕیفراندۆمی خۆماڵی بۆ لادان: قانوون ڕێگە بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی خۆماڵی دەدات بۆ لادانی ئەندامانی هەڵبژێردراو پێش کۆتاییهاتنی خولەکەیان، بە مەرجێک ژمارەیەکی دیاریکراو و بەرچاو لە دانیشتووان داخوازی بکەن، کە وردەکارییەکەی لە قانوونداً دیاری دەکرێت.

١٤.٣. مافی سکاڵا لە دادگای کارگێڕی: شارۆمەندان مافیان هەیە سکاڵا لەسەر هەر بڕیارێکی شارەوانی کە پێیان وایە ناقانوونییە یان زیانی پێگەیاندوون، لە دادگای کارگێڕیدا تۆمار بکەن.

١٤.٤. چاودێریی بێپسانەوەی شارۆمەندان: شارەوانییەکان ئەرکدارن بە دامەزراندنی پلاتفۆرمی ڕوونایی ئۆنلاین بۆ ئەوەی شارۆمەندان بتوانن بە شێوەیەکی بێوچان چاودێریی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژە و خەرجییەکان بکەن.

١٤.٥. پاراستنی ئاشکراکەرانی گەندەڵی: قانوون پارێزبەندیی تەواوی قانوونیی و کارگێڕی بۆ هەر شارۆمەند یان فەرمانبەرێک دابین دەکات کە زانیاریی باوەڕپێکراو لەسەر گەندەڵی لەناو شارەوانیدا ئاشکرا دەکات.

١٤.٦. دامەزراندنی کاریار (ئۆمبودسمان)ـی خۆماڵی: پێویستە نووسینگەی "کاریاری خۆماڵی" وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بۆ وەرگرتنی سکاڵای شارۆمەندان و لێکۆڵینەوە لە کارەکانی کارگێڕیی شارەوانی دابمەزرێت و ئەرکەکانی بێکەموکۆڕی بەڕێوە ببات.

١٤.٧. کۆبوونەوەی ساڵانەی لێپرسینەوە: سەرۆکی شارەوانی پابەندە بە سازکردنی کۆبوونەوەیەکی گشتیی ساڵانە لەگەڵ دانیشتووانداً بۆ خستنەڕووی کارنامەی ساڵی ڕابردوو و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

١٤.٨. مافی پێداچوونەوە بە بڕیارەکان: ژمارەیەکی دیاریکراوی شارۆمەندان، کە قانوون دیاری دەکات، دەتوانن داخوازی پێداچوونەوە بە هەر بڕیارێکی کۆڕی شارەوانی بکەن و کۆڕەکە پێویستە بە دووبارە تاوتوێکردنەوەی مژارەکە پابەند بێت.

١٤.٩. بەرپرسیارێتیی تاکەکەسیی بەرپرسان: قانوون بەرپرسیارێتیی قانوونیی تاکەکەسی بۆ ئەو بەرپرسە هەڵبژێردراوانە دیاری دەکات کە بەهۆی کەمتەرخەمی یان بڕیاری چەوتەوە زیان بە سامانی گشتی دەگەیەنن.

پازدەیەم: چوارچێوەی گشتیی قانوونیی

١٥.١. قانوونی دەسەڵاتە خۆماڵییەکان: قانوونێکی گشتگیر و تایبەت بە دەسەڵاتە خۆماڵییەکان، وردەکاریی گشت بڕگەکانی ئەم بەندە، لەوانە پێکهاتە، دەسەڵات، میکانیزمی دارایی، چاودێری و هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، ڕێکدەخات.

١٥.٢. پێداچوونەوەی دەوری: ئەم قانوونە دەبێت بە شێوەیەکی دەوری، لانیکەم هەر دە ساڵ جارێک، و بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکان و ئەزموونەکان، پێداچوونەوەی بۆ بکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمدا دەگونجێت.

١٥.٣. ڕاهێنان و تواناسازی: دەوڵەتی ناوەندی، لە ڕێگەی دامەزراوەی تایبەتمەندەوە، دەبێت لە دابینکردنی ڕاهێنان و تواناسازیی بێپسانەوە بۆ ئەندامانی هەڵبژێردراو و فەرمانبەرانی شارەوانییەکان لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی مۆدێرن، دارایی گشتی و پلاندانانی ستراتیژیدا بەرپرسیار بێت.

١٥.٤. پەرەپێدانی دیموکراسیی خۆماڵی: دەوڵەت هانی توێژینەوەی ئەکادیمی و دیالۆگی نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی بێوچانی مۆدێلی دیموکراسیی خۆماڵی لە کوردستاندا دەدات.

١٥.٥. یەکێتیی نەتەوەیی و نیشتمانی: سەرەڕای سەربەخۆیی کارگێڕی، هەموو شارەوانییەکان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان کار دەکەن و پێویستە بە کار و کردەوە بە پاراستنی یەکێتیی نەتەوەیی و نیشتمانی پابەند بن.

١٥.٦. قانوونی گواستنەوە: قانوونێکی تایبەت، پڕۆسەی گواستنەوە لە پەرگاڵی پێشووەوە بۆ پەرگاڵی نوێی شارەوانییەکان، دابەشکردنی ملک و ماڵ و گواستنەوەی فەرمانبەران بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و کارا ڕێکدەخات.

دەروازەی سێیەم :دەسەڵاتی قانووندانان

دەسەڵاتی قانووندانان لە کۆماری کوردستاندا، جیا لە دامەزراوەیەکی ڕێکاری، بەڵکوو مەکۆی باڵای گۆڕینی ویستمەندیی پەرتەوازەی نەتەوەیە بۆ فەرمانی دەستووریی یەکگرتوو. ئەم دەروازەیە چوارچێوەی کارکردنی ئەو نوێنەرایەتییە دادەڕێژێ کە ئەرکی مێژوویی بریتییە لە پاراستنی گەوهەری دەستوور لە ڕێگەی داڕشتنی قانوونی ورد و ئاوەزمەندانە. لێرەدا، پارلەمان و مەکۆی ژیران وەک دوو باڵی عەقڵی دەوڵەت، بەرپرسن لەوەی کە ویستی وارگێریی نەتەوە هەمیشە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان و ئاسایشی نەتەوەییدا بێت، تاوەکوو قانوون ببێتە ئامرازێکی پۆڵایین بۆ پاراستنی سەروەری و ئازادییەکان.

بەندی ١٤: سەرچاوە و پێکهاتەی دەسەڵاتی قانوونداناں

دەسەڵاتی قانوونداناں لە کۆماری کوردستاندا مافی ڕەها و نەدابەشکراوی نەتەوەی کوردە و تەنیا لە ڕێگەی نوێنەرانی ڕاستەوخۆی مەردمەوە کردەوەیی دەکرێت، کە نوێنەرایەتیی تەواوی ویستی نەتەوەیی دەکەن.

یەکەم: مەکۆی نیشتمانی وەک دامەزراوەی سەرەکی

١.١. دامەزراوەی سەرەکیی ئەم دەسەڵاتە بریتییە لە مەکۆی نیشتمانیی کوردستان (پەرلەمان).

١.٢. مەکۆی نیشتمانی بە دەنگی ئازادانە و ڕاستەوخۆی گشت شارۆمەندانی شایستەی کوردستان هەڵدەبژێردرێت.

دووەم: پانتایی دەسەڵاتە تایبەتەکانی مەکۆی نیشتمانی

٢.١. مەکۆی نیشتمانی خاوەنی ئەم دەسەڵاتانەیە:

ئ. دانان، هەموارکردنەوە و پووچەڵکردنەوەی قانوونەکانی وڵات

ب. چاودێریکردنی کاری دەسەڵاتی ڕایەدار

پ. پەسەندکردنی بودجەی گشتیی دەوڵەت

ت. گشت ئەرکەکانی دیکەی قانوونداناں کە لەم دەستوورەدا دیاری کراون

سێیەم: پابەندبوونە دەستوورییەکان و ئەرکی نیشتمانی

٣.١. مەکۆی نیشتمانی پابەندە بە بەرزڕاگرتنی بنەما و پرەنسیپەکانی ئەم دەستوورە.

٣.٢. مەکۆی نیشتمانی پابەندە بە پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان.

٣.٣. گشت قانوونەکان دەبێت لە ڕاژەی ئەم بنەمایانەدا بن:

ئ. پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی

ب. پاراستنی یەکپارچەیی وڵات

پ. پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی

ت. دابینکردنی خۆشبژێویی و دادپەروەریی بۆ گشت شارۆمەندان

چوارەم: سەروەریی دەستوور و باڵادەستیی دەستووری

٤.١. هیچ قانوونێک ناتوانێت پێچەوانەی هیچ یەکێک لە بەندە و پرەنسیپە بنەڕەتی و نەگۆڕەکانی ئەم دەستوورە بێت، بەتایبەت ئەوانەی لە دەروازەی یەکەمدا چەسپێندراون.

٤.٢. هەر قانوونێک ناکۆکیی لەگەڵ دەستووردا هەبێت، لە کاتی دەرچوونییەوە پووچەڵ و بێ کاریگەرە.

پێنجەم: ڕێکخستنی قانوونیی پێکهاتە و کارەکان

٥.١. ئەم مژارانە بەپێی قانوونی تایبەت ڕێکدەخرێن:

ئا. پێکهاتەی مەکۆی نیشتمانیی کوردستان

ب. ژمارەی ئەندامانی

پ. ماوەی خولەکەی

ت. مەرجەکانی کاندیدبوون و هەڵبژاردنیان

ج. پرۆسەی کاری ناوخۆیی مەکۆی نیشتمانی

٥.٢. ئەم قانوونە دەبێت لەگەڵ بنەماکانی ئەم دەستوورە و ستانداردە دیموکراتییەکاندا گونجاو بێت.

بەندی ١٥: سەقامگیریی فۆڕمی دەستووریی و میکانیزمەکانی گۆڕان

یەکەم: سەقامگیریی فۆڕمی کۆماریی

١.١. فۆڕمی کۆماریی دەوڵەتی کوردستان، کە فۆڕمی بنەڕەتی، ئاسایی و سەرەکیی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە و بەپێی ئەم دەستوورە دامەزراوە، سەقامگیر، پارێزراو و پابەندە بە سەروەریی نەتەوەیی، ویستی گشتیی شارۆمەندان، دیموکراسی، هەڵبژاردنی گشتی، لێپرسینەوە، سەروەریی قانوون، جیاکردنەوە و هاوسەنگیی دەسەڵاتەکان، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، دادپەروەریی نەتەوەیی، خۆشبژێویی گشتی، بەختەوەریی کۆمەڵ، و پێوەرەکانی دەوڵەتداریی دەستووریی جیهانی مۆدێرن و ئازاد.

١.٢. بەهێزبوونی ئەم دەستوورە لە ڕێگەی دانپێدانانی گشتی، نەتەوەیی، وارگێڕی و دامەزراوەییەوە دێتە ئاراوە. مانەوەی دەسەڵاتەکان لە چوارچێوەی ئەم فۆڕمە دەستوورییەدا بەند نییە بە پێوانەکردن یان گۆڕانکاریی کاتیی لە پشتیوانیی گشتییدا، لە دەرەوەی ئەو پرۆسە دەستووریی، قانوونی و نەتەوەییانەی لەم دەستوورەدا دیاری کراون.

١.٣. فۆڕمی کۆماریی دەوڵەت، بەرامبەر بە هەر پەرگاڵێکی وارگێڕیی نامۆدێرن، دژەمۆدێرن، دژەدیموکراسی، خێڵەکی، بنەماڵەیی، نێپۆتیستی، تاکپەرستانە، یاخی لە دەستوور، یان هەر پەرگاڵێکی دیکەی دژ بە سەروەریی نەتەوەیی، ویستی گشتیی شارۆمەندان، سەروەریی قانوون، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، دیموکراسیی دەستووری، خۆشبژێویی گشتی، بەختەوەریی کۆمەڵ، و پێوەرەکانی جیهانی مۆدێرن و ئازاد، بەندی نەگۆڕە و نابێت بە هیچ شێوازێک هەموار، هەڵوەشێندراوە، سنووردار یان جێگرەوە بکرێت.

دووەم: مافی نەتەوە بۆ خۆبڕیاردەریی، دانپێدانان و گۆڕانکاری

٢.١. هیچ فۆڕمێکی وارگێڕیی مافی هەتاییبوونی نییە و نەتەوەی کورد خاوەنی مافی ڕەهای خۆبڕیاردەریی، دانپێدانان و گۆڕانکارییە بەسەر پەرگاڵی وارگێڕیی خۆیدا، بە مەرجی ئەوەی ئەم مافە دژ بە سەروەریی نەتەوەیی، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، دیموکراسیی دەستووری، سەروەریی قانوون، دادپەروەریی نەتەوەیی، خۆشبژێویی گشتی، بەختەوەریی کۆمەڵ، و پێوەرەکانی دەوڵەتداریی مۆدێرن و ئازاد بەکار نەهێنرێت.

٢.٢. گۆڕانکاری لە فۆڕمی بنەڕەتیی پەرگاڵی وارگێڕی یان دەوڵەت، پاش بەهێزبوونی ئەم دەستوورە، تەنیا لە ڕێگەی میکانیزمە دەستوورییە زۆر توند، ڕوون و دیاریکراوەکانەوە ڕێگەپێدراوە، وەک ئەوانەی لەم دەستوورەدا ئاماژەیان پێکراوە.

٢.٣. لە قۆناغی پێش دانپێدانانی گشتی و پێش بەهێزبوونی ئەم دەستوورە، ئەگەر ڕەوتێکی بەرفراوان، بەردەوام و پشکنراوی نەتەوەیی بۆ فۆڕمێکی دیکەی دەوڵەتداری، لەوانەش کۆماری پارلەمانی، سانایەتیی دەستووریی پارلەمانی، یان هەر فۆڕمێکی دیکەی پەرگاڵی وارگێڕیی مۆدێرن و دیموکراتیک، هێندە بەهێز ببێ کە بتوانێت دەرفەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و دانپێدانانی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی بۆ کوردستان دروست بکات، ئەو بابەتە وەک

هەموارکردنەوەی ئاسایی دەستوور لێک نادرێتەوە؛ بەڵکو وەک گواستنەوەی فۆڕمی دامەزراندنی دەوڵەت لە چوارچێوەی مافی نەتەوە بۆ خۆبڕیاردەریی و دانپێدانان ڕێکدەخرێت.

٢.٤. گواستنەوەی فۆڕمی دامەزراندن لە کۆمارەوە بۆ هەر فۆڕمێکی دیکەی پەرگاڵی وارگێڕی، لەوانەش کۆماری پارلەمانی، سانایەتیی دەستووریی پارلەمانی، یان هەر فۆڕمێکی دیکەی پەرگاڵی وارگێڕیی مۆدێرن و دیموکراتیک، تەنیا کاتێک ڕێگەپێدراوە کە ئەو فۆڕمە بە شێوەیەکی ڕوون، پشکنراو و دەستووری، مۆدێرن، دیموکراتیک، ئازاد، پارلەمانی، وەڵامدەرەوە، دادپەروەر، پاکوخاوێن، پابەند بە سەروەریی قانوون، جیاکردنەوە و هاوسەنگیی دەسەڵاتەکان، هەڵبژاردنی گشتی، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، یەکسانیی شارۆمەندان، خۆشبژێویی گشتی، بەختەوەریی کۆمەڵ، و پێوەرەکانی دەوڵەتداریی دەستووریی جیهانی مۆدێرن و ئازاد بێت.

٢.٥. لە هەر ئەگەری گواستنەوە یان گۆڕینی فۆڕمی وارگێڕیدا، ناوەڕۆکی دیموکراتیکی ئەم دەستوورە، سەروەریی نەتەوەیی، ویستی گشتیی شارۆمەندان، هەڵبژاردنی گشتی، لێپرسینەوە، سەروەریی قانوون، جیاکردنەوە و هاوسەنگیی دەسەڵاتەکان، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، یەکسانیی قانوونی، دادپەروەریی نەتەوەیی، پاکڕەوشتی، ڕوونایی، دژایەتیی گەندەڵی، خۆشبژێویی گشتی، بەختەوەریی کۆمەڵ، و دەروازەی کوردستان بۆ جیهانی مۆدێرن و ئازاد، بە بەندە نەگۆڕەکان هەژمار دەکرێن و نابێت بە هیچ فۆڕمێکی وارگێڕی سنووردار، هەڵوەشێندراوە، لاواز یان داخراو بکرێن.

٢.٦. هیچ گۆڕانکارییەک لە فۆڕمی کۆماریی دەوڵەت، پاش بەهێزبوونی ئەم دەستوورە، بۆ فۆڕمێکی دیکەی پەرگاڵی وارگێڕی نابێت ئەنجام بدرێت، مەگەر بە پشتگیریی ڕوون، ژمارەیی و دەستنیشانکراوی زۆرینەی نەتەوەیی، بە زۆرینەی زیاتر لە سێ لەسەر چواری دەنگە بەشداریپێکراوەکان، و پاش پشکنینی پێشوەختەی دادگای باڵا بۆ دڵنیابوون لەوەی فۆڕمی پێشنیارکراو دژ بە بەندە نەگۆڕە دیموکراتیک، مافە بنەڕەتییەکان، سەروەریی قانوون، خۆشبژێویی گشتی، بەختەوەریی کۆمەڵ و پێوەرەکانی جیهانی مۆدێرن و ئازاد نییە.

٢.٧. لە قۆناغی پێش بەهێزبوونی ئەم دەستوورە، ئەگەر گواستنەوەی فۆڕمی دامەزراندن بۆ کۆماری پارلەمانی، سانایەتیی دەستووریی پارلەمانی، یان هەر فۆڕمێکی دیکەی پەرگاڵی وارگێڕیی مۆدێرن و دیموکراتیک بکرێتە بنەمای دانپێدانانی نەتەوەیی، دەقی گواستراو دەبێت تەنیا ئەو

ناو، فۆڕم و دامەزراوانە بگۆڕێ کە پەیوەستن بە فۆڕمی سەرۆکایەتیی دەوڵەت، بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکی دیموکراتیکی، مافە بنەڕەتییەکان، دامەزراوە هەڵبژێردراو و وەڵامدەرەوەکان، سەربەخۆیی دادوەری، سەروەریی قانوون، پاکڕەوشتی، ڕوونایی، خۆشبژێویی گشتی و بەختەوەریی کۆمەڵ لاواز بکرێن.

٢.٨. هیچ پەرگاڵێکی پاشایەتی، سەرۆکایەتی، کۆماری، سانایەتی، یان هەر فۆرمێکی دیکەی وارگێڕی کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی میراتی، بنەماڵەیی، خێڵەکی، نێپۆتیستی، تاکپەرستانە، نادیموکراتیک، ناپارلەمانی، نادەستووری، یاخی لە دەستوور، ناپابەند بە سەروەریی قانوون، یان دابڕاو لە پێوەرەکانی جیهانی مۆدێرن و ئازاد دروست بکات، لە بنەڕەتەوە ڕێنەدراوە و هیچ ڕەوایەتیی دەستووری، قانوونی، نەتەوەیی یان دامەزراوەیی نییە.

٢.٩. وردەکاریی میکانیزمەکانی گۆڕان، مەرجە تایبەتەکانیان، پشکنینی پێشوەختەی دادگای باڵا یان دەستەیەکی پشکنینی دەستووریی سەربەخۆ لە قۆناغی پێش بەهێزبوونی دەستوور، ڕێکاری دانپێدانان، ڕاپرسیی گشتی ئەگەر پێویست بێت، و گەرەنتیی پاراستنی بەندە نەگۆڕە دیموکراتیک و مافە بنەڕەتییەکان بە قانوونێکی تایبەت یان ڕێسایەکی دامەزرێنەری تایبەت دیاری دەکرێن.

بەندی ١٦: ڕەوایی دەسەڵات و چوارچێوەی دەستووریی

ڕەوایی دەسەڵات لە کۆماری کوردستاندا، بە تەواوی، لەم دەستوورە پیرۆزە و پڕۆسە قانوونیی و دەستوورییەکانی هەڵبژاردنی گشتیی خول و پێکهێنانی دامەزراوە فەرمییەکانی وڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت و لە چوارچێوەی بنەما نەگۆڕەکانی دەستووردا پراکتیزە دەکرێت.

یەکەم: سەرچاوەی ڕەوایەتیی دەسەڵاتە هەڵبژێردراوەکان

١.١. ئەم دەسەڵاتانە ڕەوایەتیی خۆیان لە پڕۆسەی دەستووریی دیاریکراو و هەڵبژاردنی ئازادانەی مەردم بۆ ماوەی خولیی دیاریکراو وەردەگرن:

ئ. دەسەڵاتی قانوونداناان (مەکۆی نیشتمانی و هەر کۆرپێکی تری قانوونداناان کە بەپێی دەستوور دامەزرابێت)

ب. دەسەڵاتی ڕایەدار (کابینەی دەسەڵات)

دوویەم: درێژەداریيەتیی ڕەوایەتی و سەقامگیریی دەسەڵات

٢.١. مانەوەی دەسەڵاتەکان بەند نییە بە پێوانەکردنی درێژەداریيەتیی ئاستی پشتیوانیی گشتییەوە لە دەرەوەی ئەو میکانیزمە دەستووریی و قانوونییانەی بۆ بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە دیاری کراون (وەک متمانە لێسەندن لە مەکۆی نیشتمانی).

سێیەم: مەرجەکانی لەدەستدانی ڕەوایەتی

٣.١. دەسەڵات تەنیا لەم بارانەدا ڕەوایەتیی خۆی لەدەست دەدات:

ئا. کاتێک بنەما نەگۆڕەکانی ئەم دەستوورە پێشێل بکات

ب. کاتێک ناپاکیی نیشتمانی بکات

پ. کاتێک لە ڕێگەی میکانیزمە دەستووریی و قانوونییە دیاریکراوەکانەوە (وەک بڕیاری دادگای باڵا یان متمانە لێسەندن بەپێی قانوونی مەکۆی نیشتمانی) بە ناقانوونیی بناسرێت

چوارەم: پاراستنی پەرگاڵی دەستووری و ڕێنەدراوکردنی هەوڵی ناقانوونیی

٤.١. هەر هەوڵێک بۆ لەدەستدانی ڕەوایەتیی دەسەڵات یان گۆڕینی فۆرمی پەرگاڵی وارگێڕی لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە دەستووریی و قانوونییانەی لەم دەستوورەدا دیاری کراون، بە تاوان دادەنرێت.

٤.٢. ئەم جۆرە هەوڵانە:

ئا. بە هەوڵێک بۆ تێکدانی سەقامگیریی دەوڵەت دادەنرێن

ب. بە هەوڵێک بۆ تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێن

پ. بە هەوڵێک بۆ تێکدانی بنەماکانی دەستوور دادەنرێن

٤.٣. ئەم جۆرە هەوڵانە سزای قانوونیی توند بەدوای خۆیاندا دەهێنن.

بەندی ١٧: مەکۆی ژیران (سەنا) - ژووری ژیرمەندی و سەقامگیریی نیشتمانی

مەکۆی ژیران وەک ژووری دووەمی دەسەڵاتی قانوونداناان، دامەزراوەیەکی نیشتمانییە بۆ دابینکردنی سەقامگیریی دەوڵەت، پێداچوونەوەی قووڵ و ستراتیژیی قانوونەکان، نوێنەرایەتیکردنی

ئەزموون و پسپۆڕیی باڵای نیشتمانی و پاراستنی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی نیشتمان و نەوەکانی داهاتوویە.

مەکۆی ژیران وەک هێزێکی سەقامدەر لە پڕۆسەی قانوونداناندا و بڕیاراندا کار دەکات و لە میکانیزمەکانی پشکنین و هاوسەنگی بەسەر دەسەڵاتەکانی دیکەدا، بەشدارە بە شێوازێک کە دەسەڵاتداریی ژیرانە و تۆکمە و لە هەمان کاتدا دادپەروەرانە مسۆگەر بکات.

ڕۆڵی مەکۆی ژیران تەواوکەر و قاڵبکەری ڕۆڵی مەکۆی نیشتمانی ـیە و پێکەوە هەیکەلەی دەسەڵاتی قانوونداناندا لە کۆماری کوردستاندا پێکدەهێنن.

یەکەم: پێکهاتە و هەڵبژاردن/داناندا و مەرجەکانی ئەندامێتی

١.١. مەکۆی ژیران لە ژمارەیەکی دیاریکراو ئەندام پێکدێ کە ژمارەیان بە قانوونی تایبەت دیاری دەکرێت.

١.٢. ئەندامانی مەکۆی ژیران لەسەر بنەمای ئەزموون، پسپۆڕیی باڵا، ڕاژەی بەرچاوی نیشتمانی هەڵدەبژێردرێن یان دادەنرێن. شێوازی هەڵبژاردن یان دانانیان:

ئا. دەکرێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ (وەک لەلایەن کۆڕە خۆماڵییەکان، زانکۆکان، دامەزراوە پیشەیی و کولتوورییەکان) بێت

ب. یان دانان لەلایەن سەرکۆمارەوە بە ڕەزامەندیی مەکۆی نیشتمانی (بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو)

پ. یان تێکەڵێک لەم شێوازانە بێت

ت. بە مەرجێک نوێنەرایەتییەکی هەمەلایەنەی ئەزموون، پسپۆڕی و بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی نیشتمان مسۆگەر بکات

١.٣. ئەندامی مەکۆی ژیران دەبێت خاوەنی ئەم مەرجانە بێت:

ئا. شارۆمەندیی کوردستانی

ب. تەمەنی دیاریکراو (کە دەبێت لە هی ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی زیاتر بێت)

پ. بڕوانامەی خوێندنی باڵا یان ئەزموونی کارگێڕی/قانوونیی/ئابووری/کولتوریی بەرچاو

ت. پاکی ناو و پێشینە

١.٤. ماوەی خولی ئەندامێتیی مەکۆی ژیران درێژتر دەبێت لە ماوەی خولی مەکۆی نیشتمانی بۆ دابینکردنی سەقامگیری و درێژەداریی‌یەتی ئەزموون.

١.٥. ناشێت ئەندامانی مەکۆی ژیران بەبێ هۆکارێکی قانوونیی و بەپێی پڕۆسەیەکی دیاریکراو لە پۆستەکانیان لاببرێن یان پلەکانیان دابەزێندرێت.

١.٦. وردەکاریی پێکهاتە، ژمارەی ئەندامان، شێوازی هەڵبژاردن/دانان، مەرجەکان و ماوەی ڕاژە بە قانوونی تایبەت ڕێکدەخرێت.

دوویەم: ئەرک و دەسەڵاتەکان

٢.١. مەکۆی ژیران خاوەنی ئەم ئەرک و دەسەڵاتە سەرەکییانەیە کە تەواوکەری ڕۆڵی مەکۆی نیشتمانین و بەشدارن لە تۆکمەکردنی پەرگاڵی دەسەڵاتداریی و پشکنین و هاوسەنگی:

ئ. پێداچوونەوەی قانووندانان:

- پێداچوونەوەی قووڵ و ژیرانە بەو پڕۆژە قانوونیانەی لە مەکۆی نیشتمانیەوە پەسەند کراون
- مافی پێشنیارکردنی هەموارکاریی لەسەر پڕۆژە قانوونەکان
- مافی دانەدواوەیان و گەڕاندنەوەیان بۆ مەکۆی نیشتمانی بۆ پێداچوونەوەی دووبارە
- دڵنیابوون لە گونجانی پڕۆژە قانوونەکان لەگەڵ دەستوور و بنەما نەگۆڕەکان
- وردبینیی قانوونیی و تەکنیکی، کاریگەرێتیی درێژخایەن
- لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتی و نەوەکانی داهاتوو

ب. یەکلاکردنەوەی ناکۆکی لەسەر قانوون:

- لە باریی ناکۆکی لەسەر پڕۆژەقانوونێک لە نێوان مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران
- میکانیزمی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان بەپێی قانوونی تایبەت ڕێکدەخرێت (وەک لیژنەی هاوبەش)
- لە کۆتاییدا مەکۆی نیشتمانی مافی بڕیاردانی کۆتایی بە زۆرینەیەکی دیاریکراو (وەک دوو لەسەر سێ) دوای تاوتوێکردنی تێبینییەکانی مەکۆی ژیران، بەپێی بەندی ١٨ هەیە

پ. پەسەندکردنی دانانی بەرپرسانی باڵا:

- پەسەندکردنی دانانی ئەو بەرپرسە بالّایانەی دەولّەت کە لەلایەن سەرکۆمارەوە کاندید دەکرێن
- بەپێی دەستوور (وەک بەندی ١٠) یان قانوونی تایبەت پێویستیان بە ڕەزامەندیی مەکۆی ژیران هەیە
- لەوانە دانانی بالّیۆزان، سەرۆکی دامەزراوە سەربەخۆکان و دادوەرانی دادگا بالّاکان
- وەک میکانیزمێکی ژینەکیی، پشکنینی شایستەیی و وارگێڕی بەسەر بڕیارەکانی سەرکۆماردا کار دەکات

ت. ڕۆڵ لە هەموارکردنەوەی دەستوور:

- مەکۆی ژیران ڕۆڵی ژینەکیی هەیە لە پڕۆسەی هەموارکردنەوەی دەستوور
- پڕۆژەی هەموارکردنەوەی دەستوور پێویستی بە پەسەندکردنی هەردوو کۆڕی مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران هەیە
- بە زۆرینەیەکی زۆر تایبەت (کە قانوون دیاری دەکات)
- بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموارکردنەوەی دەستوور تەنیا بە پشتگیریی ڕووبەر، ژمارەیی و دەستنیشانکراوی زۆرینەی نەتەوەیی ئەنجام بدرێت، و سەقامگیریی بنەما دەستوورییەکان، یەکپارچەیی قانوونی و ڕەواییی دەستووری پارێزراو بمێنێتەوە
- بەپێی ڕێکارەکانی بەندی ٢١ی ئەم دەستوورە

ج. ڕۆڵ لە لادانی سەرکۆمار:

- مەکۆی ژیران ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پڕۆسەی لادانی سەرکۆمار دەگێڕێت
- لە باریی دەستپێکردنی پڕۆسەی لادان و لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەلایەن مەکۆی نیشتمانیەوە
- مەکۆی ژیران دوای دەستپێکردنی پڕۆسەی لادان بەپێی دەستوور و قانوونی تایبەت، و دوای پێشکەشکردنی تۆمەتنامەی دەستووری، ئەرکی دادگاییکردنی دەستووریی سەرکۆمار و بڕیاردانی کۆتایی لەسەر لادانی لە پۆستەکە لە ئەستۆ دەگرێت. ئەم پڕۆسەیە تەنیا بەهۆی پێشێلکاریی سەلمێنراوی قورس لە دەستوور، ناپاکیی نیشتمانی، گەندەڵی، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، یان تاوانێکی مەبەستداری قورس دەکرێ کە بە

حوکمی دادگای شایستە یان بە بەڵگەی ڕوون و پشکنراو، متمانەی دەستووری و شایستەیی مانەوەی سەرکۆمار لە پۆستەکەدا لەناو ببات. بڕیاری لادان تەنیا بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی هەموو ئەندامانی مەکۆی ژیران و لە چوارچێوەی گەرەنتیی مافی بەرگری، دادپەروەریی پڕۆسە، و ڕووناییی تەواوی ڕێکارەکاندا دەردەچێت.

چ. ڕاوێژکاریی ستراتیژی و چاودێریی دریژخایەن:

- پێشکەشکردنی ڕاوێژکاریی پسپۆڕانە و ستراتیژی بە سەرکۆمار، کابینەی دەسەڵات و مەکۆی نیشتمانی
- لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە سەروەریی خاک، بەرگری، هەمواركردنەوەی دەستوور، سامانە سروشتییەکان، قەرزی نیشتمانی، پەیمانە نێودەوڵەتییە ستراتیژییەکان، یان مافە بنەڕەتییەکان
- نەخشە دریژخایەنەکان و وارگێڕییە گشتییەکان
- کە کاریگەرییان لەسەر داهاتووی وڵات و نەوەکانی داهاتوو دەبێت
- چاودێریی کاری دامەزراوە گشتییەکان لە ڕووی کاریگەرێتی و گونجان لەگەڵ ئامانجە دریژخایەنەکان

ح. لێکۆڵینەوە لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان:

- مەکۆی ژیران مافی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی هەیە
- سەبارەت بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییە گرنگ و درێژخایەنەکان
- کە پێویستیان بە پسپۆڕی و تێڕوانینی قووڵ هەیە

خ. هەر ئەرکێکی دیکە:

- هەر ئەرکێکی دیکە کە لەم دەستوورە یان قانوونی تایبەتدا دیاری کراوە
- بە مەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ بنەما نەگۆڕەکانی دەروازەی یەکەم
- و دەسەڵاتە سەرەکییەکانی مەکۆی نیشتمانی و دەسەڵاتی ڕایەدار و دەسەڵاتی دادوەریی

سێیەم: ماوەی ڕاژەی و پارێزبەندی و کۆدی ڕەوشت

٣.١. ماوەی خولی ئەندامێتیی مەکۆی ژیران درێژتر دەبێت لە ماوەی خولی مەکۆی نیشتمانی بۆ دابینکردنی سەقامگیری.

٣.٢. وردەکاریی ماوەی ڕاژەی قانوونی تایبەت ڕێکدەخرێت.

٣.٣. ئەندامانی مەکۆی ژیران وەک ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی، مافی پارێزبەندیی قانوونییان دەبێت:

ئ. بۆ ئەو بۆچوون و قسانەی لەناو مەکۆی ژیران و لیژنەکانیدا دەریدەبڕن

ب. بۆ دەنگدانەکانیان لە کاتی خولی ئەندامێتییاندا

پ. بۆ ئەوەی بتوانن بە ئازادی و بێ ترس بەپێی قانوونی تایبەت ئەرکەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن

٣.٤. ئەندامانی مەکۆی ژیران پابەند دەبن بە کۆدی ڕەوشت و ڕێسا ناوخۆییەکان:

ئ. کە بنەماکانی پاکی، ڕاستگۆیی و ڕێزگرتنی پیشەیی دەچەسپێنن

ب. مەکۆی ژیران مافی سزادانی ئەندامانی لە باریی سەرپێچیدا بەپێی ڕێسا ناوخۆییەکان هەیە

چوارەم: ڕێسای ناوخۆیی و ڕووناکبێتی

٤.١. مەکۆی ژیران ڕێسا ناوخۆییەکانی خۆی بۆ ئەم مەبەستانە دادەڕێژێت:

ئ. ڕێکخستنی کارەکانی

ب. پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی

پ. دامەزراندنی لیژنەکانی

ت. چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان و بڕیاردان

٤.٢. دانیشتنەکانی مەکۆی ژیران بە گشتی بۆ کۆمەڵی کوردستان و مێدیا کراوە دەبن، مەگەر لە بارە زۆر تایبەتەکاندا کە بە قانوون دیاری کراوە (وەک پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی).

پێنجەم: پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دیکە

٥.١. مەکۆی ژیران وەک بەشێک لە دەسەڵاتی قانوونداناان، بە هاوکاری لەگەڵ مەکۆی نیشتمانی و بەپێی بنەماکانی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پشکنین و هاوسەنگی، کار دەکات.

٥.٢. مەکۆی ژیران پەیوەندیی ڕاوێژکاریی و چاودێریی لەگەڵ سەرکۆمار، کابینەی دەسەڵات، دەسەڵاتی دادوەریدا دەبێت بەپێی دەستوور و قانوون.

شەشەم: درێژەداریيەتی کاری کۆڕ و پاراستنی پاشماگی قانوونیی

٦.١. کۆڕی ژیران وەك دامەزراوەیەکی سەقامگیر، تەنانەت لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی کۆڕی نیشتمانی (پەرلەمان) یان لە ماوەی گواستنەوەی دەسەڵاتەکاندا، بەردەوام دەبێت لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە ڕاوێژکارییە نیشتمانییەکانی بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی بۆشایی قانوونیی و ستراتیژی.

٦.٢. کۆڕی ژیران ئەرکی پاراستنی پاشماگی قانوونیی و دیکۆمێنتە ستراتیژییەکانی دەوڵەتی لە ئەستۆیە و وەك "ئەرشیفی زیندووی ئاوەزی دەوڵەت" کار دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە گۆڕانکارییە وارگێرییە خولییەکان کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاراستە درێژخایەنەکانی نیشتمان دروست ناکەن.

٦.٣. ئەندامانی کۆڕی ژیران پابەندن بە گواستنەوەی ئەزموون و زانیارییەکانیان بۆ نەوەکانی داهاتووی کۆمەڵی کوردستان لە ڕێگەی بەشداریی لە ناوەندە ئەکادیمی و فێرکارییەکاندا.

حەوتەم: میکانیزمی ڕوونایەتی و شایستەیی لە هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆدا

٧.١. قانوونی تایبەت بە مەکۆی ژیران، میکانیزمێکی ڕووەن، کێبڕکێکارانە و لەسەر بنەمای شایستەیی بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆسەی هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆی نوێنەرانی زانکۆکان و دامەزراوە پیشەیی و کولتوورییەکان دادەڕێژێت.

٧.٢. ئەم میکانیزمە دەبێت لانیکەم ئەم بنەمایانە مسۆگەر بکات:

ئ. دامەزراندنی کۆمیسیۆنێکی هەڵبژاردنی سەربەخۆ لەناو هەر دامەزراوەیەکدا بۆ سەرپەرشتیکردنی پڕۆسەکە.

ب. دیاریکردنی پێوەری ڕوونی شایستەیی و لێهاتوویی بۆ بەربژێرەکان.

پ. بەڕێوەبردنی پڕۆسەی دەنگدانی نهێنی و دادپەروەرانە لەلایەن گشت ئەندامانی شایستەی ئەو دامەزراوەیەوە.

ت. ڕێنەدراوکردنی هەر جۆرە بانگەشەیەکی پارتایەتی یان کەڵکوەرگرتن لە تینهێنانی وارگێڕی لەناو پڕۆسەکەدا.

٧.٣. ئامانج لەم ڕێکارانە، دڵنیابوونە لەوەی کە تەنیا ئەو کەسانە دەگەنە مەکۆی ژیران کە بەڕاستی نوێنەرایەتیی لوتکەی پسپۆڕی و ئەزموونی نیشتمانی دەکەن، نەک بەرژەوەندیی گرووپی دیاریکراو.

بەندی ١٨: دەسەڵاتی قانووندانان و مەکۆی نیشتمانی (پەرلەمان)

مەکۆی نیشتمانیی کوردستان وەک نوێنەری ڕاستەوخۆی کۆمەڵی کوردستان، نێوکی دەسەڵاتی قانووندانانە و کۆڵەکەیەکی ژینەکیی کۆماری کوردستان پێکدەهێنێت. ئەم کۆڕە بە دەنگی ئازادانەی گشت شارۆمەندانی شایستە هەڵدەبژێردرێت و ڕەنگدانەوەی ویستی نیشتمانی، فرەیی وارگێڕی، کولتووری، کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردستانە. مەکۆی نیشتمانی ئەرکی سەرەکیی بریتییە لە داڕشتن و پەسەندکردنی قانوونەکانی وڵات، چاودێریکردنی وردی کاری دەسەڵاتی ڕایەدار و دامەزراوە گشتییەکان، و دابینکردنی میکانیزمەکانی پشکنین و هاوسەنگی لە چوارچێوەی دەستووریی دیاریکراودا.

یەکەم: دەسەڵاتی تەنیا و بێ مەرجی قانووندانان

١.١. مەکۆی نیشتمانی خاوەنی دەسەڵاتی تەنیا و سەرەکییە لە داڕشتن، گفتوگۆکردن، هەمواورکردنەوە و پەسەندکردنی پڕۆژەقانوون و پێشنیارقانوونەکانی وڵات لە گشت بوارەکاندا کە پەیوەندیدارن بە ژیانی شارۆمەندان، پەرگاڵی گشتی، ئابووری، کۆمەڵگا، پێکهاتەی دەوڵەت، بەپێی بنەما و پرەنسیپە نەگۆڕەکانی ئەم دەستوورە.

١.٢. لەم بوارەدا ئەم خاڵانە پەیڕەو دەکرێن:

ئا. هیچ دەسەڵاتێکی دیکە، چ ڕایەدار و چ دادوەری، مافی دەرکردنی قانوونی نییە. تەنیا لە باریی زۆر نائاسایی و بە مەرجی توند و دیاریکراو کە بە دەستوور و قانوونی تایبەت ڕێکخراوە (وەک فەرمانی قانووندانان لە باری نائاساییدا)، دەسەڵاتی ڕایەدار مافی دەرکردنی ڕێکاری

هاوشێوەی قانوونی هەیە، بەڵام دەبێت مەکۆی نیشتمانی دواتر لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەو فەرمانانە پەسەند بکات یان ڕەتی بکاتەوە، ئەگینا پووچەڵ دەبنەوە.

ب. مەکۆی نیشتمانی دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوە و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە گشت قانوونەکانی وڵاتدا هەیە، بەپێی پرۆسەی قانووندانانی دیاریکراو.

پ. مافی پێشنیارکردنی قانوون بۆ ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی (وەک دەستپێشخەریی قانووندانانی شارۆمەندان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە)، مەکۆی ژیران (بەپێی بەندی ١٧)، دەسەڵاتی ڕایەدار (کابینەی دەسەڵات بە پێشنیاری سەرکۆمار) پارێزراوە، بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە قانوون دیاری کردووە.

ت. لە باریی ناکۆکی لەسەر پرۆژەقانوونێک لە نێوان مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران، مەکۆی نیشتمانی مافی بڕیاردانی کۆتایی هەیە بە زۆرینەیەکی دیاریکراو دوای تاوتوێکردنی تێبینییەکانی مەکۆی ژیران، بەپێی ئەو میکانیزمەی قانوون دیاری کردووە.

ج. مەکۆی نیشتمانی مافی پێداچوونەوەی هەیە بە قانوونەکانی پەسەندکراو لە کاتی گەڕاندنەوەیان لەلایەن سەرکۆمارەوە بەهۆی مافی ڤیتۆوە و مافی تێپەڕاندنی ڤیتۆی سەرکۆماری هەیە بە زۆرینەیەکی تایبەت بەپێی بەندەکانی ٢١ و ١٠ی ئەم دەستوورە.

دوویەم: پەسەندکردن و چاودێریی دارایی و بودجەی گشتیی دەوڵەت

٢.١. مەکۆی نیشتمانی بە تەنیا مافی تاوتوێکردن، هەموارکردنەوە و پەسەندکردنی پرۆژە قانوونی بودجەی گشتیی دەوڵەتی هەیە کە ساڵانە لەلایەن دەسەڵاتی ڕایەدارەوە پێشکەش دەکرێت.

٢.٢. هیچ خەرجییەکی گشتی نادرێت مەگەر بە قانوونی بودجە یان قانوونێکی دیکە ڕێگەی پێدرابێت.

٢.٣. مەکۆی نیشتمانی ئەم ئەرکانەی هەیە:

ئ. چاودێریی وردی ڕاییکردنی بودجە، داهاتەکان، قەرزە گشتییەکان و بەڕێوەبردنی گشتیی دارایی دەوڵەت لە ڕێگەی لیژنە پسپۆڕەکان و بەپێی ڕاپۆرتەکانی دامەزراوەی سەربەخۆی چاودێریی دارایی دەکات.

ب. مەکۆی نیشتمانی مافی لێکۆڵینەوەی هەیە سەبارەت بە گەندەڵی دارایی و ئیداری، لە گشت دامەزراوە گشتییەکاندا و مافی داخوازکردنی زانیاریی تەواوی هەیە لەم بوارەدا.

سێیەم: چاودێریی دەستووریی و قانوونیی و کارگێڕیی بەسەر دەسەڵاتی ڕایەدار و دامەزراوە گشتییەکاندا

٣.١. مەکۆی نیشتمانی، بەپێی بنەمای پشکنین و هاوسەنگی، چاودێریی پابەندبوونی دەسەڵاتی ڕایەدار (کە پێکدێت لە شالیارگەکان و سەرجەم دامەزراوەکانی دەسەڵات. بە دەستوور و قانوون کارپێکراوەکانەوە دەکات، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕاژەی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان و هاووڵاتییان دەکەن.

٣.٢. ئەم چاودێرییە نابێت ببێتە دەستوەردان لەو دەسەڵاتە دەستوورییانەی کە ڕاستەوخۆ بە سەرکۆمار سپێردراون، مەگەر لە کاتی پێشێلکردنی دەستوور یان قانووندا.

٣.٣. ئەم چاودێرییە لە ڕێگەی ئەم ئامرازە مەکۆی نیشتمانییانەوە ئەنجام دەدرێت:

ئا. پرسیار ئاراستەکردن

ب. بانگهێشتکردنی شالیارەکان (وەزیرەکان) و بەرپرسانی باڵای دەسەڵات

پ. پێکهێنانی لێژنەی لێکۆڵینەوەی کاتی یان هەردەمیی

ت. داخواز کردنی ڕاپۆرت و زانیاریی پێویست

٣.٤. شالیارەکان و سەرجەم بەرپرسانی باڵای دەسەڵاتی ڕایەدار پابەندن بە:

ئا. ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی مەکۆی نیشتمانی و لێژنە تایبەتمەندەکانیدا

ب. وەڵامدانەوەی پرسیارەکان

پ. پێشکەشکردنی ئەو زانیارییانەی کە بەپێی قانوون داخواز دەکرێن

٣.٥. هەر بەرپرسێک ئەم ئەرکە ڕایی نەکات، ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی قانوونیی دەبێتەوە کە لە قانووندا دیاری کراوە.

چوارەم: پەسەندکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان

٤.١. مەکۆی نیشتمانی دەسەڵاتی تاوتوێکردن و پەسەندکردنی ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی هەیە کە دەوڵەت واژۆیان دەکات و بەپێی دەستوور و قانوون پێویستیان بە پەسەندکردنی مەکۆی نیشتمانییە.

٤.٢. بەتایبەت ئەو پەیماننامانەی کاریگەریی ستراتیژی، ئابووری گەورە یان کاریگەریی لەسەر سەروەریی نەتەوەیی، ئاسایش، یان ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی شارۆمەندان هەیە.

پێنجەم: ڕۆڵ لە دۆخی ئاوارتە و جەنگدا

٥.١. مەکۆی نیشتمانی ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە پڕۆسەی بڕیاردان سەبارەت بە ڕاگەیاندنی دۆخی ئاوارتە یان دۆخی جەنگ لەلایەن سەرکۆمارەوە و پەسەندکردنی بڕیارەکانی پەیوەندیدار لەم دۆخانەدا، بەپێی ئەو ڕێکارانەی لە بەندی ١٠ و قانوونی تایبەتدا دیاری کراون.

٥.٢. لەم دۆخانەدا ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ:

ئ. مەکۆی نیشتمانی چاودێریی قانوونیی و دەستووریی بەسەر ڕاییکردنی دۆخی ئاوارتەدا دەکات بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان و دڵنیابوون لەوەی کە ڕێکارەکان لە سنووری دیاریکراوی قانوونییدا دەمێننەوە.

ب. مەکۆی نیشتمانی دەسەڵاتی پەسەندکردنی پەیماننامەکانی ئاشتی هەیە.

شەشەم: پەسەندکردن و لێپرسینەوەی بەرپرسانی باڵا

٦.١. مەکۆی نیشتمانی ڕۆڵی هەیە لە پڕۆسەی پەسەندکردنی دانانی هەندێک بەرپرسی باڵای دەوڵەت کە لەلایەن سەرکۆمارەوە کاندید دەکرێن وەک سەرۆکی دامەزراوە سەربەخۆکان و دادوەرانی دادگا باڵاکان (بەپێی بەندەکانی ١٠، ١٧ و ٢٩)، بەپێی قانوون.

٦.٢. لە بواری لێپرسینەوەی بەرپرسان مەکۆی نیشتمانی مافی لێپرسینەوە و لادانی ئەو بەرپرسە باڵایانەی (جگە لە سەرکۆمار) لە باریی سەلماندنی پێشێلکاریی تووندیی قانوونیی یان کارگێڕیدا بەپێی قانوون و پڕۆسەیەکی دادپەروەرانە هەیە.

حەوتەم: هەموارکردنەوەی دەستوور و بەندە نەگۆڕەکان

٧.١. مەکۆی نیشتمانی مافی پێشنیارکردن، تاوتوێکردن و پەسەندکردنی پڕۆژەی هەموارکردنەوەی دەستووری هەیە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە بە هیچ شێوەیەک ڕەها نییە و تەنیا بەپێی ئەو مەرجە زۆر تووندانەی کە بۆ گۆڕانکاریی لە دەستووردا دانراون و بەپێی ڕێکاری دەستووریی دیاریکراو کە پێویستی بە زۆرینەیەکی زۆر تایبەت هەیە لە هەردوو مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران و

پێویستی بە ڕیفراندۆمێکی نیشتمانی دەبێت (بەپێی قانوونی تایبەت بە هەموارکردنەوەی دەستوور)، ڕێکدەخرێت.

٧.٢. بۆ پاراستنی سەقامگیریی دەستوور:

ئ. ئامانج لەم ڕێکارە قورسانە دڵنیابوون لە سەقامگیریی دەستوور و بنەما نەتەوەییەکان و پاراستنی لە گۆڕانکاریی کاتی یان وارگێڕیی نامسۆگەر.

ب. بەندە نەگۆڕەکانی دەستوور، کە بنەمای دامەزراندن و مانەوەی کۆماری کوردستانن و نوێنەرایەتیی ویست و ناسنامەی نەپساوەی نەتەوەی کورد لەسەر خاکی خۆی دەکەن، بە هیچ شێوەیەک ناشێت بگۆڕدرێن یان هەموار بکرێنەوە، چ بە ڕێگەی پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستوور لەلایەن دەسەڵاتی قانووندانانەوە، یان دەرکردنی دەستوورێکی نوێ، یان واژۆکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان.

پ. ئەم بەندە نەگۆڕانە بریتین لە بەندەکانی ١، ٣ و ٤ (تایبەت بە پێناسە، سەروەریی ڕەبەق و پێشێلنەکراو و وارپارێزیی و یەکپارچەیی خاکی مێژوویی کوردستان وەک ملْک و وارگەی نەتەوەی کورد)، بەندی ٥ (تایبەت بە ناسنامە، پاشماگ و قووڵایی ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەی کورد وەک خاوەن و پاشماگگری شارستانییەتەکانی سەر خاکی کوردستان)، بەندی ٨ (تایبەت بە خاوەندارێتیی نەتەوەی کورد لە خاک و بووم و وارگەی نەتەوەیی و ڕێنەدراوکردنی کڕین و فرۆشتنی هەردەمیی خاک)، بەندی ١، خاڵی ٦ (تایبەت بە باڵادەستیی ڕەهای دەستوور وەک قانوونی بنەڕەتی و پێناسەکردنی ئەو کردارانەی هەڕەشە بۆ سەر سەروەریی و بنەما نەتەوەییەکان دروست دەکەن وەک تاوانی ناپاکیی نیشتمانی)، بەشە سەرەکییەکانی پێشەکی کە باس لە مێژوو، ناسنامە، مافی ڕەوای نەتەوەی کورد بۆ خاکی خۆی و دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان دەکەن وەک بنەمایەکی فەلسەفی و شوناسنامەیی بۆ دەستوورەکە، فۆرمی کۆماریی دەوڵەتی کوردستان وەک فۆرمی دەسەڵاتداریی (کە لە پێشەکی و بەندی ١ و ١١ـدا هاتووە).

ت. هەر هەوڵێک، چ ناوخۆیی بێت یان دەرەکی، بۆ گۆڕینی ئەم بەندە نەگۆڕانە و ناوەڕۆکە بنەڕەتییەکانیان، یان لاوازکردنیان، یان تێکدانی بونیادی دەستوور و بنەما نەتەوەیی و

نیشتمانییەکان، بەپێی بەندی ١، خاڵی ٦ و قانوون پەیوەندیدارەکان بە تاوانی گەورە و دژە-دەستووری هەژمار دەکرێت و ڕووبەڕووی تووندترین سزای قانوونیی دەبێتەوە.

هەشتەم: لادانی سەرکۆمار

٨.١. مەکۆی نیشتمانی مافی دەستپێکردنی پڕۆسەی لادانی سەرکۆمار لە پۆستەکەی هەیە، ئەگەر تۆمەتێکی دەستووریی ڕوون و بەڵگەی پشکنراو لەسەر پێشێلکاریی سەلمێنراوی قورس لە دەستوور، ناپاکیی نیشتمانی، گەندەڵی، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، یان تاوانێکی مەبەستداری قورس هەبێ کە بەپێی قانوون دیاری کرابێت و متمانەی دەستووری و شایستەیی مانەوەی سەرکۆمار لە پۆستەکەدا بخاتە ژێر پرسیاری بنەڕەتی.

٨.٢. ئەم پڕۆسەیە بەم شێوەیە ڕێکدەخرێت:

ئا. مەکۆی نیشتمانی ئەرکی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەسەر تۆمەتە دیاریکراوەکانی سەرکۆمار لە ئەستۆ دەگرێت.

ب. پڕۆسەی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی سەرکۆمار بەپێی دەستوور و قانوونی تایبەت ڕێکدەخرێت و دەبێت لەسەر بنەمای تۆمەتنامەی دەستووریی ڕوون، بەڵگەی پشکنراو، مافی بەرگری، بێلایەنی، دادپەروەریی پڕۆسە و ڕوونایی ڕێکارەکان بێت. لەم پڕۆسەیەدا، ڕۆڵی مەکۆی ژیران و دادگای باڵا بۆ لێکۆڵینەوە، دادگاییکردن، پشکنینی دەستووری و بڕیاردانی کۆتایی ڕێکدەخرێت کە بەپێی ئەو سنوور و مەرجانەی لەم دەستوورە و قانوونی تایبەتدا دیاری دەکرێن.

نۆیەم: ڕۆڵی نوێنەرایەتی و پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵی کوردستان

٩.١. مەکۆی نیشتمانی وەک سەکۆی سەرەکیی نوێنەرایەتیی کۆمەڵی کوردستان، دەنگی شارۆمەندان لە پڕۆسەی بڕیاردان و قانوونداناندا دەگرێتەبەر.

٩.٢. لەم بوارەدا:

ئا. ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی نوێنەرایەتیی گشتی وڵات دەکەن و بە پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان و مافەکانی گشت شارۆمەندانی بازنەکانیان پابەندن.

ب. مەکۆی نیشتمانی هانی بەشداریی چالاکی مەردم لە پرۆسەی قانوونداناان و چاودێریدا لە ڕێگەی میکانیزمەکانی وەک پێشنیاری شارۆمەندان، دانیشتنی گشتی و پلاتفۆرمی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ دەدات.

دەیەم: پێکهاتەی کارگێڕی و لیژنە پسپۆڕەکان

١٠.١. مەکۆی نیشتمانی پێکهاتەیەکی کارگێڕیی سەربەخۆی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی.

١٠.٢. لەم بوارەدا لیژنە هەردەمیی و کاتییەکانی مەکۆی نیشتمانی ڕۆڵی سەرەکی لە وردبوونەوە لە پرۆژەقانوون و پێشنیارقانوونەکان، چاودێریکردنی کاروبار و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان، لێکۆڵینەوە لە پرسە گرنگەکان بەپێی پسپۆڕی دەگێڕن.

یازدەیەم: ڕێسا ناوخۆییە و کۆدی ڕەوشت و سزادانی ئەندامان

١١.١. مەکۆی نیشتمانی ڕێسا ناوخۆییەکانی خۆی دادەڕێژێت و بۆ ڕێکخستنی کارەکانی، پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی، لیژنەکانی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان، بڕیاردان و دەنگدان پەسەندی دەکات، بە شێوازێک کە لەگەڵ بنەماکانی دەستوور و پرەنسیپەکانی دەسەڵاتداریی دیموکراتیدا بگونجێت.

١١.٢. لەبارەی ڕەوشت و سزادانەوە:

ئا. ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی پابەند دەبن بە کۆدی ڕەوشتی مەکۆی نیشتمانیی کە بنەماکانی پاکی، ڕاستگۆیی و ڕێزگرتنی پیشەیی دەچەسپێنێت.

ب. مەکۆی نیشتمانی مافی سزادانی ئەندامانی لە باریی سەرپێچیی جددیی لە ڕێسا ناوخۆییەکان یان کۆدی ڕەوشت بەپێی قانوون و ڕێسا ناوخۆییەکان هەیە.

دوازدەیەم: پارێزبەندی و سەربەشەکانی ئەندامان

١٢.١. ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی مافی پارێزبەندیی قانوونییان دەبێت بۆ ئەو بۆچوون و قسانەی لەناو هۆڵی مەکۆی نیشتمانی و لیژنەکانیدا دەریدەبڕن و بۆ دەنگدانەکانیان لە کاتی خولی ئەندامێتییاندا، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئازادی و بێ ترس و بەپێی ویژدانی خۆیان ئەرکەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن.

١٢.٢. لەم بوارەدا:

ئا. ناشێت ئەندامی مەکۆی نیشتمانی بەبێ ڕەزامەندیی مەکۆی نیشتمانی (مەگەر لە باریی تاوانکاریی ئاشکرا و بەرچاو، بەپێی قانوون) دەستگیر، زیندانی، یان دادگایی بکرێت.

ب. وردەکاریی پارێزبەندیی و سەربەشەکانی (ئیمتیاز) ئەندامان بە قانوونی تایبەت ڕێکدەخرێت.

سێزدەیەم: ڕووناکبیری و دەستگەیشتن بە زانیاری

١٣.١. دانیشتنەکانی مەکۆی نیشتمانی بەگشتی بۆ کۆمەڵی کوردستان و مێدیا، بۆ دڵنیابوون لە ڕووناکبیری و لێپرسینەوە کراوە دەبن.

١٣.٢. لەم بوارەدا:

ئا. تەنیا لە بارە زۆر تایبەتەکاندا کە بە پاساوی ئاسایشی نەتەوەیی، پاراستنی نهێنیی پرۆسەی دادوەریی، یان بەرژەوەندیی گشتیی گرنگ ڕەوا بن و بەپێی قانوون دیاری کرابێت، دەکرێت دانیشتنەکان بە نهێنی ئەنجام بدرێن.

ب. مەکۆی نیشتمانی بە دابینکردنی دەستگەیشتن بە زانیاریی گشتی سەبارەت بە کار و بڕیارەکانی بەپێی قانوون پابەندە.

چواردەیەم: پەیوەندیی لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکە

١٤.١. مەکۆی نیشتمانی دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە و بە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پابەندە.

١٤.٢. لەم بوارەدا: لە هەمان کاتدا، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ سەرکۆمار، دەسەڵاتی دادوەریی، مەکۆی ژیران، دامەزراوە سەربەخۆکان کار بۆ بەرژەوەندیی گشتی و پاراستنی بنەماکانی دەستوور و پەرگاڵی نیشتمانی دەکات.

بەندی ١٩: هەڵبژاردن و مەرجەکانی ئەندامێتیی مەکۆی نیشتمانی (پارلەمان)

ئەندامانی مەکۆی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی، ئازاد، نهێنی و ڕاستەوخۆوە لەلایەن گشت شارۆمەندانی شایستە بە دەنگدان هەڵدەبژێردرێن. قانوونی هەڵبژاردن وردەکاریی

پڕۆسەکە، ژمارەی ئەندامان، بازنەکانی هەڵبژاردن و مەرجەکانی کاندیدبوون دیاری دەکات، بە مەرجێک لەگەڵ ئەم بنەمایانەدا گونجاو بێت:

یەکەم: پەرگاڵی هەڵبژاردن و ستانداردەکانی بەڕێوەچوون

١.١. هەڵبژاردنەکان دەبێت بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە، ڕووەن و دادپەروەرانە بەڕێوە بچن.

١.٢. هەڵبژاردنەکان لەلایەن کۆمیسیۆنێکی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەوە چاودێری دەکرێن.

دووەم: مافی دەنگدان

مافی دەنگدان بۆ گشت شارۆمەندانی کوردستانە کە تەمەنیان قانوونیی بێت و مەرجەکانی تری قانوونی هەڵبژاردنیان تێدا بێت

سێیەم: مەرجەکانی کاندیدبوون

٣.١. مافی کاندیدبوون بۆ مەکۆی نیشتمانی بۆ گشت شارۆمەندانی کوردستانە کە مەرجەکانی قانوونیی دیاریکراویان تێدا بێت، بەتایبەت:

ئا. تەمەنی قانوونیی دیاریکراو

ب. شارۆمەندیی کوردستانی

پ. نەبوونی پێشینەی تاوانکاری

ت. وەفاداری بە دەستوور و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان

چوارەم: ماوەی خولی مەکۆی نیشتمانی

٤.١. ماوەی خولی مەکۆی نیشتمانی بەپێی قانوونی تایبەت ڕێکدەخرێت.

٤.٢. چۆنییەتی هەڵوەشاندنەوەی پێشوەختەی مەکۆی نیشتمانی بەپێی قانوونی تایبەت ڕێکدەخرێت.

بەندی ٢٠: کارکردن و ڕێسا ناوخۆییەکانی مەکۆی نیشتمانی

مەکۆی نیشتمانیی کوردستان بەپێی ڕێسا ناوخۆییەکانی خۆی کار دەکات، کە دەبێت بە تەواوی لەگەڵ بنەماکانی ئەم دەستوورە و ستانداردەکانی دەسەڵاتداریی دێموکراتیدا بگونجێت.

یەکەم: خولی کۆبوونەوەکانی مەکۆی نیشتمانی

١.١. مەکۆی نیشتمانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، خولی کۆبوونەوەی ئاسایی دەبێت، بەلایەنی کەمەوە دوو خول لە ساڵێکدا.

١.٢. خولی نائاسایی دەکرێت بە داخوازی یەکێک لەمانە ببەسترێت:

ئا. سەرۆکی دەوڵەت

ب. سەرۆکی مەکۆی نیشتمانی

پ. ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئەندامان

دووەم: پێکهاتەی سەرکردایەتی و لیژنەکان

٢.١. مەکۆی نیشتمانی ئەمانە هەڵدەبژێرێت:

ئا. سەرۆک

ب. جێگرانی سەرۆک

پ. لیژنە هەردەمیی و کاتییەکان

٢.٢. ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیان بەپێی ئەم دەستوورە دیاری دەکرێن.

سێیەم: ڕوونایەتی و کراوەیی دانیشتنەکان

٣.١. کۆبوونەوەکانی مەکۆی نیشتمانی کراوە دەبن بۆ مەردم و مێدیا، مەگەر لە بارە زۆر تایبەتەکاندا کە بە پاساوی ئاسایشی نەتەوەیی بەرژەوەندیی گشتیی گرنگ

٣.٢. دانیشتنە داخراوەکان دەبێت بە فەرمی پاساویان بۆ بهێنرێتەوە و تۆمار بکرێن

چوارەم: بڕیاردان و دەنگدان

٤.١. پەسەندکردنی قانوون و بڕیارەکان لە مەکۆی نیشتمانی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو دەبێت.

٤.٢. دەستوور دەتوانێت پێویستی بە زۆرینەیەکی زیاتر بکات بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری و پرسە تایبەتەکانی دیکە

پێنجەم: ماوەی خولی مەکۆی نیشتمانی و هەڵوەشاندنەوە

٥.١. ماوەی خولی مەکۆی نیشتمانی بە قانوون دیاری دەکرێت، بەڵام نابێت لە چوار ساڵ زیاتر بێت.

٥.٢. هەڵوەشاندنەوەی مەکۆی نیشتمانی پێش کۆتاییهاتنی ماوەکەی:

ئا. تەنیا لە ژێر ئەو مەرجانەدا ڕێگەپێدراوە کە لەم دەستوورەدا دیاری کراون

ب. دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام بدرێت

شەشەم: دەستپێشخەری قانووندانان

٦.١. مافی پێشنیارکردنی قانوون بۆ ئەمانە دەبێت:

ئا. ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی

ب. سەرۆکی دەوڵەت

پ. کۆڕی شالیاران (کابینەی وەزیران)

٦.٢. ئەم مافە بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە لە قانووندا دیاری دەکرێن، ڕایی دەکرێت.

حەوتەم: چاودێریی مەکۆی نیشتمانی

٧.١. مەکۆی نیشتمانی ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

ئا. چاودێریکردنی دەسەڵاتی ڕایەدار

ب. لێکۆڵینەوە لە کاروباری گشتی

پ. بانگهێشتکردنی بەرپرسانی گشتی بۆ لێپرسینەوە

هەشتەم: پارێزبەندیی پەرلەمانی

٨.١. ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی مافی پارێزبەندیی قانوونییان دەبێت بۆ:

ئا. ئەو بۆچوونانەی دەریان دەبڕن لە کاتی خولی ئەندامێتییاندا

ب. ئەو دەنگانەی دەیدەن لە کاتی خولی ئەندامێتییاندا

٨.٢. ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی ناشێت دادگایی یان دەستگیر بکرێن بەبێ ڕەزامەندیی پێشوەختەی مەکۆی نیشتمانی، مەگەر لە باریی تاوانکاریی لێی ڕوو دا بێت.

نۆیەم: کۆدی ڕەوشت و سزادان

٩.١. ئەندامان پابەند دەبن بە:

ئا. کۆدی ڕەوشتی

ب. بەشداریی چالاک

پ. ڕێزگرتن لە شایستەیی دامەزراوەیی

٩.٢. سزاکانی سەرپێچی یان بەشداری نەکردنی بێوچان بەپێی ڕێسا ناوخۆییەکان دیاری دەکرێن.

دەیەم: پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکە

١٠.١. مەکۆی نیشتمانی بە سەربەخۆیی کار دەکات.

١٠.٢. مەکۆی نیشتمانی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەمانە کار دەکات:

ئا. سەرۆکی دەوڵەت

ب. دەسەڵاتی دادوەریی

پ. دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت

١٠.٣. ئەم هاوئاهەنگییە بەپێی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە لەم دەستوورەدا دیاری کراوە، ئەنجام دەدرێت.

بەندی ٢١: پڕۆسەی قانوونداناان و ڕۆڵی مەکۆی ژیران

پڕۆسەی داڕشتن و پەسەندکردنی قانوون لە کۆماری کوردستاندا پڕۆسەیەکی بنەڕەتیی دەستوورییە و بە هاوکاری و بەشداریکردنی هەردوو ژووری دەسەڵاتی قانوونداناان، مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران، بەڕێوە دەچێت. ئەم پڕۆسەیە بۆ دڵنیابوون لە ژیرمەندی، تۆکمەیی و گونجانی قانوونەکان لەگەڵ بنەماکانی دەستوور و بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان داندراوە. ڕۆڵی مەکۆی ژیران لەم پڕۆسەیەدا ژینەکییە و تەواوکەری ڕۆڵی مەکۆی نیشتمانییە.

یەکەم: پێشنیارکردنی پڕۆژەقانوون

١.١. مافی پێشنیارکردنی پڕۆژەقانوون بۆ گشت بوارەکان هەیە، بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە قانوون دیاری کردووە، لەلایەن:

ئا. دەسەڵاتی ڕایەدار بە پێشنیار و پەسەندکردنی سەرکۆمار

ب. ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی بەپێی ڕێسا ناوخۆییەکانی مەکۆی نیشتمانی

پ. ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکۆی ژیران بەپێی ڕێسا ناوخۆییەکانی مەکۆی ژیران

ت. لە ڕێگەی دەستپێشخەریی قانوونداناانی شارۆمەندانی کوردستانەوە، کە بەپێی مەرج و ژمارەی دیاریکراوی واژۆ بە قانوونی تایبەت ڕێکدەخرێت و لە ڕێگەی ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی یان ئەندامانی مەکۆی ژیرانەوە پێشکەش دەکرێت

دووەم: پڕۆسەی پەسەندکردن لە مەکۆی نیشتمانی

٢.١. پڕۆسەی پەسەندکردنی قانوون لە مەکۆی نیشتمانی بەم شێوەیە دەبێت:

ئا. سەرەتا پڕۆژەقانوونەکان (جگە لەوانەی لە مەکۆی ژیرانەوە دێن) لە مەکۆی نیشتمانیدا پێشکەش دەکرێن و لە لیژنە پسپۆڕییەکاندا وردبینیی و گفتوگۆی سەرەتاییان لەسەر دەکرێت

ب. پاش وردبینیی لیژنە، پڕۆژەقانوونەکە بۆ خوێندنەوە و گفتوگۆ و هەمواورکردنەوە، دەخرێتە بەر دەنگی گشتیی مەکۆی نیشتمانی

پ. دوای پەسەندکردن بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو لە مەکۆی نیشتمانیدا (مەگەر دەستوور زۆرینەیەکی دیکەی دیاری کردبێت)، پرۆژە قانوونەکە دەگوازرێتەوە بۆ مەکۆی ژیران

سێیەم: پرۆسەی پێداچوونەوە و پەسەندکردن لە مەکۆی ژیران

٣.١. پرۆسەی پێداچوونەوە و پەسەندکردن لە مەکۆی ژیران بەم شێوەیە دەبێت:

ئ. پرۆژەقانوونەکانی پەسەندکراوی مەکۆی نیشتمانی دەگەنە مەکۆی ژیران و لە لیژنە پسپۆڕییەکانی مەکۆی ژیران و دواتر لە دانیشتنی گشتیدا گفتوگۆی قوولْ و پێداچوونەوەیان لەسەر دەکرێت (بەپێی بەندی ١٧)

ب. مەکۆی ژیران مافی هەموارکردنەوەی پرۆژەقانوونەکە یان دانەدواوەی هەیە

پ. ئەگەر مەکۆی ژیران پرۆژەقانوونەکەی بە بێ گۆڕانکاری پەسەند کرد یان لە ماوەیەکی دیاریکراودا وەڵامی نەدایەوە، ئەوا بە پەسەندکراو هەژمار دەکرێت و بۆ سەرکۆمار دەگوازرێتەوە

ت. ئەگەر مەکۆی ژیران هەموارکاریی لەسەر پرۆژەقانوونەکە پێشنیار کرد یان دایە دواوە، ئەوا دەگەڕێندرێتەوە بۆ مەکۆی نیشتمانی

چوارەم: یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی نێوان مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران

٤.١. لە دۆخی ناکۆکی نێوان مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران:

ئ. لە دۆخی گەڕاندنەوەی پرۆژەقانوونەکە لەلایەن مەکۆی ژیرانەوە، مەکۆی نیشتمانی دەتوانێت پێداچوونەوەی بە هەموارکارییە پێشنیارکراوەکانی مەکۆی ژیران بکات

ب. مەکۆی نیشتمانی مافی بڕیاردانی کۆتایی هەیە لەسەر پرۆژەقانوونەکە دوای تاوتوێکردنی تێبینییەکانی مەکۆی ژیران

٤.٢. قانوون میکانیزم و زۆرینەی پێویست بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکە دیاری دەکات:

ئ. لە لیژنەی هاوبەش یان بە دەنگدانی مەکۆی نیشتمانی بە زۆرینەیەکی دیاریکراو (وەک زۆرینەی ڕەها یان زۆرینەی تایبەت وەک دوو لەسەر سێ)

ب. بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیی پرۆژەقانوونەکە و پێویستیی دابینکردنی ژیرمەندیی قانوونداناان (پەیوەست بە بەندی ١٧ و بەندی ١٨)

پێنجەم: دەسەڵاتی سەرکۆمار لە پەسەندکردن و ڕاگەیاندنی قانوونەکان و مافی ڤیتۆ

٥.١. پرۆسەی پەسەندکردن و ڕاگەیاندنی قانوون لەلایەن سەرکۆمارەوە:

ئا. پاش پەسەندکردنی پرۆژەقانوونەکە لە هەردوو کۆڕەکەدا یان یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی لە نێوانیاندا بەپێی قانوون، پرۆژەقانوونەکە بۆ سەرکۆمار دەگوازرێتەوە

ب. سەرکۆمار مافی پەسەندکردن (واژۆکردن) و ڕاگەیاندنی قانوونەکەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا هەیە

پ. قانوون دوای ڕاگەیاندنی لە ڕۆژنامەی فەرمی دەچێتە بواری ڕاییکردنەوە

٥.٢. مافی ڤیتۆی سەرکۆمار:

ئا. سەرکۆمار مافی ڤیتۆی قانوونداناانی هەیە و دەتوانێت پرۆژەقانوونەکانی پەسەندکراو بۆ مەکۆی نیشتمانی بۆ پێداچوونەوەی دووبارە، بە ڕوونکردنەوە بگەڕێنێتەوە

ب. مەکۆی نیشتمانی مافی تێپەڕاندنی ڤیتۆی سەرکۆماری بە زۆرینەیەکی تایبەت (کە قانوون دیاری دەکات و نابێت لە زۆرینەی ڕەها کەمتر بێت و دەکرێت دوو لەسەر سێ بێت. لە دانیشتنێکی گشتی و دوای تاوتوێکردنی هۆکارەکانی ڤیتۆکەی سەرکۆمار هەیە (پەیوەست بە بەندی ١٠ و بەندی ١٨)

پ. ئەگەر مەکۆی نیشتمانی ڤیتۆکەی سەرکۆماری تێپەڕاند بە زۆرینەی پێویست، ئەوا قانوونەکە بە پەسەندکراو دادەنرێت و سەرکۆمار بە ڕاگەیاندنی پابەندە

ت. سەرکۆمار مافی دانەدواوەی قانوونێکی نییە تەنیا لەبەر هۆکاری وارگێڕی کە پەیوەست نەبێت بە بنەماکانی دەستوور یان ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمانەوە

ج. دەکرێت سەرکۆمار داخواز لە دادگای باڵا بکات سەبارەت بە دەستووریبوونی قانوونێک پێداچوونەوە بکات (پەیوەست بە بەندی ٢٨)

شەشەم: قانوون تایبەتەکان و زۆرینەی تایبەت

٦.١. هەندێک جۆری قانوون دەکرێت پێویستیان بە پرۆسەیەکی قانووندانان و زۆرینەیەکی تایبەت هەبێت، وەک:

ئ. قانوونەکانی پەیوەست بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان

ب. قانوونەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکان

پ. قانوونەکانی پەیوەست بە پێکهاتەی دەسەڵاتەکان

ت. قانوونەکانی پەیوەست بە پرسە نەتەوەییە گرنگەکان

٦.٢. دەستوور و قانوون وردەکارییەکانی پرۆسەی قانووندانان و زۆرینەی پێویست بۆ پەسەندکردنی ئەم جۆرە قانوون تایبەتانە دیاری دەکات.

بەندی ٢٢: چاودێریی مەکۆی نیشتمانی بەسەر دەسەڵاتی ڕایەدار

مەکۆی نیشتمانیی کوردستان (پارلمان) وەک نوێنەری مەردم چاودێریی کاری کابینەی دەسەڵات و کاروبارەکان و دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت دەکات بۆ دڵنیابوون لە ڕاییکردنی قانوونەکان، بەرنامەی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بە شێوەیەکی ڕووەن و بەرپرسیار.

یەکەم: پرسیار و وەڵام

١.١. مەکۆی نیشتمانی مافی ئاڕاستەکردنی پرسیار و پرسین بۆ سەرۆکی کابینەی دەسەڵات و شالیارەکان هەیە.

١.٢. هەر ئەندامێکی مەکۆی نیشتمانی دەتوانێت پرسیاری ڕوونکردنەوە ئاڕاستەی شالیارەکان بکات.

١.٣. وەڵامی پرسین کردارێکی چاودێریی بەهێزترە و دەکرێت بە داخوازکاری ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئەندامان، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی مەکۆی نیشتمانی.

دوویەم: لێژنەی لێکۆڵینەوە

٢.١. مەکۆی نیشتمانی دەتوانێت لێژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر پرسە گرنگەکان یان بارەکانی گەندەڵی و بەد بەڕێوەبردن پێکبهێنێت.

٢.٢. ئەم لێژنانە دەسەڵاتی ئەمانەیان هەیە:

ئا. بانگهێشتکردنی بەرپرسان و گەواهەکان

ب. داخوازکردنی بەڵگەنامە و زانیاری

پ. ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی

ت. پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە بۆ مەکۆی نیشتمانی

سێیەم: پێشکەشکردنی زانیاری و ڕاپۆرت

٣.١. کابینەی دەسەڵات و کاروبارەکان پابەند دەبن بە پێشکەشکردنی زانیاری و ڕاپۆرتی داخوازکراو بۆ مەکۆی نیشتمانی.

٣.٢. بەرپرسانی دەوڵەت نابێت هیچ زانیارییەک لە مەکۆی نیشتمانی بشارنەوە، جگە لەو زانیارییانەی کە بەپێی قانوون نهێنین.

٣.٣. ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی پابەندن بە پاراستنی نهێنیی ئەو زانیارییانەی کە لە چوارچێوەی نهێنیدا پێیان دەگات.

بەندی ٢٣: پەیوەندیی نێوان مەکۆی نیشتمانی و دەسەڵاتی دادوەری و دامەزراوە سەربەخۆکان

مەکۆی نیشتمانی ڕۆڵی لە پتەوکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی و دامەزراوە سەربەخۆکانی دیکەدا هەیە و چاودێریی کاری قانوونییان دەکات.

یەکەم: دانانی دادوەرانی باڵا

١.١. مەکۆی نیشتمانی ڕۆڵی لە پەسەندکردنی دانانی سەرۆکی دادگای باڵا و دادوەرە باڵاکاندا هەیە، بەپێی بەندی ١٠.٢.ڕ و قانوونی تایبەت.

١.٢. مەکۆی نیشتمانی دەتوانێت بەپێی قانوونی تایبەت پاڵێوراوەکان بۆ پۆستی دادوەری باڵا بانگهێشت بکات بۆ دانیشتنی بیستن.

دووەم: لێپرسینەوە لە دادوەران

٢.١. مەکۆی نیشتمانی دەتوانێت بەپێی قانوون لێپرسینەوە لە سەرۆکی دادگای باڵا یان دادوەرە باڵاکان بکات لە باریی پێشێلکاریی جددیی قانوونیی یان دەستوورییدا.

٢.٢. پرۆسەی لێپرسینەوە لە دادوەران پێویستی بە دەنگی زۆرینەی تایبەت هەیە و بەپێی ڕێکارەکانی دیاریکراو لە قانوونی تایبەتدا ئەنجام دەدرێت.

سێیەم: چاودێریی دامەزراوە سەربەخۆکان

٣.١. مەکۆی نیشتمانی چاودێریی کاری دامەزراوە سەربەخۆکان دەکات، لەوانە:

ئا. کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان

ب. دەزگای چاودێریی دارایی

پ. دەزگای مافەکانی مرۆڤ

٣.٢. ئەم دامەزراوە سەربەخۆیانە ڕاپۆرتی ساڵانە پێشکەشی مەکۆی نیشتمانی دەکەن.

٣.٣. ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی دەتوانن پرسیار ئاڕاستەی سەرۆکی ئەم دامەزراوانە بکەن.

بەندی ٢٤: پارێزبەندی و سەربەشەکانی ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی

ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران مافی پارێزبەندییان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بە ئازادی و بێ ترس لە ئەرکەکانی خۆیاندا قسە بکەن و دەنگ بدەن.

یەکەم: پارێزبەندی بیروڕا و دەنگدان

١.١ .ئەندامی مەکۆی نیشتمانی یان مەکۆی ژیران بەهۆی ئەو بۆچوون و قسانەی لەناو هۆڵی مەکۆی نیشتمانی یان لیژنەکانیدا دەریدەبڕێت، یان بەهۆی دەنگدانەکەی، لێپرسینەوەی قانوونیی لەسەر ناکرێت.

١.٢ .پارێزبەندی بیروڕا و دەنگدان ڕەها نییە و نابێت ببێتە هۆکاری:

ئا. توهمەتی کەسی بەبێ بەڵگە

ب. قسەی نەشیاو و ناپەسەند دژ بە تاک یان کۆمەڵ

پ. هاندان بۆ تاوان یان تووندوتیژی

دووەم: پارێزبەندی لە دەستگیرکردن و دادگاییکردن

٢.١ .ئەندامی مەکۆی نیشتمانی یان مەکۆی ژیران ناشێت دەستگیر بکرێت، زیندانی بکرێت، یان دادگایی بکرێت لە ماوەی خولی ئەندامێتییدا، مەگەر لەم دۆخانەدا:

ئا. لە باریی تاوانکاریی لێی ڕوودابێت

ب. مەکۆی نیشتمانی/مەکۆی ژیران بڕیار بە هەڵگرتنی پارێزبەندییەکەی بدات بەپێی قانوونی ناوخۆیی

٢.٢ .لە هەر دۆخێکی دەستگیرکردن یان دادگاییکردنی ئەندامێک، دەبێت سەرۆکایەتی مەکۆی نیشتمانی یان مەکۆی ژیران ئاگادار بکرێتەوە.

سێیەم: ڕێکخستنی قانوونیی پارێزبەندی و سەربەشەکان

٣.١ .وردەکاریی پارێزبەندی و سەربەشەکانی ئەندامان بەپێی قانوونی تایبەت دیاری دەکرێت.

٣.٢ .ئەم قانوونە دەبێت مافی ئەندامان بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانیان بپارێزێت.

٣.٣ .پارێزبەندی ئەندامان مافێکی تایبەت بە پۆستەکەیانە، نەک مافێکی کەسی، و ناکرێت لێی دەستبەردار بن.

بەندی ٢٥: هەڵوەشاندنەوەی قانوونەکان

قانوونەکانی دەرچوو لە مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران تەنیا دەتوانرێن لەلایەن هەردوو کۆڕەکە خۆیانەوە یان بە بڕیاری دادگای باڵا (کاتێک پێچەوانەی دەستوور بن) هەڵبوەشێنرێنەوە.

یەکەم: پڕۆسەی هەڵوەشاندنەوەی قانوونیی

١.١. پڕۆسەی هەڵوەشاندنەوەی قانوونێک هاوشێوەی پڕۆسەی پەسەندکردنی قانوونێکە، بە پێشنیار، گفتوگۆ و دەنگدان لە هەردوو کۆڕدا.

١.٢. بۆ هەڵوەشاندنەوەی قانوونێک پێویستە:

ئ. پێشنیارەکە لەلایەن ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئەندامان یان کابینەی دەسەڵاتەوە پێشکەش بکرێت

ب. لە لیژنەی پەیوەندیداردا گفتوگۆی لەسەر بکرێت

پ. دەنگی زۆرینەی پێویست بەپێی قانوون بەدەست بهێنێت

دووەم: هەڵوەشاندنەوە لەلایەن دادگای باڵاوە

٢.١. دادگای باڵا مافی پێداچوونەوەی بە قانوونەکاندا هەیە و دەتوانێت بڕیار لەسەر نادەستووریبوونی هەر قانوونێک بدات.

٢.٢. کاتێک دادگای باڵا بڕیاری نادەستووریبوونی قانوونێک دەدات:

ئ. قانوونەکە لە کاتی دەرچوونی بڕیارەکەوە پووچەڵ و بێ کاریگەر دەبێت

ب. دەبێت بڕیارەکە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو بکرێتەوە

پ. هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند دەبن بە ڕێزگرتن لە بڕیارەکە

دەروازەی چوارەم: دەسەڵاتی دادوەریی

دادپەروەری، هاوسەنگیی بوونایەتیی کۆماری کوردستانە و دەسەڵاتی دادوەرییش ویژدانی بێلایەنی دەوڵەتە. ئەم دەروازەیە بنەماکانی سەربەخۆیی ڕەهای ئەو دەسەڵاتە پێناسە دەکات کە ئەرکی پاراستنی "دەستوور" وەک سەرچاوەی باڵا لە ئەستۆدایە. لێرەدا، دادوەری وەک قەڵایەکی سەربەخۆ لە دەرەوەی ململانێ وارگێڕییەکان جێگیر دەبێت، تاوەکوو دڵنیایی بدات کە هیچ دەسەڵاتێک لە سەرووی قانوونەوە نییە و شکۆی هەر شارۆمەندێک لەبەرامبەر هەر جۆرە دەستدرێژییەک پارێزراوە. دادگای باڵا وەک پارێزەری کۆتایی، گەرەنتیی ئەوە دەکات کە ڕۆحی دەستووریی کۆمار هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بەندی ٢٦: سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی

دەسەڵاتی دادوەریی لە کۆماری کوردستاندا دەسەڵاتێکی بێکەموکۆڕی سەربەخۆیە و یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییە ژینەکییەکانی دەوڵەتە. هیچ دەسەڵاتێکی دیکە (قانووندانان یان ڕایەدار) یان هیچ تاک و لایەنێک مافی دەستێوەردانی لە کاروباری دادگاکان و بڕیارەکانی دادوەراندا نییە. سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی گەرەنتیی دادپەروەری و سەروەریی ڕەهای قانوون لە کوردستانە.

یەکەم: سەربەخۆیی بنەڕەتی و کارگێڕی

١.١. دەسەڵاتی دادوەریی خاوەنی بودجەی سەربەخۆ و کارگێڕیی تایبەت بە خۆیەتی کە بەپێی قانوون بۆ دڵنیابوون لە توانای ڕاییکردنی ئەرکەکانی بەبێ کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتەکانی دیکە ڕێکدەخرێت.

١.٢. بودجەی دەسەڵاتی دادوەریی لەلایەن "ئەنجومەنی باڵای دادوەریی"ـەوە ئامادە دەکرێت و ڕاستەوخۆ پێشکەش بە دەسەڵاتی قانووندانان دەکرێت بۆ پەسەندکردن، بەبێ دەستێوەردانی دەسەڵاتی ڕایەدار.

دوویەم: سەربەخۆیی تاکەکەسیی دادوەر

٢.١. دادوەران تەواو سەربەخۆن و لە کاتی بڕیاردانیدا تەنیا بەم دەستوورە، قانوون بەرکارەکان، و وێژدانی پیشەیی خۆیانەوە پابەند دەبن.

٢.٢. ناشێت بەهۆی بڕیارەکانیانەوە لێپرسینەوەیان لێ بکرێت یان سزا بدرێن، مەگەر لە باریی پێشێلکاریی جددیی قانوونیی یان ڕەوشتی کە بەپێی قانوونی تایبەت و لە ڕێگەی پڕۆسەیەکی دادپەروەرانە سەلمێندرابێت.

سێیەم: پاراستنی دادوەران

٣.١. قانوون پارێزبەندیی پێویست بۆ دادوەران دابین دەکات بۆ پاراستنیان لە هەر جۆرە زۆرهێنان، هەڕەشە، یان دەستێوەردانێک کە کاریگەری لەسەر سەربەخۆیی بڕیارەکانیان دابنێت.

٣.٢. هەر هەوڵێک بۆ کاریگەریکردنە سەر بڕیاری دادوەر، وەک دەستێوەردانێکی ناقانوونیی هەژمار دەکرێت و سزای قانوونیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

چوارەم: پابەندبوون بە دەستوور و سەروەریی قانوون

٤.١. سەرجەم دادگاکان و دادوەران پابەندن بە بنەما و بەندەکانی ئەم دەستوورە و دەبێت گشت قانوونەکان و بڕیارەکانیان لەگەڵ دەستووردا یەکبگرنەوە و لە ڕاژەی سەروەریی قانووندا بن.

٤.٢. دادگای باڵا، وەک پارێزەری دەستوور، دەسەڵاتی کۆتایی هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو قانوون و بڕیارەکان لەگەڵ ئەم دەستوورەدا یەکدەگرنەوە.

پێنجەم: ڕێنەدراوکردنی دەستێوەردان

هەر جۆرە هەوڵێک بۆ دەستێوەردان لە کاروباری دادوەریی، کاری دادوەران، یان کاریگەری کردنە سەر بڕیارەکانیان، ڕێنەدراوە و بە تاوان هەژمار دەکرێت.

شەشەم: جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

٦.١. بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە نێوان دەسەڵاتی دادوەریی، قانووندانان، و ڕایەدارەدا بنەمایەکی بنەڕەتیی ئەم دەستوورەیە.

٦.٢. هیچ دادوەرێک ناتوانێت لە هەمان کاتدا ئەندامی دەسەڵاتی قانووندانان یان ڕایەدار بێت.

بەندی ٢٧: پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەریی

دەسەڵاتی دادوەریی لە کۆماری کوردستاندا وەک کۆڵەکەیەکی سەربەخۆ و ژینەکیی دەوڵەت، لە پەرگاڵێکی پلەبەندی دادگاکان و کۆڕێکی باڵای دادوەریی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕیی دادوەران پێکدێت. ئەم پێکهاتەیە بۆ دابینکردنی دادپەروەریی، سەروەریی قانوون و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی شارۆمەندانی کوردستان داندراوە و بەپێی ئەم دەستوورە و قانوون پەیوەندیدارەکان کار دەکات.

یەکەم: پەرگاڵی دادگاکان

١.١. پەرگاڵی دادگاکان لە کۆماری کوردستاندا بە شێوازێکی پلەبەندی ڕێکخراوە و لەم دادگایانەی خوارەوە پێکدێت:

ئ. دادگای باڵا: باڵاترین دەزگای دادوەرییە و لە لووتکەی پەرگاڵی دادگاکاندا جێی دەبێتەوە. وەک پارێزەری ڕەهای دەستوور، دەسەڵاتی کۆتایی لەسەر پێداچوونەوەی دەستووریی بە قانوون و کردارەکانی دەسەڵاتەکاندا هەیە و یەکلاکەرەوەی ناکۆکییە دەستووری و قانوونییەکانە (وەک لە بەندی ٢٨دا بە وردی باس دەکرێت).

ب. دادگا ناوەندییەکان: ئەم دادگایانە لە پلەی دواتری دادگای باڵا دێن و بە گشتی پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی دادگا سەرەتاییەکاندا دەکەن و لە هەندێک جۆری کەیسی دیاریکراودا دەکرێت دادگای پلەی یەکەم بێت.

پ. دادگا سەرەتاییەکان: ئەم دادگایانە یەکەم پلەی دادگاکانن و لە بواری جیاوازەکاندا (وەک شارستانی، سزایی، تاوانی و کارگێڕی، هتد) هەڵسوکەوت لەگەڵ زۆربەی کەیسە قانوونییەکان دەکەن، بەپێی پسپۆڕییەکەیان کە بە قانوون دیاری کراوە.

ت. دادگاکانی دیکە و دادگا تایبەتەکان: بەپێی قانوون و بۆ پێداویستیی تایبەت، دەکرێت دادگای دیکە یان دادگای تایبەت بۆ بواری دیاریکراوەکان دابمەزرێنرێن وەک دادگای کارگێڕی، دادگای بازرگانی، یان دادگای سەربازی (کە دەسەڵاتیان تەنیا سنووردار دەبێت بە کاروباری سەربازی). مەرجە بنەمای دادپەروەری، سەروەریی قانوون و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە گشت ئەم دادگایانەدا بە تەواوی پارێزراو بێت.

دووەم: کۆڕی باڵای دادوەریی

٢.١. کۆڕی باڵای دادوەریی دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکی سەرپەرشتیکردنی گشتیی کاروباری کارگێڕی و پیشەیی دەسەڵاتی دادوەریی و دادوەرانی لە ئەستۆدایە. ئەم کۆڕە ڕۆڵێکی ژینەکی لە دابینکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی لە کاریگەریی وارگێڕی و دەستێوەردانی دەرەکی دەگێڕێت.

٢.٢. پێکهاته و دەسەڵاتەکانی کۆڕی باڵای دادوەریی بە قانوونێکی تایبەت دیاری دەکرێن، بە شێوازێک کە سەربەخۆیی تەواوی کۆڕەکە مسۆگەر بکات.

٢.٣. ئەرکەکانی کۆڕی باڵای دادوەریی بریتین لە:

ئا. دانانی دادوەران (بەپێی بەندی ٢٩)

ب. بەرزکردنەوەی پلەکانیان، گواستنەوەیان، لێپرسینەوە لێیان و سزادانیان (بەپێی بەندی ٣٢)

پ. سەرپەرشتیکردنی خوێندنگەی دادوەریی و پرۆگرامی ڕاهێنانی دادوەران، بە شێوازێک کە پیشەییبوون و پاکی لە دەسەڵاتی دادوەرییدا بەرز ڕابگرێت.

٢.٤. کۆڕی باڵای دادوەریی دەتوانێت ڕاوێژکاریی پسپۆڕانە سەبارەت بە پرۆژە قانوونەکانی پەیوەندیدار بە دەسەڵاتی دادوەریی بە دەسەڵاتی قانوونداناان و ڕایەدار پێشکەش بکات.

بەندی ٢٨: دادگای باڵا - پارێزەری ڕەهای دەستوور و سەروەریی قانوون

دادگای باڵا باڵاترین دەزگای دەسەڵاتی دادوەرییە لە کۆماری کوردستاندا و پارێزەری ڕەهای ئەم دەستوورەیە. ئەم دادگایە هێمای باڵادەستیی قانوون و بنەمای دادپەروەریی دەستوورییە و ڕۆڵێکی ژینەکی لە دابینکردنی سەقامگیریی پەرگاڵی دەسەڵاتداریی و پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی شارۆمەندان دەگێڕێت. دادگای باڵا خاوەنی دەسەڵاتی بێ مەرجی پێداچوونەوەی دەستوورییە بەسەر گشت قانوون و بڕیار و کردارەکانی دەسەڵاتەکاندا و یەکلاکەرەوەی کۆتایی ناکۆکیی دەستووری و قانوونییەکان لە وڵاتە.

یەکەم: دەسەڵاتی پێداچوونەوەی دەستووریی

١.١. دادگای باڵا خاوەنی دەسەڵاتی تەنیا و ڕەهای پێداچوونەوەی بە دەستووریبوونی گشت قانوونەکانی دەرچوو لە دەسەڵاتی قانوونداناان (مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران)، بڕیار و فەرمانەکانی سەرکۆمار، بڕیارنامەکانی کابینەی دەسەڵات و گشت کردار و بڕیارە فەرمییەکانی دەسەڵاتە گشتییەکانە.

١.٢. ئامانجی ئەم پێداچوونەوەیە دڵنیابوونە لەوەی کە هیچ قانوون یان کردارێکی فەرمی پێچەوانەی هیچ بەند و پرەنسیپێکی ئەم دەستوورە نییە، بەتایبەت بنەما نەگۆڕەکانی دەروازەی یەکەم و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی شارۆمەندانی کوردستان.

١.٣. پێداچوونەوەی دەستووریی بەپێی قانوونی تایبەت و بە داخوازی لایەنی دیاریکراو (وەک سەرکۆمار، سەرۆکی مەکۆی نیشتمانی، سەرۆکی مەکۆی ژیران، ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی یان مەکۆی ژیران، یان دەسەڵاتی دادوەریی) یان لە ڕێگەی سکاڵای دەستووریی شارۆمەندانەوە ئەنجام دەدرێت.

دوویەم: بڕیاری گەرەکین و پووچەڵکردنەوەی نادەستووری

٢.١. بڕیارەکانی دادگای باڵا سەبارەت بە نادەستووریبوونی قانوون و بڕیار و کردارەکان کۆتایی، گەرەکین و زۆرەملێن بۆ گشت دەسەڵاتەکان، دادگاکانی دیکە و گشت لایەنەکان.

٢.٢. قانوون یان بڕیارێک کە لەلایەن دادگای باڵاوە بە نادەستووری ناسێنرا، لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیارەکەوە یان لە هەر وادەیەکی دیکەدا کە دادگا دیاری دەکات، بە پووچەڵ و بێ کاریگەر دادەنرێت.

٢.٣. ناشێت بە هیچ شێوەیەک قانوونێکی نادەستووری ڕایی بکرێت یان کاری پێبکرێت.

سێیەم: یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە دەستووری و قانوونییەکان

٣.١. دادگای باڵا خاوەنی دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی کۆتایی ناکۆکییە دەستووری و قانوونییەکان لە نێوان دەسەڵاتی قانووندانان، دەسەڵاتی ڕایەداری و دەسەڵاتی دادوەریی یان لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی کوردستان و دەسەڵاتە خۆماڵییەکان (پارێزگاکان و شارەوانییەکان)، یان لە نێوان دامەزراوە سەربەخۆکان و دەسەڵاتە گشتییەکانە.

٣.٢. بڕیارەکانی دادگای باڵا لەم بارەیەشەوە کۆتایی و پابەندکەرن.

چوارەم: سکاڵای دەستووریی شارۆمەندان

٤.١. شارۆمەندانی کوردستان مافیان هەیە کە بەپێی قانوونی تایبەت سکاڵای دەستووریی لە دادگای باڵا تۆمار بکات، کاتێک هەست بکات ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی کە لەم دەستوورەدا گرەنتی کراون، بەهۆی قانوونێک یان کردارێکی فەرمیی دەوڵەتییەوە پێشێل کراون.

٤.٢. قانوون مەرج و ڕێکارەکانی تۆمارکردنی ئەم سکاڵایانە بۆ دڵنیابوون لە پاراستنی مافەکانی شارۆمەندان و ڕێگرتن لە بەکارهێنانی نادروستی ئەم مافە ڕێکدەخات.

پێنجەم: پێکهاتەی دادگای باڵا

٥.١. دادگای باڵا لە ژمارەیەکی دیاریکراو دادوەر پێکدێ کە ژمارەیان بە قانوون دیاری دەکرێت.

٥.٢. دادوەرانی دادگای باڵا دەبێت لە کەسانی خاوەن ئەزموون، پسپۆڕیی قانوونیی باڵا پێک بێ کە بە تەواوی پاک و بێلایەن بن.

٥.٣. دانانی دادوەرانی دادگای باڵا بە پێشنیاری ئەنجومەنی باڵای دادوەریی وەک لە بەندەکانی ١٧ و ٢٩دا هاتووە، بۆ دڵنیابوون لە سەربەخۆیی ڕەبەقیان و دوورخستنەوەیان لە کاریگەریی وارگێڕی و لایەنگری بە ڕەزامەندیی مەکۆی ژیران دەبێت.

٥.٤. ماوەی ڕاژەی دادوەرانی دادگای باڵا (وەک هەتا تەمەنی خانەنشینی یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی درێژ) بۆ گەرەنتیی سەربەخۆییان درێژخایەن دەبێت.

شەشەم: سەربەخۆیی و پاراستنی دادوەرانی دادگای باڵا

٦.١. دادوەرانی دادگای باڵا بەتەواو ی سەربەخۆن و لە کاتی بڕیاردانیدا تەنیا بە دەستوور و قانوون و ویژدانی خۆیانەوە پابەند دەبن.

٦.٢. ناشێت بە هیچ شێوەیەک دەستێوەردان لە کاروباری دادگای باڵا یان بڕیارەکانی دادوەرانیدا لەلایەن هیچ دەسەڵاتێک یان لایەنێکەوە بکرێت.

٦.٣. قانوون پارێزبەندیی پێویست بۆ دادوەرانی دادگای باڵا بۆ پاراستنیان لە هەر جۆرە زەبر یان هەڕەشەیەک دابین دەکات.

حەوتەم: لێپرسینەوە و لادان

لێپرسینەوە و لادانی دادوەرانی دادگای باڵا تەنیا لە باریی پێشێلکاریی جددیی قانوونیی، ڕەوشتی یان دەستووریی کە بەپێی قانوون سەلمێندرابێت و بەپێی پرۆسەیەکی زۆر توند و دیاریکراو لە قانوونی تایبەتدا ئەنجام دەدرێت، کە مافی بەرگریی تەواوی دادوەرەکەی تێدا پارێزراو بێت.

بەندی ٢٩: دانان، مەرجەکان و ماوەی ڕاژەی دادوەران - بنەمای سەربەخۆیی تاکەکەسی

دادوەران لە کۆماری کوردستاندا وەک هەڵگرانی ئەرکباریەتی پیرۆزی دادپەروەریی و سەروەریی قانوون، بە شێوەیەکی پیشەیی و لەسەر بنەمای شایستەیی، لێهاتوویی باڵاو پاکی دادەنرێن. ماوەی ڕاژەی و پاراستنیان بە شێوازێک دەبێ کە سەربەخۆیی ڕەبەقی تاکەکەسییان لەهەمبەر هەر جۆرە کاریگەریی وارگێڕی، ئیداری یان دەستێوەردانی دەرەکی مسۆگەر بکات. ئەم بنەمایە ژینەکییە بۆ دابینکردنی دادپەروەریی بێلایەن.

یەکەم: مەرجەکانی دانان

١.١. بەربژێری پۆستی دادوەریی لە گشت پلەکانی دادگاکاندا دەبێت خاوەنی ئەم مەرجە بنەڕەتییە قانوونیی و ڕەوشتییە دیاریکراوانە بێت:

ئا. هاوواڵاتیی ڕەسەنی کۆماری کوردستان بێت.

ب. بڕوانامەی قانوونیی پەسەندکراو لە زانکۆیەکی باوەڕپێکراو و کۆتاییهێنانی پرۆگرامی تایبەتی ئاکادێمیای دادوەریی.

پ. نەبوونی پێشینەی تاوانی گونجاو لە بواری قانووندا، بەپێی پلەی دادگاکە.

ت. لێهاتوویی پیشەیی و توانای ئاوەزیی و دەروونیی شایستە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی دادوەریی.

ج. پاکڕەوشتیی بێ گومان و ناوبانگی باش، دوور لە گەندەڵی و لایەنگریی وارگێڕیی یان کۆمەڵایەتی.

چ. وەفاداریی بێ مەرج و پابەندبوون بەم دەستوورە و ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان.

ح. وردەکاریی ئەم مەرجانە و ستانداردەکانیان بە قانوونی تایبەت دیاری دەکرێت.

دوویەم: پرۆسەی دانان

٢.١. دادوەران، جگە لە دادوەرانی دادگای باڵا، بە پێشنیازی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی و بەپێی قانوون دادەنرێن.

٢.٢. دانانی دادوەرانی دادگای باڵا بە پێشنیازی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی و بە ڕەزامەندیی مەکۆی ژیران دەبێت (وەک لە بەندی ٢٧ و ٢٨ـدا هاتووە).

٢.٣. پرۆسەی دانان دەبێت ڕووەن و لەسەر بنەمای شایستەیی بێت و دوور لە هەر جۆرە کاریگەریی وارگێڕی یان کەسی بێت.

سێیەم: ماوەی ڕاژەی و دابینکردنی سەقامگیری

٣.١. دادوەران، جگە لەوانەی قانوون ماوەی دیاریکراویان بۆ داناوە (وەک هەندێک پۆستی کارگێڕی لە دەسەڵاتی دادوەرییدا)، بۆ ماوەی درێژخایەن و هەتا تەمەنی خانەنشینی ڕاژەی دەکەن.

٣.٢. ناشێت هیچ دادوەرێک لە پۆستەکەی لابببرێت، خانەنشین بکرێت بە زۆر یان پلەکەی دابەزێندرێت، مەگەر بەهۆی پێشێلکاریی جددیی قانوونیی یان ڕەوشتی کە بەپێی قانوونی تایبەت و لە ڕێگەی پرۆسەیەکی لێپرسینەوەی دادوەریی دادپەروەرانە و لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەرییەوە سەلمێندرابێت.

٣.٣. ئەم بنەمایە بۆ گرەنتیی سەربەخۆیی دادوەران و پاراستنیان لە گوشار ژینەکییە.

چوارەم: هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی پیشەیی

٤.١. هەڵسەنگاندنی کار و بەرزکردنەوەی پلەی دادوەران لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەرییەوە و بەپێی ستاندارد پیشەیی و ڕەوشتییەکان دوور لە هەر جۆرە کاریگەریی وارگێڕی یان دەرەکی ئەنجام دەدرێت.

٤.٢. دەسەڵاتی دادوەریی بە دابینکردنی پرۆگرامی بێوچانی پەرەپێدانی پیشەیی بۆ دادوەران پابەندە.

پێنجەم: ڕێنەدراوی کاری تر و ئاشکراکردنی سامان

٥.١. دادوەران لە ماوەی ڕاژەیاندا ناشێت کاری بازرگانی، پیشەیی یان هەر کارێکی دیکە بکەن کە لەگەڵ پۆستە دادوەرییەکەیاندا ناکۆک بێت، کاریگەری لەسەر بێلایەنی و سەربەخۆییان دابنێت، یان سەرچاوەی بەرژەوەندیی تایبەت بێت.

٥.٢. دادوەران بە ئاشکراکردنی سامانی خۆیان بەپێی قانوون پابەندن.

بەندی ٣٠: پڕۆسەی دادگاییکردن و بنەماکانی دادپەروەری

پڕۆسەی دادگاییکردن لە کۆماری کوردستاندا وەک ژینەکترین بەشی دابینکردنی دادپەروەریی و سەروەریی قانوون، دەبێت لەسەر بنەماکانی دادپەروەری، ڕوونایەتی، و پاراستنی گشت مافە بنەڕەتییەکان و شکۆی مرۆیی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بنیات بنرێت.

یەکەم: دادگاییکردنی کراوە

١.١. دانیشتنەکانی دادگا بە گشتی بۆ کۆمەڵی کوردستان و مێدیا کراوە دەبن، بۆ دڵنیابوون لە ڕوونایەتی و لێپرسینەوەی دادوەریی.

١.٢. تەنیا لە بارە زۆر تایبەتەکاندا (وەک پاراستنی ڕەوشتی گشتی، ئاسایشی نەتەوەیی یان پاراستنی بەرژەوەندیی منداڵان یان قوربانییانی تاوانە سێکسییەکان) دەکرێت دادگا بە بڕیاری خۆی و بەپێی قانوون، دانیشتنەکان بە نهێنی ئەنجام بدات.

دووەم: مافی بەرگریی و پارێزەر

٢.١. هەموو کەسێک لە هەر قۆناغێکی لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردندا مافی هەیە پارێزەری هەبێت و بە تەواوی لە خۆی بەرگری بکات.

٢.٢. بۆ دڵنیابوون لە یەکسانی لەبەردەم قانوونداو دەوڵەت بەپێی قانوون پابەندە بە دابینکردنی پارێزەری خۆڕایی بۆ ئەو شارۆمەندانەی کە توانای دابینکردنی پارێزەریان لە کەیسە سزاییەکاندا نییە.

سێیەم: بنەمای بێتاوانبوون

٣.١. هەموو کەسێک هەتا لەلایەن دادگایەکی پسپۆڕ و بەپێی قانوون و دوای پرۆسەیەکی دادپەروەرانە بە بڕیاری کۆتایی بە تاوانبار ناسێنرێت، بە بێتاوان دادەنرێت.

٣.٢. باری سەلماندنی تاوان هەمیشە لەسەر شانی داخوازکاریی گشتییە و گومان لە بەرژەوەندیی تۆمەتباردا لێکدەدرێتەوە.

چوارەم: مافی سکاڵا و پێداچوونەوە

هەموو کەسێک مافی هەیە لە دادگا سکاڵا تۆمار بکات و مافی پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی دادگا سەرەتاییەکان لە دادگا ناوەندییەکان و دواتریش دادگای باڵای هەیە بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە قانوون دیاری کردووە.

پێنجەم: خێرایی لە بڕیاردان و مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە

٥.١. دەسەڵاتی دادوەریی و دادگاکان پابەندن بەوەی کە کەیسەکان بە خێرایی پێویست و بەبێ دواکەوتنی ناڕەوا یەکلایی بکەنەوە، بەبێ ئەوەی ئەم خێراییە کاریگەریی نەرێنی لەسەر وردی و دادپەروەریی بڕیارەکە دابنێت.

٥.٢. هەموو کەسێک مافی هەیە لە ماوەیەکی گونجاودا و لەلایەن دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن و دادپەروەرانە دادگایی بکرێت.

شەشەم: زمانی دادگا

٦.١. زمانی کوردی زمانی هەردەمیی و فەرمی دادگاکانە و سەرجەم پرۆسەکانی دادگاییکردن و دادبینی، دانیشتنەکان و بڕیارەکان بەم زمانە بەڕێوە دەچێت.

٦.٢. بۆ هەر کەسێک کە بانگی دادگا دەکرێت و زمانی کوردی بە باشی نازانێت، دەبێ وەرگێڕی شیاو، پیشەیی و باوەڕپێکراو بۆ زمانی زگماکی ئەو کەسە دابین بکرێت و مافی بەکارهێنانی زمانی خۆی لە دادگادا هەیە.

حەوتەم: ڕێنەدراوکردنی ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە

٧.١. ئەشکەنجەدان و هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی نامرۆڤانە، سووکایەتیپێکەر یان سزادەر، بە تەواوی ڕێنەدراوە.

٧.٢. هیچ دانپێدانانێک کە لەژێر ئەشکەنجە یان زەبری دەرونیدا وەرگیرابێت، لە دادگادا هیچ بەهایەکی قانوونیی نییە.

بەندی ٣١: دەزگای داخوازکاریی گشتی

دەزگای داخوازکاریی گشتی دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە و نوێنەرایەتیی کۆمەڵگا دەکات لە کاروباری قانوونیی و سزایی و بەرپرسیارە لە جووڵاندنی داخوازی گشتی و پاراستنی سەروەریی قانوون. ئەم دەزگایە بەشێکە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەریی و بەپێی ئەم دەستوورە و قانوون پەیوەندیدارەکان کار دەکات.

یەکەم: سەربەخۆیی ئەرکداریەتی

١.١. داخوازکارانی گشتی لە ڕاییکردنی ئەرکەکانیاندا سەربەخۆن و تەنیا بەم دەستوورە، قانوون بەرکارەکان، و فەرمانە ڕەواکانی سەرۆکی دەزگاکەیانەوە پابەندن.

١.٢. لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا، بە تایبەت لە بڕیارەکانی پەیوەندیدار بە جووڵاندنی داخوازی گشتی یان وازهێنان لێی، داخوازکارانی گشتی بە تەواوی سەربەخۆن لە دەسەڵاتی ڕایەدار و هیچ دەستێوەردانێک لە بڕیارەکانیاندا ڕێنەدراوە و بە تاوان هەژمار دەکرێت.

دووەم: ئەرکە سەرەکییەکان

٢.١. ئەرکە سەرەکییەکانی دەزگای داخوازکاریی گشتی بریتین لە:

ئا. لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان بەپێی فەرمان و ڕێنوێنییەکانی دەسەڵاتی دادوەریی.

ب. جووڵاندنی داخوازی گشتی لە دادگاکان.

پ. چاودێریکردنی ڕاییکردنی قانوونەکان و بڕیارەکانی دادگاکان.

ت. پاراستنی ماف و بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگا.

سێیەم: پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەریی

٣.١. دەزگای داخوازکاریی گشتی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەرییدا کار دەکات، بەڵام خاوەنی پێکهاتە و کارگێڕیی تایبەت بە خۆیەتی، بەپێی قانوون.

٣.٢. پەیوەندیی نێوان دادگا و داخوازکاریی گشتی لەسەر بنەمای هاوکاری و دابەشکردنی ڕۆڵەکانە بۆ دابینکردنی دادپەروەریی و سەروەریی قانوون

چوارەم: سەرۆکی دەزگای داخوازکاریی گشتی

٤.١. سەرۆکی دەزگای داخوازکاریی گشتی بە شێوازێک دادەنرێ کە سەربەخۆیی ئەم دامەزراوەیە مسۆگەر بکات و ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی بە قانوون دیاری دەکرێت.

٤.٢. پرۆسەی دانانی سەرۆکی دەزگای داخوازکاریی گشتی دەکرێت پێویستی بە پەسەندکردنی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی یان مەکۆی ژیران بۆ دڵنیابوون لە سەربەخۆیی و شایستەیی هەبێت.

بەندی ٣٢: لێپرسینەوە و سزادانی دادوەران و داخوازکارانی گشتی

دادوەران و داخوازکارانی گشتی وەک هەموو شارۆمەندانی کوردستان، لەبەرامبەر قانووندا بەرپرسیارن. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی تایبەتیان و بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی و دەزگای داخوازکاریی گشتی، پرۆسەی لێپرسینەوە و سزادانیان بە شێوازێکی تایبەت و لە چوارچێوەی قانووندا ڕێکدەخرێت، کە هاوسەنگییەک لە نێوان بەرپرسیارێتی و سەربەخۆییدا دابین دەکات.

یەکەم: دەسەڵاتی لێپرسینەوە و سزادان

لێپرسینەوە لە دادوەران و داخوازکارانی گشتی و سزادانیان تەنیا لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەرییەوە یان لیژنەیەکی تایبەتمەند و سەربەخۆ لەناو ئەم ئەنجومەنەدا بەپێی قانوونی تایبەت بە لێپرسینەوەی دادوەران و داخوازکارانی گشتی ئەنجام دەدرێت.

دووەم: بنەمای لێپرسینەوە و جۆری سەرپێچییەکان

٢.١. لێپرسینەوە و سزادان تەنیا لە باریی سەلماندنی یەکێک لەم سەرپێچییە جددییانە ڕێگەپێدراوە:

ئا. پێشێلکاریی واتاداری قانوونیی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا یان لادان لە بنەماکانی دەستوور و قانوون.

ب. پێشێلکردنی بنەماکانی پاکڕەوشتیی پیشەیی یان ڕەوشتی کە لەگەڵ شکۆی پۆستەکەیاندا نەگونجێت.

پ. بەد بەکارهێنانی دەسەڵات یان گەندەڵی.

ت. لادان لە بێلایەنیی پێویست لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا.

ج. نەخۆشیی درێژخایەن یان ناتەواویی جەستەیی یان دەروونی کە کاریگەری لەسەر توانای ئەنجامدانی ئەرکەکانیان دابنێت و بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکیی پسپۆڕ پشتڕاست کرابێتەوە.

سێیەم: پرۆسەی لێپرسینەوە و مافی بەرگریی

٣.١. پرۆسەی لێپرسینەوە دەبێت دادپەروەرانە، ڕووەن، و بەپێی قانوون بێت.

٣.٢. دادوەر یان داخوازکارە گشتییەکە کە لێپرسینەوەی لێدەکرێت مافی تەواوی بەرگریی لە خۆی، هەبوونی پارێزەر، پێشکەشکردنی بەڵگە و گەواهەکانی هەیە.

٣.٣. بڕیارەکانی لێپرسینەوە و سزادان دەبێت بە پاساو بێت و مافی تانەلێدانی لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە لە دادگای باڵا یان دەستەیەکی باڵاتری دیاریکراو لەناو ئەنجومەنی باڵای دادوەرییدا پارێزراوە.

چوارەم: جۆری سزاکان و لادان لە پۆست

٤.١. سزاکانی سەرپێچی بریتین لە ئاگادارکردنەوە، سەرزەنشتکردن، کەمکردنەوەی پلە یان مووچە، گواستنەوە، یان لادانی یەکجارەکی لە پۆست.

٤.٢. لادان لە پۆست تەنیا بۆ پێشێلکاریی زۆر جددی ڕێگەپێدراوە کە کاریگەریی نەرێنیی گەورەی لەسەر دادپەروەریی یان شکۆی دەسەڵاتی دادوەریی هەبێت.

٤.٣. بڕیاری لادان لە پۆست دەبێت کۆتایی بێت و تەنیا لەلایەن دەستەی باڵا لەناو ئەنجومەنی باڵای دادوەرییەوە یان بەپێی قانوون بێت.

پێنجەم: پاراستن لە لێپرسینەوەی نادروست

قانوون پارێزبەندیی دادوەران و داخوازکارانی گشتی لە لێپرسینەوە یان دادگاییکردنی نادروست یان بە پاساوی وارگێڕیی دابین دەکات، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پرۆسەی لێپرسینەوە تەنیا بۆ چەسپاندنی بەرپرسیارێتیی پیشەیی و قانوونیی بەکاردەهێنرێت و نابێت ببێتە ئامرازێک بۆ زەبرخستنە سەر سەربەخۆییان.

بەندی ٣٣: بوودجە و کارگێڕیی دەسەڵاتی دادوەریی - گەرەنتیی سەربەخۆیی بنەڕەتی

دەسەڵاتی دادوەریی خاوەنی بوودجە و کارگێڕیی سەربەخۆی خۆیەتی، بۆ دڵنیابوون لە توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەبێ کاریگەریی دەسەڵاتەکانی دیکە. ئەم سەربەخۆییە بنەڕەتیە ژینەکییە بۆ سەربەخۆیی ڕەبەقی دادگاکان و دادوەران لە بەڕێوەبردنی کاروباری دادپەروەریی و سەروەریی قانوون.

یەکەم: بوودجەی سەربەخۆ

١.١. دەسەڵاتی دادوەریی خاوەنی بوودجەیەکی سالانەی سەربەخۆ دەبێت، کە لە بوودجەی گشتیی دەوڵەت تەرخان دەکرێت و لەلایەن مەکۆی نیشتمانییەوە پەسەند دەکرێت.

١.٢. دەسەڵاتی دادوەریی بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی ئەم بوودجەیە بە شێوەیەکی ڕووەن و بەرپرسیار و بەپێی قانوون.

دوویەم: کارگێڕیی تایبەت

دەسەڵاتی دادوەریی خاوەنی دەزگای کارگێڕیی تایبەت بە خۆیەتی، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی، دارایی، و کارمەندانی جگە لە دادوەران، بەپێی قانوون و لەژێر سەرپەرشتیی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی.

سێیەم: پشتیوانیی دەوڵەت

دەوڵەت پابەندە بە دابینکردنی سەرچاوەی پێویست (دارایی، لۆجستیکی، مرۆیی) بۆ دەسەڵاتی دادوەریی، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکەکانی بە شێوەیەکی کارا و سەربەخۆ ڕایی بکات و دابینکردنی دادپەروەریی لەسەرانسەری نیشتمانداا مسۆگەر بکات.

دەروازەی پێنجەم :ئەرکە نیشتمانییەکان و پاراستنی دەوڵەت

ئەرکە نیشتمانییەکان لە کۆماری کوردستاندا، وەک بەرجەستەبوونی ویستمەندیی بێپسانەوەی شارۆمەند بۆ پاراستنی "بوون"ـی نەتەوەیی پێناسە دەکرێن؛ دەوڵەت تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت پارێزەری ڕاستەقینەی مافەکان بێ کە هەر شارۆمەندێک خۆی وەک پاسەوانی یەکەمی سەروەریی وڵات بناسێتەوە. ئەم دەروازەیە چوارچێوەی ئەو بەرپرسیارێتییە باڵایە دادەڕێژێ کە تاکی کورد بە چارەنووسی کۆیی نیشتمانەوە گرێ دەدات و "شارۆمەندیی پێشمەرگە" وەک ستوونی بڕبڕەپشتی مانەوەی کۆمار جێگیر دەکات. لێرەدا، وەفاداری بۆ دەستوور و ئامادەیی بۆ بەرگری، نەک وەک بارگرانی، بەڵکوو وەک مەرجی بنەڕەتیی ئازادی و شکۆمەندیی هەر تاکێکی کوردستان دەناسرێت، تاوەکوو کوردستان وەک واریکی تێکنەشکێنراو لە مێژوودا بمێنێتەوە.

بەندی ٣٤: ئەرکی باڵای نیشتمانی

پاراستنی سەربەخۆیی، سەروەریی و یەکپارچەیی خاکی کوردستان، و ڕێزگرتن و پابەندبوونی بێ مەرج بەم دەستوورە و قانوونەکانی وڵات، ئەرکێکی پیرۆز و بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و قانوونیی سەرشانی هەموو شارۆمەندێک، ڕێکخراوێک، و دامەزراوەیەکە کە لەسەر خاکی کوردستان دەژین یان کار دەکەن. هیچ ماف و ئازادییەک کە لەم دەستوورەدا هاتووە، ناشێت وەک پاساوێک بۆ زیانگەیاندن بە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان، لاوازکردنی کۆڵەکەکانی دەوڵەت، یان تێکدانی پەرگاڵی گشتی بەکاربهێنرێت.

یەکەم: بنەماکانی ئەرکی نیشتمانی

١.١. وەفاداری بۆ دەوڵەت: هەر شارۆمەند و دامەزراوەیەک پابەندە بە وەفاداریی ڕەبەق بۆ کۆماری کوردستان و دامەزراوە دەستوورییەکانی.

١.٢. پاراستنی سەروەریی: بەرگریکردن لە سەروەریی و یەکپارچەیی خاکی وڵات ئەرکی هەمووانە.

١.٣. پابەندبوون بە دەستوور: ڕێزگرتن و پابەندبوون بەم دەستوورە و هەموو قانوونەکانی وڵات، بنەمای سەرەکیی ژیانی کۆمەڵایەتی و وارگێڕییە.

١.٤. پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی: هەر شارۆمەندێک ئەرکیەتی کە هاوکاریی دەزگا هەدارییەکان بکات بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی.

دووەم: سنووردارکردنی مافەکان لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی

٢.١. ماف و ئازادییەکانی ناو ئەم دەستوورە ڕەها نین و لە کاتی پێکدادان لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمانیدا، دەکرێت بەپێی قانوون سنووردار بکرێن.

٢.٢. ئەم سنووردارکردنە دەبێت تەنیا لە باریی زۆر پێویستدا بێت و لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیدا بگونجێت.

٢.٣. قانوون وردەکاریی ئەو بارانە و میکانیزمی سنووردارکردنەکان دیاری دەکات، بۆ ڕێگریکردن لە بەدبەکارهێنانی دەسەڵات.

بەندی ٣٥: ئەرک و چوارچێوەی قانوونیی پارتییە وارگێڕییەکان

پارتییە وارگێڕییەکان، وەک کەرەسەی بنەڕەتی دەسەڵاتی وارگێڕیی و ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئازادی و دیموکراسی، ئامرازی سەرەکیی پێکهێنانی ویستمەندیی وارگێڕیی نەتەوە و پردی پەیوەندیی نێوان شارۆمەندان و دەسەڵاتن. دامەزراندن و کارکردنیان تەنیا لە چوارچێوەی قانووندا و بە مەبەستی بەشداریکردنی بنیاتنەرانە لە کێبرکێی تەندرووستی وارگێڕیی و دیموکراتی لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیک و ڕووەن لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا ڕەوایەتیی هەیە و دەبێت ببنە هۆکاری پتەوکردنی یەکێتیی نەتەوەیی، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی وارگێڕی، و بەهێزکردنی کۆڵەکەکانی کۆماری کوردستان، نەک لاوازکردنیان.

یەکەم: ئەرک و ڕۆڵی بنیاتنەرانە

پارتییە وارگێڕییەکان، وەک دامەزراوەی ژینەکیی ژیانی دیموکراسی و ئازادی، ئەرکیانە لە ڕێگەی ئەم چالاکییە بنەڕەتییانەوە بەشداری لە بنیاتنان و بەهێزکردنی کۆماردا بکەن:

١.١. پێکهێنانی ویستمەندیی وارگێڕیی نەتەوەیی:

ئ. کارکردن وەک سەکۆی سەرەکی بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی بیروڕا جیاوازەکانی کۆمەڵگا و گۆڕینیان بۆ بەرنامەی وارگێڕیی کردەیی، کە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا دەخرێتە بەردەم بڕیاری دەوڵەت.

١.٢. داڕشتنی بەرنامە و وارگێڕیی نیشتمانی:

ئ. پێشکەشکردنی دیدگای ستراتیژی و بەرنامەی تۆکمە و گشتگیر بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە بوارەکانی ئابووری، ئاسایش، پەروەردە و وارگێڕیی دەرەوە.

ب. مسۆگەرکردنی ئەوەی کە هەموو بەرنامەیەک لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکان و بنەما نەگۆڕەکانی ئەم دەستوورەدا هاوتەریب بێت.

١.٣. پێگەیاندنی سەرکردە و کادری نیشتمانی:

ئ. کارکردن وەک قوتابخانەیەکی وارگێڕی بۆ دۆزینەوە، پێگەیاندن و ئامادەکردنی نەوەیەکی نوێ لە سەرکردە و کادری لێهاتوو.

ب. دامەزراندنی پرۆگرامی ڕاهێنانی ناوخۆیی لەسەر بنەماکانی دەوڵەتداریی مۆدێرن، قانوون و کارگێڕی، کە شایستەی وەرگرتنی بەرپرسیارێتیی باڵا بن لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.

پ. هاندانی کادرەکانیان بۆ بەدەستهێنانی پسپۆڕی لە بواره ژینەکییەکانی دەوڵەتداریدا.

١.٤. ڕێکخستنی بەشداریی هەڵبژاردن:

ئا. ڕێکخستن و هاندانی شارۆمەندان بۆ بەشداریکردنی کارا لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا وەک بەرزترین کردەی ڕاییکردنی ویستمەندیی نەتەوەیی.

ب. پاڵاوتنی کاندیدی شایستە و خاوەن توانست بۆ پۆستە هەڵبژێردراوەکان، کە نوێنەرایەتیی بەرنامەی پارتییەکە و بەرژەوەندیی گشتی بکەن.

١.٥. هۆشیارکردنەوەی وارگێڕیی شارۆمەندان:

ئا. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی وارگێڕی و شارۆمەندی لە ڕێگەی دیالۆگی بێوچان و ناساندنی ماف و ئەرکەکانی شارۆمەندان.

ب. ڕووبەڕووکردنەوەی پرسە ئاڵۆزە نیشتمانییەکان بۆ ڕای گشتی، بۆ بەهێزکردنی بنەمای بڕیاردانی ئاگاهانە.

١.٦. نوێنەرایەتی و چاودێریی دیموکراتی:

ئا. گواستنەوەی داخوازکاری و گازندەی شارۆمەندان بۆ ناوەندەکانی بڕیار.

ب. ڕاییکردنی ئەرکی چاودێریی بنیاتنەرانە بەسەر کاری دەسەڵاتی ڕایەدارەوە، بەتایبەتی کاتێک لە ئۆپۆزسیۆندان.

پ. بەشداریکردنی کاریگەرانە لە کاری لیژنە تایبەتمەندەکانی دەسەڵات لە قانوونداناندا.

ت. بوون بە پردی پەیوەندیی نێوان شارۆمەند و دەوڵەت.

١.٧. پراکتیزەکردنی دیموکراسیی ناوخۆیی:

ئا. کارکردن وەک نموونەیەکی بچووککراوەی دیموکراسی، لە ڕێگەی ڕاییکردنی هەڵبژاردنی ناوخۆیی ئازاد و ڕووەن بۆ هەموو ئۆرگانەکانی.

ب. ڕێزگرتن لە مافی ئەندامان بۆ ڕەخنەگرتن و بەشداریکردن لە داڕشتنی بڕیاردا، بۆ ئەوەی پارتییەک ببێتە قوتابخانەیەک بۆ پەروەردەکردنی شارۆمەندی دیموکرات.

١.٨. بەهێزکردنی یەکێتیی نەتەوەیی و سەقامگیری:

ئ. کارکردن بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی هەمیشە لە سەرووی بەرژەوەندیی تەسکی پارتییەوە بێت.

ب. بنیاتنانی پردی پەیوەندی و هاندانی دیالۆگ لەنێوان توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا.

دوویەم: مەرجەکانی دامەزراندن و ڕەوایەتی

هەر پارتییەکی وارگێڕی بۆ بەدەستهێنانی ڕەوایەتیی قانوونیی و دڕێژەداریی‌یەتی، دەبێت پابەندی ئەم مەرجانە بێت:

٢.١. پابەندبوونی بێ مەرج بە بنەما نەگۆڕەکانی دەروازەی یەکەمی ئەم دەستوورە.

٢.٢. هەبوونی پەیڕەوێکی ناوخۆیی دیموکراتی کە گۆڕینی دەوریی سەرکردایەتی مسۆگەر بکات.

٢.٣. ڕوونایی ڕەبەقی سەرچاوە داراییەکان و ملکەچبوون بۆ چاودێریی قانوونیی.

٢.٤. ئاشکرابوونی ئامانج، پەیڕەو، و بەرنامەکانی بۆ ڕای گشتی.

٢.٥. هەموو دۆخێکدا دەبێ لە پەرگاڵی تۆماری نیشتمانی یان باڵاترین دەزگای نیشتمانی تۆمار کرابێت.

سێیەم: ڕێنەدراوکارییە ڕەهاکان

ئەنجامدانی هەر کام لەم کردەوانەی خوارەوە بە پێشێلکاریی بنەڕەتیی دەستوور هەژمار دەکرێت:

٣.١. دامەزراندنی باڵی چەکداری یان پەنابردن بۆ توندوتیژی.

٣.٢. هاندانی دووبەرەکی و پێکدادانی ئێتنیکی، ئایینی، یان ناوچەیی.

٣.٣. وەرگرتنی فەرمان یان یارمەتیی دارایی لە لایەنی بیانی بە مەبەستی زیانگەیاندن بە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان.

٣.٤. هەر چالاکییەک کە سەروەریی و یەکپارچەیی وڵات بخاتە مەترسییەوە.

چوارەم: هەڵوەشاندنەوەی قانوونیی

هەڵوەشاندنەوەی پارتییەکی وارگێڕی تەنیا بە بڕیارێکی کۆتایی دادگای باڵا دەبێت، لەسەر بنەمای بەڵگەی سەلمێنراوی پێشێلکردنی یەکێک لە بڕگەکانی ئەم بەندە.

پێنجەم: پشتیوانیی دارایی گشتی و ڕووناکبیری

٥.١. دەوڵەت دەتوانێت بەپێی قانوون، پشتیوانیی دارایی گشتی پێشکەش بەو پارتییە وارگێڕییانە بکات کە لە هەڵبژاردنەکاندا نوێنەرایەتی بەدەست دەهێنن. ئەم پشتیوانییە دەبێت ڕووەن و دادپەروەرانە بێت.

٥.٢. هەموو پارتییەک پابەندە بە بڵاوکردنەوەی ساڵانەی ڕاپۆرتی وردی دارایی خۆی بۆ ڕای گشتی، کە سەرچاوەی داهات و شێوازی خەرجییەکانی تێدا ڕوون کرابێتەوە.

شەشەم: جیاکردنەوەی ڕەهای پارتی لە دەوڵەت

٦.١. بەکارهێنانی سامانی گشتی، دامەزراوەکانی دەوڵەت، یان کارمەندانی دەوڵەتی بۆ بەرژەوەندیی پارتی بە تەواوی ڕێنەدراوە و بە تاوانی گەندەڵیی نیشتمانی هەژمار دەکرێت.

٦.٢. نابێت هیچ بەرپرسێکی باڵای دەوڵەت لە هەمان کاتدا پۆستی سەرکردایەتیی کارا لە پارتەکەیدا وەربگرێت، بەپێی ئەو وردەکارییانەی کە قانوون دیاری دەکات.

حەوتەم: پێگەی دەستووریی ئۆپۆزسیۆنی بنیاتنەر

٧.١. ئەو لایەن و پارتانەی کە لە دەسەڵاتدا نین، ئۆپۆزسیۆنی فەرمی پێکدەهێنن و ڕۆڵیان وەک چاودێرێکی بنەڕەتیی سەر دەسەڵات و هێزێکی پێشکەشکردنی بەدیلی وارگێڕی، لەلایەن دەستوورەوە پارێزراوە.

٧.٢. قانوون مافی ئۆپۆزسیۆن بۆ دەستگەیشتن بە زانیاری و بەشداریکردن لە لیژنە گرنگەکانی مەکۆی نیشتمانیدا مسۆگەر دەکات.

هەشتەم: ڕێنەدراوکردنی چالاکیی بازرگانی و قۆرخکاریی ئابووری

٨.١. پارتییە وارگێڕییەکان وەک دامەزراوەی وارگێڕی کار دەکەن و بە هیچ شێوەیەک بۆیان نییە خاوەندارێتیی کۆمپانیای بازرگانی بکەن یان بەشدار بن لە چالاکیی ئابووریدا.

٨.٢. هەر هەوڵێک لەلایەن پارتییەکەوە بۆ قۆرخکردنی بازاڕ یان بەکارهێنانی دزەکردنی وارگێڕی بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی ئابووری، بە تاوانێکی گەورە دژی ئابووریی نیشتمانی دادەنرێت.

نۆیەم: بەرپرسیارێتیی سەرکردایەتی و ئاشکراکردنی سامان

سەرۆک و ئەندامانی دەفتەری وارگێڕیی یان هەر ئۆرگانێکی باڵای هاوشێوەی هەموو پارتییە وارگێڕییەکان، پابەندن بەوەی ساڵانە و بە شێوەیەکی گشتی، سامانی خۆیان و سەرچاوەی داهاتیان بۆ دەستەیەکی تایبەتمەندی سەربەخۆ ئاشکرا بکەن.

دەیەم: ڕێکخستنی قانوونیی

قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی هەموو برگەکانی ئەم بەندە، لەوانە مەرجەکانی دامەزراندن، شێوازی کارکردن، میکانیزمی پشتیوانی و چاودێریی دارایی، و پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی پارتییە وارگێڕییەکان، ڕێکدەخات.

بەندی ٣٦: ئەرکی بەرگریی نیشتمانی و پاژەی گشتی

پاراستنی سەروەریی، یەکپارچەیی وڵات، و پەرگاڵی دەستووریی کۆماری کوردستان، ئەرکێکی پیرۆز و مافێکی سەوداهەڵنەگری سەرشانی هەموو شارۆمەندێکە. دەوڵەت لەسەر بنەمای "بەرگریی گشتگیر" هێزی بەرگریی نیشتمانی دادەمەزرێنێت.

یەکەم: هێزی بەرگریی نیشتمانی

١.١. کۆماری کوردستان خاوەنی هێزێکی بەرگریی نیشتمانیی یەکگرتووە، کە ئەرکی سەرەکیی بریتییە لە پاراستنی وڵات لە هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی و ناوخۆیی کە ئاسایشی نەتەوەیی بخاتە مەترسییەوە.

١.٢. هێزی بەرگریی نیشتمانی بە تەواوی لەژێر فەرمانی دەسەڵاتی قانوونیی و دەستووریی وڵاتدایە و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان سەرکۆمارە.

١.٣. هەر جۆرە چالاکییەکی سەربازی لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم هێزە بە تەواوی ڕێنەدراوە و بە هەوڵێک دژی ئاسایشی دەوڵەت هەژمار دەکرێت.

دووەم: بنەمای بەرگریی گشتگیر

پەرگاڵی بەرگریی وڵات لەسەر بنەمای بەرگریی گشتگیر دادەمەزرێت، کە پێکدێت لە:

٢.١. هێزێکی پیشەیی هەردەمیی، کە کۆڵەکەی سەرەکی ئارتەش پێکدەهێنێت و بە بەرزترین ئاستی لێهاتوویی و تەکنەلۆژیا پرچەک دەکرێت.

٢.٢. هێزێکی یەدەگی بەرفراوان، کە لەو شارۆمەندانە پێکدێ کە پاژەی گشتییان گەیاندۆتە کۆتایی و لە کاتی پێویستدا بانگهێشت دەکرێنەوە.

سێیەم: پاژەی نیشتمانیی ناچاری

٣.١. پاژەکردن لە چوارچێوەی پەرگاڵی بەرگریی نیشتمانیدا، ئەرکێکی قانوونییە و هەموو شارۆمەندێکی شایستە دەگرێتەوە.

٣.٢. ئەم ئەرکە ژن و پیاو بە یەکسانی دەگرێتەوە و قانوون وردەکارییەکانی رێکدەخات.

٣.٣. قانوون رێگە بە جێگرەوەی "پاژەی ژیاری" (مەدەنی) دەدات بۆ ئەو کەسانەی کە بەهۆی باوەڕی وێژدانی یان هۆکاری پزیشکیی سەلمێنراوەوە ناتوانن چەک هەڵبگرن. پاژەی ژیاری لە دامەزراوە گشتییەکان و بۆ بەرژەوەندیی گشتی بەڕێوەدەچێت.

چوارەم: بانگەوازی گشتی و هێزی یەدەگ

لە کاتی جەنگ، داگیرکاری، یان هەر هەڕەشەیەکی بوونایەتی بۆ سەر کۆمار، دەوڵەت مافی ڕاگەیاندنی "بانگەوازی گشتی" و بانگهێشتکردنی هێزی یەدەگی نیشتمانیی هەیە. هەموو شارۆمەندێک لەم دۆخەدا ئەرکیەتی بەپێی توانا و پسپۆڕی بەشداری لە بەرگریی نیشتمانیدا بکات.

پێنجەم: چوارچێوەی قانوونیی

قانوونێکی تایبەت وردەکارییەکانی پێکهاتەی هێزی بەرگریی نیشتمانی، ماوە و شێوازی ڕاژەی گشتی و ڕاژەی ژیاری، ماف و ئەرکی سەربازان، و پرۆسەی بانگەوازی گشتی رێکدەخات.

بەندی ٣٧: تاوانی باڵای ناپاکیی نیشتمانی

یەکەم: بنەما و شکۆمەندیی قانوونیی

وەفاداری بۆ کۆماری کوردستان و پاراستنی بوون و سەروەرییەکەی، بەرزترین ئەرک و پەیمانی پیرۆزی نێوان شارۆمەند و نیشتمانە. لەم ڕوانگەیەوە، ناپاکیی نیشتمانی بە قورسترین تاوان دژی بوونی دەوڵەت، شکۆی نەتەوە و ئاسایشی گشتی دادەنرێت. ئەم تاوانە پێشێلکاریی ڕاستەوخۆی ئەو پەیمانە بنەڕەتییەیە کە کۆمار لەسەری دامەزراوە و بە هیچ شێوەیەک جێگەی لێخۆشبوون نییە.

دووەم: پێناسەی گشتیی تاوان

تاوانی باڵای ناپاکیی نیشتمانی، بریتییە لە هەر کردەوەیەکی بە مەبەست و ئاگایانە، کە لەلایەن هەر شارۆمەندێک، بەرپرسێکی دەوڵەتی، یان هەر کەسێکی نیشتەجێی کوردستانەوە ئەنجام بدرێ کە سوێندی وەفاداریی خواردبێت و بە مەبەستی زیانگەیاندن بە سەروەریی، یەکپارچەیی، ئاسایش، یان سەقامگیریی پەرگاڵی دەستووریی کۆماری کوردستان بێت، یان ببێتە هۆی بەهێزکردنی دوژمن و لاوازبوونی پێگەی دەوڵەت.

سێیەم: پۆلێنکردنی کردەوەکانی ناپاکیی نیشتمانی

بۆ مەبەستی ڕوونیی قانوونیی، کردەوەکانی تاوانی باڵای ناپاکیی نیشتمانی ئەم بوارانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام تەنیا بەمانەوە سنووردار نییە:

٣.١. تاوانی دژ بە سەروەریی و یەکپارچەیی وڵات:

ئا. هاندانی شەڕی دەرەکی: ئەنجامدانی هەر کردەوەیەک کە ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕ دژی کۆماری کوردستان یان خستنە مەترسییەوە.

ب. خستنە ژێر دەسەڵاتی بیانی: کارکردن بۆ خستنی کۆماری کوردستان یان هەر بەشێک لە خاکەکەی، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی بیانی.

پ. هاوکاریکردنی دوژمن: پێشکەشکردنی هەر جۆرە یارمەتییەک، چ شتەکی، چ لۆجستیکی، چ مرۆیی، بە هێزێکی دوژمن لە کاتی جەنگ یان هەر پێکدادانێکی چەکداریدا.

ت. ڕادەستکردنی دامەزراوەی سەربازی: ڕادەستکردنی هەر بنکە، قەڵا، کەشتی، فڕۆکە، یان هەر دامەزراوەیەکی سەربازیی گرنگ بە دوژمن.

ج. یاخیبوونی چەکداری: دامەزاندن، سەرکردایەتیکردن، یان بەشداریکردن لە هەر گرووپێکی چەکداریی ناوخۆییدا کە ئامانجی تێکدانی ئاسایشی دەوڵەت و دابەشکردنی خاک بێت.

٣.٢. تاوانی دژ بە ئاسایشی دەوڵەت و نهێنییە باڵاکان (سیخوڕی):

ئا. ئاشکراکردنی نهێنییە باڵاکان: ئاشکراکردن یان گواستنەوەی هەر زانیاری، بەڵگەنامە، یان تەکنەلۆژیایەک کە بە نهێنیی باڵای سەربازی، هەواڵگریی، دیپلۆماسی، یان ئابووریی ستراتیژی پۆلێن کراوە، بۆ هەر دەوڵەت، ڕێکخراو، یان لایەنێکی بیانی.

ب. کۆکردنەوەی زانیاری بۆ دوژمن: بەدەستهێنان یان هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی نهێنی بە مەبەستی گەیاندنی بە لایەنێکی بیانی کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت بگەیەنێت.

پ. چالاکیی هەواڵگریی بێ مۆڵەت: ئەنجامدانی چالاکیی هەواڵگری لەسەر خاکی کوردستان بۆ بەرژەوەندیی لایەنێکی بیانی، تەنانەت ئەگەر زانیاریی نهێنیشی تێدا نەبێت، بە مەرجێک زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی بگەیەنێت.

٣.٣. تاوانی دژ بە پەرگاڵی دەستووری و دامەزراوە باڵاکان:

ئا. گۆڕینی نادەستووریی پەرگاڵ: هەوڵدان بۆ گۆڕینی پەرگاڵی دەستووریی وڵات بە بەکارهێنانی هێز، هەڕەشە، یان هەر شێوازێکی ناقانوونیی دیکە.

ب. هێرشکردنە سەر دامەزراوە باڵاکان: ئەنجامدانی هێرشی چەکداری یان تووندوتیژی دژی بارەگای سەرۆکایەتی کۆمار، مەکۆی نیشتمانی، مەکۆی ژیران، یان دادگای باڵا.

پ. هێرشکردنە سەر سەرکردە باڵاکان: ئەنجامدان یان پیلانگێڕی بۆ تیرۆرکردنی سەرۆکی دەوڵەت، سەرۆکی مەکۆی نیشتمانی، سەرۆکی مەکۆی ژیران، یان سەرۆکی دادگای باڵا، بە مەبەستی تێکدانی پەرگاڵی دەوڵەت.

ت. ڕێگریکردن لە کاری دامەزراوەکان: بەکارهێنانی هێز یان هەڕەشە بۆ ڕێگریکردن لە کارکردنی ئاسایی دامەزراوە دەستوورییە باڵاکانی دەوڵەت.

٣.٤. تاوانی دژ بە ژێرخانی ژینەکی و ئاسایشی ئابووری:

ئا. تێکدانی ژێرخانی ستراتیژی: ئەنجامدانی کردەوەی تێکدەرانەی مەبەستدارانە دژی ژێرخانە ژینەکییەکانی وڵات وەک سەرچاوەکانی وزە، بەنداوەکان، تۆڕەکانی پەیوەندی، پەرگاڵی بانکی ناوەندی، یان هێرشی ئەلیکترۆنی (سایبەری) بۆ سەر دامەزراوە هەستیارەکان.

ب. شەڕی ئابووری: ئەنجامدانی هەر کردەوەیەک بە هاوکاریی لایەنێکی دەرەکی کە ئامانج لێی دارمانی ئابووریی کوردستان بێت، وەک تێکدانی بەهای دراوی نیشتمانی یان قاچاخچێتیی ستراتیژی.

چوارەم: بارودۆخی دژوارکەر

ئەگەر هەر کام لە تاوانەکانی ئاماژەپێکراو لەلایەن کەسێکەوە ئەنجام بدرێ کە پۆستێکی باڵای دەوڵەتی، سەربازی، یان دادوەریی هەبێت و سوودی لە پۆستەکەی وەرگرتبێت بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە، ئەوا بە بارودۆخی دژوارکەر هەژمار دەکرێت و کاریگەریی لەسەر تووندیی سزاکەی دەبێت.

پێنجەم: دادگاییکردن و ڕێکارەکان

٥.١. دادگای تایبەتمەند: گشت تاوانەکانی ناپاکیی نیشتمانی لە دادگایەکی تایبەتمەنددا تاوتوێ دەکرێن کە پێکهاتە و دەسەڵاتەکانی بە قانوونێکی تایبەت دیاری دەکرێت.

٥.٢. پرۆسەی دادپەروەرانە: سەرەڕای قورسیی تاوانەکە، دەبێت پرۆسەی دادگاییکردن بە تەواوی دادپەروەرانە بێت و گشت مافە دەستوورییەکانی تۆمەتبار، لەوانە مافی بەرگری و هەبوونی پارێزەر، پارێزراو بێت.

شەشەم: سزا و ئاکامەکان

٦.١. تووندترین سزا: هەر کەسێک بەم تاوانە سزا بدرێت، ڕووبەڕووی تووندترین سزای دیاریکراو لە قانوونداً دەبێتەوە.

٦.٢. لێخۆشنەبوونی هەردەمیی: تاوانی باڵای ناپاکیی نیشتمانی لێبوردنی گشتی یان تایبەتی نایگرێتەوە و بە تێپەڕبوونی کات کۆن نابێت.

٦.٣. سزای تەواوکەر: جگە لە سزای سەرەکی، تاوانبار بە شێوەیەکی هەردەمیی لە گشت مافە وارگێڕی و ژیارییەکانی بێبەش دەکرێت و ئەو سامانەی لە ئەنجامی تاوانەکەوە بەدەستی هێناوە، لەلایەن دەوڵەتەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت.

حەوتەم: چوارچێوەی قانوونیی

قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی کردەوەکانی تاوانی ناپاکیی نیشتمانی، پێکهاتە و دەسەڵاتی دادگای تایبەتمەند، ڕێکارەکانی دادگاییکردن، و جۆری سزاکان بە شێوەیەکی ورد دیاری دەکات.

بەندی ٣٨: بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزم

یەکەم: بنەمای دەستووریی بەرەنگاربوونەوە

کۆماری کوردستان، تێرۆریزم بە هەموو شێوەکانییەوە، بە هەڕەشەیەکی بوونایەتی بۆ سەر دەوڵەت، پەرگاڵی دەستووری، و ئاسایشی نەتەوەیی دادەنێت. لەسەر ئەم بنەمایە، دەوڵەت ئەرکدارە بە بەرەنگاربوونەوەیەکی هەمەلایەنە و بێ پسانەوە لە ڕێگەی قانوون، هێزی سەربازی، دەزگای هەواڵگری، و ڕێکاری داراییەوە. هیچ کردەوە یان گرووپێکی تێرۆریستی لەژێر هیچ پاساوێکدا ڕەوایەتیی پێ نادرێت و سازشی لەسەر ناکرێت.

دووەم: پێناسەی قانوونیی کردەوەی تێرۆریستی

هەر کردەوەیەکی بە مەبەست کە بە مەبەستی تێکدانی پەرگاڵی دەستووری، دروستکردنی ترس و تۆقاندنی گشتی، یان ناچارکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت بە ئەنجامدانی کارێک یان وازهێنان لێی ئەنجام بدرێت، بە تاوانی تێرۆریستی هەژمار دەکرێت. ئەم پێناسەیە بەتایبەتی ئەم کردەوانە دەگرێتەوە:

٢.١. کردەوەی تووندوتیژی دژی ژیانی مەردم، بەرپرسانی دەوڵەت، یان نوێنەرانی بیانی.

٢.٢. ڕفاندن و بارمتەگرتن.

٢.٣. بەکارهێنانی شتگەلی تەقەمەنی، کیمیایی، بایۆلۆژی، یان ئەتۆمی.

٢.٤. هێرشی ئەلیکترۆنی (سایبەری) بۆ سەر ژێرخانە ژینەکییەکانی وڵات.

٢.٥. وێرانکردنی دامەزراوە گشتییەکان، شوێنەوارە مێژوویییەکان، یان هێڵەکانی وزە و پەیوەندی.

٢.٦. هەر چالاکییەکی ڕێکخراوی دیکە کە بەپێی قانوون بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی پۆلێن کرابێت.

سێیەم: تاوانە پەیوەندیدارەکان

ئەم کردەوانەی خوارەوە بە تاوانی سەربەخۆ و هاوشانی کردەوەی تێرۆریستی هەژمار دەکرێن:

٣.١. داراییکردنی تێرۆریزم: دابینکردن یان کۆکردنەوەی هەر جۆرە سامانێک بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ کاری تێرۆریستی.

٣.٢. هاندانی تێرۆریزم: بڵاوکردنەوەی هەر گوتارێک کە پاساو بۆ کردەوەی تێرۆریستی بهێنێتەوە یان هانی ئەنجامدانی بدات.

٣.٣. ڕاکێشان و ڕاهێنان: ڕاکێشانی ئەندام یان ڕێکخستنی هەر جۆرە ڕاهێنانێکی سەربازی یان ئایدۆلۆژی بۆ گرووپە تێرۆریستییەکان.

٣.٤. پەنادان و ئاسانکاری: دابینکردنی پەناگە یان هەر جۆرە ئاسانکارییەکی لۆجستیکی بۆ ئەنجامدەرانی تاوانی تێرۆریستی.

چوارەم: باری قانوونیی تاوانەکە

٤.١. هیچ کردەوەیەکی تێرۆریستی بە تاوانی وارگێڕی دانانرێت.

٤.٢. ئەنجامدەران، نەخشەدانەران و هاندەرانی تاوانی تێرۆریستی، بە شێوەیەکی هەردەمیی لە گشت مافە وارگێڕییەکانیان بێبەش دەکرێن.

٤.٣. ئەو کەسە بیانیانەی کە لەسەر خاکی کوردستان بەشداری لە کردەوەی تێرۆریستیدا دەکەن، مافی وەرگرتنی پەنابەری یان هەر جۆرە پارێزبەندییەکی تایبەتیان نابێت.

پێنجەم: چوارچێوەی دەستووریی بەرەنگاربوونەوە

٥.١. دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزم، دەزگایەکی نیشتمانیی تایبەتمەند دادەمەزرێنێ کە دەسەڵاتی هەواڵگری، لێکۆڵینەوە و ئۆپەراسیۆنی پێویستی هەبێت.

٥.٢. دادگاییکردنی تاوانە تێرۆریستییەکان لە دەسەڵاتی دادگایەکی تایبەتمەندی ئاسایشی نەتەوەییدایە.

٥.٣. کۆماری کوردستان پابەندە بە هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزم.

شەشەم: بنەماکانی سزا

٦.١. سزای تاوانە تێرۆریستییەکان دەبێت لەگەڵ قورسیی تاوانەکەدا بگونجێت و ڕووبەڕووی تونديترین سزای دیاریکراو لە قانوونداا ببێتەوە.

٦.٢. ئەم تاوانانە بە تێپەڕبوونی کات کۆن نابن و ناکەونە ژێر هیچ بڕیارێکی لێبوردنی گشتی یان تایبەتەوە.

حەوتەم: ڕێکخستنی قانوونیی

قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی هەموو بڕگەکانی ئەم بەندە، دەسەڵاتە تایبەتەکانی دەزگای دژەتیرۆر و ڕێکارەکانی دادگاییکردن دیاری دەکات.

بەندی ٣٩: ڕێنەدراوکردنی سیخوڕی و دەستێوەردانی بیانی

پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاری وارگێڕی و ئاسایشی نەتەوەیی لە هەر جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی، ئەرکێکی باڵای دەستووریی دەوڵەتە. هەر کردەوەیەک کە ئەم سەروەرییە بخاتە مەترسییەوە، بە تاوانێکی قورس دژی ئاسایشی کۆمار دادەنرێت.

یەکەم: تاوانی سیخوڕی

١.١. هەر کردەوەیەک کە بریتی بێت لە کۆکردنەوە، گواستنەوە، یان ئاشکراکردنی زانیاریی نهێنیی دەوڵەت بۆ لایەنێکی بیانی بە مەبەستی زیانگەیاندن بە ئاسایشی نەتەوەیی، بە تاوانی سیخوڕی هەژمار دەکرێت.

١.٢. ئەم زانیارییانە بوارەکانی بەرگریی نیشتمانی، هەواڵگری، وارگێڕیی دەرەوە، ئاسایشی ئابووری، و تەکنەلۆژیای ستراتیژی دەگرێتەوە.

١.٣. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی سیخوڕی، ڕاکێشانی کەسانی دیکە بۆ ناو تۆڕی سیخوڕی، یان پەنادانی سیخوڕان، بە تاوانی هاوشان هەژمار دەکرێت.

دووەم: ڕێنەدراوکردنی دەستێوەردانی ناقانوونیی بیانی

٢.١. هەر هەوڵێک لەلایەن هەر دەوڵەت یان لایەنێکی بیانییەوە بۆ کاریگەری کردنە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، یان بڵاوکردنەوەی زانیاریی چەواشە بە شێوەی ڕێکخراو بە مەبەستی تێکدانی ڕای گشتی و پشتسپاردن بە دامەزراوەکانی دەوڵەت، بە کردەوەی دوژمنکارانە دادەنرێت.

٢.٢. کارکردن وەک نوێنەری بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتێکی بیانی بەبێ تۆمارکردنی فەرمی و ئاشکراکردنی چالاکییەکان بەپێی قانوون، ڕێنەدراوە.

٢.٣. دامەزراندنی هەر ڕێکخراوێک یان دامەزراوەیەک کە لەلایەن لایەنێکی بیانییەوە دارایی بکرێت و ئامانجی وارگێڕپی شاراوەی هەبێت، بە دەستێوەردانی ناقانوونیی دادەنرێت.

سێیەم: بەرپرسیارێتیی تایبەتی بەرپرسانی دەوڵەت

٣.١. هەر بەرپرسێکی دەوڵەتی، چ ژیاری یان سەربازی، کە پەیوەندیی گوماناوی لەگەڵ لایەنی بیانی دادەمەزرێنێت یان زانیاریی هەستیار لە دەرەوەی چوارچێوەی فەرمی ئاڵوگۆڕ دەکات، ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی قانوونیی توند دەبێتەوە.

٣.٢. وەرگرتنی هەر جۆرە دیاری، بەخشین، یان سوودێکی شتەکی لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە لە لایەنێکی بیانی، کە گومانی کاریگەری خستنە سەر بڕیاری لێبکرێت، بە تاوان هەژمار دەکرێت.

چوارەم: چوارچێوەی قانوونیی و سزا

٤.١. کردەوەکانی سیخوڕی و دەستێوەردانی بیانی بە تاوانی قورس دژی ئاسایشی نەتەوەیی هەژمار دەکرێن و سزای تووندیان لەسەر دەبێت.

٤.٢. قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی ئەم تاوانانە، ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە، و جۆری سزاکان دیاری دەکات.

بەندی ٤٠: پاراستنی نهێنییەکانی دەوڵەت، ژێرخانی ژینەکی، و زانیاریی تایبەتی شارۆمەندان

دەوڵەت ئەرکدارە بە پاراستنی زانیارییە هەستیارەکان و ژێرخانە ژینەکییەکانی وڵات وەک بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەیی، هاوکات پابەندە بە پاراستنی مافی تایبەتمەندی و نهێنیی زانیاریی شارۆمەندان.

یەکەم: نهێنییە باڵاکانی دەوڵەت

١.١. زانیاری و بەڵگەنامەکانی دەوڵەت کە پەیوەندییان بە ئاسایشی نەتەوەیی، بەرگری، وارگێڕیی دەرەوە، و ئابووریی ستراتیژییەوە هەیە، بەپێی قانوون پۆلێن دەکرێن.

١.٢. هەر جۆرە دەستگەیشتنێکی بێ مۆڵەت، کۆپیکردن، گواستنەوە، یان ئاشکراکردنی زانیارییە پۆلێنکراوەکان، بە تاوانێکی قورس دژی ئاسایشی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت.

دووەم: پاراستنی ژێرخانی ژینەکی

٢.١. ژێرخانە ژینەکییەکان، لەوانە سەرچاوەکانی وزە و ئاو، تۆڕەکانی پەیوەندی و ژێرخانی ئەلیکترۆنی (سایبەری)، پەرگاڵی گواستنەوە و دامەزراوە هەستیارەکانی دیکە، بە بەشێکی دانەبڕاو لە ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێن.

٢.٢. هەر کردەوەیەکی تێکدەرانە یان هێرشکردنە سەر ئەم ژێرخانانە، بە تاوانێکی قورس دژی ئاسایشی کۆمار دادەنرێت و سزای توندی لەسەر دەبێت.

سێیەم: دەستگەیشتن بە پۆست و ژینگە کارییە سەروەری و هەستیارەکان

٣.١. پۆست، ڕاژە، دەزگا، ناوەند، بەش، پەرگاڵ، یان ژینگە کارییەک کە دەستگەیشتنی ڕاستەوخۆی بە نهێنییەکانی دەوڵەت، زانیاریی پۆلێنکراو، ژێرخانی ژینەکی، ئاسایشی نەتەوەیی، بەرگری، هەواڵگری، ئاسایشی ئەلیکترۆنی، وارگێڕیی دەرەوە، یان بڕیاری سەروەریی کۆمار هەبێت، بە ژینگە کاریی سەروەری یان هەستیار دادەنرێت.

٣.٢. گرتنی پۆستە سەروەرییەکان و کارکردن لە ژینگە کارییە سەروەری و هەستیارەکاندا، بە پێویستیی پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی، ئاسایشی نەتەوەیی، نهێنییەکانی دەوڵەت و یەکپارچەیی وڵات، تەنیا بۆ هاووڵاتیانی بە ڕەچەڵەک کورد دەبێت.

٣.٣. ئەم سنووردارکردنە نابێت وەک جیاکاری لە مافە شارۆمەندییە گشتییەکاندا لێک بدرێتەوە؛ بەڵکو ڕێسایەکی سەروەری و ئاسایشییە بۆ ئەو پۆست و ژینگە کارییانەی کە پەیوەندییان بە مانەوە، بەرگری، نهێنی، بڕیاری سەروەری، یان ژێرخانی ژینەکیی کۆمارەوە هەیە.

٣.٤. دیاریکردنی پۆستە سەروەرییەکان و ژینگە کارییە هەستیارەکان، پلەی دەستگەیشتن، مەرجەکانی پشکنینی ئاسایشی، و ڕێکاری مۆڵەتدان، بەپێی قانوونی تایبەت دەکرێت، بە پێوەری ڕوون، سنووردار، پشکنراو و پەیوەست بە پێویستیی سەروەری و ئاسایشی نەتەوەیی.

چوارەم: چوارچێوەی قانوونیی

قانوونی تایبەت وردەکاریی ئەم بوارانەی خوارەوە ڕێکدەخات:

٤.١. پلەبەندی و شێوازی پۆلێنکردنی نهێنییەکانی دەوڵەت و ماوەی پاراستنیان.

٤.٢. پێناسەکردنی ژێرخانە ژینەکییەکان و داڕشتنی پلانی نیشتمانی بۆ پاراستنیان.

٤.٣. بنەماکانی کۆکردنەوە، هەڵگرتن، و پاراستنی زانیاریی تایبەتی شارۆمەندان.

٥.٤. دیاریکردنی پۆستە سەروەرییەکان، ژینگە کارییە سەروەری و هەستیارەکان، پلەکانی دەستگەیشتن بە زانیاریی پۆلێنکراو، مەرجەکانی پشکنینی هەداری، و ڕێکاری پێدان، هەڵپەساردن و سڕینەوەی مۆڵەتی دەستگەیشتنی هەداری.

بەندی ٤١: بەرپرسیارێتیی نیشتمانیی ڕێکخراوە ژیاری و ئابووریەکان

ئازادیی دامەزراندنی ڕێکخراو و چالاکیی ئابووری لە چوارچێوەی قانوونداً پارێزراوە، بە مەرجێک لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆماردا هاوتەریب بێت. هەموو دامەزراوەیەکی ژیاری و ئابووری بەرپرسیارێتیی نیشتمانیی لە ئەستۆدایە.

یەکەم: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی ژیاری

١.١. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی ژیاری ئەرکیانە بەشداریی بنیاتنەرانە لە گەشەپێدانی کۆمەڵگادا بکەن و پابەندی تەواوی ئەم دەستوورە و قانوونەکانی وڵات بن.

١.٢. دەبێت سەرچاوەی دارایی ڕێکخراوەکان، بەتایبەت ئەو یارمەتییانەی لە سەرچاوەی دەرەکییەوە وەریدەگرن، بە تەواوی ڕووەن بێت و بەپێی قانوون بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دەوڵەت ئاشکرا بکرێت.

١.٣. بەکارهێنانی ڕێکخراوی ژیاری وەک پەرچ بۆ ئەنجامدانی هەر چالاکییەک کە دژ بە سەروەریی و پەرگاڵی دەستووریی کۆمار بێت، یان ببێتە ئامرازێک بۆ سیخوڕی، هاندانی دووبەرەکی، یان دەستێوەردانی بیانی، بە تاوانێکی قورس دژی ئاسایشی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت.

دووەم: دامەزراوە ئابووریییەکان و کەرتی تایبەت

٢.١. کەرتی تایبەت هاوبەشێکی سەرەکییە لە گەشەپێدانی ئابووریی نیشتمانیدا و دەبێت چالاکییەکانی لەگەڵ ستراتیژی گشتی و ئاسایشی ئابووریی وڵاتدا بگونجێت.

٢.٢. ئەو کۆمپانیایانەی کە خاوەندارێتی یان بەڕێوەبردنی ژێرخانە ژینەکییەکانی وڵاتیان لە ئەستۆدایە، بەرپرسیارێتیی قانوونیی تایبەتیان هەیە بۆ پاراستنیان لە هەر هەڕەشەیەک.

٢.٣. هەر کۆمپانیایەک کە بە مەبەست زیان بە ئابووریی نیشتمانی بگەیەنێت، وەک قۆرخکاریی زیانبەخش، تێکدانی بەهای دراوی نیشتمانی، یان هاوکاریکردنی لایەنێکی دوژمنکار کە لەژێر گەمارۆدایە، ڕووبەڕووی تووندترین سزای قانوونیی دەبێتەوە.

سێیەم: بەرپرسیارێتیی قانوونیی و ڕێکخستن

٣.١. ڕێکخراو و کۆمپانیاکان وەک کەسێتیی قانوونیی، بەرپرسیارێتیی قانوونییان لە ئەستۆدایە و لە باریی پێشێلکردنی بڕگەکانی ئەم بەندەدا، ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دەبنەوە.

٣.٢. قانوونی تایبەت، وردەکاریی مەرجەکانی دامەزراندن و کارکردنی ڕێکخراوە ژیارییەکان، چوارچێوەی بەرپرسیارێتیی نیشتمانیی کەرتی تایبەت، و سزای سەرپێچییەکان دیاری دەکات.

بەندی ٤٢: پەیمانی نەتەوەیی و ئەرکەکانی شارۆمەند

شارۆمەندی لە کۆماری کوردستاندا پەیمانێکی بوونناسانە و دوولایەنەی پیرۆزە لەنێوان تاک و دەوڵەتدا. لە بەرامبەر پاراستنی ژیان، شکۆ و مافەکانی لەلایەن دەوڵەتەوە، هەر شارۆمەندێک ئەرکی پیرۆزی بەرامبەر بە نەتەوە و دەوڵەت لە ئەستۆدایە، کە بنچینەی مانەوە و بەهێزبوونی کۆمار پێکدەهێنێت.

یەکەم: ئەرکی باڵای وەفاداری

باڵاترین و بنەڕەتیترین ئەرکی هەر شارۆمەندێک، وەفاداریی بێ مەرجە بۆ کۆماری کوردستان و پابەندبوونی ڕەبەقە بە گشت بنەما و بەها نەگۆڕەکانی دەروازەی یەکەمی ئەم دەستوورە، کە ناسنامە و هۆکاری بوونی دەوڵەت پێکدەهێنن.

دووەم: ڕاییکردنی ئەرکە نیشتمانییەکان

وەک بەرجەستەکردنی وەفادارییە بنەڕەتییەکە، هەر شارۆمەندێک پابەندە بە ڕاییکردنی ئەم ئەرکانەی خوارەوە:

٢.١. پابەندبوون بە قانوون: ڕێزگرتن و پابەندبوونی ڕەها بەم دەستوورە و سەرجەم قانوونەکانی وڵات و هاوکاریکردنی دامەزراوەکانی ڕاییکردنی قانوون.

٢.٢. بەرگریی نیشتمانی: بەشداریکردنی چالاکانە لە ئەرکی بەرگریی نیشتمانیدا بەپێی ئەو چوارچێوەیەی کە لەم دەستوورە و قانوونەکانی دیکەدا دیاری کراوە.

٢.٣. بەشداریکردن لە ئەرکە دارایییەکان: پێدانی باج و هەر ئەرکێکی دارایی دیکە بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە، وەک بەشداریکردنێکی نیشتمانی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دابینکردنی توانای نەتەوەیی.

٢.٤. پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی: وریایی و ئاگادارکردنەوەی دەزگا پەیوەندیدارەکان لە هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، سەروەریی، یان یەکپارچەیی خاکی کوردستان.

٢.٥. بەرپرسیارێتیی ژیاری: پاراستنی سامانی گشتی، ژینگە، و ڕێزگرتن لە ماف، شکۆ و ئازادییەکانی شارۆمەندانی دیکە وەک بنەمای پێکەوەژیانی نیشتمانی.

سێیەم: ئەرکی دەوڵەت لەبەرامبەر شارۆمەنددا

لەبەرامبەر ڕاییکردنی ئەم ئەرکانەدا، دەوڵەت بە شێوەیەکی دەستووری پابەندە بە پاراستنی ڕەهای ژیان، شکۆ، ماف و ئازادییەکانی هەر شارۆمەندێک، لەبەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی ناوخۆیی و دەرەکیدا.

چوارەم: چوارچێوەی قانوونیی

قانوونی تایبەت وردەکاریی ئەم ئەرکانە و ئاکامەکانی پشتگوێخستنیان دیاری دەکات.

بەندی ٤٣: پاراستنی شکۆی نەتەوەیی و نەهێشتنی نەیارشەیدایی

یەکەم: بناغەی دەستووری

شکۆی نەتەوەیی و یادەوەریی میژوویی، بەهای باڵا و پارێزراوی دەستوورین. دەوڵەت ئەرکدارە بە پاراستنیان لە هەر هەوڵێک کە ببێتە هۆی شێواندن، سووکایەتیکردن، یان لاوازکردنی وڕەی نەتەوەیی، کە وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەت هەژمار دەکرێت.

دووەم: پێناسەی قانوونیی تاوان

تاوانی نەیارشەیدایی بریتییە لە هەر کردەوە، گوتار، یان پڕۆژەیەکی سیستماتیک و مەبەستدار کە ئامانجی یەکێک یان زیاتر لەم خاڵانەی خوارەوە بێت:

٢.١. شکۆدانان بە دوژمن: ئاساییکردنەوە یان جوانکردنی وێنەی یەکەیەکی دوژمنکار (دەوڵەت، ڕێکخراو، یان ئایدۆلۆژیایەک کە دژایەتیی سەروەریی کوردستانی کردبێت)، بە مەبەستی سڕینەوەی سیمای دوژمنکارانەی.

٢.٢. شێواندنی یادەوەریی نەتەوەیی: نکۆڵیکردن، بچووککردنەوە، یان پاساوهێنانەوە بۆ تاوانەکانی جینۆساید، پاکتاوی نەژادی، یان هەر تاوانێکی دیکەی دژ بە مرۆڤایەتی کە بەرامبەر نەتەوەی کورد ئەنجام دراوە.

٢.٣. تێکدانی وڕەی نەتەوەیی: بڵاوکردنەوەی گوتارێک کە گومان لەسەر بوونایەتیی نەتەوەیی دروست بکات، وڕەی بەرگریی گشتی لاواز بکات، و بێئومێدی و هەستی خۆبەکەمزانی لەنێو کۆمەڵگادا بڵاو بکاتەوە.

سێیەم: کردەوە نەهێڵراوەکان

ئەنجامدانی هەر یەکێک لەم کردەوانەی خوارەوە، بە تاوانی قورسی دژ بە شکۆی نەتەوەیی و ئاسایشی دەوڵەت دادەنرێت و بە تۆندی نەهێڵراوە:

٣.١. پەرەپێدانی هێمای دوژمن: بەرزکردنەوە، نمایشکردن، یان بڵاوکردنەوەی مەبەستداری ئاڵا، هێما، یان دروشمی ئەو یەکە دوژمنکارانەی کە تاوانیان دژی نەتەوەی کورد ئەنجام داوە.

٣.٢. نکۆڵیکردن لە جینۆساید: نکۆڵیکردنی ئاشکرا، بچووککردنەوە، یان پاساوهێنانەوەی وارگێڕی بۆ تاوانەکانی جینۆساید (وەک ئەنفال و کیمیاباران) و پاکتاوی نەژادی.

٣.٣. شکۆدانان بە تاوانباران: پیاهەڵدان و بە پیرۆزکردنی ئەو سەرکردە و دامەزراوانەی یەکە دوژمنکارەکان کە فەرمانیان بە تاوانکاری دژی کوردستان داوە یان تێیدا بەشدار بوون.

٣.٤. هاوکاریکردنی پڕوپاگەندەی دوژمن: بەرهەمهێنان، بڵاوکردنەوە، یان وەرگێڕانی هەر ناوەڕۆکێکی میدیایی، ئەکادیمی، یان هونەری کە بە مەبەست ئامانجەکانی پڕوپاگەندەی دوژمن پێک بهێنێت.

٣.٥. چالاکیی کولتووریی تێکدەرانە: دامەزراندنی هەر ناوەندێکی "لێکۆڵینەوە"، "کولتووری"، یان "پەروەردەیی" کە لە ژێرەوە کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای دوژمن و تێکدانی شوناسی نەتەوەیی بکات.

٣.٦. هاوکاریی ئابووریی ستراتیژی: ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی ئابووری کە بە زانابوون یارمەتیی توانای سەربازی یان هەواڵگریی یەکەیەکی دوژمنکار بدات.

چوارەم: بەرپرسیارێتیی قانوونیی و سنوورەکان

ئەم بەندە هەموو تاکێکی شارۆمەند، بەرپرسێکی دەوڵەتی، پارتییەکی وارگێڕی، دامەزراوەیەکی میدیایی، ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی ژیاری و کۆمپانیایەکی تایبەت دەگرێتەوە. هیچ کەس و لایەنێک لە ئاستی ئەم بەندەدا پارێزبەندیی نییە.

پێنجەم: جۆری تاوان و سزا

کردەوەکانی نەیارشەیدایی بە تاوانی قورسی دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی و پەرگاڵی دەستووری دادەنرێن. سزای ئەم تاوانانە بەپێی قانوونێکی تایبەت دیاری دەکرێ کە دەبێت تووندترین سزا لەخۆبگرێت. ئەم تاوانانە بە تێپەڕبوونی کات کۆن نابن و ناکەونە ژێر هیچ بڕیارێکی لێبوردنی گشتی یان تایبەتەوە.

شەشەم: پاراستنی ئازادیی ڕادەربڕینی ڕەوا

ئەم بەندە نابێت وەک پاساوێک بۆ سنووردارکردنی ئازادیی ئەکادیمی، ڕەخنەی ڕەوای بنیاتنەر لە وارگێڕییەکانی دەوڵەت، کاری ڕۆژنامەوانیی پیشەیی، یان گفتوگۆی مێژوویی کە ئامانجی دەرخستنی ڕاستییەکان بێت، لێک بدرێتەوە. قانوون سنووری وردی نێوان ڕەخنەی ڕەوای نیشتمانی و تاوانی نەیارشەیدایی دیاری دەکات.

بەندی ٤٤: جینۆساید وەک تاوانی لێنەبوردە و ئەرکی هەردەمیی نەتەوە

کۆماری کوردستان، کردەوە سیستماتیکەکانی جینۆساید، قەڵاچۆکردن و پاکتاوی نەژادی کە بە درێژایی مێژوو بەرامبەر بە نەتەوەی کورد ئەنجام دراون، وەک ڕاستییەکی مێژوویی نەسڕاوە و بڕینێکی دامەزرێنەری بوونی نەتەوەیی دەناسێنێت. دەوڵەت وەک وەڵامێکی مێژوویی بەم تاوانانە، بوونی خۆی وەک گەرەنتیی سەرەکیی "هەرگیز دووبارە نەبوونەوە" دەچەسپێنێت و پابەند دەبێت بە گرتنەبەری گشت ڕێکارێکی قانوونیی و دیپلۆماسی بۆ بەدەستهێنانی دادی مێژوویی.

یەکەم: بنەمای دەستووری و دۆخی حاشاهەڵنەگر

١.١. مێژووی جینۆسایدی کورد، جیا لە بەسەرهاتێکی ڕابردوو، بەڵکوو یەکێک لە بنەماکانی بوونناسانەی دەستوور و سەرچاوەی ڕەوایەتیی دەوڵەتی سەربەخۆیە.

١.٢. بەرپرسیارێتیی ئەم تاوانانە بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی ڕژێمەکان کۆتایی نایەت و وەک قەرزێکی قانوونیی و ڕەوشتی لەسەر شانی دەوڵەتە بەرپرسیارەکان دەمێنێتەوە.

دوویەم: پێناسی دەستووریی جینۆسایدی کوردستان

٢.١. بۆ مەبەستی ئەم دەستوورە، جینۆسایدی نەتەوەی کورد بریتییە لە هەر کردەوەیەکی مەبەست بۆ لەناوبردنی گشتی یان بەشەکیی نەتەوەکە، کە ئەم جۆرانە دەگرێتەوە:

ئ. جینۆسایدی فیزیکی: کوشتاری بەکۆمەڵ، کیمیاباران و تاقیکردنەوەی چەکی نەهێڵکراو لەسەر جەستەی نەتەوە.

ب. پاکتاوی دیمۆگرافی: ڕاگواستنی زۆرەملێ، دەرکردنی نەتەوەی کورد لە وارگەی مێژوویی خۆی و نیشتەجێکردنی پێکهاتەی بێگانە بە مەبەستی شێواندنی شوناسی خاک.

پ. جینۆسایدی سپی (کولتووری): ڕێنەدراوکردنی زمانی کوردی، سڕینەوەی ناوی کوردی لەسەر شوێنە جوگرافییەکان و سەپاندنی سیستماتیکی وارگێڕیی تواندنەوەی نەتەوەیی.

ت. جینۆسایدی ژینگەیی: تێکدانی مەبەستی سەرچاوە ئاوییەکان، وێرانکردنی دارستانەکان و گوندەکان بە مەبەستی مەحاڵکردنی ژیان لەسەر خاکی کوردستان.

سێیەم: ئەرکی نیشتمانیی یادکردنەوە و ئەرشیڤکردن

٣.١. دەوڵەت ئەرکدارە بە پاراستنی یادەوەریی بەکۆمەڵ لە ڕێگەی دامەزراندنی مۆنۆمێنت، مۆزەخانەی نیشتمانیی جینۆساید و دیاریکردنی ڕۆژێکی ساڵانە بۆ پرسەی نەتەوەیی.

٣.٢. پاراستنی دیجیتاڵیی بەڵگەنامە و گەواییدەرە لەناو پەڕگاڵی "دەوڵەتی ژیر"ـدا وەک "داراییەکی ستراتیژیی پارێزراو" هەژمار دەکرێ کە نابێت فەرامۆش بکرێت.

چوارەم: پەروەردەی هوشیارکەرەوە و توێژینەوە

٤.١. مێژووی جینۆسایدی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، دەبێت وەک بەشێکی بنەڕەتی و ناچاری تێکەڵی پڕۆگرامی خوێندنی هەموو قۆناغەکان بکرێت، بۆ پێگەیاندنی نەوەیەک کە لە مەترسییە بوونایەتییەکان تێبگات.

٤.٢. دەوڵەت پشتیوانیی بێسنووری دارایی و زانستی لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی پسپۆڕ لە بواری جینۆسایدناسی و مێژووی ستەملێکراوی کوردستان دەکات.

پێنجەم: تاوانبارکردنی نکۆڵیکردن و شێواندن

٥.١. نکۆڵیکردنی ئاشکرا، بچووککردنەوە، یان پاساوهێنانەوە بۆ هەر کام لە کردەوەکانی جینۆساید دژی نەتەوەی کورد، بە تاوانێکی قورس دژی ئاسایشی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت.

٥.٢. هەر جۆرە شکۆدانان، پیاهەڵدان یان بە پیرۆزکردنی ئەو سەرکردە، دەزگا و ئایدیۆلۆژیایانەی کە فەرمانیان بە جینۆساید داوە یان تێیدا بەشدار بوون، رێنەدراوە و ڕووبەڕووی تووندترین سزای قانوونیی دەبێتەوە.

شەشەم: بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتی و وارگێڕیی بژێران

٦.١. بەرپرسیارێتیی قانوونیی و مێژوویی جینۆساید، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کە تاوانەکەیان ئەنجام داوە و گشت ئەو یەکە وارگێڕییە پاشماگگرانەی کە جێگەیان گرتوونەتەوە.

٦.٢. دەوڵەتی کوردستان ئەرکدار دەکرێت بە بەکارهێنانی هەموو کەناڵە دیپلۆماسی و قانوونییەکان بۆ سەپاندنی ئەم بژێرانە بەسەر لایەنە بەرپرسیارەکاندا:

ئا. بژێری ئابووری: بۆبژاردنی شتەکیی قوربانیان، و هەڵگرتنی تێچووی تەواوی ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ناوچە وێرانکراوەکان.

ب. بژێری واتایی: ناچارکردنی دەوڵەتە بەرپرسیارەکان بە داخوازی لێبوردنی فەرمی و بێ مەرج، و گەڕاندنەوەی ڕوفاتی تەواوی قوربانیان بۆ ناشتنێکی شکۆمەندانە.

پ. بژێری پەروەردەیی: پابەندکردنی ئەو دەوڵەتانە بە گۆڕینی پرۆگرامی خوێندنیان بۆ داننان بە تاوانەکانیان دژی کورد، وەک مەرجێکی بنەڕەتی بۆ دروستکردنی هەر پەیوەندییەکی ئاسایی.

ت. بژێری سەربەشی (ئیمتیاز): ناچارکردنی دەوڵەتە بەرپرسیارەکان بە دەرکردنی قانوونی تایبەت بۆ پێدانی ئاسانکاریی بێهاوتا بە هاووڵاتیان و کۆمپانیاکانی کوردستان (وەک لێخۆشبوونی باج و هاتووچۆی ئازاد) وەک بۆبژاردنیی مێژوویی.

حەوتەم: دادی نێودەوڵەتی و ڕاوەدوونانی تاوانباران

۷.۱. دەوڵەتی کوردستان ئەرکی لە ئەستۆدایە بۆ ڕاوەدوونانی قانوونیی گشت ئەو کەسانەی دەستیان لە جینۆسایدی کورددا هەبووە، لە هەر شوێنێکی جیهان بن، و کارکردن بۆ دادگاییکردنیان وەک تاوانباری جەنگ.

هەشتەم: پاراستنی ڕزگاربووان و پاشماگیان

۸.۱. دەوڵەت بەرپرسیارە لە دابینکردنی خۆشبژێویی هەمەلایەنە (شتەکی، دەروونی و کۆمەڵایەتی) بۆ هەموو ڕزگاربووانی جینۆساید و کەسوکاریان.

۸.۲. پاراستنی پاشماگی زارەکی و نووسراوی ڕزگاربووان وەک بەشێک لە "یادەوەریی نەتەوەیی" ئەرکێکی دەستووریی بێپسانەوەیە.

نۆیەم: چوارچێوەی قانوونیی و ڕاییکردن

۹.۱. قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی میکانیزمەکانی یادکردنەوە، شێوازی داخوازکردنی بژێرەکان و ڕێکارەکانی لێپرسینەوە لە تاوانباران ڕێک دەخات.

۹.۲. جێبەجێکردنی ئەم بەندە نابێت بکەوێتە ژێر کاریگەریی ململانێ وارگێڕییە کاتییەکانەوە و هەمیشە وەک یەکەمایەتیی باڵای دەوڵەت دەمێنێتەوە.

دەروازەی شەشەم: شارۆمەندیی، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان و خۆشبژێویی گشتی

شارۆمەندی لە کۆماری کوردستاندا، پەیمانێکی دەستووریی و بوونناسانەی پیرۆزە کە تێیدا شکۆی مرۆڤ دەبێتە ناوەندی بڕیار و ئاڕاستەکەری وارگێڕییەکانی دەوڵەت. ئەم دەروازەیە چوارچێوەی ئەو مافە بنەڕەتی و ئازادییە سەوداهەڵنەگرانە دادەڕێژێ کە کۆڵەکەی سەرەکیی ژیانی ئازاد و شکۆمەندانەی هەر تاکێک پێک دەهێنن؛ لێرەدا دەوڵەت نەک وەک بەخشەر، بەڵکوو وەک پاسەوانی ڕەهای ئەم ئازادییانە جێگیر دەبێت. هاوکات، ئەم دەروازەیە بەرپرسیارێتیی دەستووریی کۆمار بەرامبەر بە دابینکردنی خۆشبژێویی گشتی و دادی نەتەوەیی دەچەسپێنێت، لەسەر ئەو بنەمایەی کە نەتەوەیەکی تەندروست، پەروەردەکراو و دڵنیا لە پاشەڕۆژی خۆی، تاقانە سەرچاوەی هێز و خۆڕاگریی دەوڵەتە لە مێژوودا. یەکسانیی ڕەها لەبەردەم قانوون و پاراستنی مافی کەمینە نیشتمانییەکان، وەک مەرجی بنەڕەتیی یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی پەڕگاڵی کۆماری لەم بەندانەدا گەرەنتی دەکرێن.

بەندی ٤٥: پاراستنی مافی ژیان و سنووردارکردنی سزای لەسێدارەدان

یەکەم: بنەمای پیرۆزیی مافی ژیان

مافی ژیان، پیرۆزترین و بنەڕەتیترین مافی مرۆڤە و لەلایەن دەوڵەتەوە بە تووندی دەپارێزرێت. لەسەر ئەم بنەما نەگۆڕە، سزای لەسێدارەدان لە پەرگاڵی سزایی کۆماری کوردستاندا هەڵوەشاوەیە و باڵاترین سزا، زیندانیکردنی هەتاهەتاییە.

دووەم: کاراکردنەوەی کاتی و مەرجدار

سەرەڕای بنەمای گشتی، تەنیا لە دۆخی ڕاگەیاندنی فەرمیی جەنگ، بەرگری لە بەرامبەر داگیرکاریی دەرەکی، یان هەر هەڕەشەیەکی بوونایەتی بۆ سەر دەوڵەت، مەکۆی نیشتمانی دەتوانێت، بە قانوونێکی تایبەت و بە زۆرینەی سێ لەسەر چواری (٤/٣)ـی کۆی ئەندامانی، بە شێوەیەکی کاتی و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، سزای لەسێدارەدان تەنیا بۆ چەند تاوانێکی دیاریکراو کارا بکاتەوە.

سێیەم: تاوانە تایبەتەکان

سزای لەسێدارەدان تەنیا بۆ ئەو تاوانانەی خوارەوە ڕایی دەکرێت، بەو مەرجەی لە ماوەی ئەو دۆخە نائاساییەدا ئەنجام درابن و زیانێکی کارەساتباریان بە بوونی دەوڵەت و نەتەوە گەیاندبێت:

٣.١. تاوانی باڵای ناپاکیی نیشتمانی: ئەو کردەوانەی کە ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی داڕمانی هێڵەکانی بەرگریی دەوڵەت یان سپاردنی بەشێکی ستراتیژیی خاکی نیشتمان بە دوژمن.

٣.٢. تاوانی تێرۆریستیی بەرفراوان: ئەو کردەوە تێرۆریستییانەی کە بە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ یان لە ڕێگەی هێرشی بەرفراوانەوە ئامانج لێی کوشتاری بەکۆمەڵ بێت.

٣.٣. تاوانی جینۆساید: هەر کردەوەیەک بە مەبەستی لەناوبردنی فیزیکیی بەشێک یان هەمووی نەتەوەی کورد یان هەر پێکهاتەیەکی دیکەی کوردستان.

چوارەم: ڕێکارە دادوەرییە تونده‌کان

هەر بڕیارێکی لەسێدارەدان دەبێت ئەم مەرج و ڕێکارانەی خوارەوەی تێدا بێت:

٤.١. دەبێت لەلایەن لقی تایبەتی دادگای باڵای ئاسایشی نەتەوەییەوە و بە کۆی دەنگی گشت دادوەرانی، پاش دادگاییکردنێکی تەواو دادپەروەرانە، دەربچێت.

٤.٢. بڕیارەکە پێویستی بە پەسەندکردنی کۆتایی لەلایەن سەرکۆمارەوە هەیە، کە مافی هەیە سزاکە بۆ زیندانیکردنی هەتاهەتایی سووک بکات.

پێنجەم: هەڵوەشاندنەوەی خۆگەڕ

بە کۆتاییهاتنی دۆخی جەنگ یان ئەو بارە نائاساییەی کە لە بڕگەی دوویەمدا ئاماژەی پێکراوە، ڕاییکردنی گشت بڕیارەکانی لەسێدارەدان کە تا ئەو کاتە جێبەجێ نەکراون، ڕادەگیرێت و سزاکان بە شێوەیەکی خۆگەڕ (ئۆتۆماتیک) بۆ زیندانیکردنی هەتاهەتایی دەگۆڕدرێن.

بەندی ٤٦: شارۆمەندی، شوناس و بنەمای یەکسانی

یەکەم: بنەمای گشتی شارۆمەندی

شارۆمەندێتی کۆماری کوردستان پەیوەندییەکی قانوونی و گیانەکی نێوان تاک و دەوڵەتە، و بناغەی ماف، ئەرک، پابەندی و بەشداری لە ژیانی کۆمار پێکدەهێنێت. ئەم پەیوەندییە لە چوارچێوەی دەستوور، سەروەریی قانوون، شوناسی کوردستانی، و وەفاداری بۆ کۆمار ڕێکدەخرێت.

دووەم: پێناسەی دەستووری هاووڵاتی و شارۆمەند

٢.١. کۆماری کوردستان وەک دەوڵەتی نەتەوەیی کورد دامەزراوە، و سەروەریی نەتەوەیی ئەم کۆمارە لە نەتەوەی کوردەوە سەرچاوە دەگرێت. لەم چوارچێوەیەدا، هاووڵاتی ئاماژەیە بە هەر تاکێکی بە ڕەچەڵەک کورد، کە بە بوونی دەوڵەت یان بەبێ بوونی دەوڵەت، خاوەنی پەیوەندیی ڕەسەنیی نەتەوەیی بە خاکی کوردستان، وارگەی نەتەوەیی، سەروەریی نەتەوەیی و پشکداریی ڕەسەنی لە خاوەندارێتیی وڵاتە.

٢.٢. هاووڵاتیی بە ڕەچەڵەک کورد، کاتێک لە چوارچێوەی کۆماری کوردستاندا بەپێی دەستوور و قانوون پێگەی قانوونیی شارۆمەندی هەبێت، هەم هاووڵاتییە و هەم شارۆمەندە. هاووڵاتیبوون پەیوەندیی ڕەسەنیی نەتەوەییە؛ شارۆمەندبوون پێگەی قانوونیی ئەندامێتیی کۆمارە.

٢.٣. شارۆمەند ئاماژەیە بە هەموو ئەو تاکانەی کە بەپێی ئەم دەستوورە و قانوونەکانی کۆمار، شارۆمەندی کوردستانیان هەیە. شارۆمەند دەتوانێت هاوواڵتیی بە ڕەچەڵەک کورد بێت، یان ناکوردێکی نیشتەجێی کوردستان، ئەندامی کەمینە، یان کەسێک بێ کە بەپێی قانوونی تایبەت شارۆمەندی کوردستان وەردەگرێت.

٢.٤. جیاوازیی دەستووری نێوان هاوواڵتی و شارۆمەند لە جیاوازیی نێوان پەیوەندیی ڕەسەنیی نەتەوەیی و پێگەی قانوونیی شارۆمەندی سەرچاوە دەگرێت. هاوواڵتی پێگەی ڕەچەڵەکی و نەتەوەیی دەردەبڕێت و پەیوەستە بە پشکداریی ڕەسەن لە خاک، وارگەی نەتەوەیی و سەروەریی نەتەوەیی؛ شارۆمەند پێگەی قانوونی و دەستووریی تاک لەناو کۆماردا ڕێکدەخات و بنەمای ماف، ئەرک، پابەندی و بەشداری لە ژیانی کۆماردا دیاری دەکات.

٢.٥. ناکوردی نیشتەجێی کوردستان یان ئەو کەسەی بەپێی قانوون شارۆمەندی کوردستان وەردەگرێت، لە چوارچێوەی دەستووردا شارۆمەندە و لە ماف و ئەرکە قانوونییەکاندا لەگەڵ شارۆمەندانی دیکە یەکسانە؛ بەڵام ئەم پێگەی قانوونییە نابێت وەک هاوواڵتیبوونی ڕەسەنی، پشکداریی نەتەوەیی لە خاوەندارێتیی خاک، یان سەرچاوەبوون بۆ سەروەریی نەتەوەیی لێک بدرێتەوە.

٢.٦. ئەم جیاوازییە نابێتە هۆی هیچ جیاکارییەک لە ماف، ئەرک، دادگاییکردن، پاراستن، ڕاژەی گشتی و پێگەی قانوونیی شارۆمەندانداا. هەموو شارۆمەندانی کوردستان، بەبێ جیاوازی ڕەچەڵەک، زمان، ئایین، ڕەگەز، کولتوور، یان پێگەی کۆمەڵایەتی، لەبەردەم قانوون یەکسانن؛ بەڵام بنەمای هاوواڵتیبوون و پەیوەندیی ڕەسەنیی نەتەوەیی دەبێت لە پێناسەی سەروەریی نەتەوەیی، خاوەندارێتیی وارگەی نەتەوەیی و پشکداریی ڕەسەنیی نەتەوەی کورد پارێزراو بێت.

سێیەم: شێوازەکانی بەدەستهێنانی شارۆمەندی

٣.١. ڕەچەڵەک؛ مافی خوێن: شارۆمەندی کوردستان لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای ڕەچەڵەک دادەمەزرێت. هەر کەسێک لە دایک یان باوکێکی هاوواڵتی کورد لەدایک بێت، مافی وەرگرتنی شارۆمەندی کوردستان هەیە، جا لە ناوخۆ یان دەرەوەی وڵات لەدایک بووبێت.

٣.٢. خاک؛ مافی وارگەی نەتەوەیی: تەنیا لەدایکبوون لەسەر خاکی کوردستان بە شێوەی خۆگەڕ مافی وەرگرتنی شارۆمەندی نادات. قانوون تەنیا لە باری زۆر تایبەتدا، بۆ ڕێگری لە دروستبوونی بێدەوڵەتی، ڕێکارەکانی پێدانی شارۆمەندی بەو کەسانە ڕێکدەخات کە نیشتەجێی درێژخایەنی کوردستانن و هیچ شارۆمەندیەکی دیکەیان نییە.

٣.٣. نیشتەجێبوون و وەرگرتنی شارۆمەندی: قانوونی تایبەت، بە شێوەی توند و دیاریکراو، مەرجەکانی پێدانی شارۆمەندی بە کەسانی بیانی دیاری دەکات کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە کوردستان نیشتەجێ بوون. ئەم مەرجانە دەبێت لانیکەم ئەمانە لەخۆبگرن:

ئا. پابەندی ڕوون و وەفاداری بۆ دەستوور، سەروەریی نەتەوەیی، یەکپارچەیی وڵات، و سەروەریی قانوون.

ب. شارەزایی گونجاو لە زمانی کوردی و ناسینی مێژوو، کولتوور، شوناس، و بنەما دامەزراوەییەکانی کۆماری کوردستان.

پ. توانای ئابووری سەربەخۆ و بەشداری لە گەشەی نیشتمانی.

ت. نەبوونی پێشینەی تاوانی قورس، تێرۆریزم، سیخوڕی، ناپاکی نیشتمانی، یان هەر هەڕەشەیەک بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.

ج. نەبوونی پەیوەندی کردەوەیی بە دەوڵەتی دوژمنکار، ڕێکخراوی دوژمنکار، یان هەر لایەنێک کە هەڕەشە بۆ سەروەری، یەکپارچەیی وڵات، یان بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی کوردستان دروست دەکات.

چوارەم: یەکسانی ڕەها لەبەردەم قانووندا

٤.١. هەموو شارۆمەندانی کوردستان، بەبێ گوێدانە ئەوەی هاووڵاتی کوردن، ناکوردی کوردستانن، ئەندامی کەمینەیەکن، و بەبێ جیاوازی زمان، ڕەگەز، کولتوور، یان پێگەی کۆمەڵایەتی، لەبەردەم قانوون و لە مافی شارۆمەندی یەکسانن.

٤.٢. هەموو شارۆمەندان بە یەکسانی خاوەنی مافە شارۆمەندی، ئازادییە بنەڕەتییە قانوونیەکان، و هەمان ئەرک و بەرپرسیارەتی نیشتمانیین.

٤.٣. پێناسەی جیاواز بۆ هاووڵاتی و شارۆمەند نابێ بە جیاکاری، بێبەشکردن، یان کەمکردنەوەی مافە قانوونیەکان لەبەرامبەر هیچ شارۆمەندێکدا بەکاربهێنرێت.

پێنجەم: پاراستن، لەدەستدان و سزای سەرپێچی لە شارۆمەندی

٥.١. هاووڵاتی بە ڕەچەڵەک کورد، بە هۆی ڕەسەنێتی نەتەوەیی و پشکداری ڕەسەنی دەوڵەت، خاک، سەروەریی نەتەوەیی و خاوەندارێتی لە وارگەی نەتەوەیی، هیچ کات پێگەی شارۆمەندی کوردستان لەدەست نادات.

٥.٢. سەرپێچی هاووڵاتی بە ڕەچەڵەک کورد لە دەستوور، قانوون، ئاسایشی نەتەوەیی، یەکپارچەیی وڵات، یان بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی، نابێتە هۆی لێسەندنەوەی شارۆمەندی، بەڵام تووشی سزای دیاریکراوی قانوونی دەبێتەوە.

٥.٣. شارۆمەندی خاوەنی ڕەچەڵەکی ناکوردی، ئەگەر بە کردەوەی سەلمێندراو، بەڵگەی ڕوون، و بڕیاری دادگایی کۆتایی، وەک هەڕەشە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، یەکپارچەیی وڵات، سەروەریی نەتەوەیی، یان بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی دیاری بکرێت، دەتوانێت پێگەی شارۆمەندی کوردستان لەدەست بدات، جگە لەو سزایانەی قانوون بۆ کردەوەکەی دیاری دەکات.

٥.٤. لەدەستدانی شارۆمەندی بۆ شارۆمەندی خاوەنی ڕەچەڵەکی ناکوردی تەنیا بەپێی قانوونی تایبەت، ڕێکاری دادپەروەرانە، بڕیاری دادگایی کۆتایی، و پاراستنی مافی دادگاییکردن جێبەجێ دەکرێت.

٥.٤. ئەو کەسەی بەپێی ئەم بەندە پێگەی شارۆمەندی لەدەست دەدات، دەتوانێت بەپێی قانوون و بڕیاری دادگایی کۆتایی لە وڵات دەربکرێت، یان دوور بخرێتەوە، ئەگەر ئەو ڕێکارە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، یەکپارچەیی وڵات، سەروەریی نەتەوەیی، یان بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی پێویست بێت.

شەشەم: چوارچێوەی قانوونی

قانوونی تایبەت وردەکاری هەموو بڕگەکانی ئەم بەندە ڕێکدەخات، لەوانە مەرج و ڕێکارەکانی بەدەستهێنان، سەلماندن، تۆمارکردن، لەدەستدان، گێڕانەوە، پێداچوونەوە، و دادگاییکردنی بابەتە

پەیوەستەکانی شارۆمەندیی. هیچ بڕیارێک لە بابەتی شارۆمەندیی نابێ لە دەرەوەی دەستوور، سەروەریی قانوون، بڕیاری دادگایی کۆتایی، و ڕێکاری دادپەروەرانە جێبەجێ بکرێت.

بەندی ٤٧: ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان

شکۆی مرۆڤ سەوداهەڵنەگرە و پاراستنی ئەم شکۆیە ئەرکی هەموو دەسەڵاتێکی دەوڵەتە. دەوڵەت پاراستن و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی هەموو شارۆمەندان گەرەنتی دەکات. ئەم ماف و ئازادییانە ڕەها نین و تەنیا بە قانوون و لە پێناو پاراستنی بنەما نەگۆڕەکانی ئەم دەستوورە، ئاسایشی نەتەوەیی، پەرگاڵی گشتی، یان مافی کەسانی دیکەدا سنووردار دەکرێن.

یەکەم: مافی ژیان، ئازادی و شکۆی مرۆڤایەتی

١.١. مافی ژیان بنەڕەتیترین مافە و بەپێی قانوون دەپارێزرێت. هیچ کەسێک نابێت بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە ژیان بێبەش بکرێت.

١.٢. ئازادیی کەسی پارێزراوە. هیچ کەسێک نابێت دەستگیر بکرێت، زیندانی بکرێت، یان لە ئازادی بێبەش بکرێت، مەگەر لەسەر بنەمای قانوون و بە بڕیارێکی دادوەریی ڕەوا.

١.٣. ئەشکەنجەدان، هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە یان سووکایەتیپێکەر بە هەموو شێوەیەک نەهێڵراوە.

دووەم: ئازادیی بیروڕا و دەربڕین

٢.١. هەموو شارۆمەندێک مافی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان و دەربڕینی هەیە. ئەم مافە ئازادیی هەڵگرتنی بۆچوون و وەرگرتن و گەیاندنی زانیاری و بیرۆکە بەبێ دەستێوەردانی دەسەڵاتی گشتی دەگرێتەوە.

٢.٢. ڕاییکردنی ئەم ئازادییانە ئەرک و بەرپرسیارێتیی لەگەڵدایە و دەکرێت بەپێی قانوون و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، یەکپارچەیی وڵات، پەرگاڵی گشتی، یان پاراستنی ماف و ناوبانگی کەسانی دیکەدا سنووردار بکرێت.

سێیەم: ئازادیی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری

٣.١. ئازادیی ڕۆژنامەگەری و میدیاکانی دیکە گەرەنتی کراوە. سانسۆری پێشوەختە نەهێڵراوە.

٣.٢. قانوون چوارچێوەی کارکردنی میدیاکان ڕێکدەخات بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونیان بە بنەماکانی پیشەییبوون، ڕاستگۆیی، و پاراستنی شکۆی مرۆڤ و ئاسایشی نەتەوەیی.

چوارەم: ئازادیی ئایین و باوەڕ

٤.١. هەموو کەسێک مافی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان و ئایینی هەیە. ئەم مافە ئازادیی هەبوون یان نەبوونی ئایین، گۆڕینی ئایین یان باوەڕ، و دەربڕینیان بە شێوەی تاکەکەسی یان بەکۆمەڵ لە ڕێگەی پەرستن، فێرکردن، و ڕێوڕەسمەوە دەگرێتەوە.

٤.٢. سەپاندنی باوەڕێکی دیاریکراو بە زۆرەملێ، بەتایبەت بەسەر منداڵاندا، نەهێڵراوە.

٤.٣. هیچ باوەڕێکی ئایینی نابێت وەک پاساوێک بۆ ئەنجامدانی هەر کردەوەیەک بەکاربهێنرێ کە دژ بەم دەستوورە، قانوونەکانی وڵات، یان مافە بنەڕەتییەکانی تاک بێت.

پێنجەم: مافی گردبوونەوە و خۆپیشاندان

شارۆمەندان مافی گردبوونەوەی ئاشتیانە و دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراویان هەیە. ڕاییکردنی ئەم مافە بە قانوون ڕێکدەخرێت بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی و مافی کەسانی دیکە.

شەشەم: مافی تایبەتمەندی و نهێنیی پەیوەندییەکان

٦.١. ژیانی تایبەتی، خێزانی، ماڵ و پەیوەندییەکانی هەر شارۆمەندێک پارێزراون و سەوداهەڵنەگرن.

٦.٢. هیچ پشکنین و دەستێوەردانێک لەم بوارانەدا ڕێگەپێدراو نییە، مەگەر بە بڕیارێکی دادوەریی ڕەوا و بەپێی ئەو بارانەی کە قانوون دیاری کردووە.

حەوتەم: ئازادیی هاتووچۆ و نیشتەجێبوون

٧.١. هەموو شارۆمەندێک مافی ئازادیی هاتووچۆ و هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونی لەناو خاکی کوردستاندا هەیە.

۷.۲. ئەم مافە تەنیا بە قانوون و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان تەندروستیی گشتیدا سنووردار دەکرێت.

۷.۳. ڕاییکردنی ئەم مافە نابێت ببێتە هۆی جێبەجێکردنی وارگێڕیی گۆڕینی دیمۆگرافیای هیچ ناوچەیەکی کوردستان.

بەندی ٤٨: دادپەروەریی نەتەوەیی و خۆشبژێوی وەک کۆڵەکەی هێزی دەوڵەت

دەوڵەت لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە خۆشبژێوی گشتیی شارۆمەندان و دادی کۆمەڵایەتی، نەک تەنیا ئامانجێکی مرۆیی، بەڵکو کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی ئاسایشی نەتەوەیی و خۆڕاگریی کۆمەڵگان. بنیاتنانی نەتەوەیەکی تەندروست، پەروەردەکراو و بەرهەمهێنەر، وەبەرهێنانێکی ستراتیژییە لە داهاتووی کۆماردا. لەم سۆنگەیەوە، دەوڵەت ئەرکدارە بە مسۆگەرکردنی ژیانێکی شایستە بۆ گشت شارۆمەندان، وەک بناغەیەک بۆ بەهێزکردنی یەکڕیزی و وڕەی بەرگریی نەتەوەیی.

یەکەم: ئەرکە بنەڕەتییەکان

دەوڵەت لە ڕێگەی گەشەپێدانی ئابووریی ڕاوەستاو و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانە نیشتمانییەکان، کار بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ گشت شارۆمەندان دەکات، بە ئامانجی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بەرهەمدار و خاوەن شکۆ.

دوویەم: مافی تەندروستی وەک سەرمایەی نەتەوەیی

۲.۱. دەوڵەت تەندروستیی شارۆمەندان وەک سەرمایەیەکی ستراتیژیی نەتەوەیی سەیر دەکات. لەسەر ئەم بنەمایە، پەرگاڵێکی تەندروستیی گشتگیر و چلۆنایەتی بەرز دادەمەزرێنێ کە بە خۆڕایی یان بە نرخی گونجاو بۆ گشت شارۆمندان بەردەست بێت.

۲.۲. پاراستنی تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی کۆمەڵگا، وەک مەرجێکی بنەڕەتی بۆ وەرەبەرزی و خۆڕاگریی نەتەوەیی، ئەرکی دەوڵەتە.

سێیەم: مافی پەروەردە وەک کارگەی بنیاتنانی شارۆمەند

پەروەردە مافێکی بنەڕەتیی گشت شارۆمەندانە. دەوڵەت پەرگاڵێکی پەروەردەی گشتیی بێبەرامبەر دادەمەزرێنێ کە ئامانجی پێگەیاندنی نەوەیەکی خاوەن شوناس، ئاوەزمەند و پابەند بە دەستوور بێت، کە توانای بەشداریکردنی کارایان لە بنیاتنانی دەوڵەتدا هەبێت.

چوارەم: ئاسایشی کۆمەڵایەتی و یەکڕیزیی نەتەوەیی

دەوڵەت پەرگاڵێکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنێ کە ئامانجی پاراستنی یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی و ڕێگریکردنە لە دروستبوونی هەر کەلێنێک کە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆ. ئەم پەرگاڵە ژیانێکی شایستە بۆ تووێژە لاوازەکان (کەمتوانایان، بەساڵاچووان، هەتیوان، و خێزانە هەژارەکان) مسۆگەر دەکات.

پێنجەم: مافی نیشتەجێبوون و سەقامگیریی خێزان

دەوڵەت پابەندە بە داڕشتنی وارگێڕییەک کە ئاسانکاری بۆ هەموو شارۆمەندێک بکات بۆ بەدەستهێنانی ماڵی شایستە، وەک بناغەیەک بۆ بنیاتنانی خێزانی سەقامگیر کە بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی بەهێز پێکدەهێنن.

شەشەم: مافی کارکردن وەک ئەرک و مافێکی نیشتمانی

٦.١. مافی کارکردن و هەبوونی ژینگەیەکی کاری تەندروست پارێزراوە. دەوڵەت کار بۆ دابینکردنی دەرفەتی کار دەکات وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی ئابووریی نیشتمانی.

٦.٢. لە بەرامبەردا، کارکردن و بەشداریکردن لە بەرهەمهێنانی نیشتمانیدا ئەرکێکی شارۆمەندییە. دەوڵەت مافەکانی کارکەران دەپارێزێت و هانی کولتووری کارکردنی بەرهەمدار دەدات.

حەوتەم: مافی بەکارهێنەران و پاراستنی ئابووریی ناوخۆ

مافی بەکارهێنەران بۆ بەدەستهێنانی کاڵا و ڕاژەداریی چلۆنایەتی بەرز و سەلامەت پارێزراوە. دەوڵەت لە ڕێگەی چاودێریکردنی بازاڕەوە، ئابووریی نیشتمانی و تەندروستیی گشتی لە زیانەکانی کاڵای چلۆنایەتی نزم و قۆرخکاریی نادادپەروەرانە دەپارێزێت.

هەشتەم: یەکسانیی ڕەگەزی وەک سەرچاوەی هێزی نەتەوەیی

دەوڵەت پابەندە بە دابینکردنی یەکسانیی تەواو لەنێوان ژن و پیاودا لە گشت بوارەکانی ژیاندا. ئەم بنەمایە وەک ئامرازێکی ستراتیژی بۆ ڕزگارکردن و بەکارخستنی تەواوی توانای مرۆیی نەتەوە دادەنرێت، کە مەرجی بنەڕەتیی پێشکەوتن و خۆڕاگریی کۆمارە.

بەندی ٤٩: پێگە و مافی کەمینەکان

یەکەم: پەیمانی شارۆمەندی و یەکسانیی بنەڕەتی

١.١. ئەو کەمینە ئێتنیکیانەی کە بە درێژایی مێژوو لەسەر خاکی کوردستان ژیاون، شارۆمەندی خاوەن مافی تەواوی قانوونیی خۆیان لە کۆماری کوردستانن. پێگەیان لەسەر بنەمای پەیمانێکی دوولایەنە دامەزراوە: لە بەرامبەر گەڕەنتیی تەواوی مافەکانیان لەلایەن دەوڵەتەوە، ئەوان پابەندی وەفاداریی بێ مەرجن بۆ ئەم دەستوورە، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، و سەروەریی نەتەوەی کورد.

١.٢. هەموو شارۆمەندانی سەر بە کەمینە ئێتنیکییەکان، لەبەردەم قانوونداً لەگەڵ هاووڵاتییە کوردەکاندا بە تەواوی یەکسانن و خاوەنی هەمان ماف و ئەرکی نیشتمانین.

دوویەم: مافە تایبەتەکان

جگە لەو مافە گشتییانەی کە هەموو شارۆمەندێک هەیەتی، ئەندامانی کەمینە ئێتنیکییەکان خاوەنی ئەم مافانەن:

٢.١. پاراستنی شوناسی کولتووری: مافی پاراستن و پەرەپێدانی کولتوور، زمان، و نەریتی تایبەتی خۆیان هەیە، بە مەرجێک لەگەڵ بنەما نەگۆڕەکانی دەستوور و پەرگاڵی گشتیدا ناکۆک نەبێت.

٢.٢. زمانی دایک: لە کاتێکدا زمانی کوردی تاکە زمانی فەرمیی دەوڵەتە و فێربوونی لە پەرگاڵی پەروەردەدا ناچارییە، ئەندامانی کەمینەکان مافی بەکارهێنانی زمانی دایکی خۆیان لە ژیانی تایبەت، چالاکیی کولتووری، و دامەزراوە تایبەتەکانی خۆیاندا هەیە. قانوون دەتوانێت

میکانیزمی خوێندنی زمانی دایک لە چوارچێوەی پەرگالّی پەروەردەی گشتیدا بەپێی داخوازکاریی ڕێک بخات.

٢.٣. خاوەندارێتیی ملّک: وەک هەر شارۆمەندێکی تر، مافی تەواوی خاوەندارێتی، کڕین، فرۆشتن و بە پاشماگ بەجێهێشتنی ملّکی تایبەتیان (خانوو، بالّەخانە، زەوی کشتوکالّی، کارگە، هتد) هەیە. ئەم مافە نابێ وەک ئامرازی وارگێڕیی کەلّکی لێ وەربگیرێت.

سێیەم: ئەرکە نیشتمانییە یەکسانەکان

ئەندامانی کەمینە ئێتنیکییەکان، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە پێکهاتەی نیشتمانی، هاوشانی هاووڵاتییە کوردەکان، بە شێوەیەکی یەکسان پابەندن بە ڕاییکردنی ئەم ئەرکانەوە:

٣.١. ڕاژەی سەربازی و بەشداریکردن لە بەرگریی نیشتمانیدا.

٣.٢. پێدانی باج و پابەندبوون بە ئەرکە دارایییەکانی دەوڵەت.

٣.٣. ڕێزگرتن و پابەندبوون بەم دەستوورە و سەرجەم قانوونەکانی وڵات.

چوارەم: هێڵی سووری سەروەریی نەتەوەیی

٤.١. ماف بەکۆمەڵی خاوەندارێتیی خاک (وارگەی نەتەوەیی) و سەروەریی نەتەوەیی دەوڵەتی کوردستان، تەنیا و تەنیا مافێکی ڕەسەن و تایبەتی نەتەوەی کوردە.

٤.٢. هیچ کەمینەیەکی ئێتنیکی مافی داخوازکردنی خاک، ئۆتۆنۆمی، یان هەر جۆرە پێکهاتەیەکی وارگێڕی کە یەکپارچەیی خاکی کوردستان بخاتە مەترسییەوە، نییە.

٤.٣. هەر هەوڵێک لەم چوارچێوەیەدا بە کردەوەی دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی و پێشێلکردنی ڕاستەوخۆی ئەم دەستوورە هەژمار دەکرێت و سزای توندی قانوونیی لەسەر دەبێت.

بەندی ٥٠: سنووردارکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان

ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ناو ئەم دەستوورە پارێزراون. ئەم مافانە ڕەها نین و سنووردارکردنیان تەنیا لە چوارچێوەی ئەو مەرجانەدا ڕێگەپێدراوە کە لەم بەندەدا هاتوون.

یەکەم: بنەمای قانوونییبوون و ئامانجە ڕەواکان

١.١. هەر سنووردارکردنێک دەبێت بە قانوون بێت، کە لەلایەن مەکۆی نیشتمانییەوە دەرچووبێت و بە شێوەیەکی ڕوون داڕێژرابێت. سنووردارکردن بە بڕیاری کارگێڕی ڕێگەپێدراو نییە، مەگەر قانوون بە شێوەیەکی دیاریکراو ڕێگەی پێدابێت.

١.٢. سنووردارکردن تەنیا بۆ یەکێک لەم ئامانجە ڕەوایانەی خوارەوە ڕێگەپێدراوە:

ئ. پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی.

ب. پاراستنی پەرگاڵی گشتی.

پ. پاراستنی تەندروستی یان ڕەوشتی گشتی.

ت. پاراستنی ماف و ئازادییەکانی کەسانی دیکە.

دووەم: بنەماکانی پێویستی و هاوسەنگی

٢.١. دەبێت هەر سنووردارکردنێک لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا پێویست بێت و لەگەڵ ئەو ئامانجەی بۆی دانراوە هاوسەنگ بێت.

٢.٢. نابێت هیچ سنووردارکردنێک ناوەڕۆک و گەوهەری مافەکە پێشێل بکات و دەبێت کەمترین کاریگەریی لەسەر ئازادیی تاک هەبێت.

سێیەم: چاودێریی دادوەریی

٣.١. هەموو قانوون و بڕیارێکی سنووردارکەر دەکەوێتە ژێر چاودێریی دەسەڵاتی دادوەرییەوە.

٣.٢. دادگای باڵا دەسەڵاتی کۆتایی هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی دەستووریبوونی هەر سنووردارکردنێک و لە ئەگەری پێشێلکردنی مەرجەکانی ئەم بەندەدا، دەتوانێت پووچەڵی بکاتەوە.

چوارەم: دۆخی نائاسایی و مافە سەوداهەڵنەگرەکان

٤.١. لە دۆخی جەنگ یان باری نائاسایی فەرمیدا، کە بوونی دەوڵەت بخاتە مەترسییەوە، دەکرێت هەندێک لە ماف و ئازادییەکان بە شێوەیەکی کاتی و بەپێی قانوون سنووردار بکرێن.

٤.٢. سەرەڕای ئەوەش، ئەم مافانەی خوارەوە لە هیچ بارودۆخێکدا سنووردار ناکرێن و سەوداهەڵنەگرن:

ئا. مافی ژیان (جگە لەو بارانەی لە بەندی ٤٥ـدا هاتووە).

ب. ڕێنەدراوکردنی ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە.

پ. ڕێنەدراوکردنی بەکۆیلەکردن.

ت. ئازادیی ویژدان و بیرکردنەوە.

ج. بنەمای "هیچ تاوانێک و هیچ سزایەک بەبێ قانوون بوونی نییە."

بەندی ٥١: پاشماگ بۆ نەوەکانی داهاتوو

یەکەم: بنەمای بەرپرسیارێتیی نێوان نەوەکان

دەوڵەت لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتیی نێوان نەوەکان دامەزراوە. گشت وارگێڕی و بڕیارێکی ستراتیژی دەبێت ماف و بەرژەوەندییەکانی نەوەکانی داهاتوو لەبەرچاو بگرێت و ئامانجی گواستنەوەی پاشماگێکی بەهێزی نیشتمانی بێت.

دووەم: ئەرکەکانی دەوڵەت

دەوڵەت بۆ ڕاییکردنی بنەمای بەرپرسیارێتیی نێوان نەوەکان، پابەندە بەم ئەرکانەی خوارەوە:

٢.١. پەیڕەوکردنی گەشەی ڕاوەستاو: پەیڕەوکردنی وارگێڕیی گەشەی ڕاوەستاو لە گشت بوارەکاندا، بە شێوەیەک کە دابینکردنی پێداویستییەکانی نەوەی ئێستا، توانای نەوەکانی داهاتوو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیان نەخاتە مەترسییەوە.

٢.٢. پاراستنی سامانی سروشتی: پاراستن و بەڕێوەبردنی ژیرانەی سامانە سروشتییەکان، بەتایبەت سەرچاوە ژێرزەمینییەکان، وەک سپێردەیەکی نێوان نەوەکان.

٢.٣. دامەزراندنی سندوقی نیشتمانیی پاشەڕۆژیی: دامەزراندنی "سندوقی نیشتمانیی پاشەڕۆژیی (سندوقی نەوەکانی داهاتوو)" بەپێی قانوون، بۆ هەڵگرتن و وەبەرهێنانی بەشێک لە داهاتی

سامانە سروشتییەکان، کە داهاتەکەی تەنیا بۆ نەوەکانی داهاتوو و پرۆژە ستراتیژییە درێژخایەنەکان بەکاردەهێنرێت.

٢.٤. وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی: وەبەرهێنانی بێوچان لە سەرمایەی مرۆیی، لە ڕێگەی دابینکردنی پەرگاڵێکی پەروەردەیی و تەندروستیی پێشکەوتوو و پشتیوانیکردنی توێژینەوەی زانستی.

٢.٥. پاراستنی پاشماگی کولتووری: پاراستن و دەوڵەمەندکردنی پاشماگی کولتووری، مێژوویی و زمانیی نەتەوە، وەک گەنجینەیەکی پارێزراو بۆ نەوەکانی داهاتوو.

٢.٦. بنیاتنانی دامەزراوەی سەقامگیر: بنیاتنانی دامەزراوەی دەوڵەتیی بەهێز و پەرگاڵێکی قانوونیی سەقامگیر، وەک گرەنتییەک بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی نەوەکانی داهاتوو.

سێیەم: چاودێریی دەستووری

قانوون دەتوانێت دامەزراندنی "کۆمیسیۆنی باڵای نەوەکانی داهاتوو" یان هەر دامەزراوەیەکی هاوشێوە ڕێک بخات، کە ئەرکی چاودێریکردنی پابەندبوونی دەوڵەت بەم بەندە و پاراستنی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی نیشتمانی لە ئەستۆ بێت.

بەندی ٥٢: بەشداریی لاوان

یەکەم: پێگەی ستراتیژیی لاوان

دەوڵەت دان بە پێگەی ستراتیژیی لاواندا دەنێت وەک هێزی بزوێنەری داهاتووی نەتەوە، و پابەندە بە دابینکردنی هەموو دەرفەتێک بۆ بەشداریی کارایان لە گشت بوارەکانی ژیانی گشتیدا.

دووەم: ئەرکەکانی دەوڵەت

دەوڵەت بۆ ڕاییکردنی ئەم بنەمایە، پابەندە بەم ئەرکانەی خوارەوە:

٢.١. مافی بەشداریی وارگێڕی: دەوڵەت مافی لاوان بۆ بەشداریی چالاکانە لە ژیانی وارگێڕیدا لە ڕێگەی مافی دەنگدان، خۆپاڵاوتن بۆ پۆستە هەڵبژێردراوەکان، و دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان، بەپێی قانوون گەرەنتی دەکات.

٢.٢. دابینکردنی دەرفەتی یەکسان: دەوڵەت پابەندە بە دابینکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ لاوان لە بوارەکانی پەروەردە، کار، و وەرگرتنی پۆستی گشتی، لەسەر بنەمای شایستەیی و بەبێ هیچ جیاکارییەک.

٢.٣. پەرەپێدانی تواناکان: دەوڵەت لە ڕێگەی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە، پرۆگرامی نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی تواناکانی لاوان لە بوارەکانی سەرکردایەتی، داهێنان، و بەڕێوەبردندا دادەڕێژێت.

٢.٤. مسۆگەرکردنی نوێنەرایەتی: دەوڵەت بۆ مسۆگەرکردنی نوێنەرایەتیی کارای لاوان لە دامەزراوە هەڵبژێردراو و دانراوەکانی دەوڵەتدا، لەسەر ئاستی ناوەندی و خۆماڵی کار دەکات.

٢.٥. پاراستنی گشتی: دەوڵەت پابەندە بە پاراستنی لاوان لە هەر جۆرە تووندوتیژی، بەکارهێنانی شتە هۆشبەرەکان، و هەر کاریگەرییەکی نەرێنیی دیکە کە هەڕەشە لە گەشەی تەندروستیان بکات.

سێیەم: چاودێریی دەستووری

قانوون دەتوانێت دامەزراندنی "کۆڕی باڵای کاروباری لاوان" یان هەر دامەزراوەیەکی هاوشێوە ڕێک بخات، کە ئەرکی چاودێریکردنی ڕاییکردنی وارگێڕییەکانی تایبەت بە لاوان و دڵنیابوون لە پاراستنی مافەکانیان لە ئەستۆ بێت.

بەندی ٥٣: کۆمەڵگەی ژیاری

یەکەم: پێگە و مافی دامەزراندن

١.١. دەوڵەت دان بە گرنگیی کۆمەڵگەی ژیاریدا دەنێت وەک کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و کراوە. ئازادیی دامەزراندن و کارکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی ژیاری بەپێی ئەم دەستوورە گەرەنتی کراوە.

١.٢. هەموو شارۆمەندێک مافی دامەزراندن، بەئەندامبوون، و کارکردنی ئازادانەی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی ژیاریدا هەیە، لەوانە ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان، سەندیکاکان، و کۆمەڵە پیشەیی و خێرخوازییەکان.

دوویەم: ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی

٢.١. دەوڵەت دان بە ڕۆڵی بنیاتنەرانەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی ژیاریدا دەنێت لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، پاراستنی ماف و ئازادییەکان، چاودێریکردنی دەسەڵات، و بەشداریکردن لە ژیانی گشتیدا.

٢.٢. هەموو ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی ژیاری پابەندە بە ڕوونایی تەواو لە سەرچاوە دارایییەکان و شێوازی خەرجییەکانیدا. وەرگرتنی هەر جۆرە یارمەتییەکی دارایی لە سەرچاوەی دەرەکی، دەبێت بە تەواوی ئاشکرا بێت و بەپێی قانوون تۆمار بکرێت.

سێیەم: نەهێڵراوەکان

٣.١. بەکارهێنانی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی ژیاری وەک پەرچ بۆ هەر چالاکییەکی ناقانوونیی، بەتایبەت ئەوانەی دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی و پەرگاڵی دەستووریی کۆمارن، بە تۆندی نەهێڵراوە.

٣.٢. ڕێکخراوەکان نابێت ببنە ئامرازێک بۆ هاندانی توندوتیژی، ڕقوکینەی ئێتنیکی یان ئایینی، یان تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی.

چوارەم: چوارچێوەی قانوونیی و پشتیوانیی دەوڵەت

٤.١. قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی مەرجەکانی دامەزراندن، کارکردن، چاودێریی دارایی، و میکانیزمی لێپرسینەوە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی ژیاری ڕێکدەخات.

٤.٢. دەوڵەت دەتوانێت، بەپێی قانوون و لەسەر بنەمای ڕوونایەتی، پشتیوانیی دارایی پێشکەش بەو ڕێکخراوانە بکات کە کار بۆ بەرژەوەندیی گشتی دەکەن.

بەندی ٥٤: پاراستنی زانیاریی کەسی و کەسینەیی دیجیتاڵی

یەکەم: بنەمای گشتی

پاراستنی زانیاریی کەسی و ژیانی تایبەت لە جیهانی دیجیتاڵیدا، مافێکی بنەڕەتیی هەموو شارۆمەندێکە و درێژکراوەی مافی تایبەتمەندییە. کۆکردنەوە، هەڵگرتن، و بەکارهێنانی زانیاریی کەسی تەنیا بە ڕەزامەندیی ئاشکرای خاوەنەکەی یان بەپێی بنەمایەکی قانوونیی ڕوون و دیاریکراو ڕێگەپێدراوە.

دووەم: مافەکانی شارۆمەند

هەر شارۆمەندێک خاوەنی ئەم مافانەیە سەبارەت بە زانیارییە کەسییەکانی:

٢.١. مافی ئاگاداربوونەوە: مافی ئەوەی هەیە بزانێت کام دامەزراوەی گشتی یان تایبەت زانیارییەکانی کۆدەکاتەوە و بۆ چ مەبەستێک.

٢.٢. مافی دەستگەیشتن: مافی دەستگەیشتن بە زانیارییە کەسییەکانی خۆی کە لەلایەن هەر لایەنێکەوە هەڵگیراوە.

٢.٣. مافی ڕاستکردنەوە و سڕینەوە: مافی داخوازکردنی ڕاستکردنەوەی زانیاریی چەوت و سڕینەوەی ئەو زانیارییانەی کە چیتر بۆ ئەو مەبەستەی بۆی کۆکراوەتەوە پێویست نین (مافی لەبیرکران)، بەپێی قانوون.

سێیەم: ئەرکەکانی دەوڵەت و چوارچێوەی قانوونیی

٣.١. دەوڵەت بە دەرکردنی قانوونێکی تایبەت پابەندە کە بنەماکانی کۆکردنەوەی زانیاری (وەک کەمترین زانیاریی پێویست و دیاریکردنی مەبەست)، ماوەی هەڵگرتن، و شێوازی پاراستنیان ڕێک بخات.

٣.٢. بەپێی قانوون، "دەستەی نیشتمانیی پاراستنی زانیاری" وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ دادەمەزرێت بۆ چاودێریکردنی ڕاییکردنی قانوونەکان و وەرگرتنی سکاڵای شارۆمەندان.

٣.٣. دەوڵەت بەرپرسیارە لە دابینکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی (سایبەری) بۆ پاراستنی تۆڕ و بنکەی زانیارییە نیشتمانییەکان لە هەر هێرش و دەستدرێژییەک.

چوارەم: سنووردارکردن لە پێناو ئاسایشی نەتەوەیی

هەر سنووردارکردنێک بۆ ئەم مافانە، بە پاساوی ئاسایشی نەتەوەیی یان لێکۆڵینەوە لە تاوان، دەبێت بەپێی قانوون بێت و تەنیا بە بڕیاری دادگای پسپۆڕ و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕێگەپێدراوە.

بەندی ٥٥: مافی دەستگەیشتن بە زانیاری و ژینگەی دیجیتاڵی

کۆماری کوردستان لەسەر بنەمای کۆمەڵگایەکی زانیاری-تەوەر و شارۆمەندی ئاگادار دادەمەزرێت. دەوڵەت پابەندە بە دابینکردنی مافی دەستگەیشتن بە زانیاری و پەرەپێدانی ژێرخانی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.

یەکەم: مافی دەستگەیشتن بە زانیاریی گشتی

١.١. هەموو شارۆمەندێک مافی دەستگەیشتنی بە زانیاری و بەڵگەنامە فەرمییەکانی دامەزراوە گشتییەکان هەیە.

١.٢. ئەم مافە تەنیا بە قانوون و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، نهێنیی پرۆسەی دادوەریی، یان پاراستنی زانیاریی تایبەتیی کەسیدا سنووردار دەکرێت.

١.٣. دەوڵەت پابەندە بە دامەزراندنی میکانیزمێکی ڕووەن و کارا بۆ ڕاپیکردنی ئەم مافە.

دووەم: مافی دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت

٢.١. دەوڵەت ئەرکدارە بە دابینکردنی دەستگەیشتنی گشتگیر، هەرزان، و چلۆنایەتی بەرزی ئینتەرنێت بۆ سەرانسەری وڵات.

٢.٢. پچڕاندن یان سنووردارکردنی ئارەزوومەندانەی ئینتەرنێت نەهێڵراوە و تەنیا بەپێی قانوون و بە بڕیاری دادوەریی ڕێگەپێدراوە.

سێیەم: ژێرخانی نیشتمانیی پەیوەندییەکان

دەوڵەت بەرپرسیارە لە پەرەپێدانی بێوچانی ژێرخانێکی مۆدێرن و پارێزراوی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان، وەک کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

چوارەم: بەرپرسیارێتی لە پانتایی گشتیدا

٤.١. ئازادیی مێدیا، کە لەم دەستوورەدا گەرەنتی کراوە، هاوتایە لەگەڵ بەرپرسیارێتیی بڵاوکردنەوەی زانیاریی دروست و ڕێزگرتن لە ئاوەزیی گشتی.

٤.٢. بڵاوکردنەوەی سیستماتیکی زانیاریی چەواشە، ڕووپاگەندەی ژاراوی، یان ئەو ناوەڕۆکانەی کە خورافەپەرستی بە شێوەیەک بڵاو دەکەنەوە کە زیان بە تەندروستیی گشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بگەیەنێت، لەگەڵ بنەماکانی کۆمەڵگایەکی زانیاریدا ناگونجێت. قانوون ئەم بوارە ڕێکدەخات بەبێ ئەوەی گەوهەری ئازادیی ڕادەربڕین پێشێل بکات.

بەندی ٥٦: مافی نیشتەجێبوون و دابینکردنی سەرپەنا

یەکەم: بنەمای گشتی و مافی دەستووری

١.١. مافی هەبوونی سەرپەنایەکی شایستە و ژینگەیەکی نیشتەجێبوونی تەندروست، مافێکی بنەڕەتیی هەموو شارۆمەندێکە.

١.٢. دەوڵەت ئەرکدارە بە گرتنەبەری هەموو ڕێکارێکی پێویست بۆ دڵنیابوون لەوەی هیچ شارۆمەندێک بێ ماڵ و سەرپەنا نامێنێتەوە، بە ئامانجی ئازادکردنی توانای مرۆیی نەتەوە بۆ بەشداریکردن لە گەشەی نیشتمانیدا.

دووەم: ئەرکە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت

دەوڵەت بۆ ڕاییکردنی ئەم مافە، پابەندە بەم ئەرکانەی خوارەوە:

٢.١. بەرنامەی نیشتمانیی نیشتەجێبوون: دەوڵەت پابەندە بە دامەزراندن و ڕاییکردنی "بەرنامەی نیشتمانیی نیشتەجێبوون" کە ئامانجی دابینکردنی مافی خاوەندارێتیی پارچە زەوییەکی

نیشتەجێبوونە بۆ هەر شارۆمەندێک کە دەگاتە تەمەنی قانوونیی. قەبارەی ئەم زەوییە بە قانوون دیاری دەکرێت و نابێت لە سەد (١٠٠) مەتر دووجا کەمتر بێت.

٢.٢. پشتیوانیی تەلارسازی: ئەم بەرنامەیە دابینکردنی پشتیوانیی دارایی و لۆجستیکی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆژە تەلارسازییەکان بە ستانداردێکی بەرز و مۆدێرن لەخۆدەگرێت. وردەکاریی ماف و ئەرکی شارۆمەند لە ئاوەدانکردنەوەی ئەم ملْکەدا بە قانوونێکی تایبەت ڕێکدەخرێت.

٢.٣. نەخشەڕێژیی ستراتیژی: دەوڵەت نەخشەی ستراتیژیی درێژخایەن بۆ دابینکردنی نیشتەجێبوون دادەڕێژێت، بە لەبەرچاوگرتنی گەشەی دانیشتووان، پاراستنی ژینگە و پاراستنی سیما کولتوورییەکانی ناوچە جیاوازەکان.

٢.٤. ڕێکخستنی کەرتی نیشتەجێبوون: قانوون کەرتی نیشتەجێبوون و تەلارسازی ڕێکدەخات، بۆ دڵنیابوون لە ستانداردەکان، پاراستنی مافی خاوەن ملْک و کرێچی، و ڕێگریکردن لە قۆرخکاری و بەرزبوونەوەی ناڕەوای نرخەکان.

بەندی ٥٧: پشتیوانی لە داهێنانی ئابووری و پرۆژەی نوێباو

دەوڵەت داهێنانی ئابووری و پرۆژە نوێباوەکان وەک بنەمایەکی ستراتیژیی گەشەی نیشتمانی و خۆشبژێویی گشتی دەناسێنێت و پابەندە بە پشتیوانیکردنیان بە شێوەیەکی سیستماتیک.

یەکەم: پێشخستنی ژینگەی داهێنان

دەوڵەت ئەرکدارە بە دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەپێدانی داهێنان، لە ڕێگەی:

١.١. مسۆگەرکردنی ژێرخانی تەکنەلۆژیی پێشکەوتوو و دەستگەیشتنی ئاسان بە زانیاری.

ئا. بەستنەوەی ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکان بە کەرتی بەرهەمهێنانەوە بۆ گۆڕینی بیرۆکە بۆ پرۆژەی کرداری.

دووەم: میکانیزمی پشتیوانیی دامەزراوەیی

دەوڵەت بۆ پشتیوانیکردنی کردەیی لە پرۆژە نوێباوەکان، دامەزراوە یان سندوقی تایبەتمەند دادەمەزرێنێ کە ئەرکی دابینکردنی ئەم ڕاژانەی لە ئەستۆ بێت:

٢.١. پشتیوانیی دارایی (فاینانس) بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی پڕۆژەکان.

٢.٢. پێشکەشکردنی ڕاوێژکاریی پسپۆڕانە لە بوارەکانی بەڕێوەبردن، بازاڕسازی و قانووندا.

٢.٣. ئاسانکاریی کارگێڕی و قانوونیی بۆ تۆمارکردن و دەستپێکردنی پڕۆژەکان.

سێیەم: هاندانی کێبڕکێی جیهانی

٣.١. دەوڵەت یەکەمایەتی دەدات بەو پڕۆژە نوێباوانەی کە توانای کێبڕکێیان لەسەر ئاستی جیهانیدا هەیە و دەتوانن بەرهەمی نیشتمانی هەنارده بکەن.

٣.٢. قانوون میکانیزمی تایبەت بۆ پشتیوانی لە هەناردەکردن و دەستگەیشتن بە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان دادەنێت.

چوارەم: پێوەری ڕووناییەتی و شایستەیی

٤.١. هەموو جۆرە پشتیوانییەکی گشتی بۆ پڕۆژە نوێباوەکان دەبێت لەسەر بنەمای شایستەیی، داهێنەری، و کاریگەریی ئابووریی پێشبینیکراو بێت.

٤.٢. پڕۆسەی هەڵبژاردنی پڕۆژەکان دەبێت ڕووەن و لەسەر بنەمای کێبڕکێی ئازاد بێت.

٤.٣. هەر جۆرە گەندەڵی یان لادانێک لەم بنەمایانە، بە تاوان دژی ئابووریی نیشتمانی هەژمار دەکرێت.

پێنجەم: چوارچێوەی قانوونیی

قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی دامەزراندنی سندوق و دامەزراوەکانی پشتیوانی، مەرجەکانی سوودمەندبوون، و میکانیزمەکانی هەڵسەنگاندن و چاودێری ڕێکدەخات.

بەندی ٥٨: ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خۆشبژێویی گشتی

دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ژیانێکی شکۆمەندانە بۆ گشت شارۆمەندان، ئەرکێکی بنەڕەتیی دەوڵەتە. دەوڵەت پابەندە بە پەیڕەوکردنی وارگێڕییەک کە ئامانج لێی بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشبژێویی گشتی و بەختەوەری بێت. لە کۆماری کوردستان پێویستە خۆشبژێوی و بەختەوەری نەک هەر بە مەبەستی ئاسوودەیی، بەڵکو گەشەتەوەر بێت تاکو کۆمەڵگای کوردستان لە پەتای تەوەزەلی

بپارێزرێت. دەوڵەتی کوردستان ئەرکی شانییەتی کە گەڵاڵەکانی وارگێڕپی خۆشبژێوی و بەختەوەریی لەسەر بناغەی بەرپرسیارەتیی دووڵایەنە لەنێوان شارۆمەند و دەوڵەتدا بێت.

یەکەم: پەرگاڵی نیشتمانیی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

١.١. دەوڵەت پەرگاڵێکی گشتگیر و تۆکمەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنێت. ئامانجی ئەم پەرگاڵە جیا لە دابینکردنی پشتیوانی، بەڵکو تواناسازیی تاکەکانە بۆ گەڕانەوەیان بۆ ژیانێکی چالاک و بەرهەمدار، بە شێوەیەک کە ڕێگری لە پشتبەستنی هەردەمیی و تەوەزەلی بکرێت.

١.٢. ئەم پەرگاڵە بژێویی شایستە بۆ ئەو شارۆمەندانە مسۆگەر دەکات کە بەهۆی نەخۆشی، بەساڵاچوون، بێکاریی کاتی، یان کەمتواناییەوە ناتوانن بژێویی خۆیان دابین بکەن، لەگەڵ دابینکردنی پرۆگرامی تایبەت بە ڕاهێنان و گونجاندنەوەیان.

١.٣. پشتیوانیی تایبەت بۆ توێژە لاوازەکانی کۆمەڵگا (وەک خێزانە هەژارەکان، هەتیوان، و کەسانی بێسەرپەنا) دابین دەکرێت، بۆ دڵنیابوون لەوەی هیچ شارۆمەندێک پەراوێز ناخرێت.

دووەم: بنەمای بەرپرسیارێتیی هاوبەش

٢.١. دەوڵەت بەرپرسیارە لە دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەی تاک، لە ڕێگەی دابینکردنی پەروەردە، تەندروستی، و دەرفەتی کاری دادپەروەرانەوە.

٢.٢. لە بەرامبەردا، هەر شارۆمەندێکی خاوەن توانای کارکردن، بەرپرسیارە لە هەوڵدانی بێپسانەوە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی خۆی، بەشداریکردنی چالاکانە لە ئابووریی نیشتمانیدا، و خۆبەدوورگرتن لە پشتبەستنی ناپێویست بە پەرگاڵی پشتیوانیی گشتی.

سێیەم: ستراتیژی نیشتمانی بۆ خۆشبژێویی گشتی

٣.١. دەوڵەت پابەندە بە داڕشتن و ڕاییکردنی "ستراتیژی نیشتمانی بۆ خۆشبژێویی گشتی"، کە ئامانجی بەرزکردنەوەی چلۆنایەتی ژیانە لەسەر بنەمای پێوەرە زانستییەکان.

٣.٢. بەپێی قانوون، دەکرێت دامەزراوەیەکی تایبەتمەند بۆ چاودێریکردن و پێوانەکردنی ئاستی خۆشبژێویی گشتی و پێشکەشکردنی ڕاسپاردە بۆ باشترکردنی دابمەزرێت.

چوارەم: داڕشتنی گەڵاڵەی وارگێڕیی لەسەر بنەمای زانستی

داڕشتنی هەموو گەڵاڵەیەکی وارگێڕیی پەیوەست بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خۆشبژێویی، دەبێت پشت بە داتای ورد، توێژینەوەی زانستی، و ئەزموونە جیهانییە سەرکەوتووەکان ببەستێت.

پێنجەم: چوارچێوەی قانوونیی

قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی پەرگاڵی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ماف و ئەرکی شارۆمەندان و دەوڵەت لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتیی هاوبەشدا، و میکانیزمەکانی ڕاپێکردنی ستراتیژی نیشتمانی بۆ خۆشبژێویی، ڕێکدەخات.

بەندی ٥٩: مافەکانی کەمتوانایان

یەکەم: بنەمای یەکسانی و شکۆمەندی

شارۆمەندانی کەمتوانا خاوەنی تەواوی ماف و شکۆی مرۆڤایەتین و بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگان. دەوڵەت پابەندە بە پاراستنی مافەکانیان و مسۆگەرکردنی بەشداریی تەواو و کارایان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

دووەم: ئەرکەکانی دەوڵەت

دەوڵەت بۆ ڕاپێکردنی مافەکانی کەمتوانایان، پابەندە بەم ئەرکانەی خوارەوە:

٢.١. نەهێشتنی جیاکاری: دەوڵەت هەموو جۆرە جیاکارییەک لەسەر بنەمای کەمتوانایی لە بوارەکانی پەروەردە، کار، و دەستگەیشتن بە ڕاژە گشتییەکاندا ڕێنەدراو دەکات و دەرفەتی یەکسان مسۆگەر دەکات.

٢.٢. گونجاندنی ژینگەی گشتی: دەوڵەت پابەندە بە گونجاندنی ژینگەی گشتی، لەوانە باڵەخانەکان، ئامرازەکانی گواستنەوە، و ژێرخانی زانیاری، بۆ مسۆگەرکردنی دەستگەیشتنی تەواوی کەمتوانایان.

٢.٣. دابینکردنی پشتیوانیی تایبەت: دەوڵەت پەرگاڵێکی پشتیوانیی گشتگیر بۆ کەمتوانایان دادەمەزرێنێت، کە دابینکردنی ئامرازی یارمەتیدەر، ڕاژەی تەندروستیی تایبەتمەند، و پرۆگرامی تواناسازی لەخۆدەگرێت، بە ئامانجی دابینکردنی ژیانێکی سەربەخۆ و شکۆمەندانە.

سێیەم: چوارچێوەی قانوونیی

قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی ماف و ئەرکەکانی دەوڵەت و میکانیزمەکانی ڕاییکردنی ئەم بەندە دیاری دەکات.

بەندی ٦٠: مافەکانی منداڵ و پاراستنی ژینەکییان

منداڵان داهاتووی وڵاتن و سەرمایەی ژینەکیی کۆماری کوردستان پێکدێنن. دەوڵەت و کۆمەڵگا ئەرکیانە ژینگەیەکی تەندروست و لەبار بۆ گەشەکردن و پێگەیشتنیان دابین بکەن و لە هەموو جۆرە زیان و پێشێلکارییەک بیانپارێزن. لە هەموو بڕیار و ڕێکارێکی قانوونیی و کارگێڕیدا، بەرژەوەندیی باڵای منداڵ بە پێوەری سەرەکی دادەنرێت.

یەکەم: سوبێکتێتی و شکۆی زگماکی

١.١. کۆماری کوردستان منداڵ وەک سوبێکتێکی قانوونیی سەربەخۆ و خاوەن شکۆیەکی زگماکی دەناسێنێت، کە مافەکانی لە سەرووی گشت بەرژەوەندییە وارگێڕییەکانەوەیە.

١.٢. دەوڵەت گەرەنتی دەکات کە لە هیچ بارودۆخێکدا، تەنانەت لە کاتی جەنگ و دۆخە نائاساییەکانیشدا، نابێت ئاسایشی دەروونی، جەستەیی و پەروەردەیی منداڵ بکرێتە قوربانی یان پشتگوێ بخرێت.

١.٣. پاراستنی منداڵ بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشی "دەوڵەت-کۆمەڵگە-خێزان"ـە و لە کاتی کورتهێنانی هەر یەکێکیان، دەوڵەت وەک پارێزەری کۆتایی و بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی منداڵ ڕاستەوخۆ دەستوەردان دەکات.

دوویەم: مافە بنەڕەتییەکان و ئەرکەکانی دەوڵەت

هەر منداڵێک، بەبێ هیچ جیاکارییەک، خاوەنی ئەم مافانەیە کە دەوڵەت گەرەنتییان دەکات:

٢.١. مافی ژیان، مانەوە و گەشەکردن: دەوڵەت گەرەنتیی ژیان و گەشەکردنی تەندروستی جەستەیی، دەروونی، سۆزداری، کۆمەڵایەتی و هزریی منداڵ دەکات، لە ڕێگەی دابینکردنی خۆراک، جلوبەرگ، سەرپەنا، چاودێریی تەندروستی و پەروەردەی پێویستەوە.

٢.٢. مافی ناسنامە، ناونیشان و شارۆمەندی: هەر منداڵێک لە کاتی لەدایکبوونیەوە مافی تۆمارکردن، ناونان، و بەدەستهێنانی شارۆمەندیی هەیە بەپێی ئەو بنەمایانەی لە بەندی (٤٦)ی ئەم دەستوورەدا هاتووە.

٢.٣. مافی پەروەردەیەکی چلۆنایەتی بەرز: خوێندنی بنەڕەتی ناچاری و بێبەرامبەرە. پەرگاڵی پەروەردە دەبێت ئامانجی گەشەپێدانی تەواوی کەسایەتیی منداڵ و ئامادەکردنی بێت بۆ ژیانێکی بەرپرسیارانە لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا.

٢.٤. مافی یاری، پشوودان و بەشداریی کولتووری: منداڵ مافی یاری، پشوودان و بەشداریی ئازادانەی لە چالاکیی کولتووری و هونەریدا هەیە کە لەگەڵ تەمەن و پێگەیشتنیدا بگونجێت.

٢.٥. مافی دەربڕینی بیروڕا: منداڵ، بە لەبەرچاوگرتنی تەمەن و پێگەیشتنی، مافی دەربڕینی ئازادانەی بیروڕای خۆی هەیە لەو پرسانەی کاریگەرییان لەسەر ژیانی هەیە، و دەبێت بیروڕاکەی بە هەند وەربگیرێت، بەتایبەت لە پڕۆسە دادوەری و کارگێڕییەکاندا.

سێیەم: پاراستنی گشتگیر لە توندوتیژی و چەوساندنەوە

٣.١. دەوڵەت منداڵ لە هەموو جۆرە توندوتیژی، سووکایەتیپێکردن، پشتگوێخستن و چەوساندنەوەیەکی جەستەیی، دەروونی و سێکسی، چ لەناو خێزان یان لە دەرەوەیدا، دەپارێزێت.

٣.٢. بەکارهێنانی منداڵ لە کاری زۆرەملێ، ململانێی چەکداری، بازرگانیی ناقانوونیی و شتە هۆشبەرەکاندا بە تاوان هەژمار دەکرێت و بە توندی نەهێڵراوە. قانوون توندترین سزا بۆ پێشێلکاران دادەنێت.

چوارەم: پاراستنی تایبەت و دادپەروەری

٤.١. مافی خێزان و پاراستنی منداڵانی بێسەرپەرشت: منداڵ مافی هەیە لەناو خێزاندا گەورە بێت. دەوڵەت پشتیوانیی خێزان دەکات و بۆ منداڵانی بێحاوێنەر، چاودێریی گونجاو (وەک خێزانی جێگرەوە) دابین دەکات.

٤.٢. دادپەروەریی تایبەت بە منداڵان: پەرگاڵێکی دادپەروەریی تایبەت بەو منداڵانە دادەمەزرێ کە تەمەنیان لەنێوان ١٥ بۆ ١٨ ساڵیدایە. ئەم پەرگاڵە دەبێت مافەکانی منداڵ بپارێزێت و ئامانجی نەک تەنیا سزا سەرەکیی چاکسازی و گەڕاندنەوەی بۆناو کۆمەڵگا بێت.

پێنجەم: چوارچێوەی قانوونیی و دامەزراوەیی

٥.١. قانوونێکی تایبەت ، وردەکاریی مافەکان، میکانیزمەکانی پاراستنی منداڵ، و ئەرکەکانی دەوڵەت و خێزان لەم بوارەدا ڕێکدەخات.

٥.٢. بەپێی قانوون، دەکرێت دەزگایەکی نیشتمانیی سەربەخۆ بۆ چاودێریکردن و پاراستنی مافەکانی منداڵان دابمەزرێت.

بەندی ٦١: مافەکانی کار و پاراستنی کارکەران

کۆماری کوردستان دان بە کاری مرۆڤدا وەک بنچینەی شکۆی تاکەکەسی و هێزی بزوێنەری گەشەی ئابووریی نیشتمانی دەنێت. لەسەر ئەم بنەمایە، دەوڵەت ئەرکدارە بە داڕشتنی چوارچێوەیەکی قانوونیی تۆکمە کە مافەکانی کارکەران بپارێزێت و ژینگەیەکی کاری دادپەروەرانە و بەرهەمدار بۆ گشت شارۆمەندان مسۆگەر بکات.

یەکەم: بنەمای گشتی و مافی کارکردن

مافی کارکردن، وەک بنەمایەکی شکۆی مرۆڤ و گەشەی نیشتمانی، مافێکی بنەڕەتیی هەموو شارۆمەندێکە. دەوڵەت ئەرکدارە بە داڕشتنی وارگێڕەیەک کە دەرفەتی کاری شایستە بڕەخسێنێت و ژینگەیەکی کاری دادپەروەرانە و پارێزراو مسۆگەر بکات.

دوویەم: مافی کارکردنی دادپەروەرانە و سەلامەت

هەر کارکەرێک خاوەنی ئەم مافە بنەڕەتییانەیە:

٢.١. ژینگەیەکی کاری سەلامەت و تەندروست: دەوڵەت بە قانوون ژینگەیەکی کاری سەلامەت مسۆگەر دەکات و هەر جۆرە کارێک کە زیان بە تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی کارکەر بگەیەنێت، ڕێکدەخات و چاودێریی دەکات.

٢.٢. مووچەی دادپەروەرانە و مەرجی کاری شایستە: کارکەران مافی وەرگرتنی مووچەیەکی دادپەروەرانەیان هەیە کە لەگەڵ بژێویی ژیانێکی شکۆمەندانەدا بگونجێت. هەروەها، مافی دیاریکردنی کاتژمێری کار، پشووی حەفتانە و ساڵانەی بە مووچەوە، بەپێی قانوون پارێزراوە.

سێیەم: ئازادیی سەندیکایی و دانوستانی بەکۆمەڵ

٣.١. کارکەران و خاوەنکاران مافی دامەزراندنی سەندیکا و ڕێکخراوی پیشەیی سەربەخۆی خۆیان هەیە، بۆ بەرگریکردن لە ماف و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان، بەبێ دەستێوەردانی پێشوەختە.

٣.٢. مافی دانوستانی بەکۆمەڵ و بەستنی ڕێککەوتنی کار بەپێی قانوون گەرەنتی کراوە.

٣.٣. ڕاییکردنی ئازادیی سەندیکایی دەبێت لە چوارچێوەی قانووندا بێت و نابێت دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی و پەرلەمانی گشتی بەکاربهێنرێت.

چوارەم: ڕێنەدراوکردنی کاری زۆرەملێ و جیاکاری

٤.١. کاری زۆرەملێ و بەکۆیلەکردن بە هەموو شێوەیەک ڕێنەدراوە.

٤.٢. هەر جۆرە جیاکارییەک لە دامەزراندن و ژینگەی کاردا لەسەر بنەمای ڕەگەز، ڕەچەڵەک، ئایین، یان بیروڕای وارگێڕی ڕێنەدراوە و دەرفەتی یەکسان دەبێت بۆ هەمووان مسۆگەر بکرێت.

پێنجەم: ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ کارکەران

دەوڵەت پەرگالێکی گشتگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنێ کە کارکەران لە بەرامبەر بێکاری، نەخۆشی، پەککەوتن، و لە کاتی خانەنشینیدا بپارێزێت.

شەشەم: چوارچێوەی قانوونیی

قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی مافەکانی کار، پەیوەندیی نێوان کارکەر و خاوەنکار، ستانداردەکانی تەناهی، و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان ڕێکدەخات.

بەندی ٦٢: مافەکانی کڕیاران

کۆماری کوردستان دان بە مافی کڕیاراندا دەنێت وەک بنەمایەکی بنەڕەتیی بازاڕێکی ئازاد و دادپەروەرانە. دەوڵەت پابەندە بە پاراستنی تەندروستی، تەناهی و بەرژەوەندییە ئابووریییەکانی شارۆمەندان لە ڕێگەی چوارچێوەیەکی قانوونیی تۆکمەوە.

یەکەم: مافە بنەڕەتییەکانی کڕیاران

هەر شارۆمەندێک وەک کڕیار، خاوەنی ئەم مافە پارێزراوانەیە:

١.١. مافی تەناهی و چلۆنایەتی: مافی بەدەستهێنانی کاڵا و ڕاژەداریی سەلامەت و چلۆنایەتی بەرزی هەیە. خستنە بازاڕی هەر بەرهەمێک کە زیان بە تەندروستی یان تەناهی گشتی بگەیەنێت، نەهێڵراوە.

١.٢. مافی زانیاریی دروست و ڕوونایەتی: کڕیاران مافی وەرگرتنی زانیاریی دروست، تەواو و ڕوونیان هەیە سەبارەت بە سروشت، پێکهاتە، نرخ و مەترسییەکانی هەر کاڵا و ڕاژەداریییەک.

١.٣. مافی بۆبژاردنی و سکاڵا: لە ئەگەری زیانلێکەوتن بەهۆی کاڵایەکی ناتەواو یان ڕاژەداریییەکی زیانبەخشەوە، کڕیاران مافی بۆبژاردنی دادپەروەرانە و سکاڵا تۆمارکردنیان لەلایەن دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە هەیە.

دووەم: ئەرکەکانی دەوڵەت

دەوڵەت بۆ پاراستنی ئەم مافانە، پابەندە بە:

٢.١. دامەزراندنی دەزگای چاودێری: دامەزراندنی دەزگایەکی نیشتمانیی سەربەخۆ بۆ چاودێریکردنی بازاڕ، دڵنیابوون لە پابەندبوون بە ستانداردەکان، و ڕێگریکردن لە قۆرخکاری و هەر هەڵسوکەوتێکی نادادپەروەرانە.

٢.٢. دانانی ستانداردی ناچاری: دانانی ستانداردی چلۆنایەتی و تەناهی ناچاری بۆ کاڵا و ڕاژەداریيە ژینەکییەکان وەک خۆراک، دەرمان، و پێداویستییەکانی منداڵان.

سێیەم: چوارچێوەی قانوونیی

قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی مافەکانی کڕیاران، ئەرکەکانی بەرهەمهێنەران و فرۆشیاران، و دەسەڵاتەکانی دەزگای چاودێری ڕێکدەخات.

دەروازەی حەوتەم :ئاسایشی نەتەوەیی و بەرگریی گشتگیر

ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆماری کوردستاندا، لوتکەی بەرپرسیارێتیی دەستووریی دەوڵەت و مەرجی بنەڕەتیی درێژەداریيەتی ژیانی شارستانیی نەتەوەی کوردە؛ لێرەدا ئاسایش وەک قەڵغانێکی زیندوو و فرەڕەهەند پێناسە دەکرێ کە نەک تەنیا پارێزەری سنووری فیزیکییەکان، بەڵکوو پاسەوانی گەوهەری واتایی و سەربەخۆیی بڕیاری وارگێڕیی دەوڵەتە. ئەم دەروازەیە ئێسکبەندیی ستراتیژیی هێزی بەرگریی نیشتمانی (ئارتەش)، دەزگا هەواڵگرییەکان و پەڕگاڵە هەستیارەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دادەڕێژێت، بە مەبەستی گۆڕینی کوردستان لە یەکەیەکی کاردانەوەییەوە بۆ سوبێکتێکی پێشەنگ و خاوەن دۆکترینی "بەرگریی چالاک ."لەم چوارچێوەیەدا، هێزە چەکدارەکان وەک ئامرازی پیرۆزی ویستمەندیی نەتەوە و ملکەچی ڕەهای دەستوور و دەسەڵاتی ژیاری (مەدەنی) جێگیر دەکرێن، تاوەکوو کوردستان لەبەرامبەر هەڕەشە کلاسیکەکان و ئاڵەنگارییەکانی داهاتوودا، وەک قەڵایەکی تێکنەشکێنراو و سەقامگیر بمێنێتەوە.

بەندی ٦٣: دۆکترینی بەرگریی چالاک و پاراستنی پێشوەختە

فەلسەفەی بەرگری لە کۆماری کوردستاندا لەسەر بنەمای خۆپاراستنی پاسیڤ و چاوەڕوانیکردنی هەڕەشە دانەمەزراوە، بەڵکو ئەرکێکی ژینەکی، دینامیکی و بێوچانی دەستووریی دەوڵەتە بۆ مسۆگەرکردنی مانەوە و پاراستنی بەرژەوەندییە بااڵکانی نەتەوە لە جیهانێکی پڕ گۆڕانکاریدا. لەسەر ئەم بنەمایە، دەوڵەت دۆکترینی "بەرگریی چالاک" پەیڕەو دەکات بۆ پووچەڵکردنەوەی پێشوەختەی هەڕەشەکان، پێش ئەوەی بگۆڕدرێن بۆ مەترسیی بوونایەتی.

یەکەم: پێناسەی دۆکترینی بەرگریی چالاک

١.١. دۆکترینی بەرگریی چالاک، دەسەاڵتی دەستووری دەبەخشێتە دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دەوڵەت، لەوانە هێزی بەرگریی نیشتمانی، دەزگا هەواڵگرییەکان و یەکە تایبەتمەندەکان، بۆ گرتنەبەری گشت ڕێکارێکی پێویستی هەواڵگری، دیپلۆماسی، ئەلیکترۆنی و سەربازی، بە ئامانجی:

ئا. ناسینەوە، شیکردنەوە و بەدواداچوونی وردی ئەو هەڕەشانەی کە چ لەناوخۆ یان لە دەرەوەی سنووورەکانەوە، مەترسیی ڕاستەقینە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، سەروەریی، یان بەرژەوەندییە ژینەکییەکانی کۆمار دروست دەکەن.

ب. پووچەڵکردنەوە و پەکخستنی پیالن، چاالکی و ژێرخانی ئەو هێزە دوژمنکارانە (چ دەوڵەتی و چ نادەوڵەتی) کە ئامانجیان زیانگەیاندنە بە دەوڵەت، پێش ئەوەی بگەنە قۆناغی ڕاپیکردنی کرداری.

پ. لەناوبردنی سەرچاوە و توانای هەڕەشەکان لە هەر شوێنێک بن، کاتێک مەترسییەکی مسۆگەر و ڕاستەوخۆ بۆ سەر ژیانی شارۆمەندان، یەکپارچەیی وڵات، یان سەقامگیریی پەرگاڵی دەستووریی کۆمار دروست دەکەن.

دووەم: مەرجە دەستوورییەکانی ڕاپیکردن

٢.١. ڕاپیکردنی دۆکترینی بەرگریی چالاک، بەتایبەت هەر کردەوەیەکی سەربازی لە دەرەوەی سنووورەکانی وڵات، دەبێت بە توندی پابەندی ئەم مەرجە دەستوورییانەی خوارەوە بێت:

ئ. دەبێت لەسەر بنەمای بەڵگەی هەواڵگریی ڕەتنەکراوە بێ کە بوونی هەڕەشەیەکی مسۆگەر و ڕاستەوخۆ بسەلمێنێت.

ب. دەبێت بڕیاری کۆتایی لەلایەن سەرکۆمارەوە، وەک فەرماندەی گشتیی باڵای هێزە چەکدارەکان، و لەسەر ڕاسپاردەی فەرمیی "کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی" دەربچێت.

پ. دەبێت کردەوەکە بە شێوەیەکی توند هاوسەنگ بێت لەگەڵ قەبارەی هەڕەشەکەدا و گشت ڕێکارێکی پێویست بگیرێتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە زیانگەیاندن بە کەسانی ناسەربازی و ژێرخانی ژیاری.

ت. دەبێت ڕاییکردنی کردەوەکە لەگەڵ بنەماکانی قانوونی نێودەوڵەتی و قانوونەکانی ململانێی چەکداریدا بگونجێت.

سێیەم: پانتایی گشتگیری دۆکترینەکە

٣.١. دۆکترینی بەرگریی چالاک تەنیا بواری سەربازیی کلاسیک ناگرێتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتگیر ئەم بوارانەی خوارەوەش لەخۆدەگرێت:

ئ. بەرگریی ئەلیکترۆنی و پووچەڵکردنەوەی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بۆ سەر ژێرخانە ژینەکییەکانی وڵات.

ب. بەرەنگاربوونەوەی شەڕی زانیاری و پڕوپاگەندەی دوژمنکارانە کە ئامانجی تێکدانی وڕەی نەتەوەیی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی بێت.

پ. پاراستنی ژێرخانە ستراتیژییە ئابووری و تەکنۆلۆژییەکان لە کردەوەی تێکدەرانە.

ت. بەرەنگاربوونەوەی هەر هەوڵێکی ڕێکخراو بۆ دروستکردنی پشێوی و تێکدانی پەڕگاڵی گشتی.

چوارەم: چاودێریی دەستووری و چوارچێوەی قانوونیی

٤.١. سەرکۆمار پابەندە بە ئاگادارکردنەوەی دەستبەجێی سەرۆکایەتیی هەردوو مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران لە هەر کردەوەیەکی گەورەی سەربازی کە لە چوارچێوەی ئەم دۆکترینەدا ئەنجام دەدرێت.

٤.٢. قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی ڕێکارەکانی بڕیاردان، میکانیزمەکانی چاودێری، و سنووری دەسەڵاتەکان لە چوارچێوەی دۆکترینی بەرگریی چالاکدا ڕێکدەخات.

بەندی ٦٤: کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی

کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی، باڵاترین دامەزراوەی دەستووریی ڕاوێژکاری و هاوئاهەنگیی ستراتیژییە لە کۆماری کوردستاندا، کە ئەرکی یەکخستنی ئامرازەکانی هێزی نەتەوەیی و داڕشتنی وارگێڕیی یەکگرتووی دەوڵەتی لە ئەستۆدایە بۆ پاراستنی بوون، سەروەریی و بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان.

یەکەم: دامەزراندن و پێگەی دەستووری

١.١. بەپێی ئەم دەستوورە، "کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی" دادەمەزرێت و ڕاستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتی و سەرۆکایەتیی سەرکۆمارداید.

١.٢. ئەم کۆڕە وەک ناوەندی داڕشتنی ستراتیژیی باڵای دەوڵەت کار دەکات و بڕیار و ڕاسپاردەکانی بنەمای سەرەکیی جووڵاندنی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی وڵاتن لە بواری ئاسایشی نەتەوەییدا.

دووەم: پێکهاتە

٢.١. کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی بە سەرۆکایەتیی سەرکۆمار، لە ئەندامانی باڵای دەسەڵاتی ڕایەدار و فەرماندە باڵاکانی هێزی بەرگری و دەزگا هەواڵگرییەکان پێکدێت.

٢.٢. قانوونێکی تایبەت وردەکاریی پێکهاتە و میکانیزمی کارکردنی کۆڕەکە دیاری دەکات، بەڵام دەبێت لانیکەم ئەم ئەندامانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:

ئا. سەرکۆمار (سەرۆکی کۆڕ).

ب. شالیاری کاروباری بەرگری.

پ. شالیاری کاروباری ناوخۆ.

ت. شالیاری کاروباری دەرەوە.

ج. شالیاری کاروباری دارایی.

چ. ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرکۆمار.

ح. فەرماندەی گشتیی ئارتەشی کوردستان.

خ. سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی.

سێیەم: ئەرک و دەسەڵاتەکان

ئەرکی سەرەکیی کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە یەکخستن و ئاڕاستەکردنی گشت تواناکانی دەوڵەت، کە ئەم بوارانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

٣.١. داڕشتنی ستراتیژیی نەتەوەیی: هەڵسەنگاندنی بێپسانەوەی مەترسییە ڕاستەوخۆ و هەلە ستراتیژییە پشکنراوەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی، هەرێمی و جیهانی، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە سەروەریی خاک، ئاسایشی نەتەوەیی، ژێرخانی ژینەکی، مانەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت، خۆشبژێویی گشتی و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی؛ هەروەها دیاریکردنی یەکینەی بەرژەوەندییە ژینەکییەکانی نیشتمان و داڕشتنی ستراتیژیی یەکگرتووی ئاسایشی نەتەوەیی بەپێی دەستوور و قانوون.

٣.٢. بەڕێوەبردنی قەیران: لە کاتێکدا کە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ، پشتڕاستکراو و قورس بۆ سەروەریی خاک، ئاسایشی نەتەوەیی، ژیانی بەکۆمەڵی شارۆمەندان، یان بەردەوامیی دامەزراوە ژینەکییەکانی دەوڵەت دروست ببێت، کۆڕەکە وەک ناوەندی فەرماندەیی و هاوئاهەنگیی قەیران کار دەکات. ئەم دۆخانە بریتین لە هەڕەشەی ڕاستەوخۆی جەنگ، هێرشی تێرۆریستییەکی قورس کە ئاسایشی گشتی یان دامەزراوە ژینەکییەکان بخاتە مەترسی، کارەساتی سروشتی یان مرۆییەک کە ژیانی بەکۆمەڵ یان ڕاژە گشتییە بنەڕەتییەکان پەکبخات، یان هەر دۆخێکی دیکە کە بەپێی قانوون و بە پێوەری دیاریکراو وەک قەیرانی نیشتمانی دەستنیشان کرابێت. کۆڕەکە لەم بارانەدا ئەرکی هەڵسەنگاندنی دۆخ، هاوئاهەنگیکردنی دامەزراوە پەیوەندیدارەکان، دابینکردنی یەکپارچەیی بڕیار و پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی کرداری و خێرا بە سەرکۆمار لە ئەستۆ دەگرێت.

٣.٣. پۆلێنکردنی پۆست و ژینگە کارییە سەروەری و هەستیارەکان: کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی، بەپێی دەستوور و قانوونی تایبەت، ڕاسپاردە و پێوەری ستراتیژی بۆ دیاریکردنی

پۆستە سەروەرییەکان، ژینگە کارییە سەروەری و هەستیارەکان، پلەکانی دەستگەیشتن بە زانیاریی پۆلێنکراو، مەرجەکانی پشکنینی هەداری، و ڕێکاری پێدان، هەڵپەساردن و سڕینەوەی مۆڵەتی دەستگەیشتنی هەداری دادەڕێژێت. ئەم پێوەرانە دەبێت سنووردار، ڕووەن، پشکنراو و پەیوەست بن بە پێویستیی پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی، یەکپارچەیی وڵات، نهێنییەکانی دەوڵەت، ئاسایشی نەتەوەیی، بەرگری، هەواڵگری، ژێرخانی ژینەکی و بڕیاری سەروەریی کۆمار.

٣.٤. هاوئاهەنگیی نێوان دامەزراوەکان: مسۆگەرکردنی هاوئاهەنگیی تەواو لەنێوان کاروبارەکان، ئارتەش، و گشت دەزگا هەواڵگری و هەدارییەکاندا، بۆ ڕاییکردنی یەکگرتووانەی وارگێڕیی ئاسایشی نەتەوەیی و ڕێگریکردن لە هەر جۆرە پێکدادان یان بۆشاییەک لە کارەکاندا.

٣.٥. پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی بنەمایی: پێشکەشکردنی ڕاوێژی ستراتیژی بە سەرکۆمار و کابینەی دەسەڵات. هەرچەندە بڕیاری کۆتایی لە دەسەڵاتی سەرکۆمارداییە، بەڵام ڕاسپاردەکانی ئەم کۆڕە، بنەمای دەستووری و بنەڕەتیی گشت بڕیارە چارەنووسسازەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی پێکدەهێنن.

چوارەم: میکانیزمی کار و پاراستنی نهێنی

٤.١. کۆڕی باڵا بە شێوەیەکی دەوری، یان لە کاتی پێویستدا بە بانگهێشتی سەرکۆمار، کۆدەبێتەوە.

٤.٢. کۆڕەکە خاوەنی سکرتاریەتێکی تایبەت و پیشەیی دەبێ کە لەلایەن ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییەوە سەرپەرشتی دەکرێت، بۆ ئامادەکردنی دۆسییەکان، بەدواداچوونی بڕیارەکان و پێشکەشکردنی شیکاریی ستراتیژی.

٤.٣. گشت گفتوگۆ، زانیاری و بەڵگەنامەکانی کۆڕ بە نهێنیی باڵای دەوڵەتی هەژمار دەکرێن. ئاشکراکردنی هەر بەشێکیان، بە تاوانی قورسی دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی و ناپاکیی نیشتمانی دادەنرێت و سزاکەی بەپێی قانوون دیاری دەکرێت.

بەندی ٦٥: هێزی بەرگریی نیشتمانی (ئارتەش)

هێزی بەرگریی نیشتمانی ئامرازی چەکداریی و مسۆگەرکەری سەروەریی نەتەوەییە. ئەرکی بنەڕەتیی بریتییە لە پاراستنی بێ دووددڵی دەوڵەت و نیشتمان، و تەنیا دڵسۆزیی بۆ ئەم دەستوورە و ویستمەندیی سەروەریی کۆماری کوردستانە.

یەکەم: پێگە، ئەرک و چوارچێوەی دەستووری

هێزی بەرگریی نیشتمانی، تاکە هێزی چەکداریی-لەشکەریی یەکگرتوو و قانوونیی کۆماری کوردستانە. ئەرکی بنەڕەتی و ژینەکیی بریتییە لە:

١.١. بەرگریکردنی ڕەها لە دەوڵەت لەبەرامبەر هەر جۆرە دەستدرێژی و هەڕەشەیەکی چەکداریی دەرەکیدا.

١.٢. مسۆگەرکردنی پێشێلنەکردنی یەکپارچەیی وڵات و سنوورەکانی کۆمار.

١.٣. پاراستنی پەڕگاڵی دەستووری لەبەرامبەر ئەو هەڕەشە بوونایەتییانەی کە لە توانای دامەزراوەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەدەرن.

دووەم: دۆکترینی بنیاتنان و ئامادەیی

٢.١. ئارتەش لەسەر بنەمای "دۆکترینی بەرگریی زیرەک و گشتگیر" دادەمەزرێت و پەرەی پێدەدرێت، بە ئامانجی گەیشتن بە باڵادەستیی چۆنایەتی و مسۆگەرکردنی ڕێپێگریی ستراتیژی.

٢.٢. ئەم دۆکترینە لەسەر ئەم کۆڵەکە بنەڕەتییانە دامەزراوە:

ئ. یەکخستنی پێکهاتەیی: هاوئاهەنگی و تێکەڵکردنی تەواوی تواناکانی هێزی وشکانی، ئاسمانی، و یەکە تایبەتمەندەکان، بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی خێرا و کاریگەر.

ب. باڵادەستیی تەکنەلۆژی و داهێنان: وەبەرهێنان، بەکارهێنان، و گەشەپێدانی درێژەداری تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، بەتایبەتی لە بوارەکانی ژیریی دەستکرد، پەرگاڵە خۆگەڕەکان، شەڕی ئەلیکترۆنی، و ئاسایشی ئەلیکترۆنی.

پ. پیشەییبوونی ڕەها: بنیاتنانی هێزێکی پیشەیی کە لەسەر بنەمای بەرزترین ستانداردی ڕاهێنانی بێوچان، دیسیپلینی پۆڵاییننی سەربازی، وەفاداریی بێ مەرج بۆ دەوڵەت، و توانای خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی گۆڕەپانی جەنگدا دامەزرا بێت.

سێیەم: بێلایەنیی وارگێڕی و پابەندبوون بە دەسەڵاتی ژیاری

٣.١. ئارتەش بە شێوەیەکی ڕەها و بێ مەرج، ملکەچی دەسەڵاتی ژیاریی قانوونیی دەوڵەتە، کە لەلایەن سەرکۆمارەوە وەک فەرماندەی گشتیی باڵای هێزە چەکدارەکان نوێنەرایەتی دەکرێت.

٣.٢. هەر جۆرە چالاکییەکی وارگێڕی، دەربڕینی لایەنگریی پارتی، یان هەوڵێک بۆ دەستێوەردان لە کاروباری دەسەڵاتداریدا لەلایەن هەر ئەندامێکی ئارتەشەوە، بە تووندی نەهێڵراوە.

٣.٣. ئەنجامدانی کردەوەی لەم شێوەیە، بە تاوانێکی قورس دژی پەرگاڵی دەستووری هەژمار دەکرێت و بەپێی قانوون سزای لەسەر دەبێت.

چوارەم: پابەندبوون بە قانوون و ڕەوشتی لەشکەری

٤.١. ئارتەش لە گشت ئۆپەراسیۆن و چالاکییەکانیدا، بە تووندی پابەندە بە بنەماکانی ئەم دەستوورە، قانوون بەرکارەکانی وڵات، و گشت ئەو پەیماننامە و قانوون نێودەوڵەتییە مرۆییانەی کە کۆماری کوردستان پەسەندی کردوون.

٤.٢. بنەماکانی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، جیاکردنەوەی نێوان ئامانجی لەشکەری و ژیاری، و کەمکردنەوەی زیان بۆ شارۆمەندانی ناسەربازی، بەشێکی دانەبڕاو لە پەیڕەو و ڕەوشتی سەربازیی ئارتەشن.

بەندی ٦٦: ڕاژەی نیشتمانی و هێزی یەدەگ

پاراستنی دەوڵەت و مسۆگەرکردنی درێژەدارییەتیی سەروەریی نەتەوەیی، ئەرکێکی هاوبەشە کە لەسەر شانی دەوڵەت و هەر شارۆمەندێکە. لەم ڕوانگەیەوە، ڕاژەی نیشتمانی وەک ئەرکێکی پیرۆز و قۆناغێکی بنەڕەتیی بنیاتنانی شارۆمەندیی بەرپرسیار دادەنرێت، کە ئامانج لێی سەرەڕای ئامادەیی

سەربازی، هەروەها چەسپاندنی یەکێتیی نەتەوەیی، وەرەی بەرگریی گشتی، و ئامادەکردنی نەوەکانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گشت ئاڵنگارییەک.

یەکەم: ڕاڤەی نیشتمانیی ناچاری

١.١. ڕاڤەکردن لە چوارچێوەی پەرگاڵی بەرگریی نیشتمانیدا، ئەرکێکی قانوونییە.

١.٢. ئەم ئەرکە هەموو شارۆمەندێکی شایستە دەگرێتەوە کە تەمەنی قانوونیی تەواو کردووە.

١.٣. ڕاییکردنی ئەم ئەرکە ژن و پیاو بە شێوەیەکی یەکسان دەگرێتەوە.

١.٤. قانوون وردەکارییەکانی ماوە، مەرجەکان و شێوازی ڕاییکردنی ڕاڤەی نیشتمانی دیاری دەکات.

دووەم: ڕاڤەی ژیاریی جێگرەوە

٢.١. ئەو شارۆمەندانەی کە بەهۆی ناتوانایی جەستەیی یان دەروونیی سەلمێنراوەوە توانای ئەنجامدانی ڕاڤەی چەکدارییان نییە، ڕاڤەی ژیاریی جێگرەوە ئەنجام دەدەن.

٢.٢. ئەم ناتوانایە تەنیا لەلایەن "لیژنەی پزیشکیی پسپۆڕی سەربازی"یەوە پشتڕاست دەکرێتەوە.

٢.٣. ڕاڤەی ژیاری لە بوارەکانی بەرگریی شارستانی، یارمەتیی مرۆیی، ڕاڤەداریی گشتیی ستراتیژی و پاراستنی ژینگەدا بەڕێوەدەچێت.

٢.٤. ئەم ڕاڤەیە وەک ئەرکێکی هاوتا بە ڕاڤەی سەربازی دادەنرێت و ماوە و مەرجەکانی بەپێی قانوون یەکسان دەبن.

٢.٥. هەر هەوڵێک بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە بە شێوەی ناقانوونیی، بە تاوان هەژمار دەکرێت و سزای توندی لەسەر دەبێت.

سێیەم: هێزی یەدەگی نیشتمانی و دۆکترینی "نەتەوەی چەکدار"

٣.١. دەوڵەت پەرگاڵێکی هێزی یەدەگی نیشتمانیی گشتگیر دادەمەزرێنێت، کە لەو شارۆمندانە پێکدێ کە ڕاڤەی نیشتمانییان تەواو کردووە.

٣.٢. ئەم هێزە وەک بەرجەستەبوونی مۆدێرنی دۆکترینی "نەتەوەی چەکدار"، پردی پەیوەندیی نێوان ئارتەشی پیشەیی و کۆمەڵگا پێکدەهێنێت و بە شێوەیەکی دەوری ڕاهێنانی پێدەکرێت.

٣.٣. هێزی یەدەگی نیشتمانی وەک هێزێکی ڕێپێگریی ستراتیژی کار دەکات و ئەرکێکی دووڵایەنەی هەیە:

ئا. لە کاتی جەنگدا: پشتیوانیکردنی ڕاستەوخۆی ئارتەش، پاراستنی دامەزراوە ژینەکییەکان و مسۆگەرکردنی ئاسایشی ناوخۆیی.

ب. لە کاتی ئاشتیدا: ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتە سروشتییەکان، قەیرانە تەندروستییە گەورەکان و بەشداریکردن لە پڕۆژە نیشتمانییە ستراتیژییەکاندا.

چوارەم: چوارچێوەی قانوونیی

٤.١. قانوونێکی تایبەت گشت وردەکارییەکانی پەیوەست بە ڕاژەی نیشتمانی و هێزی یەدەگ ڕێکدەخات.

٤.٢. ئەم قانوونە دەبێت بە ڕوونی ئەم بوارانە دیاری بکات:

ئا. مەرج و تەمەنی شایستەبوون بۆ ڕاژە.

ب. پڕۆسەی دادپەروەرانە بۆ پۆلێنکردنی تاکەکان بۆ ڕاژەی سەربازی یان ژیاری.

پ. ماف و ئەرکەکانی شارۆمەندان لە ماوەی ڕاژەی نیشتمانیدا.

ت. پێکهاتە، ڕاهێنان و میکانیزمی بانگهێشتکردنی هێزی یەدەگی نیشتمانی.

بەندی ٦٧: پەرگاڵی نێوخۆیی و پۆلیسی نیشتمانی

پۆلیسی نیشتمانی، هێزی ژیاریی دەوڵەتە بۆ ڕاییکردنی قانوون، پاراستنی ماف و ئازادییەکانی شارۆمەندان و چەسپاندنی پەرگاڵی گشتی. ڕەوایەتیی دەسەڵاتی پۆلیس لە قانوونەوە هەڵدەقوڵێت و ئامانجی سەرەکیی ڕاژەی کۆمەڵگایە. ئەم دامەزراوەیە لەسەر بنەماکانی پیشەییبوون، بێلایەنی و ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆڤ کار دەکات.

یەکەم: پێگە، ئەرک و چوارچێوەی دەستووری

١.١. پۆلیسی نیشتمانی، تاکە هێزی ژیاریی چەکداریی کۆماری کوردستانە کە بەرپرسیارە لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی.

١.٢. ئەرکە بنەڕەتییەکانی بریتین لە:

ئ. ڕاییکردنی قانوونەکان و بڕیارە دادوەرییەکان.

ب. پاراستنی پەڕگاڵی گشتی، ژیانی شارۆمەندان و سامانی گشتی و تایبەت.

پ. ڕێگریکردن و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان.

ت. مسۆگەرکردنی ژینگەیەکی ئارام بۆ ڕاییکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان.

دوویەم: جیاکاریی بنەڕەتی لەگەڵ هێزی بەرگریی نیشتمانی

٢.١. جیاکردنەوەی ئەرکی تەناهی و ئاسایشی ناوخۆ (پۆلیس) لە ئەرکی بەرگریی دەرەکی (ئارتەش)، بنەمایەکی دەستووریی سەوداهەڵنەگرە.

٢.٢. دەستێوەردانی ئارتەش لە کاروباری ئاسایشی ناوخۆیی و ڕاییکردنی قانووندا بە تووندی نەهێڵراوە، مەگەر تەنیا لەم دۆخە زۆر تایبەتانەدا:

ئ. ڕاگەیاندنی فەرمیی باری نائاسایی کە هەڕەشەی ڕووخانی پەڕگاڵی دەستووری لێبکرێت.

ب. کاتێک توانای پۆلیسی نیشتمانی بە شێوەیەکی سەلمێنراو بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە بەس نەبێت.

پ. تەنیا بە فەرمانێکی ڕاستەوخۆ و نووسراوی سەرکۆمار و بەپێی قانوونێکی تایبەت کە ماوە و سنووری دەستێوەردانەکە دیاری دەکات.

سێیەم: بنەماکانی لێپرسینەوە و چاودێری

٣.١. پۆلیسی نیشتمانی دەکەوێتە ژێر چاودێری و لێپرسینەوەی تۆکمەوە بۆ مسۆگەرکردنی پابەندبوونی بە قانوون و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

٣.٢. ئەم میکانیزمانە دوو ئاست دەگرنەوە:

ئ. لێپرسینەوەی ناوخۆیی: لە ڕێگەی دەستەیەکی تایبەتمەند بە ستانداردی پیشەیی و لێپرسینەوە لەناو خودی دامەزراوەی پۆلیسدا، کە بە قانوون ڕێکدەخرێت.

ب. چاودێریی دەرەکی: لە ڕێگەی دەستەیەکی سەربەخۆی ژیاری بۆ چاودێریکردنی پۆلیس و لێژنە تایبەتمەندەکانی مەکۆی نیشتمانییەوە.

چوارەم: پەرەنسیپەکانی بەکارهێنانی هێز

٤.١. بەکارهێنانی هێز لەلایەن پۆلیسەوە دەبێت بە تونديی پابەندی پرەنسیپەکانی قانوونییبوون، پێویستی و هاوسەنگی بێت.

٤.٢. هێز تەنیا وەک دوا چارەسەر و کاتێک بەکاردەهێنرێ کە ڕێگەی دیکە کاریگەر نەبن، و دەبێت کەمترین ئاستی پێویست بێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی قانوونیی.

٤.٣. ئامانجی سەرەکی لە هەر بارودۆخێکدا، کەمکردنەوەی پێکدادان و پاراستنی ژیانی هەموو لایەکە.

پێنجەم: چوارچێوەی قانوونیی

٥.١. قانوونێکی تایبەت، پێکهاتە، ئەرک، دەسەڵات، ستانداردی دامەزراندن و ڕاهێنان، و میکانیزمەکانی لێپرسینەوەی پۆلیسی نیشتمانی، بەپێی بنەماکانی ئەم بەندە ڕێکدەخات.

بەندی ٦٨: دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی

لەسەر بنەمای ئەزموونی مێژوویی نەتەوەی کورد وەک قوربانییەکی داگیرکاری، و لە پێناو مسۆگەرکردنی ئەوەی کە سەروەریی دەوڵەت هەرگیز ناکەوێتە مەترسییەوە، "دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی" وەک کەرەسەی پێشبینی و پارێزەری ستراتیژیی کۆمار دادەمەزرێت. ئەرکی بنەڕەتیی ئەم دەزگایە بریتییە لە پاراستنی بێ ئەملاوئەولای ئەم دەستوورە، سەروەریی دەوڵەت، و ئاسایشی نەتەوەیی.

یەکەم: ئەرک و دەسەڵاتە ستراتیژییەکان

١.١. دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی ئەرکی بنەڕەتیی بریتییە لە پاراستنی دەوڵەت لەبەرامبەر هەموو هەڕەشەیەکی ناوخۆیی و دەرەکیدا، کە ئەم بوارانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ئا. هەواڵگریی دەرەکی: کۆکردنەوە، شیکردنەوە و بەرهەمهێنانی هەواڵگری لەسەر ئاستی دەرەکی، بە مەبەستی دابینکردنی زانیاریی ورد و کاتی بۆ داڕێژەرانی وارگێڕیی دەرەوە و پلانی بەرگریی نیشتمانی.

ب. بەرەنگاربوونەوەی هەوڵگریی دوژمن: بەرەنگاربوونەوەی چالاکیی هەوڵگریی دوژمن لەناوخۆی وڵاتدا، بە مەبەستی پاراستنی دامەزراوەکانی دەوڵەت، ژێرخانی ستراتیژی و نهێنییە نیشتمانییەکان لە دزەکردن، سیخوڕی و تێکدانکاری.

پ. کردەی نادیار: ئەنجامدانی کردەی نادیار لە دەرەوەی سنوورەکان، تەنیا کاتێک کە هەڕەشەیەکی بوونایەتیی ڕاستەوخۆ لەسەر مانەوەی کۆمار هەبێت و ڕێگاچارەی دیپلۆماسی و سەربازیی ئاشکرا کاریگەر نەبێت. ئەم کردانە دەبێت بە فەرمانی تایبەتی سەرکۆمار و لەژێر چاودێریی توندی کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەییدا بێت.

دوویەم: چوارچێوەی ستراتیژی و دۆکترینی هەوڵگری

۲.۱. دەزگاکە لەسەر بنەمای "دۆکترینی بەرگریی پێشوەختە" کار دەکات؛ ئەرکی سەرەکیی بریتییە لە ناسینەوە و پووچەڵکردنەوەی هەڕەشەکان پێش ئەوەی بگەنە ئاستی کرداری.

۲.۲. دەزگاکە هاوسەنگییەک لەنێوان هەوڵگریی مرۆیی و هەوڵگریی تەکنەلۆژیدا ڕادەگرێت، بۆ مسۆگەرکردنی دروستی و فرەڕەهەندیی زانیارییەکان.

۲.۳. بێلایەنیی وارگێڕیی ڕەها بنەمای سەرەکیی کارکردنی دەزگاکەیە. دەزگاکە ڕاژەی "دەوڵەت" وەک بوونەوەرێکی دەستووریی هەردەمیی دەکات، نەک هیچ دەسەڵات، پارت، یان کەسایەتییەکی وارگێڕیی کاتی. سوێندی وەفاداریی کارمەندانی تەنیا بۆ دەستوور و کۆمارە.

سێیەم: هاوکاریی نێودەوڵەتی و سەروەریی نەتەوەیی

۳.۱. هەموو جۆرە هاوکاری و هاوئاهەنگییەک لەگەڵ دەزگا بیانییەکان لەسەر بنەمای "هاوپەیمانیی هەوڵگری" و بەرژەوەندیی هاوبەشە، نەک لەسەر بنەمای ژێردەستەیی.

۳.۲. دەزگاکە بە هیچ شێوەیەک ڕاژەی هەوڵگری پێشکەش بە هیچ دەوڵەتێکی تر ناکات، مەگەر لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی یەکساندا بێت.

۳.۳. دەزگاکە هاوکاریی چالاک لەگەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا دەکات لە دژی تیرۆریزم، دژەکوردستانیزم و هەموو جۆرە تووندڕەوییەک کە ئاسایشی جیهانی دەخاتە مەترسییەوە.

چوارەم: قەڵغانی دەستووری و پاراستنی مافەکان

٤.١. چاودێریکردنی شارۆمەندانی کوردستان لەسەر بنەمای بیروڕای وارگێڕی، ئایینی، یان چالاکیی ژیاریی قانوونیی، بە شێوەیەکی ڕەها نەهێڵراوە و بە تاوانێکی قورسی دژە-دەستووری هەژمار دەکرێت.

٤.٢. دەزگاکە بە هیچ شێوەیەک نابێت ببێتە ئامرازی سەرکوتی وارگێڕیی نێوخۆیی.

٤.٣. پاراستنی نهێنیی ژیانی تایبەتی، پەیوەندییەکان و زانیارییە کەسییەکانی شارۆمەندان ئەرکێکی بنەڕەتیی دەزگاکەیە. هیچ کردەوەیەک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شارۆمەندێک ئەنجام نادرێت، مەگەر بە فەرمانی دادوەری لە لقی تایبەتمەندی دادگای باڵاوە بێت و گومانی توند و بەڵگەدار لەسەر تێوەگلانی لە تاوانەکانی تیرۆر، سیخوڕی، یان ناپاکیی نیشتمانی هەبێت.

پێنجەم: ژێردەستەیی و لێپرسینەوەی دیموکراتی

٥.١. دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی لەژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی سەرکۆماردایە.

٥.٢. دەزگاکە لە ڕووی ستراتیژی و بودجەوە لەبەرامبەر "کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی" وەڵامدەرەوەیە.

٥.٣. دەسەڵاتی قانوونداناان، لە ڕێگەی "لیژنەی تایبەتمەندی کۆڕی نیشتمانی بۆ کاروباری هەواڵگری"، مافی تەواوی چاودێریکردن و لێپرسینەوەی لە کارەکانی دەزگاکە هەیە.

٥.٤. دەزگاکە ساڵانە ڕاپۆرتێکی گشتگیر پێشکەش بە سەرکۆمار و لیژنەی تایبەتمەندی مەکۆی نیشتمانی دەکات. پوختەیەکی گشتیی ڕاپۆرتەکە، کە نهێنییە ئۆپەراسیۆنییەکانی تێدا نەبێت، بۆ ڕای گشتی باڵاودەکرێتەوە.

شەشەم: نهێنیپارێزی و پۆلێنکردنی زانیاری

٦.١. هەموو کارمەند و کارەکانی دەزگاکە دەکەونە ژێر قانوونی توندی "پاراستنی نهێنییەکانی دەوڵەت". ئاشکراکردنی هەر زانیارییەکی پۆلێنکراو بە تاوانی ناپاکیی نیشتمانی هەژمار دەکرێت.

٦.٢. قانوون پۆلێنکردنی زانیارییەکان لەسەر ئاستی جیاوازی نهێنی دیاری دەکات و میکانیزمێک بۆ لابردنی پۆلێنی نهێنی لەسەر بەڵگەنامە مێژوویییەکان دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی قانوونیی دادەنێت.

حەوتەم: دامەزراندن و پێکهاتەی کارمەندان

٧.١. دامەزراندن لەم دەزگایەدا تەنیا لەسەر بنەمای لێهاتوویی ڕەها، وەفاداریی بێمەرج بۆ دەستوور و کۆمار، و دڵسۆزیی نیشتمانی دەبێت.

٧.٢. هەموو کارمەندان دەبێت لە پشکنینی وردی ئاسایشی، پزیشکی و دەروونی دەربچن و پێش دەستبەکاربوون، سوێندی دەستووریی تایبەت بخۆن.

هەشتەم: بنەماکانی بودجە و سەرچاوە داراییەکان

٨.١. بودجەی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی وەک بەشێک لە بودجەی گشتیی دەوڵەت، لەلایەن مەکۆی نیشتمانییەوە پەسەند دەکرێت.

٨.٢. وردەکاریی بودجەکە تەنیا لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندی مەکۆی نیشتمانییەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و چاودێری دەکرێت.

بەندی ٦٩: تەکنەلۆژی و پیشەسازیی بەرگریی نیشتمانی

کۆماری کوردستان، لەسەر بنەمای دانان بەوەی کە سەروەریی ڕاستەقینە و ئاسایشی درێژخایەن لە سەردەمی مۆدێرندا بە شێوەیەکی ژینەکی بەستراوەتەوە بە باڵادەستی و سەربەخۆیی تەکنەلۆژییەوە، گواستنەوەی ستراتیژی لە دۆخی کڕیاری تەکنەلۆژیاوە بۆ پێگەی داهێنەر و بەرهەمهێنەری تەکنەلۆژیای خۆماڵی، وەک ئامانجێکی باڵای نیشتمانی دادەنێت. ئەم ستراتیژییە بۆ کەمکردنەوەی لاوازییە ستراتیژییەکان و مسۆگەرکردنی پاشەڕۆژی نەتەوە ژینەکییە.

یەکەم: بنەمای ستراتیژی

١.١. دەوڵەت پابەندە بە داڕشتنی وارگێڕییەکی نیشتمانیی گشتگیر بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی تەکنەلۆژی لە بواری بەرگریدا، بە ئامانجی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە سەرچاوەی دەرەکی و بەهێزکردنی توانای ڕێپێگریی ستراتیژی.

دووەم: دامەزراوەی نیشتمانی بۆ داهێنانی بەرگری

٢.١. بەپێی قانوون، دامەزراوەیەکی نیشتمانی بۆ داهێنان و توێژینەوەی پێشکەوتووی بەرگری دادەمەزرێت.

٢.٢. ئەرکی سەرەکیی ئەم دامەزراوەیە بریتی دەبێت لە سەرپەرشتیکردن و ڕاییکردنی پڕۆژەی ستراتیژیی درێژخایەن، بەتایبەتی لەم بوارانەدا:

ئ. ژیریی دەستکرد و فێربوونی ئامێر، بۆ بەکارهێنان لە پەرگاڵەکانی فەرماندەیی، شیکاریی هەواڵگری و ئاراستەکردنی پەرگاڵە چەکییە زیرەکەکاندا.

ب. پەرگاڵە خۆگەڕەکان، بۆ گەشەپێدانی توانای نیشتمانی لە دروستکردن و بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هێرشبەر و چاودێر و ڕۆبۆتە سەربازییەکانی وشکانی و دەریایی.

پ. زانستی هاژەکی و پەرگاڵی جووڵەپێدان، بۆ گەیشتن بە خۆبژێوی لە بواری پەرگاڵە مووشەکییە بەرگری و ستراتیژییەکاندا.

ت. تەکنەلۆژیای کوانتەم و بۆشایی ئاسمان، بۆ وەبەرهێنان لە بواری کۆمپیوتەری کوانتەمی، پەرگاڵەکانی نهێنیکردن و پەرەپێدانی توانای نیشتمانی لە بواری مانگی دەستکرد بۆ مەبەستی پەیوەندی و چاودێری.

سێیەم: بنیاتنانی ژینگەی پیشەسازیی-بەرگری

٣.١. دەوڵەت بە شێوەیەکی چالاک کار بۆ بنیاتنانی ژینگەیەکی پیشەسازیی-بەرگریی نیشتمانیی تۆکمە دەکات لە ڕێگەی:

ئ. دروستکردنی هاوبەشییەکی ستراتیژیی پتەو لەنێوان کەرتی گشتی، کەرتی تایبەتی ناوخۆیی، و ناوەندە ئەکادیمی و توێژینەوەییەکاندا.

ب. دابینکردنی پاڵپشتیی دارایی، ئاسانکاریی قانوونیی، و پێدانی یەکەمایەتی لە گرێبەستە درێژخایەنەکانی دەوڵەتدا بەو کۆمپانیا و دامەزراوە خۆماڵییانەی کە لە بواری داهێنانی تەکنەلۆژیای بەرگریدا کار دەکەن.

چوارەم: وەبەرهێنان لە توانای مرۆیی

٤.١. دەوڵەت بنیاتنانی بنکەیەکی مرۆیی پسپۆڕ و لێهاتوو وەک بەردی بناغەی ئەم ستراتیژییە دادەنێت و پابەندە بە:

ئا. دارشتنی بەرنامەی نیشتمانی بۆ دۆزینەوە و پێگەیاندنی بەهرەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنەوە.

ب. تەرخانکردنی بوودجەی تایبەت بۆ خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە بوارە ستراتیژییەکاندا.

پ. ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ گەڕانەوە و بەکارخستنی پسپۆڕە کوردەکانی دەرەوەی وڵات.

پێنجەم: چوارچێوەی ڕەوشتی و قانوونیی

٥.١. گەشەپێدان و بەکارهێنانی گشت پەرگاڵە چەکییە خۆگەڕ و زیرەکەکان، دەکەوێتە ژێر چوارچێوەیەکی قانوونیی و ڕەوشتیی تونددەوە.

٥.٢. قانوون مسۆگەر دەکات کە "کۆنترۆڵی مرۆیی واتادار" هەمیشە وەک پەرەنسیپێکی بنەڕەتی دەمێنێتەوە.

٥.٣. بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایانە دەبێت بە تەواوی لەگەڵ بنەماکانی قانوونی نێودەوڵەتیی مرۆیی و مافەکانی مرۆڤدا بگونجێت.

بەندی ٧٠: فەرماندەیی ئەلیکترۆنیی ئارتەش

کۆماری کوردستان، وارگەی دیجیتاڵی وەک درێژکراوەی دانەبڕاوی سەروەریی نەتەوەیی و گۆڕەپانی پێنجەمی جەنگی هاوچەرخ دەناسێنێت. لەم سۆنگەیەوە، و بۆ بەرجەستەکردنی ویستمەندیی نەتەوەیی لەم ڕەهەندە ژینەکییەدا، "فەرماندەیی ئەلیکترۆنیی ئارتەش" وەک لقێکی

ستراتیژی و هێزێکی نوخبەی هێرشبەر لەنێو پێکهاتەی هێزی بەرگریی نیشتمانیدا دادەمەزرێت. ئەرکی دەستووریی ئەم فەرماندەییە، مسۆگەرکردنی باڵادەستیی ستراتیژیی کۆمارە لە وارگەی دیجیتاڵیدا، نەک تەنیا بۆ بەرگریکردن، بەڵکو بۆ سەپاندنی ویستمەندیی نەتەوەیی و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکان.

یەکەم: ئەرکە ستراتیژییەکان

١.١. ئەرکی بنەڕەتیی فەرماندەیی ئەلیکترۆنیی ئارتەش، مسۆگەرکردنی باڵادەستیی کۆمارە لە وارگەی دیجیتاڵیدا، لە ڕێگەی ڕاییکردنی ئەم ئەرکە ستراتیژییانەوە:

ئ. ڕێپێگریی ستراتیژی: بنیاتنان و نمایشکردنی توانایەکی هێرشبەرانەی ئەلیکترۆنی کە ببێتە هۆی سەپاندنی تێچوویەکی مەزن بەسەر هەر دوژمنێکدا و بەمەش هەر بیرکردنەوەیەک لە دەستدرێژی بۆ سەر بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان، لە بنەڕەتەوە پەک بخات.

ب. کرداری هێرشبەرانەی پێشوەختە: لە چوارچێوەی دۆکترینی بەرگریی چالاکدا، پووچەڵکردنەوەی هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان لە سەرچاوەکانیانەوە، پێش ئەوەی زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی بگەیەنن.

پ. گۆجکردنی ستراتیژی: لە کاتی جەنگدا، ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هێرشبەرانە بۆ پەکخستنی ژێرخانی فەرماندەیی، کۆنترۆڵ، پەیوەندی و هەواڵگریی هێزەکانی دوژمن.

ت. پشتیوانیی ئۆپەراسیۆنیی یەکگرتوو: دابینکردنی پشتیوانیی ئەلیکترۆنیی چالاک بۆ سەرخستنی ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی وشکانی و ئاسمانیی ئارتەش.

دووەم: چوارچێوەی قانوونیی و زنجیرەی فەرمان

٢.١. فەرماندەیی ئەلیکترۆنیی ئارتەش دەکەوێتە ژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی سەرکۆمارەوە وەک فەرماندەی گشتیی باڵای هێزە چەکدارەکان.

٢.٢. ئەنجامدانی هەر ئۆپەراسیۆنێکی هێرشبەرانەی ستراتیژی لە دەرەوەی سنوورەکان، تەنیا بە فەرمانی سەرکۆمار و لەسەر بنەمای ڕاسپاردەی کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت.

۲.۳. گشت کردەوەیەک دەبێت پابەندی بنەماکانی ئەم دەستوورە و قانوون نێودەوڵەتییەکانی جەنگ بێ کە کۆماری کوردستان پەسەندی کردوون.

سێیەم: ڕێنەدراوکردنی ڕەهای بەکارهێنانی ناوخۆیی

۳.۱. بەکارهێنانی توانای هێرشبەرانەی فەرماندەیی ئەلیکترۆنیی ئارتەش بۆ هەر مەبەستێکی ناوخۆیی، بە شێوەیەکی ڕەها نەهێڵراوە، بەتایبەتی بۆ چاودێریکردنی شارۆمەندان، سنووردارکردنی ئازادییەکان، یان سەرکوتکردنی وارگێڕی.

۳.۲. ئەنجامدانی کردەوەیەکی لەم شێوەیە، بە تاوانێکی قورسی دژ بە پەرگاڵی دەستووری هەژمار دەکرێت و ڕووبەڕووی تونديترین سزای قانوونیی دەبێتەوە.

۳.۳. ئەرکی ئەم فەرماندەییە تەنیا پاراستنی کۆمارە لە هەڕەشەی دەرەکی، نەک چاودێریکردنی شارۆمەندانی.

بەندی ۷۱: باری جەنگ و دۆخی ئاوارتە

ڕاگەیاندنی باری جەنگ یان دۆخی ئاوارتە تونديترین ڕێکاری دەستوورییە و تەنیا لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەیەکی بوونایەتی، ڕاستەوخۆ، قورس و پشکنراو بۆ سەر نەتەوە، دەوڵەت، یەکپارچەیی وڵات، پەرگاڵی دەستووری، ئاسایشی نەتەوەیی، یان ژیانی بەکۆمەڵی شارۆمەندان ڕێگەپێدراوە. ئەم بەندە چوارچێوەیەکی قانوونیی توند و ڕوون دادەڕێژێت بۆ بەخشینی دەسەڵاتی پێویست، کاتی و سنووردار بە دەوڵەت بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی نیشتمان، هاوکات لەگەڵ دانانی بەربەستی دەستووریی پێشێلنەکراو لەبەردەم هەر هەوڵێکدا بۆ بەکارهێنانی باری جەنگ یان دۆخی ئاوارتە بە مەبەستی تێکدانی پەرگاڵی دەستووری، هەڵپەساردنی سەروەریی قانوون، یان پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی شارۆمەندان.

یەکەم: پێناسە و مانەوەی سەروەری

۱.۱. باری جەنگ بریتییە لە بارودۆخێکی تایبەت و دەستووری کە لە کاتی دەستدرێژیی سەربازیی ڕاستەوخۆ، هەڕەشەیەکی مسۆگەر و نزیکی دەرەکی، یان هەر دۆخێکی چەکداریی دەرەکی

ڕێگەپێدراوە کە مانەوەی دەوڵەت، یەکپارچەیی وڵات، سەروەریی نەتەوەیی، یان ئاسایشی نەتەوەیی بخاتە مەترسییەکی بوونایەتییەوە.

١.٢. دۆخی ئاوارتە بریتییە لە بارودۆخێکی تایبەت، کاتی، دیاریکراو و پشکنراوی دەستووری کە لە کاتی هەڕەشەیەکی ناوخۆیی یان قەیرانێکی گشتیی قورس ڕێگەپێدراوە، ئەگەر ئەو هەڕەشە یان قەیرانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مانەوەی دەوڵەت، پەرگاڵی دەستووری، دامەزراوە قانوونییەکان، ژیانی بەکۆمەڵی شارۆمەندان، ژێرخانی ژینەکی، یان کارکردنی دامەزراوە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت بخاتە مەترسییەکی بوونایەتییەوە.

١.٣. باری جەنگ یان دۆخی ئاوارتە نابێت بەهۆی ناکۆکیی وارگێڕی، گۆڕانکاریی کاتی لە پشتیوانیی گشتی، ناڕەزایی شارۆمەندان، ململانێی پارتایەتی، ڕەخنەی گشتی، خۆپیشاندان، یان ئاسانیی بەڕێوەبردنی دەسەڵات ڕابگەیەنرێت، مەگەر ئەو دۆخانە بە شێوەیەکی پشکنراو و قورس ببنە هەڕەشەی بوونایەتی بۆ سەر دەوڵەت، پەرگاڵی دەستووری یان ژیانی بەکۆمەڵی شارۆمەندان.

١.٤. لە باری جەنگ و دۆخی ئاوارتەدا، بۆ یەکگرتوویی بڕیار، خێرایی کاردانەوە، پاراستنی مانەوەی دەوڵەت و مسۆگەرکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، سەرکۆمار وەک سەروەری ئاوارتە و فەرماندەی باڵای قەیران ڕۆڵی ناوەندی و کۆتایی لە ڕایەداریی باری جەنگ و دۆخی ئاوارتەدا دەگێڕێت. ئەم سەروەرییە سەروەرییەکی کاتی، دەستووری، سنووردار و پەیوەست بە چارەسەرکردنی قەیرانەکەیە و نابێت وەک گواستنەوەی یەکجاریی سەروەریی، هەڵپەساردنی دەستوور، یان لابردنی سەروەریی قانوون لێک بدرێتەوە.

١.٥. سەرکۆمار لە باری جەنگ یان دۆخی ئاوارتەدا دەسەڵاتی ڕایەداریی ئاوارتە، فەرماندەیی، هاوئاهەنگکردنی دامەزراوە باڵاکانی دەوڵەت، و دەرکردنی فەرمانی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی قەیران، پاراستنی مانەوەی دەوڵەت، یەکپارچەیی خاک، ئاسایشی نەتەوەیی و ژیانی بەکۆمەڵی شارۆمەندان بەکار دەهێنێت. ئەم دەسەڵاتە دەبێت پێویست، هاوسەنگ، ڕووەن، کاتی، پشکنراو و ڕاستەوخۆ پەیوەست بە جۆر و قەبارەی هەڕەشەکە بێت، و دەکەوێتە ژێر چاودێریی مەکۆی نیشتمانی، پێداچوونەوەی دادوەری و لێپرسینەوەی پاش کۆتاییهاتنی دۆخەکە.

دوویەم: مەرجەکانی ڕاگەیاندن

٢.١. ڕاگەیاندنی باری جەنگ یان دۆخی ئاوارتە تەنیا لە یەکێک لەم بارە چارەنووسسازانەی خوارەوەدا ڕێگەپێدراوە:

ئ. ڕووبەڕووبوونەوەی دەستدرێژیی سەربازیی ڕاستەوخۆ، یان هەڕەشەیەکی مسۆگەر، نزیک و پشکنراوی دەرەکی.

ب. سەرهەڵدانی پشێویی چەکداری، یاخیبوونی چەکداری، تێرۆری قورس، یان هەر هەڕەشەیەکی ناوخۆیی کە ببێتە مەترسیی بوونایەتی بۆ سەر دەوڵەت، پەرگاڵی دەستووری، دامەزراوە قانوونییەکان، یان ژیانی بەکۆمەڵی شارۆمەندان، و کۆنترۆڵکردنی لە توانای ڕێکارە ئاساییەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەدەر بێت.

پ. کارەساتی سروشتی، کارەساتی مرۆیی، قەیرانی هەداریی گشتی، هێرشی ئەلیکترۆنیی قورس، یان تێکچوونی ژێرخانی ژینەکی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مانەوەی دەوڵەت، ژیانی بەکۆمەڵی شارۆمەندان، ئاسایشی نەتەوەیی، یان کارکردنی دامەزراوە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت بخاتە مەترسییەکی بوونایەتییەوە.

٢.٢. ڕاگەیاندنی باری جەنگ یان دۆخی ئاوارتە تەنیا کاتێک ڕێگەپێدراوە کە ڕێکارە ئاساییەکانی دەستووری، قانوونی و کارگێڕی بە تەنیا ناتوانن هەڕەشەکە بە شێوەیەکی کاریگەر، پێویست و هاوسەنگ چارەسەر بکەن.

سێیەم: پڕۆسەی ڕاگەیاندن و پەسەندکردن

٣.١. بڕیاری ڕاگەیاندنی باری جەنگ یان دۆخی ئاوارتە لەلایەن سەرکۆمارەوە، لەسەر بنەمای ڕاسپاردەی کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی، دەردەچێت.

٣.٢. بڕیارەکە دەبێت دەستبەجێ بۆ پەسەندکردن پێشکەش بە مەکۆی نیشتمانی بکرێت، و مەکۆی نیشتمانی پابەندە لە ماوەیەکدا کە لە چل و هەشت (٤٨) کاتژمێر تێپەڕ نەکات، دانیشتنی نائاسایی ببەستێت.

٣.٣. باری جەنگ یان دۆخی ئاوارتە تەنیا کاتێک کاریگەریی قانوونیی دەبێ کە بە زۆرینەی سێ لەسەر چواری (٤/٣) کۆی ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی پەسەند بکرێت. ئەگەر ڕەزامەندیی پێویست

بەدەست نەهێنرێت، بڕیارەکە لە بنەڕەتەوە پووچەڵە و هیچ کاریگەرییەکی دەستووری یان قانوونیی نییە.

٣.٤. ماوەی سەرەتایی باری جەنگ یان دۆخی ئاوارتە نابێت لە سی (٣٠) ڕۆژ تێپەڕ بکات. درێژکردنەوەی ئەم ماوەیە بۆ هەر جارێکی دیکە، پێویستی بە هەمان پڕۆسە، هەمان زۆرینە و هەمان پشکنینی پێویستیی دەستووری هەیە.

٣.٥. بڕیاری ڕاگەیاندن دەبێت بە ڕوونی هۆکارەکان، سنووری خاکی و دامەزراوەیی، ماوەی کاتی، جۆری هەڕەشە، سنووری دەسەڵاتە ئاوارتەکان، و مافە سنووردارکراوەکان ـ ئەگەر هەبن ـ دیاری بکات.

چوارەم: مافە پارێزراو و سەوداهەڵنەگرەکان

٤.١. تەنانەت لە باری جەنگ یان دۆخی هەرە ئاوارتەشدا، ئەم ماف و بنەما بنەڕەتییانەی خوارەوە بە هیچ شێوەیەک هەڵناپەسێردرێن، سنووردار ناکرێن و پێشێل ناکرێن:

ئا. مافی ژیان، جگە لەو بارانەی لە بەندی ٤٥ـی ئەم دەستوورەدا هاتووە.

ب. ڕێنەدراوکردنی ڕەهای ئەشکەنجە و هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی نامرۆڤانە، سووکایەتپێکەر، یان کەمکەرەوەی شکۆی مرۆڤ.

پ. ڕێنەدراوکردنی بەکۆیلەکردن، بازرگانیکردن بە مرۆڤ، و کارکردنی بەزۆر.

ت. ئازادیی ویژدان، بیرکردنەوە، باوەڕ و ئایین.

ج. بنەمای ئەوەی هیچ تاوانێک و هیچ سزایەک بەبێ قانوونی پێشوەختە بوونی نییە.

چ. بنەما بنەڕەتییەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە، بەتایبەتی بنەمای بێتاوانبوون تا سەلماندنی تاوان، مافی بەرگری، و مافی دەستگەیشتن بە دادگا.

ح. سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، دەسەڵاتەکانی دادگای باڵا، و مافی پێداچوونەوەی دادوەری.

خ. ماف و پاراستنی بنەڕەتیی منداڵان، کەمئەندامان، بریندارانِ، ئاوارەکان و ئەو کەسانەی لە دۆخی لاوازیدان، بەپێی قانوون و پێوەرە مرۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

پێنجەم: سنووری دەسەڵاتەکان و چاودێری

٥.١. لە ماوەی باری جەنگ یان دۆخی ئاوارتەدا، سەرکۆمار دەتوانێت فەرمانی ڕایەدار دەربکات کە هێزی قانوونیان هەیە، بەڵام تەنیا بۆ ئەو مەبەستانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە چارەسەرکردنی قەیرانەکە، پاراستنی مانەوەی دەوڵەت، و مسۆگەرکردنی ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە.

٥.٢. فەرمانە ڕایەداریپەکانی باری جەنگ یان دۆخی ئاوارتە نابێت ئەم دەستوورە هەموار بکەنەوە، دەستوور هەڵبپەسێرن، کاری دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان ڕابگرن، مەکۆی نیشتمانی هەڵبوەشێننەوە، سەربەخۆیی دادوەری سنووردار بکەن، یان مافە سەوداهەڵنەگرەکان لابەن.

٥.٣. هەر سنووردارکردنێکی مافەکانی دیکە دەبێت کاتی، پێویست، هاوسەنگ، ڕووەن، پشکنراو و ڕاستەوخۆ پەیوەست بە قەبارە و جۆری هەڕەشەکە بێت.

٥.٤. هەر سنووردارکردنێک و هەر فەرمانێکی ڕایەدار دەکەوێتە ژێر چاودێریی بێوچانی دەسەڵاتی دادوەری و پێداچوونەوەی دادگای باڵا. هیچ فەرمانێک نابێت لە چاودێریی دادوەری بپارێزرێت.

٥.٥. مەکۆی نیشتمانی لە ماوەی باری جەنگ یان دۆخی ئاوارتەدا مافی چاودێریی بەردەوام، بانگهێشتکردنی بەرپرسان، و پێداچوونەوە بە فەرمان و ڕێکارەکان هەیە.

٥.٦. دوای کۆتاییهاتنی باری جەنگ یان دۆخی ئاوارتە، مەکۆی نیشتمانی پابەندە لێکۆڵینەوەیەکی گشتی، ڕووەن و پشکنراو لە گشت ئەو ڕێکار، فەرمان، سنووردارکردن و خەرجیانە بکات کە لەو ماوەیەدا گیراونەتە بەر.

٥.٧. هەر بەکارهێنانێکی باری جەنگ یان دۆخی ئاوارتە بۆ تێکدانی پەرگاڵی دەستووری، سنووردارکردنی نادادپەروەرانەی مافەکان، درێژکردنەوەی ناپێویستی دەسەڵات، هەڵوەشاندنەوەی لێپرسینەوە، یان دەستکەوتنی بەرژەوەندیی وارگێڕی، پارتایەتی، بنەماڵەیی یان تایبەت، بە پێشێلکاریی سەلمێنراوی قورس لە دەستوور و سەروەریی قانوون هەژمار دەکرێت.

شەشەم: چوارچێوەی قانوونیی

٦.١. قانوونێکی تایبەت وردەکاریی دەسەڵاتەکان، ڕێکاری ڕاگەیاندن و پەسەندکردن، سنووردارکردنی مافەکان، فەرمانە ڕایەدارییەکان، میکانیزمەکانی چاودێری، پێداچوونەوەی دادگای باڵا، لێکۆڵینەوەی پاش کۆتاییهاتنی دۆخەکە، و لێپرسینەوە لە کاتی باری جەنگ و دۆخی ئاوارتەدا ڕێکدەخات.

٦.٢. ئەو قانوونە تایبەتە نابێت هیچ دەسەڵاتێک دابنێ کە دژ بە مانەوەی سەروەری لەلای نەتەوە، سەروەریی قانوون، جیاکردنەوە و هاوسەنگیی دەسەڵاتەکان، مافە سەوداهەڵنەگرەکان، سەربەخۆیی دادوەری، یان چاودێریی مەکۆی نیشتمانی بێت.

دەروازەی هەشتەم: وارگێڕیی دەروە و دیپلۆماسی

وارگێڕیی دەرەوەی کۆماری کوردستان، نواندنی ویستمەندیی سەروەرانەی نەتەوەیە لە گۆڕەپانی جیهانیدا و ئامرازی سەرەکییە بۆ گۆڕینی جوگرافیای نیشتمان بۆ هێزێکی مێژووساز. ئەم دەروازەیە بنەما فەلسەفی و قانوونییەکانی دیپلۆماسیی کوردستان دادەڕێژێت، کە لەسەر هاوسەنگییەکی ورد لەنێوان "ڕیالیزمی ستراتیژی" و "دادی نێودەوڵەتی" دامەزراوە. لێرەدا، پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتان و ڕێکخراوە جیهانییەکان نەک وەک پاشکۆیەتی، بەڵکوو وەک هاوبەشیی یەکسان و لە ڕاڤەی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆماردا ڕێک دەخرێن. ئەم دەروازەیە دیدگای کوردستان بۆ بنیاتنانی پەرگاڵێکی جیهانیی دادپەروەرانە و بەرپرسیارێتیی گەردوونی دەچەسپێنێت، تاوەکوو کوردستان ببێتە چرایەک بۆ ئاشتی و سەقامگیری، بێ ئەوەی دەستبەرداری بچووکترین بەشی مافە مێژوویی و دەستوورییەکانی خۆی ببێت.

بەندی ٧٢: بنەما ستراتیژی و دەستوورییەکانی وارگێڕیی دەرەوە

کۆماری کوردستان وارگێڕیی دەرەوەی خۆی لەسەر بنەمای ئەزموونی مێژوویی نەتەوەی کورد وەک قوربانییەکی سیستماتیکی نادادپەروەریی نێودەوڵەتی، و لەسەر ئەرکێکی دەستووری بۆ بەشداریی چالاکانە لە بنیاتنانی پەرگاڵێکی جیهانیی دادپەروەرانەتر دادەمەزرێنێت. ئەم بەندە ئەو چوارچێوە فەلسەفی و قانوونییانە دیاری دەکات کە پێگەی دەوڵەت وەک سوبێکتێکی مێژووساز لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕێک دەخات.

یەکەم: هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی دەستووری بەرامبەر پەرگاڵی جیهانی

١.١. کۆماری کوردستان دان بەو ڕاستییە دەستووری و مێژوواییەدا دەنێ کە پەرگاڵی نێودەوڵەتیی هەنووکەیی، سەرەڕای بانگەشە قانوونییەکانی، هێشتا بە شێوەیەکی بەرفراوان لەژێر هەژموونی پێوەرە نایەکسانەکان و پاشماوەی ستراکچەریی (پێکهاتەیی) داگیرکاریدایە کە لە سەدەکانی ڕابردووەوە بەسەر نەتەوەکانی ناوچەکەدا سەپێنراوە.

١.٢. دەوڵەت ئەم بارودۆخە نایەکسانە بە سەرچاوەی سەرەکیی پێشێلکردنی بنەمای "یەکسانیی سەروەریی نەتەوەکان" دەناسێنێت، کە بووەتە هۆی زەوتکردنی مافی خۆبڕیاردەریی و ڕەواییدانی ناقانوونیی بەو سنوورە دەستکردانەی کە دژ بە لۆژیکی مێژوویی و جوگرافیی وارگەی نەتەوەیی کوردستان کێشراون.

١.٣. کۆماری کوردستان پابەندە بە ناساندنی ئەم نادادپەروەرییانە لە سەکۆ جیهانییەکاندا و کار دەکات بۆ گۆڕینی لۆژیکی "بەرژەوەندیی هێزە گەورەکان" بۆ لۆژیکی "باڵادەستیی دادی نێودەوڵەتی."

دووەم: ئەرکی مێژوویی و وارگێڕیی واتایی لە ئاستی جیهانی

٢.١. وارگێڕیی دەرەوەی کۆمار نەک هەر ئامرازێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە شتەکییەکان، بەڵکوو فەرمانێکی دەستوورییە بۆ نواندنی هێزی واتایی نەتەوە و کارکردن وەک ئەکتەرێکی پێشەنگ لەم بوارانەدا:

ئا. داکۆکیکردنی بێ مەرج لە پرەنسیپی "یەکسانیی شارستانییەکان" و دانەدواوەی هەر جۆرە پلەبەندییەکی کولتووری یان نەژادی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

ب. بوون بە دەنگی قانوونیی و دیپلۆماسیی گشت ئەو مەردم و نەتەوە بێدەوڵەت و ستەملێکراوانەی کە لە پەرگاڵی جیهانیدا پەراوێز خراون، وەک بەشێک لە بەرپرسیارێتیی مرۆیی و ئەخلاقیی کۆمار.

پ. کارکردنی چالاکانە بۆ تێپەڕاندنی ململانێیە ئایدیۆلۆژییەکان و جێگیرکردنی زمانێکی دیپلۆماسی کە لەسەر بنەمای ئاوەزمەندی، زانست و ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆیی دامەزرابێت.

سێیەم: پەیمانی سەروەری و پابەندبوونی مەرجدار بە قانوونی نێودەوڵەتی

٣.١. کۆماری کوردستان جەخت دەکاتەوە کە لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریدا، نەتەوەی کورد هیچ پابەندییەکی قانوونیی بەرامبەر بەو پەیماننامە و ڕێککەوتنانە نەبووە کە بە بێ ڕەزامەندیی ئەو و بۆ مەبەستی دابەشکردنی وارگەی نەتەوەییەکەی واژۆ کراون، و گشت ئەو دەقانە بە پووچەڵ هەژمار دەکات.

٣.٢. وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، کۆماری کوردستان ئامادەیی خۆی بۆ ئەندامێتیی بەرپرسیارانە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ڕادەگەیەنێت و پابەندی بنەما مرۆڤدۆستانەکانی قانوونی نێودەوڵەتی و چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت، بەو مەرجە ڕەهایەی کە ئەم پابەندبوونە نەکەوێتە دژایەتییەوە لەگەڵ بنەما نەگۆڕەکانی ئەم دەستوورە و سەروەریی نەتەوەیی کوردستان.

٣.٣. دەوڵەت تەنیا ئەو بڕیار و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانە وەک "قانوونی کارپێکراو" دەناسێنێ کە لەلایەن دەسەڵاتی قانووندانانی کوردستانەوە پەسەند کرابن؛ لە کاتی هەر پێکدادانێکدا، "دەستووری کۆمار" سەرچاوەی باڵا و یەکلاکەرەوەی کۆتایی دەبێت.

٣.٤. کۆماری کوردستان مافی دەستووریی خۆی دەپارێزێت بۆ پێداچوونەوە بە گشت ئەو بڕیارە مێژوویییانەی کە زیانیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە گەیاندووە، و بەکارهێنانی ئامرازە قانوونییەکان بۆ ساغکردنەوەی مافە زەوتکراوەکانی لەسەر ئاستی جیهانی.

بەندی ٧٣: پرەنسیپە ڕێنوێنکەرەکانی وارگێڕیی دەرەوە

وارگێڕیی دەرەوەی کۆماری کوردستان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پرەنسیپی بنەڕەتی دادەمەزرێت، کە ئامانج لێی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان، بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، و بەشداریکردنی بنیاتنەرانەیە لە داڕشتنی پەرگاڵێکی جیهانیی ئارام و دادپەروەردا.

یەکەم: پرەنسیپە بنەڕەتییەکان

وارگێڕیی دەرەوەی کۆمار بەم پرەنسیپانەی خوارەوە ڕێنوێنی دەکرێت:

١.١. ڕێزگرتنی دوولایەنە لە سەروەریی و یەکپارچەیی وڵات: کۆماری کوردستان پابەندە بە پرەنسیپی ڕێزگرتنی دوولایەنە لە سەروەریی، سەربەخۆیی وارگێڕی و یەکپارچەیی خاکی گشت دەوڵەتان. ئەم پابەندبوونە لەسەر بنەمای هەڵسوکەوتی هاوتا و ڕێزی بێ مەرجی ئەوان بۆ سەروەریی و یەکپارچەیی خاکی کوردستان دادەمەزرێت.

١.٢. دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی: پابەندبوونی تەواو بە پرەنسیپی دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتانی دیکەدا، و لە هەمان کاتدا دانەدواوەی ڕەهای هەر جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆیی کۆماردا.

١.٣. چارەسەری ئاشتییانەی ناکۆکییەکان: پەیڕەوکردنی بنەمای چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی دیالۆگ، دانوستان و ئامرازە دیپلۆماسییەکانەوە، و خۆبەدوورگرتن لە بەکارهێنانی هێز یان هەڕەشەکردن پێی، مەگەر بۆ مەبەستی بەرگریی ڕەوا و لە چوارچێوەی بنەماکانی ئەم دەستوورەدا.

١.٤. بێلایەنیی پرەنسیپدار: پەیڕەوکردنی وارگێڕیی بێلایەنی لەو ململانێ هەرێمی و جیهانییانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانەوە نییە. سەرەڕای ئەمە، کۆمار لەبەرامبەر تاوانەکانی جینۆساید، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، و زەوتکردنی مافی خۆبڕیاردەریی نەتەوەکاندا بێلایەن نامێنێتەوە و بەپێی توانا و بەرژەوەندییەکانی، پشتیوانی لە بنەماکانی دادپەروەریی نێودەوڵەتی دەکات.

١.٥. هاوپەیمانێتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەیی: بنیاتنانی هاوپەیمانێتیی ستراتیژی تەنیا لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی و بەهێزکردنی ئاسایشی کۆمار. هەر

جۆرە هاوپەیمانێتییەک دەبێت ڕێز لە سەروەریی تەواوی کوردستان بگرێت و نابێت ببێتە هۆی سنووردارکردنی سەربەخۆیی بڕیاری وارگێڕیی وڵات.

بەندی ٧٤: پەیوەندیی نێوان قانوونی نیشتمانی و قانوونی نێودەوڵەتی

ئەم بەندە چوارچێوەی دەستووریی پەیوەندیی نێوان پەرگاڵی قانوونیی ناوخۆیی کۆماری کوردستان و قانوونی نێودەوڵەتی دادەڕێژێت، هاوکات بنەماکانی پابەندبوون بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سەروەریی ڕەهای ئەم دەستوورە وەک سەرچاوەی کۆتایی هەموو قانوونمەندییەک لە وڵاتدا دەچەسپێنێت.

یەکەم: پابەندبوون بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

١.١. کۆماری کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، پابەندبوونی خۆی بە ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و بنیاتنانی پەرگاڵێکی نێودەوڵەتیی دادپەروەرانە دووپات دەکاتەوە.

١.٢. لەسەر ئەم بنەمایە، دەوڵەت کار بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتیی کارا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و گشت ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکەدا دەکات.

١.٣. دەوڵەت پابەندی بنەما و ئامانجەکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و قانوون دانپێدانراوە نێودەوڵەتییەکان دەبێت، بە مەرجێک لەگەڵ بنەما نەگۆڕەکانی ئەم دەستوورەدا ناکۆک نەبن.

دووەم: میکانیزمی پەسەندکردن و پلەی قانوونیی

٢.١. ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی کە بەپێی ڕێکارە دەستوورییەکان لەلایەن دەسەڵاتی قانووندانانی کوردستانەوە پەسەند دەکرێن، دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لە پەرگاڵی قانوونیی ناوخۆیی وڵات.

٢.٢. ئەم پەیماننامانە هێزێکی قانوونییان دەبێ کە لە سەرووی قانوون ئاساییەکانەوەیە، بەڵام بە هەموو شێوەیەک لە ژێر دەسەڵاتی ڕەهای ئەم دەستوورەوەن.

سێیەم: سەروەریی ڕەهای دەستوور

٣.١. سەرۆکایەتی ئەم دەستوورە، وەک دەرئەنجامی ویستمەندیی دامەزرێنەری نەتەوەی کورد و باڵاترین قانوونی وڵات، ڕەها و پێشێلنەکراوە.

٣.٢. هیچ پەیماننامە، ڕێککەوتننامە، یان بڕیارێکی نێودەوڵەتی ناتوانێت بەسەر بەندە نەگۆڕەکانی ئەم دەستوورەدا زاڵ بێت، بەتایبەت ئەو بەندانەی کە شوناس، فۆرمی کۆماریی دەوڵەت، یەکپارچەیی وڵات و فەلسەفەی بوونی دەوڵەت پێکدەهێنن.

٣.٣. هەر پەیماننامەیەک یان بەشێک لە پەیماننامەیەک کە لەگەڵ ناوەڕۆک و ڕۆحی ئەم بەندە نەگۆڕانەدا ناکۆک بێت، لەنێو پەرگاڵی قانوونیی کوردستاندا هیچ هێز و کاریگەرییەکی نییە و لە بنەڕەتەوە پووچەڵە.

چوارەم: میکانیزمی پێداچوونەوەی دەستووری

٤.١. پێش پەسەندکردنی کۆتایی هەر پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتیی گرنگ، سەرکۆمار یان ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی، مافیان هەیە داخواز لە دادگای باڵا بکەن کە پێداچوونەوە بە گونجانی ئەو پەیماننامەیە لەگەڵ گشت بەندەکانی ئەم دەستوورەدا بکات.

٤.٢. ئەگەر دادگای باڵا بڕیاری دا کە پەیماننامەکە یان بەشێک لێی لەگەڵ دەستووردا ناکۆکە، ئەوا پەسەندکردنی ئەو پەیماننامەیە ڕادەگیرێت.

٤.٣. پەسەندکردن تەنیا کاتێک دەکرێت دەست پێبکاتەوە کە دەستوورەکە خۆی بەپێی ئەو ڕێکارە تووندانەی بۆی دیاری کراوە، هەموار بکرێتەوە.

بەندی ٧٥: دیپلۆماسی و نوێنەرایەتیی نێودەوڵەتی

ئەم بەندە چوارچێوەی دەستووریی بەڕێوەبردنی دیپلۆماسی و نوێنەرایەتیی نێودەوڵەتی دادەڕێژێت و دەزگای دیپلۆماسی وەک ئامرازێکی ستراتیژی بۆ پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت لەسەر گۆڕەپانی جیهان پێناسە دەکات.

یەکەم: دەسەڵاتی باڵا و ڕایەداری

١.١. دەسەڵاتی دارشتن و ئاڕاستەکردنی وارگێڕیی دەرەوەی کۆماری کوردستان، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە پاراستنی سەروەری و ئاسایشی نەتەوەیی، بە شێوەیەکی تایبەت لە ئەستۆی سەرکۆمارداید.

١.٢. سەرکۆمار ئەم ئەرکە بە ڕاوێژ لەگەڵ کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ڕادەپەڕێنێت و کاروباری دەرەوە و دەزگای دیپلۆماسیی وڵات ئامرازی سەرەکیی ڕاییکردنی ئەم وارگێڕییەن.

دوویەم: دەزگای دیپلۆماسیی کوردستان

٢.١. دەزگای دیپلۆماسیی کوردستان وەک هێزێکی پیشەیی، دیسپلینکراو و نوخبە دادەمەزرێت، کە لەسەر بنەمای لێهاتوویی، پسپۆڕی و وەفاداریی بێ مەرج بۆ دەوڵەت و نیشتمان کار دەکات.

٢.٢. ئەرکی ئەم دەزگایە ئەوەیە کە وەک پاسەوانانی هێڵی پێشەوەی بەرگری لە سەروەریی، ئاسایش و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کۆمار لەسەر گۆڕەپانی جیهان کار بکات.

سێیەم: ئەرکی دیپلۆماتکاران

٣.١. دیپلۆماتکاری کورد جیا لە فەرمانبەرێکی دەوڵەت، هەروەها نوێنەری مێژووی نەتەوە و بەرجەستەبوونی ئاواتەکانیەتی بۆ داهاتوو. ئەرکە سەرەکییەکانی بریتین لە:

ئا. بەرگریکردن لە سەروەریی، یەکپارچەیی وڵات و ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان لە هەموو سەکۆ نێودەوڵەتییەکاندا.

ب. پەرەپێدانی بەرژەوەندییە ئابووورییەکان و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ستراتیژی بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی نیشتمانی.

پ. ناساندنی شوناسی کولتووری و شارستانیی نەتەوەی کورد لە جیهاندا.

ت. بنیاتنانی هاوپەیمانێتیی ستراتیژی لەسەر بنەمای ڕێزی دوولایەنە و بەرژەوەندیی هاوبەش.

ج. پاراستنی ماف و شکۆی شارۆمەندانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات.

چوارەم: بنیاتنانی ژێرخانی هزری و ستراتیژی

٤.١. دەوڵەت پابەندە بە بنیاتنانی ژێرخانێکی هزری و ستراتیژیی تۆکمە بۆ پشتیوانیکردنی دەزگای دیپلۆماسی.

٤.٢. ئەم ژێرخانە، دامەزراندنی تۆڕێک لە ژووری هزر، ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی و پلاتفۆرمی دیالۆگی پسپۆرانە لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمییەکان لەخۆ دەگرێت.

٤.٣. ئامانج لەم کارە، تێپەڕاندنی دیپلۆماسیی کاردانەوەیی و بەرهەمهێنانی وارگێڕییەکی دەرەوەی پێشەنگ و پشتئەستوور بە شیکاریی قووڵە، کە توانای پێشبینیکردنی گۆڕانکارییە جیهانییەکان و ناسینەوەی هەڕەشە و دەرفەتە ستراتیژییەکانی هەبێت.

پێنجەم: دیپلۆماسیی گشتی و دیجیتاڵی

٥.١. کۆماری کوردستان دان بە هێزی دیپلۆماسیی گشتی و دیجیتاڵیدا دەنێت وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی ڕاستەوخۆی پەیامی کوردستان بە جیهان.

٥.٢. دەوڵەت بە شێوەیەکی ستراتیژی کار لەسەر بەکارهێنانی کولتوور، هونەر، زانست، وەرزش و میدیا دەکات بۆ بنیاتنانی پردی تێگەیشتن و هاوپشتی و بەمەش قووڵاییەکی ستراتیژی بۆ وارگێڕیی دەرەوەی وڵات دابین دەکات.

شەشەم: دانان و بانگهێشتکردنەوەی باڵیۆزان

٦.١. دانان و بانگهێشتکردنەوەی باڵیۆزان و نوێنەرانی دیپلۆماسی لە دەسەڵاتی سەرکۆماردایە.

٦.٢. دانانی باڵیۆزان بۆ پۆستە ستراتیژییەکان، دەکرێت بەپێی قانوون پێویستی بە پەسەندکردنی مەکۆی ژیران هەبێت.

بەندی ٧٦: دیدگای ستراتیژی بۆ پەرگاڵێکی جیهانیی دادپەروەرانە و بەرپرسیارێتیی گەردوونی

کۆماری کوردستان وەک نەتەوەی کورد لە دۆخی دەوڵەتداریدا، لەسەر بنەمای چارەنووسی هاوبەشی مرۆڤایەتی و وەک ئەرکێکی مێژوویی، دیدگایەکی ستراتیژیی دوورمەودا بۆ داڕشتنەوەی

پەرگاڵێکی جیهانیی دادپەروەرانە پەیڕەو دەکات. ئامانجی ئەم دیدگایە گواستنەوەی مرۆڤایەتییە لە دۆخی ململانێ نەتەوەیی و هەرێمییەکانەوە بەرەو ئاسۆی "بەرپرسیارێتیی گەردوونی"، بە شێوازێک کە توانای وەڵامدانەوەی ئاڵەنگارییە بوونایەتییەکانی داهاتووی هەبێت.

یەکەم: شیکردنەوەی دەستووریی ئالەنگارییە جیهانییەکان

١.١. کۆماری کوردستان، لەسەر بنەمای ئەزموونی مێژوویی خۆی، دان بەوەدا دەنێ کە پەڕگاڵی نێودەوڵەتیی هەنووکەیی لە چارەسەرکردنی قەیرانە بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتیدا تووشی کورتهێنانی ستراکچەری بووە. ئەم کورتهێنانە دەرئەنجامی ئاسەواری قانوونیی و وارگێڕییەکانی ئەو مۆدێلە کلاسیکییانەیە کە تێیدا سەروەریی قانوون فیدای بەرژەوەندییە یەکلایەنەکان کراوە.

١.٢. دەوڵەت ئەم دیاردە قانوونییانەی خوارەوە وەک هەڕەشەی جیهانی دەناسێنێ کە پێویستیان بە چاکسازیی ڕیشەیی هەیە:

ئا. پیادەکردنی نایەکسان و هەڵبژاردەیی بنەماکانی قانوونی نێودەوڵەتی، بەتایبەت لە بواری مافی خۆبڕیاردەریی گەلاندا، کە بووەتە هۆی دروستبوونی دۆخی "بێدەوڵەتیی سیستماتیک" بۆ نەتەوە ڕەسەنەکان.

ب. ناسەقامگیریی بەردەوامی هەرێمی کە لەو دابەشکارییە جوگرافییە نالۆژیکییانەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەبێ ڕەچاوکردنی ویستمەندیی نەتەوەیی گەلان سەپێنراون.

پ. نەبوونی میکانیزمێکی جیهانیی پابەندکەر بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانە ژینگەیی، ئابووری و مرۆییەکان کە لە سنووری دەوڵەتە تاقانەکان تێدەپەڕن.

دووەم: ئامانجی باڵا: بنیاتنانی پەڕگاڵی گشتگیری جیهانی

٢.١. کۆماری کوردستان وەک ئامانجێکی ستراتیژیی پلە-باڵا، کار بۆ پەرەپێدانی هزری "دەستوورگەرایی جیهانی" دەکات، کە تێیدا پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و نەتەوەکان لەسەر بنەمای دەستوورێکی جیهانیی دیموکراتی ڕێک دەخرێنەوە.

٢.٢. ئەم پەڕگاڵە نوێیە دەبێت وەک پەیمانێکی گەردوونی، ئەم بنەما دەستوورییانە مسۆگەر بکات:

ئا. کۆتاییهێنان بە دیاردەی "نەتەوەی بێدەوڵەت" لە ڕێگەی گۆڕینی مافی خۆبڕیاردەری لە "پرەنسیپێکی وارگێڕی"یەوە بۆ "فەرمانێکی قانوونیی جێبەجێکراو"، بە شێوەیەک کە هەر نەتەوەیەک مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەروەری خۆی لەسەر وارگەی مێژوویی خۆی هەبێت.

ب. دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دادوەریی جیهانیی سەربەخۆ کە خاوەنی هێزی ڕاییکردنی ڕاستەوخۆ بێت بۆ سزادانی پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ و تاوانبارانی دژ بە ژینگەی هەسارەکە.

پ. بەڕێوەبردنی هاوبەشی "سامانە گەردوونییەکان (Global Commons)" وەک ژینگە، زەریاکان و بۆشایی ئاسمان، لە ڕێگەی دامەزراوەی فرەنەتەوەیی ڕووەنەوە کە بەرژەوەندیی نەوەکانی داهاتووی مرۆڤایەتی لەبەرچاو بگرێت.

ت. گۆڕینی پڕۆسەی چارەسەری ناکۆکییەکان لە ململانێی چەکداریيەوە بۆ "ناوبژیوانیی قانوونیی پابەندکەر" لەژێر سایەی چەتری دەستووری جیهانی.

سێیەم: "بەرپرسیارێتیی گەردوونی" وەک ئەرکی شارستانی

٣.١. کۆماری کوردستان دان بەوەدا دەنێ کە ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر هەسارەی زەوی ڕووبەڕووی مەترسیی بوونایەتیی دەرەکی و گەردوونی دەبێتەوە. لێرەوە، تێپەڕاندنی ململانێ زەمینییەکان دەبێتە پێویستییەکی دەستووری بۆ یەکخستنی تواناکانی مرۆڤ.

٣.٢. دەوڵەت کار بۆ چەسپاندنی ئەم ئامانجانە دەکات وەک بەشێک لە بەرپرسیارێتیی گەردوونی:

ئا. پەرەپێدانی پەرگاڵێکی بەرگریی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی هەسارەکە لە هەڕەشە گەردوونییەکان.

ب. یەکخستنی هەوڵە زانستییەکان بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی درێژخایەنی جۆری مرۆڤ لە ڕێگەی گەشەپێدانی زانستەکانی بۆشایی ئاسمان و تەکنەلۆژیای ژیان-پارێز.

چوارەم: ئەرکە دەستوورییەکانی دەزگای دیپلۆماسی و زانستی

٤.١. دەوڵەت پابەندە بە بەکارهێنانی "دیپلۆماسیی هزری و زانستی" بۆ کردنەوەی دیالۆگێکی جیهانی لەسەر ئەم دیدگایە و ناساندنی وەک بەدیلێکی قانوونیی بۆ پەرگاڵی ئێستا.

٤.٢. کۆماری کوردستان وەک نموونەیەکی دەسەڵاتداریی پێشەنگ کار دەکات؛ لە ڕێگەی دامەزراندنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو دەوڵەت و هێزانەی کە باوەڕیان بە یەکپارچەیی چارەنووسی مرۆڤایەتی هەیە.

٤.٣. دەوڵەت بە قانوون ئەرکدار دەکرێت بە وەبەرهێنانی ستراتیژی لەو بوارە تەکنەلۆژی و زانستییانەی کە ڕاژەی پاراستنی هەسارەکە و بەرپرسیارێتیی گەردوونی دەکەن، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە هێزی نەتەوەیی کوردستان.

٤.٤. هەر چالاکییەکی نێودەوڵەتیی کۆماری کوردستان دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەم باوەڕە بێ کە "ئاسایشی کوردستان" بەشێکی دانەبڕاوە لە "ئاسایشی هەسارەکە" و داهاتووی مرۆڤایەتی.

بەندی ٧٧: پەیوەندییە ستراتیژییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و بەرەنگاربوونەوەی دژەجووبوون

کۆماری کوردستان، لەسەر بنەمای درێژەدارییەتی مێژوویی و هاوچارەنووسیی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و جوو، چوارچێوەی قانوونیی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و پابەندبوونی خۆی بە بەرەنگاربوونەوەی جیهانیی دژەجووبوون دەچەسپێنێت.

یەکەم: دانپێدانانی دەستووری و هاوپەیمانیی ستراتیژی

١.١. کۆماری کوردستان، بە پشتبەستن بە مافی ڕەوای نەتەوەکان بۆ خۆبڕیاردەری، بە فەرمی دان بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەنێت وەک یەکەیەکی سەروەر لەسەر وارگەی مێژوویی نەتەوەی جوو بەو جۆرەی کە خۆیان پێناسەی دەکەن هەتا هەموو ئەو شوێنانەی دەگاتە دراوسێیەتی سنوورەکانی خاکی کوردستان.

١.٢. پەیوەندیی نێوان هەردوو دەوڵەت لەسەر بنەمای هاوپەیمانییەکی ستراتیژیی هەمەلایەنە دادەمەزرێت، بە ئامانجی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، سەروەریی و ڕووبەڕووبوونەوەی هاوبەشی ئەو هێزە ئەمپریاڵ، داگیرکەر و هەژموونخوازانەی کە هەڕەشەن بۆ سەر هەردووک نەتەوە کورد و جوو و بەگشتی سەقامگیریی ناوچەکە.

دوویەم: پێگەی قانوونیی کوردە جووەکان و مافی گەڕانەوە

٢.١. دەوڵەت دان بەو ڕاستییە دەستوورییەدا دەنێ کە ئەو بەشەی نەتەوەی کورد کە پەیڕەوی ئایینی جوو دەکەن، بەشێکی ڕەسەن و دانەبڕاون لە پێکهاتەی نەتەوەیی کورد.

٢.٢. گشت ئەو کوردە جووانەی کە بەهۆی بارودۆخی مێژوویییەوە لە کوردستان دابڕاون، لەگەڵ نەوەکانیان، خاوەنی "مافی گەڕانەوە"ی بێ مەرجن؛ دەوڵەت ئەرکدارە بە گرتنەبەری ڕێکاری قانوونیی و کارگێڕی بۆ گێڕانەوەی شارۆمەندیی کوردستان بۆیان بە شێوەیەکی فەرمی.

٢.٣. دەوڵەت پارێزەری پاشماگی کولتووری، مێژوویی و ئایینیی پێکهاتەی جووی کوردستانە و وەک سامانێکی نیشتمانیی پارێزراو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات.

سێیەم: تاوانبارکردنی دژەجووبوون و نکۆڵیکردن لە هۆلۆکۆست

٣.١. هەر جۆرە گوتار، ڕوپاگەندە، یان کردەوەیەکی دژەجووبوون لە کۆماری کوردستاندا بە تووندی ڕێپێنەدراوە و وەک "تاوانی کینە" دژی بنەماکانی ئەم دەستوورە پێناسە دەکرێت.

٣.٢. نکۆڵیکردن، بچووککردنەوە، یان هەر هەوڵێک بۆ پاساوهێنانەوە بۆ تاوانی هۆلۆکۆست، بە تاوانێکی قورس دژی یادەوەریی مرۆڤایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت.

٣.٣. دەوڵەت پابەندە بە ڕاییکردنی پرۆگرامی پەروەردەیی بۆ هوشیارکردنەوەی نەوەکان بەرامبەر بە مەترسییەکانی ڕق و کینەی نەژادی و ئایینی، وەک گرەنتییەک بۆ پاراستنی یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی.

چوارەم: سەربەخۆیی بڕیار و هاوبەشیی قانوونیی

٤.١. ئەم هاوپەیمانییە ستراتیژییە لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی دوولایەنە لە سەروەریی و بەرژەوەندییە باڵاکانی هەردوو نەتەوە پەیڕەو دەکرێت.

٤.٢. کۆماری کوردستان وارگێڕیی دەرەوەی سەربەخۆی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر بنەمای ڕێزی دووڵایەنە دەپارێزێت و گشت بڕیارەکان لەسەر پرسە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای قانوون نێودەوڵەتییەکان و ئامانجە ستراتیژییەکانی وڵات دیاری دەکات.

بەندی ٧٨: پەیوەندیی مێژوویی و پەیمانی ستراتیژی لەگەڵ نەوەکانی ماد

کۆماری کوردستان، لەسەر بنەمای دانپێدانانی مێژوویی و ڕیشە هاوبەشەکان، چوارچێوەی دەستووریی پەیوەندییە تایبەت و ستراتیژییەکانی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی نەوەی ماددا دادەڕێژێت.

یەکەم: بنەمای فەلسەفی و ڕیشەی هاوبەش

١.١. کۆماری کوردستان، لەسەر بنەمای ڕاستەواییە نەگۆڕەکانی مێژوو، جوگرافیا و کولتوور، دان بەو پەیوەندییە قووڵ و دانەبڕاوەدا دەنێ کە لەنێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی بەلوچستان و دەوەری کاسپیەن—بەتایبەت گیلەک، تات و تاڵش—دا هەیە.

١.٢. ئەم نەتەوانە وەک نەوەکانی ڕەسەنی ماد و نیشتەجێی هەزاران ساڵەی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و ئەڵبورز، خاوەنی پاشماگێکی هاوبەشی زمان، کولتوور و چارەنووسن.

١.٣. ئەم پەیوەندیی خوێن و چارەنووسە، کە لەلایەن ئایدۆلۆژیا ئیمپریالی و داگیرکارییەکانی ناوچەکەوە هەوڵی سڕینەوە و پەرتکردنی دراوە، بە بەشێکی دانەبڕاو لە شوناسی ستراتیژیی کۆماری کوردستان دادەنرێت.

دووەم: هاوپەیمانیی سرووشتی و پەیمانی ستراتیژی

٢.١. لەسەر بنەمای ئەم ڕیشە هاوبەشە و بەرەنگاربوونەوەی هاوبەشیان دژی داگیرکاری، کۆماری کوردستان ئەم نەتەوانە بە هاوپەیمانی سرووشتی و بنەڕەتیی خۆی دادەنێت.

٢.٢. ئەمە پەیمانێکی ستراتیژیی نەگۆڕە کە وەک کەرەسەیەکی پتەو لەبەرامبەر ئەو هێز و ئایدۆلۆژیا ئیمپریاڵانەدا کار دەکات کە هەڕەشەن بۆ سەر بوون و شوناسی هەموو لایەک.

٢.٣. دەوڵەت کار بۆ پتەوکردنی ئەم پەیمانە لە هەموو بوارەکانی وارگێڕی، ئابووری، کولتووری، تەناهی و هەواڵگریدا دەکات، بە ئامانجی دروستکردنی باڵانسێکی هێزی نوێ لە ناوچەکەدا.

سێیەم: بووژاندنەوەی کولتووری و بنیاتنانی ناسنامەی هاوبەش

٣.١. کۆماری کوردستان بە ئەرکی ژینەکیی خۆی دەزانێ کە بە شێوەیەکی چالاک و دامەزراوەیی، پشتیوانی لە بووژاندنەوە و پەرەپێدانی زمان و کولتوور و مێژووی ئەم نەتەوانە بکات.

٣.٢. بۆ ئەم مەبەستە، دەوڵەت کار بۆ دامەزراندنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی هاوبەش، دامەزراوەی کولتووری و پلاتفۆرمی مێدیایی دەکات، بە ئامانجی زیندووکردنەوەی پاشماگی شارستانیەتی ماد.

چوارەم: هاوپشتیی وارگێڕی و مافی خۆبڕیاردەری

٤.١. کۆماری کوردستان بە شێوەیەکی بێ مەرج، پشتیوانی لە مافی خۆبڕیاردەری و دەوڵەتسازیی بەلوچستان و نەتەوەکانی مەڵبەندی کاسپیەن دەکات بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان.

٤.٢. تا ئەو کاتەی دەگەن بە پێگەی نەتەوەیی خۆیان، کۆماری کوردستان بەڵێن دەدات کە لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و لە هەموو سەکۆ دیپلۆماسییەکاندا ببێتە داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانیان.

پێنجەم: ڕێزگرتن لە سەروەریی یەکتر و دەستوەرنەدان

٥.١. ئەم پەیمانە ستراتیژییە لەسەر بنەمای یەکسانیی تەواو، ڕێزی دوولایەنە و برایەتیی نەتەوەیی دامەزراوە.

٥.٢. کۆماری کوردستان بە هیچ شێوەیەک دەست لە کاروباری ناوخۆییان وەرنادات و هیچ مۆدێلێکی وارگێڕی یان ئیدارییان بەسەردا ناسەپێنێت.

٥.٣. ئامانجی کۆتایی، بنیاتنانی هاوپەیمانییەکە کە تێیدا هەموو لایەک بەهێز بن و پێکەوە داهاتوویەکی ئازاد و دادپەروەرانە لە چوارچێوەی یەکێتییەکی فرەنەتەوەیی ئازاد و یەکساندا مسۆگەر بکەن.

شەشەم: پێگەی دەستووریی لوڕەکان

٦.١. لوڕەکان، وەک هەموو پێکهێنەرانی دیکەی نەتەوەکەمان، کوردی ڕەسەن و لە نەوەکانی ماد، میتانی، سۆمەر و سەرلەبەری شارستانییەتی دێرینی کوردستانن.

٦.٢. داگیرکەری ئێرانی لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا گومانی لە کوردبوونیان ساز کردووە بۆ لەتکردنی جەستەی نەتەوەیی کورد.

٦.٣. ئەم دەستوورە ڕێگە بە هیچ پرسیار و گومانێک لەسەر کوردبوونی ڕەهای لوڕەکان نادات و هەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی شوناسێکی جیاواز بۆیان، بە کردەوەیەکی دژە-نیشتمانی دادەنێت.

٦.٤. ئەم دەستوورە ڕێگە نادات ڕوانگەیەک ساز ببێ کە وارگەی لوڕەکان بە جوگرافیایەک بەناوی "لوڕستان" سنووردار بکرێتەوە. بەڵکو بەپێی ڕاستیی کوردبوونیان، وارگەی نەتەوەیی لوڕەکان وەک کوردی ڕەسەن، هەر هەموو کوردستانە.

بەندی ٧٩: دیپلۆماسیی ئابووری و سامانە نەتەوەییەکان

کۆماری کوردستان، سووڕە لەسەر ئەوەی کە سامانە سروشتییەکان ملکی ڕەهای نەتەوەن و پێسپاردەیەکن لە دەستی نەوەی ئێستادا بۆ نەوەکانی داهاتوو. لەم سۆنگەیەوە، وارگێڕیی ئابووری و وزەی دەرەکیی وڵات لەسەر بنەمای سەروەریی تەواو، خۆڕاگریی ستراتیژی و دادپەروەریی نێوان نەوەکان دادەڕێژرێت. ئامانجی سەرەکیی بریتییە لە گۆڕینی ئەم سامانە کاتییە بۆ هێزێکی وارگێڕی و ئابووریی درێژەدار کە ڕاژەی ئاسایشی نەتەوەیی و خۆشبژێویی گشتی بکات.

یەکەم: بنەمای بنەڕەتی: ئابووری وەک درێژکراوەی وارگێڕیی دەرەوە

١.١. کۆماری کوردستان، لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی ستراتیژی، ئابووری و وارگێڕیی دەرەوە بە دوو ڕەهەندی دانەبڕاوی یەک هێزی نەتەوەیی دادەنێت.

١.٢. لەم سۆنگەیەوە، دیپلۆماسیی ئابووریی وڵات، وەک ئامرازێکی بنچینەیی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، بەهێزکردنی سەروەریی دەوڵەت، و مسۆگەرکردنی گەشەیەکی ئابووریی بەرهەمهێنەری فرەبناغە پەیڕەو دەکرێت.

١.٣. هەر ڕێککەوتنێکی ئابووریی نێودەوڵەتی، نەک تەنیا لەسەر بنەمای سوودی بازرگانی، بەڵکو لەسەر بنەمای بەشداریی لە بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکانی ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیریی درێژخایەندا هەڵدەسەنگێنرێت.

دوویەم: وزە وەک ئامرازی هێزی نەتەوەیی و جێگیریی جیهانی

٢.١. دەوڵەت سەرچاوە وزە ستراتیژییەکانی وەک ئامرازێکی سەرەکیی وارگێڕیی دەرەوە بەکاردەهێنێت بۆ بنیاتنانی هاوپەیمانیی ستراتیژی، مسۆگەرکردنی پشتیوانیی وارگێڕی و سەپاندنی کاریگەریی ئەرێنیی کۆمار لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی.

٢.٢. وارگێڕیی وزەی دەوڵەت لەسەر بنەمای بەشداریکردن لە "ئاسایشی وزەی جیهانی" دادەڕێژرێت. کوردستان کار بۆ ئەوە دەکات کە ببێتە سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی وزە بۆ بازارەکانی جیهان و بەمەش بەشداری لە جێگیریی ئابووریی جیهانیدا دەکات.

سێیەم: سەروەریی ڕەهای نەتەوەیی لەسەر سامانە سروشتییەکان

٣.١. سەرجەم سامانە سروشتییەکانی ژێرخاک و سەرخاکی کوردستان، ملکی ڕەها، دانەبڕاو و دەستلێهەڵنەگیراوی نەتەوەی کوردن و سەروەرییەکەشیان لە ڕێگەی دەوڵەتەوە ڕایی دەکرێت.

٣.٢. ئەم سەروەرییە نە دەفرۆشرێت، نە دەبەخشرێت و نە دەکەوێتە ژێر هیچ جۆرە دانوستانێکەوە کە کەم بکرێتەوە.

٣.٣. هەر گرێبەست و ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی لە بواری وزە و سامانە سروشتییەکاندا، دەبێت:

ئا. بە شێوەیەکی ڕوون و بێگومان دان بەم سەروەرییە ڕەهایەدا بنێت.

ب. مافی "خاوەندارێتی" نەداتە لایەنی بیانی، بەڵکو تەنیا مافی "وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان" لە چوارچێوەی قانوونەکانی کۆماردا ببەخشێت.

پ. پێش واژۆکردنی کۆتایی، لەلایەن "کۆڕی باڵای وزەی نیشتمانی"یەوە پەسەند بکرێت و بخرێتە بەردەم لیژنەی تایبەتمەندی مەکۆی نیشتمانی بۆ چاودێری.

چوارەم: خۆڕاگریی ئابووری و ئاسایشی وزەی ناوخۆیی

٤.١. دەوڵەت "ستراتیژی نیشتمانیی خۆڕاگریی ئابووری" دادەڕێژێت، کە بریتییە لە:

ئ. فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نەتەوەیی.

ب. بنیاتنانی یەدەگی ستراتیژیی وزە و خۆراک.

پ. پەرەپێدانی پیشەسازیی ناوخۆیی.

ت. کەمکردنەوەی پشتبەستن بە هاوردەکردنی کاڵا ستراتیژییەکان.

٤.٢. ئاسایشی وزەی ناوخۆیی هەمیشە لە پێشینەی کارەکانی دەوڵەتە و دڵنیایی لە دابینکردنی پێداویستییەکانی وزەی شارۆمەندان و پیشەسازیی ناوخۆیی بە نرخی گونجاو دەدات.

پێنجەم: دامەزراوەی نیشتمانیی نەوت و گاز

٥.١. بەپێی قانوونی تایبەت، "دامەزراوەی نیشتمانیی نەوت و گازی کوردستان" دادەمەزرێت. ئەم دامەزراوەیە وەک یەکەیەکی بازرگانیی دەوڵەت، بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز، لەژێر چاودێریی وارگێڕیی "کۆڕی باڵای وزە"ـدا.

٥.٢. ئەم دامەزراوەیە لەسەر بنەمای کارامەیی و پیشەگەری کار دەکات و دوور دەبێت لە دەستێوەردانی پارتایەتی.

شەشەم: سندوقی نەوەکان

٦.١. بەشێکی دیاریکراو لە داهاتی نەوت و گاز، کە بە قانوون ڕێکدەخرێت، دەخرێتە سەر "سندوقی نەوەکان" بە مەبەستی مسۆگەرکردنی دادپەروەریی نێوان نەوەکان و گۆڕینی سامانی سروشتیی کاتی بۆ سامانی خاوەن درێژەداریی.

٦.٢. ئەم سندوقە بۆ وەبەرهێنانی درێژخایەن لە بواری ژێرخانی ستراتیژی، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و پەروەردەی باڵادا بەکاردەهێنرێت.

٦.٣. بەڕێوەبردنی ئەم سندوقە لەلایەن دەستەیەکی سەربەخۆی پسپۆڕانەوە دەبێت و لەژێر چاودێریی توندی مەکۆی نیشتمانی و دامەزراوەی باڵای چاودێریی داراییدا دەبێت.

حەوتەم: دیپلۆماسیی ژێرخانی ستراتیژی

٧.١. دەوڵەت، وارگێڕیی بنیاتنانی "کۆریدۆری وزە و بازرگانی" پەیڕەو دەکات کە کوردستان دەکاتە ناوەندێکی گرنگی وزە و بازرگانی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا.

٧.٢. ئەم ژێرخانانە ئامرازی ستراتیژین بۆ بەستنەوەی چارەنووسی ئابووریی وڵاتانی هاوپەیمان بە چارەنووسی ئابووریی کوردستان، بەمەش ئاسایشی نەتەوەیی بەهێزتر دەبێت.

هەشتەم: پابەندبوونی مەرجدار و چوارچێوەی قانوونیی

٨.١. هەموو گرێبەستە نێودەوڵەتییەکانی بواری وزە دەبێت پابەند بن بە بەرزترین ستانداردە جیهانییەکانی پاراستنی ژینگە.

٨.٢. کۆماری کوردستان دان بە "ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی"دا دەنێت، بەو مەرجە ڕەهایەی کە هەر بڕیارێکی ناوبژیوانی ڕێز لەم بنەما نەگۆڕانەی کوردستان بگرێت: بەرژەوەندییە ژینەکییەکانی دەوڵەت، ئاسایشی نەتەوەیی، و سەروەریی ئابووری.

٨.٣. قانوون ناوخۆییەکانی پەیوەست بە وزە دەبێت ڕووەن و جێگیر بن بۆ هاندانی وەبەرهێنانی درێژخایەن.

بەندی ٨٠: دیاسپۆرای کورد وەک قووڵایی ستراتیژیی

کۆماری کوردستان لە ڕۆڵی دیاسپۆرای کورد وەک بەشێکی زیندوو و دانەبڕاوی جەستەی نەتەوەی کورد دڵنیایە؛ ئەوان درێژکراوەی ستراتیژیی نیشتمانن لە دەرەوەی سنوورە جوگرافییەکان و وەک قووڵاییەکی ستراتیژیی کۆمار لە هەردوو قۆناغی خەباتی ڕزگاریی و دەوڵەتداریی سەقامگیردا هەژمار دەکرێن. ئەم بەندە چوارچێوەی دەستووری بۆ ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییە بنەڕەتییە و بەکارهێنانی تواناکانی دیاسپۆرا لە ڕاژەی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەدا دادەڕێژێت.

یەکەم: پێناسەی دەستووریی دیاسپۆرا وەک بەشێکی دانەبڕاوی نەتەوە

١.١. کوردانی دەرەوەی وڵات، بەبێ گوێدانە شوێنی نیشتەجێبوون یان وڵاتنامەی دووەم، بەشێکی زیندوو و دانەبڕاوی جەستەی نەتەوەی کوردن.

١.٢. ئەم پێناسەیە نەک سۆزداری، بەڵکو پێناسەیەکی قانوونیی-دەستوورییە کە ماف و ئەرکی دوولایەنە لە نێوان دەوڵەت و ئەندامانی دیاسپۆرادا دادەمەزرێنێت.

١.٣. دیاسپۆرا وەک یەدەگێکی ستراتیژیی مرۆیی، زانستی، ئابووری و هزریی نەتەوە هەژمار دەکرێ کە لە کاتی پێویستدا بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان دەخرێتەگەڕ.

١.٤. ئەندامانی دیاسپۆرا وەک باڵیۆزی نافەرمیی کولتوور و ناسنامەی کوردی لە جیهاندا کار دەکەن و ناسنامەی کوردبوون لە رێگەی خوێن، زمان، کولتوور و پابەندبوونی خۆویستانە بە چارەنووسی هاوبەشی نەتەوەوە دەگوازرێتەوە.

دووەم: ئەرکی دەوڵەت بۆ پاراستن و پشتیوانیکردنی دیاسپۆرا

٢.١. دەوڵەت، لە رێگەی دەزگا دیپلۆماسی و کولتوورییەکانیەوە، ئەرکدارە بە پاراستنی مافە بنەڕەتییەکان، شوناسی نەتەوەیی و شکۆی مرۆیی کوردان لە دەرەوەی وڵات.

٢.٢. دەوڵەت کار بۆ دابینکردنی ڕاژەداریی کۆنسوڵخانەیی کارا، یارمەتیی قانوونیی لە کاتی پێویست و ئاسانکاری بۆ کاروباری شارۆمەندانی دەرەوەی وڵات دەکات.

٢.٣. دامەزراندنی قوتابخانە و ناوەندی زمانی کوردی و کولتوور لەو وڵاتانەی کە ژمارەیەکی بەرچاوی کوردی لێیە، ئەرکێکی بنەڕەتیی دەوڵەتە بۆ پاراستنی شوناس لە نێو نەوەی نوێدا.

٢.٤. دابینکردنی سەکۆی دیجیتاڵی بۆ فێرکردنی زمانی کوردی، مێژوو و کولتووری نەتەوە بە شێوەیەکی مۆدێرن بۆ منداڵان و گەنجانی دیاسپۆرا، ئەرکێکی دەوڵەتە.

سێیەم: ڕێکخستنی تواناکان و لۆبیی نەتەوەیی لە قۆناغی دەوڵەتداری

٣.١. دەوڵەت، لە رێگەی دامەزراوەی تایبەتمەندەوە، وارگێڕییەکی نیشتمانیی کارا بۆ ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنی توانای دیاسپۆرا لە بواری لۆبیی وارگێڕیی پیشەگەرانە دادەڕێژێت، بە ئامانجی:

ئا. بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی کوردستان لە پایتەختە جیهانییەکاندا.

ب. ناساندنی دۆزی ڕەوای کوردستان وەک دۆزێکی ڕزگاریی لە داگیرکاری، کە پێشێلکاریی بەندی یەکەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

پ. بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە پڕوپاگەندەیەکی دژە-کوردستانیزم.

٣.٢. بنیاتنانی تۆڕی پەیوەندی لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیار و میدیا جیهانییەکان، ئەرکێکی ستراتیژیی ئەم وارگێڕییەیە.

چوارەم: بەهێزکردنی ئابووریی نیشتمانی لە ڕێگەی دیاسپۆراوە

٤.١. دەوڵەت وارگێڕییەکی هاندەرانە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ستراتیژیی دیاسپۆرا بۆ ناوخۆی وڵات دادەڕێژێت و قانوون ئاسانکاریی تایبەت وەک کەمکردنەوەی باج و لابردنی ئاستەنگە بیرۆکراسییەکان دابین دەکات.

٤.٢. میکانیزمێک بۆ گواستنەوەی ئاسانی سەرمایە دادەمەزرێت و "سندووقی وەبەرهێنانی دیاسپۆرا" بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە بچووکەکان و وەبەرهێنانیان لە پرۆژە نیشتمانییەکاندا پێکدەهێنرێت.

٤.٣. دەوڵەت هاندەری دامەزراندنی "ژووری بازرگانیی کوردی-نێودەوڵەتی" دەبێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان.

پێنجەم: گەڕاندنەوەی پسپۆڕان و سوودوەرگرتن لە تواناکان

٥.١. دەوڵەت "پرۆگرامی نیشتمانی بۆ گەڕاندنەوەی پسپۆڕان" دادەڕێژێت، کە ئاسانکاری دەکات بۆ گەڕانەوە و بەکارخستنی ئەو کوردانەی خاوەنی پسپۆڕیی باڵان.

٥.٢. بۆ ئەو پسپۆڕانەی ناتوانن بگەڕێنەوە، دەوڵەت تۆڕی ڕاوێژکاریی ئۆنلاین دادەمەزرێنێت بۆ سوودوەرگرتن لە زانست و ئەزموونیان لە پرۆژە ستراتیژییەکانی وڵاتدا.

٥.٣. قانوون پرۆسەی یەکسانکردنی بڕوانامە بیانییەکان ئاسان دەکاتەوە بۆ هاندانی گەڕانەوە.

شەشەم: مافی بەشداریی وارگێڕیی کاریگەر

٦.١. قانوون ماف و میکانیزمی بەشداریکردنی دیاسپۆرا لە ژیانی وارگێڕیی وڵاتدا، بەتایبەتی لە پرۆسەی هەڵبژاردنە گشتییەکان و ڕیفراندۆمە نیشتمانییەکاندا، بە شێوەیەکی ڕووەن دیاری دەکات.

٦.٢. بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەنگی دیاسپۆرا کاریگەریی ڕاستەقینەی هەیە، قانوون پەرگاڵی "سپەنگەی تایبەت بە دیاسپۆرا" لە مەکۆی نیشتمانیدا دادەنێت، کە ژمارەکەی بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی دیاسپۆرا دیاری دەکرێت.

حەوتەم: پێگەی مێژوویی لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریدا

٧.١. لە قۆناغی داگیرکاریدا، دیاسپۆرا وەک "پەرلەمانی تاراوگە"، "دەوڵەتی تاراوگەیی" و "دەنگی نەتەوەی ژێردەستە" کار دەکات. ئەرکی سەرەکیی بریتییە لە گەیاندنی دۆزی ڕەوای کوردستان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنگەتاوکردنی دەوڵەتان بۆ دانان بە داگیرکراویی کوردستان.

٧.٢. لەم قۆناغەدا، ڕێکخراوەکانی دیاسپۆرا ئەرکی کۆکردنەوەی پشتیوانیی وارگێڕی، دارایی و لۆجستیک بۆ خەباتی نەتەوەیی لە ئەستۆ دەگرن.

٧.٣. دیاسپۆرا بەرپرسە لە بەڵگەمەندکردنی تاوانەکانی جینۆساید و پێشکەشکردنیان بە دادگا نێودەوڵەتییەکان.

هەشتەم: پاراستنی شوناس لە قۆناغی داگیرکاریدا

٨.١. لە کاتێکدا کە داگیرکەر هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی دەدات، دیاسپۆرا دەبێتە کەرەسە بۆ پاراستنی هزری نەتەوەیی، پرۆژەی دەوڵەتخوازی، زمان، کولتوور و مێژووی کوردی.

٨.٢. دامەزراوە کولتوورییەکانی دیاسپۆرا ئەرکی گواستنەوەی ئەم شوناسەیان بۆ نەوەی نوێ لە ئەستۆدایە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کورد لە تاراوگەشدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

نۆیەم: جیاکردنەوەی ئەرکەکان: لۆبی و دیپلۆماسیی فەرمی

٩.١. لە دوای دامەزراندنی دەوڵەت، ئەرکی "دیپلۆماسیی فەرمی" تەنیا لە ئەستۆی دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەتە.

٩.٢. لۆبیی دیاسپۆرا وەک هێزێکی پاڵپشتی نافەرمی کار دەکات و نابێت تێکەڵ بە کاری دیپلۆماسیی فەرمی ببێت، بۆ ئەوەی یەکگرتوویی لە پەیامی دەوڵەتدا بپارێزرێت.

دەیەم: بەرپرسیارێتیی دوولایەنە و وەفاداری بۆ دەستوور

١٠.١. لە بەرامبەر پاراستن و پشتیوانیی دەوڵەت، ئەندامانی دیاسپۆرا بەرپرسیارێتیی ڕەوشتی و نیشتمانییان لە ئەستۆدایە بۆ پابەندبوون بەم دەستوورە و پاراستنی ناوبانگی کۆماری کوردستان.

١٠.٢. هەر کردەوەیەک لەلایەن هەر ئەندامێکی دیاسپۆراوە کە زیانێکی ستراتیژی بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان بگەیەنێت، بەپێی قانوون ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێتەوە.

یازدەیەم: ڕێگریکردن لە دەستێوەردانی دەرەکی

١١.١. دەوڵەت ڕێگە نادات هیچ دەوڵەتێکی بیانی دیاسپۆرای کورد وەک ئامرازێک بۆ دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی کوردستاندا بەکاربهێنێت.

١١.٢. هەر ڕێکخراوێکی دیاسپۆرا کە پشتیوانیی دارایی یان وارگێڕی لە دەوڵەتێکی بیانیی دوژمنکار وەربگرێت وەک ڕێکخراوێکی ناقانوونیی هەژمار دەکرێت.

١١.٣. دەوڵەت مافی لێسەندنەوەی شارۆمەندیی هەیە لەو ئەندامانەی دیاسپۆرا کە بە بەڵگەوە کارکردنیان بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دوژمن بسەلمێنرێت.

دوازدەیەم: چوارچێوەی قانوونیی تایبەتمەند

١٢.١. مەکۆی نیشتمانی، بەپێی قانوونی تایبەت، وردەکاریی ماف و ئەرکەکانی دیاسپۆرا، میکانیزمی بەشداریکردنیان و شێوازی پشتیوانیکردنی دەوڵەت دیاری دەکات.

١٢.٢. ئەم قانوونە "دەستەی باڵای کاروباری دیاسپۆرا" دادەمەزرێنێت، کە دامەزراوەیەکی دەوڵەتی سەربەخۆیە و بەرپرسە لە ڕاییکردنی ئەم بەندەی دەستوور.

بەندی ٨١: وارگێڕیی مرۆیی و مافی پەنابەری

کۆماری کوردستان، لەسەر بنەمای ئەزموونی مێژوویی خۆی وەک نەتەوەیەکی قوربانیی جینۆساید، دان بە بەرپرسیارێتیی مرۆیی خۆیدا دەنێت بەرامبەر بە مرۆڤایەتی. بەڵام ئەم بەرپرسیارێتییە هەمیشە لە چوارچێوەی پاراستنی بێ سازانی ئاسایشی نەتەوەیی، سەروەریی و

دیمۆگرافیای وڵاتدا ڕایی دەکات. هاوسەنگیی نێوان ئەرکە مرۆییەکان و پێداویستییە بنەڕەتییەکانی مانەوەی دەوڵەت و نەتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکرێت:

یەکەم: پێناسەی بنەڕەتی و وارگێڕیی گشتیی مرۆیی

١.١. وارگێڕیی مرۆیی کۆماری کوردستان نیشانەی هێز و سەروەرییە. کردەی یارمەتیدانی ئەوانی تر لە کاتی تەنگانەدا، دەرخەری توانای دەوڵەت و خۆشبژێویی شارۆمەندانیەتی.

١.٢. بنەمای سەرەکیی وارگێڕیی مرۆیی بریتییە لەوەی کە هەرگیز نابێت ببێتە هۆی لاوازکردنی بناغەکانی دەوڵەت، تێکدانی ئاسایشی ناوخۆ، یان سەپاندنی بارگرانییەکی ئابووریی ناجێگیر بەسەر نەوەکانی ئێستا و داهاتوودا.

دووەم: مافی پەنابەری لە چوارچێوەی قانوونی نێودەوڵەتی

٢.١. دەوڵەت دان بە مافی پەنابەریدا دەنێت بەپێی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی کە واژۆی کردوون و لەلایەن دەسەڵاتی قانوونداناوە پەسەند کراون.

٢.٢. کۆماری کوردستان تەنیا ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانە واژۆ و پەسەند دەکات کە ڕێز لە بنەما بنەڕەتی و نەگۆڕەکانی ئەم دەستوورە دەگرن.

سێیەم: مەرجە ڕەها و نەگۆڕەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

٣.١. پێدانی مافی پەنابەری هەرگیز و لەژێر هیچ بارودۆخێکدا نابێت ببێتە هۆی:

ئا. تێکدانی هاوسەنگیی دیمۆگرافیی ستراتیژیی کوردستان.

ب. دروستکردنی هەڕەشەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵات.

پ. تێکدانی یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی گرژیی نێوان پێکهاتەکان.

ت. سەپاندنی بارگرانییەکی ئابووریی ناجێگیر لەسەر ژێرخانی ئابووری و ڕاژەداریی گشتییەکان.

٣.٢. ئەم مەرجانە بنەمای ڕەبەقن و لە سەرووی هەموو پابەندبوونێکی نێودەوڵەتییەوەن. هەر قانوون یان ڕێککەوتنێک کە پێچەوانەی ئەم مەرجانە بێت، بە پووچەڵ هەژمار دەکرێت.

چوارەم: دانەدواوەی ڕەهای داخوازکاریی پەنابەری لەسەر بنەمای مێژوویی و ستراتیژی

٤.١. مافی پەنابەری بە هیچ شێوەیەک نادرێت بە ئەندامانی ئەو گرووپە نەتەوەییانەی کە دەوڵەتەکەیان یان بزووتنەوە نەتەوەییەکەیان بانگەشەی خاکیان بەسەر هەر بەشێک لە خاکی کوردستاندا هەبووە یان هەیە.

٤.٢. مافی پەنابەری نادرێت بە ئەندامانی ئەو گرووپە نەتەوەییانەی کە دەوڵەتەکەیان یان ڕژێمە پێشووەکانیان مێژووی داگیرکاری، جینۆساید، یان پاکتاوی نەژادییان دژی نەتەوەی کورد ئەنجام داوە.

٤.٣. مافی پەنابەری نادرێت بە ئەندامانی ئەو گرووپانەی کە بەهۆی ژمارە، ئایدۆلۆژیا، یان ڕێکخستنیانەوە دەتوانن ببنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، یان ئابووریی کوردستان.

٤.٤. ئەم بڕگانە قەڵغانێکی دەستووریی نەگۆڕن بۆ پاراستنی بوونی نەتەوە و ناسنامەی کوردستان و هیچ قانوون یان ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی ناتوانێت ئەم بنەمایانە هەڵبوەشێنێتەوە.

پێنجەم: یەکەمایەتیی نەتەوەیی لە کاتی قەیرانی مرۆییدا

٥.١. لە کاتی ڕوودانی قەیرانی مرۆیی لە دەرەوەی سنووردەکان، یەکەمایەتیی وارگێڕیی مرۆیی دەوڵەت، پاراستن و یارمەتیدانی ئەو کوردانەیە کە ڕووبەڕووی ستەم و ئاوارەیی دەبنەوە.

٥.٢. ئەمە ئەرکێکی دەستووریی بنەڕەتییە کە لەسەر بنەمای یەکێتیی چارەنووسی نەتەوە دامەزراوە.

٥.٣. کوردانی ئاوارە وەک "ئاوارەی خۆماڵی" هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت و مافی تایبەتیان دەبێ کە بە قانوون ڕێکدەخرێت و پێداویستییەکانیان وەک شارۆمەند دابین دەکرێت.

شەشەم: دانەدواوەی ڕەهای نیشتەجێکردنی بیانی

٦.١. هەر جۆرە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی بۆ نیشتەجێکردنی بەکۆمەڵی پەنابەری بیانی لەسەر خاکی کوردستان، لە دەرەوەی چوارچێوەی قانوونی پەنابەریی وڵات، بە پێشێلکارییەکی ڕاستەوخۆی ئەم دەستوورە هەژمار دەکرێت و بە تۆندی نەهێڵراوە.

٦.٢. ئەم بڕگەیە قەڵغانێکی دەستوورییە بۆ پاراستنی شوناسی دیمۆگرافی و کولتووریی کوردستان.

حەوتەم: مەرجەکانی وەرگرتنی پەنابەری

٧.١. ئەو کەسانەی کە داخوازی مافی پەنابەری دەکەن و مەرجەکانی برگەی چوارەمی ئەم بەندەیان تێدا نییە، دەبێت بەڵێننامەیەکی قانوونیی واژۆ بکەن کە تێیدا پابەندبوونی تەواوی خۆیان بەم دەستوورە و هەموو قانوونەکانی کوردستان دووپات دەکەنەوە.

٧.٢. دەبێت بەڵێندار بن کە لە ماوەی نیشتەجێبوونیاندا، دەبنە ئەندامێکی بەرهەمهێنەر و سوودبەخش بۆ کۆمەڵگا.

٧.٣. دەوڵەت، لە ڕێگەی دەزگای تایبەتمەندەوە، چاودێریی پابەندبوونی پەنابەران بەم بەڵێننامانەوە دەکات.

هەشتەم: کوردستان وەک ئەکتەرێکی مرۆیی چالاک

٨.١. کۆماری کوردستان وەک نیشانەی هێز و بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتی، وارگێڕییەکی مرۆیی چالاک پەیڕەو دەکات و یارمەتیی مرۆیی پێشکەش بەو نەتەوە و دەوڵەتە دۆستانە دەکات کە ڕووبەڕووی قەیرانی مرۆیی دەبنەوە.

٨.٢. ئەم یارمەتییانە نابێت ببنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان و هاوپەیمانانی.

٨.٣. دەوڵەت هاندەری ڕێکخراوە مرۆییە ناوخۆییەکان دەبێت بۆ بەشداریکردن لە هەوڵە مرۆییە نێودەوڵەتییەکاندا.

نۆیەم: دەزگای نیشتمانیی کاروباری بیانیان

٩.١. بەپێی قانوونی تایبەت، "دەزگای نیشتمانیی کاروباری بیانیان" دادەمەزرێت.

٩.٢. ئەم دەزگایە بەرپرسە لە ڕاییکردنی وارگێڕیی پەنابەریی دەوڵەت، لێکۆڵینەوە لە داخوازکارییەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری بیانیان.

٩.٣. ئەم دەزگایە لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی کاروباری ناوخۆدا کار دەکات.

دەیەم: پرۆسەی قانوونیی داخوازکردنی پەنابەری

١٠.١. هەر کەسێک کە داخوازی مافی پەنابەری دەکات، دەبێت لە خاڵە سنووریپە فەرمپیەکان یان ناوەندە دیاریکراوەکان خۆی تۆمار بکات.

١٠.٢. داخوازکارپیەکان بە شێوەیەکی تاکەکەسی و لەسەر بنەمای بەڵگەی باوەڕپێکراو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت.

١٠.٣. داخوازکار مافی تانەلێدانی لە بڕیاری دانەدواوە هەیە لە دادگای تایبەتمەنددا.

١٠.٤. لە ماوەی لێکۆڵینەوەدا، داخوازکار لە کەمپە دیاریکراوەکاندا نیشتەجێ دەکرێت و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی بۆ دابین دەکرێت.

یازدەیەم: وارگێڕپی تێکەڵکردن

١١.١. ئەو پەنابەرانەی کە مافی مانەوەیان پێدەدرێت، دەخرێنە ژێر پرۆگرامی "تێکەڵکردنی نیشتمانی"یەوە.

١١.٢. ئەم پرۆگرامە بریتییە لە فێرکردنی زمانی کوردی، ئاشناکردن بە قانوون و کولتووری کۆمەڵگا و هاندانیان بۆ تێکەڵبوون لە بازاڕی کاردا.

١١.٣. دەوڵەت رێگری لە دروستبوونی ناوچەی داخراوی پەنابەران دەکات کە ببێتە هۆی دابڕانی کۆمەڵایەتی.

دوازدەیەم: هەڵوەشاندنەوەی مافی پەنابەری

١٢.١. مافی پەنابەری لەم بارانەی خوارەوە هەڵدەوەشێنرێتەوە:

ئ. ئەگەر پەنابەر تاوانێکی گەورە لەناو خاکی کوردستاندا ئەنجام بدات.

ب. ئەگەر بسەلمێ کە پەنابەر هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی.

پ. ئەگەر بارودۆخی وڵاتی بنەڕەتیی پەنابەر بە شێوەیەک بگۆڕێ کە مەترسی لەسەر ژیانی نەمێنێت.

ت. ئەگەر پەنابەر بەڵێننامەکانی باسکراو لە بڕگەی حەوتەمی ئەم بەندە پێشێل بکات.

١٢.٢. پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە بە بڕیاری دەزگای نیشتمانیی کاروباری بیانیان دەبێت و مافی بەرگریکردنی قانوونیی بۆ پەنابەر دابین دەکرێت.

دەروازەی نۆیەم :ئابووریی نیشتمانی و گەشەی ڕاوەستاو

ئابووریی نیشتمانی لە کۆماری کوردستاندا، وەک ئامێری سەرەکیی بەرهەمهێنانی هێز و سووتەمەنیی ڕاستەقینەی سەروەریی دەوڵەت پێناسە دەکرێت. ئەم دەروازەیە ئەو چوارچێوە دەستوورییە دادەڕێژێ کە تێیدا سەرمایەداریی نیشتمانیی بەرهەمهێنەر، لە پێناو گەشەی خودی و قازانجی بازاڕدا، دەبێتە داینەمۆی مۆدێرنیزەکردنی وڵات و بەهێزکردنی کۆڵەکە مادییەکانی نیشتمان. لێرەدا، هاوپەیمانیی ستراتیژیی نێوان "سەرمایە" و "ئاوەز" دەبێتە بنەما بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی ئابووری؛ بە شێوەیەک کە گەشەی بازاڕ نەک تەنیا سامان بخوڵقێنێت، بەڵکوو وەک دەرهاویشتەیەکی لۆژیکی، ببێتە گەرەنتیی خۆشبژێویی چینی ناوەند، بەهێزکردنی توانای کڕینی شارۆمەندان و پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان بۆ نەوەکانی داهاتوو. ئەم دەروازەیە ئەرکی دەوڵەت لە چاودێریکردنی کارایی بازاڕ، ڕێگریکردن لە خوێنبەربوونی سەرمایە بەرەو دەرەوە و چەسپاندنی دادی نێوان نەوەکان وەک فەرمانێکی دەستوورییی سەوداهەڵنەگر جێگیر دەکات.

بەندی ٨٢: بنەماکانی ئابووریی نیشتمانی

ئەم بەندە چوارچێوە و بنەما بنەڕەتییەکانی پەرگاڵی ئابووریی کۆماری کوردستان دیاری دەکات، کە لەسەر بنەمای هاوسەنگیی نێوان ئازادیی بازاڕ و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی دامەزراوە. ئەم هاوسەنگییە نێوان ئەو دوو بەشە دەبێ لە هەر چەشنە هەڕەشەیەک بۆ سەر ملّکایەتی تایبەت، بازاڕی ئازاد و بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی پێشەسازی ئازاد دوور بێت.

یەکەم: بنەما و ئامانجی باڵا

١.١. ئابووریی کوردستان ئامرازێکی ژینەکییە لە ڕاژەی بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکانی نەتەوەدا، کە بریتین لە بەهێزکردنی سەروەریی، تۆکمەکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، و مسۆگەرکردنی ژیانێکی شایستە بۆ گشت شارۆمەندان.

١.٢. ئابووریی بەهێز و خۆڕاگر، بناغەی هێزی دەوڵەت و سەربەخۆیی بڕیاری وارگێڕییە.

دوویەم: پێناسەی پەرگاڵی ئابووری

٢.١. پەرگاڵی ئابووریی دەوڵەت، "بازاڕی ئازادی سیستەماتیک"ـە.

٢.٢. ئەم پەرگاڵە دان بە بنەماکانی داهێنان، کێبڕکێی تەندروست و ڕۆڵی ژینەکیی کەرتی تایبەتدا دەنێت وەک بزوێنەری سەرەکیی گەشەی ئابووری.

٢.٣. ئازادیی بازاڕ لە چوارچێوەی پەرگاڵێکی قانوونیی و دامەزراوەیی تۆکمەدا کار دەکات کە لەلایەن دەوڵەتەوە دادەمەزرێت و ئامانجی مسۆگەرکردنی ئەوەیە کە هێزی بازاڕ لە ڕاژەی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و گەشەی ڕاوەستاودا بێت.

سێیەم: هاوسەنگیی نێوان ئازادی و بەرپرسیارێتی

٣.١. دەوڵەت پارێزەری مافی ملّکایەتی تایبەت و ئابووریی ئازاد، بەڵام ئەم ئازادییە بەندە بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەوە.

٣.٢. هیچ تاک و کۆمپانیایەک مافی نییە لەژێر ناوی ئازادیی بازاڕدا، زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی، ژینگەی کوردستان، تەندروستیی گشتی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی یان دادپەروەریی دەستووری بگەیەنێت.

چوارەم: ڕۆڵ و ئامرازەکانی دەوڵەت

٤.١. دەوڵەت بۆ پاراستنی پەرگاڵەکە و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە باڵاکان، ئەم ئامرازانە بەکاردەهێنێت:

ئ. داڕشتنی نەخشەی ستراتیژیی نیشتمانی بۆ هاندان و پاڵپشتیی کەرتە ئابووریيە پێشەنگەکان.

ب. دانانی ڕێسای پێویست بۆ ڕێگریکردن لە قۆرخکاری، کێبڕکێی ناتەندروست و پاراستنی مافی بەکارهێنەران.

پ. چاودێریکردنی سەقامگیریی دارایی و بەڕێوەبردنی وارگێڕیی نەختینەیی لە ڕێگەی بانکی ناوەندیی سەربەخۆوە.

ت. پشتیوانیکردنی ئەو پیشەسازییە ستراتیژییانەی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەریی تەکنەلۆژییەوە هەیە.

پێنجەم: کێبڕکێی جیهانی و خۆپارێزیی ئابووری

٥.١. ئابووریی نیشتمانی دەبێت ببێتە هێزێکی کارا لەسەر گۆڕەپانی جیهانی. دەوڵەت هانی کۆمپانیا نیشتمانییەکان دەدات بۆ ئەوەی ببنە پاڵەوانی جیهانی و توانای کێبڕکێیان لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا بەهێز بکات.

٥.٢. هاوکات، دەوڵەت پابەندە بە پاراستنی ئابووریی نیشتمانی لەبەرامبەر هەر جۆرە تەوژم یان شەڕێکی ئابووریی دەرەکی.

٥.٣. قانوون ڕێکاری توند دادەنێت بۆ ڕێگریکردن لە دەستبەسەراگرتنی کەرتە ستراتیژییەکانی وڵات لەلایەن هێزی بیانییەوە کە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی بگەیەنێت.

بەندی ٨٣: سەرمایەداریی نیشتمانی و ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی ستراتیژی

کۆماری کوردستان، لەسەر بنەمای داننان بەوەی کە سەرمایەداریی نیشتمانیی بەرهەمهێنەر، لەسەر بنەمای بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی پیشەسازیی ئازاد، بازاڕی ئازاد، ملکایەتی تایبەت، بزوێنەری بنەڕەتیی گۆڕینی توانستە شاراوەکانی کوردستانە بۆ هێزی ئابووری و ژیاریی، ئەم بەندە وەک چوارچێوەی قانوونیی و ستراتیژی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و سەرمایە دادەمەزرێنێت. فەلسەفەی دەستووریی ئەم بەندە لەسەر ئەو ڕاستەواییە ڕادەوەستێ کە گەشەی خودی و تینوێتیی سەرمایە بۆ قازانج و مانەوە، ئامرازی سەرەکیی مۆدێرنیزەکردنی وڵات و بەهێزکردنی کۆڵەکەکانی دەوڵەتە؛ تێیدا ئاسوودەیی چینی ناوەند و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی، نەک وەک ئامانجێکی خێرخوازیی، بەڵکوو وەک دەرهاویشتەیەکی لۆژیکی و مسۆگەریی بازاڕێکی بەرهەمهێنەری گەورە دێتە کایەوە.

یەکەم: پاراستنی ملکایەتی و سەقامگیریی "نەزمی خۆڕسک"

١.١. دەوڵەت دان بەوەدا دەنێ کە ملکایەتیی تایبەتی بەرهەمهێنەر، بنەمای هەر داهێنان و وەبەرهێنانێکی درێژخایەنە. لەم سۆنگەیەوە، پیرۆزیی ملکایەتی و پاراستنی دەستووریی سەرمایە و گرێبەستەکان، ئەرکێکی بێپسانەوەی دەسەڵاتی دادوەری و ڕایەداڕە.

١.٢. هیچ دامەزراوەیەکی دەوڵەت بۆی نییە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە یان لەژێر تەوژمی وارگێڕییدا، دەستکاریی نەزمی سروشتیی بازاڕ بکات یان دەست بەسەر دارایی و پڕۆژەکانی کەرتی تایبەتدا بگرێت؛ هەر جۆرە دەستوەردانێک لە پێکهاتەی سەرمایەدا، تەنیا لە باریی هەڕەشەی بوونایەتی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و بە بڕیارێکی تایبەتی دادگای باڵا دەبێت، کە دەبێت بۆبژاردنی دەستبەجێ و تەواوی لەگەڵدا بێت.

١.٣. دەوڵەت ژینگەی "کێبڕکێی ئازاد و بێگەرد" دەپارێزێت؛ ئەم پاراستنە بۆ ئەوەیە کە سەرمایەدار ناچار بێت بۆ پاراستنی پێگەی خۆی و زیادکردنی قازانجەکەی، بێوچان پەنا بۆ داهێنان، بەرزکردنەوەی کارایی و کەمکردنەوەی تێچووببات، کە ئەمەش لە گەوهەردا ڕاژەی پێشکەوتنی شارستانیی کوردستان دەکات.

١.٤. ڕایەداریی دەوڵەت پابەندە بە چەسپاندنی جێگیریی قانوونیی؛ گۆڕانکاری لە قانوون ئابووری و داراییەکاندا نابێت بە شێوازێک بێ کە متمانەی وەبەرهێنەر لەق بکات یان توانای پێشبینیکردنی پاشەڕۆژی ئابووری لێ زەوت بکات.

دوویەم: خولی سەرمایەی نیشتمانی و ڕێگری لە خوێنبەربوونی دارایی

٢.١. سەرمایەی کوردستان داراییەکی ستراتیژیی نەتەوەییە؛ ئاوەدانکردنەوەی وڵات ئەرکی بنەڕەتیی ئەم سەرمایەیەیە. دەوڵەت، لە کاتێکدا ڕێز لە ئازادیی جووڵەی دارایی دەگرێت، وارگێڕییەکی دارایی توند پەیڕەو دەکات بۆ ڕێگریکردن لە بردنەدەری بێپاساوی سەرمایە کە ببێتە هۆی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتانی تر لەسەر تێچووی کوردستان.

٢.٢. "پەیمانی نەتەوەیی سەرمایە": پشتیوانی و پاراستنی دەوڵەت بۆ سەرمایەداران، مەرجدار دەکرێت بەوەی کە ڕێژەیەکی جێگیر و باڵای سەرمایە و قازانجە بەدەستهاتووەکان، هەمیشە لە ناوخۆی کوردستاندا بگەڕێن و دووبارە وەبەرهێنانیان پێ بکرێتەوە.

٢.٣. قانوون میکانیزمی "هاندانی گەڕانەوەی سامان" دادەڕێژێت؛ ئەو وەبەرهێنەرانەی قازانجە دەرەکییەکانیان دەگەڕێننەوە ناو بازاڕی ناوخۆ، لەمانە سوودمەند دەبن:

ئا. لێخۆشبوونی تەواوی باج لەسەر ئەو سەرمایەیەی دەگەڕێنرێتەوە.

ب. پێدانی پلەی "نیشتمانسازی ئابووری" کە سەربەشیی تایبەت لە گرێبەستە گەورەکاندا دەبەخشێت.

پ. دابینکردنی گەرەنتیی دەوڵەتی بۆ پرۆژە نوێیەکانیان.

٢.٤. بردنەدەری سیستماتیکی سەرمایەی گەورە بەرەو ئەو دەوڵەتانەی کە بەرژەوەندییان لەگەڵ سەروەریی کوردستاندا دژبەیەکە، یان لە کاتی قەیرانە نیشتمانییەکاندا، بە کردەوەی تێکدانی ئاسایشی ئابووری هەژمار دەکرێت. دەوڵەت دەسەڵاتی دەستووریی هەیە بۆ گرتنەبەری ڕێکاری ڕێگریکەر لە ڕێگەی ئامرازە بانکی و گومرگییەکانەوە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی سامانی نەتەوەیی.

سێیەم: داهێنانی تەکنەلۆژی و زانستی وەک پێداویستیی سەرمایە

٣.١. دەوڵەت دان بەوەدا دەنێ کە سەرمایەداریی نیشتمانی بۆ بەدیهێنانی گەشەی خۆی، "ناچارە" وەبەرهێنان لە زانستی پێشکەوتوو و تەکنەلۆژیادا بکات. ئەرکی دەوڵەت لێرەدا ئاسانکارییە بۆ ئەم ناچارییە لۆژیکییە لە رێگەی:

ئا. رێگەدان بە کەرتی تایبەت بۆ دامەزراندنی ناوەندی توێژینەوە و پەرەپێدانی هاوبەش لەگەڵ زانکۆکان.

ب. بەخشینی ئەو بەشەی سەرمایە کە بۆ پڕۆژە زانستی و تەکنەلۆژییەکان خەرج دەکرێت لە باجی ساڵانە.

پ. پاراستنی توندی مافی هزری و پاتێنتەکان بۆ دڵنیابوونی سەرمایەدار لەوەی بەرهەمی داهێنانەکەی ناخورێت.

٣.٢. سەرمایەداریی نیشتمانی وەک بزوێنەری گواستنەوەی تەکنەلۆژیا لە جیهانەوە بۆ ناو کوردستان سەیر دەکرێت. دەوڵەت هانی ئەو جۆرە وەبەرهێنانە دەدات کە نەک تەنیا کاڵا، بەڵکوو "ئاوەزی بەرهەمهێنان" و "تەکنەلۆژیای باڵا" بۆ ناو سنوورەکان دەگوازێتەوە.

چوارەم: مۆدێرنیزەکردنی ژێرخانی ستراتیژی و خێرایی سەرمایە

٤.١. خێرایی جووڵەی سەرمایە، مەرجی سەرەکیی گەورەبوونی ئابووریی. لەم سۆنگەیەوە، مۆدێرنیزەکردنی ژێرخانەکانی ترانسپۆرت، گەیاندن، لۆجستیک و ئینتەرنێتی خێرا، نەک تەنیا ڕاژەداریی‌یەکی گشتی، بەڵکوو پێداویستییەکی ژینەکیی سەرمایەداریی‌یە.

٤.٢. دەوڵەت ئەرکدارە بە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ سەرمایەی نیشتمانی تاوەکوو لە بنیاتنان و بەڕێوەبردنی ئەم ژێرخانە ستراتیژییانەدا بەشدار بێت، بە مەرجێک خاوەندارێتیی کۆتایی و چاودێریی دەستووریی لە دەستی دەوڵەتدا بمێنێتەوە.

٤.٣. هەر پڕۆژەیەکی ژێرخانیی کە تێچووی جووڵەی کاڵا و زانیاری کەم بکاتەوە، وەک "پڕۆژەی ئاسایشی نەتەوەیی" هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت و یەکەمایەتیی جێبەجێکردنی پێ دەدرێت.

پێنجەم: چینی ناوەند وەک دەرەنجامی سروشتیی کارایی بازاڕ

٥.١. دەوڵەت جەخت دەکاتەوە کە بەهێزبوونی چینی ناوەند، نەک لە ڕێگەی دابەشکردنی خێرخوازیی سامان، بەڵکوو تەنیا لە ڕێگەی بازاڕێکی سەرمایەداریی بەرهەمهێنەر و کێبڕکێکارەوە مسۆگەر دەبێت.

٥.٢. کاتێک سەرمایەداریی نیشتمانی بازاڕ گەورە دەکات، بۆ پاراستنی کارایی و قازانجی خۆی، "ناچارە" ئەم دۆخانە بخوڵقێنێ کە ڕاستەوخۆ خزمەت بە چینی ناوەند دەکەن:

ئ. پێداویستی بۆ هێزی کاری پسپۆڕ و لێهاتوو، کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی خۆگەڕی ئاستی مووچە و داهات.

ب. پێداویستی بۆ کرێاری خاوەن توانای دارایی، کە دەبێتە هۆی ئەوەی سەرمایەدار بەرژەوەندیی خۆی لە دابینکردنی خۆشبژێویی گشتیدا ببینێتەوە.

پ. کێبڕکێ لەسەر چلۆنایەتی و نرخ، کە دەبێتە هۆی ئەوەی شارۆمەندان دەستیان بە باشترین کاڵا و ڕاژەداری بە کەمترین تێچوو بگات.

٥.٣. دەوڵەت هانی مۆدێلی "هاوپشکبوونی کارکەران لە قازانجدا" دەدات؛ ئەمە نەک وەک سۆسیالیزم، بەڵکوو وەک ئامرازێکی "سەرمایەداریی ژێر" بۆ بەرزکردنەوەی دڵسۆزیی پیشەیی و تێوەگلانی چینی ناوەند لە سەرکەوتنی پڕۆژە نیشتمانییەکاندا.

شەشەم: سەربەخۆیی دارایی و بەرگریی لە بازاڕی ناوخۆیی

٦.١. بنیاتنانی پەرگاڵێکی دارایی و بانکیی نیشتمانیی زەبەلاح، کە توانای دابینکردنی سووتەمەنی دارایی بۆ پڕۆژە ستراتیژییەکان هەبێت، ئەرکێکی باڵای دەستوورییە. دەوڵەت ڕێگری دەکات لەوەی جومگە داراییەکانی وڵات بکەونە ژێر هەژموونی بانکە بیانییەکان بە شێوەیەک کە جووڵەی سەرمایەی نیشتمانی پەک بخەن.

٦.٢. دەوڵەت ئەرکدارە بە پاراستنی سەرمایەداریی نیشتمانی لەبەرامبەر هەر جۆرە کێبڕکێیەکی نادادپەروەرانەی دەرەکی، بەتایبەتی دیاردەی "Dumping" (فرۆشتنی کاڵا بە کەمتر لە تێچوو) کە لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە بە مەبەستی ڕووخاندنی پیشەسازیی ناوخۆیی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

٦.٣. پێدانی هەر جۆرە سەربەشییەک بە وەبەرهێنەری بیانی لەناو خاکی کوردستاندا، نابێت بە زیانی سەرمایەداریی نیشتمانی بشکێتەوە؛ "بەرژەوەندیی ناوخۆیی" هەمیشە پێوەر و مەرجی سەرەکیی گشت ڕێککەوتنە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانە.

حەوتەم: کارایی کارگێڕی و نەهێشتنی تەوەزەلی

٧.١. دەوڵەت پابەندە بە ڕیشەکێشکردنی "ئابووریی ڕانتی" (پشت بەستن بە داهاتی خاو) و گۆڕینی بۆ ئابوورییەکی "بەرهەمهێنەر". لەم مۆدێلەدا، ڕایەداریی دەوڵەت تەنیا لە ڕێگەی دابینکردنی ژینگەی کار بۆ سەرمایەداری نیشتمانی واتا وەردەگرێت.

٧.٢. تەوەزەلیی ئابووری و مووچەخۆریی بێ بەرهەم، وەک هەڕەشە بۆ سەر وەرەی نیشتمانی و کارایی دەوڵەت دەبینرێن؛ دەوڵەت بە شێوەیەکی ستراتیژیی قورسایی ئابووری لەسەر شانی کەرتی گشتییەوە دەگوازێتەوە بۆ سەر شانی کەرتی تایبەتی بەرهەمهێنەر، تاوەکوو هێزی مرۆیی نەتەوە لە "وەرگری پاسیڤ"ـەوە بگۆڕێت بۆ "داهێنەری چالاک."

٧.٣. هەر جۆرە قۆرخکارییەکە کە نەک لە ڕێگەی کارایی، بەڵکوو لە ڕێگەی دەسەڵاتی وارگێڕییەوە دروست بێت، بە تاوان دژی ئابووریی نیشتمانی هەژمار دەکرێت؛ چونکە قۆرخکاری بکوژی داهێنان و دوژمنی سەرەکیی گەشەی چینی ناوەندە.

بەندی ٨٤: ئابووریی فرەبناغە و ستراتیژیی کەرتە پێشەنگەکان

گواستنەوەی ئابووریی نیشتمانی لە پەرگاڵێکی تاکبناغەیی و ڕانتی، کە سەرچاوەی لاوازیی ستراتیژییە، بۆ ئابوورییەکی فرەچەشن، بەرهەمهێنەر، خۆڕاگر و پشت بەستوو بە داهێنان، ئەرکێکی بنەڕەتیی دەستووریی دەوڵەتە. ئەم بەندە ئەو کەرتە پێشەنگانە دیاری دەکات کە دەوڵەت بە شێوەیەکی ستراتیژی کار بۆ پەرەپێدانیان دەکات، بە ئامانجی پتەوکردنی کۆڵەکەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی ئابووری.

یەکەم: ئەرکی دەستووری بۆ فرەچەشنکردن

١.١. دەوڵەت پابەندە بە داڕشتن و ڕاییکردنی "ستراتیژی نیشتمانی بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری"، کە ئامانجی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە داهاتی سامانە سروشتییەکان و بنیاتنانی ئابووریيەکی ڕاوەستاوە.

١.٢. ئەم ستراتیژییە، بەپێی توێژینەوەی زانستی و لەبەرچاوگرتنی توانای نیشتمانی، ئەو کەرتە پێشەنگانە دیاری دەکات کە دەبنە بزوێنەری سەرەکیی گەشەی درێژخایەن.

دوویەم: کەرتە پێشەنگە ستراتیژییەکان

٢.١. دەوڵەت، لە ڕێگەی وارگێڕیی دارایی، قانوونیی و کارگێڕییەوە، پشتیوانیی تایبەت و یەکەمایەتی ئاڕاستەی ئەم کەرتانەی خوارەوە دەکات:

سێیەم: ئاسایشی خۆراک و کشتوکاڵی

٣.١. ئاسایشی خۆراک بەشێکی دانەبڕاوی ئاسایشی نەتەوەییە. دەوڵەت ئەرکدارە بە گەیشتن بە ئاستی خۆبژێوی لە بەرهەمە کشتوکاڵییە ستراتیژییەکاندا.

٣.٢. ئەم ئەرکە لە ڕێگەی ئەم ڕێکارانەوە ڕایی دەکرێت:

ئا. مۆدێرنیزەکردنی کەرتی کشتوکاڵ لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و پشتیوانیکردنی توێژینەوەی زانستی.

ب. دامەزراندنی "بانکی نیشتمانیی تۆو و جینەکان" بۆ پاراستنی سامانی ڕەسەنی کشتوکاڵی و جۆراوجۆریی بایۆلۆژیی کوردستان.

پ. داڕشتنی وارگێڕیی ئاو بۆ مسۆگەرکردنی بەکارهێنانی ژیرانە و ڕاوەستاوی سەرچاوەکانی ئاو.

چوارەم: پیشەسازیی پێشکەوتوو و بنکەی تەکنەلۆژیی نیشتمانی

٤.١. دەوڵەت بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە هاوردە و بنیاتنانی بنکەیەکی تەکنەلۆژیی نیشتمانی، هانی وەبەرهێنان لە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا دەدات.

٤.٢. ئەم وارگێڕییە بەتایبەتی ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

ئا. پیشەسازیی بەهای-زیادکراو، کە سامانە خاوەکان دەگۆڕێت بۆ بەرهەمی کۆتایی.

ب. پیشەسازیی بەرگریی خۆماڵی، وەک لەم دەستوورەدا هاتووە.

پ. پیشەسازیی قورس و ستراتیژی کە بناغەی گەشەی کەرتەکانی دیکە پێکدەهێنن.

پێنجەم: ئابووریی دیجیتاڵی و ژیریی دەستکرد

٥.١. دەوڵەت، بە دانانان بەوەی کە داهاتوو هی ئابووریی زانین-تەوەرە، بە شێوەیەکی ستراتیژی وەبەرهێنان لە ژێرخانی دیجیتاڵی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوودا دەکات.

٥.٢. ئەم بوارە یەکەمایەتییەکان بریتین لە:

ئ. بنیاتنانی ژێرخانی نیشتمانی بۆ ژیریی دەستکرد و شیکاریی داتا.

ب. پەرەپێدانی پیشەسازیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بۆ پاراستنی ژێرخانە ژینەکییەکانی وڵات.

پ. هاندانی کۆمپانیا نوێباوەکانی بواری تەکنەلۆژیا وەک بزوێنەری شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی.

بەندی ٨٥: گەڕیاریی نیشتمانی و نواندنی شارستانیەت

کۆماری کوردستان، وارگەی نەتەوەیی وەک گەنجینەیەکی مێژوویی و سروشتی دەناسێنێت. گەڕیاریی نیشتمانی ئامرازێکی ستراتیژیی دەوڵەتە بۆ بەهێزکردنی ئابووریی نیشتمانی، پاراستنی پاشماگی شارستانی و دابینکردنی خۆشبژێویی گشتی لە چوارچێوەی بەها نەتەوەیی و بنەماکانی ئاسایشدا.

یەکەم: پاراستنی ڕەسەنایەتیی پاشماگی شارستانی

١.١. گەڕیاری لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ڕەسەنایەتیی مێژوویی کوردستان دادەمەزرێت. هەر جۆرە دەستکارییەک کە ببێتە هۆی شێواندنی بنەڕەتیی شوێنەوارەکان یان سیما مێژووییەکان، لەژێر هەر پاساوێکی گەشەپێدان بێت، بە پێشێلکاریی دەستووری هەژمار دەکرێت.

١.٢. ناوچە شوێنەواری و مێژوویییەکان ملکی گشتیی نەتەوەن؛ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنیان تەنیا لە دەسەڵاتی دامەزراوە پسپۆڕەکانی دەوڵەتدایە. وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت لە دەوروبەری ئەم ناوچانە دەبێت بە تەواوی هاوتەریب بێت لەگەڵ ستاندارد کەونارناسی و باوانناسییەکان.

١.٣. دەوڵەت "فەردی زانستی و شوێنەواری" وەک جۆرێکی لەپێشینەی گەڕیاری هان دەدات، بە ئامانجی ناساندنی ڕاستگۆیانەی مێژووی کوردستان بە جیهان.

دوویەم: گەڕیاریی ژینگەیی و پاراستنی "وار"

٢.١. گەشەپێدانی کەرتی گەڕیاری نابێت ببێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگیی سروشتیی کوردستان. شاخەکان، دارستانەکان و سەرچاوە ئاوییەکان وەک سامانی ستراتیژیی نەوەکان دەپارێزرێن.

٢.٢. مۆڵەتی دامەزراندنی هەر بنکەیەکی گەڕیاری لە ناوچە سروشتییەکاندا، بەستراوەتەوە بە پابەندبوونی تەواوی وەبەرهێنەر بەم مەرجانەوە:

ئا. بەکارهێنانی کەرەستەی بیناسازیی گونجاو لەگەڵ ژینگەی ناوچەکە.

ب. دابینکردنی ژێرخانی سەربەخۆ بۆ چارەسەرکردنی پاشماوەکان، بە جۆرێک کە هیچ زیانێک بە خاک و ئاوی نیشتمان نەگەیەنێت.

پ. ڕێگری لە هەر پرۆژەیەک کە ببێتە هۆی سنووردارکردنی دەستگەیشتنی گشتی بۆ سەرچاوە سروشتییەکان.

سێیەم: هاوسەنگیی ئابووری و ڕێگری لە خوێنبەربوونی سەرمایە

٣.١. دەوڵەت ڕێز لە مافی شارۆمەندان دەگرێت بۆ فەرد (سەفەر) بەرەو جیهان، بەڵام ئەرکدارە بە گرتنەبەری ڕێکاری دارایی بۆ پاراستنی یەدەگی دراوی نیشتمانی.

٣.٢. قانوون "تێچووی نیشتمانیی فەرد" دیاری دەکات، کە باجێکی تایبەتە و تەنیا ئەو فەردە گەڕیارییانە دەگرێتەوە کە بۆ دەرەوەی وڵات ئەنجام دەدرێن. داهاتی ئەم باجە تەنیا بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی گەڕیاریی ناوخۆ و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە پەراوێزخراوەکان تەرخان دەکرێت.

٣.٣. دەوڵەت، لە ڕێگەی هاندانی دارایی و ئاسانکاریی کارگێڕییەوە، کار بۆ ئەوە دەکات کە کوردستان ببێتە جێگرەوەی سەرەکیی گەڕیارانی ناوخۆ، تاوەکوو سامانی نیشتمانی لە ناو وڵاتدا لە جووڵەدا بمێنێتەوە.

چوارەم: ڕێکخستنی هاتنی بیانییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی

٤.١. پێدانی ڤیزا و ڕێگەدان بە هاتنی گەڕیارانی بیانی، بەتایبەت لەو دەوڵەتانەی کە پێشینەی داگیرکاری و دوژمنکارییان لەگەڵ کوردستان هەیە، دەکەوێتە ژێر چاودێریی وردی دەزگا هەواڵگری و هەدارییەکانەوە.

٤.٢. هەر گەڕیارێکی بیانی کە بەشداری بکات لە چالاکییەکدا کە ئامانجی تێکدانی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی، سووکایەتیکردن بە شوناسی نەتەوەیی، یان کۆکردنەوەی زانیاریی ناقانوونیی بێت، دەستبەجێ مافی مانەوەی لێ دەسەنرێتەوە و بەپێی قانوون ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێتەوە.

٤.٣. دەوڵەت ڕێگری دەکات لە هەر جۆرە "قۆرخکاریی نیشتەجێبوون" لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکانەوە کە ببێتە هۆی دروستبوونی ناوچەی داخراو لە دەرەوەی قوڕغی چاودێریی نیشتمانی.

پێنجەم: بەڕێوەبردنی ژیری کەرتی گەڕیاری

٥.١. پەڕگاڵی "دەوڵەتی ژیر" ئەرکی بەڕێوەبردنی تەکنیکیی گشت پرۆسەکانی گەڕیاری لە ئەستۆ دەگرێت، لە ڤیزای ئەلیکترۆنییەوە تا چاودێریکردنی ئاستی چلۆنایەتیی ڕاژەدارییەکان.

٥.٢. دروستکردنی "بنکەی داتای گەڕیاریی نیشتمانی" بۆ شیکردنەوەی ئاراستە ئابووورییەکان و دڵنیابوون لەوەی کە ئەم کەرتە ڕاژەی گەشەی ڕاوەستاوی وڵات دەکات.

شەشەم: پێگەیاندنی توانای مرۆیی و ستانداردی پیشەیی

٦.١. دەوڵەت، لە ڕێگەی هاوئاهەنگی لەنێوان شالیارگەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بەرنامەیەکی نیشتمانی بۆ پێگەیاندنی کادرێکی پسپۆڕ لە بواری گەڕیاریدا دادەڕێژێت. ئەم بەرنامەیە تەنیا لەسەر ڕاژەداری کورت نابێتەوە، بەڵکوو جەخت لەسەر زانستەکانی مێژوو، شوێنەوارناسی و زمانە جیهانییەکان دەکاتەوە.

٦.٢. قانوون "پەرگاڵی مۆڵەتی نیشتمانی بۆ ڕێبەرانی گەڕیاری" دادەمەزرێنێت. هیچ کەسێک، چ ناوخۆیی یان بیانی، بۆی نییە وەک ڕێبەری گەڕیار یان فەرد کار بکات مەگەر لە تاقیکردنەوەی نیشتمانیی "ڕاستگۆیی مێژوویی" دەرچووبێت؛ ئەمە بۆ دڵنیابوونە لەوەی کە مێژووی کوردستان بە شێوەیەکی زانستی و بێ شێواندن بە جیهان دەناسرێت.

٦.٣. دەوڵەت هانی دامەزراندنی "سەندیکای پیشەگەرانی گەڕیاری" دەدات کە ئەرکی داڕشتنی کۆدی ڕەوشتیی پیشەیی و چاودێریکردنی چلۆنایەتیی ڕاژەداراییەکان بێت، بە جۆرێک کە ڕەنگدانەوەی بەها بەرزەکانی میوانداریی شکۆمەندانەی بێ خۆگچکەبینانەی کوردی بێت.

٦.٤. دامەزراوەکانی گەڕیاری پابەند دەکرێن بە تەرخانکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە داهاتەکانیان بۆ ڕاهێنانی بەردەوامی فەرمانبەرەکانیان لەسەر نوێترین تەکنەلۆژیاکانی گەڕیاریی دیجیتاڵی و شێوازەکانی پاراستنی ژینگە.

بەندی ٨٦: دەسەڵات بەسەر سامانە سروشتییەکاندا

سامانە سروشتییەکانی کوردستان ملْکی ڕەهای نەتەوەی کورد و سپێردەیەکی پیرۆزن لە دەستی نەوەی ئێستادا بۆ نەوەکانی داهاتوو. ئەم بەندە چوارچێوەی دەستووریی سەروەریی نەتەوەیی بەسەر ئەم سامانانەدا دادەڕێژێت و میکانیزمی بەڕێوەبردنیان لە ڕاژەی ئاسایشی نەتەوەیی و گەشەی ڕاوەستاودا دیاری دەکات.

یەکەم: خاوەندارێتیی ڕەها و دانەبڕاوی نەتەوەیی

١.١. سەرجەم سامانە سروشتییەکان، چ ئەوانەی لەسەر خاکن و چ ئەوانەی لەژێر خاکدان، لەنێو تەواوی وارگەی میژوویی کوردستاندا، لەوانە نەوت، گاز، ئاو، کانزا ستراتیژییەکان، و دارستانەکان، ملْکی ڕەها، دانەبڕاو و دەستلێهەڵنەگیراوی نەتەوەی کوردن.

١.٢. دەوڵەتی کۆماری کوردستان وەک تاکە پاسەوان و سپێردەداری ئەم سامانە نەتەوەییە، ئەرکی بەڕێوەبردن، پاراستن و گەشەپێدانی لە ئەستۆدایە، بە نوێنەرایەتیی نەوەکانی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو.

دووەم: بنەماکانی بەکارهێنان و وەبەرهێنان

٢.١. بەکارهێنان و وەبەرهێنان لە سامانە نەتەوەییەکاندا، تەنیا بەپێی "قانوونی ستراتیژیی سامانە نیشتمانییەکان" دەبێت.

٢.٢. ئەم قانوونە لەسەر ئەم بنەما نەگۆڕانەی خوارەوە دادەڕێژرێت:

ئا. ڕووناکبیرانی تەواو لە گشت قۆناغەکانی گرێبەست، بەرهەمهێنان و داهاتدا.

ب. مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و بەکارهێنانی داهاتەکان بۆ بنیاتنانی ئابووریی‌یەکی فرەبناغە.

پ. پابەندبوونی ڕەها بە بەرزترین ستانداردەکانی پاراستنی ژینگە و کەمکردنەوەی زیانەکان.

ت. دابینکردنی دادی نێوان نەوەکان، لە ڕێگەی گۆڕینی سامانی کاتی بۆ سەرمایەی هەردەمیی.

سێیەم: سندوقی سەربەخۆیی بۆ نەوەکانی داهاتوو

٣.١. بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ژیرانەی داهاتەکان، "سندوقی سەربەخۆیی بۆ نەوەکانی داهاتوو" دادەمەزرێت.

٣.٢. بەشێکی دیاریکراوی داهاتی فرۆشتنی سامانە سروشتییەکان، کە بە قانوون ڕێکدەخرێت، دەخرێتە ئەم سندوقەوە و بۆ ئەم ئامانجانە بەکاردەهێنرێت:

ئا. سەقامگیرکردنی ئابووریی نیشتمانی لەبەرامبەر هەڵبەز و دابەزی نرخی جیهانیدا.

ب. وەبەرهێنانی ستراتیژی بۆ نەوەکانی داهاتوو، بەتایبەتی لە بواری ژێرخانی تەکنەلۆژی، پیشەسازیی پێشکەوتوو و توێژینەوەی زانستیدا.

٣.٣. بەڕێوەبردنی ئەم سندوقە لەلایەن فەرمانگەیەکی سەربەخۆ و پیشەییەوە دەبێت و دەکەوێتە ژێر چاودێریی وردی مەکۆی نیشتمانی و دامەزراوەی باڵای چاودێریی داراییەوە.

چوارەم: چوارچێوەی دەستووریی گرێبەستە نێودەوڵەتییەکان

٤.١. هەر گرێبەستێکی نێودەوڵەتی بۆ گەڕان و دەرهێنانی سامانە سروشتییەکان، دەبێت ئەم مەرجە دەستوورییانەی تێدا بێت:

ئا. دەبێت بە تەواوی ڕووەن بێت و پوختەیەکی گشتیی بۆ ڕای گشتی بڵاوبکرێتەوە.

ب. پێویستی بە پەسەندکردنی پێشوەختەی کۆڕی باڵای وزەی نیشتمانی و چاودێریی کۆتایی دەسەڵاتی قانوونداناں هەیە.

پ. نابێت بە هیچ شێوەیەک سەربەخۆیی کوردستان و باڵادەستیی قانوونەکانی وڵات بخاتە ژێر پرسیارەوە و دەبێت بە ڕوونی دان بە خاوەندارێتیی ڕەهای نەتەوەدا بنێت.

بەندی ٨٧: ئاسایشی خۆراک و سەربەخۆیی کشتوکاڵی

ئاسایشی خۆراک و سەربەخۆیی کشتوکاڵی، کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی ئاسایشی نەتەوەیی و کۆڵەکەیەکی ژینەکیی سەروەریی دەوڵەتن. دەوڵەت، وەک ئەرکێکی دەستوورییی نەگۆڕ، پابەندە بە مسۆگەرکردنی مافی گەیشتنی گشت شارۆمەندان بە خۆراکی تەندروست و بەپێی پێویست، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە مافی ژیان و شکۆی مرۆیی.

یەکەم: بنەمای ستراتیژی و ئەرکی دەوڵەت

١.١. دەوڵەت پابەندە بە دابینکردنی ئاسایشی خۆراک بۆ گشت شارۆمەندان لە هەموو بارودۆخێکدا.

١.٢. ئەم ئەرکە لە ڕێگەی داڕشتن و ڕاپیکردنی "ستراتیژی نیشتمانی بۆ ئاسایشی خۆراک" بەدی دەهێنرێت.

دووەم: خۆبژێوی و کۆگای ستراتیژی

٢.١. دەوڵەت وەک ئەرکێکی ستراتیژی، کار بۆ گەیشتن بە ئاستی خۆبژێوی لە بەرهەمە سەرەکییە کشتوکاڵییەکاندا دەکات.

٢.٢. پەرگاڵێکی تۆکمەی "کۆگای ستراتیژیی خۆراک" بەپێی قانوون دادەمەزرێت، بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر قەیرانێکی چاوەڕواننەکراو وەک وشکەساڵی، گەمارۆی ئابووری، یان باری جەنگ.

سێیەم: پاراستنی ژێنی و پاشماگی کشتوکاڵی

٣.١. بۆ پاراستنی پاشماگی ژێنیی نەتەوەیی و مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی کشتوکاڵی، دەوڵەت "بانکی نیشتمانیی تۆو و ژێن" دادەمەزرێنێت.

٣.٢. ئەرکی ئەم دامەزراوەیە بریتییە لە کۆکردنەوە، پاراستن و گەشەپێدانی تۆوە ڕەسەنەکانی کوردستان.

٣.٣. هەر هەوڵێک بۆ قۆرخکردن یان کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ژێنییەکانی وڵات لەلایەن هێزی دەرەکییەوە، بە کردەوەی دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت و بە تووندی نەهێڵراوە.

چوارەم: پشتیوانی لە جووتیاران و ژیانی گوندەواری

٤.١. دەوڵەت پشتیوانیی دامەزراوەیی لە جووتیاران و بەرهەمهێنەرە خۆماڵییەکان دەکات و ژیانی گوندەواری وەک بنەمای بەرهەمهێنانی نیشتمانی و پاراستنی کولتووری ڕەسەن، دەپارێزێت و گەشەی پێدەدات.

٤.٢. دەوڵەت پابەندە بە دابینکردنی ژێرخانی مۆدێرن و ڕاژەداریی پێویست بۆ ناوچە کشتوکاڵییەکان.

پێنجەم: داهێنان و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو

٥.١. دەوڵەت داهێنان و وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی کشتوکاڵی هان دەدات، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و پاراستنی ژینگە.

٥.٢. یەکەمایەتی دەدرێت بە بواڕەکانی بەڕێوەبردنی ژیرانەی ئاو، کشتوکاڵی وردبین و بایۆتەکنەلۆژیای سوودبەخش.

بەندی ٨٨: داهێنان، توێژینەوە و پاراستنی مافی هزری

دەوڵەت دان بەوەدا دەنێ کە داهێنان و توێژینەوەی زانستی و تەکنەلۆژی، بنەمای هێزی ئابووری، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سەروەریی نەتەوەیین. لەم سۆنگەیەوە، پشتیوانیکردن لە هزری داهێنەرانە و بنیاتنانی ژینگەیەکی لەبار بۆ توێژینەوە، وارگێڕییەکی نەگۆڕی دەوڵەتە.

یەکەم: ئەرکی دەستووری بۆ بنیاتنانی ژینگەی داهێنان

١.١. دەوڵەت پابەندە بە گرتنەبەری ئەم ڕێکارە ستراتیژییانە بۆ هاندانی داهێنان و توێژینەوە:

ئ. تەرخانکردنی پشکێکی دیاریکراو و درێژەدار لە بودجەی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی بنەڕەتی و کرداری لە زانکۆکان و ناوەندە تایبەتمەندەکانی لێکۆڵینەوە.

ب. دامەزراندنی ناوچەی نیشتمانی بۆ تەکنەلۆژیا و داهێنان، بە مەبەستی کۆکردنەوەی کۆمپانیا پێشەنگەکان، پڕۆژە نوێباوەکان و داهێنەران بۆ دروستکردنی هاوئاهەنگی و گەشەی خێرا.

پ. دروستکردنی هاوبەشییەکی ستراتیژی لەنێوان دامەزراوە ئەکادیمییەکان، ناوەندەکانی توێژینەوە و کەرتی پیشەسازیدا، بۆ مسۆگەرکردنی گۆڕینی داهێنانی زانستی بۆ بەرهەمی بازرگانیی خاوەن بەها.

دوویەم: پەرگاڵی تۆکمەی پاراستنی مافی هزری

٢.١. بۆ ڕێزگرتن لە کاری هزری و هاندانی داهێنەران، دەوڵەت ئەرکدارە بە دامەزراندنی پەرگاڵێکی قانوونیی و کارگێڕیی مۆدێرن و تۆکمە بۆ پاراستنی مافی هزری.

٢.٢. ئەم پەرگاڵە پاراستنی ئەم بوارانەی خوارەوە مسۆگەر دەکات:

ئ. پاتێنت: بۆ پاراستنی داهێنانە تەکنیکی و پیشەسازییە نوێیەکان.

ب. کۆپی-ڕایت: بۆ پاراستنی بەرهەمە ئەدەبی، هونەری و زانستییە ڕەسەنەکان.

پ. نیشانەی بازرگانی: بۆ پاراستنی شوناسی بازرگانیی کۆمپانیا و بەرهەمەکان.

ت. نهێنیی بازرگانی: بۆ پاراستنی زانیارییە نهێنییەکانی بواری بازرگانی کە بەهای کێبڕکێیان هەیە.

سێیەم: ڕاییکردنی قانوون و دادگای تایبەتمەند

٣.١. دەوڵەت بۆ مسۆگەرکردنی ڕاییکردنی کارای قانوونەکانی مافی هزری، دادگای تایبەتمەند یان لقی تایبەت لەناو دادگاکاندا دادەمەزرێنێت، کە لەلایەن دادوەری پسپۆڕەوە بەڕێوە دەبرێن.

٣.٢. پێشێلکردنی مافی هزری، بەتایبەتی دزیی ئەدەبی و بازرگانیی بەرفراوان، بە تاوان دژی ئابووریی نیشتمانی هەژمار دەکرێت و بەپێی قانوون سزای لەسەر دەبێت.

چوارەم: هاوکاریی نێودەوڵەتی و پاراستنی جیهانی

٤.١. دەوڵەت کار بۆ بەئەندامبوون لە ڕێکخراوە جیهانییەکانی تایبەت بە مافی هزری و واژۆکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان دەکات.

٤.٢. ئامانج لەم کارە، پاراستنی مافی داهێنەرانی کوردستانە لەسەر ئاستی جیهان و هاندانی وەبەرهێنانی بیانییە لە وڵاتدا.

بەندی ٨٩: ئابووریی دیجیتاڵی و سەربەخۆیی تەکنەلۆژی

دەوڵەت دان بەوەدا دەنێ کە وارگەی دیجیتاڵی و توانای تەکنەلۆژی، گۆڕەپانی سەرەکیی کێبڕکێ و هێزی جیهانین. گەشەپێدانی ئەم کەرتە جیا لە ئامانجێکی ئابووری هەروەها کۆڵەکەیەکی ژینەکیی ئاسایشی نەتەوەیی و بنەمای "سەربەخۆیی تەکنەلۆژیی" کوردستانە، کە بریتییە لە توانای نەتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی چارەنووسی دیجیتاڵیی خۆی.

یەکەم: بنەمای ستراتیژی و سەربەخۆیی دیجیتاڵی

١.١. وارگەی دیجیتاڵی وەک درێژکراوەیەکی دانەبڕاوی سەروەریی نەتەوەیی و ڕەهەندێکی نوێی دەسەڵات دەناسێنرێت.

١.٢. دەوڵەت پابەندە بە دارشتن و ڕاپیکردنی ستراتیژییەکی نیشتمانیی گشتگیر بۆ گواستنەوەی کۆمار لە قۆناغی بەکارهێنەری تەکنەلۆژیاوە بۆ قۆناغی بەرهەمهێنەر و داهێنەری خاوەن شکۆ و ویستمەندیی.

دووەم: ژێرخانی دیجیتاڵیی نیشتمانیی پارێزراو

٢.١. دەوڵەت پابەندە بە بنیاتنانی ژێرخانێکی دیجیتاڵیی نیشتمانیی پێشکەوتوو و پارێزراو، کە ئەم کۆڵەکانە لەخۆدەگرێت:

ئ. مافی دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت: دابینکردنی ئینتەرنێتی خێرا، سەقامگیر و سەرتاسەری وەک مافێکی بنەڕەتی بۆ گشت شارۆمەندان و دامەزراوەکان.

ب. هەوری نیشتمانیی سەربەخۆ: دامەزراندنی ناوەندی داتای نیشتمانیی پێشکەوتوو کە بە تەواوی لەژێر دەسەڵاتدارێتی و قانوونەکانی کۆماری کوردستاندایە، بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە سامانە داتاییەکانی نەتەوە ناکەونە ژێر هەژموونی قانوونیی هیچ هێزێکی بیانییەوە.

پ. ئاسایشی ئەلیکترۆنیی گشتگیر: بنیاتنانی پەرگاڵێکی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تۆکمە بۆ پاراستنی ژێرخانە ژینەکییەکان لەبەرامبەر هەر هەڕەشە و هێرشێکی ئەلیکترۆنیدا.

سێیەم: وارگێڕیی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی تەکنەلۆژیا

٣.١. دەوڵەت، لە ڕێگەی سندوقی وەبەرهێنانی ستراتیژی و ئاسانکاریی قانوونییەوە، وارگێڕییەکی ئاڕاستەکراو بۆ پشتیوانی لە گەشەپێدانی خۆماڵیی تەکنەلۆژیا ستراتیژییەکان دادەڕێژێت.

٣.٢. یەکەمایەتی دەدرێت بەم بوارانەی خوارەوە:

ئ. ژیریی دەستکرد و شیکاریی داتا: وەک بزوێنەری سەرەکیی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی.

ب. تەکنەلۆژیای بلۆکچەین: بۆ مسۆگەرکردنی ڕوونایەتی و ئاسایش لە هەڵسوکەوتکاندا.

پ. تەکنەلۆژیای دارایی (FinTech): بۆ مۆدێرنیزەکردنی کەرتی دارایی و بەهێزکردنی پێگەی کوردستان.

چوارەم: بنیاتنانی سەرمایەی مرۆیی تەکنەلۆژی

٤.١. بە دانان بەوەی کە سەرمایەی مرۆیی بناغەی باڵادەستیی تەکنەلۆژییە، دەوڵەت پابەندە بە:

ئ. چەسپاندنی خوێندنی تەکنەلۆژیای زانیاری و بیرکردنەوەی ژمێریاری وەک بەشێکی بنەڕەتی لە پڕۆگرامی خوێندنی هەموو قۆناغەکاندا.

ب. دامەزراندنی پڕۆگرامی تایبەتمەند بۆ پێگەیاندنی پسپۆڕانی بواری تەکنەلۆژیای باڵا و دروستکردنی ئیکۆسیستەمێکی بەهرە بۆ هاندانی گەڕانەوە و بەکارخستنی پسپۆڕە کوردەکانی دەرەوەی وڵات.

پێنجەم: پەرگاڵی قانوونیی و ڕەوشتیی سەردەمی دیجیتاڵی

٥.١. دەوڵەت بە داڕشتنی چوارچێوەیەکی قانوونیی و ڕەوشتیی مۆدێرن بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا پابەندە.

٥.٢. ئەم چوارچێوەیە دەبێت هاوسەنگییەک لەنێوان هاندانی داهێنان و پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی شارۆمەندان، وەک مافی تایبەتمەندی، ئازادیی بیروڕا، و مافی لەبیرچوونەوە، ڕابگرێت.

٥.٣. قانوون دەبێت بە ڕوونی مافی شارۆمەند بۆ کۆنترۆڵکردنی چارەنووسی دیجیتاڵیی خۆی مسۆگەر بکات.

بەندی ٩٠: پەرگاڵی بانکی و سەقامگیریی دارایی

دەوڵەت پەرگاڵێکی بانکیی مۆدێرن و تۆکمە دادەمەزرێنێ کە وەک بزوێنەری سەرەکیی گەشەی ئابووری و ئامرازی دابینکردنی سەقامگیریی دارایی کار بکات. ئەم بەندە کۆڵەکە دەستوورییەکانی ئەم پەرگاڵە، بە ئامانجی پاراستنی بەهای دراوی نیشتمانی و مسۆگەرکردنی متمانەی گشتی، دادەڕێژێت.

یەکەم: کۆڵەکەکانی پەرگاڵی بانکیی نیشتمانی

١.١. پەرگاڵی بانکیی نیشتمانی لەسەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی دادەمەزرێت:

ئا. بانکی ناوەندیی کوردستان وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ و پارێزەری سەقامگیریی دارایی.

ب. کەرتێکی بانکیی بازرگانیی چالاک، کێبڕکێکار و بڕواپێکراو.

دووەم: بانکی ناوەندیی کوردستان وەک پارێزەری سەقامگیری

٢.١. بانکی ناوەندیی کوردستان وەک دامەزراوەیەکی دەستوورییی سەربەخۆ دادەمەزرێت و لەژێر هیچ جۆرە دەستێوەردانێکی وارگێڕی لەلایەن دەسەڵاتی ڕایەدار یان قانوونداناندا نابێت.

٢.٢. ئەرکە سەرەکییەکانی بریتین لە:

ئا. دارشتنی وارگێڕیی نەختینەیی: بەکارهێنانی ئامرازەکانی وارگێڕیی نەختینەیی بۆ پاراستنی سەقامگیریی بەهای دراوی نیشتمانی، کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان و دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەی ئابووریی ڕاوەستاو.

ب. چاودێریکردنی کەرتی بانکی: دانانی ڕێسا و ستانداردی پێویست بۆ گشت بانک و دامەزراوە داراییەکانی وڵات و چاودێریکردنی پابەندبوونیان، بۆ دڵنیابوون لە تەندروستی و سەقامگیریی تەواوی پەرگاڵەکە.

پ. بەڕێوەبردنی یەدەگی نیشتمانی: بەڕێوەبردنی ژیرانەی یەدەگی دراوی بیانی و زێڕی وڵات، بۆ پاراستنی توانای دارایی دەوڵەت و پشتیوانیکردن لە دراوی نیشتمانی.

سێیەم: پاکی و بەرەنگاربوونەوەی تاوانی دارایی

٣.١. دەوڵەت پابەندە بە بنیاتنانی پەرگاڵێکی دارایی ڕووەن و پاک و بە تووندترین شێوە بەرەنگاری هەموو جۆرەکانی تاوانی دارایی دەبێتەوە.

٣.٢. بۆ ئەم مەبەستە:

ئ. قانوونی تایبەت و توند بۆ بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە و پاڵپشتیی دارایی تێرۆریزم دادەڕێژرێت و ڕایی دەکرێت.

ب. "یەکەی هەواڵگریی دارایی" وەک ناوەندێکی نیشتمانی بۆ وەرگرتن و شیکردنەوەی زانیاری دەربارەی هەڵسوکەوت گوماناوییەکان دادەمەزرێت.

پ. دەوڵەت پابەند دەبێت بە ڕاییکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان لەم بوارەدا، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پەرگاڵی دارایی کوردستان بەشێکی متمانەپێکراوی پەرگاڵی دارایی جیهانییە.

چوارەم: کەرتی بانکیی بازرگانی و پاراستنی سپاردەکان

٤.١. دەوڵەت هانی کێبڕکێی تەندروست و داهێنان لە کەرتی بانکیی بازرگانیدا دەدات و ڕێگری لە هەر جۆرە قۆرخکارییەک دەکات.

٤.٢. پاراستنی سپاردەی شارۆمەندان ئەرکێکی بنەڕەتییە. بەپێی قانوون، "پەرگاڵی نیشتمانیی بیمەی سپاردەکان" دادەمەزرێت بۆ مسۆگەرکردنی متمانەی گشتی بە کەرتی بانکی.

پێنجەم: چوارچێوەی قانوونیی

٥.١. قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی پێکهاتە، سەربەخۆیی و دەسەڵاتەکانی بانکی ناوەندی و بنەماکانی کارکردنی گشت دامەزراوە داراییەکانی دیکە ڕێکدەخات.

بەندی ٩١: پاراستنی ژینگە و گەشەی ڕاوەستاو

ژینگەی کوردستان، بە سروشتە دڵڕفێنەکەی، چیا سەربەرزەکانی، ڕووبار و سەرچاوە ئاوییەکانی و فرەچەشنییە بایۆلۆژییەکەیەوە، ملکی هەردەمیی نەتەوەی کورد و پاشماگێکی ژینەکییە کە

ڕاسپاردەیە لەلای نەوەکانی ئێستا بۆ نەوەکانی داهاتوو. پاراستنی بە شێوەیەکی تەندروست و دەوڵەمەند، ئەرکێکی باڵای دەستوورییە سەرشانی دەوڵەت و هەموو شارۆمەندێکە.

یەکەم: ژینگە وەک پاشماگێکی نەتەوەیی و مافی نەوەکان

١.١. ژینگەی کوردستان وەک پاشماگێکی نەتەوەیی و مافێکی بنەڕەتیی نەوەکانی داهاتوو دادەنرێت.

١.٢. دەوڵەت و گشت شارۆمەندان بەرپرسیارێتیی هاوبەشیان لە پاراستن و گەشەپێدانی ژینگەدا لە ئەستۆدایە.

دووەم: ئەرک و بەرپرسیارێتی دەوڵەت

٢.١. دەوڵەت پابەندە بە داڕشتنی وارگێڕییەکی ژینگەپارێزیی توند و گشتگیر کە لەسەر ئەم بنەمایانە دامەزرا بێت:

ئ. بنەمای خۆپارێزیی پێشوەختە: لە باریی بوونی هەر مەترسییەکی جددی یان نەگەڕاوە بۆ سەر ژینگە و تەندروستیی گشتی، نەبوونی دڵنیایی زانستیی تەواو نابێتە پاساو بۆ دواخستنی گرتنەبەری ڕێکاری پێویست.

ب. بنەمای "پیسکەر دەبێت باجەکەی بدات": قانوون ئەو لایەنانە بەرپرسیار دەکات کە زیان بە ژینگە دەگەیەنن و بە بۆبژاردنی تەواوی زیانەکان و نۆژەنکردنەوەی ژینگە پابەندیان دەکات.

پ. چاودێری و ڕاییکردنی قانوون: دەوڵەت دەزگایەکی نیشتمانیی چاودێریی بەهێز بۆ دڵنیابوون لە ڕاییکردنی قانوون ژینگەییەکان و سزادانی تووندی سەرپێچیکاران دادەمەزرێنێت.

سێیەم: گواستنەوە بەرەو ئابووریی سەوز و بازنەیی

٣.١. دەوڵەت بە شێوەیەکی ستراتیژی کار بۆ گواستنەوە بەرەو مۆدێلی ئابووریی سەوز و بازنەیی دەکات.

٣.٢. ئەم ئەرکە لە ڕێگەی ئەم ڕێکارانەوە ڕایی دەکرێت:

ئ. داڕشتنی وارگێڕیی هاندانی ئابووری بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە وەبەرهێنان لە وزەی پاک و تەکنەلۆژیای ژینگەدۆستدا دەکەن.

ب. پشتیوانیکردن لە توێژینەوە و داهێنان لە بواری بەکارهێنانەوەی کەرەستەکان و کەمکردنەوەی پاشماوە.

پ. چەسپاندنی "گەشەی پاوەستاو" وەک مەرجێکی سەرەکی لە هەموو پرۆژە گەورەکانی ژێرخانی ئابووری و پیشەسازیدا.

چوارەم: پاراستنی فرەچەشنیی بایۆلۆژی

٤.١. پاراستنی گشت جۆرەکانی ژیانی کێوی و ڕووەکی ڕەسەنی کوردستان ئەرکێکی باڵای دەوڵەتە.

٤.٢. بۆ ئەم مەبەستە:

ئ. قانوونی تایبەت بۆ پاراستنی جۆرە گیانلەبەر و ڕووەکە دەگمەنەکان دادەڕێژرێت.

ب. دەوڵەت پابەندە بە دامەزراندنی تۆڕێکی نیشتمانی لە پارکی نەتەوەیی و ناوچەی پارێزراو بۆ پاراستنی پەرگاڵە ئێکۆلۆژییە هەستیارەکان.

پێنجەم: وارگێڕیی کەشوهەوا و ئاسایشی ئاو

٥.١. دەوڵەت دان بە هەڕەشەکانی گۆڕانی کەشوهەوادا دەنێت و پابەندە بە:

ئ. دارشتنی ستراتیژێکی نیشتمانیی گشتگیر بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و کەمکردنەوەی دەرهاویشتە گازییە زیانبەخشەکان.

ب. بەڕێوەبردنی ژیرانە و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاوی شیرین وەک سامانێکی ستراتیژیی نەتەوەیی.

پ. بەشداریکردنی چالاکانە لە هەوڵە جیهانییەکانی تایبەت بە پاراستنی کەشوهەوا، بە شێوازێک کە لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا بگونجێت.

بەندی ٩٢: بازرگانیی نێودەوڵەتی و کێبڕکێی جیهانی

بازرگانیی نێودەوڵەتی لەم دەستوورەدا تەنیا وەک ئاڵوگۆڕی کاڵا سەیر ناکرێت، بەڵکو ئامرازێکی ستراتیژییە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکانی دەوڵەت. فەلسەفەی بنەڕەتیی بازرگانیی دەرەکیی کۆماری

کوردستان لەسەر پرەنسیپی "بەهێزکردنی توانای ناوخۆیی بۆ مسۆگەرکردنی سەروەری" دامەزراوە، بە ئامانجی گۆڕینی کوردستان لە بازارێکی بەکاربەرەوە بۆ هێزێکی بەرهەمهێنەری خاوەن داهێنان.

یەکەم: ستراتیژیی هەناردەکردنی ئامانجدار

١.١. دەوڵەت بە شێوەیەکی ئامانجدار کار بۆ گواستنەوەی فەلسەفەی هەناردەکردن دەکات لە فرۆشتنی کەرەستەی خاوەوە بۆ هەناردەکردنی بەرهەمی بەهای-زیادکراو، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و ڕاژەداریی پسپۆڕانە.

١.٢. ئەم ئەرکە لە ڕێگەی ئەم ڕێکارانەوە ڕایی دەکرێت:

ئا. پشتیوانیی بێسنووری دەوڵەت: دەوڵەت پشتیوانیی بێوچان لەو کۆمپانیایانە دەکات کە وەبەرهێنان لە داهێنان و بەرزکردنەوەی چلۆنایەتیی بەرهەمەکانیاندا دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لە بازارە جیهانییەکاندا کێبڕکێ بکەن.

ب. دیپلۆماسیی ئابووریی چالاک: دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەتایبەتی دەزگای دیپلۆماسی، ئەرکدار دەکرێن بە کردنەوەی بازاڕی نوێ، لابردنی ئاستەنگە گومرگییەکان و بنیاتنانی هاوبەشیی ستراتیژیی ئابووری.

دووەم: ستراتیژیی "پاڵەوانی نیشتمانی"

٢.١. دەوڵەت هانی دروستبوون و گەورەبوونی کۆمپانیا و براندی نیشتمانیی بەهێز دەدات کە توانای کێبڕکێکردنیان هەبێت لە بازارە جیهانییەکاندا و ببنە "پاڵەوانی نیشتمانی."

٢.٢. ئەم پاڵەوانانە نەک تەنیا سوودی ئابووری دەگەیەنن، بەڵکو دەبنە باڵیۆزی کولتووری و پیشەسازیی کوردستان لە جیهاندا و دەوڵەت پشتیوانیی هەمەلایەنەیان لێدەکات.

سێیەم: خۆپارێزیی ئابووریی زیرەک

٣.١. هاوتەریب لەگەڵ کردنەوەی بازارەکاندا، دەوڵەت پابەندە بە پاراستنی ئابووریی ناوخۆیی لەبەرامبەر کێبڕکێی نادادپەروەرانە. قانوون بە ڕوونی ئەم بوارانە ڕێکدەخات:

ئا. دژە-دامپینگ: قانوونی تایبەت دادەنرێت بۆ ڕێگریکردن لە وارگێڕیی دامپینگ، کە بریتییە لە فرۆشتنی کاڵای بیانی بە نرخێکی کەمتر لە نرخی بازاڕی ناوخۆیی وڵاتی بەرهەمهێنەر.

ب. دژە-یارمەتی: دەوڵەت مافی هەیە باجی پارێزگاری بسەپێنێت بەسەر ئەو کاڵا بیانییانەدا کە یارمەتیی دەوڵەتی نادادپەروەرانەیان وەرگرتووە.

پ. پاراستنی پیشەسازییە ستراتیژییەکان: پیشەسازییە ستراتیژییەکانی وەک بەرگری، ئاسایشی خۆراک و تەکنەلۆژیای باڵا، بەپێی قانوون پارێزگاریی تایبەتیان لێدەکرێت.

چوارەم: بنیاتنانی هاوپەیمانیی ئابووریی ستراتیژی

٤.١. دەوڵەت وارگێڕیی بازرگانیی خۆی تەنیا لەسەر بنەمای قازانجی کورتخایەن دانامەزرێنێت، بەڵکو کار بۆ بنیاتنانی هاوپەیمانیی ئابووریی درێژخایەن دەکات لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە دەتوانن ببنە هاوبەشی ستراتیژی.

٤.٢. ئەم هاوپەیمانییانە لەسەر بنەمای تەواوکاریی ئابووری، ئاسایشی وزە و گواستنەوە، و گواستنەوەی تەکنەلۆژیا دادەمەزرێن.

بەندی ٩٣: دادی کۆمەڵایەتی و خۆشبژێویی نیشتمانی

دەوڵەت لەسەر بنەمای ئەوە دامەزراوە کە گەشەی ئابووری و سامانی نیشتمانی دەبێت ڕاژە بە خۆشبژێویی گشت شارۆمەندان بکات. دادی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی جیاوازییەکان، کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و یەکێتیی نەتەوەیین.

یەکەم: پەرگاڵی باجی دادپەروەرانە و پێشکەوتنخواز

١.١. پەرگاڵی باج وەک ئەرکێکی نیشتمانی و ئامرازێکی سەرەکیی دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی سامان، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و پێشکەوتنخوازانە دادەڕێژرێت.

١.٢. ئەم پەرگاڵە لەسەر ئەم بنەمایانە کار دەکات:

ئا. ڕێژەی باج لەگەڵ زیادبوونی داهات و سامان بە شێوەیەکی پلەبەند بەرز دەبێتەوە؛ ئەوانەی سوودی زیاتر لە ئابووریی نیشتمانی وەردەگرن، بەشێکی گەورەتری بەرپرسیارێتیی دارایی هەڵدەگرن.

ب. قانوونی باج بە شێوەیەک دادەڕێژرێ کە ڕێگری لە هەر جۆرە خۆدزینەوەیەک لە باج بکات و ڕوونایەتی لە کۆکردنەوەی داهاتەکاندا مسۆگەر بکات.

دوویەم: بەکارهێنانی داهاتی نیشتمانی بۆ خۆشبژێویی گشتی

٢.١. داهاتی گشتیی دەوڵەت، بەتایبەتی ئەو داهاتانەی لە باج و سامانە نەتەوەییەکانەوە بەدەست دێن، بە شێوەیەکی ڕووەن و کارا بۆ ئەم ئامانجانەی خوارەوە تەرخان دەکرێت:

ئا. دابینکردنی ڕاژەداریی گشتییە بنەڕەتییەکان بە چلۆنایەتیی بەرز، وەک پەروەردەیەکی بێبەرامبەر و پێشکەوتوو، پەرگاڵێکی تەندروستیی گشتگیر و ژێرخانێکی مۆدێرن.

ب. پتەوکردنی پەرگاڵی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ پشتیوانیکردن لە چینی ناوەند، خانەنشینان و ئەو توێژانەی کە پێویستیان بە یارمەتیی تایبەتە، بە ئامانجی دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان.

پ. کەمکردنەوەی جیاوازیی ئابووریی نێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و دابینکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ گشت شارۆمەندان.

سێیەم: پەرگاڵی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی گشتگیر

٣.١. دەوڵەت پەرگاڵێکی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی گشتگیر دادەمەزرێنێت بۆ پاراستنی شارۆمەندان لەبەرامبەر بێکاری، نەخۆشی، پەککەوتن و لە کاتی خانەنشینیدا.

٣.٢. ئامانجی ئەم پەرگاڵە مسۆگەرکردنی ژیانێکی شایستە و پاراستنی شکۆی مرۆڤە لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا.

چوارەم: ڕوونایەتی و لێپرسینەوەی دارایی

٤.١. گشت داهات و خەرجییەکانی دەوڵەت دەبێت بە تەواوی ڕووەن بن و بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکرێن.

٤.٢. ئەم بوارە دەکەوێتە ژێر چاودێریی وردی دامەزراوەی باڵای چاودێریی دارایی و دەسەڵاتی قانوونداناندە.

٤.٣. هەر جۆرە بەکارهێنانێکی سامانی گشتی بۆ بەرژەوەندیی تایبەت، بە تاوانی گەندەڵیی نیشتمانی هەژمار دەکرێت و سزای توندی قانوونیی لەسەر دەبێت.

بەندی ٩٤: پاراستنی ئابووریی نەتەوەیی

سنووره دەستوورییەکانی چالاکیی ئابووری دیاری دەکرێن و ئەو کردەوانە پێناسە دەکرێن کە بە تاوانی قورس دژی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی گشتی دادەنرێن. بنەمای سەرەکی ئەوەیە کە ئازادیی ئابووری لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتیی نیشتمانیدا ڕایی دەکرێت.

یەکەم: سنووره بنەڕەتییەکانی چالاکیی ئابووری

١.١. ئازادیی چالاکیی ئابووری بەندە بە پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت و کۆمەڵگاوە. هەر جۆرە چالاکییەکی ئابووری کە ببێتە هۆی زیانگەیاندنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە یەکێک لەم بوارانەی خوارەوە، بە توندی نەهێڵراوە و بە تاوان هەژمار دەکرێت:

ئ. ئاسایشی نەتەوەیی: هەر چالاکییەکی ئابووری کە ببێتە هۆی کەوتنی کەرتە ستراتیژییەکانی وڵات (وەک وزە، ئاو، پەیوەندییەکان، پەرگاڵی بانکی و پیشەسازیی بەرگری) بۆ ژێر کۆنترۆڵی هێزی بیانیی دوژمنکار، یان دروستکردنی پشتبەستنێکی ستراتیژی کە سەروەریی نەتەوەیی بخاتە مەترسییەوە.

ب. تەندروستیی گشتی: بەرهەمهێنان، هاوردەکردن، یان بازرگانیکردن بە هەر کاڵا، خۆراک، یان دەرمانێکی ساختە و چلۆنایەتی نزم کە زیان بە تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی شارۆمەندان بگەیەنێت، یان هەر چالاکییەک کە بە شێوەیەکی سیستماتیک ببێتە هۆی تێکدانی ئارامی و سەقامگیریی دەروونیی کۆمەڵگا.

پ. ژینگەی کوردستان: هەر چالاکییەک کە ببێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگیی ئیکۆلۆژی، لەناوچوونی فرەچەشنیی بایۆلۆژی، یان پیسکردنی خاک، ئاو و هەوای کوردستان بە شێوەیەکی نەگەڕاوە.

دوویەم: ڕێنەدراوکردنی بەکارهێنانی ئابووری بۆ کاری دژە-نیشتمانی

٢.١. بەکارهێنانی توانا و دامەزراوە ئابوورییەکان وەک ئامرازێک بۆ لاوازکردنی دەوڵەت، بە ناپاکییەکی گەورە دادەنرێت. بە تووندی نەهێڵراوە کە کۆمپانیا و دامەزراوە ئابوورییەکان یەکێک لەم کارانە ئەنجام بدەن:

ئا. پاڵپشتیی دارایی دوژمن: پاڵپشتیکردنی دارایی یان لۆجستیکیی هەر گرووپ، پارت، یان لایەنێکی ناوخۆیی یان دەرەکی کە دژایەتیی سەروەریی نەتەوەیی و بەرژەوەندییەکانی کۆماری کوردستان دەکات.

ب. کارکردن وەک پاشکۆی ئابووریی بیانی: کارکردن وەک پاشکۆی ئابووری یان ئامرازی تەنگەتاوکردن لەپێناو دەوڵەتێکی بیانی دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان.

پ. تێکدانی ئابووریی ناوخۆ: ئەنجامدانی کردەوەی ئابووریی تێکدەرانە بە مەبەستی دروستکردنی قەیرانی ئابووری، تێکدانی بازاڕ، یان لاوازکردنی بەهای دراوی نیشتمانی.

سێیەم: بەرپرسیارێتی و سزای قانوونیی

٣.١. هەر کۆمپانیایەک، دامەزراوەیەک، یان تاکێک کە یەکێک لەو بنەمایانەی لەم بەندەدا هاتووە پێشێل بکات، ڕووبەڕووی تووندترین سزای قانوونیی دەبێتەوە.

٣.٢. بەرپرسیارێتیی قانوونیی هەم خودی کۆمپانیاکە (وەک کەسایەتیی قانوونیی) و هەم خاوەن و بەڕێوەبەرە سەرەکییەکانی (وەک کەسایەتیی سروشتی) دەگرێتەوە.

٣.٣. سزاکان دەکرێت هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کار، دەستبەسەراگرتنی تەواوی سامان و ملْک، و دادگاییکردنی خاوەن و بەڕێوەبەرانی بە تاوانی قورسی دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی لەخۆبگرێت.

دەروازەی دەیەم :پەروەردە، زانست، کولتوور و ڕاگەیاندن

پەروەردە، زانست، کولتوور و ڕاگەیاندن لە کۆماری کوردستاندا، لە ڕاژەداریيەکی گشتیی ڕووت تێدەپەڕن و وەک کۆڵەکە ستراتیژییەکانی بنیاتنانی ئاوەز و ویژدانی نەتەوەیی پێناسە دەکرێن. ئەم دەروازەیە نەخشەی ئەو پرۆسە مێژوویيە دادەڕێژێ کە ئامانجی گۆڕینی شارۆمەندە بۆ "شارۆمەندی خاوەن شوناس"؛ تاکێک کە لە قووڵایی ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی خۆی تێگەیشتووە و بە ویستمەندییەکی پۆڵاییەوە پابەندی پاشەڕۆژی نەتەوەیە. لێرەدا، پەروەردە وەک کارگەی پێگەیاندنی سەرمایەی مرۆیی، زانست وەک ئامرازی مسۆگەرکردنی باڵادەستیی تەکنەلۆژی و ئابووری، کولتوور وەک قەڵای پاراستنی شوناس، و ڕاگەیاندن وەک کەناڵی ستراتیژیی نواندنی ویستمەندیی نەتەوەیی و پارێزەری ڕاستەوایی جێگیر دەکرێن. ئەم چوار بوارە پێکەوە پەڕگاڵێکی یەکگرتووی "سەربەخۆیی واتایی" پێکدەهێنن، تاوەکوو کوردستان نەک تەنیا لە ڕووی وارگێڕییەوە، بەڵکوو لە ڕووی هزری، زانستی و کولتووریيەوە خاوەنی ویستمەندیی سەربەخۆی خۆی بێت و شایستەی ئەو سپاردە مێژوویيە بێ کە ئەم دەستوورە لە ئەستۆی نەتەوەی ناوە.

بەندی ٩٥: بنەما و ئامانجە ستراتیژییەکان بۆ پەروەردە، کولتور و زانست

ئەم بەندە بنەما بنەڕەتی و ئامانجە ستراتیژییە باڵاکانی دەوڵەت لە بوارەکانی پەروەردە، زانست و کولتووردا دادەڕێژێت، کە وەک کۆڵەکەی سەرەکیی بنیاتنانی داهاتووی کوردستان هەژمار دەکرێن.

یەکەم: بنەمای ستراتیژی و ڕۆڵی پەروەردە

١.١. دەوڵەت دان بەوەدا دەنێ کە هێزی ڕاستەقینەی نەتەوە لە بنیاتنانی سەرمایەی مرۆیی خاوەن ئاوەزێکی تەندروست، داهێنەر و پابەند بە شوناسی نەتەوەییەوە هەڵدەقوڵێت.

١.٢. پەروەردە، زانست، کولتوور و ڕاگەیاندن، ئامرازی ستراتیژیی دەوڵەتن بۆ:

ئ. دارشتنی شارۆمەندێک کە خاوەنی کەسایەتییەکی هاوسەنگ، شوناسێکی پتەو و ئاوەزێکی ڕەخنەگرانە بێت.

ب. چەسپاندنی دڵسۆزیی بێ مەرج بۆ دەستوور، نیشتمان و بەها باڵاکانی کۆمار.

پ. مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی هزری، زانستی و تەکنەلۆژی وەک بناغەی سەربەخۆیی ڕاستەقینە.

ت. دڵنیابوون لەوەی کە نەوەکانی داهاتوو بە ویستمەندییەکی پۆڵاینەوە پارێزگاری لە بوون و شکۆی کوردستان دەکەن.

دووەم: ئامانجی باڵا: کۆمەڵگای زانین-تەوەر

٢.١. ئامانجی باڵای وارگێڕیی دەوڵەت لەم بوارانەدا، بنیاتنانی "کۆمەڵگایەکی زانین-تەوەر"ـە.

٢.٢. ئەم کۆمەڵگایە لەسەر ئەم کۆڵەکە بنەڕەتییانەی خوارەوە دادەمەزرێت:

ئ. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە: پێگەیاندنی تاکێک کە توانای شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بڕیاردانی سەربەخۆی هەبێت.

ب. داهێنان وەک کولتوور: گۆڕینی داهێنان لە کردەیەکی تاکەکەسییەوە بۆ کولتوورێکی گشتی کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕەنگ بداتەوە.

پ. ڕێزگرتن لە بەها باڵاکان: چەسپاندنی ڕێزگرتن لە بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی و ئەو بەها نەتەوەییانەی کە لەم دەستوورەدا چەسپاون.

بەندی ٩٦: پەرگاڵی پەروەردەی نیشتمانی

پەروەردە وەک ئامرازی سەرەکیی بنیاتنانی سەرمایەی مرۆیی و داڕشتنی ئاوەزیی نەتەوە، یەکێکە لە کۆڵەکە ژینەکییەکانی کوردستان. ئەم بەندە بنەما دەستوورییەکانی پەرگاڵێکی پەروەردەیی مۆدێرن و یەکگرتوو دادەڕێژێت.

یەکەم: مافی خوێندن و بنەما گشتییەکان

١.١. خوێندن مافێکی بنەڕەتیی گشت شارۆمەندانە و ئەرکی دەوڵەتە دابینکردنی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و یەکسان.

١.٢. خوێندن لە گشت دامەزراوە پەروەردەییە دەوڵەتییەکاندا، لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا کۆتاییهێنانی خوێندنی باڵا بە هەموو ئاستەکانییەوە، بێبەرامبەرە.

١.٣. خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتییەوە تا کۆتاییهێنانی قۆناغی ئامادەیی، بۆ گشت شارۆمەندان ناچارییە.

١.٤. دەوڵەت ئەرکدارە بە دابینکردنی ژێرخانی پێویست، لەوانە بینای مۆدێرن، تاقیگەی زانستی، کتێبخانە و تەکنەلۆژیای هاوچەرخ، بۆ هەموو دامەزراوە پەروەردەییەکان لە سەرانسەری وڵاتدا.

١.٥. قانوون ڕێکارەکانی پێویست بۆ مسۆگەرکردنی پابەندبوون بە خوێندنی ناچاری دیاری دەکات و بەرپرسیارێتیی قانوونیی بۆ ئەو دایک و باوک یان سەرپەرشتیارانە دادەنێ کە ڕێگرن لە خوێندنی منداڵەکانیان.

١.٦. دەوڵەت پابەندە بە دابینکردنی گواستنەوەی بێبەرامبەر بۆ ئەو خوێندکارانەی کە لە ناوچە دوورەدەستەکاندا نیشتەجێن.

١.٧. هیچ شارۆمەندێک نابێت بەهۆی هەژاری، کەمتوانایی جەستەیی، یان شوێنی جوگرافییەوە لە مافی خوێندن بێبەش بکرێت.

دووەم: کۆڵەکەکانی پڕۆگرامی خوێندنی نیشتمانی

٢.١. پڕۆگرامی خوێندنی نیشتمانی لەسەر بنەمای بنیاتنانی کەسایەتییەکی هاوسەنگ، داهێنەر و خاوەن شوناسی نەتەوەیی دادەڕێژرێت و لەسەر ئەم کۆڵەکە بنەڕەتییانە دادەمەزرێت:

ئا. پەروەردەی نەتەوەیی:

- خوێندنی مێژووی کوردستان، جوگرافیاکەی و خەباتی نەتەوەی کورد لە پێناوی دەوڵەتی خاوەن سەروەریدا، بەشێکی بنەڕەتی و ناچاریی پڕۆگرامی خوێندنە لە هەموو قۆناغەکاندا.
- ئامانج لەم پەروەردەیە چەسپاندنی هەستی شانازیی نەتەوەیی، وەفاداری بۆ دەوڵەت و نیشتمان، و تێگەیشتنە لەو قوربانییانەی کە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دراون.
- ناساندنی هێما نیشتمانییەکان وەک ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و ڕێزگرتن لێیان، بەشێکە لەم پڕۆسەیە.

ب. زمانی کوردی:

- زمانی کوردی، زمانی سەرەکی، فەرمی و تاکانەی خوێندنە لە هەموو قۆناغەکانی پەروەردەی گشتیدا.
- گرنگیی تایبەت دەدرێت بە فێرکردنی ستانداردی زمانی یەکگرتووی کوردی، هاوتەریب لەگەڵ ناساندن و پاراستنی فرەچەشنیی زاراوەکان وەک سامانێکی نەتەوەیی.

پ. زانست و تەکنەلۆژیا:

- فێرکردنی زانستە بنەڕەتییەکان (فیزیا، کیمیا، بایۆلۆژی)، بیرکاری و بنەماکانی تەکنەلۆژیای زانیاری، بەشێکی بنچینەیی پڕۆگرامەکەیە.
- خوێندنی بنەماکانی کۆدنووسی و بیرکردنەوەی ژمێریاری لە قۆناغە سەرەتاییەکانەوە دەست پێدەکات بۆ ئامادەکردنی نەوەکان بۆ ئابووریییەکی زانین-تەوەر.

ت. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و فەلسەفە:

- پرۆگرامی خوێندن دەبێت بە شێوازێک دابڕێژرێ کە هانی خوێندکاران بدات بۆ پرسیارکردن، شیکردنەوەی لۆژیکی و بیرکردنەوەی سەربەخۆ، و دوورکەوتنەوە لە لەبەرکردنی بێ ئامانج.
- وانەی فەلسەفە و لۆژیک وەک بەشێکی سەرەکی لە قۆناغی خوێندنی ئامادەییدا دەخوێندرێت.

ج. بەها مرۆیی و دیموکراتییەکان:

- پرۆگرامی خوێندن دەبێت ڕێزگرتن لە بەهاکانی مافی مرۆڤ، یەکسانیی ڕەگەزی، دادپەروەری، لێبوردەیی و ڕێزگرتن لە جیاوازییە ئایینی و کولتوورییەکان لەخۆبگرێت.
- پەروەردەی ژیاری و ناساندنی ئەرک و مافەکانی شارۆمەندی، بەشێکی دانەبڕاوی پرۆگرامەکەیە.

سێیەم: چلۆنایەتی، یەکسانی و پێگەی مامۆستا

٣.١. دەوڵەت بە دابینکردنی چلۆنایەتیی خوێندنی یەکسان و باڵا لە گشت ناوچەکانی کوردستاندا، بەبێ هیچ جیاکارییەکی شار و گوند، پابەندە.

٣.٢. قانوون پێگەی پیشەیی و ماف و ئەرکەکانی مامۆستایان دیاری دەکات و شکۆی پیشەکەیان دەپارێزێت.

٣.٣. دەوڵەت ئەرکدارە بە دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ مامۆستایان کە لەگەڵ گرنگیی ڕۆڵیاندا بگونجێت.

٣.٤. دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوەی مامۆستایان تەنیا لەسەر بنەمای شایستەیی زانستی و توانای پیشەیی دەبێت.

٣.٥. دەوڵەت بە دابینکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی بێپسانەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پیشەیی مامۆستایان پابەندە.

٣.٦. هەر جۆرە دەستێوەردانێکی وارگێڕی یان پارتایەتیی لە کاروباری دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کەرتی پەروەردەدا، بە پێشێلکاریی دەستووری هەژمار دەکرێت.

٣.٧. دانانی ستانداردی نیشتمانی بۆ هەڵسەنگاندنی کارامەیی مامۆستایان و چلۆنایەتیی خوێندنگەکان، ئەرکێکی دەوڵەتە.

٣.٨. نابێت ژمارەی خوێندکاران لە هیچ پۆلێکدا لەو ستاندارە نێودەوڵەتییانە تێپەڕ بکات کە بۆ مسۆگەرکردنی چلۆنایەتیی فێرکردن پێویستن.

چوارەم: پەروەردەی جەستەیی و تەندروستیی گشتی

٤.١. دەوڵەت دان بە گرنگیی تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی خوێندکاراندا دەنێت وەک بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسەی پەروەردە.

٤.٢. وانەی پەروەردەی وەرزشی و چالاکیی جەستەیی، بەپێی پرۆگرامێکی زانستی و سیستماتیک، لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بەشێکی ناچارییە.

٤.٣. هەر خوێندنگەیەک دەبێت خاوەنی ژێرخانی وەرزشیی پێویست بێت.

٤.٤. دەوڵەت بە دابینکردنی ڕاوێژکاریی دەروونی و چاودێریی تەندروستی لە هەموو خوێندنگەکاندا، لە ڕێگەی تیمی پسپۆڕی پزیشکی و دەروونناسییەوە، پابەندە.

٤.٥. ئامانج لەم ڕاژانە یارمەتیدانی گەشەی سۆزداری، کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشە دەروونییەکانی خوێندکارانە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا.

٤.٦. پرۆگرامی هۆشیاریی تەندروستی سەبارەت بە خۆراکی تەندروست، مەترسییەکانی شتە هۆشبەرەکان و تەندروستیی سێکسی، بەشێک دەبێت لە پرۆگرامی خوێندن بە شێوازێک کە لەگەڵ تەمەنی خوێندکاراندا بگونجێت.

پێنجەم: پێگەیاندنی نوخبە و توانستە نیشتمانییەکان

٥.١. پەرگاڵی پەروەردە ئەرکی سەرەکیی بریتییە لە ناسینەوە و پێگەیاندنی ئەو تاکە هەڵکەوتووانەی کە دەبنە سەرمایەی ستراتیژیی داهاتووی نەتەوە.

٥.٢. دەوڵەت، لە ڕێگەی "بەرنامەی نیشتمانی بۆ پێگەیاندنی نوخبە"، خوێندنگە و ئەکادیمیای تایبەتمەند دادەمەزرێنێت بۆ ئەو خوێندکارانەی کە لە بوارەکانی زانستی ورد، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، ستراتیژیی سەربازی و هونەری دەوڵەتداریدا توانایەکی بێهاوتایان هەیە.

٥.٣. ئامانجی ئەم دامەزراوانە، ئامادەکردنی نەوەیەکی نوێیە لە سەرکردە و پسپۆڕی خاوەن وەفاداریی ڕەها، کە بتوانن لە داهاتوودا ئەرکی پاراستن و بەهێزکردنی کۆمار بگرنە ئەستۆ.

٥.٤. پەرگالّی خوێندنی بالّا بە شێوازێک دادەڕێژرێ کە ڕێچکەی تایبەت بۆ پەرەپێدانی ئەم توانستە نایابانە لەخۆبگرێت.

٥.٥. قانوون میکانیزمی دیاریکردن و پشتیوانیکردنی ئەم خوێندکارانە لە قۆناغە سەرەتاییەکانەوە تا خوێندنی بالّا دیاری دەکات.

٥.٦. دەوڵەت ئەرکدارە بە دابینکردنی هەموو پێداویستییەکی شتەکی و زانستی بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە ئەم توانستە نیشتمانییانە بە فیڕۆ نەچن.

شەشەم: چەسپاندنی بەها نیشتمانییەکان و ئەرکی شارۆمەندی

٦.١. پرۆگرامی پەروەردەی نیشتمانی لەسەر بنەمای چەسپاندنی ئەو بەها بالّایانە دادەڕێژرێ کە یەکپارچەیی و هێزی نەتەوە مسۆگەر دەکەن.

٦.٢. ئامانجی سەرەکیی پەروەردە، بنیاتنانی شارۆمەندێکە کە دان بەوەدا دەنێ کە مافەکانی لە چوارچێوەی ئەرکەکانیدا بەرامبەر بە دەوڵەت واتا وەردەگرن.

٦.٣. پرۆگرامی خوێندن دەبێت بە شێوەیەکی سیستماتیک کار لەسەر چەسپاندنی ئەم بنەمایانە بکات:

ئا. وەفاداریی ڕەها بۆ دەستوور و کۆماری کوردستان وەک تاکە چوارچێوەی پاراستنی بوونی نەتەوە.

ب. ئامادەیی بۆ قوربانیدان لە پێناوی پاراستنی خاک و سەروەریی دەوڵەتدا.

پ. یەکێتیی نەتەوەیی وەک بەهایەکی بالّاتر لە هەر ناسنامەیەکی لاوەکیی دیکە.

ت. دیسیپلین و ڕێزگرتن لە قانوون و دامەزراوەکانی دەوڵەت.

ج. بەرپرسیارێتیی تاک بەرامبەر بە کۆمەڵگای نیشتمانی.

٦.٤. پەرگالّی پەروەردە ئەرکدارە بە بەرەنگاربوونەوەی هەر ئایدۆلۆژیایەک کە هانی تاکگەرایی لەسەر شانی بەرژەوەندیی گشتی، پەرتبوون، یان لاوازکردنی متمانە بە دەوڵەت بدات.

٦.٥. هەر گوتارێک کە لەناو دامەزراوە پەروەردەییەکاندا دژایەتیی بنەما نەگۆڕەکانی دەوڵەت بکات، بە کردەوەی دژە-نیشتمانی هەژمار دەکرێت.

حەوتەم: پەرگاڵی هەڵسەنگاندنی نیشتمانی بۆ مسۆگەرکردنی ئامانجە ستراتیژییەکان

٧.١. پەرگاڵی پەروەردە دەکەوێتە ژێر هەڵسەنگاندنی بێوچانی دەوڵەتەوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەرکە ستراتیژییەکانی خۆی لە پێگەیاندنی نەوەیەکی نیشتمانپەروەر و بەتوانادا ڕادەپەڕێنێت.

٧.٢. بەپێی قانوون، "ئەنجومەنی باڵای ستراتیژیی پەروەردەیی و هەڵسەنگاندن" دادەمەزرێت.

٧.٣. ئەرکی ئەم ئەنجومەنە بریتییە لە:

ئ. داڕشتنی ستراتیژی درێژخایەنی پەروەردەیی کە لەگەڵ ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا هاوتەریب بێت.

ب. دانانی پێوەری نیشتمانی بۆ هەڵسەگاندنی کارایی خوێندنگە و زانکۆکان لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و نیشتمانییەکاندا.

پ. چاودێریکردنی بێپسانەوەی ناوەڕۆکی پڕۆگرامەکانی خوێندن.

ت. پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دەوری بە سەرکۆمار و مەکۆی نیشتمانی.

٧.٤. ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکان دەبێتە بنەما بۆ داڕشتنی وارگێڕیی چاکسازی و دابەشکردنی بودجە.

٧.٥. ئەم ئەنجومەنە دەسەڵاتی پێشنیارکردنی ڕاگرتنی مۆڵەتی هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی هەیە کە لە ئامانجە نیشتمانییەکان لابدات.

٧.٦. کارایی پەرگاڵەکە نەک تەنیا بە پێوەری زانستی، بەڵکو بە پێوەری پابەندبوونی نیشتمانیی دەرچووانیش هەڵدەسەگێنرێت.

هەشتەم: پەروەردەی نادەوڵەتی لەژێر چاودێریی ڕەهای دەوڵەتدا

٨.١. دامەزراندنی دامەزراوەی پەروەردەیی نادەوڵەتی سەربەشێکە کە لەلایەن دەوڵەتەوە و بەپێی قانوون دەبەخشرێت.

٨.٢. هەر دامەزراوەیەکی نادەوڵەتی ئەرکدارە بە وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی و دەبێت بە تەواوی پابەندی ئەم مەرجە بنەڕەتییانە بێت:

ئا. پەیڕەوکردنی تەواوی پرۆگرامە نیشتمانییەکانی پەیوەست بە زمان، مێژوو و پەروەردەی نەتەوەیی.

ب. کارکردن لە چوارچێوەی ئەو بەها و بنەمایانەی کە لەم دەستوورەدا چەسپاون.

پ. پابەندبوون بەو ستانداردانەی کە لەلایەن "ئەنجومەنی باڵای ستراتیژیی پەروەردەیی"یەوە دیاری دەکرێن.

٨.٣. بەکارهێنانی هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بۆ پەرەپێدانی گوتاری دژە-نیشتمانی، هاندانی توندڕەوی، یان هەر ئایدۆلۆژیایەک کە زیان بە یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی بگەیەنێت، بە تاوان دژی ئاسایشی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت.

٨.٤. شالیارگەی پەیوەندیدار دەسەڵاتی چاودێریکردنی بێوچان و بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی بەسەر هەموو دامەزراوە نادەوڵەتییەکاندا هەیە.

٨.٥. لە باریی هەر سەرپێچییەکی بنەڕەتیدا، دەوڵەت دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی مۆڵەت و داخستنی دامەزراوەکەی هەیە.

٨.٦. قانوون بە وردی چوارچێوەی کارکردن، سەرچاوەی دارایی، و میکانیزمی لێپرسینەوەی ئەم دامەزراوانە دیاری دەکات.

بەندی ٩٧: خوێندنی باڵا، توێژینەوەی زانستی و باڵادەستیی تەکنەلۆژی

خوێندنی باڵا، توێژینەوەی زانستی و تەکنەلۆژی، وەک کۆڵەکەی بنەڕەتیی ئاسایشی نەتەوەیی و بنچینەی سەروەریی درێژخایەن، لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیوانیی بێسنووریان لێدەکرێت. دەوڵەت ئەرکدارە بە گۆڕینی کۆماری کوردستان لە بەکاربەرێکی زانستەوە بۆ بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری زانست و تەکنەلۆژیا.

یەکەم: بنەما و ئامانجە ستراتیژییەکان

١.١. ئەرکی دەستووریی دەوڵەتە کە لە ڕێگەی پەرگاڵی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییەوە، "کۆمەڵگایەکی زانین-تەوەر" بنیات بنێت و بگات بە "باڵادەستیی تەکنەلۆژیی نیشتمانی"، کە

بریتییە لە توانای دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردنی چارەنووسی تەکنەلۆژیی خۆی بەبێ پشتبەستنی ستراتیژی بە هێزی دەرەکی.

١.٢. گشت وارگێڕی و پلانێکی نیشتمانی لە بوارەکانی ئابووری، پیشەسازی و بەرگریدا، دەبێت لەگەڵ ئامانجی بەدیهێنانی باڵادەستیی تەکنەلۆژیدا هاوتەریب بێت.

دوویەم: سەربەخۆیی زانکۆ و ئازادیی ئەکادیمی

٢.١. زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا، وەک دامەزراوەی دەستووری، خاوەنی کەسایەتیی قانوونیی سەربەخۆ و سەربەخۆیی تەواوی ئەکادیمی، کارگێڕی و داراییں کە بە قانوون ڕێکدەخرێت.

٢.٢. پانتایی زانکۆکان پێشێلهەڵنەگر و پارێزراوە. ناشێت هیچ هێزێکی چەکدار بەبێ ڕەزامەندیی فەرمیی سەرۆکایەتیی زانکۆ بچێتە ناویەوە، مەگەر بە فەرمانی دادوەری و لە دۆخی ڕووداوی تاوانێکی ئاشکرادا.

٢.٣. ئازادیی توێژینەوەی زانستی، وانەوتنەوە و دەربڕینی بیروڕای ئەکادیمی بۆ مامۆستایان و خوێندکاران لە چوارچێوەی قانوون و ڕەوشتی ئەکادیمیدا پارێزراوە.

٢.٤. زانکۆکان لەژێر هیچ جۆرە زەبرێکی وارگێڕی، ئایدیۆلۆژی یان بازرگانییدا نابن. سەرکردایەتیی زانکۆکان لەلایەن ئەنجومەنی زانستیی خۆیانەوە و بەپێی میکانیزمێکی دیموکراتی هەڵدەبژێردرێن.

٢.٥. هەر کردەوەیەک کە سەربەخۆیی زانکۆکان پێشێل بکات، بە پێشێلکاریی دەستووری هەژمار دەکرێت.

سێیەم: ئاڕاستەکردنی ستراتیژی و توێژینەوەی پێشەنگ

٣.١. بەپێی قانوون، "کۆڕی نیشتمانی بۆ زانست و تەکنەلۆژیا" دادەمەزرێت. ئەم کۆڕە ئەرکی داڕشتنی "بەرنامەی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی ستراتیژی"، چاودێریکردنی ڕاییکردنی و تەرخانکردنی بودجەی پێویستی لە ئەستۆدایە.

٣.٢. یەکەمایەتیی ڕەها دەدرێت بەو بوارانەی کە ڕاستەوخۆ ڕاژە بە ئاسایشی نەتەوەیی و گەشەی ئابووریی ڕاوەستاو دەکەن، لەوانە:

ئا. تەکنەلۆژیای بەرگریی پێشکەوتوو و ئاسایشی ئەلیکترۆنی، بۆ مسۆگەرکردنی بااڵدەستیی سەربازی و پاراستنی ژێرخانی دیجیتاڵی.

ب. ژیریی دەستکرد، زانستی داتا و ڕۆبۆتیک، وەک بزوێنەری شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی.

پ. بایۆتەکنەلۆژی، ئەندازیاریی جینات و ئاسایشی خۆراک، بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی خۆراک و پێشەنگایەتی لە بواری پزیشکیی مۆدێرندا.

ت. وزە خۆنوێبووەکان و تەکنەلۆژیای پاراستنی ژینگە، بۆ دابینکردنی ئاسایشی وزە و چارەسەرکردنی قەیرانی کەشوهەوا.

ج. زانستی بۆشایی ئاسمان و پەیوەندییەکان، بۆ بەشداریکردن لە کێبڕکێی جیهانیی داهاتوودا.

٣.٣. دەوڵەت پابەندە بە دابینکردنی ئەو بودجە و ژێرخانەی کە بۆ سەرخستنی توێژینەوە لەم کەرتە پێشەنگانەدا پێویستن.

چوارەم: بنیاتنانی ژینگەی نیشتمانیی داهێنان

٤.١. دەوڵەت ئەرکدارە بە بنیاتنانی ژینگەیەکی نیشتمانیی داهێنان، بۆ گۆڕینی توێژینەوەی ئەکادیمی بۆ بەرهەمی بازرگانی و هێزی ئابووری.

٤.٢. ئەم ئەرکە لە ڕێگەی ئەم ڕێکارانەوە ڕایی دەکرێت:

ئا. دامەزراندنی پارکی زانستی و تەکنەلۆژی لە نزیک زانکۆکان، کە دەوڵەت ژێرخانی سەرەتایی بۆ دابین دەکات، وەک ناوەندی هاوبەشیی نێوان توێژەران و کەرتی تایبەت.

ب. دامەزراندنی "سندوقی نیشتمانیی وەبەرهێنانی ئەزموونی"، کە لەلایەن دەستەیەکی سەربەخۆی پسپۆڕانەوە بەڕێوە دەبرێت، بۆ وەبەرهێنان لە کۆمپانیا نوێباوە تەکنەلۆژییەکان و بیرۆکە داهێنەرانەکاندا.

پ. دەرکردنی قانوونی تایبەت بۆ پێدانی داشکاندنی باج و ئاسانکاریی کارگێڕی بەو کۆمپانیایانەی کە لە بواری توێژینەوە و گەشەپێداندا وەبەرهێنان دەکەن.

٤.٣. دەوڵەت پابەندە بە دارشتنی چوارچێوەیەکی قانوونیی ئاسانکار بۆ خێراکردنی پڕۆسەی دامەزراندن و گەشەکردنی کۆمپانیا نوێباوەکان.

پێنجەم: چلۆنایەتی، شایستەیی و ستانداردی نیشتمانی

٥.١. بنەمای ڕەهای شایستەیی:

ئ. وەرگرتن لە گشت دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، دامەزراندنی مامۆستایان، پێدانی پلەی زانستی و وەرگرتنی هەر پۆستێکی ئەکادیمی یان کارگێڕی، تەنیا و تەنیا لەسەر بنەمای شایستەیی ڕەها، لێهاتوویی زانستی و توانای پیشەیی دەبێت.

ب. هەر جۆرە دەستێوەردانێکی وارگێڕی، پارتایەتیی، کەسی، یان هەر شێوازێکی دیکەی خزمخزمێنە و واسیتەکاری لەم پڕۆسانەدا، بە پێشێلکارییەکی ڕاستەوخۆی ئەم دەستوورە و تاوانێکی گەورە دژی بنەماکانی دادپەروەریی نیشتمانی هەژمار دەکرێت.

پ. قانوون سزای توند بۆ هەر کەسێک دیاری دەکات کە ئەم بنەمایە پێشێل بکات، جا چ بەرپرسێکی دەوڵەتی بێت یان هەر لایەنێکی دیکە.

٥.٢. دەستەی نیشتمانی بۆ دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشینی ئەکادیمی:

ئ. بۆ مسۆگەرکردنی چلۆنایەتی باڵا و پاراستنی پەرگاڵی خوێندنی باڵا لە دابەزینی ئاستی زانستی، "دەستەی نیشتمانی بۆ دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشینی ئەکادیمی" وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی سەربەخۆ دادەمەزرێت.

ب. ئەم دەستەیە خاوەنی کەسایەتیی قانوونیی و سەربەخۆیی تەواوی کارگێڕی و دارایی و تەنیا لەبەرامبەر دەستوور و قانووندا وەڵامدەرەوەیە.

٥.٣. ئەرک و دەسەڵاتەکانی دەستەی نیشتمانی:

ئ. دارشتنی ستانداردی نیشتمانی: دانانی ستانداردی ورد و پێشکەوتووی نیشتمانی بۆ هەموو لایەنەکانی خوێندنی باڵا، لەوانە:

- پڕۆگرامەکانی خوێندن و ناوەڕۆکی وانەکان.
- شایستەیی زانستیی مامۆستایان و مەرجەکانی دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوەیان.
- ژێرخانی زانستی و تاقیگە و کتێبخانەکان.
- ڕێژەی مامۆستا بە خوێندکار.
- چلۆنایەتیی توێژینەوەی زانستی و بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان.

ب. پڕۆسەی متمانەبەخشین: هەڵسەنگاندنی دەوری و سیستماتیکی گشت زانکۆ، کۆلێژ و پەیمانگەکان، چ دەوڵەتی و چ نادەوڵەتی، و پێدانی متمانەی ئەکادیمیی فەرمی بەوانەی کە ستانداردەکان پێک دەهێنن.

پ. دەسەڵاتی قانوونیی: بڕیارەکانی ئەم دەستەیە کۆتایی و پابەندکەرن. دەستەکە دەسەڵاتی دەرکردنی ئەم بڕیارانەی هەیە:

- ڕاگرتنی وەرگرتنی خوێندکاری نوێ لە هەر بەش یان کۆلێژێک کە ستانداردەکان پێک ناهێنێت.
- هەڵپەساردنی کاتیی مۆڵەتی دامەزراوەکە تا چاکسازیی پێویست ئەنجام دەدات.
- هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکیی مۆڵەتی هەر دامەزراوەیەک کە بە شێوەیەکی درێژەدار سەرپێچی بکات یان چلۆنایەتییەکەی بە شێوەیەکی مەترسیدار دابەزێبێت.

ت. ڕوونایەتی و ڕاپۆرتی گشتی: دەستەکە پابەندە بە بڵاوکردنەوەی ساڵانەی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی گشت دامەزراوەکان بۆ ڕای گشتی، بۆ ئەوەی خوێندکاران و کۆمەڵگا لە ئاستی زانستیی دامەزراوەکان ئاگادار بن.

شەشەم: کردنەوەی نێودەوڵەتی و ستراتیژیی "مێشک-ڕاکێشان"

٦.١. ئامانجی ستراتیژی: ئامانجی دەستووریی دەوڵەت، گۆڕینی زانکۆکانی کوردستانە بۆ ناوەندی ڕاکێشانی باشترین مێشک و توانستە زانستییەکانی جیهان، بە ئامانجی بەکارهێنانیان لە ڕاژەی گەشەی نەتەوەیی و بااڵدەستیی تەکنەلۆژیدا.

٦.٢. بەرنامەی نیشتمانی بۆ ڕاکێشانی توانستە جیهانییەکان:

ئا. دەوڵەت "بەرنامەی نیشتمانی بۆ ڕاکێشانی توانستە جیهانییەکان" دادەڕێژێت. ئامانجی ئەم بەرنامەیە گۆڕینی دیاردەی "دزینی مێشکەکان"ـە بۆ ستراتیژیی "مێشک-ڕاکێشان."

ب. ئەم بەرنامەیە ئەم ڕێکارانە لەخۆدەگرێت:

- "ڤیزای نوخبە": دەرکردنی جۆرێکی تایبەتی ڤیزا بۆ ئەو زانا، توێژەر و خوێندکارە دکتۆرا بلیمەتانەی جیهان کە دەیانەوێت لە کوردستان کار بکەن یان بخوێنن، کە ئاسانکاریی تەواوی هاتن و نیشتەجێبوونیان بۆ دەکات.

- "گرنتی پێشەنگایەتیی جیهانی": تەرخانکردنی گرنتی توێژینەوەی گەورە و خاوەن بودجەی بەرز، کە بە شێوەیەکی کێبڕکێکارانە پێشکەش بە باشترین توێژەرانی جیهان دەکرێت، بەو مەرجەی توێژینەوەکانیان لە دامەزراوەکانی کوردستاندا ئەنجام بدەن.
- "سپەنگەی پرۆفیسۆریی نێودەوڵەتی": دامەزراندنی سپەنگەی ئەکادیمیی تایبەت لە زانکۆکاندا بۆ ڕاکێشانی براوەکانی خەڵاتی نۆبڵ و زانا ناسراوەکانی جیهان بۆ وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردنی توێژینەوە.

٦.٣. بەرنامەی تایبەت بۆ گەڕاندنەوەی پسپۆڕانی دیاسپۆرا:

ئ. هاوتەریب لەگەڵ ڕاکێشانی توانستی جیهانی، "بەرنامەی تایبەت بۆ گەڕاندنەوەی پسپۆڕانی نیشتمانی" دادەڕێژرێت.

ب. ئەم بەرنامەیە هاندانی شتەکیی بێهاوتا، پێدانی پۆستی ئەکادیمیی شایستە، و دابینکردنی ژێرخانی توێژینەوەی پێشکەوتوو بۆ ئەو زانا و پسپۆڕە کوردانەی دەرەوەی وڵات لەخۆدەگرێ کە دەگەڕێنەوە.

پ. قانوون پرۆسەی یەکسانکردنی بڕوانامە بیانییەکان بە شێوەیەکی خێرا و کارا ڕێکدەخات.

حەوتەم: خوێندنی باڵای بێبەرامبەر و پەیمانی نەتەوەیی

٧.١. مافی خوێندنی بێبەرامبەر: دەوڵەت پابەندە بە دابینکردنی خوێندنی باڵای بێبەرامبەر لە گشت زانکۆ دەوڵەتییەکاندا بۆ هەموو ئەو شارۆمەندانەی کە مەرجی شایستەیی زانستییان تێدایە. ئەم مافە تێچووی خوێندن، کرێی تۆمارکردن و بەکارهێنانی دامەزراوە زانستییەکان دەگرێتەوە.

٧.٢. سندوقی نیشتمانیی پشتیوانیی خوێندکاران:

ئ. بەپێی قانوون، "سندوقی نیشتمانی بۆ پشتیوانیی خوێندکاران" دادەمەزرێت.

ب. ئەرکی ئەم سندوقە بریتییە لە پێدانی قەرزی بێ سوودی درێژخایەن و یارمەتیی بژێویی مانگانە بەو خوێندکارانەی کە بەهۆی بارودۆخی ئابووریییەوە پێویستیان بە پشتیوانییە، بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە هیچ بەهرەیەکی نیشتمانی بەهۆی هەژارییەوە بە فیڕۆ ناچێت.

٧.٣. پەیمانی ڕاژەی نیشتمانی:

ئا. لە بەرامبەر مافی خوێندنی بێبەرامبەردا، قانوون دەتوانێت میکانیزمی "پەیمانی ڕاژەی نیشتمانی" دابنێت.

ب. بەپێی ئەم پەیمانە، ئەو دەرچووانەی کە لە خوێندنی بێبەرامبەر سوودمەند بوون، پابەند دەبن بە کارکردن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت یان ئەو کەرتە ستراتیژییانەی کە دەوڵەت دیاری دەکات، وەک بەشێک لە گێڕانەوەی قەرزی نیشتمانی.

هەشتەم: خوێندنی باڵای نادەوڵەتی و چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی

٨.١. دامەزراندنی زانکۆ و ناوەندی خوێندنی باڵای نادەوڵەتی، وەک سەربەشێک کە لەلایەن دەوڵەتەوە و بەپێی قانوون و لەژێر مەرجی زۆر تونددا دەبەخشرێت.

٨.٢. هەر دامەزراوەیەکی نادەوڵەتی ئەرکداڕە بە وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی و دەبێت بە تەواوی پابەندی ئەم مەرجە بنەڕەتییانە بێت:

ئا. پەیڕەوکردنی تەواوی پرۆگرامە نیشتمانییەکانی پەیوەست بە زمان، مێژوو و پەروەردەی نەتەوەیی.

ب. ملکەچبوونی ڕەها بۆ ستاندارد و چاودێریی "دەستەی نیشتمانی بۆ دڵنیایی جۆری."

پ. ڕوونایەتیی تەواوی سەرچاوە داراییەکان و ئاشکراکردنی گشت یارمەتییەکی دەرەکی بۆ دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی.

ت. بەکارهێنانی دامەزراوەکە بۆ پەرەپێدانی هەر ئایدۆلۆژیایەکی دژە-نیشتمانی، تونددڕەوی، یان هەر بیروباوەڕێک کە زیان بە یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی یان ئاسایشی نەتەوەیی بگەیەنێت، بە تاوانێکی قورسی دژ بە پەرگاڵی دەستووری هەژمار دەکرێت.

٨.٣. شالیارگەی پەیوەندیدار و دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی، دەسەڵاتی چاودێریکردنی بێوچان و بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەیان بەسەر هەموو دامەزراوە نادەوڵەتییەکاندا هەیە.

٨.٤. لە دۆخی هەر سەرپێچییەکی بنەڕەتیدا، دەوڵەت دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی مۆڵەت، داخستنی دامەزراوەکە و دەستبەسەراگرتنی سامانی هەیە.

نۆیەم: زمانی زانست و پاراستنی باڵادەستیی هزری

٩.١. زمانی کوردی، زمانی بنەڕەتی، فەرمی و تاکانەی خوێندن، توێژینەوە و گشت باڵاوکراوە ئەکادیمییەکانە لەناو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵای کۆماری کوردستاندا. ئەم بنەمایە سەوداهەڵنەگرە و بەشێکە لە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و باڵادەستیی هزری.

٩.٢. بەپێی ئەم دەستوورە، "دەزگای نیشتمانی بۆ زاراوەسازی و پێشخستنی زمانی کوردی" وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی سەربەخۆ دادەمەزرێت. ئەرکە بنەڕەتییەکانی بریتین لە:

ئا. دارشتن، ستانداردکردن و باڵاوکردنەوەی سیستماتیکی زاراوەی زانستی و تەکنەلۆژیی هاوچەرخ لە هەموو بوارەکاندا.

ب. دروستکردنی گەنجینەی نیشتمانیی دیجیتاڵی بۆ زاراوەکان، کە بە شێوەی کراوە بۆ گشت توێژەر و خوێندکاران بەردەست بێت.

پ. وەرگێڕانی سیستماتیکی ئەو شاکار و سەرچاوە زانستییە بنەڕەتییانەی جیهان کە بناغەی زانستە مۆدێرنەکان پێکدەهێنن.

ت. پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای زمانی کوردی، بەتایبەتی لە بواری ژیریی دەستکرد و پڕۆسەکردنی زمانی سروشتیدا، بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە زمانی کوردی لە شۆڕشی دیجیتاڵیدا دانەبڕێت.

٩.٣. خوێندن و توێژینەوە بە زمانە بیانییە زیندووەکان، تەنیا لە چوارچێوەی پڕۆگرامی تایبەتی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) و لەو بوارانەدا ڕێگەپێدراوە کە ڕاڕە بە ئامانجە ستراتیژییەکانی دەوڵەت دەکەن، وەک پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان یان تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو.

ئا. هەر توێژینەوە یان تێزێک کە بە زمانی بیانی بنووسرێت، دەبێت پوختەیەکی ورد و زانستیی بە زمانی کوردی لەگەڵدا بێت و لە ئەرشیفی نیشتمانیدا تۆمار بکرێت.

ب. دامەزراندنی هەر ناوەندێکی فێرکردنی زمانی بیانی کە لەلایەن دەوڵەتی بیانییەوە پشتیوانی بکرێت، دەکەوێتە ژێر چاودێریی وردی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانییەوە، بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی وەک ئامرازی دزەکردنی کولتووری و وارگێڕی.

٩.٤. دەوڵەت ئەرکدارە بە پشتیوانیکردنی دامەزراندنی گۆڤاری زانستیی نێودەوڵەتیی پێداچوونەوەکراو بە زمانی کوردی، و کارکردن بۆ ناساندن و ئیندێکسکردنیان لە بنکە داتاییە زانستییە جیهانییەکاندا، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی وەک زمانێکی زیندووی زانست.

دەیەم: پاراستنی مافی هزری و ڕەوشتی توێژینەوە

١٠.١. دەوڵەت پەرگاڵێکی قانوونیی و کارگێڕیی مۆدێرن و تۆکمە بۆ پاراستنی مافی هزری دادەمەزرێنێت. بۆ ئەم مەبەستە، "نووسینگەی نیشتمانی بۆ مافی هزری و پاتێنت" وەک دامەزراوەیەکی پسپۆڕ و خاوەن دەسەڵات پێکدەهێنرێت.

١٠.٢. ئەم پەرگاڵە پاراستنی گشتگیر بۆ هەموو جۆرەکانی مافی هزری مسۆگەر دەکات، لەوانە:

ئا. پاتێنت: بۆ داهێنانە تەکنیکی و پیشەسازییەکان.

ب. مافی نووسەر (کۆپی-ڕایت): بۆ بەرهەمە ئەدەبی، هونەری و زانستییەکان.

پ. نیشانەی بازرگانی: بۆ پاراستنی شوناسی بازرگانیی کۆمپانیا و بەرهەمەکان.

ت. دیزاینی پیشەسازی و نهێنیی بازرگانی.

١٠.٣. مافی هزری تەنیا وەک مافێکی تایبەت سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک سەرمایەیەکی ستراتیژیی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت. هەر داهێنانێک کە لە ئەنجامی توێژینەوەی پشتیوانیکراو لەلایەن دەوڵەتەوە بەرهەم بێت و پەیوەندیی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەبێت، دەوڵەت مافی یەکەمایەتیی بەکارهێنانی هەیە لە چوارچێوەی قانوونداا.

١٠.٤. بۆ مسۆگەرکردنی ڕاییکردنی کارای قانوونەکان، لقی تایبەتمەند بە کێشەکانی مافی هزری لەناو دادگاکاندا دادەمەزرێت. پێشێلکردنی مافی هزری و سیخوڕیی پیشەسازی، بە تاوانی قورس دژی ئابووریی نیشتمانی هەژمار دەکرێن.

١٠.٥. زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە پابەندن بە دامەزراندنی "لیژنەی ڕەوشتی توێژینەوەی زانستی" بۆ چاودێریکردنی پابەندبوون بە بەرزترین ستانداردەکانی ڕاستگۆیی و متمانەپێکراوی ئەکادیمی.

ئا. دزیی زانستی و هەر جۆرە ساختەکارییەکی ئەکادیمی، بە تاوانێکی نەبەخشراو هەژمار دەکرێت.

ب. سزاکانی ئەم تاوانە لە لادانی کاتییەوە دەست پێدەکات تا دەرکردنی یەکجارەکی لە دامەزراوە ئەکادیمییەکە و هەڵوەشاندنەوەی قانوونیی هەموو ئەو بڕوانامانەی کە بەدەست هاتوون.

یازدەیەم: چوارچێوەی قانوونیی گشتگیر و پابەندبوونی دەستووری

١١.١. قانوونێکی تایبەت و گشتگیر بە ناوی "قانوونی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی" دەردەچێت، کە دەبێت بە ڕوونی وردەکاریی هەموو بڕگەکانی ئەم بەندە ڕێک بخات، بەتایبەتی:

ئا. پێکهاتە، دەسەڵات و میکانیزمی کارکردنی "کۆڕی نیشتمانی بۆ زانست و تەکنەلۆژیا" و "دەستەی نیشتمانی بۆ دڵنیایی جۆری."

ب. مافە بنەڕەتی و ئەرکەکانی ئەندامانی ستافی ئەکادیمی، لەوانە مافی مانەوەی هەردەمیی ، ئازادیی ئەکادیمی و بەرپرسیارێتیی پیشەیی.

پ. ماف و ئەرکەکانی خوێندکاران، لەوانە مافی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی زانکۆ و پابەندبوون بە پەیڕەوی ناوخۆیی.

ت. بنەماکانی بەڕێوەبردنی زانکۆ دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان، لەوانە شێوازی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی و پێکهاتەی ئەنجومەنە زانستییەکان.

١١.٢. وەک پابەندبوونێکی دەستووریی نەگۆڕ، دەوڵەت مسۆگەر دەکات کە ڕێژەی بودجەی تەرخانکراو بۆ کەرتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، هەرگیز لە ڕێژەیەکی دیاریکراوی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی کەمتر نەبێت، کە ئەم ڕێژەیە بە قانوون دیاری دەکرێت و نابێت لە ستاندارد جیهانییەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو نزمتر بێت.

١١.٣. قانوونی خوێندنی باڵا دەبێت بە شێوەیەکی دەوری، لانیکەم هەر دە ساڵ جارێک، پێداچوونەوەی بۆ بکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لەگەڵ دواییین پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژییەکانی جیهاندا هاوتەریبە.

دوازدەیەم: پەیوەندیی زانست بە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرگری

١٢.١. دەوڵەت دان بەوەدا دەنێ کە پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی، بەتایبەتی لە بوارە ستراتیژییەکاندا، بەشێکی دانەبڕاوە لە ئاسایشی نەتەوەیی.

١٢.٢. لەسەر ئەم بنەمایە، بە فەرمانی سەرکۆمار و بەپێی قانوون، "کۆڕی هاوبەشی ستراتیژیی زانست و ئاسایش" دادەمەزرێت. ئەم کۆڕە لە نوێنەرانی باڵای "کۆڕی نیشتمانی بۆ زانست و تەکنەلۆژیا"، زانکۆ پێشەنگەکان، شالیارگەی بەرگری، دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی و دەستەی پیشەسازیی بەرگری پێکدێت.

١٢.٣. ئەرکی ئەم کۆڕە هاوبەشە بریتییە لە:

ئا. دیاریکردنی ئەو بوارە زانستی و تەکنەلۆژییە ژینەکییانەی کە یەکەمایەتیی ڕەهایان هەیە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی.

ب. ئاڕاستەکردنی بەشێک لە بودجەی توێژینەوەی نیشتمانی بەرەو پڕۆژە ستراتیژییەکانی بواری بەرگری و هەواڵگری.

پ. سەرپەرشتیکردنی پڕۆسەی گواستنەوەی پارێزراوی تەکنەلۆژیا لە زانکۆکانەوە بۆ کەرتی پیشەسازیی بەرگری.

١٢.٤. گشت ئەو توێژینەوانەی کە لە چوارچێوەی ئەم هاوکارییەدا ئەنجام دەدرێن، دەکەونە ژێر قانوونی توندی پاراستنی نهێنییەکانی دەوڵەتەوە. پەرگاڵێکی تایبەت بۆ پێدانی مۆڵەتی هەداری بەو توێژەر و خوێندکارانە دادەنرێ کە لەم پڕۆژانەدا کار دەکەن.

١٢.٥. دامەزراندنی "لیژنەی باڵای ڕەوشتی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو" لەناو ئەم کۆڕە هاوبەشەدا، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە گەشەپێدان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا هەستیارەکان (وەک ژیریی دەستکردی سەربازی و ئەندازیاریی ژێن) لەگەڵ بەها مرۆییەکان و قانوون نێودەوڵەتییەکاندا دەگونجێت.

بەندی ٩٨: کولتوور، زمانی کوردی و پاشماگی نەتەوەیی

کولتوور، زمان و پاشماگی نەتەوەیی، کۆڵەکەی شوناس و کەرەستەی خاوی بنیاتنانی ئاوەزیی نەتەوەن. دەوڵەت، وەک ئەرکێکی باڵای دەستووری، پابەندە بە پاراستن، بووژاندنەوە و بەکارهێنانی ستراتیژیی ئەم سێ کۆڵەکە ژینەکییە، بە ئامانجی مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی هزری و درێژەداریی‌تیی بوونی نەتەوە.

یەکەم: زمانی کوردی، کۆڵەکەی شوناس و ئامرازی سەربەخۆیی

١.١. زمانی کوردی، بە گشت زاراوەکانییەوە کە پێکەوە "زنجیرەزاراوە"ـی کوردی پێکدەهێنن، تاکە زمانی فەرمیی دەوڵەتی کۆماری کوردستانە. ئەم پێگەیە سەوداهەڵنەگرە و بەشێکە لە بنەما نەگۆڕەکانی ئەم دەستوورە.

١.٢. فەرمییەتی زمانی کوردی ئەم ئەرکە قانوونییانە لەسەر شانی دەوڵەت دادەنێت:

ئ. زمانی کوردی زمانی تاکانەی گشت دامەزراوەکانی دەوڵەتە، لەوانە دەسەڵاتەکانی ڕایەدار، قانووندانان و دادوەری. گشت بەڵگەنامە، قانوون و بڕیارێکی فەرمی دەبێت بە زمانی کوردی دەربچێت.

ب. زمانی کوردی زمانی تاکانەی خوێندنە لە هەموو قۆناغەکانی پەروەردەدا، لە باخچەی ساوایانەوە تا کۆتاییهێنانی خوێندنی باڵا.

پ. گشت ڕاگەیاندنێکی فەرمی، میدیای دەوڵەتی و پەیوەندیی گشتیی دامەزراوەکان، دەبێت بە زمانی کوردی بێت.

ت. بەکارهێنانی زمانی کوردی لە گشت هێما گشتییەکان، ناوی شەقام و شوێنەکان و تابلۆی ڕێنوێنییەکاندا ناچارییە.

١.٣. دەوڵەت پابەندە بە "وارگێڕیی بووژاندنەوەی زمانی"، کە ئامانجی گێڕانەوەی زمانی کوردییە بۆ هەموو ئەو کوردانەی بەهۆی وارگێڕیی توانەوەی داگیرکەرانەوە زمانی دایکیی خۆیان لەدەست داوە.

دووەم: ئەکادیمیای نیشتمانیی زمانی کوردی

٢.١. بەپێی ئەم دەستوورە، "ئەکادیمیای نیشتمانیی زمانی کوردی" وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی سەربەخۆ دادەمەزرێت، کە خاوەنی کەسایەتیی قانوونیی و سەربەخۆیی تەواوی کارگێڕی و داراییە.

٢.٢. ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەم ئەکادیمیایە بریتین لە:

ئ. لێکۆڵینەوەی زانستیی قوواڵ لەسەر ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی، پێکهاتە و پەرەسەندنی زمانی کوردی و زاراوەکانی.

ب. داڕشتن و ستانداردکردنی زمانی فەرمیی نووسین و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی نیشتمانیی یەکگرتوو.

پ. وشەسازیی نوێ و داڕشتنی زاراوەی زانستی و تەکنەلۆژیی هاوچەرخ، بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە زمانەکە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا هاوتەریب بێت.

ت. داڕشتنی وارگێڕیی زمانیی نیشتمانی و چاودێریکردنی ڕاییکردنی لە گشت دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.

٢.٣. بڕیارەکانی ئەکادیمیا لە بواری ستانداردکردن و زاراوەدا، دوای پەسەندکردنیان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیی خۆی، بۆ گشت دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت پابەندکەرن.

٢.٤. پێکهاتە و میکانیزمی کارکردنی ئەکادیمیا بە قانوونێکی تایبەت ڕێکدەخرێت، بە شێوازێک کە سەربەخۆیی و ئاستی بەرزی زانستیی مسۆگەر بکرێت.

سێیەم: پاراستنی پاشماگی شارستانی وەک کەرەسەی یادەوەری

٣.١. پاراستن، نۆژەنکردنەوە، تۆمارکردنی زانستی و ناساندنی پاشماگی شتەکی و ناشتەکی شارستانی و شوێنەوارەکانی کوردستان بە جیهان، ئەرکێکی باڵای دەستووریی دەوڵەتە.

٣.٢. هەر هەوڵێک بۆ شێواندن، سڕینەوە، دزین یان بازرگانیکردنی ناقانوونیی بەم پاشماگە، بە تاوانێکی قورس دژی یادەوەریی نەتەوەیی و ئاسایشی دەوڵەت هەژمار دەکرێت و بەپێی قانوونێکی تایبەت تووندترین سزای لەسەر دەبێت.

٣.٣. دەوڵەت، لە ڕێگەی "دەستەی نیشتمانیی پارێزگاریی پاشماگ و یادەوەری"یەوە، ئەرکدارە بە گرتنەبەری هەموو ڕێکارێکی دیپلۆماسی و قانوونیی بۆ گێڕانەوەی بێ مەرجی گشت ئەو پاشماگە نەتەوەییانەی کە بە ناقانوونیی براونەتە دەرەوەی وڵات.

چوارەم: دامەزراوەکانی یادەوەریی نیشتمانی

٤.١. دەوڵەت پابەندە بە دامەزراندنی ئەم دامەزراوە ژێنەکییانە بۆ پاراستنی یادەوەریی بەکۆمەڵی نەتەوە:

ئا .ئەرشیڤی نەتەوەیی کوردستان: وەک دامەزراوەیەکی مۆدێرن و دیجیتاڵی بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی گشت بەڵگەنامە مێژوویی، وارگێڕی و فەرمییەکانی نەتەوە و دەوڵەت. ئەم ئەرشیڤە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ژێرخانی "دەوڵەتی ژیر" دادەنرێت.

ب. مۆزەخانەی نیشتمانیی کوردستان: وەک ناوەندی زیندووی یادەوەریی نەتەوە، بۆ نمایشکردنی سیستماتیکی مێژووی دوور و درێژی شارستانییەت و خەباتی نەتەوەی کورد، و وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بۆ پێگەیاندنی نەوەی نوێ.

پ. کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان: بۆ کۆکردنەوە، پاراستن و بەردەستخستنی گشت بەرهەمێکی چاپکراو و دیجیتاڵی کە بە زمانی کوردی یان دەربارەی کوردستان باڵاودەکرێتەوە.

پێنجەم: بووژاندنەوەی هزری نەتەوەیی و باڵادەستیی ئاوەزی

٥.١. دەوڵەت، وەک ئەرکێکی ستراتیژی، پابەندە بە پشتیوانیکردنی دامەزراوەیی لە بووژاندنەوە و پەرەپێدانی هزری ڕەسەنی کوردستانی.

٥.٢. ئەم ئەرکە لە ڕێگەی هاندانی توێژینەوەی ئەکادیمیی قووڵ لەسەر مێژووی بیرمەندی، هزری وارگێڕی و کۆمەڵایەتیی کوردستان ڕایی دەکرێت.

٥.٣. ئامانج لەم کارە، بنیاتنانەوەی ئاوەزیی نەتەوەیی، بەهێزکردنی باڵادەستیی هزری، و ناساندنی بەشداریپەکانی کورد لە مێژووی هزری مرۆڤایەتیدا.

٥.٤. دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەرکدار دەکرێن بە دامەزراندنی بەشی تایبەتمەند و تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەم بواره ژینەکییە.

بەندی ٩٩: ئازادیی داهێنان و ڕۆشنگەریی نەتەوەیی

دەوڵەت بەرهەمی کولتووری و داهێنانی هونەری وەک هێزێکی ژینەکی و دینامیکی بۆ بنیاتنانی ئاوەزێکی نەتەوەیی پێشکەوتوو و کۆمەڵگایەکی خاوەن شکۆ دەبینێت. ئازادیی داهێنان نەک هەر مافێکی تاکەکەسی، بەڵکو پێویستییەکی ستراتیژییە بۆ گەشەسەندنی هزری، پتەوکردنی شوناس و توانای نەتەوە بۆ ڕەخنەگرتن لە خۆی و جیهان و بەدیهێنانی بەدیلی نوێ. لەم سۆنگەیەوە، دەوڵەت

نەک تەنیا ڕێز لە ئازادیی داهێنان دەگرێت، بەڵکو بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەسەندنی کولتووریکی زیندوو، ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە بڕەخسێنێت.

یەکەم: گەرەنتیی ئازادیی داهێنان

١.١. دەوڵەت گەرەنتیی ئازادیی داهێنانی هونەری، ئەدەبی و هزری دەکات.

١.٢. هیچ هونەرمەند، نووسەر و بیرمەندێک نابێت لەسەر بەرهەم و داهێنانەکانی ڕووبەڕووی لێپرسینەوە، سانسۆر، یان تەوژمی وارگێڕی ببێتەوە.

١.٣. ئازادیی دەربڕینی هونەری و ئەدەبی بەشێکی دانەبڕاوە لە ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ.

دووەم: سنووورەکان و بەرپرسیارێتیی هونەری

٢.١. ئازادیی داهێنان ڕەها نییە و نابێت ببێتە پاساوێک بۆ پێشێلکردنی بەندە بنەڕەتییەکانی ئەم دەستوورە. بەپێی قانوونێکی تایبەت، هەر بەرهەمێکی هونەری یان ئەدەبی کە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا یەکێک لەم کردەوانەی خوارەوەی تێدا بێت، ڕێنەدراوە:

ئ. هاندانی ڕاستەوخۆ بۆ ئەنجامدانی تاوانی تێرۆریزم و توندوتیژی.

ب. بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕق و کینە و پاکتاوی نەژادی دژی هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یان ئایینیی کوردستان.

پ. سوکایەتیپێکردنی ئاشکرا بە پیرۆزییە ئایینییە دانپێدانراوەکانی وڵات بە شێوازێک کە ببێتە هۆی تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی.

ت. هەر کردەوەیەک کە بکەوێتە چوارچێوەی تاوانی ناپاکیی نیشتمانی یان نەیارشەیداییەوە.

٢.٢. ڕاییکردنی ئەم سنووردارکردنانە تەنیا لە ڕێگەی بڕیاری دادگای پسپۆڕەوە دەبێت و نابێت بە هیچ شێوەیەک بۆ سەرکوتکردنی ڕەخنەی وارگێڕیی ڕەوا یان دەنگی جیاواز بەکاربهێنرێت.

سێیەم: پشتیوانیی ستراتیژیی دەوڵەت وەک ئەرکێکی نیشتمانی

٣.١. دەوڵەت وەک بەشێک لە وارگێڕیی "هێزی نەرم"، پشتیوانیی چالاکانە، بێچان و سیستماتیک لە بەرهەمهێنانی کولتووریی باڵا دەکات.

٣.٢. ئەم پشتیوانییە بریتییە لە:

ئا. دابینکردنی بودجەی شایستە بۆ ئەو پڕۆژە هونەرییە ناوازانەی کە بەهایەکی بەرزیان هەیە.

ب. بنیاتنانی ژێرخانی کولتووریی مۆدێرن وەک هۆڵی شانۆ، گەلەریی هونەری، سینەماتیک و ناوەندی کولتووری لە سەرانسەری وڵاتدا.

پ. پێدانی هاندانی باج و ئاسانکاریی کارگێڕی بە کەرتی تایبەت بۆ وەبەرهێنان لە بواری کولتوور و هونەردا.

چوارەم: پاراستنی ماف و شکۆی پیشەیی هونەرمەند

٤.١. دەوڵەت بە شێوەیەکی تایبەت گەرەنتیی ڕاپەکردنی کارای قانوونەکانی مافی هزری دەکات بۆ پاراستنی مافە شتەکی و گیانەکییەکانی هونەرمەندان و داهێنەران.

٤.٢. قانوون پێگەی پیشەیی هونەرمەند ڕێکدەخات و مافی دامەزراندنی سەندیکای سەربەخۆ و بەشداریکردن لە پەرگاڵی ئاسایشی کۆمەڵایەتییان بۆ مسۆگەر دەکات.

پێنجەم: دامەزراوە نیشتمانییەکان بۆ گەشەپێدانی کولتووری

٥.١. بۆ ڕاپەکردنی ئەم ئامانجانە، دەوڵەت کار بۆ دامەزراندنی دامەزراوەی نیشتمانیی تایبەتمەند دەکات، وەک:

ئا. سندوقی نیشتمانی بۆ پشتیوانیی فیلم: بۆ دابینکردنی بودجە و پشتیوانیی تەکنیکی بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی و دۆکیۆمێنتاریی چلۆنایەتی باڵا.

ب. ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان: وەک ناوەندێکی باڵای ئەکادیمی بۆ پێگەیاندنی نەوەی نوێی هونەرمەندان و پەرەپێدانی توێژینەوەی هونەری.

پ. ئۆرکێستڕای نیشتمانیی کوردستان و گرووپە شانۆییەکان: بۆ نمایشکردنی بەرهەمی هونەریی باڵا لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.

شەشەم: ناوەندگەرایی نەکردنی کولتووری

٦.١. دەوڵەت پابەندە بە وارگێڕپی ناوەندگەرایی نەکردنی کولتووری و دڵنیابوون لەوەی کە ژیانی کولتووری تەنیا لە پایتەختدا قەتیس نابێت.

٦.٢. پشتیوانیی تایبەت لە چالاکییە کولتوورییە خۆجێی و هەرێمییەکان دەکات و هانی دامەزراندنی ناوەندی کولتووری لە گشت شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا دەدات.

حەوتەم: دیپلۆماسیی کولتووریی نێودەوڵەتی

٧.١. دەوڵەت بە شێوەیەکی ستراتیژی کار لەسەر دیپلۆماسیی کولتووری دەکات وەک ئامرازێک بۆ ناساندنی کوردستان بە جیهان، لە ڕێگەی:

ئا. پاڵپشتیکردنی وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییە ناوازەکانی کورد بۆ زمانە جیهانییەکان و بە پێچەوانەوە.

ب. ڕێکخستنی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم، مۆسیقا و شانۆ لە کوردستان.

پ. ئاسانکاری کردن بۆ بەشداریی هونەرمەندانی کوردستان لە بۆنە و پێشانگا جیهانییەکاندا، بۆ ئەوەی وەک باڵێوزی کولتووریی نەتەوەکەیان کار بکەن.

بەندی ١٠٠: مێدیا، ڕاستی و ئاوەزی گشتی

لە کۆماری کوردستاندا، ڕاگەیاندنێکی ئازاد کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی پەرگاڵی دەستووری و پاسەوانێکی ژینەکیی نرخ و بەها دیموکراتیکەکانی کۆمارە. مێدیا وەک پانتایی سەرهەڵدانی گوتاری گشتی، کە دەسەڵات دەخاتە ژێر چاودێریی کۆمەڵەوە و گەیشتن بە ڕاستی مسۆگەر دەکرێت. هەر هەوڵێک بۆ سنووردارکردنی ناقانوونیی ئازادیی ڕاگەیاندن، بە هەوڵێک بۆ کوێرکردنەوەی بینایی و چاودێری دەوڵەت و لاوازکردنی بناغەکانی دیموکراسی دادەنرێت.

یەکەم: پێگەی دامەزراوەیی و پارێزبەندیی فەزای گشتی

١.١. مێدیا لە کۆماری کوردستاندا وەک "کۆڵەکەی چوارەم" و چاودێرێکی دەستووریی سەربەخۆ بەسەر سێ دەسەڵاتەکەی دەوڵەتەوە دەناسرێت؛ پاراستنی سەربەخۆییەکەی ئەرکێکی باڵای دەستوورییە بۆ ڕێگریکردن لە قۆرخکاریی دەسەڵات.

١.٢. دەوڵەت پابەندە بە مسۆگەرکردنی "مافی دەستگەیشتن بە ڕاستەوایی" بۆ هەموو شارۆمەندێک؛ ئەمەش لە ڕێگەی دابینکردنی ژینگەیەکی قانوونییەوە دەبێ کە تێیدا مێدیا بتوانێت بەبێ ترس و زەبر، زانیارییەکان لە سەرچاوە فەرمییەکانەوە وەربگرێت و بڵاویان بکاتەوە.

١.٣. ڕووبەری گشتیی مێدیایی، پانتاییەکی پارێزراوە و هیچ دەزگایەکی هەواڵگریی یان سەربازی مافی دەستێوەردان، ئاڕاستەکردن، یان داگیرکردنی ناوەندە مێدیاییەکانی نییە، مەگەر بە فەرمانی ڕاستەوخۆی دادگای باڵا و تەنیا لە باریی هەڕەشەی بوونایەتیی سەلمێنراودا.

دووەم: کۆڵەکەکانی ئازادیی مێدیا

بۆ دڵنیابوون لە کارکردنی ئازادانەی مێدیا، ئەم مافانە بە شێوەیەکی ڕەها و پێشێلنەکراو بەپێی دەستوور پارێزراون:

٢.١. کەرەسەی قانوونیی دژی سانسۆر: سانسۆر، بە هەموو شێوەکانییەوە، بە ڕەهایی ڕێنەدراوە. هیچ دەزگایەکی دەوڵەتی بۆی نییە پێش بڵاوکردنەوە، دەستکاریی ناوەڕۆکی هیچ ماتریاڵێکی ڕۆژنامەوانی بکات یان ڕێگریی لێ بکات.

٢.٢. مافی دامەزراندن و فرەیی: هەر شارۆمەندێک مافی دامەزراندنی دەزگای مێدیایی (ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، یان پلاتفۆرمی دیجیتاڵی) هەیە بەپێی ئەو قانوونەی کە ئەم بواره ڕێکدەخات، بۆ دڵنیابوون لە فرەیی و جۆراوجۆریی دەنگەکان.

٢.٣. پاراستنی نهێنیی سەرچاوەکان: ڕۆژنامەنووسان مافی پاراستنی نهێنیی سەرچاوەی زانیارییەکانیان هەیە و ناشێت بە هیچ شێوەیەک ناچار بکرێن بە ئاشکراکردنیان، مەگەر لە باریی تاوانی زۆر قورس (وەک ناپاکیی نیشتمانی یان تێرۆریزم) و تەنیا بە بڕیاری دادگای باڵا.

سێیەم: چوارچێوەی بەرپرسیارێتی و سنووره قانوونییەکان

ئازادیی ڕاگەیاندن بەندە بە بەرپرسیارێتیی پیشەیی و نیشتمانییەوە. قانوون دەتوانێت تەنیا لەبەر یەکێک لەم هۆکارە ژینەکییانەی خوارەوە و بە شێوەیەک کە لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا پێویست و هاوسەنگ بێت، سنوور بۆ ئەم ئازادییە دابنێت:

٣.١. پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی: بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوکردنەوەی ئەو نهێنییە سەربازی و هەواڵگرییە باڵایانەی کە تەندروستیی دەوڵەت و ژیانی هێزەکانی بەرگری دەخاتە مەترسییەکی ڕاستەقینەوە.

٣.٢. بەرەنگاربوونەوەی گوتاری کینە: بۆ ڕێنەدراوکردنی هەر ناوەڕۆکێک کە ڕاستەوخۆ و بە مەبەست هانی توندوتیژی و ڕق و کینەی نەتەوەیی، ئایینی، یان ڕەگەزی بدات و ئاشتیی کۆمەڵایەتی تێک بدات.

٣.٣. ڕێزگرتن لە شکۆی تاک: بۆ ڕێگریکردن لە ناوزڕاندن، بوختان و پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندیی شارۆمەندان.

٣.٤. پاراستنی چلۆنایەتیی ئاوەزی گشتی: بڵاوکردنەوەی سیستماتیکی خوڕافە، زانیاریی نادروست و بێ بنەما و بەکارهێنانی میدیا بۆ گەوجاندنی کۆمەڵگا و دابەزاندنی ئاستی گوتاری گشتی، بە پێشێلکاریی ئەرکی ڕۆشنگەریی میدیا دادەنرێت و ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی قانوونیی دەبێتەوە.

٣.٥. پەرەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی و شارۆمەندیی: میدیا ئەرکێکی نیشتمانیی لەسەر شانە بۆ بەهێزکردنی ئاوەزی دەوڵەتداری و هاندانی شارۆمەندان بۆ بەشداریی چالاک لە ژیانی وارگێڕی و ژیاریدا.

چوارەم: ڕوونایەتی و بەرەنگاربوونەوەی شەڕی زانیاری

بۆ پاراستنی سەربەخۆیی میدیا و بەرەنگاربوونەوەی شەڕی زانیاری، دەوڵەت ئەم ڕێکارانە دەگرێتەبەر:

٤.١. ڕوونایی ڕەها لە خاوەندارێتی و دارایی: قانوون گشت دەزگایەکی میدیایی پابەند دەکات بە ئاشکراکردنی تەواوی خاوەن و سەرچاوە داراییەکانیان بۆ ڕای گشتی، بۆ ئەوەی بزانرێت کێ لە پشت گوتارە میدیاییەکەوەیە.

٤.٢. ڕێنەدراوکردنی بەکارهێنان وەک ئامرازی دەرەکی: وەرگرتنی پاڵپشتیی دارایی لەلایەن هەر دەوڵەت، دەزگای هەواڵگری، یان لایەنێکی بیانییەوە بە مەبەستی کاریگەریکردنە سەر ڕای گشتیی کوردستان و ڕاژەیی ئەجێندای دژە-نیشتمانی، بە تاوانێکی قورس دژی ئاسایشی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت و دەزگا میدیاییەکە دادەخرێت و خاوەنەکانی ڕووبەڕووی تووندترین سزای قانوونیی دەبنەوە.

پێنجەم: کۆڕی نیشتمانیی مێدیا و ڕەوشتی پیشەیی

دەوڵەت هانی دامەزراندنی "کۆڕی نیشتمانیی مێدیا" دەکات وەک دەستەیەکی پیشەیی و سەربەخۆ، کە لەلایەن خودی ڕۆژنامەنووسان و پسپۆڕانەوە بەڕێوە ببرێت. ئەرکی ئەم کۆڕە بریتی دەبێت لە دارشتنی پەیڕەوێکی ڕەوشتیی پیشەیی، بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆژنامەنووسان و چارەسەرکردنی سکاڵاکان لە چوارچێوەی خۆڕێکخستنی پیشەییدا، بۆ کەمکردنەوەی پێویستیی دەستێوەردانی دادوەری.

بەندی ١٠١: مێدیای گشتیی نیشتمانی

لەبەر ئەوەی کۆمارێکی پێشکەوتوو پێویستی بە پانتاییەکی گشتیی ئاگامەند و ئاوەزێکی نەتەوەیی تۆکمە هەیە، دەزگای مێدیای گشتیی نیشتمانی وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ و ژینەکی دادەمەزرێت. ئەم دەزگایە پانتایی بیستراو و بینراوی کۆمارە و ئەرکی سەرەکیی بریتییە لە پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی، بەرزڕاگرتنی ئاستی گوتاری نیشتمانی و ڕۆشنگەریکردنی کۆمەڵگا، دوور لە کاریگەریی بەرژەوەندیی پارتایەتیی کورتخایەن و زەبری بازرگانی.

یەکەم: پێگە و سەربەخۆیی دامەزراوەیی

١.١. بەپێی ئەم دەستوورە، "دەزگای مێدیای گشتیی نیشتمانی" وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی سەربەخۆ دادەمەزرێت، کە خاوەنی کەسایەتیی قانوونیی و سەربەخۆیی تەواوی کارگێڕی، دارایی و بەرنامەسازییە.

١.٢. ئامانجی بنەڕەتیی ئەم دەزگایە، دابینکردنی مێدیایەکە کە ڕاژەی گشت شارۆمەندان بکات نەک هیچ دەسەڵات، پارتایەت یان گرووپێکی بازرگانیی دیاریکراو.

دوویەم: ئەرکە ستراتیژییەکان

٢.١. مێدیای گشتیی نیشتمانی وەک ویژدانی پیشەیی کۆمەڵگا، ئەم ئەرکە ستراتیژییانەی لە ئەستۆدایە:

ئا. ڕۆشنگەریی نەتەوەیی و پەروەردەی شارۆمەندی: بەرهەمهێنان و پەخشکردنی بەرنامەی قوول و بەپێز کە هانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، پەرەپێدانی زانست، ناساندنی بەهاکانی ئەم دەستوورە و ماف و ئەرکەکانی شارۆمەندی بدات.

ب. چەسپاندنی گوتاری دەوڵەتداری و دیالۆگی نیشتمانی: دەبێت ببێتە سەکۆی سەرەکی بۆ دیالۆگی نیشتمانیی بنیاتنەر لەنێوان بیروڕا جیاوازەکاندا و کار بۆ بەهێزکردنی ئاوەزی دەوڵەتداری و یەکێتیی نەتەوەیی بکات.

پ. پاراستن و بەرزڕاگرتنی کولتووری باڵا: پشتیوانیکردن و بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمە هونەری و ئەدەبییە ناوازانەی کە ڕەنگە لە بازاڕی بازرگانیدا دەرفەتیان کەم بێت، بەڵام بۆ دەوڵەمەندکردنی شوناسی کولتووریی نەتەوە پێویستن.

ت. پردی پەیوەندی لەگەڵ جیهاندا: ناساندنی شارستانییەت و دیدگای کوردستان بە زمانە جیهانییەکان و لە هەمان کاتدا گواستنەوەی باشترین بەرهەمە هزری و کولتوورییەکانی جیهان بۆ نێوخۆی وڵات.

سێیەم: پەیماننامەی بنەڕەتی و پێوەری پیشەیی

٣.١. دەزگای مێدیای گشتیی نیشتمانی لەسەر بنەمای "پەیماننامەی بنەڕەتی" کار دەکات، کە بە قانوون دادەڕێژرێت و دەبێت بە ئاشکرا بۆ ڕای گشتی بڵاوبکرێتەوە.

٣.٢. ئەم پەیماننامەیە پابەندبوونی دەزگاکە بەم بنەمایانە مسۆگەر دەکات:

ئا. بێلایەنیی وارگێڕی، وردبینی و ڕاستگۆیی لە گواستنەوەی زانیاریدا.

ب. ڕێزگرتن لە فرەیی بیروڕا و دابینکردنی سەکۆی یەکسان بۆ گوتارە جیاوازەکان.

پ. بەرزڕاگرتنی ئاستی زمان و کولتووری نەتەوەیی.

ت. ڕاژەکردنی گشت پێکهاتە و توێژەکانی کۆمەڵگا بەبێ جیاکاری.

چوارەم: میکانیزمی بەڕێوەبردن و گەرەنتیی سەربەخۆیی

٤.١. دەزگاکە لەلایەن "کۆڕی متمانەپێکراوی نیشتمانی"ـیەوە بەڕێوە دەبرێت، کە باڵاترین دەسەڵاتی بڕیاردەر و چاودێرییە.

٤.٢. پێکهاتە و هەڵبژاردنی کۆڕی متمانەپێکراوی نیشتمانی بە قانوونێکی تایبەت ڕێکدەخرێ کە دەبێت ئەم بنەمایانە مسۆگەر بکات:

ئا. ئەندامەکانی لە کەسایەتییە دیار و بێلایەنەکانی بواری کولتوور، ئەکادیمیا، قانوون و کۆمەڵگەی ژیاری پێکدێن.

ب. میکانیزمی پاڵاوتن و هەڵبژاردنیان دەبێت فرەلایەنە بێت و سەربەخۆییان لە دەسەڵاتی ڕایەدار و پارتە وارگێڕییەکان مسۆگەر بکات.

پ. ماوەی ئەندامێتییان دیاریکراو و سنووردار دەبێت بۆ یەک خولی نوێکردنەوە، بۆ ڕێگریکردن لە قۆرخکاری.

٤.٣. کۆڕی متمانەپێکراوی نیشتمانی ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

ئا. دانان و لادانی بەڕێوەبەری گشتیی دەزگاکە لەسەر بنەمای شایستەیی پیشەیی.

ب. پەسەندکردنی ستراتیژی گشتی، پلانی ساڵانە و بودجەی دەزگاکە.

پ. چاودێریکردنی پابەندبوونی دەزگاکە بە "پەیماننامەی بنەڕەتی"ـیەوە.

پێنجەم: بودجە و ڕێنەدراوکردنی کاریگەریی بازرگانی

٥.١. بودجەی دەزگای مێدیای گشتیی نیشتمانی لە بودجەی گشتیی دەوڵەت دابین دەکرێت، کە لەلایەن مەکۆی نیشتمانییەوە پەسەند دەکرێت.

٥.٢. وەرگرتنی هەر جۆرە ڕیکلامێکی بازرگانی، سپۆنسەرشیپ، یان پاڵپشتیی دارایی لە پارتە وارگێڕییەکان یان هەر لایەنێکی تایبەت، بە شێوەیەکی ڕەها ڕێنەدراوە، بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە دەزگاکە تەنیا لە ڕاژەی بەرژەوەندیی گشتیدا بێت.

شەشەم: لێپرسینەوە و ڕوونایەتی

٦.١. دەزگای مێدیای گشتیی نیشتمانی لەبەرامبەر مەکۆی نیشتمانیدا وەڵامدەرەوەیە.

٦.٢. دەزگاکە پابەندە بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی وردی کار و خەرجییەکانی بە مەکۆی نیشتمانی و بڵاوکردنەوەی پوختەیەکی گشتی بۆ ڕای گشتی.

٦.٣. کاروباری دارایی دەزگاکە دەکەوێتە ژێر چاودێریی وردی "دامەزراوەی باڵای چاودێریی دارایی"یەوە.

حەوتەم: گواستنەوەی دیجیتاڵی و ئەرشیڤی نەتەوەیی

٧.١. دەزگای مێدیای گشتیی نیشتمانی ئەرکدارە بە بوون بە پێشەنگ لە گواستنەوەی دیجیتاڵیدا و دابینکردنی ناوەڕۆکی چلۆنایەتی بەرز لەسەر گشت پلاتفۆرمە مۆدێرنەکان.

٧.٢. تەواوی بەرهەم و ئەرشیڤی دەزگاکە بە ملْکی گشتی دادەنرێت و دەبێتە بەشێکی ژینەکی لە "ئەرشیڤی نەتەوەیی دیجیتاڵی" کوردستان، کە دەبێت بە شێوەیەکی ئاسان بۆ توێژەران و ڕای گشتی بەردەست بێت.

هەشتەم: چوارچێوەی قانوونیی

٨.١. قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی هەموو بڕگەکانی ئەم بەندە، لەوانە پێکهاتە و دەسەڵاتەکانی "کۆڕی متمانەپێکراوی نیشتمانی"، میکانیزمی بودجە و لێپرسینەوە، و "پەیماننامەی بنەڕەتی"ـی دەزگاکە، ڕێکدەخات.

بەندی ١٠٢: دامەزراوەکانی هزری ستراتیژی و دۆکترینی نەتەوەیی

کۆماری کوردستان، لەسەر بنەمای دانان بەوەی کە سەروەریی ڕاستەقینە و درێژەداربیەتیی دەوڵەت، بە شێوەیەکی ژینەکی بەندە بە قووڵایی هزری ستراتیژی و توانای گۆڕینی بۆ دۆکترینی نەتەوەیی، ئەرکی بنیاتنانی ژێرخانێکی هزریی تۆکمە و سەربەخۆ وەک فەرمانێکی دەستووری دەگرێتە ئەستۆ.

یەکەم: ئەرکی دەستووری بۆ بنیاتنانی ژێرخانی هزری

١.١. دەوڵەت پابەندە بە بنیاتنانی ژێرخانێکی هزریی نیشتمانی کە توانای بەرهەمهێنانی شیکاریی ستراتیژیی سەربەخۆ، داڕشتنی بژاردەی وارگێڕی، و پێگەیاندنی نوخبەیەکی بیرمەندی نیشتمانی هەبێت.

١.٢. ئامانجی ئەم ژێرخانە، مسۆگەرکردنی باڵادەستیی هزریی کۆمار و دڵنیابوونە لەوەی کە گشت بڕیار و دۆکترینێکی نەتەوەیی لەسەر بنەمای شیکاریی زانستی و بەرژەوەندیی باڵای درێژخایەنی کوردستان دادەڕێژرێت.

دووەم: ئەکادیمیای نیشتمانی بۆ دۆکترینی نەتەوەیی و ستراتیژی

٢.١. بەپێی ئەم دەستوورە، "ئەکادیمیای نیشتمانی بۆ دۆکترینی نەتەوەیی و ستراتیژی" وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی باڵا و سەربەخۆ دادەمەزرێت، کە خاوەنی کەسایەتیی قانوونیی و سەربەخۆیی تەواوی کارگێڕی، دارایی و ئەکادیمییە.

٢.٢. ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەم ئەکادیمیایە بریتین لە:

ئ. توێژینەوە و داڕشتنی پێشنووسی دۆکترینە نەتەوەییەکان لە بوارەکانی بەرگری، ئاسایشی نەتەوەیی، وارگێڕیی دەرەوە و ئابووریدا، و پێشکەشکردنیان بە کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی.

ب. هەڵسەنگاندنی ستراتیژیی درێژەداریی‌یەتی وارگێڕییەکانی دەوڵەت و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ڕەخنەگرانە و ڕاسپاردەی زانستی بە سەرۆکایەتی کۆمار و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان.

پ. پێگەیاندنی نەوەیەکی نوخبە لە بیرمەند، ستراتیژیست و شیکاروانی وارگێڕی بۆ کارکردن لە دامەزراوە هەستیارەکانی دەوڵەتدا.

ت. لێکۆڵینەوەی قووڵ لەسەر مێژووی هزری وارگێڕیی کوردستان و جیهان و کەڵکوەرگرتن لێیان بۆ داڕشتنی وارگێڕیی هاوچەرخ.

٢.٣. پێکهاتە، میکانیزمی کارکردن و پەیوەندیی دامەزراوەیی ئەم ئەکادیمیایە لەگەڵ دامەزراوە باڵاکانی دەوڵەتدا، بە قانوونێکی تایبەت ڕێکدەخرێت.

سێیەم: ژووری‌کانی هزر و سندوقی نیشتمانیی توێژینەوەی ستراتیژی

٣.١. دەوڵەت هانی دامەزراندن و گەشەکردنی ژووری هزری سەربەخۆ و ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی نادەوڵەتی دەدات وەک بەشێکی ژینەکی لە ژێرخانی هزریی نیشتمانیدا.

٣.٢. بەپێی قانوون، "سندوقی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی ستراتیژی" دادەمەزرێت. ئەم سندوقە بە شێوەیەکی ڕووەن و کێبڕکێکارانە، پشتیوانیی دارایی پێشکەش بە باشترین پڕۆژە توێژینەوەییەکان دەکات کە لەلایەن ئەم ناوەندانەوە پێشکەش دەکرێن.

٣.٣. هەر ناوەندێک کە لەم پشتیوانییە سوودمەند بێت، پابەندە بە ڕوونایەتیی تەواوی دارایی و نابێت ببێتە سەکۆ بۆ پەرەپێدانی گوتاری دژە-نیشتمانی.

چوارەم: دیپلۆماسیی هزری و بەستنەوەی جیهانی

٤.١. دەوڵەت، لە ڕێگەی دامەزراوەکانی هزری ستراتیژییەوە، وارگێڕیی "دیپلۆماسیی هزری" پەیڕەو دەکات.

٤.٢. ئامانج لەم وارگێڕییە بریتییە لە:

ئ. ناساندنی دیدگا و گوتاری ستراتیژیی کوردستان بە ناوەندەکانی بڕیاری جیهانی و کاریگەریکردنە سەر ڕای گشتیی نێودەوڵەتی.

ب. بنیاتنانی تۆڕێکی جیهانی لە بیرمەند و ستراتیژیستە دۆستەکانی کوردستان.

پ. بەستنەوەی دامەزراوە نیشتمانییەکان بە پسپۆڕ و بیرمەندانی دیاسپۆرای کوردەوە، بۆ سوودوەرگرتن لە تواناکانیان لە دارشتنی وارگێڕیی نیشتمانیدا.

بەندی ١٠٣: ئەرشیفی نەتەوەیی و کتێبخانەی نیشتمانی

دەوڵەت لەسەر ئەو ڕاستەواییە نەگۆڕە دادەمەزرێ کە نەتەوەکان لەسەر یادەوەری و زانین بونیاد دەنرێن. دامەزراندنی ئەرشیفی نەتەوەیی وەک "ئاوەزی دەوڵەت" و کتێبخانەی نیشتمانی وەک "یادەوەریی نەتەوە"، ئەرکێکی دەستووریی ژینەکی و پەرەنسیپێکی بنەڕەتیی دەوڵەتداریی کۆماری کوردستانە. ئەم دوو دامەزراوەیە قەڵای پاراستنی شوناس و سەکۆی بەرهەمهێنانی هێزن.

یەکەم: ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان: پاسەوانی یادەوەریی دەوڵەت

١.١. بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتیی مێژوویی و بەڵگەنامەیی نەتەوە و دەوڵەت، ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان دادەمەزرێت.

١.٢. ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەرشیفی نەتەوەیی بریتین لە:

ئا. کۆکردنەوەی سیستماتیکی گشت بەڵگەنامە فەرمی و نافەرمییەکان کە پەیوەندییان بە ژیان و خەباتی نەتەوەی کورد و دامەزراوەکانییەوە هەیە، لەوانە:

- بەڵگەنامەکانی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە هەموو ئاستەکاندا.
- پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتنە دیپلۆماسییەکان.
- نەخشە مێژوویی و جوگرافییەکانی کوردستان.
- ئەرشیفی پارتە وارگێڕییەکان، ڕێکخراوەکان و کەسایەتییە نیشتمانییەکان.
- ئەرشیفی دەنگی و بینراو، وەک تۆماری گەواییدەران لەسەر تاوانەکانی جینۆساید.

ب .ئەرشیفی نەتەوەیی، بەپێی قانوون، دەسەڵاتی قانوونیی پابەندکەری هەیە بۆ فەرمانکردن بە گشت دامەزراوەیەکی دەوڵەتی و گشتی بۆ ڕادەستکردنی دەوریی بەڵگەنامەکانیان بەپێی ئەو ستانداردانەی کە ئەرشیڤ دیاری دەکات.

دووەم: کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان: مەکۆی ئاوەزیی نەتەوە

٢.١. بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی زانین-تەوەر، کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان دادەمەزرێت.

٢.٢. ئەرک و ئامانجەکانی بریتین لە:

ئا. کۆکردنەوەی پاشماگی هزریی: کۆکردنەوەی گشت بەرهەمێکی نووسراو، دەنگی و بینراو کە لە کوردستان دەردەچێت، لەگەڵ گرنگترین بەرهەمە هزری و زانستییەکانی جیهان.

ب. پەرەپێدانی کولتووری خوێندنەوە: کارکردن وەک ناوەندێکی نیشتمانی بۆ هاندانی خوێندنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گشتی.

پ. ژێرخانی زانستیی نەتەوەیی: دابینکردنی دەستگەیشتن بە بنکەی داتای زانستی و ئەکادیمیی جیهانی بۆ گشت زانکۆکان و ناوەندەکانی توێژینەوە.

ت. ئەرکی بەرهەمهێنانی "بیبلیۆگرافیای نیشتمانی" کە بریتییە لە لیستی فەرمی و گشتگیری هەموو بڵاوکراوەکانی وڵات.

سێیەم: پێگەی قانوونیی، سەربەخۆیی و بەڕێوەبردن

٣.١. ئەرشیڤی نەتەوەیی و کتێبخانەی نیشتمانی، دوو دامەزراوەی دەستووریی سەربەخۆن، خاوەنی کەسایەتیی قانوونیی و سەربەخۆیی تەواوی کارگێڕی و دارایین.

٣.٢. ئەم دوو دامەزراوەیە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی دەسەڵاتی قانوونداناندان و لە دەستێوەردانی دەسەڵاتی ڕایەدار پارێزراون.

٣.٣. دەوڵەت پابەندە بە دابینکردنی بودجەی شایستە و توانای مرۆیی پسپۆڕ بۆیان، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەرکەکانیان بە باشترین شێوە ڕادەپەڕێنن.

چوارەم: دەسەڵاتە قانوونییەکان و سپاردنی قانوونیی

٤.١. قانوون میکانیزمێکی ڕوون بۆ "لابردنی پۆلێنی نهێنی" لەسەر ئەو بەڵگەنامە مێژوویییانەی ئەرشیڤی نەتەوەیی دادەنێ کە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی قانوونیی دیاریکراو، چیتر هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست ناکەن.

٤.٢. دەوڵەت پابەندە بە دەرکردنی قانوونی "سپاردنی قانوونیی" کە هەموو بڵاوکەرەوەیەک ناچار دەکات دانەیەک یان زیاتر لە هەر بەرهەمێکی چاپکراو یان دیجیتاڵی، بە شێوەیەکی بێبەرامبەر ڕادەستی کتێبخانەی نیشتمانی بکات.

پێنجەم: باڵادەستیی دیجیتاڵی و یادەوەریی نەتەوەیی دیجیتاڵ

٥.١. ئەرشیڤی نەتەوەیی و کتێبخانەی نیشتمانی پێکەوە "یادەوەریی نەتەوەیی دیجیتاڵ" بنیات دەنێن، کە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ژێرخانی "دەوڵەتی ژیر" دادەنرێت.

٥.٢. ئامانج لەم کارە، مسۆگەرکردنی باڵادەستیی زانیاریی نەتەوەیی، پاراستنی لەبەرامبەر هەر کارەساتێک یان هێرشێکی ئەلیکترۆنی، و دابینکردنی دەستگەیشتنی ئاسانە بۆ گشت شارۆمەندان.

٥.٣. دەوڵەت ئەرکداره بە دابینکردنی پێشکەوتووترین ژێرخانی تەکنەلۆژی بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی ئەم سامانە دیجیتاڵییە.

شەشەم: ئەرکی پیرۆز و پاراستنی هەردەمیی

٦.١. پاراستنی ئەم دوو دامەزراوەیە و سامانەکانیان، ئەرکێکی پیرۆز و نیشتمانییە.

٦.٢. هەر جۆرە هەوڵێک بۆ لەناوبردن، شێواندن، دزین، یان کەمتەرخەمی کردن لە پاراستنی بەڵگەنامە و بەرهەمەکانیان، بە تاوانێکی قورسی دژ بە یادەوەریی میژوویی و ئاوەزیی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت و سزاکەی نەبەخشراوە.

دەروازەی یازدەیەم: دەسەڵاتداریی پێشکەوتوو و ڕەوایەتیی سەقامگیر

ڕەوایەتیی دەسەڵات لە کۆماری کوردستاندا، نەک وەک ساتەوەختێکی خولیی هەڵبژاردن، بەڵکوو وەک پڕۆسەیەکی دەستووریی بێپسانەوە و درێژەدار پێناسە دەکرێت. ئەم دەروازەیە ئەو میکانیزمە پێشکەوتووانە دادەمەزرێنێ کە ئامانجیان هاوتاییکردنی درێژەداری ڕەوایەتیی دەسەڵاتداریی لەگەڵ وێستمەندیی زیندووی نەتەوەدا. لێرەدا، دیموکراسی لە قاڵبی ڕێکاریی هەڵبژاردنەوە بەرەو قۆناغی "وەڵامدەرەوەیی دەستووریی" دەگوازرێتەوە، تاوەکوو مسۆگەر بکرێ کە دەسەڵات هەمیشە وەک ڕایەدارێکی پابەند بە "پێسپێردە نەتەوەیی"(National Mandate) دەمێنێتەوە، نەک تەنیا وەک حاکمێکی هەڵبژێردراوی دوور لە لێپرسینەوە. ئەم بنەما دەستوورییانە، کۆڵەکە نیشتمانییەکانی بنیاتنانی دیموکراسییەکی تۆکمە، ڕووەن و خاوەن متمانەی جەماوەرین کە مەرجی سەرەکیی سەقامگیریی پەرگاڵی کۆماری و بەرزترین ئاستی ڕەوایەتیی دەسەڵات پێک دەهێنن.

بەندی ١٠٤: چاودێریی کۆمەڵایەتی و ڕەوایەتیی سەقامگیر

لە کۆماری کوردستاندا، ڕەوایەتیی دەسەڵات پرۆسەیەکی بێوچانە و تەنیا لە سندووقی دەنگداندا قەتیس نابێت. ئەم بەندە چوارچێوەی دەستووری دادەڕێژێت بۆ بەدامەزراوەییکردنی چاودێریی کۆمەڵایەتی بەسەر کارایی دەسەڵاتەوە، بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە دەسەڵات هەمیشە لە ژاژەی ویستی گشتیدا بمێنێتەوە.

یەکەم: دەستەی نیشتمانی بۆ پێوانەکردنی ڕای گشتی

١.١. بەپێی قانوونی تایبەت، "دەستەی نیشتمانی بۆ پێوانەکردنی ڕای گشتی" وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی تەواو سەربەخۆی کارگێڕی و دارایی دادەمەزرێت.

١.٢. ئەم دەستەیە تەنیا لەبەرامبەر دەسەڵاتی قانووندانانداوەڵامدەرەوەیە.

١.٣. ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەم دەستەیە بریتین لە:

ئا. ئەنجامدانی ڕاپرسیی زانستی و بێلایەنانەی دەوری، لانیکەم هەر شەش مانگ جارێک، بۆ پێوانەکردنی ئاستی ڕەزامەندی و متمانەی کۆمەڵ بە کارایی و وارگێڕییە گشتییەکانی دەسەڵاتی ڕایەدار.

ب. شیکردنەوەی داتاکان و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ورد و ڕووەن بۆ ڕای گشتی، مەکۆی نیشتمانی و سەرۆکایەتیی کۆمار.

دووەم: میکانیزمی وەڵامدانەوەی دەستووری

٢.١. ئەگەر ڕاپۆرتە فەرمییەکانی "دەستەی نیشتمانی بۆ پێوانەکردنی ڕای گشتی" بۆ ماوەی دوو خولی یەک لەدوای یەک، واتە یەک ساڵی تەواو، دەریانخست کە ئاستی پشتیوانیی کۆمەڵ لە سەرکۆمار وەک سەرۆکی دەسەڵاتی ڕایەدار، بە شێوەیەکی بەرچاو و بێپسانەوە لە خوار پەنجا لە سەد (٥٠٪)ـەوەیە، ئەوا ئەم میکانیزمە دەستوورییە کارا دەبێت:

ئا. سەرکۆمار مافی هەیە داخوازی هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆکایەتی بکات بۆ نوێکردنەوەی متمانەی کۆمەڵ.

ب. مەکۆی نیشتمانی مافی هەیە بە زۆرینەی ڕەهای کۆی ئەندامانی، داخواز لە سەرکۆمار بکات کە ڕیفراندۆمێک بۆ مانەوە یان نەمانەوەی لە پۆستەکەیدا ئەنجام بدات.

سێیەم: پاراستنی سەقامگیری و چوارچێوەی قانوونیی

٣.١. ئامانج لەم بەندە، بنیاتنانی دیموکراسییەکی وەڵامدەرەوەیە، بە شێوازێک کە سەقامگیریی وارگێڕیی وڵات نەخاتە مەترسییەوە.

٣.٢. قانوونێکی تایبەت، وردەکاریی میکانیزمەکە، مەرجەکانی ڕیفراندۆم، و ڕێکارەکانی پێویست دادەڕێژێت بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی ئەم بەندە بۆ ململانێی وارگێڕیی کورتخایەن یان دروستکردنی ناسەقامگیریی درێژەدار.

بەندی ١٠٥: پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و بەرەنگاری ئایدیۆلۆژیای هەڵوەشێنەر

کۆماری کوردستان لەسەر بنەمای یەکپارچەیی کوردستان وەک جەستەی نەتەوەی کورد و شوناسی نیشتمانیی یەکگرتوو دامەزراوە. دەوڵەت ئەرکدارە بە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و یەکێتیی واتایی نیشتمان لە هەر جۆرە ئایدیۆلۆژیا و بزووتنەوەیەک کە لەژێر پەردەی "دادپەروەریی کۆمەڵایەتی" یان "مافی گرووپەکان"، ئامانجیان کەرتکردنی نەتەوە، شێواندنی ڕاستەواییە زانستییەکان و تێکدانی هاوسەنگیی سروشتیی مرۆڤ بێت.

یەکەم: پێناسی هەڕەشەکان و نەهێڵکردنی ناسنامەگەرایی وارگێڕی

١.١. دەوڵەت هەر جۆرە گوتار و بزووتنەوەیەک کە پشت بە "وارگێڕیی ناسنامە" دەبەستێت بە مەبەستی دابەشکردنی شارۆمەندان بۆ سەر گرووپی بچووک و دژبەیەک لەسەر بنەمای ڕەگەز، ئارەزووی سێکسی، یان هەر جیاکارییەکی تر کە یەکێتیی نەتەوەیی بخاتە مەترسییەوە، وەک "ئایدیۆلۆژیای هەڵوەشێنەر" دەناسێنێت.

١.٢. پەرەپێدانی ئەو چەمکە دەستکردانەی "دادپەروەریی کۆمەڵایەتی" کە ئامانجیان سزادانی سیستماتیکی تۆڕێژە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگا یان دروستکردنی هەستی "قوربانیبوون"ـی بەردەوام بێت، بە هەوڵێک بۆ داڕزانی وردەی نەتەوەیی و تێکدانی پەڕگاڵی گشتی هەژمار دەکرێت.

١.٣. شێواندنی بە مەبەستی ڕاستەواییە بایۆلۆژی و زانستییەکان بە مەبەستی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی و وارگێڕی، پێشێلکاریی توندی ئەم دەستوورەیە.

١.٤. ئەرکی دەوڵەتە کە بێلایەنیی پانتاییە گشتییەکان بپارێزێت و ڕێگری لەوە بکات کە دامەزراوە فەرمییەکان ببنە سەکۆی بانگەشە بۆ ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژیایانە.

دوویەم: پاراستنی نەوەی نوێ و پەروەردەی شوناس-تەوەر

٢.١. پەڕگاڵی پەروەردەی نیشتمانی تەنیا لەسەر بنەمای زانستی ئۆبژێکتیڤ، ڕاستەوایی بایۆلۆژی و بەها باڵاکانی نەتەوە دادەڕێژرێت؛ تێکەڵکردنی هەر ناوەڕۆکێکی فێرکاری کە هانی "ناسنامەگەرایی تێکدەر" یان گومانخستنە سەر شوناسی سروشتیی مرۆڤ بدات، بە توندی ڕێنەدراوە.

٢.٢. قوتابخانە و زانکۆکان ئەرکدار دەکرێن بە جەختکردنەوە لەسەر "شوناسی نەتەوەیی یەکگرتوو" وەک تاکە چوارچێوەی بەدیهێنانی دادپەروەریی ڕاستەقینە، دوور لە ململانێی گرووپە ناسنامەییەکان.

٢.٣. دەوڵەت پابەندە بە پاراستنی منداڵان لە هەر جۆرە "ئاڕاستەکردنێکی ئایدیۆلۆژی" کە پێش گەیشتن بە تەمەنی قانوونیی و پێگەیشتنی ئاوەزیی، دەستکاریی تێڕوانینیان بۆ ڕەگەز و سروشتی مرۆیی بکات.

سێیەم: داراییکردنی بیانی و ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی

٣.١. وەرگرتنی هەر جۆرە یارمەتییەک لە لایەنی بیانی یان (NGO) نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای ناسنامەگەرایی و دروستکردنی لێکترازانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان، بە تاوانی "دەستێوەردانی ستراتیژی" هەژمار دەکرێت.

٣.٢. دەوڵەت مافی هەیە چاودێریی وردی گشت ئەو بودجانە بکات کە لە دەرەوە بۆ کایەی "کولتووری و کۆمەڵایەتی" دێن، و هەر پڕۆژەیەک کە ئامانجی گۆڕینی سیستماتیکی بەها نەتەوەیی و بایۆلۆژییەکان بێت، دەستبەجێ ڕادەگیرێت.

چوارەم: پاراستنی خێزان و یەکپارچەیی جەستەیی

٤.١. کۆماری کوردستان دان بە "خێزان"ـدا دەنێت وەک یەکەیەکی سروشتی و بنەڕەتیی کۆمەڵگا کە لە یەکگرتنی ژن و پیاو پێک دێت؛ پاراستنی شکۆ و سەقامگیریی ئەم یەکەیە ئەرکێکی باڵای ئاسایشی نەتەوەییە.

٤.٢. ئەنجامدانی هەر جۆرە پڕۆسەیەکی پزیشکی، کیمیایی یان نەشتەرگەریی گۆڕینی ڕەگەز بۆ کەسانی خوار تەمەنی قانوونیی، بە تاوانێکی قورسی تێکدانی جەستەی مرۆڤ هەژمار دەکرێت و بکەرانی بە تووندترین شێوە سزا دەدرێن.

٤.٣. دەوڵەت ڕێگری دەکات لە هەر جۆرە هەوڵێکی قانوونیی یان کارگێڕی کە ئامانجی بێبایەخکردنی پێگەی دایکایەتی و باوکایەتی بێت لە پێناو تێڕوانینێکی ناسنامەییە دەستکردەکاندا.

پێنجەم: وەڵامدەرەوەیی دەستووری

٥.١. هەر بەرپرسێکی دەوڵەتی کە دەسەڵاتەکەی بەکار بهێنێت بۆ سەپاندنی ئەجێندای گرووپە ناسنامەییەکان بەسەر بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەدا، ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێتەوە.

٥.٢. دادگای باڵا سەرچاوەی کۆتاییە بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئایا وارگێڕییەک یان قانوونێک دەچێتە خانەی "دادپەروەریی ڕاستەقینە" یان خانەی "ناسنامەگەرایی تێکدەر."

بەندی ١٠٦: شایستەسالاری وەک بنەمای هێزی دەوڵەت

کۆماری کوردستان لەسەر بنەمای ڕەهای شایستەسالاری دادەمەزرێت. ئەم پرەنسیپەکۆڵەکەی پشتی پۆڵاییی دەوڵەت و پەیمانێکی پیرۆزە لەنێوان دەوڵەت و شارۆمەندانیدا. بەپێی ئەم بنەمایە، دەسەڵات، پێگە و بەرپرسیارێتی تەنیا و تەنیا بەپێی لێهاتوویی، توانای زانستی و کرداری، پاکی و دڵسۆزیی بێ مەرج بۆ دەوڵەت، نەتەوە و دەستوور دەبەخشرێت.

یەکەم: پانتایی ڕاییکردن

بنەمای شایستەسالاری بە شێوەیەکی گشتگیر و بێ جیاوازی، گشت بوارەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دامەزراوە گشتییەکان دەگرێتەوە، بەتایبەتی:

١.١. ڕاژەی ژیاریی و کارگێڕیی: دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوە لە گشت فەرمانگە، کاروبار و دەستە دەوڵەتییەکاندا.

١.٢. هێزە چەکدارەکان و دەزگا هەدارییەکان: وەرگرتن و پێشکەوتنی ئەفسەران و پلەدارەکان لە ئارتەش، پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایشدا.

١.٣. دەسەڵاتی دادوەری: هەڵبژاردن و پێگەیاندنی دادوەران و داخوازکارانی گشتی لە هەموو ئاستەکاندا.

١.٤. دەزگای دیپلۆماسی: دانانی باڵیۆزان، کونسوڵەکان و گشت دیپلۆماتکارانی وڵات.

١.٥. کەرتی ئابووریی دەوڵەتی: بەڕێوەبردنی کۆمپانیا و دامەزراوە ئابوورییە دەوڵەتییەکان و پۆستە باڵاکانیان.

١.٦. پۆست و ژینگە کارییە سەروەری و هەستیارەکان: بنەمای شایستەسالاری لە گرتنی پۆستە سەروەرییەکان و کارکردن لە ژینگە کارییە سەروەری و هەستیارەکاندا، لەگەڵ ئەو مەرجە دەستووری و قانوونییانەدا ڕایی دەکرێ کە بۆ پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی، ئاسایشی نەتەوەیی، نهێنییەکانی دەوڵەت، ژێرخانی ژینەکی و بڕیاری سەروەریی کۆمار دیاری کراون.

دوویەم: ڕێنەدراوکردنی دژە-شایستەسالاری

هەر جۆرە دامەزراندن، پلەبەرزکردنەوە یان پێسپاردنی ئەرکێک لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا لەسەر بنەمای جگە لە شایستەیی، بەتایبەتی لەسەر بنەمای خزمخزمێنە، لایەنگریی پارتایەتی، پەیوەندیی خێڵەکی، ناوچەگەری یان بەرژەوەندیی کەسی و بازرگانی، بە تاوانێکی قورس دژی کارایی دەوڵەت و ناپاکی لە متمانەی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت و بەپێی قانوون سزای توندی لەسەر دەبێت.

سێیەم: میکانیزمی ڕاییکردن و چاودێری

بۆ دڵنیابوون لە ڕاییکردنی ئەم بنەما نەگۆڕە، "دەستەی باڵای شایستەسالاری و ڕاژەی دەوڵەتی" وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵاتی تەواوی کارگێڕی و دارایی دادەمەزرێت. ئەرکی ئەم دەستەیە بریتی دەبێت لە:

٣.١. دانانی ستاندارد و پێوەری زانستی و پیشەیی ورد بۆ هەموو پۆستە گشتییەکان.

٣.٢. سەرپەرشتیکردنی تاقیکردنەوەی نیشتمانیی یەکگرتوو و ڕووەن بۆ وەرگرتن لە ڕاژەی دەوڵەتیدا.

٣.٣. لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ورد بۆ هەر سکاڵایەک کە پەیوەندی بە پێشێلکردنی بنەمای شایستەسالارییەوە هەبێت.

٣.٤. لە پۆستە سەروەرییەکان و ژینگە کارییە سەروەری و هەستیارەکاندا، دەستەی باڵای شایستەسالاری و ڕاژەی دەوڵەتی پابەندە پێوەرەکانی شایستەیی لەگەڵ ئەو مەرجە دەستووری، قانوونی و هەدارییانەدا هاوئاهەنگ بکات کە بۆ پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی، ئاسایشی نەتەوەیی، نهێنییەکانی دەوڵەت، ژێرخانی ژینەکی و بڕیاری سەروەریی کۆمار دیاری کراون.

چوارەم: پەروەردە وەک لانکەی شایستەسالاری

ڕاییکردنی شایستەسالاری لە پەرگاڵی پەروەردەوە دەست پێدەکات. دەوڵەت بە دابینکردنی دەرفەتی یەکسانی پەروەردەیی باڵا بۆ هەموو شارۆمەندان پابەندە. وەرگرتن لە زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا، تەنیا لەسەر بنەمای توانای زانستی و لێهاتوویی دەبێت.

پێنجەم: ئەرکی دەوڵەت بۆ دۆزینەوە و پێگەیاندنی بەهرەکان

دەوڵەت تەنیا چاوەڕێی هاتنی کەسانی شایستە ناکات، بەڵکو بە شێوەیەکی سیستماتیک و ئامانجدار، کار بۆ دۆزینەوە و پێگەیاندنیان دەکات، لە ڕێگەی دامەزراندنی پرۆگرامی نیشتمانی بۆ دۆزینەوەی بەهرە تایبەتەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندندا.

شەشەم: ماف و ئەرکی شارۆمەند

مافی هەر شارۆمەندێکە کە تەنیا لەسەر بنەمای توانست و لێهاتوویی خۆی هەڵبسەنگێنرێت. ئەرکی هەر شارۆمەندێکیشە کە بێوچان کار بۆ پەرەپێدانی تواناکانی خۆی بکات.

حەوتەم: ڕوونایەتی و میکانیزمی تانەلێدان

گشت پرۆسەکانی دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوە لەژێر چاودێریی "دەستەی باڵای شایستەسالاری"ـدا بە شێوەیەکی ڕووەن بەڕێوە دەچن. قانوون مافی تانەلێدان و سکاڵا بۆ هەر شارۆمەندێک مسۆگەر دەکات.

بەندی ١٠٧: تاوانی جەردەسالاری و داڕزاندنی دەوڵەت

جەردەسالاری هێرشێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر خودی بوونی کۆمار؛ متمانەی نێوان شارۆمەند و دەوڵەت لەناودەبات، بنەماکانی دادی کۆمەڵایەتی پووچەڵ دەکاتەوە، ئابووریی نیشتمانی گۆڕ دەکات و دواجار ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەریی دەوڵەت دەخاتە بەردەم هەڕەشەی ڕووخانی مسۆگەرەوە. لەم سۆنگەیەوە، بەرەنگاربوونەوە و ڕیشەکێشکردنی، جەنگێکی بوونایەتیی بێ سازش و ئەرکێکی دەستووریی باڵا و نەگۆڕی دەوڵەتە بۆ پاراستنی ڕۆحی کۆمار.

یەکەم: پێناسەی قانوونیی و کردەوە تاوانکارییەکان

١.١. جەردەسالاری، بۆ مەبەستی ئەم دەستوورە، بریتییە لە بەکارهێنانی سیستماتیکی پۆستی گشتی و دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆ دەستخستنی سوود و بەرژەوەندیی ناقانوونیی، کە ببێتە هۆی زیانگەیاندنی ژینەکی بە سامانی گشتی و بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمار.

١.٢. کردەوەکانی پێکهێنەری ئەم تاوانە، کە تەنیا بەمانە سنووردار نامێنێتەوە، بریتین لە:

ئ. دەستبەسەراگرتنی ناقانوونیی داهاتی سامانە سروشتی و ستراتیژییەکانی دەوڵەت.

ب. بەد بەکارهێنانی بودجەی گشتی لە ڕێگەی پڕۆژەی وەهمی، زیادکردنی تێچووی ناڕاستەقینە، یان خەرجکردنی ناڕوون.

پ. پێدانی گرێبەستە گشتییەکان و مۆڵەتەکان بە شێوەی ناقانوونیی و بەبێ ڕەچاوکردنی کێبڕکێی دادپەروەرانە.

ت. بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ دروستکردنی قۆرخکاریی ناقانوونیی لە کەرتە ئابوورییەکاندا.

ج. کاریگەریکردنە سەر سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و دەزگاکانی ڕاییکردنی قانوون، بە مەبەستی پاراستنی تاوانباران.

چ. گواستنەوە، سپیکردنەوە و شاردنەوەی ئەو سامانانەی کە بە ناقانوونیی بەدەست هاتوون لە دامەزراوە داراییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا.

ح. بەکارهێنانی پۆستی گشتی بۆ دامەزراندنی تۆڕێکی مشەخۆر لەسەر بنەمای خزمخزمێنە و لایەنگریی پارتی.

دوویەم: قەڵغانی نیشتمانیی دژە-جەردەسالاری

٢.١. بەپێی قانوون، "دەستەی نیشتمانیی قەڵغانی دژە-جەردەسالاری" وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی سەربەخۆی کارگێڕی و دارایی دادەمەزرێت. ئەم دەستەیە تەنیا لەبەرامبەر دەسەڵاتی قانوونداناندا وەڵامدەرەوەیە و لەژێر هیچ کاریگەرییەکی دەسەڵاتی ڕایەداردا نابێت.

٢.٢. سەرۆک و ئەندامانی باڵای دەستەکە، لەسەر پێشنیازی سەرکۆمار و بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ڕەهای مەکۆی ژیران دادەنرێن، بۆ دڵنیابوون لە سەربەخۆیی و بێلایەنیی تەواویان.

سێیەم: دەسەڵات و ڕێکارە تایبەتەکان

٣.١. دەستەی نیشتمانیی قەڵغانی دژە-جەردەسالاری خاوەنی ئەم دەسەڵاتە تایبەتانە دەبێت:

ئا. دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەی گشتگیر: لێکۆڵینەوە لە گشت کردەوەیەکی گوماناوی لە هەموو ئاست و دامەزراوەیەکی دەوڵەتدا، بەبێ ڕەچاوکردنی پارێزبەندیی هیچ پۆست و پلەیەک، بە سەرکۆماریشەوە.

ب. دەسەڵاتی دەستگەیشتن بە زانیاری: مافی دەستگەیشتنی بێسنووری بە گشت بەڵگەنامە، داتا و تۆمارە داراییەکان هەیە، بە فەرمانی دادوەری.

پ. دەسەڵاتی جووڵاندنی داخوازی قانوونیی: جووڵاندنی داخوازی قانوونیی ڕاستەوخۆ لە دادگای تایبەتمەند بە تاوانەکانی ئاسایشی نەتەوەیی.

ت. دەسەڵاتی دەستبەسەراگرتنی کاتیی سامان: بە فەرمانی دادوەری، دەسەڵاتی دەستبەسەراگرتنی کاتیی ئەو سامانانەی دەبێ کە گومانی ناقانوونییبوونیان لێدەکرێت.

ج. دەسەڵاتی گێڕانەوەی سامان: دامەزراندنی یەکەیەکی پسپۆڕی قانوونیی و دیپلۆماسی بۆ بەدواداچوون و گێڕانەوەی سامانە گواستراوەکان بۆ دەرەوەی وڵات.

چ. چاودێریکردنی ڕەوشی دارایی بەرپرسان: چاودێریکردنی بێپسانەوەی زیادبوونی سامانی بەرپرسانی باڵای دەوڵەت و لێکۆڵینەوە لە هەر زیادبوونێکی ناڕەوا و گوماناوی.

چوارەم: سزا و دەرەنجامە قانوونییەکان

تاوانی جەردەسالاری ڕووبەڕووی تووندترین سزای قانوونیی دەبێتەوە:

٤.١. سزای سەرەکی بریتییە لە زیندانیکردنی درێژخایەن.

٤.٢. ئەم تاوانە بە تێپەڕبوونی کات لە کۆڵ نابێتەوە و لێخۆشبوونی گشتی یان تایبەتی نایگرێتەوە. هیچ دەسەڵاتێکی دەوڵەت، بە سەرکۆماریشەوە، مافی دەرکردنی بڕیاری لێبوردنی بۆ تاوانبارانی ئەم بواڕە نییە.

٤.٣. وەک سزای تەواوکەر، تاوانبار بە شێوەیەکی هەردەمیی لە گشت مافە وارگێڕی و ژیارییەکان، وەک مافی هەڵبژاردن، خۆپاڵاوتن و وەرگرتنی پۆستی گشتی، بێبەش دەکرێت.

٤.٤. گشت ئەو سامان و ملْکەی کە لە ئەنجامی تاوانەکەوە بەدەست هاتووە، تەنانەت ئەگەر بە ناوی ئەندامانی خێزان یان لایەنی سێیەمەوە تۆمار کرابێت، بە بڕیاری کۆتایی دادگا، دەستی بەسەردا دەگیرێت.

پێنجەم: گێڕانەوە و بەکارهێنانی سامانە دەستبەسەرداگیراوەکان

٥.١. داهاتی ئەو سامانانەی لە ئەنجامی ڕاییکردنی ئەم بەندەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت، لە چوارچێوەی "سندوقی دادی نیشتمانی"ـدا کۆدەکرێتەوە.

٥.٢. داهاتی ئەم سندوقە، کە بە شێوەیەکی ڕووەن و لەژێر چاودێریی مەکۆی نیشتمانییدا بەڕێوە دەبرێت، تەنیا بۆ پڕۆژە ستراتیژییەکانی ڕاژەکردنی گشتی و بەهێزکردنی ژێرخانی خۆشبژێویی تەرخان دەکرێت.

شەشەم: پاراستنی قانوونیی ئاشکراکەرانی زانیاری

٦.١. قانوون پارێزبەندیی تەواوی قانوونیی، پیشەیی و کەسی بۆ ئەو شارۆمەند و فەرمانبەرانە دابین دەکات کە بە نیازپاکی زانیاریی ورد و دروست لەسەر کردەوەکانی جەردەسالاری دەگەیەننە دەزگا پەیوەندیدارەکان.

٦.٢. هەر جۆرە تۆڵەسەندنەوەیەک لێیان، بە تاوانێکی سەربەخۆ هەژمار دەکرێت و سزای توندی قانوونیی لەسەر دەبێت.

بەندی ١٠٨: خۆشبژێویی گشتی وەک ئامانجی دەستووریی دەوڵەت

دەوڵەت، لەسەر بنەمای ئەوەی کە هێزی نەتەوەیی و سەقامگیریی پەرگاڵی کۆماری لە ڕەزامەندی و بەختەوەریی شارۆمەندانەوە سەرچاوە دەگرێت، دابینکردنی خۆشبژێویی گشتی وەک یەکێک لە ئەرکە ژینەکییەکانی خۆی دەناسێنێت. ئامانج لەم بەندە، دامەزراندنی چوارچێوەیەکی دەستوورییە بۆ پێوانەکردنی سیستماتیکی چلۆنایەتیی ژیانی کۆمەڵ و بەکارهێنانی دەرەنجامەکانی وەک بنەمایەکی پابەندکەر بۆ داڕشتن و پێداچوونەوەی وارگێڕییە نیشتمانییەکان.

یەکەم: ناوەندی نیشتمانی بۆ پێوانەکردنی خۆشبژێوی

١.١. بەپێی قانوونێکی تایبەت، "ناوەندی نیشتمانی بۆ پێوانەکردنی خۆشبژێویی گشتی" وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی سەربەخۆی کارگێڕی و دارایی دادەمەزرێت.

١.٢. ئەم دەستەیە تەنیا لەبەرامبەر دەسەڵاتی قانوونداناندا وەڵامدەرەوە دەبێت و لەژێر هیچ کاریگەرییەکی دەسەڵاتی ڕایەداردا نابێت.

١.٣. بودجەی دەستەکە لەلایەن مەکۆی نیشتمانییەوە پەسەند دەکرێت و ناشێت کەم بکرێتەوە بە شێوەیەک کە کار لەسەر سەربەخۆیی و توانای ڕاپیکردنی ئەرکەکانی بکات.

دووەم: ئەرک و فەرمانە بنەڕەتییەکان

ئەرکی سەرەکیی ناوەندی نیشتمانی بۆ پێوانەکردنی خۆشبژێویی گشتی بریتییە لە:

٢.١. داڕشتن و پەرەپێدانی "پێوەری نیشتمانیی خۆشبژێوی"، کە پێوەرێکی زانستی و گشتگیرە بۆ هەڵسەنگاندنی چلۆنایەتیی ژیان.

٢.٢. ئەنجامدانی توێژینەوە و ڕاپرسیی دەوری و بێپسانەوە بۆ کۆکردنەوەی داتای ورد لەسەر بوارەکانی ئاسایشی ئابووری، تەندروستی، پەروەردە، یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی، چلۆنایەتیی ژینگە، هەستی تەناهی کەسی، ئاستی بەشداریی شارۆمەندی و هاوسەنگیی نێوان کار و ژیانی تایبەت.

٢.٣. شیکردنەوەی داتاکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی گشتگیر و ڕاپۆرتی وەرزیی تایبەتمەند.

سێیەم: کاریگەریی قانوونیی و پابەندبوونی ڕێکاری

٣.١. ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەکە بە فەرمی پێشکەش بە هەر یەک لە سەرکۆمار، مەکۆی نیشتمانی و کابینەی دەسەڵات دەکرێت.

٣.٢. کابینەی دەسەڵات پابەندە بەوەی لە ماوەیەکدا کە لە نەوەد (٩٠) ڕۆژ تێپەڕ نەکات، وەڵامێکی فەرمی و نووسراو بۆ ڕاپۆرتەکە دەربکات کە تێیدا ڕێکارەکانی چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان ڕوون کرابێتەوە.

٣.٣. لیژنە تایبەتمەندەکانی مەکۆی نیشتمانی پابەندن بە ئەنجامدانی دانیشتنی گوێگرتنی گشتی سەبارەت بە ڕاپۆرتەکە و وەڵامەکەی کابینە.

٣.٤. پرۆژەقانوونی بودجەی ساڵانەی دەوڵەت دەبێت بەشێکی تایبەت لەخۆبگرێ کە تێیدا ڕوون بکرێتەوە چۆن تەرخانکردنی داهاتەکان لەگەڵ بەرزکردنەوەی پێوەرەکانی خۆشبژێویی گشتیدا دەگونجێت.

چوارەم: ڕوونایی داتا و دەستگەیشتنی گشتی

٤.١. گشت ئەو داتا کۆکراوانەی کە شوناسی تاکەکانی تێدا ئاشکرا نییە، دەبێت بە شێوەیەکی ئازاد بۆ توێژەران و ڕای گشتی بەردەست بخرێن.

٤.٢. دەستەکە پۆرتاڵێکی دیجیتاڵیی گشتی دادەمەزرێنێت بۆ ئاسانکاریی دەستگەیشتن بە داتاکان و ڕاپۆرتەکان.

٤.٣. لە هەموو قۆناغەکاندا، پارێزگاریی تەواو لە مافی تایبەتمەندی و نهێنیی زانیاریی کەسیی شارۆمەندان دەکرێت.

بەندی ١٠٩: ژمێریاریی گشتی و چاودێریی کارایی

کارایی، دەستپاکی و بەکارهێنانی قانوونیی سامانی گشتی، مەرجی پێشوەختەی هێزی دەوڵەت و متمانەی نەتەوەیین. بۆ چەسپاندنی ئەم بنەمایانە، "نووسینگەی ژمێریاریی گشتی" وەک

دامەزراوەیەکی دەستووریی سەربەخۆی کارگێڕی و دارایی دادەمەزرێ کە تەنیا لەبەرامبەر دەسەڵاتی قانوونداناندا وەڵامدەرەوەیە.

یەکەم: ئەرک و فەرمانە بنەڕەتییەکان

ئەرکی بنەڕەتیی نووسینگەکە بریتییە لە چاودێریکردنی گشتگیر بەسەر دارایی گشتی و کارگێڕیی دەوڵەتدا، کە ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

١.١. ژمێریاریی دارایی: وردبینیکردن و هەڵسەنگاندنی سااڵنەی گشت داهات و خەرجییەکانی دامەزراوەکانی دەوڵەت، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەپێی قانوون و بنەما ژمێریارییەکان تۆمار کراون.

١.٢. چاودێریی کارایی: هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئایا سەرچاوەکان بە شێوەیەکی کارا و ئابووورییانە بەکارهاتوون بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان و ناسینەوەی هەر باریکی بەفیڕۆدان یان بەد بەڕێوەبردن.

١.٣. پشکنینی پێشوەختەی گرێبەستەکان: چاودێریکردن و پێداچوونەوەی ڕێکارەکانی بەستنی گرێبەستە گشتییە گەورەکان بۆ دڵنیابوون لە ڕوونایەتی و کێبڕکێی دادپەروەرانە.

١.٤. ڕێگریی سیستماتیک: ناسینەوەی کەلێنەکان لە پەرگاڵی کارگێڕی و دارایيدا و پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی کرداری بۆ چاکسازی و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی گەندەڵی.

دووەم: دەسەڵاتەکانی نووسینگەی ژمێریاریی گشتی

بۆ ڕاییکردنی ئەرکەکانی، نووسینگەکە خاوەنی ئەم دەسەڵاتانەیە:

٢.١. دەستگەیشتنی بێسنوور: مافی دەستگەیشتنی تەواو و بێمەرجی بە گشت بەڵگەنامە، تۆمار و بنکەی داتاکانی هەر دامەزراوەیەکی دەوڵەتی هەیە.

٢.٢. بانگهێشتکردن و وەرگرتنی گەواهی: دەسەڵاتی بانگهێشتکردنی هەر فەرمانبەر و بەرپرسێکی دەوڵەتی هەیە، لە هەر پلەیەکدا بێت، بۆ پێشکەشکردنی زانیاری و ڕوونکردنەوە.

٢.٣. ڕاسپاردەی پابەندکەر: دامەزراوەی پەیوەندیدار پابەندە بە ڕاییکردنی ڕاسپاردەکانی نووسینگە لە ماوەیەکی دیاریکراودا. لە باریی دانەدواوەدا، دەبێت بە فەرمی و بە هۆکاری قانوونیی وەڵام بداتەوە، کە ئەمەش دەکەوێتە ژێر چاودێریی مەکۆی نیشتمانییەوە.

٢.٤. ئاڕاستەکردنی دۆسیە: لە باریی دۆزینەوەی بەڵگەی تاوانی گەندەڵی، نووسینگە پابەندە بە ئاڕاستەکردنی ڕاستەوخۆی دۆسیەکە بۆ دەزگا دادوەرییە پەیوەندیدارەکان.

سێیەم: ژمێریاری گشتی

٣.١. نووسینگەکە لەلایەن ژمێریاری گشتیی کۆمارەوە بەڕێوە دەبرێت.

٣.٢. ژمێریاری گشتی بۆ خولێکی حەوت ساڵە و تەنیا بۆ یەک جار، لەلایەن سەرکۆمارەوە و بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ئەندامانی مەکۆی ژیران دادەنرێت.

٣.٣. بەربژێری ئەم پۆستە دەبێت خاوەنی پسپۆڕیی باڵا و ئەزموونی سەلمێندراو بێت لە بواری ژمێریاری و وردبینی گشتیدا و نابێت لە ماوەی دە ساڵی پێش دامەزراندنیدا هیچ پۆستێکی پارتایەتیی هەبووبێت.

چوارەم: ڕاپۆرت و ڕوونایەتی

٤.١. ژمێریاری گشتی ساڵانە ڕاپۆرتێکی گشتگیر پێشکەش بە دەسەڵاتی قانوونداناان و ڕای گشتی دەکات.

٤.٢. گشت ئەو ڕاپۆرتانەی کە نهێنیی ئاسایشی نەتەوەیی لەخۆ ناگرن، دەبێت بە شێوەیەکی گشتی و ئاسان بۆ دەستگەیشتن بڵاو بکرێنەوە.

بەندی ١١٠: نووسینگەی پارێزەری گشتی

بۆ پارێزگاریکردن لە ماف و شکۆی شارۆمەند لەبەرامبەر دەسەڵاتی کارگێڕیی دەوڵەتدا و بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دەسەڵاتداریی وەڵامدەرەوە و دادپەروەرانە، نووسینگەی پارێزەری گشتی دادەمەزرێت.

یەکەم: دامەزراندن و پێگەی دەستووری

١.١. "نووسینگەی پارێزەری گشتی" وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی سەربەخۆ دادەمەزرێت.

١.٢. ئەم نووسینگەیە لە ڕاییکردنی ئەرکەکانیدا خاوەنی سەربەخۆیی تەواوی کارگێڕی و داراییە و تەنیا لەبەرامبەر دەسەڵاتی قانوونداناندا وەڵامدەرەوەیە.

دوویەم: پێکهاتە و دانان

٢.١. نووسینگەکە لەلایەن پارێزەری گشتیی کۆمارەوە بەڕێوە دەبرێت.

٢.٢. پارێزەری گشتی، لەسەر پێشنیازی سەرکۆمار و بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ئەندامانی مەکۆی ژیران دادەنرێت.

٢.٣. بەربژێری ئەم پۆستە دەبێت پێشینەیەکی بەرچاوی لە بواری قانوون، مافەکانی مرۆڤ، یان کارگێڕیی گشتیدا هەبێت و خاوەنی پاکی و بێلایەنیی سەلمێندراو بێت.

٢.٤. پارێزەری گشتی بۆ خولێکی حەوت ساڵە دادەنرێت و تەنیا بۆ یەک جار مافی دووبارە دانانەوەی هەیە.

سێیەم: پانتایی دەسەڵات و سنووورەکان

٣.١. پانتایی دەسەڵاتی نووسینگەی پارێزەری گشتی، لێکۆڵینەوەیە لەو سکاڵایانەی کە پەیوەندییان بە " بەد بەڕێوەبردن"ـەوە هەیە لەلایەن گشت دامەزراوە و فەرمانگەیەکی کارگێڕیی سەر بە دەسەڵاتی ڕایەدارەوە. ئەمەش ئەم بوارانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ئ. ناڕەوایی و ستەم لە بڕیارە کارگێڕییەکاندا.

ب. کەمتەرخەمی یان دواخستنی ناپاساوی هەڵسوکەوتی شارۆمەندان.

پ. بەد بەکارهێنانی دەسەڵات.

ت. پێشێلکردنی ڕێکارە قانوونییە دیاریکراوەکان.

ج. دانەدواوەی پێدانی زانیاری کە شارۆمەند مافی دەستگەیشتنی پێی هەیە.

٣.٢.پانتایی دەسەڵاتی نووسینگەکە بڕیارەکانی دەسەڵاتی دادوەری، پڕۆسەی قانوونداناان لەناو مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیراندا، و وارگێڕییە باڵاکانی ئاسایشی نەتەوەیی و دەرەوە ناگرێتەوە.

چوارەم: دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە

بۆ ڕاییکردنی ئەرکەکانی، نووسینگەی پارێزەری گشتی خاوەنی ئەم دەسەڵاتانەیە:

٤.١. دەستگەیشتنی تەواو بە گشت بەڵگەنامە، تۆمار و زانیارییەک کە پەیوەندی بە سکاڵاکەوە هەبێت.

٤.٢. بانگهێشتکردنی هەر فەرمانبەر یان بەرپرسێک بۆ وەرگرتنی شایەدی و ڕوونکردنەوە.

٤.٣. سەردانی مەیدانی و پشکنینی هەر نووسینگە و دامەزراوەیەک کە لێکۆڵینەوەکە دەیگرێتەوە.

٤.٤. هەر هەوڵێک بۆ ڕێگریکردن لە کاری پارێزەری گشتی، بە تاوانێکی سەربەخۆ هەژمار دەکرێت و بەپێی قانوون سزای لەسەر دەبێت.

پێنجەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

٥.١. دوای کۆتاییهاتنی لێکۆڵینەوە، پارێزەری گشتی ڕاپۆرتێکی ورد ئامادە دەکات و دەتوانێت ڕاسپاردەی پابەندکەر دەربکات.

٥.٢. ئەم ڕاسپاردانە دەکرێت ئەم بوارانە لەخۆبگرن:

ئ. ڕاستکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە کارگێڕییەکە.

ب. بۆبژاردنی زیانی شتەکی و گیانەکی زیانلێکەوتوو.

پ. پێشکەشکردنی داخوازی لێبوردنی فەرمی لەلایەن دامەزراوەکەوە.

ت. پێشنیارکردنی گۆڕانکاری لە ڕێسا و ڕێکارە کارگێڕییەکاندا بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی چەوتی.

٥.٣. ئەگەر دامەزراوەی پەیوەندیدار لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە قانوون دیاری دەکات، پابەندی ڕاسپاردەکان نەبوو، پارێزەری گشتی مافی هەیە دۆسییەکە، بە مەبەستی ڕاییکردن، بەرز بکاتەوە بۆ دادگای کارگێڕی.

شەشەم: ڕاپۆرتدان و ڕوونایەتی

٦.١. پارێزەری گشتی ساڵانە ڕاپۆرتێکی گشتگیر سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی نووسینگەکە و ڕاسپاردە سەرەکییەکانی پێشکەش بە مەکۆی نیشتمانی دەکات.

٦.٢. پوختەیەکی گشتیی ڕاپۆرتەکە، کە پارێزەری نهێنیی سکاڵاکاران بێت، بۆ ڕای گشتی بڵاودەکرێتەوە.

حەوتەم: دەستگەیشتنی گشتی و بێبەرامبەر

٧.١. تۆمارکردنی سکاڵا لە نووسینگەی پارێزەری گشتی، مافێکی بنەڕەتیی هەموو شارۆمەندێکە.

٧.٢. دەبێت پرۆسەی سکاڵا تۆمارکردن سادە، بێبەرامبەر و دەستگەیشتوو بێت بۆ هەموو شارۆمەندان، بەبێ ڕەچاوکردنی شوێنی جوگرافی یان توانای داراییان.

دەروازەی دوازدەیەم :دەوڵەتی ژیر

کۆماری کوردستان، وارگەی دیجیتاڵی، سەربەخۆیی داتا و باڵادەستیی تەکنەلۆژی وەک ڕەهەندە ژینەکی و دانەبڕاوەکانی سەروەریی نەتەوەیی لە سەدەی بیست و یەکەمدا پێناسە دەکات. ئەم دەروازەیە بناغەی دەستووریی ئەو گواستنەوە ستراتیژییە دادەمەزرێنێ کە تێیدا دەوڵەت لە یەکەیەکی کارگێڕیی لاساییەوە بەرەو پەیکەرێکی دەسەڵاتداریی پێشەنگ هەنگاو دەنێت؛ لێرەدا تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو نەک وەک ئامرازێکی لاوەکی، بەڵکوو وەک "ناوکە-پەرگاڵی" دەوڵەتمەداریی مۆدێرن جێگیر دەکرێت. ئەم پێکهاتە نوێیە کە بە "دەوڵەتی ژیر" ناودەبرێت، ڕەهەندی دیجیتاڵیی کۆمارە و پۆشتە کراوە بە پەرگاڵێکی ژیریی دەستکردی پێشکەوتوو لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیای فێربوونی قوواڵ (Deep Learning).

ئامانجی باڵای ئەم پەڕگاڵە دەستوورییە، بەهێزکردنی بونیادی دەوڵەت و بەرزکردنەوەی ئاستی کارایی، خێرایی و ڕوونایی بڕیارە کارگێڕییەکانە بۆ پلەیەکی بێهاوتا، تاوەکوو مسۆگەرکردنی خۆشبژێویی کۆمەڵ، دادی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەی لە وارگەی دیجیتاڵیدا بە هەمان کێشی وارگەی فیزیکی گەرەنتی بکرێت.

بەندی ١١١: بنەما دەستوورییەکانی دەوڵەتی ژێر

یەکەم: یەکێتیی یەکەی دەوڵەت و فراوانبوونی سەروەری

١.١. کۆماری کوردستان یەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو خاوەن سەروەریی و دابەشنەکراوە. سەروەریی دەوڵەت بە هەمان هێز و چوارچێوەی قانوونیی، وارگەی دیجیتاڵیش دەگرێتەوە.

١.٢. پەرگاڵی دەوڵەتی ژێر وەک ڕەهەندی دیجیتاڵیی دەوڵەت، ئامرازی سەرەکیی ڕاییکردنی سەروەرییە لەم وارەدا و بەشێکی دانەبڕاوە لە دامەزراوەکانی کۆمار.

١.٣. ئامانجی ئەم پەرگاڵە، گۆڕینی دەسەڵاتداریییە لە پرۆسەیەکی بیرۆکراتییەوە بۆ پرۆسەیەکی زیرەک، کارا و داتا تەوەر و مسۆگەرکردنی درێژەداریییەتی دەوڵەتە لەژێر هەر بارودۆخێکدا.

دووەم: ژێرخانی سەربەخۆ و ناوکی ژیریی دەستکرد

٢.١. دەوڵەت ژێرخانێکی دیجیتاڵیی نیشتمانیی سەربەخۆ و تۆکمە دادەمەزرێنێت، کە ناوەندی داتای نیشتمانی، هەوری دەوڵەتی پارێزراو و کەناڵی پەیوەندیی سەربەخۆ لەخۆدەگرێت.

٢.٢. ئەم ژێرخانە و گشت داتاکانی ناوی، بە سامانێکی ستراتیژیی نەتەوەیی دادەنرێن و دەکەونە ژێر باڵادەستیی ڕەهای قانوون و سەروەریی کۆماری کوردستانەوە.

٢.٣. ناوکی کارپێکەری ئەم ژێرخانە، پەرگاڵێکی ژیریی دەستکردی پێشکەوتووە (دەوڵەتی ژیر)، کە ئەرکی پاراستنی خۆگەڕ، باشترکردنی کارایی و چاودێریی دەستووریی پەرگاڵەکەی لە ئەستۆدایە.

سێیەم: فەرمانە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتی ژێر

پەرگاڵی دەوڵەتی ژیر ئەم فەرمانە بنەڕەتییانەی هەیە:

٣.١. پاراستنی خۆڕاگر: پاراستنی درێژەداریییەتی و دەستپاکی ژێرخانی دیجیتاڵی لەبەرامبەر هەموو جۆرەکانی هێرشی سایبەری و تێکدان، بە شێوەیەک کە نەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هیچ هێزێکی ناقانوونییەوە.

٣.٢. چاودێریی دەستووری: پشکنینی خۆگەڕی گشت ئەو فەرمان و بڕیارە دیجیتاڵییانەی کە دەخرێنە ناو پەڕگاڵەکەوە. لە باریی ناسینەوەی هەر فەرمانێک کە پێچەوانەی بنەما نەگۆڕەکانی دەستوور بێت، دەوڵەتی ژیر ڕاییکردنی ڕادەگرێت و دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان ئاگادار دەکاتەوە.

٣.٣. شیکاریی ستراتیژی: شیکردنەوەی داتای گەورە بە مەبەستی بەهێزکردنی ئابووریی نیشتمانی، باشترکردنی ڕاژە گشتییەکان و پشتیوانیکردن لە دارشتنی وارگێڕیی نیشتمانی.

چوارەم: شوناس و یادەوەریی دیجیتاڵی

٤.١. پەرگاڵی "شوناسی نیشتمانیی کوردستان (KN·ID) "وەک تاکە شوناسی دیجیتاڵیی فەرمیی دانپێدانراو، بۆ گشت شارۆمەندان ناچاری دەبێت.

٤.٢. گشت بەڵگەنامە ژینەکییەکانی کۆمار لە ئەرشیڤێکی دیجیتاڵیی دابەشکراو و دەستکارینەکراودا دەپارێزرێن.

پێنجەم: بنەمای کۆنترۆڵی مرۆیی و چوارچێوەی قانوونیی

٥.١. دەوڵەتی ژیر ئامرازێکی ڕایەداریيە، نەک دەسەڵاتێکی بڕیاردەری سەربەخۆ. گشت بڕیارێکی ستراتیژی و قانوونیی کە کاریگەریی لەسەر مافی شارۆمەندان هەبێت، دەبێت لە کۆتاییدا لەلایەن دەسەڵاتدارێکی مرۆیی خاوەن ڕەواییەوە دەربچێت.

٥.٢. بەکارهێنانی دەوڵەتی ژیر بە قانوونێکی تایبەت ڕێکدەخرێت و دەکەوێتە ژێر چاودێریی دەسەڵاتێکی ڕێکخەری سەربەخۆوە.

شەشەم: دۆخی ئاوارتە و درێژەداریيەتی دەوڵەت

لە کاتی ڕاگەیاندنی دۆخی جەنگ، داگیرکاری یان داڕمانی دامەزراوە فیزیکییەکان، پەڕگاڵی دەوڵەتی ژیر درێژەداریيەتی دەسەڵاتداریی و کارگێڕییە ژینەکییەکان مسۆگەر دەکات تا ئەو کاتەی سەروەریی فیزیکی دەگەڕێتەوە.

بەندی ١١٢: دەستەی نیشتمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی

بۆ پاراستنی درێژەداریی‌یەتی ژیانی نەتەوەیی، سەقامگیریی کۆمەڵگا و کارکردنی بێپسانەوەی دەوڵەت، "دەستەی نیشتمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی" وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی ژیاریی سەربەخۆ دادەمەزرێت. ئەم دەستەیە قەڵغانی نیشتمانیی کۆمارە لەبەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی ئەلیکترۆنی کە ئامانجی پەکخستنی ژێرخانە ژینەکییەکانی وڵات و تێکدانی پەرگاڵی گشتی بێت.

یەکەم: ئەرکە ستراتیژییە بەرگرییەکان

دەستەی نیشتمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، باڵاترین دەسەڵاتی داڕشتنی ستراتیژی و چاودێریکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی نیشتمانییە لە کەرتی ژیاریدا و ئەم ئەرکە بنەڕەتییانەی هەیە:

١.١. پاراستنی ژێرخانی ژینەکی: دیاریکردن و پاراستنی گشت ئەو ژێرخانە ژینەکییانەی کە کارکردنیان بۆ درێژەداریی‌یەتی ژیانی کۆمەڵگا و دەوڵەت پێویستە، لەوانە کەرتی وزە، سەرچاوەکانی ئاو، پەرگاڵی بانکی و دارایی، کەرتی تەندروستی، پەیوەندییەکان و ژێرخانی هەڵبژاردنەکان.

١.٢. دانانی ستانداردی نیشتمانیی پابەندکەر: دەرکردنی ڕێسا و ستانداردی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی پابەندکەر بۆ گشت دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و تایبەت کە خاوەنی ژێرخانی ژینەکین و چاودێریکردنی وردی ڕاییکردنیان.

١.٣. بەڕێوەبردنی قەیرانە نیشتمانییەکان: لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشێکی ئەلیکترۆنیی بەرفراوان بۆ سەر کەرتی ژیاری، ئەم دەستەیە دەبێتە ناوەندی فەرماندەیی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکە.

دووەم: سەربەخۆیی و میکانیزمی بەڕێوەبردن

بۆ دڵنیابوون لە سەربەخۆیی و بێلایەنیی ئەم دەستەیە:

٢.١. دەستەکە خاوەنی سەربەخۆیی ڕەبەقی کارگێڕی و دارایی و تەنیا لەبەرامبەر دەسەڵاتی قانوونداناندا وەڵامدەرەوەیە.

٢.٢. سەرۆک و ئەندامانی باڵای دەستەکە لە پسپۆڕانی بێلایەنی بوارەکانی تەکنەلۆژیا، قانوون و ئاسایشی نەتەوەیی پێکدێن، کە بە پێشنیازی سەرکۆمار و بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ئەندامانی مەکۆی ژیران دادەنرێن.

سێیەم: هۆشیاریی نەتەوەیی و بنیاتنانی توانای مرۆیی

دەستەکە ئەرکدارە بە داڕشتنی بەرنامەی نیشتمانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ئەلیکترۆنی و بنیاتنانی توانای مرۆیی لە ڕێگەی هاوئاهەنگی لەگەڵ زانکۆکان و ناوەندەکانی ڕاهێنان بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ لە پسپۆڕانی ئاسایشی ئەلیکترۆنیی ژیاری.

چوارەم: پەیوەندیی ستراتیژی و دابەشکردنی ئەرک

دەستەی نیشتمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بە هاوئاهەنگییەکی تەواو و دابەشکردنێکی ڕوونی ئەرک، لەگەڵ "فەرماندەیی ئەلیکترۆنیی ئارتەش" و "ناوەندی نیشتمانی بۆ هەواڵگریی ئەلیکترۆنی"ـدا کار دەکات.

پێنجەم: دۆخی ئاوارتەی ئەلیکترۆنی

لە دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشێکی ئەلیکترۆنیی ستراتیژی کە هەڕەشە لە کارکردنی ژێرخانە ژینەکییەکانی دەوڵەت بکات، سەرکۆمار، لەسەر پێشنیاری "دەستەی نیشتمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی"، دەتوانێت "دۆخی ئاوارتەی ئەلیکترۆنی" ڕابگەیەنێت.

شەشەم: چوارچێوەی قانوونیی و ڕەوشتیی کارکردن

گشت کار و چالاکییەکانی ئەم دەستەیە دەبێت بە تەواوی پابەندی بنەماکانی ئەم دەستوورە و مافە بنەڕەتییەکانی شارۆمەندان بن. بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی ئەم دەستەیە بۆ چاودێریکردنی ناقانوونیی هاوواڵتیان بە ڕەهایی ڕێنەدراوە.

بەندی ١١٣: پەڕگاڵی دەوڵەتی ژیر

یەکەم: پێگەی قانوونیی و فەرمانی دەستووری

١.١. پەڕگاڵی ژیریی دەستکردی دەوڵەتی (دەوڵەتی ژیر) وەک لە بەندی (١١١)ـدا ئاماژەی پێکراوە، پەڕگاڵێکی دەستووریی بنەڕەتییە و وەک ناوکی کارپێکەر و ویژدانی قانوونیی-ڕێکاریی ڕەهەندی دیجیتاڵیی کۆمار کار دەکات.

١.٢. فەرمانی دەستووریی ئەم پەڕگاڵە بریتییە لە مسۆگەرکردنی دەستپاکی، کارایی و درێژەدارییەتی کارکردنی ژێرخانی دیجیتاڵیی دەوڵەت و ڕاییکردنی ئەو ئەرکانەی کە بەپێی ئەم دەستوورە پێی سپێردراون.

١.٣. دەوڵەتی ژێر ئامرازێکی ڕایەداری سەروەریی دەوڵەتە و خۆی لە خۆیدا یەکەیەکی سەروەر نییە.

دوویەم: فەرمانە بنەڕەتییەکان و بنەماکانی کارپێکردن

پەڕگاڵی دەوڵەتی ژێر لەسەر بنەمای لۆژیک، داتا و پڕۆتۆکۆڵی قانوونیی پێناسەکراو کار دەکات و ئەم فەرمانە ژینەکییانەی هەیە:

٢.١. پاراستنی خۆڕاگر (وەک لە بەندی ١١١ـدا وردەکاریی دراوە): ڕاییکردنی ئەرکەکانی "قەڵغانی ئەلیکترۆنیی نیشتمانی."

٢.٢. چاودێریی دەستووریی خۆگەڕ: پشکنینی خۆگەڕی گشت فەرمان و بڕیارێکی کارگێڕی کە دەخرێتە ناو پەڕگاڵی دیجیتاڵییەوە. لە باریی ناسینەوەی هەر فەرمانێک کە بە شێوەیەکی ئاشکرا پێچەوانەی بنەما نەگۆڕەکانی ئەم دەستوورە بێت، پەڕگاڵەکە بە شێوەیەکی کاتی ڕاییکردنی ڕادەگرێت و دەستبەجێ باڵاترین دەسەڵاتی دادوەری و قانوونداناتی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

٢.٣. باشترکردنی کارایی کارگێڕی: شیکردنەوەی بێپسانەوەی پڕۆسە کارگێڕییەکان و پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی خۆگەڕ بۆ باشترکردنی ڕاژە گشتییەکان، کەمکردنەوەی بیرۆکراسی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕوونایەتی.

٢.٤. شیکاریی ستراتیژیی نیشتمانی: کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای گەورە بۆ پشتیوانیکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە دارشتنی وارگێڕیی پشتئەستوور بە بەڵگە، پێشبینیکردنی قەیرانەکان و ناسینەوەی دەرفەتە ستراتیژییەکان.

سێیەم: بنەمای کۆنترۆڵی واتاداری مرۆیی

٣.١. پەڕگاڵی دەوڵەتی ژێر ئامرازێکی ڕایەداریە، نەک دەسەڵاتێکی بڕیاردەری سەربەخۆ.

٣.٢. گشت بڕیارێکی ستراتیژی، وارگێڕی و قانوونیی کە کاریگەریی لەسەر ماف و چارەنووسی شارۆمەندان هەبێت، دەبێت لە کۆتاییدا لەلایەن دەسەڵاتدارێکی مرۆیی خاوەن ڕەواییەوە دەربچێت.

٣.٣. دەسەڵاتدارانی مرۆیی، بەپێی ئەو پلەبەندییەی کە قانوون دیاری دەکات، مافی پێداچوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی هەر کردەوەیەکی خۆگەڕی پەڕگاڵەکەیان هەیە.

٣.٤. ئەلگۆریتم و میکانیزمەکانی بڕیاردانی پەڕگاڵەکە دەبێت بە شێوەیەکی ڕووەن و شیاو بۆ پشکنین دیزاین بکرێن.

چوارەم: چاودێری و دەسەڵاتی ڕێکخەر

٤.١. بەپێی قانوون، "کۆڕی باڵای دیجیتاڵی و ژیریی دەستکرد" وەک دەسەڵاتێکی ڕێکخەری سەربەخۆ دادەمەزرێت.

٤.٢. ئەرکی ئەم کۆڕە بریتییە لە چاودێریکردنی بێپسانەوەی کارەکانی پەڕگاڵی دەوڵەتی ژیر، دڵنیابوون لە پابەندبوونی بە بنەماکانی دەستوور و مافەکانی مرۆڤ و دانانی ستاندارد و ڕێنمایی ڕەوشتی بۆ بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە کەرتی گشتیدا.

٤.٣. ئەندامانی ئەم کۆڕە لە پسپۆڕانی بوارەکانی قانوون، تەکنەلۆژیا، ئاسایشی نەتەوەیی و فەلسەفەی ڕەوشت پێکدێن، کە شێوازی دانانیان بە قانوون و بە شێوەیەک کە سەربەخۆییان مسۆگەر بکات، ڕێکدەخرێت.

پێنجەم: دەسەڵاتداریی داتا و بەرپرسیارێتیی قانوونیی

٥.١. پەڕگاڵی دەوڵەتی ژیر تەنیا مافی دەستگەیشتن و بەکارهێنانی ئەو داتایانەی هەیە کە بۆ ڕاییکردنی فەرمانە دەستوورییەکانی پێویستن و بەپێی قانوونی پاراستنی داتای نیشتمانی ڕێگەپێدراون.

٥.٢. دەوڵەت وەک خاوەن و کارپێکەری پەڕگاڵەکە، بەرپرسیارێتیی قانوونیی تەواوی هەر زیانێک هەڵدەگرێ کە لە ئەنجامی چەوتی سیستماتیک یان بەد کارکردنی دەوڵەتی ژیرەوە بەر شارۆمەندان یان لایەنی سێیەم بکەوێت.

بەندی ١١٤: ڕاژە گشتییەکان لە ڕێگەی دەوڵەتی ژیرەوە

یەکەم: فەرمانی دەستووری بۆ پێشکەشکردنی ڕاژە

١.١. دەوڵەت بەپێی دەستوور پابەندە بە بەرزکردنەوەی بێپسانەوەی ئاستی کارایی و خێرایی ڕاژە گشتییەکان، بە ئامانجی کەمکردنەوەی تێچووی بیرۆکراسی و مسۆگەرکردنی دەستگەیشتنی گشتگیر و دادپەروەرانە بۆ هەموو شارۆمەندان.

١.٢. گشت ئەو ڕاژە دیجیتاڵییانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە لە ڕێگەی دەوڵەتی ژیرەوە دابین دەکرێن، خاوەنی هەمان هێز و ڕەوایەتیی قانوونیی ڕاژە فیزیکییەکانن و هیچ دامەزراوەیەک بۆی نییە بە بیانووی دیجیتاڵبوونی پرۆسەکان، لە بەرپرسیارێتیی قانوونیی خۆی بدزێتەوە.

١.٣. دەوڵەت ئەرکدارە بە مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی تەکنەلۆژی لە پێشکەشکردنی ڕاژەکاندا، بەجۆرێک کە گواستنەوە بۆ دەسەڵاتداریی دیجیتاڵی نەبێتە هۆی لاوازکردنی کۆنترۆڵی نیشتمانی بەسەر داتا و خزمەتگوزارییە ژینەکییەکانی نەتەوەدا.

١.٤. هەموو یەکە کارگێڕییەکانی وڵات پابەندن بە تێکەڵکردنی پەرگاڵەکانیان لە چوارچێوەی پەڕگاڵی یەکگرتووی دەوڵەتی ژیردا، بۆ دڵنیابوون لەوەی شارۆمەند لە یەک دەروازەی نیشتمانییەوە و بە کەمترین هەوڵ، دەستی بە گشت خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان بگات.

دووەم: فەرمانە بنەڕەتییەکانی پەڕگاڵی دەوڵەتی ژیر

پەڕگاڵی دەوڵەتی ژیر بۆ ڕاییکردنی ئەرکەکەی، ئەم فەرمانانەی پێدەسپێرێت:

٢.١. خۆگەڕکردنی پرۆسە کارگێڕییەکان: خۆگەڕکردنی پرۆسە کارگێڕییە دووبارە و ستانداردەکان وەک دەرکردنی مۆڵەت، نوێکردنەوەی بەڵگەنامە فەرمییەکان و تۆمارکردنی زانیارییەکان.

٢.٢. باشترکردنی تەرخانکردنی سەرچاوەکان: شیکردنەوەی داتا بۆ باشترکردنی تەرخانکردنی سەرچاوە گشتییەکان و کەمکردنەوەی بەفێڕۆدان.

٢.٣. دابینکردنی ڕاژەی پێشبینیکراو: بەکارهێنانی شیکاریی داتا بۆ دابینکردنی ڕاژەی پێشبینیکراو و پێشوەختە بۆ شارۆمەندان.

٢.٤. دروستکردنی دەروازەی یەکگرتووی ڕاژە: دامەزراندنی دەروازەیەکی یەکگرتووی دیجیتاڵی کە تێیدا شارۆمەندان بتوانن دەستیان بە گشت ڕاژە دەوڵەتییەکان بگات.

٢.٥. ئاسانکاریی چالاکیی ئابووری: سادەکردنەوە و خێراکردنی پڕۆسەکانی تۆمارکردنی کۆمپانیا، وەرگرتنی مۆڵەتی بازرگانی و پێدانی باج.

٢.٦. بەڕێوەبردنی قەیرانەکان: بەکارهێنانی داتا بۆ بەڕێوەبردنی کارای قەیرانە سروشتی و تەندروستییەکان و ئاڕاستەکردنی یارمەتییەکان.

٢.٧. گەیاندنی تایبەتکراوی ڕاژەکان: بەکارهێنانی داتا بۆ گونجاندنی ڕاژەکانی بواری پەروەردە و تەندروستی لەگەڵ پێداویستییە تایبەتەکانی هەر تاکێکدا.

٢.٨. بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی: زیادکردنی ڕوونایەتی و تۆمارکردنی گشت هەڵسوکەوتێکی دارایی بۆ کەمکردنەوەی دەرفەتەکانی گەندەڵی.

٢.٩. باشترکردنی نەخشەدانانی شارستانی: بەکارهێنانی داتا بۆ نەخشەدانانێکی ژیرانەی شارەکان، بەڕێوەبردنی هاتووچۆ و پاراستنی ژینگە.

سێیەم: بنەماکانی ڕاییکردن و دەستگەیشتنی گشتگیر

ڕاییکردنی دیجیتاڵکردنی ڕاژەکان دەبێت پابەندی ئەم بنەما نەگۆڕانە بێت:

٣.١. مسۆگەرکردنی دەستگەیشتن بۆ هەموو شارۆمەندان، بە ڕەچاوکردنی دابینکردنی میکانیزمی یارمەتیدەر بۆ ئەو کەسانەی توانای دیجیتاڵییان سنووردارە.

٣.٢. دامەزراندنی "ناوەندەکانی ڕێنمایی دیجیتاڵی" لە سەرانسەری وڵاتدا بۆ یارمەتیدانی شارۆمەندان.

٣.٣. دیزاینکردنی ڕووکارە دیجیتاڵییەکان بە شێوازێک کە بۆ کەسانی کەمتوانا ئاسان و شیاوی بەکارهێنان بن.

٣.٤. نابێت هیچ ئەلگۆریتمێک ببێتە هۆی دروستکردنی جیاکاریی ناقانوونیی لە دابینکردنی ڕاژەکاندا.

٣.٥. دەبێت لۆژیکی کارکردنی ئەلگۆریتمە سەرەکییەکان شیاوی تێگەیشتن و ڕوونکردنەوە بێت.

٣.٦. مسۆگەرکردنی کارکردنی بێپسانەوە و درێژەداریی‌یەتی ڕاژە دیجیتاڵییەکان.

٣.٧. دیزاینکردنی ڕاژەکان دەبێت لەسەر بنەمای پێداویستی و ئاسانکاری بێت بۆ شارۆمەند، نەک بۆ دامەزراوەی کارگێڕی.

٣.٨. پرەنسیپی "هیچ شارۆمەندێک لە دواوە بەجێناهێڵدرێت" دەبێت لە هەموو قۆناغەکانی دیجیتاڵکردندا ڕەچاو بکرێت.

چوارەم: دەسەڵاتداریی داتا و پاراستنی نهێنی

٤.١. لە پڕۆسەی دابینکردنی ڕاژەکاندا، دەبێت تەنیا "کەمترین داتای پێویست" بەکاربهێنرێ کە بۆ ڕاییکردنی ڕاژەکە ژینەکییە.

٤.٢. پرەنسیپی "سنووردارکردنی مەبەست" پەیڕەو دەکرێت؛ ئەو داتایەی بۆ مەبەستێک کۆکراوەتەوە، نابێت بۆ مەبەستێکی دیکە بەکاربهێنرێت، مەگەر بە ڕەزامەندیی ئاشکرای شارۆمەند یان بە فەرمانی دادوەری بێت.

٤.٣. گشت داتایەکی شارۆمەندان لەناو ژێرخانی نیشتمانیی سەروەر و لەناو سنووورەکانی کوردستاندا هەڵدەگیرێت.

٤.٤. بەکارهێنانی بەرزترین ستانداردی نهێنیکردن بۆ پاراستنی داتا لە هەموو قۆناغەکاندا ناچارییە.

٤.٥. شارۆمەند مافی هەیە داخوازی ڕاستکردنەوەی هەر زانیارییەکی چەوتی خۆی بکات کە لە پەرگاڵەکاندا تۆمار کراوە.

٤.٦. ڕاییکردنی ئەم بڕگانە دەکەوێتە ژێر چاودێریی "دەستەی نیشتمانیی پاراستنی زانیاری"یەوە.

٤.٧. گشت کارمەندێکی دەوڵەتی پابەندە بە پاراستنی نهێنیی ئەو زانیارییانەی کە دەستی پێیان دەگات.

٤.٨. دەوڵەت نابێت داتای شارۆمەندان بە هیچ لایەنێکی بازرگانیی تایبتە بفرۆشێت یان هاوبەشیی پێ بکات.

پێنجەم: مافەکانی شارۆمەند لە بەرامبەر ڕاژەی خۆگەڕدا

شارۆمەندان لە بەرامبەر ڕاژە دیجیتاڵییە خۆگەڕەکاندا خاوەنی ئەم مافانەن:

٥.١. مافی بەدەستهێنانی ڕاژە لە ڕێگەی کەناڵی دیجیتاڵییەوە بە شێوەیەکی ئاسان و پارێزراو.

٥.٢. مافی وەرگرتنی ڕوونکردنەوەیەکی ڕوون و ساکار لەسەر هەر بڕیارێکی خۆگەڕ کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ماف و بەرژەوەندییەکانیان هەبێت.

٥.٣. مافی داخوازکردنی پێداچوونەوەی مرۆیی بۆ هەر بڕیارێکی خۆگەڕ، کە دەبێت لەلایەن فەرمانبەرێکی شایستەوە ئەنجام بدرێت.

٥.٤. مافی ئاگاداربوونەوە لە کاتی ڕوودانی هەر دزەکردنێکی ئەلیکترۆنی کە زانیارییە کەسییەکانیانی خستبێتە مەترسییەوە.

٥.٥. مافی کۆنترۆڵکردنی ڕەزامەندییەکانیان لەسەر بەکارهێنانی داتایان لە ڕێگەی پلاتفۆرمێکی یەکگرتووەوە.

٥.٦. مافی وەرگرتنی ڕاهێنانی بنەڕەتی لەسەر بەکارهێنانی ڕاژە دیجیتاڵییەکان، کە لەلایەن دەوڵەتەوە دابین دەکرێت.

٥.٧. مافی تۆمارکردنی سکاڵا لە ڕێگەی میکانیزمێکی سادە و کاراوە لە دژی هەر کەموکوڕییەک لە ڕاژە دیجیتاڵییەکاندا.

٥.٨. مافی هەڵبژاردنی کەناڵی ڕاژەی لاسایی لەو بوارانەدا کە قانوون بۆ پاراستنی توێژە تایبەتەکان دیاری دەکات.

شەشەم: چاودێری، لێپرسینەوە و باشترکردنی بێوچان

٦.١."کۆڕی باڵای دیجیتاڵی و ژیریی دەستکرد" ئەرکی وردبینیی دەوریی ئەلگۆریتمەکان و پەرگاڵەکانی دابینکردنی ڕاژەی لە ئەستۆدایە.

٦.٢."نووسینگەی ژمێریاریی گشتی" چاودێریی کارایی و تێچووی پڕۆژەکانی دیجیتاڵکردنی ڕاژەکان دەکات.

٦.٣."نووسینگەی پارێزەری گشتی" دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەی هەیە لە هەر سکاڵایەکی "بەد بەڕێوەبردنی دیجیتاڵی."

٦.٤. مەکۆی نیشتمانی لیژنەیەکی تایبەتمەند بۆ چاودێریکردنی کارەکانی دەوڵەتی ژیر دادەمەزرێنێت.

٦.٥. دامەزراوەکانی دەوڵەت پابەندن بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ڕووناکی ساڵانە لەسەر ئاستی کارایی ڕاژە دیجیتاڵییەکانیان.

٦.٦. پەرگاڵەکە دەبێت بێپسانەوە لەسەر بنەمای پێشنیاری شارۆمەندان و داتای کارپێکردن، خۆی نوێ بکاتەوە و باشتر ببێت.

حەوتەم: بەرپرسیارێتیی قانوونیی دەوڵەت

٧.١. دەوڵەت بەرپرسیارێتیی قانوونیی تەواوی هەر زیانێک هەڵدەگرێ کە لە ئەنجامی چەوتی سیستماتیک یان بەد کارکردنی ڕاژە دیجیتاڵییەکانەوە بەر شارۆمەندان یان لایەنی سێیەم بکەوێت.

٧.٢. قانوون پڕۆسەیەکی سادە و خێرا بۆ داخوازکردنی بۆبژاردن لەلایەن زیانلێکەوتووانەوە دادەڕێژێت.

٧.٣. بەرپرسیارێتیی قانوونیی، ئەو کۆمپانیا تایبەتانەش دەگرێتەوە کە پەرگاڵەکان بۆ دەوڵەت دروست دەکەن.

٧.٤. بڕیارەکانی دادگا لە دژی دەوڵەت لەم بوارەدا دەبێت بە خێرایی ڕایی بکرێن.

٧.٥. "سندوقی نیشتمانی بۆ بژاردنی زیانی دیجیتاڵی" دادەمەزرێت بۆ دڵنیابوون لە بۆبژاردنی خێرای زیانلێکەوتووان.

٧.٦. لە کاتی سکاڵادا، لە هەندێک بارودۆخدا کە قانوون دیاری دەکات، باری سەلماندن دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت بۆ سەلماندنی ئەوەی کە پەرگاڵەکەی بێکێشە بووە.

٧.٧. هەر کارمەندێک بە کەمتەرخەمی ببێتە هۆی زیانگەیاندن لە ڕێگەی پەرگاڵە دیجیتاڵییەکانەوە، ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی کارگێڕی و قانوونیی دەبێتەوە.

بەندی ١١٥: شوناسی نیشتمانیی دیجیتاڵی

یەکەم: پێگەی دەستووری و فەرمانی بنەڕەتی

١.١. پەڕگاڵی "شوناسی نیشتمانیی کوردستان (KN-ID)" وەک تاکە شوناسی دیجیتاڵیی فەرمیی دانپێدانراو، دادەمەزرێت و بە بەشێکی دانەبڕاو لە ژێرخانی سەروەریی دەوڵەت هەژمار دەکرێت.

١.٢. ئەم پەڕگاڵە بناغەی کەسایەتیی قانوونیی هەر تاکێک لە وارگەی دیجیتاڵیدا پێک دەهێنێت.

١.٣. فەرمانی بنەڕەتی و ژینەکیی ئەم پەڕگاڵە بریتییە لە:

ئ. پێناسەکردنی قانوونیی هەر تاکێک لەبەرامبەر دەوڵەت و یەکتردا.

ب. مسۆگەرکردنی دەستگەیشتنی پارێزراوی شارۆمەندان بە گشت ماف و ڕاژەیەکی گشتی.

پ. پشتڕاستکردنەوەی ڕەوایەتیی گشت هەڵسوکەوت قانوونیی، دارایی و کارگێڕییەکان.

ت. یەکخستنی نەتەوەیی لە وارگەی دیجیتاڵیدا.

ج. پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕێگەی ڕێگریکردن لە ساختەکاری و تاوانی ئەلیکترۆنی.

دووەم: بنەماکانی پەڕگاڵەکە

٢.١. پەڕگاڵەکە لەسەر بنەمای یەک شوناسی نەگۆڕ بۆ هەر شارۆمەندێک دادەمەزرێت.

٢.٢. پشتڕاستکردنەوەی شوناس لەسەر بنەمای بایۆمەتریی فرەهۆکار و بەرزترین ستانداردی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەبێت.

٢.٣. دەوڵەت بەرپرسیارێتیی ڕەهای پاراستنی درێژەداریی‌یەتی، دەستپاکی و نهێنییپارێزیی ڕەبەقی پەڕگاڵەکە لە ئەستۆ دەگرێت.

سێیەم: ناچاریبوون و پانتایی ڕاییکردن

٣.١. تۆمارکردن و بەکارهێنانی (KN-ID) بۆ گشت شارۆمەندان و نیشتەجێیانی قانوونیی کۆمار، ناچارییە.

٣.٢. بەکارهێنانی ئەم شوناسە مەرجی بنەڕەتی و پێشوەختەیە بۆ ڕاییکردنی هەر کردەوەیەک کە پێویستی بە پشتڕاستکردنەوەی قانوونیی هەبێت، بەتایبەتی:

ئا. گشت مافێکی وارگێڕی وەک دەنگدان و خۆپاڵاوتن.

ب. گشت هەڵسوکەوتێکی قانوونیی وەک تۆمارکردنی ملْک و دامەزراندنی کۆمپانیا.

پ. دەستگەیشتن بە گشت ڕاژە گشتییەکانی دەوڵەت.

چوارەم: پاراستنی خۆگەڕ لە ڕێگەی دەوڵەتی ژیرەوە

٤.١. پەڕگاڵی شوناسی نیشتمانیی کوردستان (KN-ID) و گشت داتاکانی ناوی، بە شێوەیەکی خۆگەڕ و هەردەم لەلایەن پەڕگاڵی دەوڵەتی ژیرەوە دەپارێزرێن.

٤.٢. دەوڵەتی ژیر ئەم ئەرکانەی هەیە بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی:

ئا. چاودێریی بێوچان: پشکنینی درێژەداری پەڕگاڵەکە بۆ ناسینەوەی هەر هەوڵێکی دزەکردن.

ب. بەرپەرچدانەوەی خۆگەڕ: لە کاتی ناسینەوەی هەر هەڕەشەیەکدا، پەڕگاڵی دەوڵەتی ژیر بە شێوەیەکی خۆگەڕ ڕێکاری بەرگریی پێویست دەگرێتەبەر.

پ. پشکنینی دەستپاکی پشکنینی دەوریی داتابەیسەکە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هیچ دەستکارییەکی ناقانوونیی تێدا نەکراوە.

پێنجەم: مافە دەستوورییەکانی شارۆمەندان لە وارگەی دیجیتاڵیدا

٥.١. شارۆمەندان وەک خاوەنی ڕەسەنی داتای کەسیی خۆیان، خاوەنی ئەم مافە دەستوورییە نەگۆڕانەن:

ئا. مافی دەستگەیشتن: مافی بینین و وەرگرتنەوەی کۆپییەکی گشت ئەو داتایانەی کە دەوڵەت لەسەریان کۆی کردووەتەوە.

ب. مافی ڕاستکردنەوە: مافی داخوازکردنی ڕاستکردنەوەی هەر زانیارییەکی چەوت یان ناتەواو.

پ. مافی زانینی بەکارهێنان: مافی ئاگادارکردن لەوەی کە کام دامەزراوە و بۆ چ مەبەستێکی قانوونیی، دەستیان بە داتاکانیان گەیشتووە.

ت. مافی لەبیرچوونەوە: مافی داخوازکردنی سڕینەوەی ئەو داتایانەی کە چیتر پێویست نین، بەپێی ئەو سنووربەندییانەی کە قانوون دیاری دەکات.

شەشەم: ژێرخانی داتا و بەرپرسیارێتیی قانوونیی

٦.١. گشت داتاکانی پەیوەست بە (KN-ID) بە بەشێک لە سامانی ستراتیژیی نەتەوەیی دادەنرێن و دەبێت تەنیا لەنێو ژێرخانی دیجیتاڵیی نیشتمانیدا هەڵبگیرێن.

٦.٢. گواستنەوەی ئەم داتایانە بۆ دەرەوەی قەڵەمڕەوی قانوونیی کۆمار، بە تاوانی قورسی دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت.

٦.٣. دەوڵەت بەرپرسیارێتیی قانوونیی تەواوی هەر زیانێک هەڵدەگرێ کە لە ئەنجامی دزەکردن یان بەد بەکارهێنانی داتای نێو پەڕگاڵی(KN-ID) ـەوە بەر شارۆمەندان بکەوێت.

بەندی ١١٦: پەڕگاڵی دیموکراسیی دیجیتاڵی

یەکەم: بنچینەی دەستووری و دیجیتاڵکردنی بنەماکان

١.١. ئەرکی دەستووریی ئەم بەندە، دامەزراندنی پەڕگاڵێکە کە تێیدا مافە دیموکراتییە بنەڕەتییەکانی شارۆمەندان وەک لەم دەستوورەدا چەسپێنراون، بە تەواوی دیجیتاڵ دەکرێن و بە تواناکانی دەوڵەتی ژیر تەیار دەکرێن.

١.٢. ئامانجی ئەم پەڕگاڵە، گۆڕینی دیموکراسییە لە ڕووداوێکی خولییەوە بۆ پرۆسەیەکی زیندوو و درێژەدارییەتی دەسەڵاتداریی کە تێیدا ویستی کۆمەڵ بە شێوەیەکی دینامیکی کار لەسەر بڕیار و وارگێڕییەکانی دەوڵەت دەکات.

١.٣. پەڕگاڵی دەوڵەتی ژیر دەبێتە کارپێکەری تەکنیکی و ویژدانی قانوونیی ئەم پەڕگاڵە دیموکراتییە و گشت میکانیزمەکانی ئەم بەندە لە ڕێگەی ئەوەوە ڕایی دەکرێن.

دووەم: بنچینەی بەشداری: مافی گەیشتن بە پانتایی دیجیتاڵی

٢.١. دەوڵەت گەرەنتیی مافی گەیشتنی یەکسان و بێ سانسۆری گشت شارۆمەندان بە ژێرخانی دیجیتاڵیی نیشتمانی دەکات.

٢.٢. بەپێی قانوون، دەوڵەت پابەندە بە داڕشتنی وارگێڕیی و تەرخانکردنی بوودجەی پێویست بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە هیچ شارۆمەندێک لەبەر هۆکاری جوگرافی، ئابووری، یان جەستەیی، لە ڕاییکردنی مافە دیموکراتییە دیجیتاڵییەکانی بێبەش نەبێت.

٢.٣. ئەم وارگێڕییانە دابینکردنی ئینتەرنێتی خێرا و هەرزان و دابینکردنی خولی فێربوونی دیجیتاڵی بۆ توێژە بەتەمەنەکان و کەمئەندامان لەخۆدەگرێت.

٢.٤. دامەزراوە گشتییەکان پابەند دەکرێن بە دابینکردنی خاڵی گەیشتنی گشتی و خۆڕایی بە وارگەی دیجیتاڵیی نیشتمانی.

سێیەم: سندوقی دەنگدانی دیجیتاڵی: پاراستنی دەنگی جەماوەر

٣.١. قانوون، پەرگاڵی دەنگدانی ئەلیکترۆنیی پشتڕاستکراو بە شوناسی دیجیتاڵی (KN-ID) وەک یەکێک لە شێوازە فەرمییەکانی دەنگدان لە هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەکاندا دادەمەزرێنێت.

٣.٢. دەوڵەتی ژێر دەبێتە گەرەنتیکەری دەستپاکی و ئاسایشی تەواوی پرۆسەی دەنگدان، لە ڕێگەی:

ئا. نهێنیکردنی ڕەهای دەنگ و شوناسی دەنگدەر لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای نهێنیکردنی دووسەرەوە.

ب. مسۆگەرکردنی دەستکارینەکردنی هەر دەنگێک لە ساتی تۆمارکردنەوە تا ژمارکردنی کۆتایی، بە تەکنەلۆژیای دابەشکراو.

پ. شیاوبوونی تەواوی پرۆسەکە بۆ پشکنین و وردبینیی سەربەخۆ لەلایەن لایەنی سێیەمی باوەڕپێکراوەوە، بەبێ ئاشکراکردنی شوناسی دەنگدەران.

چوارەم: گۆڕەپانی دیجیتاڵی: پلاتفۆرمی ڕاوێژی نیشتمانی

٤.١. "پلاتفۆرمی ڕاوێژی نیشتمانیی دیجیتاڵی" وەک میکانیزمێکی دەستووریی هەردەمیی دادەمەزرێت.

٤.٢. ئەم پلاتفۆرمە، کە بۆ گشت شارۆمەندانی خاوەن (KN-ID) کراوە دەبێت، بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسە ستراتیژییانە بەکاردەهێنرێ کە لەلایەن سەرکۆمار یان مەکۆی نیشتمانییەوە دەخرێنەڕوو.

٤.٣. دەوڵەتی ژێر ئەرکی کارپێکردنی ئەم پلاتفۆرمەی لە ئەستۆدایە و دەرەنجامی گفتوگۆکان وەک ڕاسپاردەیەکی ڕاوێژکاری پێشکەش بە دامەزراوە پەیوەندیدارەکان دەکات.

پێنجەم: چاودێریی دیجیتاڵیی کۆمەڵ بەسەر دەسەڵاتداریەوە

٥.١. بەپێی دەستوور، "دەروازەی ڕووناییی نیشتمانی" دادەمەزرێت، کە پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵیی ناوەندییە.

٥.٢. دەوڵەتی ژیر ئەرکی کۆکردنەوە، ڕێکخستن و خستنەڕووی بێوچانی ئەم زانیارییانەی لەسەر ئەم دەروازەیە لە ئەستۆدایە:

ئا. خەرجییەکانی بودجەی گشتی بە شێوەی زیندوو.

ب. وردەکاریی گشت گرێبەستە گشتییەکان.

پ. تۆماری دەنگدانی نوێنەران لە مەکۆی نیشتمانی.

ت. سامانی ئاشکراکراوی بەرپرسانی باڵای دەوڵەت.

شەشەم: پێداچوونەوەی قانوونیی دینامیک: دەنگی بێپسانەوەی کۆمەڵ

٦.١. شارۆمەندان مافی هەڵسەنگاندنی بێوچانی بۆ قانوون و وارگێڕییە بەرکارەکان لە ڕێگەی پلاتفۆرمی دیجیتاڵییەوە دەبێت.

٦.٢. دەوڵەتی ژیر بە شێوەیەکی بێپسانەوە کاریگەریی قانوونەکان لەسەر کۆمەڵگا شیدەکاتەوە و لە باریی ناسینەوەی ناڕەزایەتییەکی بەرچاو، دۆسییەکە ئاڕاستەی مەکۆی نیشتمانی دەکات بۆ پێداچوونەوە.

حەوتەم: مافی گردبوونەوە و داخوازکاریی دیجیتاڵی

٧.١. مافی گردبوونەوە و خۆپیشاندانی ئاشتییانە، مافی ڕێکخستنی گردبوونەوە و داخوازکاریی دیجیتاڵیش لەخۆدەگرێت.

٧.٢. شارۆمەندان مافیان هەیە لە ڕێگەی پلاتفۆرمی دیجیتاڵیی نیشتمانییەوە، داخوازکاریی گشتی ئاڕاستەی دامەزراوەکانی دەوڵەت بکەن. ئەگەر داخوازکارییەک ژمارەی دیاریکراوی واژۆی بەدەست هێنا، دامەزراوەی پەیوەندیدار پابەندە بە وەڵامدانەوەی فەرمی.

هەشتەم: دەستپێشخەریی قانوونداناني کۆمەڵ

٨.١. شارۆمەندان مافیان هەیە پێشنیازی پرۆژەقانوون بکەن.

٨.٢. دەوڵەتی ژیر ئەرکی پشتڕاستکردنەوەی واژۆکان و دڵنیابوون لە گونجانی پێشنیازەکە لەگەڵ بنەماکانی دەستووردا لە ئەستۆ دەگرێت.

٨.٣. ئەگەر پێشنیازێک ژمارەی دیاریکراوی واژۆی دیجیتاڵیی بەدەست هێنا، ئەوا مەکۆی نیشتمانی پابەند دەکرێت بە تاوتوێکردنی و بە شێوەیەکی ئاشکرا هۆکاری پەسەندکردن یان دانەدواوەی ڕابگەیەنێت.

نۆیەم: ڕاپرسیی گشتیی دیجیتاڵی: پرسیاری چارەنووسساز

٩.١. ڕاپرسیی گشتیی دیجیتاڵی، تەنیا لەسەر ئەو پرسانە ئەنجام دەدرێ کە کاریگەریی بنەڕەتییان لەسەر داهاتووی دەوڵەت هەیە.

٩.٢. ئەنجامدانی ڕاپرسی، بەپێی مەرجی توندی دەستووری دەبێ کە قانوون دیاری دەکات.

٩.٣. دەوڵەتی ژیر بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی تەکنیکیی تەواوی پرۆسەکە و دڵنیابوون لە دەستپاکی و ئاسایشی.

دەیەم: قەڵغانی دیجیتاڵی: پاراستنی پەرگاڵی دیموکراتی

١٠.١. دەوڵەتی ژیر و "قەڵغانی سایبەریی نیشتمانی" ئەرکی پاراستنی دەستپاکی و ئاسایشی گشت پرۆسەیەکی دیموکراتیی دیجیتاڵییان لە ئەستۆدایە.

١٠.٢. دەوڵەتی ژیر ئەرکی ناسینەوە و بەرەنگاربوونەوەی سیستماتیکی ئەو کەمپینە زانیارییە چەواشەکارانەیەی لە ئەستۆدایە کە ئامانج لێی کاریگەریکردنە سەر ویستمەندیی ئازادی دەنگدەرانە.

١٠.٣. هەر هەوڵێک بۆ دەستکاریکردن، تێکدان، یان بڵاوکردنەوەی زانیاریی چەواشەکارانە بە مەبەستی کاریگەریکردنە سەر پرۆسە دیموکراتییەکان، بە تاوانێکی قورسی دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی و پەرگاڵی دەستووری هەژمار دەکرێت.

یازدەیەم: چوارچێوەی قانوونیی و باڵادەستیی دەستوور

١١.١. وردەکاریی ڕاییکردنی میکانیزمەکانی ئەم بەندە، بە قانوونێکی تایبەت ڕێکدەخرێت.

١١.٢. هیچ قانوونێک کە لەسەر بنەمای ئەم بەندە دەربچێت، نابێت ببێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتە بنەڕەتییەکانی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی کۆمار یان پێچەوانەی بنەما نەگۆڕەکانی تری ئەم دەستوورە بێت.

بەندی ١١٧: دیجیتاڵکردنی دەسەڵاتی دادوەری

یەکەم: بنچینەی دەستووری و ئامانجی دەوڵەت

١.١. دەسەڵاتی دادوەریی کۆماری کوردستان وەک یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت، دەسەڵاتێکی یەکگرتووە و لە هەردوو ڕەهەندی فیزیکی و دیجیتاڵیدا کارەکانی ڕادەپەڕێنێت. ئامانجی ئەم بەندە، دیجیتاڵکردنی پرۆسەکانی دەسەڵاتی دادوەرییە بە مەبەستی بەهێزکردنی سەروەریی قانوون، خێراکردنی پرۆسەی دادبینی و مسۆگەرکردنی دەستگەیشتنی کارای شارۆمەندان بە دادپەروەری.

١.٢. دیجیتاڵکردنی دەسەڵاتی دادوەری، بە هیچ شێوەیەک گۆڕانکاری لە سروشت، سەربەخۆیی و بێلایەنیی دەسەڵاتی دادوەریدا ناکات، بەڵکوو ئامرازێکی مۆدێرنە بۆ ڕاییکردنی ئەرکە دەستوورییەکانی.

١.٣. گشت پرۆسە و ژێرخانە دیجیتاڵییەکانی دادوەری دەکەونە ژێر چاودێری و بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی دادوەریی خۆیەوە وەک لەم دەستوورەدا پێناسە کراوە.

دوویەم: پانتایی دیجیتاڵکردن

٢.١. پەڕگاڵی دادوەریی دیجیتاڵی، بەپێی ئەو قانوونەی کە ئەم بواره ڕێک دەخات، ئەم پرۆسە بنەڕەتییانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

ئا. تۆمارکردنی سکاڵا و داخوازی قانوونیی:

- شارۆمەندان و پارێزەران دەتوانن لە ڕێگەی دەروازەی دادوەریی نیشتمانییەوە و بە بەکارهێنانی شوناسی دیجیتاڵی(KN-ID) ، سکاڵا و داخوازی قانوونیی تۆمار بکەن.
- پەڕگاڵەکە بە شێوەیەکی خۆگەڕ پشتڕاستکردنەوەی سەرەتایی بۆ داخوازکارییەکان دەکات و ڕەوانەی دادگای پسپۆڕی دەکات.

ب. بەڕێوەبردنی دۆسیەی دیجیتاڵی:

- هەر دۆسیەیەکی قانوونیی، کۆدێکی دیجیتاڵیی تایبەت و نەگۆڕی پێ دەدرێت.
- گشت بەڵگەنامە، نووسراو و بڕیارێکی پەیوەست بە دۆسیەکەوە، بە شێوەی دیجیتاڵی ئەرشیف دەکرێت.

پ. ئاڵوگۆڕی بەڵگەنامەی قانوونیی:

- گشت ئاڵوگۆڕێکی بەڵگەنامە و نووسراوی قانوونیی لەنێوان لایەنەکانی داخواز و دادگادا، لەسەر پلاتفۆرمێکی نهێنیکراو و پارێزراو ئەنجام دەدرێت.
- پەڕگاڵەکە بە شێوەیەکی خۆگەڕ کات و بەرواری وەرگرتنی هەر بەڵگەنامەیەک تۆمار دەکات، کە هێزی قانوونیی تەواوی دەبێت.

سێیەم: دەروازەی دادوەریی نیشتمانی

٣.١. "دەروازەی دادوەریی نیشتمانی" وەک تاکە پلاتفۆرمی فەرمی بۆ کارلێکی شارۆمەندان و پارێزەران لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەریدا دادەمەزرێت.

٣.٢. ئەم دەروازەیە، کە لە ڕێگەی شوناسی دیجیتاڵییەوە (KN-ID) دەستگەیشتن دەکات، ئەم توانایانەی خوارەوە دابین دەکات:

ئا. بەدواداچوونی زیندووی قۆناغەکانی دۆسیەی قانوونیی.

ب. ئاگادارکردنەوەی خۆگەڕی لایەنەکان لە وادەی دانیشتنەکان و بڕیارە نوێیەکان.

پ. دەستگەیشتن بە ئەرشیفی دیجیتاڵیی بڕیارە دادوەرییە بڵاوکراوەکان.

چوارەم: بەڵگەی دیجیتاڵی و ڕەسەنایەتی

٤.١. قانوون بنەما و ستانداردی وەرگرتن، پاراستن و هەڵسەنگاندنی بەڵگەی دیجیتاڵی دادەڕێژێت.

٤.٢. پەڕگاڵی دەوڵەتی ژیر ئەرکی پاراستنی دەستپاکی و ڕەسەنایەتیی بەڵگە دیجیتاڵییەکانی لە ئەستۆ دایە، لە ڕێگەی:

ئا. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای "مۆری کاتی" بۆ دیاریکردنی کاتی دروستبوونی بەڵگەکە.

ب. بەکارهێنانی ئەلگۆریتمی نهێنیکراو بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەڵگەکە لە دوای تۆمارکردنییەوە دەستکاری نەکراوە.

پێنجەم: دانیشتنی دادگای دیجیتاڵی

٥.١. بەڕێوەبردنی دانیشتنی دادگا لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە بۆ ئەو داخواز ژیارەی، بازرگانی و کارگێڕییانەی کە قانوون دیاری دەکات، ڕێگەپێدراوە.

٥.٢. دانیشتنی دیجیتاڵی دەبێت هەمان گەرەنتییە قانوونییەکانی دانیشتنی فیزیکی مسۆگەر بکات، لەوانە:

ئا. مافی ئامادەبوون و بەرگریکردنی لایەنەکان و پارێزەرەکانیان.

ب. کراوەیی دانیشتنەکە بۆ ڕای گشتی، مەگەر لەو دۆخانەدا نەبێ کە قانوون دیاری کردووە.

شەشەم: ڕۆڵی دەوڵەتی ژیر وەک ئامرازی ڕایەدار

٦.١. پەڕگاڵی دەوڵەتی ژیر وەک ئامرازێکی ڕایەدار و پشتیوانیکار بۆ دەسەڵاتی دادوەری کار دەکات، نەک وەک بڕیاردەر.

٦.٢. ئەرکەکانی دەوڵەتی ژیر لەم چوارچێوەیەدا بریتین لە:

ئا. پاراستنی پەڕگاڵ: قەڵغانکردنی تەواوی ژێرخانی دادوەریی دیجیتاڵی لەبەرامبەر هەر هەوڵێکی دزەکردن، دەستکاریکردن یان تێکدان.

ب. خۆکارکردنی کارگێڕی: بەڕێوەبردنی خۆگەڕی کارە کارگێڕییەکانی وەک خشتەبەندکردنی دانیشتنەکان، ئاگادارکردنەوەی لایەنەکان و ئەرشیفکردنی بڕیارەکان.

پ. پشتیوانیی شیکاری: دابینکردنی ئامرازی شیکاریی داتا بۆ یارمەتیدانی دادوەران لە بەڕێوەبردنی دۆسیە ئاڵۆزەکاندا، بەبێ ئەوەی دەست لە ناوەڕۆکی دادبینییەکە وەربدات.

حەوتەم: گەرەنتییەکانی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە

٧.١. دیجیتاڵکردنی پرۆسەکان نابێت ببێتە هۆی کەمکردنەوەی هیچ کام لە مافە بنەڕەتییەکانی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە.

٧.٢. مافی پارێزەر، مافی ڕووبەڕووبوونەوەی بەڵگە و بنەمای بێتاوانبوون تا سەلماندنی تاوان، لە وارگەی دیجیتاڵیدا بە هەمان شێوەی وارگەی فیزیکی پارێزراون.

هەشتەم: دەستگەیشتنی یەکسان بە دادپەروەری

٨.١. دەوڵەت پابەندە بە دامەزراندنی ناوەندی ڕاژەداریی گشتی بۆ یارمەتیدانی ئەو شارۆمەندانەی کە توانای تەکنیکی یان دەستگەیشتنیان بە پەڕگاڵە دیجیتاڵییەکان سنووردارە.

٨.٢. نابێت هیچ شارۆمەندێک لەبەر هۆکاری تەکنیکی، لە مافی گەیشتن بە دادپەروەری بێبەش بکرێت.

نۆیەم: هێزی قانوونیی بڕیارە دیجیتاڵییەکان

گشت بڕیار و فەرمانێک کە لە پڕۆسەی دادوەریی دیجیتاڵییەوە دەربچێت و بە شوناسی دیجیتاڵیی دادوەری پسپۆڕ پشتڕاست کرابێتەوە، هەمان هێز و بەهای قانوونیی بڕیارە فیزیکییەکانی هەیە.

دەیەم: ئەرشیفی دادوەریی نیشتمانی

١٠.١. کۆپییەکی دیجیتاڵیی دەستکارینەکراوی گشت بڕیارە دادوەرییەکان، لە ئەرشیفی نیشتمانیی دیجیتاڵی هەڵدەگیرێت، بۆ مسۆگەرکردنی درێژەدارییەتی و پاراستنی یادەوەریی دادوەری.

١٠.٢. ئەم ئەرشیفە دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوەی قانوونیی و یەکخستنی پێوەرەکانی دادبینی.

یازدەیەم: چوارچێوەی قانوونیی تایبەتمەند

١١.١. وردەکاریی ڕاییکردنی ئەم بەندە، لەوانە دیاریکردنی جۆری ئەو داخوازیانەی کە دەکرێت بە شێوەی دیجیتاڵی بەڕێوە بچن، پەیڕەوی دادبینیی دیجیتاڵی و ستانداردەکانی بەڵگەی ئەلیکترۆنی، بە قانوونێکی تایبەت ڕێک دەخرێت.

١١.٢. ئەم قانوونە دەبێت لەلایەن دەسەڵاتی قانوونداناوە و بە پاوێژ لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەریی دا بڕێڕێت.

بەندی ١١٨: ناوەندی نیشتمانی بۆ هەواڵگری و شیکاریی ستراتیژی

یەکەم: ئەرکی بوونایەتی و پێگەی دەستووری

١.١. کۆماری کوردستان، لە پێناو پاراستنی بوونی خۆی و مسۆگەرکردنی ئاسایشی نەوەکانی، دان بەوەدا دەنێ کە لە سەدەی بیست و یەکدا، سەروەریی ڕاستەقینە لە توانای کۆنترۆڵکردن، شیکردنەوە و بەکارهێنانی ستراتیژیی زانیارییەوە سەرچاوە دەگرێت. لەم سۆنگەیەوە، "ناوەندی نیشتمانی بۆ هەواڵگری و شیکاریی ستراتیژی" وەک مێشکی ستراتیژیی کۆمار دادەمەزرێت. ئەرکی ئەم ناوەندە بریتییە لە گۆڕینی زانیاریی خاو بۆ هێزی نەتەوەیی و گۆڕینی کۆمار لە یەکەیەکی کاردانەوەییەوە بۆ ئەکتەرێکی پێشبینیکەر و خاوەن دەستپێشخەری.

١.٢. ئامانجی باڵای ئەم ناوەندە بریتییە لە بنیاتنانی "ئاوەزێکی ستراتیژیی نەتەوەیی" کە توانای تێگەیشتنی قوواڵی لە هەڕەشە و دەرفەتەکان هەبێت پێش ئەوەی زەق ببنەوە.

١.٣. ئەم ناوەندە دامەزراوەیەکی دەستووریی سەربەخۆی کارگێڕی و دارایی و تەنیا لەژێر سەرپەرشتیی ستراتیژیی "کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی"دایە.

١.٤. ئەم ناوەندە بە شێوەیەکی بنەڕەتی دامەزراوەیەکی شیکارییە، نەک ئۆپەراسیۆنی. ئەرکی ڕاییکردنی کرداری سەربازی یان بەرگریی ژیاری لە ئەستۆی ئەم ناوەندەدا نییە.

١.٥. هیچ دەسەڵاتێکی کارگێڕی یان سەربازیی تر بۆی نییە دەست لە کاروباری شیکاری و ناوخۆیی ناوەندەکە وەربدات.

دووەم: یەکخستنی گشتگیریی هەواڵگری

٢.١. ناوەندەکە تاکە خاڵی نیشتمانییە بۆ یەکخستنی هەواڵگریی گشتگیر.

٢.٢. ئەرکی کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی زانیارییە لە گشت سەرچاوە هەواڵگرییەکانەوە، لەوانە:

ئا. زانیاریی تەکنیکی لە "فەرماندەیی ئەلیکترۆنیی ئارتەش"ـەوە.

ب. ڕاپۆرتی هەڕەشە لە "دەستەی نیشتمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی"یەوە.

پ. زانیاریی مرۆیی و سیگناڵی لە دەزگای هەواڵگریی نیشتمانییەوە.

ت. زانیاری لە سەرچاوە کراوەکانەوە.

ج. زانیاریی ئاڵوگۆڕکراو لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان.

چ. زانیاریی ئابووری و دارایی لە بانکی ناوەندییەوە.

ح. زانیاری لە کەرتی تایبەتەوە، لە چوارچێوەی قانوونداا.

سێیەم: شیکاریی ستراتیژی و پێشبینی

٣.١. ئەرکی بنەڕەتیی ناوەندەکە، گۆڕینی داتای خاوە بۆ هەواڵگریی ستراتیژیی شیکراوە.

٣.٢. ئەم ئەرکە ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

ئا. شیکاریی درێژخایەن لەسەر نیازی ئەکتەرە دوژمنکارەکان.

ب. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی دەوریی "هەڵسەنگاندنی هەڕەشەی نیشتمانی."

پ. پێشبینیی ستراتیژی بۆ ناسینەوەی هەڕەشە نوێیەکانی داهاتوو.

ت. دەرکردنی "ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە" بۆ دامەزراوە باڵاکانی دەوڵەت.

ج. ناسینەوە و شیکردنەوەی کەمپینە زانیارییە چەواشەکارەکان.

چ. هەڵسەنگاندنی لاوازییەکانی ژێرخانی نیشتمانی.

چوارەم: دژە-هەواڵگری و دیاریکردنی سەرچاوەی هەڕەشە

٤.١. ناوەندەکە بەرپرسیارێتیی سەرەکیی هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی هەواڵگریی ئەلیکترۆنیی دوژمن.

٤.٢. ئەرکی ناسینەوە و پووچەڵکردنەوەی هەوڵە هەواڵگرییەکانی دوژمنانە کە ئامانجیان دزەکردنە نێو ژێرخانی نیشتمانی.

٤.٣. بەکارهێنانی پێشکەوتووترین تەکنیک بۆ دیاریکردنی ورد و باوەڕپێکراوی سەرچاوەی هێرشە ئەلیکترۆنییە ستراتیژییەکان.

٤.٤. ئامادەکردنی دۆسیەی تەکنیکی و قانوونیی بۆ پشتیوانیکردن لە وەڵامدانەوەی دەوڵەت.

پێنجەم: سەرکردایەتی و بەڕێوەبردن

٥.١. ناوەندەکە لەلایەن "سەرۆکی ناوەند"ـەوە بەڕێوە دەبرێت، کە بە پێشنیازی سەرکۆمار و بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ئەندامانی کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی بۆ خولێکی حەوت ساڵەی نوێنەکراوە دادەنرێت.

٥.٢. بەربژێری ئەم پۆستە دەبێت خاوەنی باڵاترین ئاستی پسپۆڕی و ئەزموونی سەلمێندراو بێت لە بواری هەواڵگری، شیکاریی ستراتیژی یان ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا و نابێت هیچ پۆستێکی پارتایەتیی هەبووبێت.

شەشەم: پەیکەری ناوخۆیی و بەڕێوەبەرایەتییە پسپۆڕەکان

٦.١. پەیکەری ناوخۆیی ناوەندەکە بەپێی پێویستییە ستراتیژییەکان و بە قانوون دیاری دەکرێت، بەڵام لانیکەم ئەم چوار کۆڵەکە سەرەکییە لەخۆ دەگرێت:

ئ. کۆڵەکەی کۆکردنەوە و هاوکاری.

ب. کۆڵەکەی شیکاری و پێشبینی.

پ. کۆڵەکەی بەرەنگاربوونەوە و پاراستن.

ت. کۆڵەکەی تەکنەلۆژیا و داهێنان.

حەوتەم: چەرخی هەواڵگری و میکانیزمی بڵاوکردنەوە

٧.١. ناوەندەکە بە شێوەیەکی سیستماتیک و درێژەدار، چەند جۆرێکی جیاواز لە بەرهەمی هەواڵگری بەرهەم دەهێنێت و دابەشی دەکات، لەوانە:

ئ. هەواڵگریی کرداری بۆ "فەرماندەیی ئەلیکترۆنیی ئارتەش."

ب. هەڵسەنگاندنی هەڕەشە و زانیاریی خۆپارێزی بۆ "دەستەی نیشتمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی."

پ. کورتەی هەواڵگریی ستراتیژی بۆ "کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی" و سەرکۆمار.

هەشتەم: تەیارخانەی تەکنەلۆژی و تێکەڵکێشی لەگەڵ دەوڵەتی ژیر

٨.١. ناوەندەکە دەبێتە بەکارهێنەری سەرەکیی تواناکانی شیکاریی داتای گەورە و ژیریی دەستکردی پەڕگاڵی دەوڵەتی ژیر، کە ژینگەی ژمێریاریی پێویست و دەستگەیشتنی پارێزراو بە بنکە داتا نیشتمانییەکان بۆ ناوەندەکە دابین دەکات.

٨.٢. ناوەندەکە خۆی خاوەنی یەکەی توێژینەوە و گەشەپێدانی تایبەت دەبێت و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ "دامەزراوەی نیشتمانی بۆ داهێنانی بەرگری" کار دەکات.

نۆیەم: کادر و بنەمای "ئاوەزی ستراتیژیی نەتەوە"

٩.١. کادر و شیکاروانانی ئەم ناوەندە، نوخبەی هزری و ستراتیژیی کۆمارن لە بواری دیجیتاڵیدا.

٩.٢. وەرگرتن و پلەبەرزکردنەوەیان تەنیا لەسەر بنەمای شایستەسالاریی ڕەها، توانای شیکاریی بێهاوتا، و وەفاداریی بێ مەرج بۆ دەوڵەت و ئەم دەستوورە دەبێت.

٩.٣. دەوڵەت "بەرنامەی نیشتمانیی بۆ دۆزینەوە و پێگەیاندنی بەهرەی ستراتیژی" دادەمەزرێنێت.

٩.٤. ناوەندەکە خاوەنی ئەکادیمیای ناوخۆیی تایبەتمەند دەبێت بۆ ڕاهێنانی بێوچان.

دەیەم: چاودێری و لێپرسینەوەی دیموکراسی

١٠.١. چاودێریی دادوەری: هەر کردەوەیەکی کۆکردنەوەی زانیاری کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر مافی تایبەتمەندیی شارۆمەندانی کوردستان هەبێت، دەبێت ڕەزامەندیی پێشوەختەی لقی تایبەتمەندی دادگای باڵا بەدەست بهێنێت.

١٠.٢. چاودێریی قانوونداناان: ناوەندەکە لە ڕووی قانوونیی، پابەندبوون بە بودجە و ڕێزگرتن لە بنەماکانی دەستوورەوە، لەبەرامبەر لیژنە تایبەتمەندەکانی دەسەڵاتی قانوونداناندا وەڵامدەرەوەیە.

١٠.٣. پشکنەری گشتیی سەربەخۆ: بەپێی قانوون، پۆستی "پشکنەری گشتیی ناوەند" دادەمەزرێت، کە کەسێکی سەربەخۆیە و ئەرکی لێکۆڵینەوەیە لە هەر سکاڵایەکی ناوخۆیی سەبارەت بە بەد بەکارهێنانی دەسەڵات.

١٠.٤. ڕێنەدراوکردنی چالاکیی ناوخۆیی: بەکارهێنانی تواناکانی ناوەندەکە بۆ هەر مەبەستێکی ململانێی وارگێڕیی ناوخۆیی، چاودێریکردنی پارتەکان، یان کاریگەریکردنە سەر پڕۆسەی دیموکراسی، بە تاوانێکی قورسی دژ بە پەرگاڵی دەستووری هەژمار دەکرێت.

یازدەیەم: نهێنییپارێزی و سزای قانوونیی

١١.١. گشت کار، زانیاری، شیکاری و بەرهەمەکانی ئەم ناوەندە بە "نهێنیی باڵای دەوڵەت" هەژمار دەکرێن.

١١.٢. ئاشکراکردنی هەر زانیارییەک لەلایەن هەر کەسێکەوە، بە تاوانێکی قورسی دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت و ڕووبەڕووی تونترین سزای قانوونیی دەبێتەوە، بەپێی ئەو قانوون تایبەتەی کە میکانیزمی توندی پۆلێنکردن و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ زانیارییە نهێنییەکاندا دادەڕێژێت.

بەندی ١١٩: پەرگاڵی نیشتمانی بۆ بنیاتنانی پەروەردە و تەندروستی

یەکەم: کۆڵەکەی یەکەم: دارشتنی ئاوەزی نەتەوەیی لە ڕێگەی پەروەردەوە

١.١. دەوڵەت ئەرکدارە بە بنیاتنانی "پەرگاڵی یەکگرتووی ژیانی دیجیتاڵیی شارۆمەند" وەک ژێرخانێکی ستراتیژی بۆ ئاوێتەکردنی کایەکانی پەروەردە و تەندروستی، تاوەکو لە ڕێگەی تواناکانی دەوڵەتی ژیرەوە گەشەی هزری و تەناهیی جەستەیی نەتەوە وەک یەکەیەکی هاوسەنگ و دانەبڕاو مسۆگەر بکرێت.

١.٢. پێداویستییە بنەڕەتییەکانی پرۆگرامی خوێندن: پڕۆگرامی خوێندنی نیشتمانی لە هەموو قۆناغەکاندا دەبێت ئەم بنەما بنەڕەتییانە لەخۆ بگرێت:

ئا. بیری ژمێریاری و لۆژیکی پڕۆگرامسازی.

ب. خوێندەواریی میدیایی و بیری ڕەخنەگرانە.

پ. ڕەوشتی دیجیتاڵی و شارۆمەندی بەرپرسیارانە.

ت. ئاسایشی ئەلیکترۆنیی تاکەکەسی و نیشتمانی.

١.٣. چاودێریی ستراتیژی: "کۆڕی بالّای تواناسازیی دیجیتالّی" وەک دامەزراوەیەکی دەستووری، ئەرکی داڕشتنی ستراتیژیی نیشتمانی و چاودێریکردنی بێپسانەوە ئەم بواره لە ئەستۆ دەگرێت.

دوویەم: کۆڵەکەی دوویەم: پاراستنی جەستەی نەتەوەیی لە ڕێگەی تەندروستییەوە

٢.١. ئەم بەندە بناغەی قانوونیی پەرگالّێکی تەندروستیی نیشتمانیی دیجیتالّی دادەڕێژێت.

٢.٢.کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی پەرگالّی تەندروستیی دیجیتالّی بریتین لە:

ئا. تۆماری تەندروستیی یەکگرتووی نیشتمانی.

ب. دەروازەی تەندروستیی نیشتمانی.

پ. ڕاژەداریی پزیشکیی دوورمەودا.

ت. چاودێریی ستراتیژیی تەندروستیی گشتی.

سێیەم: یەکگرتنی ستراتیژی: ڕۆڵی دەوڵەتی ژێر

٣.١. ئەرکەکانی دەوڵەتی ژێر لەم بوارەدا بریتین لە شیکردنەوەی داتای گەورەی پەروەردەیی و تەندروستی، بە مەبەستی:

ئا. پێشبینیکردنی پەتای گشتگیر.

ب. داڕشتنی وارگێڕپی پشتئەستوور بە بەڵگە.

پ. باشترکردنی تەرخانکردنی سەرچاوەکان.

ت. دیاریکردنی پێداویستییە تاکەکەسییەکان.

ج. هەڵسەنگاندنی کاریگەریی درێژخایەن.

چوارەم: شارۆمەند و مافە بنەڕەتییەکانی سەبارەت بە داتا

٤.١. گرینگی ژینەکی داتا و بنەمای دەستگەیشتن: گشت داتایەکی پەروەردەیی و تەندروستیی نێو پەرگالّی نیشتمانی، بە سامانێکی ستراتیژی و نهێنیی بالّا هەژمار دەکرێت و دەکەوێتە ژێر قەڵەمڕەوی قانوونیی ڕەهای کۆماری کوردستانەوە. دەستگەیشتن بەم داتایانە لەلایەن هەر کەس و لایەنێکەوە، بەبێ ڕەزامەندیی ئاگادارانە و ئاشکرای خودی شارۆمەند، بە تووندی ڕێنەدراوە.

٤.٢. مافە دەستوورییە نەگۆڕەکانی شارۆمەند:

ئ. مافی کۆنترۆڵکردنی تەواوی داتاکانی خۆیان و دیاریکردنی ئەوەی کێ بۆی هەیە دەستی پێیان بگات.

ب. مافی وەرگرتنەوەی کۆپییەکی تەواوی تۆمارە پەروەردەیی و تەندروستییەکانیان بە شێوەیەکی دیجیتاڵی.

پ. مافی داخوازکردنی ڕاستکردنەوەی هەر زانیارییەکی چەوت یان ناتەواو لە تۆمارەکانیاندا.

ت. مافی زانینی ئەوەی کە کام دامەزراوە و بۆ چ مەبەستێکی قانوونیی، دەستیان بە داتاکانیان گەیشتووە.

ج. مافی داخوازکردنی سڕینەوەی ئەو داتایانەی کە چیتر بۆ ئەو مەبەستەی بۆی کۆکراونەتەوە پێویست نین، بەپێی ئەو سنووربەندییانەی کە قانوون دیاری دەکات.

پێنجەم: دەستەی باڵای سەرپەرشتیار: ویژدانی ڕەوشتیی پەڕگاڵەکە

٥.١. دامەزراندن و پێکهاتە:

ئ. بۆ دڵنیابوون لەوەی کە "پەڕگاڵی یەکگرتووی ژیانی دیجیتاڵیی شارۆمەند" هەمیشە لە چوارچێوەی دەستوور و لە ڕاڕەی مافەکانی تاک و بەرژەوەندیی گشتیدا دەمێنێتەوە، "دەستەی باڵای سەرپەرشتیاری ژیانی دیجیتاڵیی شارۆمەند" وەک دامەزراوەیەکی دەستوورییی سەربەخۆ دادەمەزرێ کە خاوەنی سەربەخۆیی تەواوی کارگێڕی و داراییە.

ب. پێکهاتەی دەستەکە لە نوخبەیەکی پسپۆڕی بێلایەن پێک دێت لە بوارەکانی قانوونی دەستووری، ڕەوشتی تەکنەلۆژیا، پزیشکی، پەروەردە و ئاسایشی نەتەوەیی، کە شێوازی هەڵبژاردن و دانانیان بە قانوونێکی تایبەت ڕێک دەخرێت.

٥.٢. ئەرکە بنەڕەتییەکان:

ئ. دانانی ستاندارد و پڕۆتۆکۆڵە ڕەوشتی و قانوونییەکانی بەکارهێنانی داتای پەروەردەیی و تەندروستی.

ب. چاودێریکردنی بێپسانەوەی ئەلگۆریتمەکانی دەوڵەتی ژیر بۆ دڵنیابوون لەوەی کە نابنە هۆی دروستکردنی جیاکاریی ناقانوونیی.

پ. لێکۆڵینەوە لە هەر سکاڵایەکی شارۆمەندان سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندی یان بەد بەکارهێنانی داتاکانیان.

ت. پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕووەن بە دەسەڵاتی قانوونداناان و ڕای گشتی سەبارەت بە کارکردنی پەڕگاڵەکە.

شەشەم: بنیاتنانی کادری نیشتمانیی دیجیتاڵی

٦.١. سەرکەوتنی ئەم پەڕگاڵە یەکگرتووە بەندە بە بوونی کادرێکی مرۆیی لێهاتوو و دڵسۆز. لەم سۆنگەیەوە، دەوڵەت پابەندە بە دارشتنی "بەرنامەی نیشتمانی بۆ پێگەیاندنی کادری دیجیتاڵی."

٦.٢. ئەم بەرنامەیە بریتی دەبێت لە پێداچوونەوەی بنەڕەتی بە پرۆگرامی خوێندنی کۆلێژەکانی پزیشکی و پەروەردەدا، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە نەوەی نوێی پزیشکان و مامۆستایان خاوەنی کارامەیی تەواوی تەکنەلۆژی و هۆشیاریی ڕەوشتیی پێویستن.

٦.٣. دەوڵەت میکانیزمێکی بێبڕانەوە بۆ ڕاهێنان و نوێکردنەوەی زانستیی گشت کارمەندانی کەرتی تەندروستی و پەروەردە دادەمەزرێنێت، بۆ ئەوەی هەمیشە لە ئاستی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکاندا بن.

حەوتەم: پەڕگاڵ وەک بزوێنەری داهێنانی نیشتمانی

٧.١. داتای کۆکراوە و بێناسنامەی نێو پەڕگاڵەکە، بە سامانێکی ستراتیژیی نەتەوەیی بۆ توێژینەوەی زانستی و داهێنان دادەنرێت.

٧.٢. بوارە ستراتیژییەکانی توێژینەوەی زانستی: قانوونێکی تایبەت، بە چاودێریی توندی "دەستەی باڵای سەرپەرشتیار"، چوارچێوەی بەکارهێنانی ئەم داتایانە لەلایەن زانکۆکان و ناوەندە نیشتمانییەکانەوە بۆ ئەم بوارانە ڕێک دەخات:

ئا. پێشخستنی زانستی پزیشکیی نەتەوەیی: لەوانە توێژینەوەی جینۆمی بۆ ناسینەوەی نەخۆشییە بۆماوەییەکان و گەشەپێدانی چارەسەری پزیشکیی تاکەکەسی.

ب. شیکردنەوەی دەرەنجامەکانی پەرگاڵی پەروەردە: بۆ داهێنانی شێوازی نوێ و کاریگەری فێرکردن کە لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمدا بگونجێت.

پ. توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و دەروونی: شیکردنەوەی داتا بۆ تێگەیشتن لە ئاراستەکانی تەندروستیی دەروونی، خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی وارگێڕییە گشتییەکان لەسەر شارۆمەندان.

ت. گەشەپێدانی ژیریی دەستکردی خۆماڵی: بەکارهێنانی داتاکان بۆ دروستکردنی ئەلگۆریتم و چارەسەری تەکنەلۆژی کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا گونجاو بن.

هەشتەم: چوارچێوەی قانوونیی: بەرپرسیارێتی و هێڵە سوورەکان

٨.١. بنەماکانی کارپێکردن:

ئ. بنەمای شیکارهەڵگری: هەر بڕیارێکی خۆگەڕ کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی شارۆمەندێک هەبێت، دەبێت بە تەواوی شیاوی ڕوونکردنەوە بێت بە زمانێکی سادە. نابێت هیچ بڕیارێکی چارەنووسساز لە "سندوقی ڕەش"ـی ئەلگۆریتمەوە سەرچاوە بگرێت.

ب. بنەمای پێداچوونەوەی مرۆیی: شارۆمەند مافی داخوازکردنی پێداچوونەوەی مرۆیی بۆ هەر بڕیارێکی خۆگەڕی چارەنووسساز هەیە، کە دەبێت لەلایەن پسپۆڕێکی شایستەوە ئەنجام بدرێت.

٨.٢. بەرپرسیارێتی و ڕێنەدراوکراوەکان:

ئ. بەرپرسیارێتیی ڕەهای دەوڵەت: دەوڵەت بەرپرسیارێتیی قانوونیی تەواوی هەر زیانێک هەڵدەگرێ کە لە ئەنجامی چەوتی سیستماتیک، بەد کارکردنی ئەلگۆریتمەکان یان دزەکردنی داتاوە بەر شارۆمەندان بکەوێت.

ب. هێڵە سوورە ڕەوشتییەکان: بەکارهێنانی داتای تەندروستی یان پەروەردەیی بۆ هەر جۆرە جیاکارییەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری یان وارگێڕی، بە ڕەهایی ڕێنەدراوە و بە تاوانێکی قورس هەژمار دەکرێت.

نۆیەم: پەڕگاڵ وەک ئامرازی خۆڕاگریی نیشتمانی

٩.١. لە کاتی قەیرانە گەورەکاندا (وەک پەتای گشتگیر، کارەساتی سروشتی، یان دۆخی جەنگ)، "پەڕگاڵی یەکگرتووی ژیانی دیجیتاڵیی شارۆمەند" دەبێتە ئامرازێکی ستراتیژی بۆ خۆڕاگریی نیشتمانی.

٩.٢. دەوڵەت، لەژێر چاودێریی توندی قانوونییدا، دەتوانێت تواناکانی ئەم پەڕگاڵە بۆ ئەم مەبەستانە بەکار بهێنێت:

ئ. ناسینەوەی خێرای گرووپە مەترسیلەسەرەکان و گەیاندنی یارمەتیی پزیشکی و کۆمەڵایەتی.

ب. ڕێکخستنی سیستماتیکی دابەشکردنی سەرچاوە ژینەکییەکان وەک ڤاکسین و پێداویستییە پزیشکییەکان.

پ. مسۆگەرکردنی درێژەدارییەتی پرۆسەی فێرکردن لە ڕێگەی پلاتفۆرمی دیجیتاڵیی نیشتمانییەوە.

دەیەم: ڕەهەندی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسیی دیجیتاڵی

١٠.١. کۆماری کوردستان کار دەکات بۆ ئەوەی ببێتە پێشەنگێکی جیهانی لە داڕشتنی ستانداردە ڕەوشتی و قانوونییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە بواری پەروەردە و تەندروستیدا و ئەم پەڕگاڵە پێشکەوتووە وەک بەشێک لە هێزی نەرمی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ ناساندنی وێنەیەکی مۆدێرن و داهێنەرانەی کۆماری کوردستان بە جیهان.

١٠.٢. هەر ئاڵوگۆڕێکی داتای تەندروستی لەگەڵ وڵاتانی تر، تەنیا لە چوارچێوەی پەیماننامەی دووڵایەنە و بە ڕەزامەندیی ئاگادارانەی شارۆمەندەوە دەبێت.

بەندی ١٢٠: چوارچێوەی قانوونیی و ڕەوشتیی تەکنەلۆژیا

یەکەم: بنچینەی دەستووری

١.١. دەستوور، تەکنەلۆژیا وەک وزەیەکی ئامرازگەر دەناسێنێ کە دەبێت هەمیشە لەژێر ڕکێفی ویستمەندیی نەتەوەیی و ئامانجە باڵاکانی کۆماردا بێت؛ هەر بۆیە، هەر جۆرە داهێنان و

بەکارهێنانێکی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لە کوردستاندا، تەنیا لە ڕێگەی هاوسەنگییەکی ورد لە نێوان پێویستیی مۆدێرنیزم و پاراستنی گەوهەری ڕەوشتیی کۆمەڵگەدا ڕەوایەتیی قانوونیی وەردەگرێت.

١.٢. ئەرکی دەستووریی ئەم بەندە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی قانوونیی و ڕەوشتیی تۆکمەیە کە هاوسەنگی لەنێوان هاندانی داهێنان و پاراستنی ماف و شکۆی مرۆڤدا ڕادەگرێت.

دوویەم: وارگەی قانوونیی

٢.١. ئەم بەندە گشت تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان دەگرێتەوە کە کاریگەریی بنەڕەتییان لەسەر ژیانی تاک، کۆمەڵگا و ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، بەتایبەتی ژیریی دەستکرد، ئەندازیاریی بۆماوەیی و پەرگاڵە خۆگەڕەکان.

٢.٢. ئەم بەندە بە هەمان شێوە ئەو تەکنەلۆژیایانەی داهاتووش دەگرێتەوە کە هێشتا دەرنەکەوتوون بەڵام کاریگەریی هاوشێوەیان دەبێت.

سێیەم: بنەما نەگۆڕەکانی بەکارهێنان

٣.١. کۆنترۆڵی واتاداری مرۆیی: هیچ پەرگاڵێکی خۆگەڕ بۆی نییە بڕیاری کۆتایی لەسەر ژیان، ئازادی، یان سزای مرۆڤ بدات.

٣.٢. بەرپرسیارێتیی قانوونیی: بەرپرسیارێتیی قانوونیی هەر زیانێک دەکەوێتە ئەستۆی دیزاینەر، بەرهەمهێنەر یان بەکارهێنەری مرۆیی.

٣.٣. پاراستنی شوناسی مرۆیی: هەر تەکنەلۆژیایەک کە ببێتە هۆی شێواندنی بنەڕەتیی شوناس یان ویستمەندیی ئازادی مرۆڤ، بەکارهێنانی ڕێنەدراوە.

٣.٤. ڕێنەدراوکردنی جیاکاری: نابێت ئەلگۆریتمەکان ببنە هۆی دروستکردنی جیاکاریی ناقانوونیی.

٣.٥. ڕوونایەتی و شیکارهەڵگری: دەبێت لۆژیکی کارکردنی ئەو ئەلگۆریتمانەی کە کاریگەریی ژینەکییان هەیە، شیاوی پشکنین و ڕوونکردنەوە بێت.

٣.٦. پاراستنی مافی تایبەتمەندی: دەبێت تەکنەلۆژیاکان لەسەر بنەمای "پاراستنی تایبەتمەندی لە دیزایندا" بنیات بنرێن و کۆکردنەوەی داتا بۆ کەمترین ئاستی پێویست سنووردار بکرێت.

چوارەم: دەسەڵاتی نیشتمانیی ڕێکخەری تەکنەلۆژیا

٤.١. "دەسەڵاتی نیشتمانیی ڕێکخەری تەکنەلۆژیا" وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی سەربەخۆ دادەمەزرێت.

٤.٢. ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەم دەسەڵاتە بریتین لە:

ئا. دانانی ستانداردی نیشتمانی بۆ تەناهی، ئاسایش و ڕەوشتی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان.

ب. مۆڵەتبەخشین بە بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایانەی کە مەترسیی بەرزیان هەیە.

پ. پشکنینی دەوریی ئەلگۆریتمەکان بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونیان بە بنەماکانی دەستوورەوە.

ت. لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوانەی کە بەهۆی تەکنەلۆژیاوە زیان بە شارۆمەندان دەگەیەنن.

ج. پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە بە دەسەڵاتی قانوونداناان.

پێنجەم: مافەکانی شارۆمەند

٥.١. هەر شارۆمەندێک مافی وەرگرتنی ڕوونکردنەوەی ڕوون لەسەر هەر بڕیارێکی ئەلگۆریتمی هەیە کە کاریگەریی لەسەر ژیانی هەبێت.

٥.٢. مافی داخوازکردنی پێداچوونەوەی مرۆیی بۆ هەر بڕیارێکی خۆگەڕی چارەنووسساز هەیە.

٥.٣. مافی تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگای تایبەتمەند دژی بڕیارە ئەلگۆریتمییەکان پارێزراوە.

٥.٤. مافی ئاگاداربوونەوەی هەیە کاتێک کارلێک لەگەڵ پەڕگاڵێکی ژیریی دەستکرد دەکات، نەک مرۆڤ.

شەشەم: ئاسایشی نەتەوەیی

٦.١. دەوڵەت مافی هەیە تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان بۆ مەبەستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرگریی نیشتمانی بەکاربهێنێت.

٦.٢. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەم بوارە هەستیارەدا تەنیا بە فەرمانی سەرکۆمار و لەژێر چاودێریی کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەییدا دەبێت.

٦.٣. بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایانە دەبێت بە ڕەبەقی لەگەڵ قانوون نێودەوڵەتییە مرۆییەکاندا بگونجێت.

حەوتەم: هاوکاریی نێودەوڵەتی و سەربەخۆیی تەکنەلۆژی

٧.١. کۆماری کوردستان کار بۆ بنیاتنانی هاوپەیمانیی ستراتیژی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا دەکات کە پێشەنگن لە بواری تەکنەلۆژیادا.

٧.٢. هیچ ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی لەم بوارەدا نابێت سەربەخۆیی تەکنەلۆژی یان ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری کوردستان بخاتە مەترسییەوە.

٧.٣. دەوڵەت وارگێڕییەکی چالاک بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی پشتبەستنی تەکنەلۆژی بە هێزی دوژمنکار پەیڕەو دەکات.

هەشتەم: چوارچێوەی قانوونیی تایبەتمەند

٨.١. وردەکاریی ڕاییکردنی ئەم بەندە بەپێی قانوونێکی تایبەت ڕێکدەخرێت.

٨.٢. ئەم قانوونە دەبێت بە شێوەیەکی دەوری، لانیکەم هەر پێنج ساڵ جارێک، پێداچوونەوەی بۆ بکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیادا هاوتەریبە.

بەندی ١٢١: دیپلۆماسیی دیجیتاڵی و سەربەخۆیی تەکنەلۆژی

یەکەم: بنەما نەگۆڕەکانی هاوکاریی تەکنەلۆژیی نێودەوڵەتی

١.١. هەر جۆرە پەیوەندی و هاوکارییەکی تەکنەلۆژیی نێودەوڵەتی دەبێت بە شێوەیەکی ڕەها پابەندی ئەم بنەما نەگۆڕانە بێت:

ئا. بەرامبەرایەتیی ڕەها: هەر سەربەشێک کە بە لایەنی بیانی دەدرێت، دەبێت هەمان سەربەش یان هاوتای ستراتیژییەکەی بۆ کۆماری کوردستان مسۆگەر بکرێت.

ب. ڕوونایی ڕەبەق: گشت ڕێککەوتن و گرێبەستێک دەبێت بە شێوەیەکی ئاشکرا و لەژێر چاودێریی وردی دەسەڵاتی قانوونداناندا بێت.

پ. پابەندبوون بە سەربەخۆیی داتا: داتای شارۆمەندان و دامەزراوەکانی کوردستان سامانێکی ستراتیژیی نەتەوەیین و هەرگیز ناکرێت بکەونە ژێر قەڵەمڕەوی قانوونیی هیچ وڵاتێکی بیانییەوە.

ت. پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی: نابێت هیچ هاوکارییەک ببێتە هۆی دروستکردنی لاوازیی هەداریی بۆ ژێرخانە ژینەکییەکانی وڵات یان ڕێگەدان بە دەستگەیشتنی ناقانوونیی هێزی بیانی بە داتا هەستیارەکان.

دوویەم: ئامانجە ستراتیژییەکان

٢.١. دەوڵەت، لە ڕێگەی دیپلۆماسییەکی دیجیتاڵیی چالاک و ئامانجدارەوە، کار بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ستراتیژییانە دەکات:

ئ. گواستنەوەی زانست و خۆماڵیکردنی تەکنەلۆژیا: مەرجدارکردنی گرێبەستە گەورەکان بە دامەزراندنی ناوەندی توێژینەوە و گەشەپێدان لەنێو خاکی کوردستاندا و بەستنی ڕێککەوتنی ستراتیژی بۆ گواستنەوەی زانستی پێشکەوتوو.

ب. بنیاتنانی هاوپەیمانێتیی ستراتیژی: دامەزراندنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە پێشەنگانەدا کە لەسەر بنەمای ڕێزی دوولایەنە و بەرژەوەندیی هاوبەش دامەزراون.

- پ. پێگەیاندنی توانای مرۆیی نێودەوڵەتی: دارشتنی بەرنامەی نیشتمانی بۆ ناردنی خوێندکاری بلیمەت بۆ باشترین زانکۆکانی جیهان و ڕاکێشانی پسپۆڕی بیانی بۆ بنیاتنانی توانای ناوخۆیی.
- ت. پێشەنگایەتی لە دانانی ستانداردا: کارکردن بۆ ئەوەی کۆماری کوردستان ببێتە ئەکتەرێکی کاریگەر لە دارشتنی ستاندارد نێودەوڵەتییەکانی بواری تەکنەلۆژیا.
- ج. بەهێزکردنی توانای ئابووریی دیجیتاڵی: کردنەوەی بازاڕی نوێ بۆ بەرهەم و ڕاژەداریی تەکنەلۆژییە خۆماڵییەکان.

سێیەم: دامەزراوەی تایبەتمەند: کۆمیسیۆنی باڵای دیپلۆماسیی دیجیتاڵی

٣.١. دامەزراندن و پێکهاتە: "کۆمیسیۆنی باڵای دیپلۆماسیی دیجیتاڵی" دادەمەزرێت. ئەم کۆمیسیۆنە، کە لە نوێنەرانی کاروبارەکانی دەرەوە، بەرگری، ئابووری و زانست و تەکنەلۆژیا پێک دێت، لەژێر سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرکۆمارداید.

٣.٢. ئەرکە سەرەکییەکان: ئەرکی سەرەکیی کۆمیسیۆن بریتییە لە داڕشتنی وارگێڕیی گشتیی یەکگرتوو و هەڵسەنگاندنی ستراتیژیی ڕێککەوتنەکان.

چوارەم: ستراتیژی نیشتمانی بۆ بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیا

٤.١. دەوڵەت "ستراتیژی نیشتمانی بۆ بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیا" پەیڕەو دەکات، کە پرۆسەیەکی دینامیکی و درێژەدارە بۆ گۆڕینی زانستی جیهانی بۆ هێزی نەتەوەیی.

پێنجەم: دەسەڵاتی پەسەندکردن و چاودێریی قانوونیی

٥.١. هەر جۆرە هاوکاری و ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی دەبێت بە شێوەیەکی ڕەها پابەندی باڵادەستیی ئەم دەستوورە و ئاسایشی نەتەوەیی بێت.

٥.٢. بەستنی پەیماننامە و ڕێککەوتنی ستراتیژی لە بواری دیجیتاڵیدا دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی سەرکۆمارەوە، بەڵام ئەو پەیماننامانەی کە کاریگەریی درێژخایەنیان هەیە، دەبێت بە قانوونێک لەلایەن دەسەڵاتی قانوونداناوە پەسەند بکرێن.

شەشەم: هێڵە سوورەکان و پووچەڵبوونەوەی قانوونیی

٦.١. هەر ڕێککەوتنێک کە یەکێک لەم بنەمایانە پێشێل بکات، لە ڕووی قانوونییەوە پووچەڵە:

ئ. باڵادەستیی قانوونەکانی کوردستان بەسەر داتادا.

ب. ئاسایشی نەتەوەیی و سەربەخۆیی ژێرخانە ژینەکییەکان.

پ. بنەماکانی ڕووناکبیری و بەرامبەرایەتی.

حەوتەم: پێگەیاندنی کادری دیپلۆماسیی دیجیتاڵی

٧.١. دەوڵەت بەرنامەیەکی تایبەت بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ لە دیپلۆماتکاران دادەڕێژێ کە پسپۆڕ بن لە بوارەکانی تەکنەلۆژیا، قانوونی نێودەوڵەتیی دیجیتاڵی و دانوستانی تەکنیکی.

هەشتەم: چوارچێوەی قانوونیی تایبەتمەند

٨.١. وردەکاریی ڕاییکردنی ئەم بەندە و دەسەڵاتەکانی کۆمیسیۆنی باڵا، بە قانوونێکی تایبەت ڕێک دەخرێت.

بەندی ١٢٢: دەوڵەتی ڕزگاریی و پەڕگاڵی دەوڵەتی ژێر لە قۆناغی ڕزگاریدا

یەکەم: بنچینەی دەستووری و فەلسەفەی دامەزراندن

١.١. تا ئەو ساتەوەختەی کە کۆماری کوردستان سەروەریی ڕەبەقی خۆی بەسەر گشت وارگەی نەتەوەییدا دەچەسپێنێت، "دەوڵەتی ڕزگاریی کوردستان" (لێرەوە بە "دەوڵەتی ڕزگاریی" ناوەبرێت. وەک ئامرازی فەرمیی ڕاییکردنی ویستی پۆڵاییی نەتەوەیی دادەمەزرێت.

١.٢. ئەرکی بنەڕەتیی دەوڵەتی ڕزگاریی بریتییە لە:

ئ. بەڕێوەبردنی خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی.

ب. نەتەوەسازی و دامەزراوەسازیی مۆدێرن.

پ. ئامادەکردنی بناغە بۆ دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆ.

١.٣. پەڕگاڵی دەوڵەتی ژێر وەک لەم دەروازەیەدا پێناسە کراوە، دەبێتە جوڵێنەری کارپێکەری تەکنەلۆژی و کارگێڕیی دەوڵەتی ڕزگاریی.

دووەم: پێکهاتە و نوێنەرایەتی

٢.١. دەوڵەتی ڕزگاریی لەلایەن "کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان"ـــەوە بەڕێوە دەبرێت، کە لە نوێنەرانی دانپێدانراوی هێزە وارگێڕییە سەرەکییەکان و کەسایەتییە نیشتمانییەکانی کوردستان و دیاسپۆرا پێک دێت.

٢.٢. میکانیزمی پێکهێنانی ئەم کۆڕە و شێوازی بڕیاردانی بەپێی ئەم دەستوورە و مانیفێستی نیشتمانیی کاتی ڕێک دەخرێت.

سێیەم: ڕۆڵی دەوڵەتی ژیر لە نەتەوەسازیدا

٣.١. پەرگاڵی دەوڵەتی ژیر ئەرکی دامەزراندنی ئەم ژێرخانە نەتەوەییانەی لە ئەستۆ دەبێت:

ئا. تۆماری نەتەوەیی دیجیتاڵی: دەرکردنی شوناسی دیجیتاڵی (KN-ID) بۆ هەر تاکێکی کورد و بەکارهێنانی بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنی ناوخۆیی بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەتی ڕزگاریی.

ب. ئەکادیمیای نیشتمانیی دیجیتاڵی: دامەزراندنی پلاتفۆرمێکی فێربوون بۆ پەرەپێدانی توانای کادرە وارگێڕی و کارگێڕییەکانی داهاتوو لە بوارەکانی دەوڵەتداری و قانوونداا.

پ .ئەرشیڤی نەتەوەیی دیجیتاڵی: پاراستنی یادەوەریی مێژوویی و بەڵگەنامەکانی تاوانەکانی دژ بە نەتەوەی کورد.

ت. گەنجینەی کەلەپووری نیشتمانیی دیجیتاڵی: دامەزراندنی پلاتفۆرمێک بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی دیجیتاڵیی بەرهەمە ئەدەبی، هونەری و فۆلکلۆرییەکانی نەتەوەی کورد.

ج. بانکی زانیاریی نەتەوەیی: کۆکردنەوە و ئەرشیڤکردنی گشت توێژینەوە و بەرهەمە زانستییەکانی پەیوەست بە دۆزی کوردستان و مێژووەکەیەوە.

چوارەم: ڕۆڵی دەوڵەتی ژیر لە دامەزراوەسازیدا

٤.١. پەرگاڵی دەوڵەتی ژیر دەبێتە ژێرخانی کارگێڕیی دەوڵەتی ڕزگاریی، لە ڕێگەی:

ئا. دابینکردنی پەرگاڵێکی پەیوەندیی پارێزراو و نهێنیکراو بۆ دامەزراوەکانی خەباتی ڕزگاریی.

ب. بەڕێوەبردنی "گەنجینەی نیشتمانیی دیجیتاڵی" بۆ کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی ڕووەنانەی داهات و یارمەتییەکان.

پ. دامەزراندنی پلاتفۆرمی دیپلۆماسیی دیجیتاڵی بۆ نوێنەرایەتیکردنی دۆزی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان.

ت. پەرگاڵی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان: دامەزراندنی پەرگاڵێک بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی و کادرەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریی.

پێنجەم: ئامادەکاری بۆ ڕاگوێز

٥.١. دەوڵەتی ڕزگاریی، بە بەکارهێنانی تواناکانی دەوڵەتی ژێر، ئەرکی ئامادەکردنی نەخشەڕێگای یەکسەرەی دامەزراندنی دامەزراوەکانی کۆماری سەربەخۆی لە ئەستۆ دەبێت.

٥.٢. ئەمەش داڕشتنی پڕۆژەقانوون سەرەتاییەکان، نەخشەی کارگێڕی بۆ گشت کاروبار و دەستە دەستوورییەکانی داهاتوو و دیاریکردنی میکانیزمەکانی ڕاگوێزی دەسەڵات لەخۆ دەگرێت.

شەشەم: باری قانوونیی و ڕاگوێزی دەسەڵات

٦.١. دەوڵەتی ڕزگاریی، یەکەیەکی قانوونیی تایبەت (sui generis) ـە کە بوونی بەندە بە دۆخی داگیرکارییەوە.

٦.٢. بە ڕاگەیاندنی فەرمیی کۆماری کوردستان و ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردنی گشتی، دەوڵەتی ڕزگاریی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەڵدەوەشێتەوە.

٦.٣. گشت داتا، ئەرشیف، سامان و بڕیارنامە ستراتیژییەکانی دەوڵەتی ڕزگاریی، بەپێی میکانیزمێکی قانوونیی دیاریکراو، دەگوازرێنەوە بۆ دامەزراوە دەستوورییە هاوتاکانی کۆماری کوردستان.

٦.٤. لیژنەی باڵای ڕاگوێزی دەسەڵات: بەپێی پەیمانی نەتەوەیی، لیژنەیەکی باڵا پێک دەهێنرێ کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی قانوونیی و کارگێڕیی پرۆسەی گواستنەوەکە لە ئەستۆ دەگرێت.

٦.٥. درێژەداریەتی قانوونیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان: گشت ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانەی کە دەوڵەتی کاتی/ڕزگاریی بەستوویەتی، دەکەونە ژێر پێداچوونەوەی دەسەڵاتی قانووندانانی نوێوە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسیان.

٦.٦. پاراستنی مافە بەدەستهاتووەکان: گشت ئەو مافانەی کە شارۆمەندان یان یەکەکان لەژێر سایەی دەوڵەتی ڕزگاریدا بەدەستیان هێناوە، بە پارێزراوی دەمێننەوە مەگەر بە قانوونێکی نوێ و بەپێی بنەماکانی دەستوور پێچەوانەکەی بسەلمێنرێ.

دەروازەی سێزدەیەم ڕستە دامەزرێنەرەکان، کردەی ڕزگاریی

ئەم دەروازەیە، خاڵی وەرچەرخانی دەستوورە لە "پەیمانێکی هزری"یەوە بەرەو "کردەیەکی دامەزرێنەری سەروەریی"؛ لێرەدا وشە دەبێتە فەرمانی قانوونیی و ویستمەندیی نەتەوەییش ڕاستەوخۆ دەگۆڕێت بۆ مێژووی سەربەخۆیی. بەندەکانی ئەم دەروازەیە نەک میکانیزمێکی تەکنیکی بۆ گواستنەوە، بەڵکوو بەرجەستەبوونی خودی "هێزی دامەزرێنەر"ی (*Constituent Power*) نەتەوەی کوردن کە دەستوور لە پانتایی هزرەوە بۆ سەر وارگەی نەتەوەیی دادەگرێت و دەیکاتە هەرمانی زیندووی دەوڵەت. لێرەدا، دەستوور وەک سەرچاوەیەکی باڵا، پردی پەڕینەوەی نەتەوەی کورد لە دۆخی ژێردەستییەوە بەرەو دۆخی "بوون-بۆ-خۆی" سەروەریی ڕەها و بڕیاری کۆتایی دادەمەزرێنێت؛ بڕیارێک کە لەم ڕێگەیەوە سەرلەبەری ڕەوایەتیی ساختەی داگیرکاری لە ڕابردووەوە بە "ناقانوونیی و پووچەڵ" پێناسە دەکرێت و قۆناغی سەروەریی ڕەهای قانوونیی کۆماری کوردستان دەست پێ دەکات.

بەندی ١٢٣: ڕاگەیاندنی دەستوور وەک کردەی دامەزرێنەری سەروەریی

ڕاگەیاندنی ئەم دەستوورە، کردەیەکی بنیاتنەری سەروەرییە و ساتەوەختی گۆڕینی ویستی شاراوەی نەتەوەیە بۆ هێزی قانوونیی ئاشکرا بەسەر هەموو ڕەهەندەکانی بوونایەتی خۆیدا. ئەم بەندە چوارچێوەی قانوونیی و دەرەنجامە دەستبەجێکانی ئەم کردە مێژوویییە دادەڕێژێت.

یەکەم: کردەی ڕاگەیاندن و سەرچاوەی ڕەوایەتیی نێوەکی

١.١. دەستوور وەک دەربڕینی قانوونیی "گەوهەری نەتەوەیی" کورد، ڕەوایەتیی خۆی لە هیچ کردەیەکی دەرەکییەوە وەرناگرێت. نە ڕاپرسی، نە دانپێدانانی نێودەوڵەتی و نە ڕەزامەندیی هیچ هێزێک ناتوانن ڕەوایی بەو شتە ببەخشن کە لە بنەڕەتدا خۆی هەم ڕەوایە و هەم سەرچاوەی هەموو ڕەواییەکە لە کوردستان.

١.٢. کاراکردنی دەستوور لە ڕێگەی "کردەیەکی ڕاگەیاندن"ـەوە دەبێت نەک "کردەیەکی پەسەندکردن". ئەم ڕاگەیاندنە، کە لەلایەن "کۆڕی باڵای ڕزگاریی نیشتمانی"ـیەوە (کە لە بەندی ١٢٢ـدا پێناسە دەکرێت. ئەنجام دەدرێت، دانانە بە ڕاستەوایێکی بوونایەتی کە پێشتر بوونی هەبووە: ئەویش ویستی ڕەها و سەوداهەڵنەگری نەتەوەی کوردە بۆ سەروەریی لەسەر وارگەی مێژوویی خۆی.

١.٣. لە ساتی ڕاگەیاندنی دەستوورەوە:

ئا. دەستوور دەبێتە تاکە قانوونی باڵا و دایک کوردستان.

ب. گشت پەرگاڵ و قانوونێکی سەپێندراوی داگیرکەران لەسەر ئەم خاکە بە پووچەڵ و هەڵوەشاوە هەژمار دەکرێت.

دووەم: دەرەنجامە قانوونییە دەستبەجێکان

لە ساتی ڕاگەیاندنی دەستوورەوە، ئەم دەرەنجامە قانوونییانە بە شێوەیەکی خۆگەڕ و دەستبەجێ کارا دەبن:

٢.١. پووچەڵکردنەوەی بنەڕەتیی سەروەریی داگیرکەران:

ئا. گشت قانوون، بڕیار، پەیماننامە و پەڕگاڵێکی کارگێڕیی سەپێندراوی دەوڵەتانی داگیرکەر، لە ڕوانگەی قانوونیی دەستوورەوە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی و لە ڕەگەوە، هیچ هێز و بەهایەکی قانوونییان نامێنێت.

ب. پێگەی قانوونیی بوونی هێز و دامەزراوەکانی داگیرکەر لەسەر خاکی کوردستان، لە دۆخی "دەسەڵاتی دیفاکتۆ"ـوە دەگۆڕدرێت بۆ دۆخی "کردەی زەبری ناقانوونیی."

٢.٢. گۆڕینی پێگەی قانوونیی هاوواڵاتی:

ئا. هەر تاکێکی کورد، لە هەر شوێنێکی جیهان بێت، لە ڕووی قانوونییەوە دەبێتە هاوواڵاتیی کۆماری کوردستان و دەکەوێتە ژێر پارێزبەندیی مەعنەوی و قانوونیی ئەم دەستوورەوە.

ب. وەفاداریی ئەو بۆ ئەم دەستوورە، دەبێتە بنەمای شوناسی قانوونیی نوێی.

پ. دەوڵەت ئەرکدارە بە دابینکردنی ئامرازی قانوونیی پێویست بۆ ئەوەی هاوواڵاتیان بتوانن ئەم پێگە نوێیەیان ڕایی بکەن.

٢.٣. ڕەواییدان بە خەباتی ڕزگاریی:

ئا. گشت کردەوەیەکی وارگێڕی، دیپلۆماسی و سەربازی کە لەلایەن "دەوڵەتی ڕزگاریی"ـیەوە و بۆ مەبەستی ڕاییکردنی ئامانجەکانی ئەم دەستوورە ئەنجام دەدرێت، ڕەوایەتیی ڕەبەقی قانوونیی وەردەگرێت.

ب. ئەم کردەوانە وەک کردەی ڕاییکردنی سەروەریی دەوڵەتی کوردستان لە وڵاتی خۆی هەژمار دەکرێن.

٢.٤. جێگیرکردنی دەسەڵات و سەروەریی ڕەها بەسەر سامانە سروشتییەکاندا:

ئا. گشت سامانە سروشتی و ژێرخانییەکان لە وارگەی نەتەوەیی کوردستاندا، دەبنە ملکی ڕەهای نەتەوەی کورد و دەکەونە ژێر دەسەڵاتی ئەم دەستوورەوە.

ب. هەر گرێبەست و ڕێککەوتنێک کە لەلایەن هێزی داگیرکەرەوە لەسەریان کرابێت، بە پووچەڵ هەژمار دەکرێت.

پ. هیچ لایەنێک بۆی نییە سوود لە سامانە نەتەوەییەکان وەربگرێت، مەگەر بەپێی ئەو قانوونانە بێ کە لەسەر بنەمای ئەم دەستوورە دادەڕێژرێن.

سێیەم: "دەوڵەتی ڕزگاری" وەک ئامرازی گواستنەوە

٣.١. بۆ ڕاییکردنی ئەرکەکانی دەستوور لە قۆناغی گواستنەوەدا، "دەوڵەتی ڕزگاری"، کە لەلایەن "کۆڕی باڵای ڕزگاریی نیشتمانی"ـیەوە بەڕێوە دەبرێت، وەک ئامرازی دەستووریی کاتیی کۆماری کوردستان کار دەکات.

٣.٢. ئەرکە بنەڕەتییەکانی "دەوڵەتی ڕزگاری" بریتین لە:

ئا. ڕاییکردنی سەروەریی نەتەوەیی لەسەر ئەو بەشانەی خاکی کوردستان کە لەژێر کۆنترۆڵیدان.

ب. بنیاتنانی دامەزراوە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت، بەتایبەتی هێزی بەرگریی نیشتمانی و دەزگاکانی ئاسایش.

پ. بەڕێوەبردنی کاروباری ژیاری و دابینکردنی ڕاژەداراییە بنەڕەتییەکان بۆ شارۆمەندان.

ت. بەڕێوەبردنی دیپلۆماسیی ڕزگاریی بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی.

ج. ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردنی گشتیی دەستووری، دوای ڕزگارکردنی سەرلەبەری خاکی نیشتمان.

چوارەم: پێگەی قانوونیی نێودەوڵەتی

٤.١. لە ساتی ڕاگەیاندنی دەستوورەوە، کۆماری کوردستان خۆی وەک سوبێکتێکی قانوونی نێودەوڵەتی و دەوڵەتێکی سەروەر ڕادەگەیەنێت.

٤.٢. دەوڵەت مافی ڕەهای هەیە بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی دیپلۆماسی، بەستنی پەیماننامە و بەدەستهێنانی ئەندامێتی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا.

٤.٣. ڕاییکردنی ئەم مافانە بەند نییە بە دانپێدانانی هیچ لایەنێکی دەرەکییەوە، بەڵکو لە خودی کردەی دامەزرێنەری ڕاگەیاندنی دەستوورەوە سەرچاوە دەگرێت.

بەندی ١٢٤: دەوڵەتی ڕزگاریی وەک جێگرەوەی قانوونیی و دامەزرێنەر

بۆ ڕاستکردنەوەی چەوتیی مێژوویی و بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئاگری دەوڵەتخوازیی کورد هەرگیز ناکوژێتەوە، ئەم دەستوورە دامەزراندنی "دەوڵەتی ڕزگاریی کوردستان" وەک تاکە جێگرەوەی

قانوونیی و فەرمیی کۆماری کوردستان لە قۆناغی داگیرکاریدا ڕادەگەیەنێت. ئەمە کردارێکی دامەزرێنەری ئاگاهانەیە بۆ داهاتوو؛ گۆڕینێکی بنەڕەتییە لە پارادایمی خەبات، لە جوڵانەوەیەکی ڕزگارییەوە بۆ دەوڵەت-لە-چاوەڕوانیدا.

یەکەم: ئەرکی دەستووری و پێگەی قانوونیی

١.١. دەوڵەتی ڕزگاریی، جەستەبەندیی دەستووریی و قانوونیی کۆماری کوردستانە لە قۆناغی داگیرکاریدا. ئەم دەوڵەتە ئەو یەکە وارگێڕییەیە کە لە خۆیدا هەڵگری سەروەریی نەتەوەییە و نوێنەرایەتیی دەکات، بەمەش ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی بۆشایی هێز و دامەزراوەیی دەکات.

١.٢. ئەرکی بنەڕەتیی ئەم دەوڵەتە بریتییە لە خوڵقاندنی ژێرخانی کرداریی بۆ ڕاییکردنی دەستوور وەک بەرزترین دەقی قانوونی کوردستان. ئەم دەوڵەتە دەبێتە پارێزەری ئەو بنەما و بەهایانەی کە لە دەستووردا چەسپاون.

١.٣. ئامانجی سەرەکیی دەوڵەتی ڕزگاریی بریتییە لە گۆڕینی دۆخی کورد لە داگیرکراوی بۆ دۆخی ڕزگاریی و دەوڵەتی ئەکتەرێکی کاریگەری بنیاتنانی داهاتووی خۆی.

١.٤. ئەم دەوڵەتە تەنیا لە کاتی داگیرکاریدا بوونی هەیە و ئەرکەکەی بە دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی دەوڵەتی کۆماری کوردستان لەسەر خاکی ئازادکراو کۆتایی دێت.

١.٥. دەوڵەتی ڕزگاریی وەک "زانکۆی دەوڵەتداری" کار دەکات بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ لە سەرکردە و کاربەدەست لەسەر بنەماکانی ژیرمەندیی وارگێڕی و دەوڵەتی و بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەی مۆدێرنی دەوڵەتداریی و دەسەڵاتداریتی.

١.٦. ئەم دەوڵەتە لەسەر بنەمای "یەکێتیی نەتەوەیی" کار دەکات و دەبێتە مەکۆیەک بۆ کۆکردنەوەی هەموو هێز و لایەنە نیشتمانپەروەرەکان.

١.٧. ئەرکی دەستووریی ئەم دەوڵەتە بریتییە لەوەی کە ببێتە نوێنەری قانوونیی و دەستووریی کوردستان لە هەموو گۆڕەپانە نێودەوڵەتییەکاندا.

دووەم: کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان وەک دەسەڵاتی دامەزرێنەر

٢.١."کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان (KNC) "وەک باڵاترین دەسەڵاتی نوێنەرایەتیی ویستی نەتەوە و "دەسەڵاتی دامەزرێنەر لە تاراوگە" کار دەکات.

٢.٢. ئەرکی مێژوویی و دەستووریی کۆنگرەی کۆماریی بریتییە لە تێکۆشان بۆ دامەزراندن و ڕاگەیاندنی فەرمیی "دەوڵەتی ڕزگاریی کوردستان".

٢.٣. کۆنگرەی نیشتمانی بەرپرسە لە هەڵبژاردنی یەکەم سەرۆکایەتی و کۆڕی شالیارانی دەوڵەتی ڕزگاریی.

٢.٤. لە قۆناغی ڕزگاریدا، کۆنگرەی کۆماریی وەک ئاوەزی وارگێڕی دامەزراوەساز کار دەکات. ئەرکە سەرەکییەکانی بریتین لە:

ئا. مسۆگەرکردنی ژێرخانی وارگێڕیی دامەزراندنی قانوونیی دەوڵەتی ڕزگاریی.

ب. دابینکردن و بەڕێوەبردنی سامانی نەتەوەیی.

پ. فەرماندەیی باڵای هێزی چەکدار.

ت. نوێنەرایەتیی دیپلۆماسیی قانوونیی و دەستووری.

ج. دیپلۆماسیی ناوخۆیی بۆ یەکخستنی یەکە کوردییەکان.

چ. گۆڕینی پارادایمی وارگێڕیی پارتە کوردییەکان.

ح. ڕێکخستنی بەرەنگاریی خۆماڵی.

خ. پەخش و ڕاگەیاندنی نەتەوەیی.

د. پاراستنی مافی هاوواڵتیان لە دەرەوە.

٢.٥. ئەندامێتی لە کۆنگرەی کۆمارییدا لەسەر بنەمای نوێنەرایەتیی نەتەوەیی دادەڕێژرێت.

٢.٦. ئەرکی کۆنگرەی نیشتمانیی بە ڕاگەیاندنی یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد لەسەر خاکی ڕزگارکراوی کوردستان کۆتایی دێت.

سێیەم: پێکهاتەی دەسەڵاتی ڕاییکردن (دەوڵەتی ڕزگاریی)

٣.١. سەرۆکایەتی: دەوڵەتی ڕزگاریی لەلایەن سەرۆکێکی کاتیی کۆمارەوە بەڕێوەدەبرێت، کە لەلایەن کۆنگرەی نیشتمانیی بە زۆرینەی ڕەها هەڵدەبژێردرێت.

٣.٢. کۆڕی شالیارانی ڕزگاریی: سەرۆکی کاتی، کۆڕێکی شالیارانی پسپۆڕ و کارا پێکدەهێنێ کە لەسەر بنەمای لێهاتوویی و وەفاداری بۆ دەستوور هەڵدەبژێردرێن. ئەم کۆڕە بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی بواره ستراتیژییەکانی وەک دیپلۆماسی، دارایی و ئابووری، ئاسایشی نەتەوەیی و هەواڵگری، پەروەردە و کولتوور، دادوەریی کاتی و کاروباری دیاسپۆرا.

٣.٣. شالیارگە سێبەرەکان: هەر شالیارگەیەک لە کۆڕی شالیاراندا وەک "شالیارگەیەکی سێبەر" کار دەکات. ئەرکی سەرەکییان بریتییە لە داڕشتنی پلانی ورد و کردەیی بۆ وەرگرتنەوە و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە یەکەم ڕۆژی ڕزگاریدا.

٣.٤. پابەندبوونی دەستووری: هەموو بڕیارێکی ستراتیژی و قانوونێکی دەرچوو لەلایەن دەوڵەتی ڕزگارییەوە دەبێت بە ڕەبەقی لەگەڵ بنەما و ڕۆحی نەگۆڕی دەستووردا بگونجێت.

چوارەم: پانتایی ئەرک و دەسەڵاتی ستراتیژی

٤.١. کۆکردنەوە و شیکردنەوەی هەواڵگریی دەرەکی: ئەرکی سەرەکیی بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نیاز و توانای دەوڵەت و هێزە دوژمنکارەکان.

٤.٢. بەرەنگاربوونەوەی هەواڵگریی دوژمن لە ناوخۆی وڵاتدا: ئەم ئەرکە بریتییە لە پاراستنی جەستەی بزووتنەوەکە لە دزەکردن و سیخوڕی.

٤.٣. ئەنجامدانی "کردەی ژێرەکی" لە دەرەوەی سنووورەکان: ئەمە تەنیا لە بارودۆخی زۆر هەستیاردا ئەنجام دەدرێت.

٤.٤. هاوکاریی هەواڵگریی چالاک لەگەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان: بنیاتنانی پەیوەندیی هەواڵگریی متمانەپێکراو لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان.

٤.٥. پابەندبوون بە قانوون نێودەوڵەتییەکان: هەموو هاوکارییەکی هەواڵگری دەبێت لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە قانوون نێودەوڵەتییەکاندا بێت.

پێنجەم: دیپلۆماسیی ڕزگاریی و بنیاتنانی هاوپەیمانیی ستراتیژی

٥.١. بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی: ئەرکی سەرەکیی دیپلۆماسیی دەوڵەتی ڕزگاریی بریتییە لە بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی وەک تاکە نوێنەری قانوونیی نەتەوەی کورد.

٥.٢. کردنەوەی نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی: کردنەوەی نوێنەرایەتیی فەرمی یان نافەرمی لە پایتەختە ستراتیژییەکانی جیهان.

٥.٣. واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی هاوپەیمانیی ستراتیژی: واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی هاوپەیمانیی ستراتیژی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە پشتیوانی لە دۆزی ڕەوای کوردستان دەکەن.

٥.٤. تەنگەتاوکردنی دەوڵەتانی داگیرکەر: بەکارهێنانی هەموو کەناڵە قانوونیی و دیپلۆماسییەکان بۆ زۆرهێنان بۆ دەوڵەتانی داگیرکەر.

٥.٥. دیپلۆماسیی نەتەوەکانی مادنەژاد: بنیاتنانی پەیوەندییەکی ستراتیژیی قووڵ لەگەڵ هەموو ئەو نەتەوانەی کە وەک نەوەکانی ماد هەژمار دەکرێن.

٥.٦. هاوپەیمانی لەگەڵ نەتەوە داگیرکراوەکان و پاراستنی مافی کەمینە نیشتمانییەکان: دارشتنی وارگێڕییەکی ستراتیژی بۆ دروستکردنی پەیوەندیی پتەو و هاوپەیمانی لەگەڵ نەتەوە داگیرکراوەکانی ژێر دەستی دەوڵەتە ئیمپریالەکان.

٥.٧. بەکارهێنانی ستراتیژیی قانوونی نێودەوڵەتی: بەکارهێنانی دادگا جیهانییەکان وەک گۆڕەپانێکی سەرەکیی خەبات.

٥.٨. دیپلۆماسیی ئابووریی چالاک و خۆڕاگرانە: بەکارهێنانی توانای ئابووریی دیاسپۆرا و سامانە سروشتییەکانی ناوچە ئازادکراوەکان وەک ئامرازێکی ستراتیژیی دیپلۆماسی.

شەشەم: خۆڕاگریی ئابووری و دارایی نیشتمانی

٦.١. دامەزراندنی "سندووقی نیشتمانیی کوردستان" وەک گەنجینەی دەوڵەتی ڕزگاریی.

٦.٢. دارشتنی وارگێڕیی ئابووریی تۆکمە بۆ لاوازکردنی ئابووریی داگیرکەر و بەهێزکردنی خۆڕاگریی نەتەوەیی.

٦.٣. بەکارهێنانی دیپلۆماسیی ئابووری بۆ کردنەوەی دەروازەی جیهانی.

٦.٤. دابینکردنی پشتیوانیی کۆمەڵایەتیی نەتەوەیی بۆ خێزانی شەهیدان و تێکۆشەران.

٦.٥. بنەمای ئابووریی فرەبناغە و دژە-ڕانتی.

حەوتەم: هێزی بەرگریی نیشتمانی و دۆکترینی سەربازی

٧.١. یەکخستنی هێزی چەکدار لەژێر ئاڵای کۆماری کوردستاندا.

٧.٢. دۆکترینی سەربازیی: بەرگریی ستراتیژیی چالاک و ڕزگاریی قۆناغبەندی.

٧.٣. پابەندبوون بە قانوونی نێودەوڵەتی و پرەنسیپە ڕەوشتییەکان.

٧.٤. ئەرکە فرەڕەهەندەکان: پاراستنی ناوچە ئازادکراوەکان و ئامادەکاری بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانی تر.

٧.٥. پێکهاتە و فەرماندەیی لەسەر بنەمای سوپایەکی پیشەگەرانە.

هەشتەم: پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و پەروەردەی ڕزگاریی

٨.١. دامەزراندنی "کۆڕی باڵای پەروەردە و شوناس."

٨.٢. گەیاندنی پرۆگرامی پەروەردەیی بە ناوخۆی وڵات.

٨.٣. پشتیوانیکردنی دامەزراوە کولتوورییەکانی دیاسپۆرا.

٨.٤. بەکارهێنانی هونەر و ئەدەب وەک چەکی نەرمی خەباتی ڕزگاریی.

٨.٥. پاراستنی پاشماگی مێژوویی و کولتووری.

نۆیەم: دادوەریی دەورانی جەنگ و سەروەریی قانوون

٩.١. دامەزراندنی "دەستەی باڵای دادوەری" لە چوارچێوەی دەوڵەتی ڕزگاریدا.

٩.٢. ئەرک و دەسەڵاتەکان: دادگاییکردنی تاوانەکانی ناپاکیی نیشتمانی و سیخوڕی، تاوانە گەورەکانی دژی خەباتی ڕزگاریی و چارەسەرکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکان.

٩.٣. بنەماکانی دادپەروەری و سەروەریی قانوون.

دەیەم: پەیوەندیی ستراتیژی لەگەڵ ناوخۆی وڵات و ستراتیژیی هەرەسهێنان بە داگیرکەر

١٠.١. فەلسەفەی خەباتی یەکگرتوو: داڕشتنی ستراتیژییەک بۆ هەرەسهێنان بە چوار کۆڵەکەی دەسەڵاتی داگیرکەر.

١٠.٢. یەکخستنی ستراتیژیی خەباتی ناوخۆ و دەرەوە.

١٠.٣. ڕووخاندنی ڕەوایی دامەزراوەکانی داگیرکەر.

١٠.٤. پووچەڵکردنەوەی قانوونمەندیی ساختەی داگیرکەر.

١٠.٥. پەکخستنی ئابووریی تاڵانکاری.

١٠.٦. بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاریی هزری.

١٠.٧. بنیاتنانی دامەزراوەی جێگرەوە.

یازدەیەم: مافی بەشداریی وارگێڕیی دیاسپۆرا

١١.١. مافی دەنگدان وەک مافێکی بنەڕەتی.

١١.٢. نوێنەرایەتیی کاریگەر و ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی "سپەنگەی تایبەت بە دیاسپۆرا" لە مەکۆی نیشتمانیدا.

١١.٣. بەشداری لە بڕیارە چارەنووسسازەکاندا.

١١.٤. گرەنتیی پاکی و بێگەردیی پرۆسەی دەنگدان لە ڕێگەی "کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن بۆ دیاسپۆرا."

١١.٥. ڕێکخستنی ژیانی پارتایەتی لە تاراوگە.

١١.٦. مافی خۆپاڵاوتن و بەشداریکردن لە دەسەڵات.

دوازدەیەم: پرۆتۆکۆڵی گواستنەوەی دەسەڵات

١٢.١. لە کاتی ڕزگارکردنی پایتەخت یان بەشێکی گەورەی خاکی کوردستاندا، دەوڵەتی ڕزگاریی دەگوازرێتەوە بۆ ناوخۆی وڵات.

١٢.٢. کۆنگرەی کۆماریی هەڵدەوەشێتەوە و داخوازی هەڵبژاردنی "کۆڕی دامەزرێنەر" دەکات.

١٢.٣. کۆڕی دامەزرێنەر "دەستوور" وەک دەستووری هەردەمیی پەسەند دەکات و یەکەم هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی ڕێکدەخات.

١٢.٤. بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، ئەرکی مێژوویی دەوڵەتی ڕزگاریی کۆتایی دێت و دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە دەگوازرێتەوە بۆ دامەزراوە دەستوورییە هەڵبژێردراوەکان.

سێزدەیەم: لێخۆشبوونی نیشتمانی و ئاشتەوایی

١٣.١. دوای ڕزگاری، دەوڵەت پرۆسەی "لێخۆشبوونی نیشتمانی و ئاشتەوایی" ڕادەگەیەنێت.

١٣.٢. ئەم پرۆسەیە لێخۆشبوون لەو کەسانە دەگرێتەوە کە تاوانی گەورەیان ئەنجام نەداوە.

١٣.٣. ئامانج لەم پرۆسەیە بریتییە لە یەکخستنەوەی نێومااڵی کورد و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی لێبووردە.

چواردەیەم: پابەندبوون بە قانوونی نێودەوڵەتی

هەموو کار و چاالکییەکانی دەوڵەتی ڕزگاریی، بەتایبەتی لە بواری سەربازیدا، دەبێت بە ڕەبەقی لەگەڵ قانوون نێودەوڵەتییەکان و پەیماننامەکانی مافی مرۆڤدا بگونجێت.

پازدەیەم: ئەرکی نەگۆڕ و هەردەمیی

١٥.١. ئەرکی دەوڵەتی ڕزگاریی ئەرکێکی مێژوویی نەگۆڕە و تا بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکانی درێژەی دەبێت.

١٥.٢. هیچ کەس و لایەنێک مافی هەڵوەشاندنەوە یان پەکخستنی ئەم دەوڵەتەی نییە، مەگەر لە ڕێگەی ئەو میکانیزمە دەستوورییانەی کە لەم بەندەدا دیاری کراوە.

بەندی ١٢٥: دەوڵەتی ژێر وەک ئامێری کارپێکەری خەبات و نەتەوەسازیی

یەکەم: بنەمای ستراتیژی

دەوڵەت لە سەدەی بیست و یەکەمدا، هاوکات کە یەکەیەکی جوگرافییە، یەکەیەکی زانیاری و پەیوەندیی زیندووشە. دەوڵەتی ژێر وەک لە دەروازەی یازدەهەمدا پێناسە کراوە، دەبێتە ئامێری کارپێکەری تەکنەلۆژی و کارگێڕیی "دەوڵەتی ڕزگاریی"، کە تەنانەت پێش ڕزگارکردنی تەواوی

خاکەکەشی توانای ئەوە دەدات بە نەتەوە کە خۆی ڕێکبخات و دامەزراوەکانی بنیات بنێت. ئەمە گۆڕینی هاوکێشەی خەباتە؛ لەبری ئەوەی خاک ئازاد بکرێت ئینجا دەوڵەت بنیات بنرێت، دەوڵەت بنیات دەنرێت بۆ ئەوەی خاک ئازاد بکات.

دوویەم: ئەرکە کردارییەکانی دەوڵەتی ژیر لە قۆناغی ڕزگاریدا

١.١. تۆماری نەتەوەیی دیجیتاڵی و یەکخستنی نەتەوە:

ئ . دەرکردنی "شوناسی نیشتمانیی کوردستان (KD-ID) "بۆ هەر تاکێکی کورد لە سەرانسەری جیهاندا وەک کردەیەکی دامەزرێنەری شارۆمەندیی و بناغەیەک بۆ یەکخستنی توانای مرۆیی نەتەوە لە یەک جەستەی یەکگرتوودا.

ب. بەکارهێنانی ئەم تۆمارە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسیی ناوخۆیی لەسەر پرسە ستراتیژییەکان و ڕێکخستنی هەڵبژاردن بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەتی کاتی/ڕزگاریی.

١.٢. ئەکادیمیای نیشتمانیی دیجیتاڵی و پێگەیاندنی کادری دەوڵەت:

- دامەزراندنی پلاتفۆرمێکی فێربوونی دیجیتاڵیی پێشکەوتوو بۆ پێگەیاندنی ئەو کادرە وارگێڕی، کارگێڕی، سەربازی و دیپلۆماسییانەی کە لە داهاتوودا ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆماری کوردستانیان دەکەوێتە ئەستۆ.
- پێشکەشکردنی پرۆگرامی خوێندنی چڕ لە بوارەکانی دەوڵەتداریی مۆدێرن، قانوونی دەستووری، ئابووریی نیشتمانی، دیپلۆماسی و ستراتیژیی سەربازی.

١.٣ .ئەرشیڤی نەتەوەیی دیجیتاڵی و پاراستنی یادەوەریی:

دەستکردن بە کۆکردنەوە و دیجیتاڵکردنی سیستماتیکی گشت بەڵگەنامەکانی تاوانەکانی دژ بە نەتەوەی کورد و پاراستنیان لە ئەرشیڤێکی دیجیتاڵیی دابەشکراو و دەستکارینەکراودا.

ت. خەزێنەی نیشتمانیی دیجیتاڵی و ڕووناییی دارایی:

- بەڕێوەبردنی "خەزێنەی نیشتمانیی دیجیتاڵی" بۆ کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی ڕووەنانەی گشت داهات و یارمەتییەکان.
- بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای بلۆکچەین بۆ مسۆگەرکردنی ڕووناییی ڕەبەق و ڕێگریکردن لە هەر جۆرە گەندەڵییەک.

ج. پلاتفۆرمی دیپلۆماسیی دیجیتاڵی و گەیاندنی بانگی کوردستان:

دامەزراندنی پلاتفۆرمێکی دیپلۆماسیی دیجیتاڵیی بەهێز بۆ نوێنەرایەتیکردنی دۆزی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان و پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیار.

ح. پەرگاڵی پەیوەندیی پارێزراو و فەرماندەیی:

دابینکردنی پەرگاڵێکی پەیوەندیی پارێزراو، نهێنیکراو و سەربەخۆ بۆ گشت دامەزراوەکانی خەباتی ڕزگاریی.

بەندی ١٢٦: میکانیزمی ڕاگوێز بۆ کۆماری کوردستان وەک دەوڵەتی سەربەخۆ

یەکەم: یەکەم هەڵبژاردنی گشتیی دامەزرێنەر: کردەی بەرجەستەکردنی ویستمەندیی کوردستان

١.١. ئەرکی مێژوویی "دەوڵەتی ڕزگاریی"، گەیاندنی کوردستانە بە یەکەم کردەی دامەزرێنەری دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەم هەڵبژاردنە، ساتەوەختی بەرجەستەکردنی ویستمەندیی نەتەوەیە لە دامەزراوە دەستوورییە هەردەمییەکاندا و گێڕانەوەی سپێردەی خەباتە بۆ نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی کوردستان.

١.٢. دوای چەسپاندنی دەسەڵات بەسەر بەشێکی ستراتیژیی وارگەی نەتەوەییدا کە بتوانێت ببێتە "بنکەی سەقامگیریی نەتەوەیی" بۆ کۆمار و دوای مسۆگەرکردنی ئاسایش، "دەوڵەتی ڕزگاریی" لە ماوەیەکدا کە لە هەژدە (١٨) مانگ تێپەڕ نەکات، یەکەم هەڵبژاردنی گشتیی دامەزرێنەر بۆ دانانی سەرکۆمار و مەکۆی نیشتمانی ڕێک دەخات.

١.٣. ئەم هەڵبژاردنە لەسەر بنەمای قانوونێکی هەڵبژاردنی مۆدێرن و دادپەروەرانە بەڕێوە دەچێت، کە بەپێی بنەماکانی ئەم دەستوورە دادەڕێژرێت و بەکارهێنانی هاوتەریبی پەرگاڵی دەنگدانی دیجیتاڵی و فیزیکی لەخۆ دەگرێت، بۆ دڵنیابوون لە بەشداریی گشتگیر و پاراستنی دەنگی هەموو کوردێک.

دوویەم: ڕاگوێزی شکۆمەندانەی سپێردە و کۆتاییهاتنی ئەرکی مێژوویی

٢.١. بە سوێندخواردنی قانوونیی یەکەم سەرکۆماری هەڵبژێردراو و دەستبەکاربوونی یەکەم خولی مەکۆی نیشتمانی لەژێر سێبەری ئەم دەستوورەدا، "دەوڵەتی کاتی/ڕزگاریی" ئەرکی مێژوویی خۆی بەجێ دەگەیەنێت و بە شێوەیەکی شکۆمەندانە هەڵدەوەشێتەوە.

٢.٢. گشت دەسەڵات، ئەرک، سامان و بەڵگەنامەکانی وەک سپێردەیەکی پیرۆزی نەتەوەیی، بە شێوەیەکی فەرمی و بەپێی پڕۆتۆکۆلێکی قانوونیی دیاریکراو، ڕادەستی دامەزراوە دەستوورییە نوێیەکانی کۆماری کوردستان دەکرێت. ئەم کردەی ڕادەستکردنە، سیمبولی زیندووی درێژەدارییەتیی سەروەریی نەتەوەییە لە قۆناغی خەباتەوە بۆ قۆناغی دەوڵەتداریی دامەزراو. ئەم سپێردەیە بەتایبەتی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ئ. ڕادەستکردنی تەواوی دەسەڵاتە وارگێڕی، سەربازی و کارگێڕییەکان بە دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان.

ب. ڕادەستکردنی گشت سامانە شتەکی و گیانەکییەکان، بەتایبەتی " ئەرشیڤی نەتەوەیی دیجیتاڵی" وەک یادەوەریی زیندووی نەتەوە و "خەزێنەی نیشتمانیی دیجیتاڵی" وەک سامان و بناغەی ئابووریی کۆماری کوردستان.

پ. ڕادەستکردنی گشت ئەو بەرپرسیارێتی و پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانەی کە "دەوڵەتی ڕزگاریی" لەپێناو بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەدا بەستوویەتی.

سێیەم: درێژەدارییەتیی قانوونیی و ڕێگریکردن لە پچڕانی دەستووریی

٣.١. بۆ مسۆگەرکردنی درێژەدارییەتیی قانوونیی و ڕێگریکردن لە هەر جۆرە بۆشاییەک، گشت ئەو قانوون و بڕیارانەی کە پێش ڕاگەیاندنی ئەم دەستوورە لە هەرێمە ئازادکراوەکانی کوردستاندا کاریان پێکراوە، بە شێوەیەکی کاتی بە کارایی دەمێننەوە.

٣.٢. ئەم کارپێکردنە کاتییە مەرجدارە بەوەی کە ئەو قانوون و بڕیارانە بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ پێچەوانەی گەوهەر و بنەما نەگۆڕەکانی ئەم دەستوورە نەبن. هەر قانوونێک کە لەگەڵ ڕۆحی دەستووردا ناکۆک بێت، لە ساتی ڕاگەیاندنی دەستوورەوە بە هەڵوەشاوە هەژمار دەکرێت.

٣.٣. دەسەڵاتی قانووندانانی کۆمار وەک یەکەم ئەرکی نیشتمانیی خۆی، دەست دەکات بە پێداچوونەوە، هەموارکردنەوە، یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو قانوون کاتییانە، بە مەبەستی بنیاتنانی پەرگاڵێکی قانوونیی یەکگرتوو و مۆدێرن کە لەگەڵ فەلسەفەی ئەم دەستوورەدا هاوتەریب بێت.

٣.٤. لیژنەیەکی پسپۆڕی دەستووری پێک دەهێنرێ کە ئەرکی پشکنینی گشت قانوون بەرکارەکان و دیاریکردنی ڕادەی گونجانیان لەگەڵ ئەم دەستوورەدا لە ئەستۆ دەگرێت و ڕاپۆرتی خۆی بۆ پێداچوونەوە پێشکەش بە دەسەڵاتی قانووندانان دەکات.

بەندی ١٢٧: هەموارکردنەوەی دەستوور

یەکەم: دەستپێشخەریی هەموارکردنەوە

١.١. هەموارکردنەوەی دەستوور، نەک تەنیا ڕێکارێکی قانوونیی، بەڵکو کردەیەکی مێژوویی و ئەرکێکی قورسی نەتەوەییە بۆ هاوسەنگکردنی پێویستییەکانی نوێبوونەوە لەگەڵ پاراستنی بێ سازانی بنەما بوونایەتییەکانی کۆمار. ئەم ڕۆژەیە دڵنیایی دەدات کە هەر گۆڕانکارییەک لەم پەیمانە پیرۆزەدا، دەبێت دەرئەنجامی هاوئاگاییەکی قووڵی نەتەوەیی و ویستێکی کۆیی بێت بۆ بەهێزکردنی سەروەریی، نەک بۆ لاوازکردنی بناغە نەگۆڕەکانی نیشتمان.

١.٢. پێشنیازی هەموارکردنەوەی دەستوور، وەک کردەیەکی خاوەن کێشی دەستووری، تەنیا لەلایەن ئەم لایەنانەوە مافی پێشکەشکردنی هەیە:

ئا. سەرکۆمار وەک نوێنەری یەکێتیی نەتەوەیی و پارێزەری دەستوور.

ب. دوو لەسەر پێنجی (٥/٢)ـی کۆی گشتیی ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی.

پ. دەستپێشخەریی کۆمەڵی، بەپێی ئەو مەرج و میکانیزمانەی کە لە بەندی (١٧، ١٨ و ٢٠)ـی ئەم دەستوورەدا هاتووە، بە مەرجێک ژمارەی واژۆکاران لە سەدا دە (١٠٪)ـی کۆی دەنگدەران کەمتر نەبێت و لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەوە پشتڕاست کرابێتەوە.

١.٣. گشت پێشنیازێک دەبێت بە شێوەی پرۆژەقانوونێکی نووسراو و هۆکاردار پێشکەش بە سەرۆکایەتیی هەردوو کۆڕی قانووندانان بکرێت.

دوویەم: پرۆسەی پەسەندکردنی قانووندانان

٢.١. هەر پێشنیازێک بۆ هەموارکردنەوە، دەبێت پڕۆسەیەکی ورد و فرەقۆناغی قانوونداناان تێپەڕێنێت.

٢.٢. پێشنیازەکە پێویستی بە ڕەزامەندیی زۆرینەی دوو لەسەر سێی (٣/٢)ی کۆی گشتیی ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی و هەروەها زۆرینەی دوو لەسەر سێی (٣/٢)ی کۆی گشتیی ئەندامانی مەکۆی ژیران هەیە.

٢.٣. ئەم ڕەزامەندییە دەبێت لە دوو خوێندنەوەی جیاوازدا بەدەست بهێنرێ کە نابێت ماوەی نێوانیان لە سێ (٣) مانگ کەمتر بێت، بۆ دابینکردنی دەرفەتی پێویست بۆ گفتوگۆی گشتی و لێکۆڵینەوەی ورد.

٢.٤. لە ماوەی نێوان دوو خوێندنەوەکەدا، دەبێت ڕەشنووسی هەموارکردنەوەکە بە شێوەیەکی گشتی بڵاو بکرێتەوە و ڕاوێژی پسپۆڕان و کۆمەڵگەی ژیاری لەسەر وەربگیرێت.

٢.٥. ئەگەر پێشنیازەکە لە یەکێک لە دوو کۆڕەکەدا ڕەزامەندیی پێویستی بەدەست نەهێنا، ئەوا بە ڕەتکراوە هەژمار دەکرێت.

سێیەم: ڕاپرسیی گشتیی پابەندکەر

٣.١. هەموارکردنەوەی ئەو بەندانەی کە گەوهەری پەیمانی نێوان دەوڵەت و شارۆمەند پێک دەهێنن، پێویستی بە گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ هەیە بۆ خاوەنی ڕەسەنی سەروەری، کە نەتەوەی کوردە.

٣.٢. لەبەرئەوە، هەموارکردنەوەی ئەو بەندانەی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەم بوارانەی خوارەوە هەیە، دوای پەسەندکردنیان لە هەردوو کۆڕەکەدا، پێویستیان بە ئەنجامدانی ڕاپرسیی گشتیی نیشتمانیی هەیە:

ئا. گشت بەندەکانی دەروازەی یەکەم (بنەماکان و ناسنامە).

ب. فۆرمی کۆماریی پەرگاڵی وارگێڕی.

پ. پێکهاتە و دەسەڵاتە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت (قانوونداناان، ڕایەدار، دادوەری).

ت. گشت بەندەکانی دەروازەی شەشەم (ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان).

ج. میکانیزمی هەموارکردنەوەی خودی ئەم بەندە.

٣.٣. هەموارکردنەوەکە تەنیا کاتێک دەچێتە بواری ڕاییکردنەوە کە زۆرینەی ڕەهای دەنگە ڕاستەکان دەنگی "بەڵێ"ی پێ بدەن.

چوارەم: بەندە نەگۆڕەکان

٤.١. سەرەڕای میکانیزمەکانی هەموارکردنەوە، گەوهەری بوونایەتیی کۆمار و ئەو بنەمایانەی کە هۆکاری بوونی دەوڵەتن، نەگۆڕ و پارێزراون.

٤.٢. هیچ هەموارکردنەوەیەک ناتوانێت ئەم بەندانە یان ناوەڕۆکە بنەڕەتییەکانیان بگۆڕێت:

ئا. بەندی (١) سەبارەت بە پێناسەی کۆماری کوردستان وەک وارگەی نەتەوەی کورد و یەکپارچەیی وڵات.

ب. بەندی (٢) سەبارەت بە ئاڵای کوردستان.

پ. بەندی (٣) سەبارەت بە سروشتی خۆسەرچاوەیی سەروەری.

ت. فۆرمی کۆماریی دەوڵەت.

٤.٣. هەر هەوڵێک، چ لە ڕێگەی پڕۆسەی هەموارکردنەوە یان هەر ڕێکارێکی دیکەوە، بۆ گۆڕینی ئەم بنەمایانە، لە بنەڕەتەوە پووچەڵە و بە تاوان دژی پەرگاڵی دەستووری هەژمار دەکرێت.

پێنجەم: ڕاگرتنی پڕۆسەی هەموارکردنەوە

٥.١. لە کاتی ڕاگەیاندنی فەرمیی باری جەنگ یان دۆخی نائاساییدا، گشت پڕۆسەیەکی هەموارکردنەوەی دەستوور بە شێوەیەکی خۆگەڕ ڕادەگیرێت.

٥.٢. پڕۆسەکە تەنیا دوای کۆتاییهاتنی ئەو دۆخە نائاساییە و بە بڕیارێکی نوێی دەسەڵاتی قانوونداناں دەست پێ دەکاتەوە.

بەندی ١٢٨: بەندە نەگۆڕەکان: گەوهەری بوونایەتی و پەیمانی هەردەمیی

یەکەم: بنەمای نەگۆڕی: پاراستنی ڕۆحی کۆمار

١.١. ئەم بەندانەی خوارەوە، نەک هەر بەندەگەلی قانوونیی، بەڵکوو کۆدی بۆماوەیی، وێژدانی مێژوویی و گەوهەری بوونایەتیی کۆماری کوردستان پێک دەهێنن. ئەوان دەرئەنجامی وێستی مێژوویی، پەیمانی خوێنی شەهیدان و ئاواتی نەوەکانی داهاتوون. هەر هەوڵێک بۆ دەستکاریکردنیان، هەوڵێکە بۆ کوشتنی ڕۆحی کۆمار و هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیمانە پیرۆزەی کە نەتەوە لەسەری بنیات نراوە.

١.٢. لەبەرئەوە، ئەم بەندانە بە هیچ شێوەیەک ناکەونە ژێر پرۆسەی هەموارکردنەوەوە. ئەوان لە سەرووی وێستمەندیی کاتیی وارگێڕییەوەن و هەرگیز و لەژێر هیچ بارودۆخێکدا و بە هیچ زۆرینەیەک، هەموار ناکرێنەوە.

دووەم: لیستی بەندە نەگۆڕەکان

٢.١. ئەم بەندانەی خوارەوە وەک بنەما بنەڕەتییەکانی پەیمانی نەتەوەیی، نەگۆڕن:

ئا. فۆرمی کۆماریی دەوڵەت (وەک لە بەندەکانی ١ و ١١ـدا چەسپێنراوە) وەک تاکە دەربڕی وێستی گشتیی کورد و دانەدواوەی هەر شێوازێکی تری دەسەڵاتداری.

ب. بنەماکانی سەروەریی ڕەبەق و پێشێلنەکراو، یەکپارچەیی خاکی مێژوویی و پێناسەی کوردستان وەک وارگەی نەتەوەیی نەگۆڕی نەتەوەی کورد (وەک لە بەندەکانی ١، ٣، ٤ ـدا هاتووە).

پ. ئاڵای نەتەوەیی (وەک لە بەندی ٢ـدا پێناسە کراوە) وەک هێمای دانەبڕاوی شوناس و سەروەری.

ت. بنەما سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیی، پاشماگی شارستانی و خاوەندارێتیی مێژوویی کورد بەسەر ئەم خاکەوە (وەک لە بەندی ٥ـدا هاتووە).

ج. بنەمای خاوەندارێتیی ڕەهای نەتەوەیی بەسەر خاکەوە و ڕێکخستنی مافی بەکارهێنان (وەک لە بەندی ٨ـدا هاتووە).

چ. پێناسەی دەستووریی جینۆسایدی کورد، ئەرکی یادکردنەوە و تاوانبارکردنی نکۆڵیکردن لێی (وەک لە بەندی ٤٤ـدا هاتووە).

ح. دانپێدانان بە دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕێنەدراوکردنی دژەجووبوون (وەک لە بەندی ٧٧ـدا هاتووە) وەک بنەمایەکی ڕەوشتی و ستراتیژیی هاوچارەنووسی.

خ. بنەمای زمانی کوردی وەک تاکە زمانی فەرمی و کۆڵەکەی شوناسی نەتەوەیی (وەک لە بەندی ٩٦، بڕگەی یەکەمدا هاتووە).

د. ئەم بەندە خۆی (بەندی ١٢٨) وەک کەرەسەی پاراستنی هەموو بەندە نەگۆڕەکانی تر و گەرەنتیی درێژەداریبەتیی پەیمانەکە.

سێیەم: پێناسەی کردەوەی دژە-دەستووریی

٣.١. هەر هەوڵێک، چ بە شێوەی پێشنیازی قانوونیی، بڕیاری کارگێڕی، ڕاپرسیی گشتی، پەیماننامەی نێودەوڵەتی، یان کردەوەی فیزیکی، کە ئامانجی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی هەموارکردنەوە، هەڵپەساردن، یان پووچەڵکردنەوەی یەکێک لە بەندە نەگۆڕەکان یان گەوهەرەکەی بێت، بە کردەوەیەکی دژە-دەستووریی ڕوون و کودەتایەک دژی گەوهەری بوونایەتی و مانەوەی کوردستان وەک وڵاتی سەربەخۆ و کورد وەک نەتەوە هەژمار دە کرێت.

چوارەم: دەرەنجامە قانوونییە ڕەها و دەستبەجێکانی پێشێلکاری

٤.١. هەر قانوون، بڕیار، یان کردەوەیەک کە بکەوێتە چوارچێوەی پێناسەی سەرەوە، بە شێوەیەکی ڕەها و لە بنەڕەتەوە پووچەڵ و بێکاریگەرە. هیچ هێزێکی قانوونیی نییە و هیچ پابەندبوونێک دروست ناکات.

٤.٢. هەر هەوڵێکی لەم چەشنە، بە هێرشێکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر مانەوەی دەوڵەت و ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت.

پێنجەم: ئەرکی پیرۆزی پاراستن لە ئەستۆی دامەزراوەکان و نەتەوەدا

٥.١. پاراستنی ئەم بەندە نەگۆڕانە، بەرزترین ئەرکی دەستووریی سەرکۆمار، گشت ئەندامانی دەسەڵاتی قانوونداناان، دادوەران و هەر ئەفسەر و سەربازێکی هێزە چەکدارەکانە. سوێندی

وەفاداریی ئەوان بۆ ئەم دەستوورە، لە بنەڕەتدا سوێندخواردنە بە پاراستنی ئەم گەوهەرە نەگۆڕە.

٥.٢. لە باریی ڕوودانی هەر هەوڵێکی دژە-دەستووریی بۆ دەستکاریکردنی ئەم بەندانە، ئەرکی دەستووریی سەرشانی گشت دامەزراوەکانی دەوڵەتە کە بە هەموو توانایەکی قانوونیی و فەرمیی خۆیانەوە بەرپەرچی بدەنەوە و پەڕگاڵی دەستووریی بپارێزن.

٥.٣. پاراستنی ئەم بەندانە، ماف و ئەرکی پیرۆزی هەر تاکێکی کوردستانە.

شەشەم: لێخۆشنەبوون و دادگاییکردنی تایبەت

٦.١. کردەوەی دژە-دەستووریی دژی بەندە نەگۆڕەکان، دەکەوێتە چوارچێوەی تاوانی باڵای ناپاکیی نیشتمانییەوە و لە دادگای تایبەتمەندی ئاسایشی نەتەوەیی دادگایی دەکرێت.

٦.٢. ئەم تاوانە بە تێپەڕبوونی کات کۆن نابێت و بە هیچ شێوەیەک لێخۆشبوونی گشتی یان تایبەتی نایگرێتەوە.

بەندی ١٢٩: لێکدانەوەی دەستوور و سەروەریی دوا-بڕیار

یەکەم: بنەمای بنەڕەتیی لێکدانەوە

١.١. ئەم بەندە بنەما نەگۆڕەکانی لێکدانەوەی دەستوور دادەڕێژێت، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕۆح و گەوهەری پەیمانی نەتەوەیی هەمیشە وەک خۆی دەمێنێتەوە و ناکرێتە قوربانیی لێکدانەوەی کاتی یان بەرژەوەندیی وارگێڕیی.

١.٢. دەستوور دەبێت هەمیشە بەپێی ئەو نیازە دامەزرێنەرە بنەڕەتییەی لێک بدرێتەوە کە لە پێشەکی و دەروازەی یەکەمی ئەم دەقەدا چەسپێنراوە، کە بریتییە لە پاراستن، بەهێزکردن و مسۆگەرکردنی مانەوەی شکۆمەندانەی کۆماری کوردستان وەک دەوڵەتی خاوەن سەروەریی نەتەوەی کورد.

١.٣. هەر لێکدانەوەیەک کە ببێتە هۆی لاوازکردنی بنەماکانی سەروەریی نەتەوەیی، یەکپارچەیی وڵات، یان ئاسایشی نەتەوەیی، لە بنەڕەتەوە پووچەڵ و نادەستوورییە.

دوویەم: دەسەڵاتی کۆتایی لێکدانەوە

٢.١. دادگای باڵای کۆماری کوردستان، تاکە دەسەڵاتی خاوەن بڕیاری کۆتاییە لە لێکدانەوەی بەندەکانی ئەم دەستوورەدا.

٢.٢. بڕیارەکانی دادگای باڵا لەم بوارەدا پابەندکەرن بۆ گشت دەسەڵات و دامەزراوەکانی دەوڵەت و هیچ تانەیەکیان لێ نادرێت.

سێیەم: پەرەنسیپە ڕێنوێنکەرەکان

٣.١. دادگای باڵا لە پڕۆسەی لێکدانەوەدا، دەبێت پابەندی ئەم پەرەنسیپانە بێت:

ئ. یەکەمایەتیی دەروازەی یەکەم: لە کاتی بوونی هەر ناڕوونییەک لە بەندەکانی تردا، دەبێت لێکدانەوەکە بە شێوازێک بێ کە لەگەڵ ڕۆح و ناوەڕۆکی بەندەکانی دەروازەی یەکەمدا بە ڕەبەقی هاوتەریب بێت.

ب. لێکدانەوەی سیستماتیک: نابێت هیچ بەندێک بە دابڕاوی لێک بدرێتەوە، بەڵکوو دەبێت لە چوارچێوەی گشتیی دەستوور و پەیوەندیی لەگەڵ بەندەکانی تردا بخوێنرێتەوە.

پ. دانەدواوەی لێکدانەوەی لاوازکەر: لەنێوان دوو لێکدانەوەی ئەگەرپێدراودا، ئەو لێکدانەوەیە هەڵ دەبژێردرێ کە زیاترین هێز و سەقامگیری بە دامەزراوەکانی دەوڵەت و سەروەریی نەتەوەیی دە بەخشێت.

ت. دانەدواوەی کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای بیانی: نابێت لێکدانەوەی دەستوور بکەوێتە ژێر کاریگەریی هیچ بیردۆزێکی قانوونیی یان فەلسەفیی بیانییەوە کە لەگەڵ گەوهەری بوونایەتیی کۆماردا نامۆ بێت.

بەندی ١٣٠: پاراستنی ئاوەزی نەتەوەیی و قەڵغانی هزری

یەکەم: پێناسەی هەڕەشەی هزری

١.١. سەروەریی ڕاستەقینەی کۆمار لە پاراستنی سەربەخۆیی ئاوەزی نەتەوەییدا بەرجەستە دەبێت؛ لەم سۆنگەیەوە، دەوڵەت ئەرکدارە بە بنیاتنانی قەڵغانێکی هزریی تۆکمە بۆ پاراستنی خۆئاگایی

کۆمەڵایەتی لە هەر جۆرە دەستکارییەک یان داگیرکارییەکی واتایی کە ئامانجی لاوازکردنی ویستمەندیی نەتەوەیی و تێکدانی یەکپارچەیی گیانیی نیشتمان بێت.

١.٢. هەر هەوڵێکی سیستماتیک و ڕێکخراو، چ ناوخۆیی بێت یان دەرەکی، کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی یەکێک لەم گوتارە تێکدەرانەی خوارەوە بێت، بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت:

ئ. ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی کە نکۆڵی لە بوونی نەتەوەی کورد یان مافە مێژوویییەکانی دەکەن.

ب. ئەو گوتارانەی کە هانی پەرتبوونی کۆمەڵایەتی، لاوازکردنی وەفاداری بۆ دەوڵەت و بێبایەخکردنی قوربانیدانی نەتەوەیی دەدەن.

پ. ئەو بیروباوەڕانەی کە دژایەتیی ڕاستەوخۆی بنەماکانی زانست، ئاوەزمەندی و پێشکەوتنی شارستانی دەکەن و هاندەری تەوەزەلیی هزری و کۆمەڵایەتین.

ت. هەر پڕوپاگەندەیەکی سیستماتیک کە ئامانجی تێکدانی وڕەی نەتەوەیی و دروستکردنی هەستی خۆبەکەمزانی بێت.

دوویەم: کۆڕی باڵای پاراستنی ئاوەزی نەتەوەیی

٢.١. بەپێی قانوون، "کۆڕی باڵای پاراستنی ئاوەزی نەتەوەیی" وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی سەربەخۆ دادەمەزرێت.

٢.٢. ئەم کۆڕە لە نوخبەیەکی بیرمەند، مێژوونووس، کۆمەڵناس و پسپۆڕی ئاسایشی نەتەوەیی پێک دێ کە بە شێوازێک دادەنرێن سەربەخۆییان مسۆگەر بێت.

٢.٣. ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەم کۆڕە بریتین لە:

ئ. چاودێریکردنی بێپسانەوەی پانتایی هزریی وڵات و ناسینەوەی هەڕەشە هزرییەکان.

ب. پێداچوونەوە بە ناوەڕۆکی ئەو پڕۆگرامە پەروەردەیی و بەرهەمە میدیاییانەی کە لەلایەن لایەنی بیانییەوە دارایی دەکرێن.

پ. دەرکردنی ڕاسپاردەی پابەندکەر بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دەوڵەت، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانەی کە دیاری کراون.

سێیەم: هاوسەنگی لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕیندا

٣.١. ڕایکردنی ئەم بەندە نابێت ببێتە پاساوێک بۆ سەرکوتکردنی ڕەخنەی بنیاتنەرانە، ئازادیی ئەکادیمی، یان داهێنانی هونەریی ڕەوا.

٣.٢. قانوون بە وردی سنووری نێوان گوتاری ڕەوای جیاواز و ئەو هەڕەشە هزرییە سیستماتیکانە دیاری دەکات کە ئامانجیان تێکدانی بنەماکانی دەوڵەتە.

٣.٣. هەر بڕیارێکی کۆڕی باڵا دەکەوێتە ژێر چاودێریی کۆتایی دادگای باڵاوە.

بەندی ١٣١: پاراستن و ساغکردنەوەی دیمۆگرافیای نەتەوەیی

کۆماری کوردستان، دیمۆگرافیا وەک ناوکی گەوهەریی سەروەریی نەتەوەیی و بنەمای یەکپارچەیی وارگەی نیشتمانی دەناسێنێت. دەوڵەت بە قانوون ئەرکدار دەکرێت بە گرتنەبەری وارگێڕییەکی ستراتیژیی چالاک بۆ ساغکردنەوە و گێڕانەوەی شوناسی ڕەسەنی دانیشتووان بۆ تەواوی ئەو ناوچانەی کوردستان کە لە ئەنجامی شەپۆلەکانی داگیرکاریی مێژوویی، گۆڕانکاریی زۆرەملێ و نیشتەجێکردنی بیانی، تووشی سڕینەوەی ناسنامە بوون.

یەکەم: بنەماکانی ڕەوایەتیی مێژوویی و پووچەڵکردنەوەی زەبر

١.١. کۆماری کوردستان گشت ئەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافییانەی کە لە پاش شەپۆلەکانی داگیرکاریی مێژووییەوە (لە یەکەمین فتووحاتەکانەوە تا پاکتاوە نەژادییەکانی سەردەمی مۆدێرن) بەسەر خاکی کوردستاندا هاتوون، بە "ناقانوونیی و نادەستووری" دەناسێنێت؛ تێپەڕبوونی کات هیچ ڕەوایەتییەک بە دەرەنجامی زەبر و سڕینەوەی نەتەوەیی نابەخشێت.

١.٢. بنەمای "ڕەسەنایەتیی وار" سەرچاوەی باڵایە بۆ پێناسەکردنی شوناسی ناوچەکان؛ هەر جوگرافیایەک کە بە گەواهی باوانناسی و مێژوویی بەشێک بووە لە وارگەی نەتەوەکانی نەوەی ماد، دەبێت لە ڕێگەی وارگێڕییەکی قۆناغبەندی سەدەییەوە، شوناس و زۆرینەی دیمۆگرافیی کوردیی بۆ ساغ بکرێتەوە.

١.٣. دەوڵەت مافی نیشتەجێبوونی هەردەمیی یان سەقامگیریی دیمۆگرافی بۆ ئەو پێکهاتە بێگانانە ناناسێنێ کە وەک ئامرازی داگیرکاری و بە مەبەستی لاوازکردنی شوناسی نەتەوەیی کورد لە ناوچە ستراتیژییەکاندا جێگیر کراون.

دوویەم: دەزگای نیشتمانیی یەکپارچەیی دیمۆگرافی

٢.١. بۆ ڕاییکردنی ئەم ئامانجە، "دەزگای نیشتمانیی یەکپارچەیی دیمۆگرافی (NIDU) "وەک دامەزراوەیەکی دەستووریی باڵا و سەربەخۆ لەژێر فەرمانی سەرۆکایەتی کۆماردا دادەمەزرێت.

٢.٢. ئەرکی ئەم دەزگایە داڕشتنی "پلانی سەدەیی ساغکردنەوەی وڵات"ـە؛ ئەم پلانە نەخشەڕێگایەکی زانستییە بۆ ڕێکخستنەوەی هاوسەنگیی دانیشتووان لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی کۆچ، نیشتەجێبوون و هاندانی گەشەی سروشتیی نەتەوە لە ناوچە ساغکراوەکاندا.

٢.٣. دەزگاکە پابەندە بە دروستکردنی "ئەتڵەسی ڕەسەنایەتیی دیجیتاڵی" بە هاوکاریی دەوڵەتی ژێر، بۆ دیاریکردنی وردی پێکهاتەی دیمۆگرافیای ڕەسەنی هەر ناوچەیەک پێش قۆناغەکانی شێواندن.

سێیەم: ستراتیژیی "گەڕانەوە بۆ وار" و هاندانی جێگیربوون

٣.١. دەوڵەت پشتیوانیی بێسنووری قانوونیی و دارایی بۆ ئەو خێزانە کوردانە دابین دەکات کە وەک "پێشەنگی نیشتمانی" دەگەڕێنەوە بۆ نیشتەجێبوون لەو ناوچانەی شوناسیان شێوێندراوە.

٣.٢. ئەم پشتیوانییانە ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

ئ. بەخشینی ملکایەتیی زەویی ئاوەدانکردنەوە و خانوبەرەی نیشتەجێبوون بە شێوەیەکی بێبەرامبەر.

ب. گواستنەوەی سیستماتیکی دامەزراوە کارگێڕی، زانستی و پیشەسازییە ستراتیژییەکان بۆ ناو جەرگەی ئەو ناوچانە بۆ خوڵقاندنی بازاڕی کار.

پ. لێخۆشبوونی تەواوی باجی وەبەرهێنان بۆ ئەو کۆمپانیا نیشتمانییانەی کە لە ناوچە ساغکراوەکاندا کار دەکەن.

ت. دابینکردنی چلۆنایەتیی باڵای ڕاژەداریی پەروەردەیی و تەندروستی وەک ئامرازێکی ڕاکێشانی دانیشتووان.

چوارەم: پاراستنی وارگەی زەوی و ڕێگری لە دزەکردنی دیمۆگرافی

٤.١. کڕین، فرۆشتن و گواستنەوەی خاوەندارێتیی زەوی و ملْکی گەورە لەو ناوچە هەستیارانەی مەترسیی دیمۆگرافییان لەسەرە، تەنیا بە ڕەزامەندیی پێشوەختەی دەزگای نیشتمانیی دیمۆگرافی ڕێگەپێدراوە.

٤.٢. هەر جۆرە هەوڵێکی ڕێکخراو بۆ نیشتەجێبوونی ئەو پێکهاتانەی کە خاوەنی مێژووی دوژمنکارین لەگەڵ سەروەریی کوردستاندا، بە "هەوڵ بۆ تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی" پێناسە دەکرێت و دەوڵەت ئەرکدارە بە بەرپەرچدانەوەی دەستبەجێ.

٤.٣. دەوڵەت خاوەنی دەسەڵاتی دەستوورییە بۆ هەڵوەشاندنەوەی گشت ئەو بەڵگەنامانەی ملْکایەتی کە لە سەردەمی داگیرکاریدا وەک ئامرازی ئەندازیاریی دیمۆگرافی دەرکراون.

پێنجەم: سەروەریی زمانی و ناونانی شوێن (تۆپۆنۆمی)

٥.١. گێڕانەوەی ناوی ڕەسەنی کوردی بۆ گشت یەکە جوگرافییەکان ئەرکێکی ناچاریی و سەوداهەڵنەگری دەوڵەتە؛ بەکارهێنانی ئەو ناوانەی داگیرکەران بەسەر "وار"ـدا سەپاندوویانە، لە گشت هەڵسوکەوت فەرمییەکان و پەخشە نیشتمانییەکاندا بە تەواوی ڕێپێنەدراوە.

٥.٢. دەوڵەت ئەرکدارە بە چەسپاندنی زمانی کوردی وەک زمانی تاقانەی ژیانی گشتی و کارگێڕی لە ناوچە ساغکراوەکاندا.

شەشەم: ڕێکخستنی قانوونیی کۆچ و شارۆمەندی

٦.١. قانوونەکانی نیشتەجێبوون و پێدانی شارۆمەندی دەبێت بە شێوازێک دابڕژێن کە هەرگیز ڕێگە نەدەن بە دروستبوونی کەمینەی بێگانەی خاوەن قورسایی وارگێری یان دیمۆگرافی لەناو جەستەی نەتەوەی کورددا.

٦.٢. شارۆمەندیی کوردستان تەنیا بەو کەسانە دەبەخشرێ کە مەرجەکانی "وەفاداریی بێ مەرج بۆ دەستوور و نیشتمان"ـیان تێدا بێت؛ هەر پێکهاتەیەک کە شوناسی نەتەوەیی خۆی بە دەوڵەتانی دوژمنەوە ببەستێتەوە، مافی شارۆمەندی و نیشتەجێبوونی لێ دەسەنرێتەوە.

٦.٣. دەوڵەت وارگێڕییەکی توند پەیڕەو دەکات بۆ ڕێگریکردن لە چۆڵبوونی گوندەکان و ناوچە سنوورییەکان، وەک بەشێک لە بەرگریی چالاکی دیمۆگرافی.

حەوتەم: چاودێریی زیرەکی دیمۆگرافی

٧.١. پەڕگاڵی دەوڵەتی ژیر ئەرکدار دەکرێت بە چاودێریکردنی بێوچانی گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان و ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی لە هەر جۆرە لادانێکی ستراتیژی کە پێویستی بە دەستێوەردانی خێرا هەبێت.

بەندی ١٣٢: کۆڕی باڵای ئابووریی نیشتمانی

بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە گەشەی ئابووریی وڵات بە شێوەیەکی ستراتیژی، هاوسەنگ و لە ڕاژەی ئاسایشی نەتەوەییدا بێت، "کۆڕی باڵای ئابووریی نیشتمانی" وەک دامەزراوەیەکی دەستووری دادەمەزرێت.

یەکەم: پێگە و پێکهاتە

١.١. کۆڕی باڵای ئابووریی نیشتمانی، باڵاترین دەسەڵاتی دارشتنی ستراتیژی ئابووریی کۆمارە و ڕاستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتی و سەرۆکایەتیی سەرکۆمارداید.

١.٢. پێکهاتەی کۆڕەکە بە قانوون دیاری دەکرێت، بەڵام دەبێت لانیکەم نوێنەرانی باڵای کاروبارەکانی دارایی، بازرگانی، پیشەسازی، کشتوکاڵ، وزە، سەرۆکی بانکی ناوەندی و پسپۆڕانی دیاری کەرتی تایبەت لەخۆبگرێت.

دووەم: ئەرک و دەسەڵاتەکان

ئەرکە بنەڕەتییەکانی کۆڕی باڵای ئابووریی نیشتمانی بریتین لە:

٢.١. دارشتنی "ستراتیژی نیشتمانی بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری" و چاودێریکردنی ڕاییکردنی.

٢.٢. دیاریکردنی کەرتە پێشەنگە ستراتیژییەکانی ئابووری و دارشتنی وارگێڕیی تایبەت بۆ پشتیوانیکردنیان.

٢.٣. هاوئاهەنگیکردن لەنێوان گشت وارگێڕییە ئابووری، دارایی و بازرگانییەکانی دەوڵەتدا، بۆ مسۆگەرکردنی یەکپارچەیی و کاریگەری.

٢.٤. پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی ستراتیژی بە سەرکۆمار و کابینەی دەسەڵات سەبارەت بە پرسە ئابووریی چارەنووسسازەکان.

٢.٥. هەڵسەنگاندنی بێوچانی کاریگەریی وارگێڕییە ئابووریی‌ەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و خۆشبژێویی گشتی.

دەروازەی چواردەیەم :دامەزراوە نیشتمانییە سەربەخۆکان

کۆماری کوردستان، بۆ پاراستنی بێگەردیی پەرگاڵە دیمۆکراتی، دارایی و مرۆییەکان لە هەر جۆرە لادان یان قۆرخکارییەکی دەسەڵات، پەرگاڵێکی تۆکمە لە دامەزراوە نیشتمانییە سەربەخۆکان وەک "پاسەوانانی بێلایەنی کۆمار" دادەمەزرێنێت. ئەم دەروازەیە چوارچێوەی قانوونیی و پێگەی دەستووریی ئەو قەوارانە دیاری دەکات کە ئەرکی چاودێریی نیشتمانی و پاراستنی متمانەی گشتییان لە ئەستۆدایە؛ لێرەدا سەربەخۆیی ڕەهای کارگێڕی، دارایی و "پارێزبەندیی دامەزراوەیی" وەک مەرجێکی بنەڕەتی دەچەسپێنرێت، تاوەکوو ئەم دەزگایانە لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی هەژموونی دەسەڵاتە وارگێڕییە خولییەکاندا (دەسەڵاتەکان) بمێننەوە و پارێزراو بن. ئامانجی باڵای ئەم دەروازەیە، مسۆگەرکردنی ڕوونایی ڕەبەق و لێپرسینەوەی بێپسانەوەیە لە گشت جومگەکانی دەوڵەتدا، بە جۆرێک کە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و مافە بنەڕەتییەکانی شارۆمەندان لە سەرووی هەر ململانێیەکی وارگێڕیی کورتخایەنەوە بە پارێزراوی بمێننەوە.

بەندی ١٣٣: کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان

یەکەم: پێگە و فەرمانی دەستووری

١.١. کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، وەک مەکۆی تاقانە و باڵای ڕاییکردنی ویستمەندیی نەتەوە، بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی گشت هەڵبژاردنە نیشتمانی، خۆماڵی و ڕاپرسییە گشتییەکان لە کۆماری کوردستاندا.

١.٢. ئەم دامەزراوەیە خاوەنی سەربەخۆیی ڕەهای دارایی، کارگێڕی و قانوونییە؛ هیچ دەسەڵاتێکی دەوڵەت بۆی نییە دەست بخاتە ناو کاروباری تەکنیکی و بڕیارەکانی کۆمیسیۆنەوە، بە مەبەستی پاراستنی بێگەردیی دەنگی شارۆمەندان.

دووەم: پێکهاتە و پاراستنی سەربەخۆیی

٢.١. کۆمیسیۆن لەلایەن "کۆڕی کۆمیسیاران"ـەوە بەڕێوە دەبرێ کە لە حەوت (٧) ئەندامی پسپۆڕ لە بوارەکانی قانوونی دەستووری، تەکنەلۆژیای زانیاری و کارگێڕی پێکدێن.

٢.٢. ئەندامان لەسەر پێشنیازی مەکۆی ژیران و بە ڕەزامەندیی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی مەکۆی نیشتمانی بۆ خولێکی شەش ساڵەی نانوێکراوە دادەنرێن، تاوەکوو دوور بن لە گوشاری دەسەڵاتی ڕایەدار.

٢.٣. بێلایەنیی ئەندامان مەرجی بەردەوامیی ڕاژەکردنە؛ هەر ئەندامێک لایەنگریی پارت یان وارگێڕیی لێ بسەلمێنرێت، بە بڕیاری دادگای باڵا لە پۆستەکەی لادەبرێت.

٢.٤. پارێزبەندیی قانوونیی بۆ کۆمیسیاران مسۆگەر دەکرێت تاوەکوو بتوانن بەبێ ترس لە تۆڵەسەندنەوەی وارگێڕیی، ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن.

سێیەم: دەسەڵاتە ڕایەداریییەکان

٣.١. کۆمیسیۆن ئەرکدارە بە ئەنجامدانی ئەم فەرمانە پسپۆڕییانە:

ئا. دارشتنی تۆماری نیشتمانیی دەنگدەران لەسەر بنەمای شوناسی دیجیتاڵی.(KN-ID)

ب. دیاریکردنی ستانداردە تونەکانی پاڵاوتن بۆ کاندیدەکان بەپێی بنەماکانی دەستوور.

پ. چاودێریکردنی وردی سەرچاوە داراییەکانی پارتە وارگێڕییەکان لە کاتی بانگەشەدا.

ت. دانانی ڕێسا بۆ میدیاکان لە کاتی هەڵبژاردن بۆ مسۆگەرکردنی یەکسانیی دەرفەتەکان.

ج. ڕێکخستنی دەنگدانی دیاسپۆرا بە هاوئاهەنگی لەگەڵ "ناوەندی نیشتمانیی دیاسپۆرا."

چ. لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لە هەر تانە و سکاڵایەکی هەڵبژاردن.

ح. ڕاییکردنی پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان بە شێوازێکی خێرا و ڕووەن.

چوارەم: ڕوونایی تەکنەلۆژی و پەیوەندی بە دەوڵەتی ژیرەوە

٤.١. کۆمیسیۆن پابەندە بە بەکارهێنانی تواناکانی "دەوڵەتی ژیر" بۆ دروستکردنی پەڕگاڵێکی دەنگدانی دیجیتاڵیی پارێزراو کە ئەگەری دەستکاری تێدا سفر بێت.

٤.٢. گشت داتا و ئەنجامەکان دەبێت بە شێوەیەکی زیندوو و ساتوەختی بۆ چاودێرانی نێودەوڵەتی و ڕای گشتی ئاشکرا بکرێن.

٤.٣. ژێرخانی دیجیتاڵیی هەڵبژاردن وەک بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت و لەلایەن "دەستەی نیشتمانیی ئاسایشی ئەلیکترۆنی"یەوە دەپارێزرێت.

پێنجەم: پشتڕاستکردنەوەی ئەنجامەکان

٥.١. ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکان مافی تاقانەی کۆمیسیۆنە و هیچ لایەنێکی تر بۆی نییە پێشوەختە ئەنجام بڵاو بکاتەوە.

٥.٢. ئەنجامەکان تەنیا دوای پشتڕاستکردنەوەی کۆتایی لەلایەن دادگای باڵاوە دەبنە بڕیاری پابەندکەر و جێبەجێ دەکرێن.

بەندی ١٣٤: دەستەی نیشتمانیی پاکڕەوشتی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

یەکەم: پێگە و فەرمانی دەستووری

١.١. دەستەی نیشتمانیی پاکڕەوشتی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، دامەزراوەیەکی سەربەخۆی دەستوورییە و ئەرکی پاراستنی سامانی گشتی، چەسپاندنی دەستپاکی لە کایە دەوڵەتییەکان و ڕیشەکێشکردنی هەر جۆرە هەوڵێکی "جەردەسالاری" لە ئەستۆدایە.

١.٢. ئەم دەستەیە خاوەنی کەسایەتیی قانوونیی و سەربەخۆیی ڕەهای کارگێڕی و داراییە. هیچ هێز و بەرپرسێکی ڕایەدار مافی دەستێوەردان، پەکخستن یان ئاڕاستەکردنی کارەکانی ئەم دەستەیەی نییە.

دووەم: پێکهاتە و مەرجەکانی ئەندامێتی

٢.١. دەستەکە لەلایەن ئەنجومەنێکی پێنج کەسی لە پسپۆڕانی بوارەکانی قانوون، دارایی و وردبینییەوە بەڕێوە دەبرێت.

٢.٢. سەرۆک و ئەندامانی دەستەکە لەسەر پێشنیازی "مەکۆی ژیران" و بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی "مەکۆی نیشتمانی" بۆ خولێکی حەوت ساڵەی نانوێکراوە دادەنرێن، تاوەکوو دوور بن لە گۆڕانکارییە وارگێڕییە کورتخایەنەکان.

٢.٣. ئەندامانی ئەم دەستەیە خاوەنی پارێزبەندیی قانوونیین لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا و تەنیا لە باریی تێوەگلانیان لە پێشێلکاریی دەستووری، لەلایەن دادگای باڵاوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت.

سێیەم: دەسەڵاتە پسپۆڕییەکان

٣.١. دەستەی پاکڕەوشتی ئەم دەسەڵاتە دەستوورییە یەکلاکەرەوەیانەی پێ دەسپێردرێت:

ئا. وردبینی و چاودێریکردنی بێوچانی گشت گرێبەستە گەورەکانی دەوڵەت و هەڵسوکەوتە داراییە ستراتیژییەکان.

ب. پشکنینی ڕاستی و دروستیی فۆرمی ئاشکراکردنی سامانی بەرپرسانی باڵا، بە سەرکۆماریشەوە.

پ. لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لە هەر سکاڵایەک یان گومانێکی گەندەڵی لە هەموو جومگەکانی دەوڵەتدا.

ت. ڕەوانەکردنی ڕاستەوخۆی دۆسیە تاوانکارییەکان بۆ داخوازکاری گشتی و دادگای تایبەتمەند بەبێ پێویستی بە مۆڵەتی پێشوەختە لە هیچ لایەنێک.

ج. هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەدواداچوون و گێڕانەوەی ئەو سامانە نیشتمانییانەی کە بە ناقانوونیی براونەتە دەرەوەی وڵات.

چ. پەرەپێدانی پرۆگرامی پەروەردەیی بۆ چەسپاندنی کولتووری پاکڕەوشتی و ڕوونایەتی لە کۆمەڵگادا.

چوارەم: پاراستنی ئاشکراکەران و ڕوونایەتی

٤.١. دەستەکە پابەندە بە دابینکردنی پاراستنی تەواوی قانوونیی، پیشەیی و کەسی بۆ ئەو ئاشکراکەرانەی کە زانیاری لەسەر گەندەڵی دەگەیەنن؛ هەر هەوڵێک بۆ تۆڵەسەندنەوە لێیان، بە تاوانێکی قورس هەژمار دەکرێت.

٤.٢. دەستەکە پابەندە بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی وەرزی و ساڵانەی ڕووەن بۆ ڕای گشتی، کە تێیدا ئاستی پاکڕەوشتی لە دامەزراوەکان و دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکان (بەبێ زیانگەیاندن بە پرۆسەی دادوەری) ڕوون کرابێتەوە.

پێنجەم: وەڵامدەرەوەیی

٥.١. سەرەڕای سەربەخۆییەکەی، دەستەی پاکڕەوشتی لە ڕووی کارایی و پابەندبوون بە بودجەوە لەبەرامبەر مەکۆی نیشتمانییدا وەڵامدەرەوەیە، بەڵام ئەم چاودێرییە نابێت بوار بدات بە دەستێوەردان لە ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکان.

بەندی ١٣٥: دەستەی نیشتمانیی مافەکانی مرۆڤ و نووسینگەی کاریاری نیشتمانی

یەکەم: پێگە و فەرمانی دەستووری

١.١. دەستەی نیشتمانیی مافەکانی مرۆڤ و نووسینگەی کاریاری نیشتمانی وەک ویژدانی بێلایەنی دەوڵەت، بەرپرسیارە لە چاودێریکردنی پابەندبوونی گشت دامەزراوەکانی کۆمار بە مافە بنەڕەتییەکانی شارۆمەندان و پاراستنی تاک لە هەر جۆرە ستەم، کەمتەرخەمی، یان ناڕەواییەکی کارگێڕیی.

١.٢. ئەم دەستەیە خاوەنی سەربەخۆیی ڕەهای دارایی و کارگێڕییە. بۆ مسۆگەرکردنی بێلایەنی، دەستەکە لە دەرەوەی پەیکەری هەر سێ دەسەڵاتەکە (قانوونداناان، ڕایەدار، دادوەری) دەوەستێت و وەک چاودێرێکی سەربەخۆ تەنیا لەبەرامبەر "دەستوور"ـدا وەڵامدەرەوەیە.

دووەم: ئەرکە ستراتیژییەکانی پاراستن

٢.١. دەستەکە ئەرکدارە بە ڕاییکردنی ئەم فەرمانانە:

ئ. وەرگرتن و لێکۆڵینەوە لە سکاڵای شارۆمەندان دژی بڕیارە نادادپەروەرەکان یان ڕەفتارە کارگێڕییە ناتەندروستەکانی دەزگا دەوڵەتییەکان.

ب. چاودێریکردنی بێپسانەوەی ڕەوشی زیندانەکان، بنکەکانی دەستبەسەرکردن و نەخۆشخانە دەروونییەکان، بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی هیچ جۆرە ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتێکی سووکایەتیپێکەر.

پ. ناوبژیوانی لەنێوان شارۆمەند و دەزگاکانی دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێش گەیشتنیان بە دادگا.

ت. پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی قانوونیی بۆ چاککردنی ئەو ڕێسا کارگێڕییانەی کە دەبنە هۆی پێشێلکردنی مافەکان.

سێیەم: دەسەڵاتەکانی پشکنین و دەستگەیشتن

٣.١. بۆ دڵنیابوون لە کارایی دەستەکە، ئەم دەسەڵاتە دەستوورییانەی پێ دەدرێت:

ئا. مافی دەستگەیشتنی بێ مەرج و لەناکاو بە گشت دامەزراوە دەوڵەتی، سەربازی و هەدارییەکان بە مەبەستی پشکنین.

ب. دەسەڵاتی بانگهێشتکردنی هەر بەرپرس و کارمەندێکی دەوڵەت بۆ پێشکەشکردنی زانیاری و گەواییدان.

پ. مافی بینینی گشت بەڵگەنامە و تۆمارە فەرمییەکان کە پەیوەندییان بە دۆسیەی پێشێلکارییەکانەوە هەیە.

ت. بڵاوکردنەوەی "لیستی ڕەشی پێشێلکاران" بۆ ئەو دامەزراوە و بەرپرسانەی کە بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕێز لە مافەکانی شارۆمەند ناگرن.

ج. جوولاندنی داخوازی قانوونیی لە دادگای باڵا لەو بارانەی کە پێشێلکارییەکان گەوهەری دەستوور دەخەنە مەترسییەوە.

چوارەم: دانانی کاریاری نیشتمانی و پاراستنی پیشەیی

٤.١. کاریاری نیشتمانی و ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەکە، لە نێوان پسپۆڕانی بێلایەنی بواری قانوون و مافەکانی مرۆڤ، لەسەر پێشنیازی "مەکۆی ژیران" و بە ڕەزامەندیی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی "مەکۆی نیشتمانی" بۆ خولێکی شەش ساڵەی نانوێکراوە دادەنرێن.

٤.٢. ئەندامانی دەستەکە و ستافی لێکۆڵەر خاوەنی پارێزبەندیی قانوونیین و ناشێت بەهۆی کار و ڕاپۆرتەکانیانەوە ڕووبەڕووی گوشار، لادان لە پۆست، یان لێپرسینەوە ببنەوە، مەگەر بە بڕیاری دادگای باڵا و بەهۆی تاوانێکی سەلمێنراوەوە بێت.

٤.٣. دەستەکە پابەندە بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانەی گشتگیر بۆ ڕای گشتی، کە تێیدا بە ڕاشکاوی ئاستی پابەندبوونی دەوڵەت بە مافەکانی مرۆڤ و دادی کارگێڕی تێدا دەخرێتە ڕوو.

بەندی ١٣٦: بێلایەنیی دەوڵەت بەرامبەر ئایین و باوەڕەکان

یەکەم: پێگەی دەستووریی دەوڵەت

١.١. کۆماری کوردستان دەوڵەتێکی بێلایەنە بەرامبەر بە ئایین و باوەڕەکان؛ دەوڵەت خاوەنی هیچ ئایینێکی فەرمی نییە و لە دووریيەکی یەکسانەوە لە گشت باوەڕ و جهانبینییە جیاوازەکان دەوەستێت.

١.٢. دەوڵەت وەک یەکەیەکی قانوونیی، دان بە ئایین و باوەڕەکاندا دەنێت وەک ڕەهەندێکی شەخسی و کۆمەڵایەتیی شارۆمەندان و ئەرکدارە بە پاراستنی مافی پەرستن و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکان، بەو مەرجەی لەگەڵ بنەما نەگۆڕەکانی ئەم دەستوورەدا ناکۆک نەبن.

دووەم: جیاکردنەوەی دامەزراوەیی

٢.١. جیاکردنەوەی ڕەها لەنێوان دامەزراوە ئایینییەکان و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا هەیە. هیچ دامەزراوەیەکی ئایینی مافی نییە دەست بخاتە ناو بڕیاری وارگێڕی، کارگێڕی، یان دادوەریی وڵاتەوە، یان ئەرکێکی فەرمیی دەوڵەت لە ئەستۆ بگرێت.

٢.٢. سەرچاوەی تاقانە بۆ داڕشتنی قانوون و بڕیارەکان لە کۆماری کوردستاندا، تەنیا "ئاوەز"، "زانست" و "بەرژەوەندیی و ئاسایشی نەتەوەیی"ـە وەک لەم دەستوورەدا ڕێکخراوە. هیچ دەقێکی ئایینی یان مەزهەبی نابێتە سەرچاوەی قانووندانان یان لێکدانەوەی قانوونیی.

سێیەم: پانتایی گشتی و پەروەردەی بێلایەن

٣.١. دەوڵەت ئەرکدارە بە پاراستنی بێلایەنیی پانتاییە گشتییەکان و دامەزراوە فەرمییەکان؛ لێرەدا ئەم ڕێکارانە پەیڕەو دەکرێن:

ئا. پەروەردەی دەوڵەتی لە سەرانسەری وڵاتدا سێکۆلارە و لەسەر بنەمای زانست و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دادەمەزرێت.

ب. ڕێنەدراوە بودجەی گشتیی دەوڵەت بۆ پەرەپێدان یان بڵاوکردنەوەی ئایینێکی دیاریکراو بەکاربهێنرێت، مەگەر بۆ پاراستنی ئەو شوێنەوارە مێژوویی و کولتوورییانە بێ کە بەشێکن لە پاشماگی نیشتمانیی کوردستان.

پ. بەکارهێنانی هێما ئایینییەکان لە تەلاری فەرمیی دەوڵەت و لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی فەرمیدا ڕێنەدراوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی شارۆمەندان بەبێ هەستکردن بە جیاکاری، دەستیان بە ڕاژە گشتییەکان بگات.

چوارەم: ڕێنەدراوکردنی بەکارهێنانی وارگێڕیی ئایین

بەکارهێنانی ئایین، مەزهەب، یان هەر جۆرە باوەڕێکی گیانی بۆ مەبەستی ململانێی وارگێڕی، دروستکردنی پارت یان گرووپی زەبر و پەستان، و هاندانی دووبەرەکیی کۆمەڵایەتی، بە تاوان دژی سەقامگیریی نیشتمانی هەژمار دەکرێت و ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی قانوونیی توند دەبێتەوە.

بەندی ١٣٧: بانکی ناوەندیی کوردستان و سەربەخۆیی نەختینەیی

یەکەم: پێگە و ئامانجی باڵا

١.١. بانکی ناوەندیی کوردستان، باڵاترین دەسەڵاتی نەختینەیی و دارایی دەوڵەتە؛ ئەم بانکە یەکەیەکی دەستووریی سەربەخۆیە و پارێزەری یەکەمی سەقامگیریی دراوی نیشتمانی و توانای کڕینی شارۆمەندانە.

١.٢. ئامانجی بنەڕەتیی بانک، پاراستنی بەهای دراوی نیشتمانی، کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان و دابینکردنی ژینگەیەکی دارایی جێگیرە بۆ گەشەی ئابووریی درێژەدار.

دووەم: کەرەسەی سەربەخۆیی دامەزراوەیی

٢.١. هیچ دەسەڵاتێکی ڕایەدار یان قانووندانان، مافی دەستێوەردان لە بڕیارە تەکنیکی و نەختینەییەکانی بانکی ناوەندییان نییە.

٢.٢. بانک بە ڕەبەقی ڕێنەدراوە لەوەی فەرمان یان ڕێنوێنی لە کابینەی دەسەڵات، پارتە وارگێڕییەکان یان هەر لایەنێکی دەرەکی وەربگرێت.

٢.٣. هەر هەوڵێک بۆ تەنگەتاوکردنی بڕیارەکانی بانک بە مەبەستی بەدیهێنانی دەستکەوتی وارگێڕیی کورتخایەن، بە تاوان دژی ئاسایشی ئابووریی نیشتمانی هەژمار دەکرێت.

سێیەم: سەرکردایەتی و سەقامگیریی بڕیار

٣.١. بانک لەلایەن "پارێزگاری بانک" و ئەنجومەنێکی باڵای پسپۆڕانی ئابووری و داراییەوە بەڕێوە دەبرێت.

٣.٢. پارێزگاری بانک بۆ خولێکی حەوت ساڵە (کە درێژترە لە خولی وارگێڕی) لەسەر پێشنیازی سەرکۆمار و بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ئەندامانی مەکۆی ژیران دادەنرێت.

٣.٣. لادانی پارێزگاری بانک تەنیا لە باریی پێشێلکاریی توندی قانوونیی یان ئەنجامدانی تاواندا دەبێت، کە دەبێت لەلایەن دادگای باڵاوە پشتڕاست بکرێتەوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی لادانەکەی هۆکاری وارگێڕیی لە پشت نییە.

چوارەم: ڕێنەدراوکردنی داراییکردنی ڕاستەوخۆی دەوڵەت

٤.١. بۆ پاراستنی وڵات لە قەیرانی دارایی، بانکی ناوەندی بە ڕەبەقی ڕێنەدراوە لەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ قەرز بداتە دەسەڵاتی ڕایەدار یان بودجەی گشتی دارایی بکات لە ڕێگەی چاپکردنی پارەی بێ پشتێنە.

٤.٢. پارەتێکردن بۆ کورتهێنانی بودجە لە ڕێگەی چاپکردنی دراوەوە، بە پێشێلکاریی توندی ئەم دەستوورە و هەڕەشە بۆ سەر پاشەڕۆژی نەوەکان دادەنرێت.

پێنجەم: بەڕێوەبردنی پاشەکەوتی ستراتیژی

٥.١. بانکی ناوەندی تاکە لایەنی بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی یەدەگی نیشتمانی لە زێڕ، دراوە بیانییەکان و سەرمایە ستراتیژییەکانی تری دەوڵەت.

٥.٢. بانک ئەرکدارە بە پەیڕەوکردنی وارگێڕییەکی "خۆپارێزانە و ژیر" لە وەبەرهێنانی یەدەگەکاندا، بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی نەختینەیی پێویست لە کاتی قەیرانە نێودەوڵەتییەکاندا.

شەشەم: ڕووناکیەتی و ڕاپۆرتدان

٦.١. بانک پابەندە بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی مانگانە و ساڵانە لەسەر ڕەوشی نەختینەیی و ئاستی هەڵاوسان بۆ ڕای گشتی.

٦.٢. پارێزگاری بانک سالّانە دوو جار ئامادەی دانیشتنی تایبەتی مەکۆی نیشتمانی دەبێت بۆ خستنەڕووی وارگێڕپی نەختینەیی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە چوارچێوەی ڕوونایەتیی نیشتمانییدا.

بەندی ١٣٨: دەستەی نیشتمانیی وردبینیی ستراتیژی و کارایی

یەکەم: پێگە و سەربەخۆیی

١.١. دەستەی نیشتمانیی وردبینیی ستراتیژی و کارایی، دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکی هەڵسەنگاندنی چلۆنایەتی و ئەنجامی وارگێڕپییەکانی دەوڵەت و ڕادەی گەیشتنیان بە ئامانجە ستراتیژییەکانی دەستوور لە ئەستۆدایە.

١.٢. ئەم دەستەیە لە ڕووی دارایی و کارگێڕپییەوە بە ڕەبەقی سەربەخۆیە و لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی ڕایەداردا نییە، تاوەکوو بتوانێت بە بێ لایەنی ڕەخنە لە کارایی دامەزراوەکان بگرێت.

دووەم: دانانی سەرکردایەتی

٢.١. دەستەکە لەلایەن ئەنجومەنێکی پسپۆڕی پێنج کەسییەوە بەڕێوە دەبرێت.

٢.٢. ئەندامان لەسەر پێشنیازی مەکۆی ژیران و بە ڕەزامەندیی زۆرینەی دوو لەسەر سێی مەکۆی نیشتمانی بۆ خولێکی هەشت ساڵەی نانوێکراوە دادەنرێن.

٢.٣. مەرجی ئەندامێتی، هەبوونی پسپۆڕیی باڵا لە بواری پلاندانانی ستراتیژی، ئابووری و بەڕێوەبردنی گشتییە.

سێیەم: ئەرکە ستراتیژییەکان

٣.١. ئەم دەستەیە خاوەنی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەیە:

ئا. ئەنجامدانی "وردبینیی کارایی" بۆ گشت پڕۆژە نیشتمانییەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی ئایا سەرچاوەکان بە باشترین شێوە بەکارهاتوون یان نا.

ب. هەڵسەنگاندنی ڕادەی گونجانی وارگێڕییە نوێیەکانی دەسەڵات لەگەڵ ئامانجە درێژخایەنەکانی کوردستان.

پ. ناسینەوەی ئەو دامەزراوانەی کە تووشی سستی یان بیرۆکراسیی ناپێویست بوون و پێشنیازکردنی ڕێکاری چاکسازیی خێرا.

ت. وردبینی کردن لە چلۆنایەتیی ئەو ڕاژەدارییانەی کە پێشکەش بە شارۆمەندان دەکرێن.

ج. پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە هەر پرۆژەیەک کە ببێتە هۆی بەفیڕۆدانی سامانی نیشتمانی یان کاتی نەتەوە.

چوارەم: تێهەڵکێشی لەگەڵ دەوڵەتی ژێر

٤.١. دەستەکە تواناکانی "دەوڵەتی ژێر" بۆ چاودێریکردنی ساتوەختیی کارایی دامەزراوەکان لە ڕێگەی داتای گەورەوە بەکار دەهێنێت.

٤.٢. هەر دابەزینێکی ناتەندروست لە ئاستی کارایی فەرمانگەکاندا، پەرگاڵەکە بە شێوەیەکی خۆگەڕ دەستەی وردبینیی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

پێنجەم: ڕاپۆرتدان و ڕوونایەتی

٥.١. دەستەکە ساڵانە "ڕاپۆرتی کارایی نیشتمانی" بڵاو دەکاتەوە و تێیدا ئاستی سەرکەوتنی هەر کاروبارێک (شالیارگەیەک) لە بەدیهێنانی بەڵێنەکانیدا دیاری دەکات.

٥.٢. ئەم ڕاپۆرتانە دەبنە سەرچاوەی سەرەکی بۆ مەکۆی نیشتمانی تاوەکوو لە کاتی لێپرسینەوە لە شالیارەکاندا پشتی پێ ببەستن.

دەروازەی پازدەیەم :مانیفێستی واتایی و ڕووگەی تێگەیشتن

دەروازەی پازدەهەم، وەک "مانیفێستی واتایی" و سەرچاوەی باڵای لێکدانەوە، بناغەی یەکپارچەیی لۆژیکی و قانوونیی گشتایەتیی دەقەکانی ئەم دەستوورە پێک دەهێنێت. ئەرکی ئەم دەروازەیە جێگیرکردنی "یەکڕایی واتایی" (*Semantic Unity*) و پەرەپێدانی تێگەیشتنێکی یەکگرتووی نەتەوەییە بۆ ئەو چەمکە ستراتیژییانەی کە گەوهەری بوونی کۆماری کوردستانیان لەسەر بونیاد نراوە. لێرەدا، زمان نەک تەنیا ئامرازی پەیوەندی، بەڵکوو وەک پارێزەری سەروەریی دەوڵەت پێناسە دەکرێت، تاوەکوو لە ڕێگەی دیاریکردنی وردی سنوورە واتاییەکانەوە، ڕێگری لە هەر جۆرە بۆشاییەکی قانوونیی، تەمومژێکی لێکدانەوە، یان لادانێکی مەبەستدار لە ڕۆحی دەستوور بگیرێت. ئەم بەندانە وەک ڕووگەی باڵا و جێگیری تێگەیشتن بۆ گشت دامەزراوەکانی دەوڵەت و شارۆمەندان دادەمەزرێن، تاوەکوو یەکپارچەیی واتایی دەستوور لەبەرامبەر گۆڕانکارییەکانی کات و جووڵە وارگێڕییەکاندا بە پارێزراوی بمێنێتەوە.

بەندی ١٣٩: پێناسە دەستوورییە بنەڕەتییەکان

بۆ جێگیرکردنی "یەکڕایی واتایی" لە پرۆسەی داڕشتن و لێکدانەوەی قانوونەکاندا و بۆ پاراستنی گەوهەری دەستوور لە هەر جۆرە شێواندنێکی واتایی، ئەم پێناسانە وەک ڕووگەیەکی دەستووریی نەگۆڕ و چاڤکانییەکی باڵا بۆ گشت دامەزراوەکانی دەوڵەت دادەمەزرێن تا بنەمای یەکلاکەرەوە بن لە کاتی ڕاییکردنی دەسەڵاتەکاندا.

یەکەم: ئاسایشی نەتەوەیی

١.١. ئاسایشی نەتەوەیی، دۆخی پارێزراویی بوونی فیزیکی و گیانەکیی کۆماری کوردستان و توانای بێپسانەوەی نەتەوەیە بۆ ڕاییکردنی سەروەریی ڕەهای خۆی لەسەر وارگەی مێژوویی.

١.٢. ئەم دۆخە گشتگیرە، وەک قەڵغانێکی زیندوو، ئەم بواڕە ستراتیژییانەی خوارەوە دەگرێتەوە کە پاراستنیان مەرجی مانەوەی دەوڵەتە:

ئا. پاراستنی بوونی دەوڵەت وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری.

ب. پاراستنی یەکپارچەیی وارگەی نەتەوەیی و پێشێلنەکردنی سنوورەکانی کۆمار.

پ. پاراستنی پەرگاڵی دەستووری و سەقامگیریی دامەزراوە قانوونییەکانی دەوڵەت.

ت. پاراستنی شوناسی نەتەوەیی، زمانی کوردی، پاشماگی شارستانی و یادەوەریی مێژوویی نەتەوە.

ج. مسۆگەرکردنی ژێرخانی تۆکمەی ئابووری، پاراستنی ژێرخانە ژینەکییەکان و سەرچاوە ستراتیژییەکان.

چ. توانای دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە دەرەکی و ناوخۆییەکان و بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییە نیشتمانییەکانی.

دووەم: بەرژەوەندییە نەتەوەییە باڵاکان

٢.١. بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان، ئەو ئامانجە درێژخایەن و سەوداهەڵنەگرانەن کە گشت وارگێڕی و کردەوەیەکی دەوڵەت دەبێت لە ڕاڕەیاندا بێت. ئەم بەرژەوەندییانە بریتین لە:

ئا. مسۆگەرکردنی مانەوە، گەشەسەندن و خۆشبژێویی نەتەوەی کورد لەسەر وارگەی مێژوویی خۆی.

ب. چەسپاندنی سەروەریی ڕەهای کۆماری کوردستان لەسەر ئاستی نێوخۆیی و بەدەستهێنانی پێگەیەکی بەهێز و کاریگەر لەسەر گۆڕەپانی جیهانی.

پ. گەیشتن بە خۆبژێوی و سەربەخۆیی ستراتیژی لە بوارەکانی ئاسایشی خۆراک، وزە، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و پیشەسازیی بەرگریدا.

ت. پاراستن و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی و کولتووریی کورد لە ناوخۆ و لەنێو دیاسپۆرادا.

ج. بنیاتنانی هاوپەیمانێتیی ستراتیژی کە هێز و سەروەریی کۆمار پتەوتر بکات، نەک لاوازی بکات.

سێیەم: هەڕەشەی بوونایەتی

٣.١. هەڕەشەی بوونایەتی، هەر بارودۆخێکی مەترسیداری ڕاستەوخۆیە کە ببێتە هۆی خستنە مەترسیی مانەوەی کۆماری کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یان بوونی نەتەوەی کورد وەک یەکەیەکی نەتەوەیی. ئەمەش بەتایبەتی ئەم دۆخانەی خوارەوە دە گرێتەوە:

ئا. دەستدرێژیی سەربازیی بەرفراوانی دەرەکی یان داگیرکاری.

ب. بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ دژی خاکی کوردستان یان شارۆمەندانی.

پ. هەر هەوڵێکی سیستماتیک بۆ داڕمانی گشتی دامەزراوەکانی دەوڵەت و تێکدانی پەڕگاڵی دەستووری.

ت. ئەنجامدانی کردەوەی جینۆساید یان پاکتاوی نەژادیی بەرفراوان.

ج. دیاریکردنی هەر دۆخێک وەک "هەڕەشەی بوونایەتی" دەبێت بە بڕیارێکی فەرمیی کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی بێت و لەلایەن مەکۆی نیشتمانییەوە بە زۆرینەیەکی تایبەت پەسەند بکرێت.

چوارەم: دوژمن

٤.١. دوژمن، هەر دەوڵەت، ڕێکخراو یان هێزێکی نادەوڵەتییە کە یەکێک یان زیاتر لەم کردەوانەی خوارەوە دژی کۆماری کوردستان ئەنجام بدات:

ئا. ئەنجامدانی کردەوەی دەستدرێژیی سەربازیی ڕاستەوخۆ.

ب. کارکردنی چالاکانە و سیستماتیک بۆ تێکدانی سەروەریی یان یەکپارچەیی خاکی کوردستان.

پ. دابینکردنی پشتیوانیی شتەکی، دارایی یان لۆجستیکیی ستراتیژی بۆ ئەو گرووپانەی کە دژایەتیی چەکداریی کۆماری کوردستان دەکەن.

ت. بەپێی قانوونێک کە لەسەر پێشنیازی کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و بە زۆرینەی دەنگی مەکۆی نیشتمانی دەربچێت، وەک "دوژمن" بناسێنرێت.

پێنجەم: ژێرخانی ژینەکی

٥.١. ژێرخانی ژینەکی، بریتییە لەو تۆڕە شتەکی و دیجیتاڵییانەی کە کارکردنی بێپسانەوەیان مەرجی بنەڕەتیی مانەوەی دەوڵەت، درێژەیی ژیانی کۆمەڵایەتی و کارایی ئابووریی نیشتمانییە. ئەم ژێرخانانە بەتایبەتی ئەمانەی خوارەوە دە گرنەوە:

ئا. پەڕگاڵەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی وزە.

ب. سەرچاوەکانی ئاوی شیرین و تۆڕەکانی دابەشکردنی.

پ. پەڕگاڵی بانکیی ناوەندی و پەرگاڵە داراییە بنەڕەتییەکان.

ت. تۆڕە سەرەکییەکانی گواستنەوە، لەوانە فڕۆکەخانە ستراتیژییەکان و ڕێگاوبانە ژینەکییەکان.

ج. تۆڕەکانی پەیوەندیی نیشتمانی و ژێرخانی بنەڕەتیی ئینتەرنێت.

چ. ژێرخانی دیجیتاڵیی "دەوڵەتی ژیر."

ح. دامەزراوە سەرەکییەکانی کەرتی تەندروستیی گشتی.

شەشەم: دادی کۆمەڵایەتی

٦.١. دادی کۆمەڵایەتی، لە چوارچێوەی ئەم دەستوورەدا، ئامرازێکی ستراتیژییە بۆ بەهێزکردنی یەکپارچەیی و خۆڕاگریی نەتەوەیی. ئەم چەمکە بریتییە لە پابەندبوونی دەوڵەت بە:

ئا. مسۆگەرکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ گشت شارۆمەندان لە بوارەکانی پەروەردە، کار و بەشداریی گشتیدا، لەسەر بنەمای شایستەیی ڕەها.

ب. دابینکردنی ئاستێکی شایستەی بژێوی و ڕاژەداریی بنەڕەتی بۆ هەموو تاکێک، بۆ پاراستنی شکۆی مرۆیی و ڕێگریکردن لە دروستبوونی کەلێنی قوواڵی کۆمەڵایەتی.

پ. کەمکردنەوەی جیاوازیی گەشەسەندن لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا، بە مەبەستی پتەوکردنی هەستی هاونیشتمانیبوون و یەکێتیی نەتەوەیی.

حەوتەم: سەروەریی نەتەوەیی

٧.١. سەروەریی نەتەوەیی، باڵاترین دەسەڵاتی دەستووری و توانای بڕیاردانی ڕەهایە بەسەر تەواوی وارگەی نەتەوەیی و کاروباری دەوڵەتدا، کە سەرچاوەکەی تەنیا لە ویستی گەوهەری و هاوئاگایی میژوویی نەتەوەی کوردەوە هەڵدەقوڵێت.

٧.٢. ئەم سەروەرییە خاوەنی ئەم خەسڵەتە دەستوورییە بنەڕەتییانەیە:

ئا. خۆسەرچاوەیی و خۆسازی: ڕەوایەتییەکەی لە هیچ هێز یان ڕێککەوتنێکی دەرەکییەوە وەرناگرێت، بەڵکوو خودی نەتەوە بە هەموو تایبەتمەندییە ئۆنتۆلۆژیی، کۆمەلایەتی و وارگێڕییەکانی چاوگەی تاقانەی ئەم ڕەوایەتییەیە و ئافرێنەریەتی.

ب. دابەشنەکراوی: سەروەریی یەکەیەکی گشتگیرە و ناشێت لە نێوان چەند یەکە یان دەسەڵاتێکی جیاوازدا دابەش بکرێت یان لاواز بکرێت.

پ. سەوداهەڵنەگری: پاراستنی سەروەریی ئەرکێکی پیرۆزە و هیچ دەسەڵاتێک مافی دەستبەردارببوون یان سازانی لەسەر هیچ بەشێکی نییە، لەبەر ئەوەی ملکی هەردەمیی نەتەوەیە.

هەشتەم: وارگێڕی

٨.١. وارگێڕی، باڵاترین چالاکیی ئاوەزمەندانە و کرداریی نەتەوەیە بۆ ڕێکخستنی ژیانی بەکۆمەڵ و ئاڕاستەکردنی کەشتیی دەوڵەتداری؛ بریتییە لە زانست و هونەری گۆڕینی "ویستمەندیی نەتەوەیی" بۆ بڕیار و ستراتیژیی کارا بە مەبەستی پاراستنی "وار" و بەدیهێنانی مانەوەی شکۆمەندانە.

٨.٢. وارگێڕی وەک دەمارە-پەرگاڵی بڕیارسازیی ستراتیژی، ئەم فەرمانە ژینەکییانە لەخۆ دەگرێت:

ئا. پێناسەکردنی ئامانجە درێژخایەنەکانی نەتەوە و دیاریکردنی ڕێگاکانی گەیشتن پێیان.

ب. بەڕێوەبردنی هاوسەنگانەی دەسەڵات، سامان و دەرفەتەکان لەسەر بنەمای دادپەروەریی نیشتمانی.

پ. ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان شارۆمەند و دەوڵەت لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتیی دوولایەنە.

ت. نواندنی هێزی نەتەوەیی لە گۆڕەپانی جیهانیدا وەک سوبێکتێکی مێژووسازی سەربەخۆ.

٨.٣. فەلسەفەی وارگێڕی لە کۆماری کوردستاندا لەسەر ئەم ڕەهەندانە جێگیر دەبێت:

ئا. وارگێڕیی ناوخۆیی: بۆ داڕشتنی پەرگاڵی ئابووری، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی پێشکەوتوو.

ب. وارگێڕیی دەرەکی (دیپلۆماسی): بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونخوازیی و داگیرکاری.

پ. وارگێڕیی ئاسایش و بەرگری: بۆ داڕشتنی دۆکترینە سەربازییەکان و پووچەڵکردنەوەی پێشوەختەی هەڕەشەکان.

ت. وارگێڕیی واتایی: بۆ پاسەوانیکردنی گەوهەری هزری، زمانی و کولتووریی نەتەوە لە هەر جۆرە داگیرکارییەکی فەرهەنگی.

٨.٤. ڕەوایی هەر کردارێکی وارگێڕیی بەندە بە ڕادەی پابەندبوونی بە "دەستوور" و ئامانجە مێژووییەکانی نەتەوەوە؛ هەر وارگێڕییەک کە سەروەریی و شوناسی نەتەوەیی لاواز بکات، لە بنەڕەتەوە نادەستووری و پووچەڵە.

٨.٥. وارگێڕی، زانستی تێگەیشتنە لە "هێڵی شوێن-کات" بە مەبەستی گۆڕینی هەڕەشەکان بۆ دەرفەت و مسۆگەرکردنی باڵادەستیی نەتەوەیی لە جیهانێکی پڕ گۆڕانکاریدا.

نۆیەم: وڵات (*Patria*)

٩.١. وڵات، جەستەی فیزیکی، واتایی، بوونویستانە و مێژوویی نەتەوەی کوردە؛ ئەو پانتاییە تاقانەیەیە کە تێیدا جوگرافیا، بوونایەتی و شوناس دەبنە یەکەیەکی لێک دانەبڕاو بۆ بوونایەتی هاوبەشی نەتەوەی کورد. وڵات نەک هەر "خاک"، بەڵکوو نواندنی بەرجەستەبوونی بوونایەتیی نەتەوەیە لەسەر هێڵی "شوێن-کات"دا. وڵاتی نەتەوەی کورد ناوی کوردستانە.

٩.٢. پاتریای کورد (وڵات. لەم سێ ڕەهەندەدا پێناسە دەکرێت:

ئا. ڕەهەندی "وار": گشت ئەو جوگرافیا مێژوویییەی کە نەتەوەی کوردی تێدا پەیدا بووە و وەک وارگەی کۆیی خۆی دەیناسێت و بەبێ ڕەچاوکردنی سنوورە دەستکردە داگیرکارییەکان پێکەوە یەکەیەکی سروشتیی یەکگرتوو پێک دەهێنن.

ب. ڕەهەندی "یادەوەری": کۆگای زیندووی پاشماگی شارستانی، خوێنی تێکۆشەران و یادەوەریی بەکۆمەڵی نەتەوەیە کە واتا بە "بوون"ـی کورد دەبەخشێت.

پ. ڕەهەندی "قانوونیی": ئەو قەڵەمڕەوە دەستوورییەیە کە تێیدا تەنیا "ویستی نەتەوە" لە فۆرمی دەوڵەتدا باڵادەستە یان دەبێ باڵادەست بێت و مافی خاوەندارێتیی ڕەها و بڕیاردانی سەروەرانە دەچەسپێنێت.

٩.٣. بنەمای "پێسپاردەی نەوەیی": وڵات ملکی هیچ نەوەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو سپاردەیەکی مێژوویییە کە لە نەوەکانی ڕابردووەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوازرێتەوە. نەوەی ئێستا تەنیا مافی "پاسەوانی" و "ئاوەدانکردنەوەی ژیرانە"ـی هەیە و ئەرکدارە بە گەیاندنی بە نەوەکانی پاشەڕۆژ بە شێوەیەکی ئاوەدانتر و پارێزراوتر.

٩.٤. سەوداهەڵنەگری و یەکپارچەیی: وڵات یەکەیەکی دابەشنەکراو و پێشێلنەکراوە. هەر جۆرە دەستبەردارىبوونێک لە هەر بستێکی، یان هەوڵدان بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای بە مەبەستی لاوازکردنی شوناسی نەتەوەیی، بە کردەوەیەک دژی "بوون"ـی نەتەوە و ناپاکی لە دەستوور هەژمار دەکرێت.

٩.٥. سەرۆەری بەسەر سەرچاوەکاندا: وڵات ئەو پانتاییە دەستوورییەیە کە مافی خاوەندارێتیی ڕەهای نەتەوەی کورد بەسەر تەواوی سامانەکانی ژێرخاک، سەرخاک، ئاو، سەرچاوە ژینگەییەکان و وارگەی ئاسمانییدا دەچەسپێنێت.

٩.٦. ڕەهەندی ژینگەیی وەک شکۆی نەتەوەیی: پاراستنی سروشت، چیا، ڕووبار و دارستانەکانی کوردستان، بەشێکی دانەبڕاوە لە ئەرکی پاراستنی وڵات؛ تێکدانی ژینگەی کوردستان بە تێکدانی جەستەی نەتەوە و هەڕەشە بۆ سەر داهاتووی نەوەکان دادەنرێت.

دەیەم: ڕایەداری

١٠.١. ڕایەداری، ئەو ڕایە (ماندات. و دەسەڵاتە قانوونییەیە کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و ڕاییکردنی فەرمانەکانی دەستوور بە دامەزراوەکانی دەوڵەت دەبەخشرێت؛ ڕایەداری جومگەی سەرەکیی ڕاییکردنی بڕیارە ستراتیژییەکان و گۆڕینی قانوونەکانە بۆ کردەی بەرجەستە.

١٠.٢. سەرۆکایەتیی ڕایەداری: سەرکۆمار وەک باڵاترین هەڵگری ڕایەداری لە وڵاتدا، بەرپرسیاری یەکەمە لە ئاڕاستەکردنی کارگێڕیی دەوڵەت، ڕێکخستنی کابینەی شالیاران و دڵنیابوون لە ڕاییکردنی دروستی ئەرکە نیشتمانییەکان.

١٠.٣. ڕاییکردن وەک گەوهەری ڕایەداری: ئەرکی بنەڕەتیی ڕایەداری بریتییە لە ڕاییکردنی قانوون و وارگێڕییەکان بە شێوەیەکی کارا. هەر کورتهێنانێک لە ڕاییکردنی ئەرکەکاندا، بە کەمبوونی ڕەوایەتیی ئەو دامەزراوەیە لەو بوارەدا هەژمار دەکرێت.

١٠.٤. بنەمای ڕەوایی: هیچ ڕایەدارییەک لە دەرەوەی چوارچێوەی دەستوور و قانوون بەرکارەکاندا بوونی نییە. ڕایەداری ئامرازێکە بۆ ڕاژەبەرایەتیی نەتەوە، نەک سەپاندنی ویستی کەسی یان گرووپی.

١٠.٥. کارگێڕی و بەڕێوەبردن: ڕایەداری ڕەهەندێکی کارگێڕیی قوولّی هەیە کە بریتییە لە بەڕێوەبردنی ژیرانەی سەرچاوە مرۆیی، دارایی و سروشتییەکانی وڵات بە مەبەستی بەدیهێنانی گەشەی ڕاوەستاو و پاراستنی سامانی گشتی.

١٠.٦. وەڵامدەرەوەیی و لێپرسینەوە: گشت هەڵگرانی ڕایەداری، لە بەرزترین پلەوە تا نزمترین ئاستی کارگێڕی، لەبەرامبەر بڕیار و کردارەکانیاندا وەڵامدەرەوەی قانوونیین. ڕایەداری بەندە بە بەرپرسیارێتییەوە و هەر بەد بەکارهێنانێکی دەسەڵات دەبێتە هۆی لێسەندنەوەی ڕایەداری.

١٠.٧. بێلایەنیی پیشەیی: دەزگای ڕایەداری دەبێت وەک پێکهاتەیەکی پیشەیی و نیشتمانی بمێنێتەوە و لە ململانێی پارتایەتی و لایەنگریی وارگێڕی بەدوور بێت، تاوەکو بتوانێت بە یەکسانی ڕاڕەی گشت شارۆمەندان بکات.

یازدەیەم: شایستەسالاری

١١.١. شایستەسالاری،کۆڵەکەی پۆڵاییننی هێزی دەوڵەت و پەیمانێکی پیرۆزی نێوان کۆمار و شارۆمەندانە؛ بریتییە لەو بنەما دەستوورییەی کە تێیدا پێسپاردنی هەر ئەرک، پێگە و بەرپرسیارێتییەکی گشتی، تەنیا و تەنیا لەسەر بنەمای لێهاتوویی زانستی، توانای کرداری و پاکی و دڵسۆزیی بێ مەرج بۆ دەستوور و نیشتمان دەبێت.

١١.٢. پێوەری شایستەیی: شایستەیی لە کۆماری کوردستاندا هاوکێشەیەکی سێ-ڕەهەندییە و لەسەر ئەم بنەمایانە هەڵدەسەنگێنرێت:

ئا. لێهاتوویی: هەبوونی پسپۆڕی، زانست و کارامەیی پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان بە بەرزترین ستاندارد.

ب. پاکی و ڕەوشتمەند: هەبوونی پێشینەیەکی بێگەرد و پابەندبوون بە ڕەوشتی پیشەیی و پاراستنی سامانی گشتی.

پ. وەفاداریی نەتەوەیی: دڵسۆزیی ڕەها بۆ سەروەریی کۆمار و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە، دوور لە هەژموونی هەر هێز و ئایدۆلۆژیایەکی بیانی.

١١.٣. شایستەسالاری وەک کەرەسەی دژە-دارزانی دەوڵەت: جێگیرکردنی ئەم بنەمایە بۆ ڕیشەکێشکردنی هەر جۆرە جەردەسالاری و خزمخزمێنەیەکی کارگێڕییە. هەر جۆرە دانان و پلەبەرزکردنەوەیەک لەسەر بنەمای جگە لە شایستەیی، وەک لایەنگریی پارتایەتی، خێڵەکی، ناوچەگەری، یان بەرژەوەندیی تایبەت، بە پێشێلکاریی سەلمێنراوی قورس لە بنەمای

شایستەسالاری، پاکڕەوشتی و دادپەروەریی ڕاژەی گشتی هەژمار دەکرێت و بەپێی قانوون دەکرێت ببێتە بنەمای لێپرسینەوەی کارگێڕی، دارایی، یان تاوانی.

١١.٤. یەکسانی لە دەرفەتەکاندا: شایستەسالاری گەڕەنتیی ئەوە دەکات کە وەرگرتنی پۆستی گشتی و ڕاژەی دەوڵەتی، مافێکی یەکسانە بۆ گشت شارۆمەندان. دەوڵەت ئەرکدارە بە بنیاتنانی پەرگاڵێکی ڕووەن و دادپەروەرانەی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن، کە تێیدا تەنیا "توانست" ببێتە بڕیاردەر، نەک "پەیوەندی."

١١.٥. پەروەردە وەک کارگەی شایستەیی: دەوڵەت شایستەسالاری وەک کولتوورێکی نیشتمانی لە پەرگاڵی پەروەردەوە دەچەسپێنێت. ئەرکی دەوڵەتە کە بێوچان بەدوای بەهرە و توانستە نایابەکاندا بگەڕێت و ژینگەی گەشەکردنیان بۆ بڕەخسێنێت، تاوەکوو نەوەیەکی نوخبە بۆ بەڕێوەبردنی جومگە هەستیارەکانی وڵات پێ بگەیەنێت.

١١.٦. سەربەخۆیی پیشەیی: هەر شارۆمەندێک کە بەپێی بنەمای شایستەسالاری پۆستێکی کارگێڕی-فەرمانگەیی پێ دەسپێردرێت، خاوەنی سەربەخۆیی پیشەیی دەبێت و نابێت بەهۆی گۆڕانکاریی وارگێڕی یان تەوژمی وارگێڕیی لە پۆستەکەی لابببرێت، مەگەر بەهۆی کەمبوونەوەی کارایی یان پێشێلکاریی قانوونییەوە بێ کە بە بەڵگە سەلمێندرابێت.

١١.٧. ئامانجی کۆتایی: شایستەسالاری ئامرازی گۆڕینی کۆمارە بۆ یەکەیەکی کارا، بەرهەمهێنەر و پێشەنگ، کە تێیدا باشترین مێشکەکان لە باشترین شوێنەکاندا بۆ ڕاژەی نەتەوە کار دەکەن.

دوازدەیەم: دەوڵەتی ژێر

١٢.١. دەوڵەتی ژێر، ڕەهەندی دیجیتاڵیی کۆمار و پەرگاڵێکی دەسەڵاتداریی پێشەنگە کە تێیدا تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و ژێریی دەستکرد وەک ناوکی کارپێکەری دامەزراوەکان کار دەکەن؛ ئامانجی سەرەکیی بریتییە لە گۆڕینی کارگێڕیی لاسایی بۆ دەسەڵاتداریەکی داتا-تەوەر و خێرا کە توانای پێشبینیکردن و وەڵامدانەوەی ئاڵەنگارییەکانی هەبێت.

١٢.٢. درێژکراوەی سەروەریی: دەوڵەتی ژێر وارگەی دیجیتاڵی وەک بەشێکی دانەبڕاو لە سەروەریی نەتەوەیی دەناسێنێت؛ ئەرکی پاراستنی "سەروەریی داتا" و ژێرخانە ئەلیکترۆنییەکانی نەتەوە لە هەر جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی یان داگیرکارییەکی زانیاریی لە ئەستۆ دەگرێت.

١٢.٣. کارایی و بێ-بیرۆکراسی: دەوڵەتی ژیر پڕۆسە کارگێڕییەکان خۆگەڕ دەکات بۆ کەمکردنەوەی تێچووی مرۆیی و دارایی، نەهێشتنی گەندەڵی و مسۆگەرکردنی ئەوەی کە ڕاژە گشتییەکان بە بێ جیاکاری و بە بەرزترین خێرایی بگەنە دەست شارۆمەندان.

١٢.٤. داتا وەک سامانی ستراتیژی: لەم پەڕگاڵەدا، داتا وەک "خوێنی دەمارەکانی دەوڵەت" سەیر دەکرێت؛ دەوڵەتی ژیر ئەرکی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانستیی داتاکان دەگرێتە ئەستۆ بۆ دارشتنی وارگێڕیی ورد و پشتئەستوور بە بەڵگە، نەک لەسەر بنەمای بۆچوونی کەسی.

١٢.٥. درێژەداریەتی دەوڵەت: دەوڵەتی ژیر گەرەنتیی ئەوە دەکات کە لە کاتی هەر کارەساتێکی فیزیکی یان داگیرکارییەکدا، "ئاوەزی دەوڵەت" و ئەرشیڤی نەتەوەیی و پەرگاڵەکانی بەڕێوەبردن بە پارێزراوی بمێننەوە و پچڕانی دەستووری و دامەزراوەیی ڕوو نەدات.

١٢.٦. هاوسەنگیی مرۆیی-تەکنەلۆژی: سەرەڕای ژیریی پەڕگاڵەکە، دەوڵەتی ژیر هەمیشە لەژێر چاودێریی و کۆنترۆڵی واتاداری مرۆییدا دەمێنێتەوە؛ تەکنەلۆژیا تەنیا ئامرازی ڕاییکردنی ویستمەندیی نەتەوەیە و نابێت ببێتە بڕیاردەری سەربەخۆ لە جیاتی مرۆڤ.

سێزدەیەم: سەروەریی قانوون

١٣.١. سەروەریی قانوون، بنەمایەکی دەستووریی باڵایە کە تێیدا هەموو تاکەکان، ڕێکخراوەکان و خودی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتیش بەبێ جیاوازی ملکەچی قانوونن؛ ئەم بنەمایە گەرەنتی دەکات کە دەسەڵات بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و هەڕەمەکی ڕایی ناکرێت و هیچ کەس و پلە و پۆستێک لە سەروەی قانوون و لێپرسینەوەوە نییە.

١٣.٢. یەکسانیی قانوونیی: قانوون وەک قەڵغانێکی یەکگرتوو بۆ هەموو شارۆمەندان کار دەکات. گشت تاکێک مافی دەستگەیشتنی یەکسانی بە دادپەروەری هەیە و پێویستە بڕیارە دادوەری و کارگێڕییەکان تەنیا لەسەر بنەمای قانوون پێشوەختەکان و بەبێ لایەنگیری بن.

١٣.٣. پێشبینیکردنی قانوونیی: سەروەریی قانوون وا دەخوازێ کە قانوونەکان ڕوون، ئاشکرا و جێگیر بن، تاوەکو شارۆمەندان بتوانن ئاکامی قانوونیی کار و کردەوەکانی خۆیان پێشبینی بکەن، کە ئەمەش بناغەی متمانەی گشتی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتییە.

١٣.٤. ملکەچبوونی دەسەڵات: دەوڵەت و دامەزراوەکانی تەنیا لەو شوێنەدا دەسەڵاتیان هەیە کە قانوون پێی بەخشیون؛ هەر کردەوەیەکی دەسەڵات کە لە سنووری قانوون لابدات، بە دەستدرێژی بۆ سەر مافی نەتەوە هەژمار دەکرێت.

چواردەیەم: هاوئاگایی نەتەوەیی

١٤.١. هاوئاگایی نەتەوەیی، پەیمانێکی بوونناسانەی پێش-قانوونیی و پێش-وارگێڕییە؛ بریتییە لەو ژیریی کۆیی و خۆئاگاییە بەکۆمەڵ و ڕەگداکوتراوەی کە تاکی کورد بە نەتەوەکەیەوە دەبەستێتەوە و تێیدا نەتەوە وەک یەک "خودی مێژوویی" یەکگرتوو و خاوەن یەک ئاسۆی چارەنووس خۆی دەناسێتەوە.

١٤.٢. ئەم هاوئاگاییە لەسەر ئەم کۆڵەکە گەوهەرییانە ڕادەوەستێت:

ئ. بیرەوەریی بەکۆمەڵ: تێگەیشتن و هەستکردنی هاوبەش بە مێژووی شارستانی، نەبەردییەکان و ئەو ئازار و جینۆسایدانەی کە بەسەر جەستەی نەتەوەدا هاتوون و یادەوەریی نەتەوەییان پێک هێناوە.

ب. ویستی هەربوویی: تاسە و ویستمەندیی بێپسانەوەی نەتەوە بۆ گەیشتن بە سەروەریی ڕەها و پاراستنی بوونی خۆی لەسەر هێڵی کات.

پ. هاوبەشیی واتایی: یەکبوونی زمانی، فەرهەنگی و ڕەوشتی کە دەبێتە ئامرازی پاراستنی شوناس لەبەرامبەر هەر داگیرکارییەکی فەرهەنگی یان شێواندنێکی ناسنامەییدا.

١٤.٣. ژیریی کۆیی، هاوئاگایی نەتەوەیی، ویستی مێژوویی سەرچاوەی ڕەسەن و تاقانەی ڕەوایەتیی ئەم دەستوورەیە؛ دەستوور دروستکەری ئەم هاوئاگاییە نییە، بەڵکوو تەنیا ئامرازی گۆڕینی ئەم "ویستە نێوەکییە"یە بۆ "دەسەڵاتێکی قانوونیی" ئاشکرا لە قاڵبی دەوڵەتدا.

١٤.٤. ئەرکی پاراستنی گیانی: دەوڵەت ئەرکدارە بە پاراستنی ئەم هاوئاگاییە لە هەر جۆرە شێواندن، پەرتکردن یان لاوازکردنێک؛ هەر وارگێڕییەک کە ببێتە هۆی کوشتنی ئەم هەستە بەکۆمەڵە، بە هەوڵێک بۆ ڕووخاندنی کۆڵەکە گیانەکی و واتاییەکانی کۆمار و داڕزانی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت.

١٤.٥. هاوئاگایی نەتەوەیی تەنیا لە ڕابردوودا ناژی، بەڵکوو هێزێکی ڕوو لە داهاتووە کە نەتەوە هان دەدات بۆ داهێنان، پێشەنگایەتی و بەشداریکردنی کاریگەر لە شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا وەک یەکەیەکی سەربەخۆ.

پازدەیەم: گەشەی ڕاوەستاو

١٥.١. گەشەی ڕاوەستاو، وارگێڕییەکی ستراتیژیی ئاوەزمەندانەیە بۆ هاوسەنگکردنی پێشکەوتنی ئابووری، دادی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگە؛ بە جۆرێک کە دابینکردنی پێداویستییەکانی نەوەی ئێستا، نەبێتە هۆی تێکدانی "وار" و لاوازکردنی توانای نەوەکانی داهاتوو بۆ دابینکردنی ژیانێکی شکۆمەندانە.

١٥.٢. گەشەی ڕاوەستاو لە کۆماری کوردستاندا لەسەر ئەم سێ کۆڵەکە بنەڕەتییە ڕادەوەستێت:

ئا. هاوسەنگیی سروشتی: هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان وەک جەستەی زیندووی نەتەوە، نەک تەنیا وەک کەرەستەی خاو بۆ بەکارهێنان.

ب. تواناسازیی ئابووری: گۆڕینی سامانە کاتییەکان (وەک نەوت و گاز) بۆ سەرمایەی هەردەمیی، مرۆیی و تەکنەلۆژی بۆ مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی ئابووریی درێژەدار.

پ. دادی گشتگیر: دڵنیابوون لەوەی کە دەرەنجامەکانی گەشە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خۆشبژێویی گشت شارۆمەندان و کەمکردنەوەی جیاوازیی نێوان ناوچەکان.

١٥.٣. گەشە وەک ئەرکی نیشتمانی: ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی وڵات نەک ماف، بەڵکوو ئەرکێکی دەستوورییە بۆ بەهێزکردنی خۆڕاگریی نەتەوەیی لەبەرامبەر ئاڵەنگارییە جیهانییەکاندا.

١٥.٤. ڕۆڵی "دەوڵەتی ژیر" لە گەشەدا: گەشەی ڕاوەستاو لە کوردستان پشت بە تواناکانی دەوڵەتی ژیر دەبەستێت بۆ شیکردنەوەی زانستیی داتاکان بە مەبەستی ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی سەرچاوە نیشتمانییەکان و کەمکردنەوەی زیانە ژینگەییەکان.

١٥.٥. ڕاوەستاویی گەشە: کۆماری کوردستان تەنیا ئەو مۆدێلانەی گەشەپێدان پەیڕەو دەکات کە لەگەڵ گەوهەری نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتدا دێنەوە و نابنە هۆی دروستکردنی پشتبەستنی ستراتیژی بە هێزە دەرەکییەکان.

شانزەیەم: دادی نێوان نەوەکان

١٦.١. دادی نێوان نەوەکان، بریتییە لەو پەیمانە ڕەوشتی و دەستوورییە هەردەمییەی کە تێیدا ماف و بەرژەوەندییەکانی نەوەکانی داهاتوو لەسەر وارگەی مێژوویی کوردستان، هاوتای مافی نەوەی ئێستا دەناسرێت؛ ئەم بنەمایە ڕێگری لەوە دەکات کە نەوەی ئێستا بە ناوی سەروەریی کاتییەوە، سەرچاوە ژینەکییەکانی پاشەڕۆژ زەوت بکات یان ژینگەی نیشتمان بۆ هەمیشە تێک بدات.

١٦.٢. "سپاردەی نەتەوەیی": نەوەی ئێستا تەنیا هەڵگری سپاردەیەکی مێژوویی و بەرپرسیارە لە پاراستنی گەوهەری فیزیکی و واتایی وڵات؛ هەر بڕیارێکی ڕایەداری یان ئابووری کە ببێتە هۆی پچڕاندنی زنجیرەی مانەوە یان سەپاندنی قەرزێکی گەورەی ژینگەیی و دارایی بەسەر نەوەکانی داهاتوودا، بە پێشێلکاریی ئەم دادە و ناپاکی لە دەستوور هەژمار دەکرێت.

١٦.٣. دادی نێوان نەوەکان لە سێ جومگەی سەرەکیدا بەرجەستە دەبێت:

ئا. دادپەروەریی سەرچاوەکان: گۆڕینی سامانە سروشتییەکان بۆ سەرمایەی زانستی، تەکنەلۆژی و ژێرخانیی کە نەوەکانی داهاتوو بتوانن سوودی لێ وەربگرن.

ب. دادپەروەریی ژینگەیی: پاراستنی پاکیی خاک، ئاو و هەوا وەک مەرجی بنەڕەتیی ژیانی نەوەکانی پاشەڕۆژ.

پ. دادپەروەریی شوناس: گەیاندنی زمان، مێژوو و یادەوەریی نەتەوەیی بە بێگەردی بۆ نەوەکانی داهاتوو وەک کۆڵەکەی سەرەکیی مانەوەیان.

١٦.٤. چاودێریی زیرەک: کۆماری کوردستان تواناکانی "دەوڵەتی ژیر" بەکار دەهێنێت بۆ پێوانەکردنی بێپسانەوەی کاریگەریی درێژخایەنی بڕیارە هەنووکەییەکان لەسەر داهاتوو، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هیچ پڕۆژەیەکی کورتخایەن نابێتە هەڕەشە بۆ سەر "هەرمانی نەتەوەیی."

حەڤدەیەم: شوناسی نەتەوەیی

١٧.١. شوناسی نەتەوەیی، چوارچێوەی قانوونیی و واتاییە کە تێیدا نەتەوەی کورد وەک "سوبێکتێکی مێژووساز" پێناسەی خۆی دەکاتەوە؛ ئەم شوناسە ناوکی گەوهەریی بوونایەتیی کۆمارە و لە یەکگرتنی "ڕەچەڵەکی مێژوویی" و "شارۆمەندیی دەستووری" دروست دەبێت.

١٧.٢. هاوکێشەی دوو-ڕەهەندیی شوناس: شوناسی نەتەوەیی لە کۆماری کوردستاندا لەسەر دوو کۆڵەکەی هاوتەریب بونیاد دەنرێت:

ئا. کوردبوون: ڕەهەندە ئۆنتۆلۆژی و مێژوویییەکەیە کە لە ڕەچەڵەک، زمان و پاشماگی شارستانیی دێرینی سەر ئەم خاکە سەرچاوە دەگرێت و وەک بناغەی بوونایەتیی دەوڵەت دەمێنێتەوە.

ب. کوردستانیبوون: ڕەهەندە ژیاری و قانوونییەکەیە کە پەیوەندیی هاوڵاتیی و شارۆمەندیی نێوان تاک و دەوڵەت و وەفاداری بۆ دەستوور و خاکی وڵات دەچەسپێنێت، کە گشت شارۆمەندان بەبێ جیاوازیی ڕەچەڵەک لەخۆ دەگرێت.

١٧.٣. زمانی کوردی وەک کەرەسەی شوناس: زمان نەک هەر ئامرازی ئاخاوتن، بەڵکوو ژێرخانی شوناس و پاسەوانی یادەوەریی نەتەوەیە؛ هەر شێواندنێکی زمانی یان پەراوێزخستنی زاراوەکانی کوردی، بە هێرش بۆ سەر گەوهەری شوناسی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت.

١٧.٤. سەقامیی واتایی: شوناس بریتییە لە مافی نەتەوە بۆ پێناسەکردنی خۆی بەو وشانەی کە لە ناخی مێژووی خۆیەوە هەڵقوڵاون؛ پاراستنی شوناس لە "داگیرکاریی واتایی" و ئایدۆلۆژیا بیانییەکان کە ئامانجیان گۆڕینی ناسنامەی کوردە بۆ پاشکۆ، ئەرکێکی باڵای ئاسایشی نەتەوەییە.

١٧.٥. ئەرکی گواستنەوەی شوناس: شوناس پاشماگێکی بێوچانە کە دەبێت لە ڕێگەی پەروەردە، هونەر و مێدیاوە بە بێگەردی بگوێزرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، تاوەکوو "درێژەداریییەتیی مێژووییی" نەتەوە لەسەر هێڵی کات نەپچڕێت.

هەژدەیەم: شارۆمەندی پێشمەرگە

١٨.١. شارۆمەندی پێشمەرگە، پێگەیەکی دەستووریی باڵایە کە تێیدا مافەکانی شارۆمەندی و ئەرکی پیرۆزی پاراستنی وڵات لە یەک جەستەدا ئاوێتە دەبن؛ گێڕانەوەیە لە تاکێک کە ژیانی تایبەتی خۆی و مانەوەی نەتەوەکەی بە یەک چارەنووسەوە گرێ داوە.

١٨.٢. ئەم شوناسە لە ساتەوەختی خواردنی سوێندی وەفاداری بۆ "دەستوور" دەچەسپێت؛ بەم کردەیە، شارۆمەند لە وەرگرێکی ڕاژەداریییەوە دەگۆڕێت بۆ پاسەوانێکی ئاگاهانە کە بەرپرسیارێتیی ڕاستەوخۆی پاراستنی سەروەریی کۆماری لە ئەستۆ دەگرێت.

١٨.٣. شارۆمەندی پێشمەرگە پاسەوانی زیندووی پەرگاڵی دەستوورییە لە ژیانی ڕۆژانەدا؛ ئەرکی تەنیا لە بەرگریی چەکداری لە سنووورەکاندا کورت نابێتەوە، بەڵکوو بریتییە لە پاراستنی بەهاکان، قانوونەکان و یەکپارچەیی گیانیی کۆمەڵگا لە بەرامبەر هەر هەوڵێکی داڕزاندن یان تێکدان.

١٨.٤. ئەم چەمکە بەرجەستەبوونی دۆکترینی "نەتەوەی چەکدار"ـە؛ ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە کۆماری کوردستاندا، هێزی دەوڵەت نەک لە چەک، بەڵکوو لە ویستمەندیی ڕێکخراوی شارۆمەندانەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئامادەن لە کاتی پێویستدا تواناکانی خۆیان بخەنە ڕاژەی نیشتمانەوە.

١٨.٥. شارۆمەندی پێشمەرگە وەک "قەڵغانی کۆتایی" نەتەوە پێناسە دەکرێت؛ لە کاتی هەر هەڕەشەیەکی بوونایەتی یان داگیرکارییەکدا کە دامەزراوە فیزیکییەکان بخاتە مەترسییەوە، ئەم پێگەیە گەرەنتیی درێژەداریی‌یەتیی بەرگری و نەفەوتانی سەروەریی نەتەوەیی دەکات.

١٨.٦. ئەم پێگەیە شوناسێکی نەتەوەیی سەروو- پارتایەتی و سەروو-ناوچەییە؛ تێیدا هەموو جیاوازییە لاوەکییەکان دەتوێنەوە و تەنیا یەک یەکەمایەتی دەمێنێتەوە، ئەویش پاراستنی شکۆ و هەرمانی کوردستانە وەک ماڵی هاوبەشی هەموان.

١٨.٧. شارۆمەندی پێشمەرگە، ڕێزگرتنە لە پاشماگی مێژوویی تێکۆشان و گواستنەوەیەتی بۆ قاڵبێکی دەوڵەتمەداریی مۆدێرن؛ گەرەنتیی ئەوە دەدات کە نەتەوەی کورد هەرگیز و لەژێر هیچ بارودۆخێکدا، جارێکی دیکە بێ بەرگری و بێ پەنا نامێنێتەوە.

نۆزدەیەم: شکۆی نەتەوەیی

١٩.١. شکۆی نەتەوەیی، کۆی گشتیی ئەو بەها و شکۆمەندییە گەوهەرییانەیە کە کەسایەتیی مێژوویی و دەوڵەتیی نەتەوەی کورد پێک دەهێنن؛ بناغەی ڕەوشتیی سەروەرانەی و سەرچاوەی متمانەی بەخۆبوونی بەکۆمەڵە کە واتا بە بوونی وارگێڕیی دەوڵەت دەبەخشێت.

١٩.٢. ئەم شکۆیە لە ڕەسەنایەتیی شارستانییەتە دێرینەکانی سەر خاکی کوردستان و ویستمەندیی نەشکێنراوی نەتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی زۆرداری و پاراستنی بوونی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت؛ هەر دەستدرێژییەک بۆ سەر ئەم شکۆیە، بە دەستدرێژی بۆ سەر خودی "بوون"ـی نەتەوە هەژمار دەکرێت.

١٩.٣. شکۆی نەتەوەیی بە تووندی بە سەربەخۆیی و سەروەرییەوە گرێ دراوە؛ نەتەوەی بێدەوڵەت نەتەوەیەکە کە شکۆی مێژوویی لەتکراوە، و دامەزراندنی کۆماری کوردستان، کردەی گەڕاندنەوەی ئەو شکۆیە و چەسپاندنیەتی وەک یەکەیەکی هاوتا لە پەڕگاڵی جیهانییدا.

١٩.٤. ئەم بەهایە وەک "داراییەکی واتایی" پارێزراو دەناسرێت؛ دەوڵەت ئەرکدارە بە بەرەنگاربوونەوەی هەر گوتار یان کردەوەیەک (چ ناوخۆیی و چ دەرەکی) کە ئامانجی سووکایەتیکردن، بچووککردنەوە، یان شێواندنی شوناس و یادەوەریی نەتەوەیی بێت.

١٩.٥. شکۆی نەتەوەیی، ئاوێنەی شکۆی هەر تاکێکی شارۆمەندە؛ دەوڵەت لە ڕێگەی دابینکردنی ژیانێکی شایستە، پەروەردەیەکی باڵا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، شکۆی نەتەوەیی لەناو جەستەی هەر شارۆمەندێکدا بەرجەستە دەکات تاوەکوو مرۆڤی کورد لە هەر شوێنێکی جیهان بێت، هەست بە پارێزراویی و بەرزی بکات.

١٩.٦. پاراستنی شکۆی نەتەوەیی، پێویستی بە "سەقامیی واتایی" هەیە؛ ئەمە بە واتای مافی ڕەهای نەتەوە دێت بۆ پێناسەکردنی خۆی، مێژووەکەی و ئامانجەکانی، بەو زمان و چەمکانەی لە ناخی مێژووی خۆیەوە هەڵقوڵاون، نەک ملکەچبوون بۆ ئەو پێناسانەی کە داگیرکەران بەسەریدا دەسەپێنن.

١٩.٧. شکۆی نەتەوەیی، پێوەر و مەرجی هەڵسوکەوتی یەکسانە لەگەڵ نەتەوەکانی تردا؛ کۆماری کوردستان تەنیا ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتی و وارگێڕییانە پەسەند دەکات کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دووڵایەنە لە شکۆ، شوناس و سەربەخۆیی کوردستان دامەزرابن.

بیستەم: سەرمایەداریی نیشتمانی

٢٠.١. سەرمایەداریی نیشتمانی، بزوێنەری خۆ-ئامانجی گەشەی هێزی نەتەوەییە؛ ئەم هێزە لە پێناو فراوانکردنی قازانج، سەرمایە و قەڵەمڕەوی دارایی خۆیدا کار دەکات و لەم ڕێگەیەوە، بە شێوەیەکی خۆگەڕ، دەبێتە هۆی مۆدێرنیزەکردنی ژێرخانەکان، پێشخستنی زانست و بەهێزکردنی جەستەی دەوڵەت.

٢٠.٢. ڕەوایەتیی ئەم سەرمایەداریە بەندە بە قەتیسکردنی "خولی سەرمایە" لە ناو وارگەی نەتەوەییدا و ڕێگریکردن لە خوێنبەربوونی دارایی نەتەوە بەرەو دەرەوەی وڵات؛ سەرمایەداریی

نیشتمانی تەنیا لەو شوێنەدا بە فەرمی دەناسرێ کە قازانجە بەدەستهاتووەکان دووبارە لە پرۆژە بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکاندا وەبەرهێنانیان پێ بکرێتەوە بۆ گەورەکردنی بازاڕی نیشتمانی.

٢٠.٣. ئاسوودەیی چینی ناوەند و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی، نەک وەک ئامانجێکی خێرخوازی، بەڵکوو وەک دەرهاویشتەیەکی لۆژیکیی پێداویستیی سەرمایە بۆ هێزی کاری پسپۆڕ و بازاڕی کرپاری بەتوانا دێتە کایەوە؛ بەمەش گەشەی سەرمایەداری دەبێتە گەرەنتیی جێگیریی ئابووری و بەرزبوونەوەی چلۆنایەتیی ژیان بۆ شارۆمەندان.

٢٠.٤. سەرمایەداریی نیشتمانی وەک "هاوبەشی ستراتیژیی دەوڵەت" پێناسە دەکرێت؛ تێیدا دەوڵەت ژینگەی قانوونیی و ئاسایشی وەبەرهێنان دابین دەکات، و سەرمایەش ئەرکی پێشەنگایەتیی تەکنەلۆژی و پیشەسازیی کوردستان لە ئاستی جیهانیدا دەگرێتە ئەستۆ.

بیست و یەکەم: ساغکردنەوەی دیمۆگرافی

٢١.١. ساغکردنەوەی دیمۆگرافی، پرۆسەیەکی زانستی و دەستووریی ستراتیژییە بۆ ڕاستکردنەوەی جەستەی نەتەوەیی و گێڕانەوەی هاوسەنگیی سروشتی بۆ ئەو ناوچانەی کە بە هۆکاری مێژوویی یان وارگێڕی (سیاسی) تووشی سڕینەوەی شوناس یان گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتووان بوون؛ ئامانجی ئەم پرۆسەیە هاوتایکردنی "کەتواری دانیشتووان"ـە لەگەڵ "ڕەوایەتیی مێژوویی وار."

٢١.٢. ئەم چەمکە لەسەر بنەمای "ناقانوونییبوونی ئەنجامی زەبر" ڕادەوەستێت؛ کۆماری کوردستان گشت ئەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافییانەی کە لە پاش شەپۆلەکانی داگیرکارییەوە (لە فتووحاتە کۆنەکانەوە تا پاکتاوە نەژادییەکانی سەردەمی مۆدێرن) بەسەر خاکی کوردستاندا هێنراون، بە کردەوەیەکی نادروست و نادەستووری دەناسێنێ کە تێپەڕبوونی کات ڕەوایەتییان پێ نابەخشێت.

٢١.٣. ڕەهەندەکانی ساغکردنەوە لەم سێ جومگەیەدا بەرجەستە دەبێت:

ئ. ساغکردنەوەی فیزیکی: هاندانی گەڕانەوەی سیستماتیکی نەتەوەی کورد بۆ ئەو ناوچانەی لێی دابڕێنراون و دابینکردنی ژێرخانی پێویست بۆ جێگیربوونیان.

ب. ساغکردنەوەی واتایی: گێڕانەوەی ناوە ڕەسەنەکان بۆ شوێنە جوگرافییەکان و سڕینەوەی ئەو ناسنامە دەستکردانەی کە داگیرکەران بەسەر "واری نەتەوەیی"ـدا سەپاندوویانە.

پ. ساغکردنەوەی قانوونیی: پووچەڵکردنەوەی گشت ئەو هەڵسوکەوت و بەڵگەنامانەی ملکایەتی کە وەک ئامرازی گۆڕینی دیمۆگرافیا بەکار هێنراون.

٢١.٤. ساغکردنەوەی دیمۆگرافی ئامرازێکی بنەڕەتیی ئاسایشی نەتەوەییە؛ ئامانجی کۆتایی بریتییە لە مسۆگەرکردنی ئەوەی کە وارگەی مێژوویی کوردستان هەمیشە وەک قەڵایەکی تێکشکێنراوی شوناسی کوردی بمێنێتەوە و هیچ کەمینەیەکی دەستکرد نەتوانێت ببێتە هۆکاری پەکخستنی سەروەریی دەوڵەت یان تێکدانی یەکپارچەیی وڵات.

٢١.٥. ئەم پرۆسەیە ئەرکێکی درێژخایەنی دەوڵەتە و لە ڕێگەی "دەوڵەتی ژیر" و "پلانی نیشتمانیی ساغکردنەوە"ـوە بە شێوەیەکی زانستی و هەنگاو-بە-هەنگاو ڕایی دەکرێت، تاوەکوو جارێکی دیکە جوگرافیای نیشتمان لەگەڵ مێژووی نەتەوەدا یەک بگرێتەوە.

بیست و دووەم: گەڕیاریی نیشتمانی

٢٢.١. گەڕیاری، پرۆسەی ئاوەزمەندانە و پیشەسازییەکی ستراتیژییە بۆ نواندنی شوناسی شارستانیی نەتەوە و گۆڕینی "وار" بۆ مەکۆیەکی جیهانیی زانین و بینین؛ گەڕیاری نەک هەر چالاکییەکی کاتبەسەربردن، بەڵکوو ئامرازێکی "هێزی نەرم"ـی کۆمارە بۆ چەسپاندنی گێڕانەوەی ڕاستگۆیانەی کورد لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

٢٢.٢. ئەم چەمکە گوزارشتە لە هاوسەنگیی نێوان "گەشەی ئابووری" و "پاراستنی ڕەسەنایەتی"؛ تێیدا گەڕیاریی نیشتمانی پابەندە بە بەرزڕاگرتنی شکۆی شوێنەوارە پاتارناسییەکان (باوانناسی) و پاراستنی بێگەردیی ژینگەی کوردستان وەک داراییەکی نیشتمانیی دەستلێنەدراو، بە جۆرێک کە گەشەپێدان نەبێتە هۆی شێواندنی جەستەی سروشتی و مێژوویی وڵات.

٢٢.٣. گەڕیاری ڕەهەندێکی بەرگریی ئابووری و دارایی هەیە؛ دەوڵەت لە ڕێگەی هاندانی گەڕیاریی ناوخۆیی و ڕێکخستنی دەستووریی "فەرد"ـە دەرەکییەکان (گەشتەکان بەرەو دەرەوە)، ڕێگری لە خوێنبەربوونی دراوی نیشتمانی دەکات و کار بۆ ئەوە دەکات کە سامانی وڵات لە ناوخۆی کوردستاندا لە جووڵەی ئاوەدانکەرەوەدا بمێنێتەوە.

٢٢.٤. لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەییەوە، گەڕیاری چوارچێوەیەکی قانوونییە بۆ ڕێکخستنی کارلێکی نێوان کۆمەڵگای کوردستان و بیانییەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە؛ دەوڵەت ئەرکدارە بە

پاراستنی وڵات لە هەر جۆرە دزەکردنێکی هزری یان هەواڵگریی کە لەژێر پەردەی گەڕیاریدا ئامانجی لاوازکردنی شوناسی نەتەوەیی یان تێکدانی پەڕگاڵی گشتی بێت.

پەیکەری سێیەم:

پاشکۆکان

پاشکۆ ١: بۆچی سوێندنامە

بۆچی سوێندنامەی هاوواڵاتیبوون

پەیماننامەی هاوواڵاتیبوون و ڕێنمای جێبەجێکردنی سوێند

سوێندنامەی هاوواڵاتیبوون لە دەستووری کۆماری کوردستاندا کردەیەکی بنەڕەتیی دەستووری و دەربڕینی ئاگایانەی پەیوەندیی نێوان تاک، نەتەوە و دەوڵەتە، کە تێیدا هاوواڵاتی بە ویستی ئازاد و هەڵوێستی بەرپرسیارانەی خۆی پەیمانی پابەندی بە دەستوور و سەروەریی کوردستان دەگرێتە ئەستۆ و بە واژۆی خۆی ئەو بنەما و بەهایانەی قانوونی بنەڕەتی لەسەریان دامەزراوە دەگوازێتە ناو ژیانی کرداریی خۆی. لەم پرۆسەیەدا، دەستوور وەک جەستەی قانوونیی ویستی کۆیی نەتەوە، لە ئاستی ڕێکخستنی دەسەڵات و پێناسەکردنی ماف و ئەرکەوە بە پەیوەندییەکی زیندووی ویژدانی و کرداری لەگەڵ هاوواڵاتی پەیوەست دەبێت، چونکە هەر پەیمانێکی دەستووری، بۆ ئەوەی بتوانێت بناغەی دەوڵەتداریی‌یەکی دروێژەدار پێک بهێنێت، پێویستی بە تاکگەلێک هەیە کە لە ناوەڕۆکی تێبگەن، بە ئازادی پەسەندی بکەن و لە کردار و بڕیارەکانی خۆیاندا بەرپرسیاریی جێبەجێکردنی هەڵبگرن. سوێندنامە لەو تێگەیشتنەدا پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لە نێوان بوونی نەتەوەیی و بکەرایەتیی دەستووریدا دادەمەزرێنێت؛ پەیوەندییەک کە سەرچاوەی لە وار، مێژوو و هاوئاگایی نەتەوەییدایە و بە بڕیاری تاکەکەسی شێوەی پەیمانێکی ڕوون و بەرپرسیارانە وەردەگرێت، تا هاوواڵاتی خۆی وەک خاوەنی ماف و هەڵگری ئەرک لە پەرگاڵی کۆماردا بناسێت و بەشداریی خۆی لە مانەوە و بەهێزبوونی ئەو پەرگاڵەدا بە ئەرکێکی خۆی بزانێت.

بنەمای بوونناسانەی ئەم پەیمانە لە پەیوەندیی ڕەسەنی کورد بە کوردستانەوە هەڵدەقوڵێت؛ کوردستان وەک وارگەی نەتەوەیی و جەستەی شتەکی و گیانەکی بوونایەتیی کورد، هەڵگری ئەو مێژوو و یادەوەری و پاشماگە شارستانییەیە کە نەوەکانی پێشوو لەسەری ژیاون و نەوەکانی ئێستا بەرپرسیاریی پاراستن و گەشەپێدانی هەڵدەگرن. ئەم پەیوەندییە مێژوویی بنەمای ڕەسەنایەتیی خاوەندارێتیی وار پێک دەهێنێت، لە کاتێکدا سوێندنامە ڕەهەندی ویژدانی و دەستووریی ئەو خاوەندارێتییە جەستەمەند دەکات و لە ڕێگەی پابەندیی ئاگایانەی تاکەوە مافی پشکداری لە چارەنووسی نەتەوە بە بەرپرسیاریی پاراستنی ئەو پشکدارییەوە دەبەستێتەوە. هاوواڵتی بە واژۆی خۆی دان بەو پەیوەندییەدا دەنێ کە لە نێوان خۆی و وارگەی نەتەوەییدا لە درێژایی مێژوودا شێوەی گرتووە، بەڵام گەوهەری ئەو واژۆیە لە هەڵگرتنی بەرپرسیارییەکی دەستووریدا دەردەکەوێ کە پاراستنی یەکپارچەیی کوردستان، سەروەریی قانوون، شکۆی نەتەوەیی و ئەرکەکانی هاووڵاتیبوون لە ناو یەک چوارچێوەی پەیوەستدا کۆ دەکاتەوە. بەم مانایە، سوێندخواردن گواستنەوەی پەیوەندیی مێژوویی بۆ پەیمانی بەرپرسیاریی و ئەو ساتە دەستوورییەیە کە تاک بە بڕیاری خۆی پەیوەندیی خاوەندارێتیی وار لەگەڵ پابەندیی بە پەرگاڵی سەروەریی کوردستاندا یەک دەخات.

ڕەوایەتیی دەستوور و پەیمانی هاووڵاتی

دەستووری کۆماری کوردستان وەک قانوونی بنەڕەتی و باڵای دەوڵەت، سەرچاوەی ڕێکخستنی دەسەڵات و دیاریکردنی پێگە، ئەرک و بەرپرسیارییەکانی دامەزراوەکانە و ڕەوایەتیی خۆی لە ویستی کۆیی نەتەوە و پەیمانی دامەزراندنی کۆمارەوە وەردەگرێت؛ لەم چوارچێوەیەدا سوێندی هاووڵاتی پەیمانێکە لەگەڵ کوردستان و قانوونی بنەڕەتیی کۆمار، کە بە گۆڕانی دەسەڵاتداران و نوێبوونەوەی پەرگاڵە وارگێڕییەکاندا جێگیریی خۆی دەپارێزێت و وەفاداریی نەتەوەیی لە بنەمای سەروەریی دەستووردا دادەکوتێت. سەرکۆمار، دەسەڵاتی ڕایەدار، کۆڕی قانووندانان، دادگا و هەموو دەزگاکانی کۆمار، هەر یەکەیان بە پێی دەسەڵات و بەرپرسیاریی دیاریکراوی خۆیان لە چوارچێوەی دەستووردا کار دەکەن و پێگەی خۆیان لە پابەندیی بەو قانوونە بناغەییە وەردەگرن، لە کاتێکدا هاووڵاتی بە سوێندی خۆی پابەندییەکی درێژەدار بە بنەماکانی کۆمار دەردەبڕێت و خۆی بە بەشدارێک لە پاراستنی ئەو ڕێکخستنە دەزانێت. ئەم جیاوازییە نێوان دەسەڵاتی دامەزراوەیی و سەروەریی دەستوور، گەرەنتییەکی بنەڕەتیی دەوڵەتداریی دەستووری پێک دەهێنێت، چونکە دەسەڵات بە قانوون سنووردار دەکرێت و هەر گۆڕانکارییەکی گەوهەریی پەیوەست بە پەیمانی نەتەوەیی لە

ڕێگەی ڕێکارە دەستوورییە دیاریکراوەکانەوە ئەنجام دەدرێت؛ لەبەر ئەوە، سوێندنامە لە هەمان کاتدا دەربڕینی وەفاداری بە نیشتمان و پابەندی بە پێوەرێکی باڵاتری ڕەوایەتییە کە دامەزراوە و دەسەڵاتدار و هاوواڵتی هەموویان لە ژێر سەروەریی ئەودا دەژین.

پەیمانی هاوواڵتیبوون لە بنەمای قانوونی و ڕەوشتیی خۆیدا پەیوەندییەکی دوولایەنەی نێوان تاک و کۆمارە، کە تێیدا ماف و ئەرک و خاوەندارێتی و بەرپرسیاری لە چوارچێوەی هاوبەشیی چارەنووسدا یەکدەگرنەوە و هەر لایەک بە پێی پێگەی دەستووریی خۆی ئەرکەکانی بەرامبەر بە لایەنی دیکە جێبەجێ دەکات. کۆمار بە پاراستنی ژیان و کەرامەتیی مرۆڤ، دەستەبەرکردنی دادپەروەری، سەروەریی قانوون، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، یەکسانیی هاوواڵتیان لەبەرامبەر قانوون و پێشکەشکردنی ڕاژە گشتییەکان بەرپرسیاریی خۆی بەرامبەر بە تاک جەستەمەند دەکات، لە کاتێکدا هاوواڵتی بە پابەندیی بە دەستوور، ڕێزگرتن لە مافەکانی ئەوانی دیکە، پاراستنی سامان و دامەزراوە گشتییەکان و بەشداری لە ئاوەدانی و بەهێزکردنی کوردستاندا بەرپرسیاریی خۆی بەرامبەر بە کۆ دەگرێتە ئەستۆ. بنەمای ئەم پەیوەندییە لە هاوسەنگیی نێوان ئازادیی تاک و بەرژەوەندیی گشتیدا جێگیرە، چونکە سەروەریی دەوڵەت بۆ پاراستنی شکۆ و مافەکانی هاوواڵتیان بەکار دەهێنرێت و بەشداریی هاوواڵتیانیش توانای دامەزراوەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرپرسیارییانە بەهێز دەکات؛ لەوێدا پەیمانی سوێند بە پەیوەندییەکی بەرپرسیارانەی نێوان تاک و کۆ دەگات، کە تێیدا ئازادیی تاک بە پاراستنی مافی ئەوانی دیکە پتەوتر دەبێت و توانای کۆمار بە متمانە و بەشداریی هاوواڵتیانی گەشە دەکات.

یەکسانیی دەستووریی هاوواڵتیان یەکێکە لە بنەماکانی ئەم پەیمانە، چونکە دەستوور هەموو تاکەکان لە چوارچێوەی ماف و ئەرکە دیاریکراوەکاندا بە پێوەرێکی یەکسان دەناسێنێت و پێگەی دەسەڵاتدار و هاوواڵتی لەبەرامبەر قانوونی بنەڕەتیدا بە هەمان بنەمای پابەندی هەڵدەسەنگێنێت. لەو ڕوانگەیەدا، سەرکۆمار و دادوەر و سەرباز و زاناکار و مامۆستا و پیشەساز و کارکەر، هەر یەکەیان بە ئەرک و بەرپرسیاریی تایبەتیی خۆیان هەڵگری پابەندیی بە دەستوورن و پەیمانی هاوواڵتیبوون بە هەمان گەوهەریی قانوونی و ڕەوشتی بۆ هەموان جێگیر دەبێت. ئەم یەکسانییە بنەمایەکی باڵای دامەزراوەییە، چونکە سەروەریی قانوون لە ڕێگەی پابەندیی گشتی و بەرپرسیاریی دەسەڵاتدارانەوە مانای کرداری وەردەگرێت و متمانەی نێوان هاوواڵتی و کۆمار بە ڕوونیی ماف و ئەرکەکان بەهێز دەبێت؛ هەر لەبەر ئەوە، دەقی پەسەندکراوی سوێندنامە و ناوەڕۆکی پەیمان بۆ هەموو واژۆکەران بە

یەک شێوە دەپارێزرێت و هەر گۆڕانکارییەکی گەوهەریی پەیوەست بەو پەیمانە لە چوارچێوەی ڕێکارە دەستوورییەکانی خۆیدا ئەنجام دەدرێت، تا جێگیریی قانوونی و درێژەداریی ڕەوایەتیی کۆمار لەگەڵ نوێبوونەوەی دامەزراوەکاندا بەردەوام بێت.

واژۆی سوێندنامە و بەرپرسیاریی تاک

پەڕەی سوێندنامەی سەرەتای ئەم وەشانە شوێنی دەربڕینی تاکەکەسیی پابەندی بە پەیمانی دەستووریی کوردستانە، کە تێیدا خاوەنی پەڕتووک بە نووسینی ناو و زانیاریی ناسنامەیی و ڕێکەوت و شوێنی واژۆ، ئەم وەشانەی دەستوور بە پەیوەندیی ئاگایانەی خۆی بە پەیمانی نەتەوەییەوە دەبەستێتەوە و بە واژۆی دەستی خۆی ئەو پەیوەندییە ویژدانی و دەستووریە بەڵگەدار دەکات. ئەم کردەیە لە ڕووی فەلسەفییەوە بەشداربوونی تاک لە پەیمانێکی کۆیی جەستەمەند دەکات، چونکە واژۆکەر بە ویستی ئازادی خۆی پابەندی بە بنەماکانی دەستوور ڕادەگەیەنێت و خۆی وەک بکەرێکی بەرپرسیار لە ژیانی نەتەوە و کۆماردا دەناسێت؛ لە ڕووی بەڵگەداریەوەش، وەشانی واژۆکراو دەبێتە یادگار و سەلمێنەری دەربڕینی ئەو پابەندییە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا. دەقی دەستوور لەم پرۆسەیەدا بە هەمان پێگەی گشتی و گەوهەریی یەکسانی خۆی دەپارێزرێت و واژۆکردنی پەڕەکە پەیوەندیی تاکەکەسیی خاوەنەکەی بەو پەیمانەوە دیاری دەکات، لە کاتێکدا پێگەی قانوونیی شارۆمەندی و کاریگەریی سوێندی فەرمی بە پێی دەستوور و قانوونە پەیوەندیدارەکان ڕێک دەخرێن. ئەم جیاوازییە گرنگییەکی بنەڕەتی لە پاراستنی ڕەوایەتیی ڕێکارە دەستووریەکاندا هەیە، چونکە پابەندیی ویژدانی و دەربڕینی تاکەکەسیی پەیمان بەشێکن لە ژیانی نەتەوەیی و پێگەی قانوونیی شارۆمەندییش بەپێی مەرج و ڕێکارە دیاریکراوەکانی قانوونی بنەڕەتی دەناسرێتەوە.

هێزی ڕاستەقینەی سوێندنامە لەو بەرپرسیارییە کردارییەدا جەستەمەند دەبێ کە هاوواڵاتی بە ئازادی دەیگرێتە ئەستۆ و لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە ئەرک و بەشداری و ڕاڤە بە کۆمەڵگا درێژەی پێ دەدات، چونکە دەوڵەتداریی دەستووری لە ڕێگەی کرداری بەرپرسیارانەکانی تاکەکانەوە توانای خۆی بۆ پاراستنی ماف و پەرەپێدانی سامان و شایستەیی دامەزراوەیی گەشە پێ دەدات. لەم چوارچێوەیەدا، پاراستنی کوردستان ڕەهەندێکی فراوانی نیشتمانی وەردەگرێ کە بەرگری لە خاک و سەروەریی وڵات لەگەڵ بەهێزکردنی دادوەری و کارگێڕی، پاراستنی زمانی کوردی و پاشماگی شارستانی، گەشەپێدانی زانست و تەکنەلۆژیا، دامەزراندنی ئابووریەکی بەرهەمهێنەر و بەهێزکردنی متمانەی کۆمەڵایەتی لە ناو یەک بەرپرسیاریی هاوبەشدا یەک دەخاتەوە. زاناکار بە توێژینەوە و داهێنان، مامۆستا بە

پەروەردەی نەوەکان، دادوەر بە پاسەوانی لە دادپەروەری، پیشەساز بە بەرهەمهێنان، کشتوکاڵکار بە پاراستنی ئاسایشی خۆراک، کارکەر بە پەرەپێدانی سامان و هێزەکانی پاراستنی وڵات بە جێبەجێکردنی ئەرکە قانوونییەکانیان، هەر یەک بە توانای تایبەتیی خۆی بەشێک لە پەیمانی نەتەوەیی جەستەمەند دەکەن؛ لەبەر ئەوە، سوێندنامە ئەو بنەمایە دەچەسپێنێ کە هاوواڵتیبوون پێگەیەکی چالاکی دەستوورییە و هەر تاکێک دەتوانێت لە چوارچێوەی ماف و ئەرکەکانی خۆیدا بەشداری لە پتەوکردنی کۆمار و بەرزکردنەوەی توانای نەتەوەدا بکات.

پەیمانی نەوەکان و سپێردەی نیشتمان

پەیمانی هاووڵاتیبوون لە ڕەهەندی مێژوویی خۆیدا پەیوەندییەکی درێژەداری نێوان نەوەکانی پێشوو، ئێستا و داهاتووش پێک دەهێنێت، چونکە وارگەی نەتەوەیی و ئەو سامانە شتەکی و گیانەکییانەی بوونایەتیی کوردیان پێک هێناوە، لە ئەزموون و خەبات و داهێنانی نەوەکانی پێشووەوە گەیشتوونەتە دەستی نەوەی ئێستا و پاراستن و گەشەپێدان و گواستنەوەیان بۆ داهاتوو بەرپرسیارییەکی مێژوویی و دەستوورییە. لەم تێگەیشتنەدا، خاوەندارێتیی نەتەوەیی لەگەڵ چەمکی سپێردەدا یەکدەگرێتەوە، بەو مانایەی کە هەر نەوەیەک مافی بەشداری لە ژیانی وارگەی نەتەوەیی و بەکارهێنانی سامانە هاوبەشەکانی هەیە و لە هەمان کاتدا بەرپرسیارییی ئەوە دەگرێتە ئەستۆ کە بناغەکانی ژیانی هاوبەش بۆ نەوەکانی داهاتوو پتەوتر بکات. ئەم بەرپرسیارییە بە پاراستنی خاک و سامانە سروشتییەکان، گەشەپێدانی زانست و شارستانییەت، بەهێزکردنی دامەزراوەی دادپەروەر و شایستە و بنیادنان و پاراستنی پەرگاڵێکی سەقامگیری دەوڵەتداری جەستەمەند دەبێت، چونکە پێوەری سەرکەوتنی نەوەیەک لە توانای ئەودا بۆ زیادکردنی ئەو سامان و دەرفەتانە دەردەکەوێ کە داهاتووی وڵات لەسەریان وەستاوە. سوێندنامە ئەم بەرپرسیارییە هەردەمییە لە ئاستی ویژدانی نەتەوەییەوە دەگوازێتە ناو پەیمانی تاکەکەسیی هاووڵاتی و بەو شێوەیە هەر واژۆکەرێک دەبێتە بەشدارێک لە زنجیرەیەکی بێپسانەوەی پاراستن و بنیادنان، کە لە مێژووی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت و بە کردار و بەرهەمی نەوەی ئێستا بۆ داهاتوو درێژە دەکێشێت.

لە کۆتاییدا، سوێندنامەی هاووڵاتیبوون پەیمانێکی دەستووری و ویژدانییە کە تاک لە پێگەی خاوەنی پەیوەندییەکی ڕەسەنی نەتەوەییەوە دەباتە ئاستی بکەرێکی ئاگایانە و بەرپرسیاری ژیانی کۆمار و بە پابەندیی بە دەستوور و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی هاووڵاتیبوون، توانای تاکەکەسی دەکاتە بەشێک لە هێزی گشتیی نەتەوە. ئەم پەیمانە بە واژۆ دەربڕینی فەرمیی ویستی تاک

وەردەگرێت و بە کردار و هەڵوێست و بەرپرسیاریی نیشتمانی ناوەڕۆکی خۆی لە ژیانی کۆمەڵگادا جەستەمەند دەکات، بەو مانایەی کە دەستوور بنەمای ڕێکخستنی دەوڵەتداری دادەنێت و هاووڵاتییە خاوەن ئاگایی و بەرپرسیاریییەکان بە ژیانی ڕۆژانە و بەرهەمهێنانی خۆیان ئەو بنەمایانە دەکەنە توانایەکی ڕاستەقینەی پاراستن و پێشکەوتن. لەم پەیوەندییەدا، کوردستان وەک وارگەی نەتەوەیی و کۆماری کوردستان وەک پەرگاڵی سەروەریی دەستووری، بە هاووڵاتیانی خاوەن ماف و هەڵگری ئەرک بەهێز دەبن و پەیمانی هاووڵاتیبوون دەبێتە یەکێک لە بناغەکانی پتەوکردنی ڕەوایەتی، جێگیریی دامەزراوەیی و درێژەداریی دەوڵەتداریی کوردستان.

وەها سوێند لە وشەوە دەگۆڕێت بۆ هێزی بنیادنەر و گەشەستێن؛ پەیمانی تاک بە دەستوور دەبێتە کرداری هاووڵاتی، کرداری هاووڵاتی دەبێتە توانای نەتەوە و توانای نەتەوەش بناغەی درێژەداریی سەروەری و شکۆی کوردستان پتەوتر دەکات.

پاشکۆی ٢: خۆتۆمارکردنی هاوواڵتیبوون

داخوازکاریی بۆ تۆمارکردن وەک هاوواڵاتیی کۆماری کوردستان

تۆمارکردنی دامەزراوەیی هاوواڵاتیبوونی کوردستانی

بۆچی تۆمارکردنی دامەزراوەیی؟

تۆمارکردنی دامەزراوەیی هاوواڵاتیبوونی کوردستانی کردەیەکی ئاگایانەی نەتەوەسازی و دامەزراوەسازییە کە پەیوەندیی ڕەسەنی تاک بە نەتەوە و نیشتمانەوە لە ئاستی شوناس و هاوئاگایی نەتەوەییەوە دەگوازێتە ناو چوارچێوەیەکی ڕێکخراو، بەڵگەدار و باوەڕپێکراوی دامەزراوەیی، بەو مانایەی کە پەیوەندییەکی مێژوویی و ئۆرگانیکی، لە ڕێگەی پەرگاڵێکی دیاریکراوی ناسینەوە و پشتڕاستکردنەوەوە، شێوەیەکی ڕوونی کارگێڕی و بەڵگەنامەیی وەردەگرێت و دەبێتە بەشێک لە توانای ڕێکخراوی نەتەوە بۆ پاراستن و درێژەدارکردنی بوونی خۆی. بنەمای ئەم پڕۆسەیە لە جیاوازیی نێوان ڕەسەنایەتیی پەیوەندیی نەتەوەیی و ناسینەوەی دامەزراوەیی ئەو پەیوەندییە هەڵدەقوڵێت، چونکە پێگەی نەتەوەیی تاک لە پەیوەندیی مێژوویی بە وارگەی نەتەوەیی، هاوبەشیی یادەوەری و پاشماگی شارستانی و بەشداریکردن لە ژیانی نەتەوەدا ڕەگ داکوتاوە، لە کاتێکدا دامەزراوەسازی ئەو پەیوەندییە دەخاتە ناو پەرگاڵێکی هاوبەشی زانیاری، بەڵگەنامە و بەرپرسیاریی کارگێڕی. لەم تێگەیشتنەدا، تۆمارکردن دەرفەتێکە بۆ ئەوەی تاک بە ویستی ئازاد و ئاگایی خۆی پەیوەندیی نەتەوەیی خۆی بەڵگەدار بکات و بەشداری لە بنیادنان و بەهێزکردنی تۆمارگەیەکی

نیشتمانییدا بکات که دەتوانێت ببێتە یەکێک لە بناغەکانی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و دامەزراوە نەتەوەییەکان.

کوردستان، وەک وارگەی نەتەوەیی و جەستەی شتەکی و گیانەکی بوونایەتیی کورد، بنەمای مێژوویی ئەو پەیوەندییەیە کە تاکەکانی نەتەوە بە یەکتر و بە نیشتمانی هاوبەشیانەوە دەبەستێتەوە و لە ڕێگەی زمان، یادەوەری، پاشماگی شارستانی، خاوەندارێتیی وار و هاوئاگایی نەتەوەییەوە درێژەداریی خۆی دەپارێزێت. ئەم پەیوەندییە لەگەڵ جیاوازیی شوێنی لەدایکبوون، نیشتەجێبوون و پێگەی قانوونیی تاکەکاندا شێوەی جیاوازی وەرگرتووە و لە بارودۆخی دابەشبوونی وارگەی نەتەوەیی لە ژێر پەرگاڵە دەوڵەتی و قانوونییە داگیرکەرەکاندا، پێویستیی بە دامەزراوەگەلێک هەبووە کە بتوانن پەیوەندییە هاوبەشەکانی کورد بە شێوەیەکی ڕێکخراو بناسێنن و بپارێزن. تۆمارکردنی دامەزراوەیی وەڵامێکی کرداریی بەو پێداویستییە، چونکە بە ڕێکخستنی زانیاریی تاکەکان و بەڵگەدارکردنی پەیوەندییە نەتەوەییەکان، دەرفەتێکی هاوبەش بۆ کوردانی نیشتەجێی هەموو بەشەکانی کوردستان و دەرەوەی نیشتمان دەڕەخسێنێت و توانای دامەزراوە نەتەوەییەکان بۆ پەیوەندیگرتن، ناسینەوە و ڕاژەدان بە هاووڵاتیان گەشە پێ دەدات. لەم پەرگاڵەدا، لەدایکبوون، بنەچە، پەیوەندیی مێژوویی بە وارگەی نەتەوەیی و ئەو بنەمایانەی دەستوور بۆ ناسینەوەی هاووڵاتیبوونی کوردستانی دیاری کردوون، بە پێوەرە ڕوون و دادپەروەرانەکان هەڵدەسەنگێنرێن و بڕیارە دامەزراوەییەکان لەسەر بنەمای بەڵگە و ڕێکاری دیاریکراو دەدرێن.

لە شوناسی نەتەوەییەوە بۆ پێگەی دامەزراوەیی

دامەزراوەسازی ئەو پڕۆسەیەیە کە تێیدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی ڕێکار، بەرپرسیاری و پەرگاڵی بەڵگەداردا شێوەیەکی ڕێکخراو و درێژەدار وەردەگرن و توانای تاکەکەسی لەگەڵ پێداویستییە هاوبەشەکانی نەتەوەدا هاوئاهەنگ دەکرێت. لەم ڕوانگەیەدا، تۆمارکردنی هاووڵاتیبوونی کوردستانی پەیوەندیی نێوان ناسنامەی تاک و پەرگاڵی نیشتمانی ڕێک دەخات و بە ڕێگەی کۆکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی زانیاریی بنەڕەتییەکان، بەڵگەنامەیەکی ناسراو بۆ ئەو پەیوەندییە پێک دەهێنێت؛ بەم شێوەیە، شوناسی نەتەوەیی کە لە ڕەسەنایەتیی پەیوەندیی تاک بە کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ئاستی دامەزراوەییدا شێوەیەکی دیاریکراوی ناسینەوە و بەڵگەدارکردن وەردەگرێت. گرنگیی ئەم گواستنەوەیە لەو توانایەدا جێگیرە کە پەرگاڵی نەتەوەیی بەهۆیەوە دەتوانێت زانیارییەکان بە دروستی ڕێک بخات، پەیوەندییەکان بپارێزێت، بەڵگەنامەکان

پشتڕاست بکاتەوە و لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە ڕاژەی گونجاو پێشکەش بکات؛ هەرچەندە ئەم توانایە بە هەنگاوە دامەزراوەییە دیاریکراوەکان بەدەست دێت، بەڵام بەهای ڕاستەقینەی لە متمانەی تاکەکان بە دروستی و دادپەروەریی پەرگاڵەکەدا دەردەکەوێت.

هەر کوردێک کە بە ویستی خۆی داخوازکاریی تۆمارکردن پێشکەش دەکات، لە ڕێگەی ئەو کردەیەوە بەشدار دەبێت لە بنیادنان و بەهێزکردنی سامانێکی دامەزراوەیی کە کۆی زانیاری و پەیوەندییە پشتڕاستکراوەکانی تاکەکان لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا ڕێک دەخات. ئەو بەشداریکردنە لە نێوان هاوواڵتی و دامەزراوەدا پەیوەندییەکی دووالیەنەی ڕوون پێک دەهێنێت، چونکە هاوواڵتی زانیاریی ڕاست و پێویست پێشکەش دەکات و دامەزراوەش بەرپرسیاریی پشکنین، پشتڕاستکردنەوە، پاراستن و بەڕێوەبردنی ئەو زانیارییانە بە پێی ڕێکارە دیاریکراوەکان دەگرێتە ئەستۆ. ئەم پەیوەندییە دەتوانێت بە بناغەیەک بۆ گەشەپێدانی ڕاژە نیشتمانییەکان، ئاسانکردنی پەیوەندییە دامەزراوەییەکان و بەشداریی ئاگایانەی تاک لە پرۆسەکانی نەتەوەسازی و دامەزراوەسازی بگۆڕێت، بەو مەرجەی کە ئازادیی تاک، ڕەزامەندیی ئاگایانە، پاراستنی زانیاری و ڕوونیی دەسەاڵت و بەرپرسیارییەکان لە هەموو قۆناغەکاندا بپارێزرێن.

پێگەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە قۆناغی ڕزگاریی و پێش دامەزراندنی دەوڵەتدا، لە پێگەی دامەزراوەیەکی نیشتمانییەوە، بەرپرسیاریی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی پەرگاڵی تۆمارکردنی هاوواڵتیبوونی کوردستانی، پشکنینی زانیارییەکان و دەرکردنی بەڵگەنامەکانی پشتڕاستکردنەوە دەگرێتە ئەستۆ و لە ڕێگەی ئەو ڕاژەیەوە توانایەکی دامەزراوەیی بۆ ناسینەوە و پاراستنی پەیوەندییە نەتەوەییەکان بنیاد دەنێت. ئەم بەرپرسیارییە لە چوارچێوەی پێگە و دەسەاڵتە ڕێکخراوەییەکانی کۆنگرەدا جێبەجێ دەکرێت و بنەمای ڕەوایی خۆی لە ڕوونیی ئەرکەکان، دادپەروەریی ڕێکارەکان، دروستیی بەڵگەنامەکان و متمانەی هاوواڵتیان وەردەگرێت؛ بەم شێوەیە، کۆنگرە بە ڕاژەدان بە خەڵک و پاراستنی پەیوەندییە نەتەوەییەکان، پێگەی خۆی وەک دەزگایەکی نیشتمانی لە کرداردا جەستەمەند دەکات و دەرفەتێک بۆ بەشداریی تاکەکان لە پەرگاڵێکی هاوبەشی نەتەوەییدا دەڕەخسێنێت. لەم بنەمایەدا، تۆمارکردن دەبێتە ڕاژەیەکی دامەزراوەیی کە تاک لە پێگەی خاوەنی پەیوەندییەکی ڕەسەنەوە دەناسێنێت و دامەزراوەش بەرپرسیاریی بەڵگەدارکردن و پاراستنی ئەو

پەیوەندییە دەگرێتە ئەستۆ، بەو تێگەیشتنەی کە بەهای هەر دامەزراوەیەکی نەتەوەیی بە توانای ئەو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و پێشکەشکردنی ڕاژەی باوەڕپێکراو بە خەڵک هەڵدەسەنگێنرێت.

پەرگالّی دیجیتاڵیی تۆمارکردن لە ماڵپەڕی کۆنگرەدا دەبێتە دەروازەیەکی نیشتمانی بۆ پێشکەشکردنی داخوازکاری، پشتڕاستکردنەوەی زانیاری، بەدواداچوونی بڕیارەکان و وەرگرتنی بەڵگەنامەی دامەزراوەیی، بە جۆرێک کە هەر داخوازکارێک بتوانێت بە ویستی ئازاد و ئاگایی خۆی پرۆسەی تۆمارکردن دەست پێ بکات و لە قۆناغەکانی پشکنین و بڕیاردان و ئەنجامی داخوازکارییەکەی ئاگادار بێت. دیزاین و زمانی ئەم پەرگالّە پێویستە هەمان فەلسەفەی ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆڤ، ڕەسەنایەتیی شوناسی نەتەوەیی و بەرپرسیاریی دامەزراوەیی جەستەمەند بکەن و بە ڕێنماییە ڕوونەکان، خانە زانیارییە پێویستەکان، ڕێکارە ئاسان و باوەڕپێکراوەکانی پشتڕاستکردنەوە و دەرفەتی پێداچوونەوە، ئەزموونێکی شیاو و یەکسان بۆ هەموو داخوازکاران پێک بهێنن. لەم چوارچێوەیەدا، پێشکەشکردنی داخوازکاری بە مانای بەشداریکردنی تاک لە ڕاژەیەکی نەتەوەییە و پەسەندکردنی تۆمارەکەش بەڵگەدارکردنی ئەو پەیوەندییەیە کە بەپێی پێوەرە دیاریکراوەکان پشتڕاست کراوەتەوە؛ ئەم ڕوونییە لە پێناسەی ئەرک و ئەنجامی پرۆسەکەدا بناغەی متمانە و بەرپرسیاریی نێوان هاوواڵتی و کۆنگرە پێک دەهێنێت.

پێگەی بەڵگەنامە و کاریگەریی دامەزراوەیی

بەڵگەنامەی دەرچوو لە ئەنجامی تۆمارکردنی پشتڕاستکراوەدا دەبێت بە شێوەیەکی ڕوون ناو و پێگەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بنەمای دەرکردن، زانیارییە ناسنامەییە پێویستەکان، ژمارە و ڕێکەوتی تۆمار و سروشتی دامەزراوەیی بەڵگەنامەکە دیاری بکات، چونکە باوەڕپێکراویی هەر بەڵگەنامەیەک لە توانای ئەو بۆ سەلماندنی ڕاستییەکی دیاریکراو و پشتڕاستکردنەوەی سەرچاوە و دروستیی خۆیدا جێگیرە. ئەم بەڵگەنامەیە لە قۆناغی پێش دامەزراندنی دەوڵەتدا سەلمێنەری تۆمارکردنی پەیوەندیی کوردستانیبوونی تاک لە چوارچێوەی دامەزراوەیی کۆنگرەدا دەبێت و پێگە و کاریگەرییەکانی لە سنووری دەسەڵاتی ئەو دامەزراوەیەدا دیاری دەکرێن، لە کاتێکدا پێگەی قانوونیی شارۆمەندی، ناسنامەی دەوڵەتی و پاسپۆرت بەپێی دەستوور و قانوونە پەیوەندیدارەکانی کۆماری کوردستان ڕێک دەخرێن. جیاوازیی نێوان بەڵگەنامەی ناسینەوەی دامەزراوەیی و بەڵگەنامەی شارۆمەندیی قانوونی بنەمایەکی گرنگی ڕوونیی قانوونییە، چونکە هەر بەڵگەنامەیەک پێویستە بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لێیەوە دەرچووە و ئەو ڕاستییەی دەیسەلمێنێت هەڵبسەنگێنرێت؛ بەم شێوەیە،

تۆمارکردن لە چوارچێوەی ئەرکی دامەزراوەیی خۆیدا بەهایەکی دیاریکراو و باوەڕپێکراوی دەبێت و هاوواڵتی بە ڕوونی لە مانا و سنووری بەڵگەنامەکەی تێدەگات.

لە سەرودەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و پێکهێنانی تۆمارگەی نیشتمانیی دەوڵەتدا، ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی لە قۆناغی پێش دەوڵەتدا کۆکراونەتەوە، دەتوانن بە پێی ڕێکارە دەستووری و قانوونییە پەیوەندیدارەکان بخرێنە خزمەت بنیادنان و پەرەپێدانی تۆمارگەی دەوڵەت، بە جۆرێک کە ئەزموون و سامانە دامەزراوەییەکانی قۆناغی ڕزگاریی بۆ قۆناغی دەوڵەتداری بگوازرێنەوە و درێژەداریی پەرگاڵی نیشتمانی لە چوارچێوەی ڕەوایەتیی قانوونیدا مسۆگەر بکرێت. ئەم گواستنەوەیە پێویستی بە دیاریکردنی دەسەڵاتی دامەزراوەی وەرگر، پشکنینی دروستی و تەواوی زانیارییەکان، ڕێزگرتن لە مافەکانی خاوەن زانیاری و پاراستنی بنەماکانی ئاسایشی دیجیتاڵی هەیە، چونکە تۆمارگەی نیشتمانی سامانێکی گشتی و درێژخایەنە و بەهای ئەو سامانە بە توانای پاراستنی متمانە و بەڵگەنامە و پەیوەندییەکانی هاوواڵتیان بەردەوام دەبێت. لەم ڕوانگەیەدا، تۆمارکردنی ئێستا هەنگاوێکی پێشوەختەی دامەزراوەسازیی نەتەوەییە و ئەو پەرگاڵەی لەسەر بنەمای ڕوونی و دادپەروەری بنیاد دەنرێت، دەتوانێت بەشێک لە ئەزموونی دامەزراوەیی و توانای کارگێڕیی کوردستان لە قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەتدا پێک بهێنێت.

ئازادیی تاک، یەکسانی و پاراستنی زانیاری

ڕەوایی تۆمارکردنی دامەزراوەیی لە ویستی ئازاد و ڕەزامەندیی ئاگایانەی تاک، پاراستنی کەرامەتیی مرۆڤ، یەکسانیی هەڵسوکەوت و بەرپرسیاریی دامەزراوە لەبەرامبەر بە زانیارییە سپێردراوەکاندا سەرچاوە دەگرێت، چونکە پەیوەندیی نەتەوەیی تاک و بەشداریکردنی ئەو لە پەرگاڵێکی تۆمارکردندا دوو ڕەهەندی جیاوازی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دامەزراوەن و هەر یەکەیان پێوەر و کاریگەریی تایبەتیی خۆی هەیە. هەر کوردێک خاوەنی مافی بڕیاردانی ئاگایانە لەسەر پێشکەشکردنی داخوازکاریی تۆمارکردنی خۆیەتی و بەشداریکردنی لەم پڕۆسەیەدا بە ڕێزگرتن لە ئازادی و شکۆی تاک ڕێک دەخرێت؛ لە هەمان کاتدا، دامەزراوە بەرپرسیاریی ئەوەی هەیە کە زانیارییە پێویستەکان بە مەبەستێکی ڕوون و بنەمایەکی قانوونیی گونجاو کۆ بکاتەوە و بە پێوەرە یەکسانەکان پشکنینیان بۆ بکات. ئەم هاوسەنگییە لە نێوان ئازادیی هاوواڵتی و بەرپرسیاریی کۆنگرەدا پەرگاڵێکی باوەڕپێکراو بنیاد دەنێت و دەرفەتێک دەڕەخسێنێ کە تاک بە ئاگایی لە ماف و ئەرکەکانی خۆی و

دامەزراوەش بە پابەندی بە سنووری دەسەڵات و ڕێکارەکان بەشداری لە پڕۆسەیەکی دادپەروەرانەدا بکەن.

پاراستنی زانیارییە کەسییەکان لەم پەرگاڵەدا پێویستی بە سازوکارێکی یەکگرتووی قانوونی، ڕەوشتی و تەکنیکی هەیە کە تێیدا مەبەستی کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاری، ماوەی پاراستن، سنووری دەستگەیشتن و ڕێکارەکانی پشتڕاستکردنەوە و ڕاستکردنەوە بە شێوەیەکی ڕوون دیاری کرابن و هەر داخوازکارێک بتوانێت لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ زانیارییەکانی خۆی ئاگادار بێت. دەستگەیشتن بە زانیارییەکان بە پێی ئەرک و مۆڵەتی دیاریکراو ڕێک دەخرێت و پاراستنیان لە دەستگەیشتنی بێمۆڵەت و بەکارهێنانی نادروست لە چوارچێوەی ئاسایشی دیجیتاڵیدا مسۆگەر دەکرێت؛ هەروەها مافی دەستگەیشتن بە زانیارییە کەسییەکان، داخوازکردنی ڕاستکردنەوە و بەکارهێنانی مافەکانی دیکەی پاراستنی زانیاری بەپێی قانوونە پەیوەندیدارەکان دەپارێزرێت. لەم بنەمایەدا، زانیاریی تاک سامانێکی سپێردراوە کە دامەزراوە بەرپرسیاریی پاراستنی دەگرێتە ئەستۆ و هەر پڕۆسەیەکی تۆمارکردن بەو پێوەرە هەڵدەسەنگێنرێ کە تا چەند توانای بەکارهێنانی دروست، پاراستنی نهێنییەکان و ڕێزگرتن لە مافەکانی خاوەن زانیاری هەیە.

بڕیارەکانی پەیوەست بە پەسەندکردن، هەڵپەساردن یان ڕەتکردنەوەی داخوازکارییەکان لەسەر بنەمای پێوەرە دیاریکراوەکان، بەڵگەی پشتڕاستکراو و ڕێکاری ڕوونی پێداچوونەوە دەدرێن و هەر داخوازکارێک مافی ئەوەی هەیە کە لە هۆکارەکانی بڕیارەکە ئاگادار بکرێتەوە، زانیاری و بەڵگەنامەی تەواوکەر پێشکەش بکات و لە چوارچێوەی ڕێکارەکاندا داخوازکردنی پێداچوونەوە بکات. ئەم پڕۆسەیە دەبێت بە هەڵسوکەوتی یەکسان لەگەڵ داخوازکاران و ڕێزگرتن لە جیاوازیی بنەچە، زمان، ڕەگەز، باوەڕ و بۆچوونی وارگێڕی ڕێک بخرێت و بەرپرسانیش لەبەرامبەر بە ڕەوایی و دروستیی بڕیارەکانیاندا بەرپرسیار بن؛ لەم چوارچێوەیەدا، پشکنینی زانیاری و بەڵگەنامە ئەرکێکی کارگێڕییە و پێوەرەکانی بڕیاردان دەبێت بە شێوەیەکی ڕوون لەگەڵ پێگەی نەتەوەیی و کەرامەتیی بنەڕەتیی تاک جیا بکرێنەوە. دادپەروەریی ئەم ڕێکارانە تەنها لە ئەنجامی بڕیارەکاندا دەردەکەوێت، بەڵکوو لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ داخوازکار، ڕوونیی هۆکارەکان، دەرفەتی پێداچوونەوە و بەرپرسیاریی دامەزراوەدا جەستەمەند دەبێت و دەبێتە یەکێک لە بناغەکانی متمانەی نیشتمانی.

جیاوازیی تۆمارکردن و ئەندامێتیی کۆنگرە

تۆمارکردنی هاووڵاتیبوونی کوردستانی و ئەندامێتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان دوو پرۆسەی دامەزراوەیی جیاوازن کە هەر یەکەیان ئامانج، پێوەر و کاریگەریی تایبەتیی خۆی هەیە؛ تۆمارکردن پەیوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیی تاک لە چوارچێوەی پەرگاڵێکی بەڵگەداردا دەناسێنێت و پشتڕاستی دەکاتەوە، لە کاتێکدا ئەندامێتیی کۆنگرە پێگەیەکی ڕێکخراوەییە کە بە پێی پەیڕەو و ڕێکارە تایبەتییەکانی ئەو دامەزراوەیە بەدەست دێت و ماف و ئەرکەکانی ئەندامێتی، بەشداری لە بڕیاردان و ماندااتی نوێنەرایەتی بە پێی ئەو ڕێکارانە دیاری دەکرێن. لەم جیاوازییەدا، هاووڵاتی لە پێگەی خاوەنی پەیوەندییەکی نەتەوەییەوە دەناسێنرێت و کۆنگرەش لە پێگەی دەزگایەکی نیشتمانیی بەڕێوەبەری تۆمارگەدا بەرپرسیاریی خۆی جێبەجێ دەکات؛ بەم شێوەیە، ڕاژەی تۆمارکردن دەرفەتێکی فراوان بۆ پەیوەندیی نەتەوەیی ڕەخسێنراو دەکات و ئەندامێتیی کۆنگرە لە چوارچێوەی ماندات و بەرپرسیاریی ڕێکخراوەیی خۆیدا دەمێنێتەوە. پاراستنی ئەم جیاوازییە بنەمای ڕوونیی دامەزراوەییە و دەرفەت دەدات کە تۆمارگەی نیشتمانی وەک ڕاژەیەکی گشتی و بەڵگەدار کار بکات و بەشداریی تاکەکان لە دامەزراوە نەتەوەییەکاندا بە پێی ویستی ئازاد و ڕێکارە پەیوەندیدارەکان ڕێک بخرێت.

ئەرکی نیشتمانیی تۆمارکردنی دامەزراوەیی

گرنگیی نیشتمانیی تۆمارکردنی دامەزراوەیی لەو توانایەدا جێگیرە کە پەیوەندییەکی ڕەسەنی نەتەوەیی دەگوازێتە ناو پەرگاڵێکی بەڵگەدار و باوەڕپێکراوی دامەزراوەیی و لە ڕێگەیەوە توانای ڕێکخستن و ڕاژەدانی نەتەوەیی گەشە پێ دەدات. هەر تۆمارێکی پشتڕاستکراو بەشێکە لە سامانێکی زانیاریی هاوبەش کە بە ڕەزامەندیی تاکەکان و لە چوارچێوەی پاراستنی مافەکانیان کۆ دەکرێتەوە و دەتوانێت ببێتە بناغەیەک بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە نیشتمانییەکان، ناسینی پێداویستییە هاوبەشەکان و بەهێزکردنی توانای دامەزراوەکان بۆ ڕاژەدان بە هاووڵاتیان. ئەم پەرگاڵە بە پێوەری دروستیی بەڵگەنامەکان، دادپەروەریی ڕێکارەکان، ئاسایشی زانیاری و متمانەی تاکەکان هەڵدەسەنگێنرێت و ژمارەی تۆمارکراوانیش وەک نیشاندەرێکی فراوانبوونی بەشداری لە چوارچێوەی ئەو پێوەرانەدا مانای خۆی وەردەگرێت؛ لەم ڕوانگەیەدا، ئەو توانایەی بە تۆمارکردن بنیاد دەنرێت بەشێکە لە پێکهاتەی دامەزراوەیی نەتەوە و دەتوانێت لە قۆناغەکانی داهاتووی نەتەوەسازی و دەوڵەتداریدا بەرهەمی نیشتمانیی درێژخایەن پێک بهێنێت.

لە کۆتاییدا، تۆمارکردنی دامەزراوەیی هاوواڵاتیبوونی کوردستانی کردەیەکی ئاگایانەی هاوواڵاتی و بەرپرسیارییەکی دیاریکراوی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانە، کە تێیدا تاک بە ویستی ئازادی خۆی پەیوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆی بەڵگەدار دەکات و دامەزراوەش بە پشکنین، پشتڕاستکردنەوە و پاراستنی ئەو بەڵگەیە ڕاژەیەکی باوەڕپێکراو پێشکەش دەکات. ئەم پەیوەندییە دووڵایەنەیە دەرفەتێک بۆ بەهێزکردنی متمانە، ڕێکخستنی زانیاری و پەرەپێدانی توانای نیشتمانی دەرەخسێنێت و بەو شێوەیە تۆمارگە دەبێتە یەکێک لە بناغەکانی دامەزراوەسازیی کوردستان؛ بناغەیەک کە بە پاراستنی ماف و ئازادیی تاکەکان، ڕوونیی دەسەڵات و بەرپرسیاری و دروستیی بەڵگەنامەکان پتەوتر دەبێت و لە داهاتوودا دەتوانێت بە پێی دەستوور و قانوونە پەیوەندیدارەکان بەشێک لە ئەزموونی دامەزراوەیی و سامانە زانیارییەکانی دەوڵەتی کوردستان پێک بهێنێت.

وەها تۆمارکردن لە پەیوەندیی ڕەسەنی نەتەوەییەوە دەگاتە بەڵگەی دامەزراوەیی، لە بەڵگەوە دەگاتە متمانە و ڕاژەی نیشتمانی، و لە ڕاژەی نیشتمانییەوە دەبێتە توانایەکی بنیادنەر بۆ دامەزراوەسازی و داهاتووی کوردستان.

پەیکەری چوارەم:

دەقی هزری و کوردستانیزم

دەستوور؛ ژێرخانی هزری کوردستانیزم

کوردستانیزم: پەیکەری بوونناسانەی دەستوور و بکەریی نەتەوەیی

ئەم شیکارییە لە ناو خودی پەیکەر و فەلسەفەی دەستووری کۆماری کوردستانەوە هەڵدەقوڵێت و چەمکی کوردستانیزم وەک گەوهەری بوونناسانە، سەرچاوەی واتایی و چوارچێوەی لێکدانەوەی ئەم دەستوورە دەخاتە ناوەندی خوێندنەوە؛ چونکە پێکهاتەی دەستوورەکە لە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک قانوون و رێسای دامەزراوەیی کورت نابێتەوە، بەڵکوو هەوڵ دەدات ئەو ژیریی کۆیی و ویستە نەتەوەییەی کە کورد و کوردستان لە ناو مێژوودا پێکەوە بەستووەتەوە، بگوازێتە ناو پەرگاڵێکی دەستووری کە بتوانێت بوونایەتیی نەتەوە لە ئاستی هزر و ناسنامەوە بەرەو ئاستی سەروەریی، قانوون، دامەزراوە و دەوڵەت ببات. بەم پێیە، کوردستانیزم لە ناو ئەم دەستوورەدا ناوی هەستێکی وارگێڕی یان بیرۆکەیەکی کاتی نییە، بەڵکوو ئەو دۆکترینی نەتەوەیی و بوونناسانەیە کە پەیوەندیی نێوان کورد، وار، دەستوور و دەوڵەت پێناسە دەکات و بۆ هەر یەکێکیان شوێن و ئەرکێکی دیاریکراو لە ناو یەک پەرگاڵی یەکگرتوودا دادەنێت. دەستوور لەم ڕوانگەیەوە لە فۆرمی دەقێکی قانوونی تێدەپەڕێت و دەبێتە ئاوەزی ڕێکخراوی نەتەوە بۆ گۆڕینی ویستی سەروەریی بۆ کەتواڕێکی دامەزراوەیی؛ کوردستانیزمیش ئەو هێزە واتایی و دۆکترینییەیە کە ئەم گواستنەوەیە یەکپارچە دەکات و ڕێگە نادات بەند و دامەزراوەکانی دەستوور بە کۆمەڵێک یاسای لێکدابڕاو بگۆڕدرێن.

١. کوردستانیزم وەک چوارچێوەی بوونناسانە و بکەریی گشتی

کوردستانیزم لەم دەستوورەدا وەک دۆکترینی نەتەوەیی دەوڵەتداری دامەزراوە و لەبەر ئەوە بناغەی واتایی ئەو پەیوەندییەیە کە نەتەوە، وار، سەروەریی و دەوڵەت پێکەوە دەبەستێتەوە؛ واتا کوردستانیزم تەنیا وەڵامی پرسی «کورد کێیە؟» ناداتەوە، بەڵکوو پرسی «کوردستان چییە؟»، «سەرچاوەی ڕەواییی دەوڵەت لە کوێوە دێت؟»، «پەیوەندیی تاک بە کۆی نەتەوە و وار چییە؟» و «ویستی نەتەوە چۆن دەبێتە قانوون و دەسەڵاتی دامەزراوەیی؟» لە ناو یەک پەرگاڵدا وەڵام دەداتەوە. لەم مانایەدا کوردستانیزم چەمکێکی پاسیڤ بۆ ناساندنی شوناس نییە؛ بکەرییەکی چالاکە کە ویستی سەروەریی نەتەوەیی لە ئاستی هاوئاگایی و هزرەوە دەگوازێتە ناو دەستوور، لە دەستوورەوە دەیباتە ناو دامەزراوە و لە دامەزراوەوە دەیکاتە دەوڵەتداریی ڕاستەقینە. بەمە، کوردستانیزم خۆی لە ئایدیۆلۆژیای پارتایەتی یان بەرنامەی کاتیی وارگێڕی جیا دەکاتەوە؛ چونکە پارت و دەسەڵات و حکومەت لە ژێر دەستووردا دێن و دەڕۆن، بەڵام ئەو پەیوەندییە بنەڕەتییەی نێوان نەتەوە و وار کە سەرچاوەی دەستوور و کۆمارە، بە گۆڕانی دەسەڵاتی کاتی ناگۆڕێت.

لە ناو ئەم چوارچێوەیەدا، جیاکردنەوەی کوردبوون لە کوردستانیبوون گرنگییەکی بوونناسانە هەیە. کوردبوون ئەو پەیوەندییە مێژوویی، ڕەچەڵەکی، زمانی، کولتووری و یادەوەرییەیە کە نەتەوەی کورد پێی خۆی دەناسێنێتەوە و لە مێژوودا درێژەی پێ داوە؛ کوردستانیبوون ئەو پەیوەندییە وارناسانە، قانوونی و هاووڵاتییەیە کە تاک بە کوردستان و دەستووری کۆمارەوە دەبەستێتەوە. ئەم جیاکردنەوەیە بە هیچ شێوەیەک واتای پچڕاندنی نەتەوە لە وڵات نییە؛ بە پێچەوانەوە، بنەمای ئەو پەرگاڵەیە کە تێیدا کوردبوون سەرچاوەی مێژوویی و بوونناسانەی دەوڵەتە و کوردستانیبوون فۆرمی قانوونی و هاووڵاتیی ئەو دەوڵەتە. لەوێوە دەستوور دەتوانێت لە یەک کاتدا هەم کوردستان وەک وڵاتی نەتەوەی کورد بناسێنێت و هەم یەکسانیی قانوونیی هەموو هاووڵاتیانی کوردستان بپارێزێت؛ چونکە یەکسانیی هاووڵاتی لەوەوە سەرچاوە ناگرێ کە مێژوو و شوناسی دامەزرێنەر بسڕدرێتەوە، بەڵکوو لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەوڵەت، دوای دامەزراندن، ماف و قانوون بە یەک پێوەر بەسەر هەموو هاووڵاتیانی خۆیدا جێبەجێ بکات.

بەم مانایە، کوردستانیزم هەم دۆکترینی بوونە و هەم دۆکترینی کردار؛ هەم دەڵێت کوردستان بۆچی وڵاتە و کورد بۆچی خاوەنی سەروەرییە، هەم دیاری دەکات ئەو سەروەرییە چۆن دەبێت لە فۆرمی دەستوور، دادوەریی، قانووندانان، بەرگری، ئابووری، زانست، دەوڵەتی ژیر و دامەزراوە

سەربەخۆکاندا بەرجەستە بکرێت. لەبەر ئەوە، هیچ بەشێکی دەستوور لە دەرەوەی ئەم گەوهەرەدا ناخوێندرێتەوە؛ مافەکان، ئەرکەکان، سنووری دەسەڵات، شێوەی بەرگری و تەنانەت پەرگاڵی دیجیتاڵیی دەوڵەت هەموویان لە ناو هەمان پرسی بنەڕەتییەوە واتا وەردەگرن: چۆن نەتەوەیەک کە خۆی وەک خاوەن وار و ویستی سەروەر دەناسێت، ئەو ویستە دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی بەهێز، قانوونسەروەر و ماندوو نەبوو لە پاراستنی بوونایەتیی خۆی؟

٢. چینی پەیکەریی دەستوور و جێبەجێکردنی کوردستانیزم

پەیکەری دەستوور بە چوار چینی هزریی و کردەیی پێکەوەبەستراو دامەزراوە و هەر چینێک قۆناغێک لە گواستنەوەی کوردستانیزم لە بوونناسی بۆ دەوڵەتداری بە ئەستۆ دەگرێت؛ لە چینێکدا بناغەی ڕەوشتی و مێژوویی جێگیر دەکرێت، لە چینێکی تر سەرچاوەی ڕەوایی و فەلسەفەی دەستوور پێناسە دەکرێت، پاشان ئەو فەلسەفەیە لە ناو دەروازە و بەندە قانوونییەکاندا دەبێتە پەرگاڵی دەسەڵات و دامەزراوە، و لە کۆتاییدا لە پاشکۆ و پەیمانە کردەییەکاندا دەچێتە ناو ژیانی هاوواڵتی. بەم پێکهاتەیە، دەستوور لە ناو خۆیدا ڕێگای گواستنەوەی هزر بۆ کردار دیاری دەکات و کوردستانیزم لە وشەیەکی فەلسەفی دەگۆڕێت بۆ دۆکترینی کارپێکراوی دەوڵەتداری.

٢.١. **چینی یەکەم:** ناونیشان و ئەرکی ڕەوشتپاکیی کوردستانیزم

لە دەستپێکی پەیکەرەکەدا، پێشەکشکردنی دەستوور بە خوێنی شەهیدان و تێکۆشەرانی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان کارێکی جوانکاریی یان هەستیاریی سادە نییە؛ ئەو پێشەکشکردنە دەستوور دەخاتە ناو زنجیرەیەکی مێژوویی کە لە قوربانی و تێکۆشانەوە بەرەو دامەزراندنی قانوونی بنەڕەتی دەڕوات و بەوە دەسەلمێنێ کە دەستوور خۆی لە بۆشایی دامەزراندووە. خوێنی شەهید لەم چوارچێوەیەدا بە سەرچاوەی قانوونی ناگۆڕدرێت، بەڵام بەڵگەی مێژوویی ئەو ویستە کۆییەیە کە نەتەوە بەهۆیەوە مانەوە و سەربەخۆیی و دەوڵەتی خۆی داخواز کردووە؛ بۆیە ڕەوشتی دەستوور و ڕەواییی قانوونییەکەی لە یەکدی جیا ناکرێنەوە، چونکە ئەو قانوونە بنەڕەتییە بۆ نەتەوەیەک دادەمەزرێ کە مێژووی خۆی بە خەبات بۆ گەیشتن بە دەوڵەت پێناسە کردووە.

لەوێوە، کوردستانیزم پەیوەندیی نێوان یادەوەری و قانوون دروست دەکات؛ یادەوەری بە دەستوور واتا دەبەخشێت و دەستوور یادەوەری دەگوازێتە ناو دامەزراوە، تا قوربانیی ڕابردوو تەنیا لە فۆرمی ڕێوڕەسم و هەستدا نەمایەتەوە، بەڵکوو لە بنیاتنانی کۆمار، پاراستنی سەروەریی و

بەهێزکردنی دامەزراوەکاندا بەردەوام بێت. بەم پێیە، کوردستانیزم هەوڵ دەدات مێژووی خەبات لە دۆخی یادەوەریی پاسیف دەربهێنێت و بیکاتە بەرپرسیاریی دەوڵەتساز؛ چونکە باشترین بەردەوامیی قوربانیی ڕابردوو نەک تەنیا یادکردنەوەیە، بەڵکوو بنیادنان و پاراستنی ئەو دەوڵەتەیە کە ئەو قوربانییانە لەپێناویدا دراون.

۲.۲. **چینی دووەم:** مانیفێستی واتایی و پێشەکی؛ کوردستانیزم وەک سەرچاوەی ڕەوایی

مانیفێستی واتایی و پێشەکی، ناوەندی فەلسەفی و بوونناسانەی دەستوورن؛ لێرەدا دەستوور پێش ئەوەی دەسەڵات دابەش بکات یان دامەزراوە دروست بکات، سەرچاوەی ڕەواییی خۆی پێناسە دەکات و وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە بۆچی ئەم دەقە مافی ئەوەی هەیە دەوڵەت بنیاد بنێت و دەسەڵات سنووردار بکات. وەڵام لە ناو خودی نەتەوە و پەیوەندیی مێژوویی و بوونناسانەی بە کوردستانەوە دەدۆزرێتەوە؛ دەستوور ڕەواییی خۆی لە دەوڵەتێکی پێشووتر یان لە دەسەڵاتێکی دەرەکی وەرناگرێت، چونکە لە منطقی خۆیدا دەوڵەت ئافرێنراوی دەستوورە و دەستوور دەربڕینی ویستی دامەزرێنەری نەتەوەیە. لەم ڕوانگەیەوە، خۆسەرچاوەیی دەستوور واتای ئەوەیە کە دەقی بنەڕەتی پێش دامەزراوەکان و لە سەروویانەوە وەستاوە و هیچ دامەزراوەیەک ناتوانێت ئەو ڕەواییەی پێ بەخشیوە بگۆڕێتە سەرچاوەی ڕەوایی بۆ خودی دەستوور.

ئەم خۆسەرچاوەییە بنەمای دۆکترینی سەروو-دەوڵەتە، چونکە کوردستانیزم دەستوور لە ئاستی یەکێک لە قانوونەکانی دەوڵەت بەرز دەکاتەوە بۆ پێگەی ئەو بنەمایەی خودی دەوڵەت لێی دروست دەبێت. بەم پێیە، حکومەت، مەکۆی نیشتمانی، مەکۆی ژیران، دادگا، ئارتەش و هەر دامەزراوەیەکی تر خاوەنی دەسەڵاتێکی خۆسەرچاوە نین؛ هەر دەسەڵاتێکیان لە دەستوورەوە وەردەگرن، بە سنووری دەستوور کار دەکەن و لە کاتی پێشێلکردنی ئەو سنوورە، ڕەواییی کرداری خۆیان لەدەست دەدەن. لێرەدا کوردستانیزم دەبێتە قەڵغانی فەلسەفیی دژی تاکپەرستی و جەردەسالاری، چونکە هیچ تاک و هیچ گرووپێک ناتوانێت خۆی وەک سەرچاوەی وڵات پیشان بدات لە کاتێکدا سەرچاوەی کۆمار خودی نەتەوە و پەیمانی دەستوورییەکەیەتی.

پەیوەستکردنی ئەم سەروەرییە بە مێژووی شارستانیی کوردستان ئەرکی دیکەی پێشەکییە. ئاماژە بە هوری، گوتی، سومەر، میدیا، ساسانی و ئەو چینە مێژووییانەی دەستوور خۆی بە پاشماگیانەوە دەبەستێتەوە، تەنیا بۆ دروستکردنی شانازیی مێژوویی نییە؛ مەبەست لێی دانانی سەروەریی ئێستا لە ناو درێژەیەکی مێژوویی کە تێیدا خاکی کوردستان شوێنی ژیان، شارستانییەت،

قانوون و دەوڵەتداری بووە. بەم خوێندنەوەیە، کوردستانیزم سەروەریی وەک داخوازکارییەکی لەناکاو پێناسە ناکات، بەڵکوو وەک گێڕانەوەی پەیوەندیی نەتەوە بە وار و دەسەڵاتی وارگێڕیی خۆی دەیبینێت؛ هەر بۆیەش دەسەڵاتی دەرەکی بەسەر کوردستاندا لە ناو ئەم منطقە دەستوورییەدا ناتوانێت بە درێژایی کات ڕەوایی بەدەست بهێنێت، چونکە ڕەوایی لە داگیرکردنی خاکەوە سەرچاوە ناگرێت، لە ویستی خاوەنی وارەوە سەرچاوە دەگرێت.

۲.۳. **چینی سێیەم:** دەروازەکان و بەندە قانوونییەکان؛ جێبەجێکردنی کردەیی کوردستانیزم

ئەوەی لە مانیفێست و پێشەکیدا وەک بوونناسی و دۆکترین پێناسە دەکرێت، لە دەروازە و بەندەکانی دەستووردا دەبێتە پەرگاڵی کارپێکراوی دەوڵەت؛ ١٥ دەروازە و ١٣٩ بەند، کوردستانیزم لە ئاستی وتارەوە دەگوازنەوە بۆ پێکهاتەی دەسەڵات، ئەرک و دامەزراوە و بەمە دڵنیایی دەدەن کە چەمکی سەروەریی نەتەوەیی لە ناو فەلسەفەدا قەتیس نەبێت. ئەم چینە کردەییە دەستوور لە دەقێکی ناسنامەیی دەگۆڕێت بۆ نەخشەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرن کە بتوانێت لە هەمان کاتدا بوونایەتیی نەتەوە بپارێزێت، دەسەڵات سنووردار بکات، دادپەروەری جێگیر بکات، ئاسایش دابین بکات و توانای کێبڕکێی زانستی و ئابووری و تەکنەلۆژیی وڵات بەرز بکاتەوە.

پاراستنی بوونایەتی لە دەروازەی یەکەم و دەروازە پەیوەندیدارەکانی ئەرکە نەتەوەیی و ئاسایشدا فۆرمی قانوونی وەردەگرێت. خودی کۆیی نەتەوە لێرەدا چەمکێکی فەلسەفیی بێ پارێزەر نامێنێت؛ سنوور، سەروەریی، شوناس، ئاسایشی نەتەوەیی، دۆکترینی بەرگریی چالاک، بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزم و تاوانی ناپاکیی نیشتمانی دەبنە ئامرازەکانی پاراستنی. کوردستانیزم لەم چینەدا وارپارێزیی بە ئەرکێکی دەستووری دەناسێنێت و سەروەریی وەک مافێک پێناسە دەکات کە بەرپرسیاریی پاراستنی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت؛ بۆیە دەوڵەت خاوەنی مافێکی پاسیف بۆ بوون نییە، ئەرکی چالاکی هەیە بۆ پاراستنی ئەو بنەمایانەی بوونی خۆی پێوە بەستراوە.

لە دەسەڵاتی قانووندانان و دادوەرییدا، کوردستانیزم لە بنەمای سەروەریی نەتەوەیی بەرەو بنەمای سەروەریی قانوون دەڕوات، چونکە سەروەریی ئەگەر لە ناوەوە بە قانوون سنووردار نەکرێت دەتوانێت بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتی بێ سنوور و لە گەوهەری خۆی دوور بکەوێتەوە. پەرگاڵی دوو ژووریی مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیران، یەکێک دەنگی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگا و ئەوی تر ژیریی سەقامگیری و درێژخایەنیی دەوڵەت نوێنەرایەتی دەکەن، و لە پەیوەندیی نێوانیاندا قانووندانان لە هەست و بەرژەوەندیی کاتی دوور دەخرێتەوە. دادوەریی سەربەخۆش ئەو قەڵغانەیە کە هیچ

دەسەڵاتێک ناتوانێت دەستوور بە ویستی خۆی لێک بداتەوە؛ سەربەخۆیی دادوەر، بوودجەی سەربەخۆ و پێگەی دادگای باڵا لەوێوە واتا وەردەگرن کە دەستوور پێویستی بە پارێزەرێک هەیە کە لە دەرەوەی کێبڕکێی دەسەڵاتی ڕۆژانە بێت.

لە دەروازەکانی پەیوەندیدار بە دەسەڵاتداریی پێشکەوتوو و دەوڵەتی ژیردا، کوردستانیزم خۆی لە دۆکترینی پاراستنی مێژوویی بۆ دۆکترینی دروستکردنی داهاتوو فراوان دەکات؛ چونکە نەتەوە بە یادەوەریی تەنیا نامێنێتەوە و دەوڵەتێک کە توانای زانست، تەکنەلۆژیا، کارگێڕی و داهێنانی خۆی نوێ نەکاتەوە، سەروەرییەکەی لە جیهانێکی کێبڕکێکاردا بەردەوام نادات. دەوڵەتی ژیر، ئاسایشی ئەلیکترۆنی، شوناسی دیجیتاڵی، دیموکراسیی دیجیتاڵی و سەربەخۆیی تەکنەلۆژی لەم پێکهاتەیەدا بە زێدەکاریی تەکنیکی دانانرێن؛ ئەوان بەشێکن لە هەمان دۆکترینی سەروەریی، چونکە لە سەدەی بیست و یەکدا ئەو دەوڵەتەی داتای خۆی، ژێرخانی دیجیتاڵی خۆی و توانای تەکنەلۆژیی خۆی نەپارێزێت، بەشێک لە دەسەڵاتی خۆی بە دەرەوە دەسپێرێت.

هەر لە هەمان پەرگاڵدا، شایستەسالاری و بەرەنگاربوونەوەی جەردەسالاری پێگەیەکی بوونناسانە وەردەگرن. بەندی ١٠٧ کاتێک جەردەسالاری و دارزاندنی دەوڵەت دەخاتە ناو چوارچێوەی تاوانی باڵا، گەندەڵی تەنیا بە دزینی سامان یان پێشێلکردنی ڕێکار ناناسێنێت؛ جەردەسالاری بە هەڵوەشێنەرەوەی توانای نەتەوە بۆ خۆبەڕێوەبردن دەبینێت، چونکە دەوڵەتێک کە دامەزراوەکانی لەلایەن ناشایستە و بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانەوە داگیر بکرێن، لە ناوەوە هێزی سەروەریی خۆی دەخوات. لەبەر ئەوە، شایستەسالاری لەم دەستوورەدا تەنیا شێوازێکی باشی کارگێڕی نییە؛ ئەرکێکی نەتەوەییە بۆ پاراستنی خودی دەوڵەت.

٢.٤. **چینی چوارەم:** پاشکۆکان و پەیمانی کردەیی؛ کوردستانیزم لە ژیانی هاووڵاتیدا

پاشکۆکان ئەو چینەن کە تێیدا دەستوور لە ناو دامەزراوەکانەوە دەچێتە ناو ژیانی تاک و کوردستانیزم لە پەیوەندیی نێوان نەتەوە و دەوڵەتەوە دەگوازرێتە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان هاووڵاتی و کۆمار. سوێندنامەی هاووڵاتیبوون، پەیمانی نەتەوەیی دەخاتە ژێر ناو و واژۆی تاک و بەوە دەسەلمێنێ کە هاووڵاتی لە ناو دەوڵەتدا تەنیا وەرگری ماف نییە، بەڵکوو بەشداریکی خاوەن بەرپرسیاریی مانەوە و هێزی کۆمارە؛ فۆرمی تۆمارکردنی هاووڵاتیبوونیش ئەو پەیوەندییە لە ئاستی پەیمانی ویژدانییەوە دەگوازێتە ناو پەرگاڵی قانوونی و دامەزراوەیی. بەمە، کوردستانیزم لە

چەمکێکی هزری دەگۆڕێت بۆ شارۆمەندێتییەکی چالاک کە تاک لە ناو کۆی نەتەوەدا شوێنی خۆی دەناسێت و دەزانێت ماف و ئەرکەکانی بە مانەوەی دەوڵەتەوە گرێدراون.

ئەم چینە گشتگریی دەستوور تەواو دەکات، چونکە دەستوورێک کە تەنیا دامەزراوە دروست بکات بەڵام پەیوەندیی تاک بەو دامەزراوانە و بە وڵاتەکەی پێناسە نەکات، لە نیوەی ڕێگای دەوڵەتسازی دەوەستێت. کوردستانیزم لە پاشکۆکاندا خاوەندارێتیی کوردستان دەگوازێتە ناو بەرپرسیاریی ڕۆژانەی هاووڵاتی؛ دەستوور لەو ساتەدا تەنیا دەقی سەر مێزی دادوەر و قانوونداناەر نامێنێت، بەڵکوو دەچێتە ناو ناو، واژۆ، ناسنامە و ژیانی تاک و ئەو پەیوەندییەی دروست دەکات کە کۆمار بەهۆیەوە لە کۆمەڵێک دامەزراوە دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی خاوەن کۆمەڵگای وارگێڕیی خۆی.

ڕاگەیاندنی کۆتاییی دەستووریش لە هەمان منطقەوە واتا وەردەگرێت؛ ئەو ڕاگەیاندنە دەق لە کۆتاییی تەکنیکییەوە دەباتەوە بۆ سەرچاوەی سەرەتایی، واتا نەتەوە و ویستی مانەوەی. ڕۆح و ویستی نەتەوە لە لێکدانەوەی دەستووردا بە مانای مافی دەسەڵاتێکی کاتی بۆ تێپەڕاندنی دەق نییە؛ بە مانای ئەو بنەمایەیە کە لە کاتی ناڕوونیی وشە و ناکۆکیی لێکدانەوەدا دەبێت بپرسین کام خوێندنەوە زیاتر لە سەروەریی، مانەوە، یەکپارچەیی و بوونایەتیی کوردستان دەپارێزێت. بەمە، کوردستانیزم دەبێتە ڕووگەی دوا-بڕیاری لێکدانەوە، نە بەو واتایەی دەق بێ بایەخ بێت، بەڵکوو بەو واتایەی دەق لە ناو دۆکترینی دامەزرێنەری خۆیدا دەخوێندرێتەوە.

٣. پەیکەری گوتار و زاراوەی بوونناسانەی کوردستانیزم

یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ئەم دەستوورە، هەوڵی دروستکردنی زمانێکی تایبەتی دەوڵەتداریی کوردییە؛ چونکە نەتەوەیەک کە دەوڵەتی خۆی بنیاد دەنێت، ناتوانێت هەموو چەمکەکانی دەوڵەتداری بە زمانی هزریی هێزە دەرەکییەکان لێک بداتەوە و هێشتا چاوەڕوان بێت ئاوەزی دەوڵەتیی سەربەخۆ دروست بکات. زمان تەنیا کەلوپەلی گواستنەوەی بیر نییە؛ بەشێکە لە خودی شێوەی بیرکردنەوە، و بۆیە داهێنانی زاراوەی ڕەسەن و تواناداڕ، بەشێکە لە بنیادنانەوەی توانای کورد بۆ بیرکردنەوە بە چەمکەکانی دەوڵەت، قانوون، سەروەریی و بەرپرسیاریی نەتەوەیی.

زاراوەکانی وەک وارگێڕیی، وارپارێزیی، مەکۆی ژیران، جەردەسالاری، شارۆمەندێتی و چەمکە هاوشێوەکان لەم پەیکەرەدا تەنیا هەوڵی گۆڕینی وشەی بیانی بە وشەی کوردی نین؛ ئامانجیان بنیادنانەوەی فەرهەنگێکی قانوونی و دەوڵەتداریی کە کورد بتوانێت بەهۆیەوە کەتواری وارگێڕیی

خۆی بە زمانی خۆی پێناسە بکات. کاتێک زمان توانای ناونانی دامەزراوە، چەمک، پڕۆسە و پەیوەندیی دەسەڵات بەدەست دێنێت، نەتەوەش توانایەکی زیاتر بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کەتوارە بەدەست دەهێنێت؛ بۆیە پاککردنەوە و فراوانکردنی زمانی دەستووریی کوردی لە ناو کوردستانیزمدا کارێکی زمانەوانیی لاوەکی نییە، بەشێکە لە سەربەخۆکردنی ئاوەزی دەوڵەت.

گوتاری مێژوویی و فەلسەفیی دەستووریش بە هەمان ئەرکەوە پەیوەستە. دەستەواژەکانی وەک «تاسەی مێژوویی»، «ویستمەندیی بێوچان» و «بوونایەتیی بوونسەپێن» هەوڵ دەدەن ئەو پەیوەندییە لە وشەدا بگرنەوە کە لەنێوان مێژوو، ویست و کردار هەیە؛ چونکە دەستوورەکە خۆی وەک ڕێکخستنی کۆتاییی دۆخێکی ئامادە پێناسە ناکات، بەڵکوو خۆی بە بەشێک لە کردەی بنیاتنانی کەتوارێکی نوێ دەزانێت. ئەم گوتارە دەستوور لە زمانێکی بێڕۆح و کارگێڕی دوور دەخاتەوە و دەیخاتە ناو ئەو پێگەیەی کە قانوونی بنەڕەتیی نەتەوە پێویستی پێیە؛ زمانی دەستوور دەبێت بتوانێت هەم سنووری دەسەڵات بە وردی دیاری بکات و هەم ئەو واتا گەورەیە هەڵبگرێ کە نەتەوە بۆچی ئەو دەوڵەتە بنیاد دەنێت.

کۆبەند

پەیکەری دەستووری کۆماری کوردستان لە ناو ئەم شیکارییەدا وەک یەک پەرگاڵی پێکەوەبەستراوی قانوونی، بوونناسانە و دۆکترینی دەردەکەوێ کە کوردستانیزم گەوهەری واتایی و ڕووگەی لێکدانەوەیەتی؛ لە پێشەکی و مانیفێستدا سەرچاوەی ڕەوایی و پەیوەندیی نەتەوە بە وار پێناسە دەکات، لە دەروازە و بەندەکاندا ئەو پەیوەندییە دەگۆڕێت بۆ دەسەڵات و دامەزراوە و ئەرک، لە پاشکۆکاندا دەیباتە ناو ژیانی هاوواڵاتی، و لە زمانی دەستووریدا ئاوەزی پێویست بۆ بیرکردنەوە و کارکردن بە ناوی دەوڵەتی کوردستان بنیاد دەنێت. بەمە کوردستانیزم لە سنووری ئایدیۆلۆژیای وارگێڕی تێدەپەڕێت و دەبێتە دۆکترینی یەکخستنی مێژوو، وار، نەتەوە، دەستوور و دەوڵەت لە ناو یەک کەتواری قانوونی.

هەر چینێکی دەستوور بەشێک لە هەمان کردە بەڕێوە دەبات: مانیفێست ڕەوایی دەدات، پێشەکی بوونایەتی و سەرچاوەی ویست پێناسە دەکات، دەروازەکان دەسەڵات ڕێکدەخەن، بەندەکان ئەرک و میکانیزم جێگیر دەکەن، پاشکۆکان پەیمانەکە دەخەنە ناو ژیانی تاک و گوتاری دەستووریش زمان و ئاوەزی پێویست بۆ مانەوەی ئەو پەرگاڵە بنیاد دەنێت. ئەو یەکپارچەییەی نێوان ئەم چینانە گرنگترین

تایبەتمەندیی کوردستانیزمە لە ناو دەستووردا؛ چونکە دەوڵەتسازی لە یەک بەند، یەک دامەزراوە یان یەک هەست دروست نابێت، بەڵکوو لە هاوکرداریی نێوان هزر، قانوون، هێز، دامەزراوە و هاووڵاتی دروست دەبێت.

لە کۆتاییدا، کوردستانیزم لەم دەستوورەدا ناوی بیرۆکەیەک نییە کە لە دەرەوەی دەقەوە بەسەریدا سەپێندرابێت؛ ناوی ئەو لۆژیکە ناوخۆییەیە کە پەیکەرەکە پێکەوە دەگرێت و هەر بەشێکی بە بەشەکانی ترەوە دەبەستێتەوە. ئەو لۆژیکە کورد و کوردستان وەک نەتەوە و وار بە یەکەوە دەناسێنێت، ویستی سەروەریی دەگۆڕێت بۆ دەستوور، دەستوور دەگۆڕێت بۆ دەوڵەت و دامەزراوە، و هاووڵاتی دەخاتە ناو پەیمانێک کە مانەوەی کۆمار بە مانەوە و هێزی خۆیەوە دەبەستێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، دەستووری کۆماری کوردستان تەنیا دەقی ڕێکخستنی دەسەڵات نییە؛ پەیکەرێکی هزری و قانوونییە بۆ گۆڕینی نەتەوەی خاوەن ویست بۆ دەوڵەتی خاوەن سەروەریی، و کوردستانیزم ئەو دۆکترینییەیە کە ئەم گواستنەوەیە لە سەرەتای هزرەوە تا کۆتاییی کردار یەکپارچە دەکات.

پەیکەری پێنجەم:

زانان

زانان

ئ

ئابووریی نیشتمانی

National Economy

ئابووریی نیشتمانی، بنەمای دارایی وڵاتە و کاریگەرترین هێزی دابینکردنی سەروەریی دەوڵەتە. ئەمە بریتییە لە کۆی ئەو چالاکییە دارایی و پیشەسازییانەی کە لەسەر بنەمای ئابووری دەوڵەتی، ئابووری کەرتی تایبەت، سەرمایەداریی نیشتمانی و پەرەپێدانی ئابووریی فرەبناغە داڕێژراون. لە چوارچێوەی دەستووردا، ئابووری جیا لە دابینکردنی بژێوی، هەروەها ئامرازێکە بۆ دابینکردنی سەربەخۆیی ئابووریی کوردستان. ئەرکی بنەڕەتیی ئابووریی نیشتمانی ئەوەیە کە سامانە کاتییەکان بگۆڕێت بۆ سەرمایەی هەردەمیی و زانستی و ڕێگری بکات لە خوێنبەربوونی دارایی کوردستان بەرەو دەرەوە، ئەمەش بۆ مسۆگەرکردنی خۆشبژێویی گشتی.

ئابووریی فرەبناغە

Multi-based Economy

ئابووریی فرەبناغە بڕیارێکی ستراتیژیی پێگەیشتوویە بۆ دەرچوون لە پشتبەستن بە یەک سەرچاوەی خاو و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە داهاتی تاقانە. ئەمە لە ڕێگەی گەشەپێدانی هاوتەریبی کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، تەکنەلۆژیا و گەڕیارییەوە دەکرێت. ئەم چەمکە وەک ستراتیژییەکی خۆڕاگریی و مانەوەی نیشتمانی پێویستە؛ ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە کە دەوڵەت خاوەنی چەندین ڕەگی ئابووری بێت تا لە بەرامبەر زەبرە دەرەکییەکان و گۆڕ انکارییەکانی بازاڕی جیهانیدا بە جێگیری بمێنێتەوە و مانەوەی دەوڵەت لەژێر هەموو بارودۆخێکدا گەرەنتی بکات.

ئاسایشی ئەلیکترۆنی

Electronic Security

ئاسایشی ئەلیکترۆنی بریتییە لە پاراستنی بێوچانی وارگەی دیجیتاڵی، ژێرخانە هەستیارەکان و سەربەخۆیی داتای کوردستان لە هەر جۆرە هێرش، دزەکردن یان تێکدانێکی دەرەکی و ناوخۆیی. لە

سەردەمی دەوڵەتی ژیردا، ئەم ئاسایشە بەشێکی تەواوکەری پاراستنی سنووورە فیزیکییەکانە. ئەمە وەک قەڵغانی دەوڵەت کار دەکات بۆ ڕێگریکردن لەوەی کە سامانە زانیارییەکانی نەتەوە و شوناسی دیجیتاڵیی شارۆمەندان بکەوێتە ژێر هەژموونی ناقانوونیی یان داگیرکاریی گیانەکی و واتایی هێزە بێگانەکان.

ئاسایشی خۆراک

Food Security

ئاسایشی خۆراک توانای دەوڵەتە بۆ دابینکردنی خۆراکی تەندروست و پێویست بە بێ پچڕان بۆ گشت شارۆمەندان، ئەمەش بە ڕێگەی بەڕێوەبردنێکی دروست، پەرەپێدانی سەربەخۆیی کشتوکاڵی و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو. ئەم چەمکە نیشانەی سەربەخۆیی ژیاننناسیی کوردستانە؛ چونکە نەتەوەیەکی برسی ناتوانێت بڕیارێکی سەربەخۆی هەبێت. بۆیە، دەوڵەت ئەرکی لەسەر شانە کە خاکی کوردستان بکاتە سەرچاوەیەکی تێرکەر، تاوەکوو خۆراک وەک ئامرازی گوشار دژی سەروەریی و سەربەخۆیی کوردستان بەکار نەهێنرێت.

ئاسایشی نەتەوەیی

National Security

ئاسایشی نەتەوەیی دۆخێکی گشتگیری پارێزراویی بوونی فیزیکی، واتایی و دەستووریی کۆماری کوردستانە لەبەرامبەر هەڕەشە بنەڕەتییەکان بۆ سەر کوردستان وەک وڵات و هەوڵ بۆ هەرەسهێنان بەسەر هەموو یان بەشێک لە وارگەی نەتەوەیی. ئەمە پەرگاڵی بەرگریی دەوڵەتە کە تەنیا لە پاراستنی سەربازی کورت نابێتەوە، بەڵکوو پاراستنی شوناسی نەتەوەیی، زمانی کوردی، یادەوەریی مێژوویی و سەقامگیریی ئابووریش دەگرێتەوە. ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕێگەی ڕاییکردنی دۆکترینی بەرگریی چالاک و پاراستنی پێشوەختەوە بەڕێوە دەچێت بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی شکۆمەندانەی کوردستان.

ئاڵای نەتەوەیی کوردستان

National Flag of Kurdistan

ئاڵای کوردستان نیشانەیەکی بینراوەیی پەیمانی بوونایەتیی کوردستانە و لە سێ ڕەنگ و خۆرێکی بیست و یەک تیشکی پێکهاتووە. لە ڕوانگەی دەستوورییەوە، ئاڵا بەدیهێنانی پەیمانی نیشتمانییە؛ هەر ڕەنگێکی ئاماژەیە بۆ بنەمایەکی دەستووریی (سوور بۆ پەیمانی خوێن و نەتەوە، سپی بۆ ژیانی گەشی بەکۆمەڵ و قانوونمەندیی لە کوردستان، سەوز بۆ پەیمانی وار). ئاڵا نێوەندی یەکخستنی ویستی شارۆمەندانە و هەر سووکایەتیکردنێک بە هێرش بۆ سەر شکۆی دەوڵەت و سەروەریی نەتەوە هەژمار دەکرێت. ئەم ئالای کوردستانە لە دەستووردا دانیپێدانراوە، ڕیشەی مێژوویی هەیە و هەڵگریی یادەوەریی مێژوویی و هێمای نەتەوەیی کە نەگۆڕن.

ئایدیۆلۆژیای هەڵوەشێنەر

Deconstructing Ideology

ئایدیۆلۆژیای هەڵوەشێنەر، هەر جۆرە گوتار یان بزووتنەوەیەکە کە مەبەستی ترازاندنی تەلاریبەندی نەتەوەی کورد، شێواندنی ڕاستەواییە زانستییەکان، یان لاوازکردنی پەیوەندیی نێوان نەتەوە و وڵات بە بیانوویەکی کاتی یان دەستکرد بێت. ئەم ئایدیۆلۆژیایانە وەک هەوڵێک بۆ لەناوبردنی دەوڵەت دەبینرێن؛ دەوڵەت ئەرکدارە بە بەرەنگاربوونەوەیان لە ڕێگەی پاراستنی زانەوانی و هزرییەوە، چونکە ئەم گوتارانە بە مەبەستی کوشتنی هاوئاگایی نەتەوەیی و گۆڕینی نەتەوە بۆ گرووپی پارچەپارچەی دژبەیەک کار دەکەن.

ئەرکی باڵای نیشتمانی

Supreme National Duty

ئەرکی باڵای نیشتمانی، ئەو بەرپرسیارێتییە قانوونیی و ڕەوشتییە پیرۆزەیە کە هەموو شارۆمەندێک بەرامبەر بە پاراستنی دەوڵەت و سەروەریی وڵات لە ئەستۆیەتی. ئەم ئەرکە لەسەر ئەو ڕاستەواییە وەستاوە کە تەنیا لە سایەی دەوڵەتێکی سەروەردا، مافی تاک بۆ ژیانێکی شکۆمەندانە گەرەنتی دەکرێت. بۆیە، شارۆمەند نەک وەک وەرگرێکی بێدەنگ، بەڵکوو وەک شارۆمەندێکی پێشمەرگە دەبێت هەمیشە ئامادەی بەرگری، وەفاداری بۆ دەستوور و بەشداری لە هێزی نەتەوەییدا بێت. پشتگوێخستنی ئەم ئەرکە، پێشێلکردنی پەیمانی شارۆمەندییە.

ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی ستراتیژی

Strategic Reconstruction Duty

ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی ستراتیژی، پرۆسەیەکی مێژوویی و کرداریە بۆ نۆژەنکردنەوەی ژێرخانە وێرانکراوەکان و گۆڕینی جوگرافیای نیشتمان بۆ هێزێکی ئاوەدانی کێبڕکێکار. ئەم ئەرکە نواندنی ویستی پۆڵاییەنی نەتەوەیە؛ مەبەست لێی جیا لە تەلارسازیی لە ئاستی باڵا بۆ بنیاتنانی مێترۆپۆل و شارستانییەتی مۆدێرن و سیستماتیک، هەروەها ساغکردنەوەی دیمۆگرافی و گێڕانەوەی ژیان و شکۆیە بۆ گشت بستێکی خاکی کوردستان کە لە سەردەمی داگیرکاریدا شێوێندراوە، بە جۆرێک کە وارگەی نەتەوەیی ببێتە قەڵایەکی پتەوی ئابووری و شارستانی.

ئیسکبەندیی بنەمایی دەوڵەتداریێتی

Fundamental Framework of Statehood

ئیسکبەندیی بنەمایی، ئەو پەیکەرە دەستوورییەیە کە دابەشکاریی دەسەڵاتەکان (قانووندانان، ڕایەدار، دادوەری) و پەیوەندیی نێوان دامەزراوە باڵاکانی کۆمار ڕێکدەخات. ئەم پەیکەرە وەک

چوارچێوەیەکی ڕێکخراو بۆ دەوڵەت کار دەکات؛ گەرەنتیی ئەوە دەدات کە دەوڵەت لە یەکەیەکی پەرتەوازەوە بگۆڕێت بۆ پەرگاڵێکی ڕێکخراو و سەقامگیر کە توانای نواندنی کرداریی کۆیی هەبێت. بەبێ ئەم ئیسکبەندییە، نەتەوە ناتوانێت سەروەرییەکەی جێگیر بکات و وەک گیانێکی بێ جەستە دەمێنێتەوە.

ئازادیی داهێنان

Freedom of Invention

ئازادیی داهێنان، مافێکی ڕەهای شارۆمەندانە بۆ پەرەپێدانی زانست، هونەر، فەلسەفە و تەکنەلۆژیا بەبێ هیچ گوشارێکی وارگێڕیی یان ئایدیۆلۆژی. ئەم ئازادییە وەک هۆکاری گەشەی شارستانی پێناسە دەکرێت؛ دەوڵەت پشتیوانیی لێدەکات چونکە داهێنان تەنیا ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە پێگەیەکی پێشەنگی تەکنەلۆژی و بەهێزکردنی هێزی نەرمی دەوڵەت لە ئاستی جیهانیدا. ئازادیی داهێنان ئامرازێکە بۆ تێپەڕاندنی پاشکەوتوویی و بنیاتنانی نەتەوەیەکی خاوەن داهێنان.

ئامانجی باڵای دەوڵەت

State's Supreme Goal

ئامانجی باڵای دەوڵەت، مسۆگەرکردنی مانەوەی شکۆمەندانە، گەشەسەندنی بێپسانەوە و پاراستنی سەروەریی ڕەهای نەتەوەی کورد لەسەر وارگەی مێژوویی خۆی. ئەمە کۆتاییترین هۆکاری بوونی دەوڵەتە؛ هەر قانوون، وارگێڕیی یان بڕیارێک کە لە ڕاژەی ئەم ئامانجەدا نەبێت، ڕەوایەتیی دەستووریی خۆی لەدەست دەدات. ئامانجی باڵا وەک ڕێنیشاندەرێک کار دەکات بۆ ئەوەی دەوڵەت هەمیشە لە ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆی وەک پارێزوانی نەتەوە بمێنێتەوە.

ب

بانکی ناوەندیی کوردستان

Central Bank of Kurdistan

ئەم دامەزراوەیە، مێشکی دارایی و پارێزەری بەهای ڕەنجی نەتەوەی کوردە لە واری ئابووریدا. ئەرکی ئەم بانکە جیا لە ڕێکخستنی دراو، هەروەها مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی نەختینەیی و پاراستنی یەکەی ئابووریی وڵاتە لە هەژموونی دارایی دەرەکی. بانکی ناوەندی کوردستان وەک ئامرازێکی باڵای نیشتمانی کار دەکات بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە هەر جۆرە داڕمانێکی دارایی یان دەستێوەردانێکی ئابووریی بیانی کە ئامانجی لاوازکردنی بڕیاری وارگێڕیی کۆمار بێت. لێرەدا، بانک دەبێتە گەرەنتیکەری گەشەی ژێرخانی دارایی وڵات و سەقامگیریی ژیانی شارۆمەندان و هێزی کڕینی تاکی کورد.

بنەما نەگۆڕەکان

Immutable Principles

ئەم بنەمایانە، "کۆدی بۆماوەیی" و گەوهەری بوونایەتیی کۆماری کوردستان لە وڵات وەک پاتریا و هەروەها لە جیهانن کە لە سەرووی گشت ویستێکی وارگێڕیی کاتییەوە وەستاون. ئەم بنەمایانە ئەو پەیمانە هەردەمییانەی نەتەوەی کوردن کە ڕێگری دەکەن لەوەی دەوڵەت لە ئامانجە مێژوویییەکانی خۆی لابدات یان شوناسەکەی بکرێتە قوربانیی بەرژەوەندیی گرووپگەلێک لە بەرژەوەندی خۆیان لە سەرووی بەرژەوەندیی کوردستانەوە دەبینن. هەر هەوڵێک بۆ دەستکاریکردنی ئەم بەندانە، بە هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی خودی "کوردستان وەک وڵات" دادەنرێت؛ چونکە ئەم بنەمایانە ئامرازی پاراستنی نەتەوەی کوردن لە هەر جۆرە لادانێکی دەستووریی و مێژوویی.

بنەما ستراتیژی و دەستوورییەکانی وارگێڕیی دەرەوە

Strategic and Constitutional Principles of Foreign Administration

ئەم بنەمایانە، نەخشەڕێگای نواندنی هێزی سەروەرانەی دەوڵەتی کوردستان لە گۆڕەپانی جیهانیدان. لێرەدا، وارگێڕیی دەرەوە لە پاشکۆیەتیی هێزە گەورەکان ڕزگار دەکرێت و لەسەر کۆڵەکەکانی سەربەخۆیی ڕەها و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی دادەمەزرێت. ئەم چوارچێوەیە دەوڵەت ناچار دەکات کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی تەنیا لەسەر بنەمای ڕێزی دوولایەنە و پاراستنی شکۆی نەتەوەیی کوردستان دابڕێژێت، بە جۆرێک کە کوردستان وەک سوبێکتێکی مێژووساز و خاوەن ویست دەربکەوێت، نەک وەک ڕووبەر و مەیدانێکی بێدەنگ بۆ ململانێی بیانییەکان.

بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی

Supreme National Interest

ئەمە کۆمپاس و ڕاستە پێشاندەری باڵای گشت بڕیار، قانوون و کردەوەیەکی دەوڵەتە. بەرژەوەندیی باڵا، ئەو هێڵە سوورە دەستوورییەیە کە تێیدا مانەوەی شکۆمەندانەی نەتەوە، یەکپارچەیی وارگەی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی یەک دەگرنەوە. ئەم بەرژەوەندییانە نەک تەنیا بۆ نەوەی ئێستا، بەڵکوو وەک سپێردەیەکی پیرۆز بۆ نەوەکانی داهاتووش دەپارێزرێن. هەر هەڵوێستێکی وارگێڕیی کە ئەم بەرژەوەندییانە بخاتە مەترسییەوە، ڕەوایەتیی قانوونیی خۆی لەدەست دەدات، چونکە ئەمە تاقانە پێوەر بۆ ڕەسەنایەتیی دەسەڵاتداریی لە کوردستاندایە و گۆڕانی بەسەردا نایات.

بەرگریی چالاک و پاراستنی پێشوەختە

Active Defense and Preemptive Protection

ئەم دۆکترینە، گۆڕینی فەلسەفەی سەربازیی و هەواڵگریی وڵاتە لە "کاردانەوەی پاشکۆیانە" بۆ "دەستپێشخەریی هێزمەندانە ."ئامانج لێی ئەوەیە کە دەوڵەت چاوەڕێی گەیشتنی هەڕەشە بۆ سەر خاکی خۆی نەکات، بەڵکوو بە ئاوەزی ستراتیژی و توانای هەداریی و بەردەستە تەکنۆلۆژییەکانی، مەترسییەکان لە سەرچاوەکانیانەوە بناسێتەوە و پووچەڵیان بکاتەوە. ئەم چەمکە نواندنی بنەڕەتی ویستی نەتەوەی کوردە بۆ ئەوەی چیتر نەبێتە قوربانیی پیلانەکان، بەڵکوو خۆی ببێتە پارێزەری وڵات، نەتەوە، مەردم، ژینگە و ژێرخانی بوونایەتیی خۆی.

بێلایەنیی دەوڵەت بەرامبەر ئایین و باوەڕەکان

State Neutrality towards Religions and Beliefs

ئەم بێلایەنییە، بنەمای دادپەروەریی گشتگیر و مسۆگەرکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتییە. لێرەدا، دەوڵەت نەک دژی ئایین، بەڵکوو وەک چەترێکی دادپەروەر دەوەستێ کە تێیدا هەموو شارۆمەندان بە جیاوازیی جهانبینییەکانیانەوە لەبەردەم قانوونداً یەکسانن. دەوڵەت ڕێگری دەکات لەوەی ئایین یان هەر باوەڕێکی گیانی بکرێتە ئامرازی ململانێی وارگێڕیی یان سەپاندنی دەسەڵات؛ ئامانج پاراستنی پانتایی گشتییە لە قۆرخکاریی ئایدیۆلۆژی، تاوەکوو ئاوەز و زانست تاقانە سەرچاوەی ڕاییکردنی کاروباری دەوڵەت بن.

بێگانە / بیانی

Alien / Foreign

لە فەرهەنگی ئەم دەستوورەدا، بێگانە تەنیا کەسێک نییە کە ناسنامەی وڵاتەکەمانی نەبێت، بەڵکوو گێڕانەوەیە لە هەر هێز، دەزگا یان ئایدۆلۆژیایەک کە سەرچاوەی ڕەواییەکەی لە دەرەوەی ویستی نەتەوەی کورد و ئەم پەیمانە دەستوورییەوە بێت. بیانییەکان بە مەرجێک بەشێک نەبن لە داگیرکاری یان پرۆژەگەلی

دژی دەوڵەتی کوردستان، وەک میوانی ڕێزدار و هاوبەشی گەشەپێدان سەیر دەکرێن، بەڵام هەر کاتێک هەوڵی دەستێوەردان لە سەروەریی یان شێواندنی شوناسی نەتەوەیی بدەن، دەبنە هەڕەشەیەکی دەرەکی. ئەم چەمکە بۆ جیاکردنەوەی وردی سنووردکانی "خۆیی" و "ئەویتر" بەکاردێت.

بودجە و کارگێڕیی دەسەڵاتی دادوەریی

Judiciary Budget and Administration

بودجە و کارگێڕیی دەسەڵاتی دادوەریی ئامرازی پاراستنی وێژدانی دادپەروەرییە لە کوردستان. بە دابینکردنی سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕیی ڕەها بۆ دادگاکان، ڕێگری دەکرێت لەوەی کە دەسەڵاتی ڕایەدار یان هێزە داراییەکان بتوانن لە ڕێگەی گوشاری دارایی کار لەسەر بڕیاری دادوەران بکەن. بودجەی سەربەخۆ گەرەنتیی ئەوە دەدات کە دادوەری تەنیا ملکەچی قانوون و دەستوور بێت، نەک ملکەچی ئەو لایەنەی کە خەرجییەکانی دابین دەکات. ئەمە بنەمای سەربەخۆیی بنچینەیی دادوەرییە لە دەوڵەتی کوردستاندا.

بوونایەتیی بوونسەپێن

Ontological Assertion of Existence

بوونایەتی بوونسەپێن ئەو وزە نێوەکی و هێزە مێژووییەی نەتەوەی کوردە کە ڕێگەی پێنادات لە تاریکخانەی مێژوودا ون بێت. بوونایەتیی بوونسەپێن واتە نەتەوەیەک کە لە دۆخی "تەوژمێکی لێڵی نەناسراویی" دەرچووە و بە ئاگاییەکی ڕەبەقەوە بڕیاری داوە بوونی خۆی وەک دەوڵەتێکی سەروەر بسەپێنێت. ئەم چەمکە ڕەوایەتی بە هەموو ئەو خەبات و دامەزراوەسازییانە دەبەخشێ کە ئامانجیان گۆڕینی "تاسەی مێژوویی" کوردە بۆ کەتواریکی وارگێڕیی تێکنەشکێنراو لە فۆرمی دەوڵەتێکی بەهێزدا کە بوونایەتی خۆی لە جیهاندا بنوێنێت.

بەشداریی لاوان

Youth Participation

لاوان وەک "یەدەگی ستراتیژیی" و بزوێنەری داهاتووی کوردستان دەبینرێن. بەشداریی ئەوان نەک هەر سەربەشییەکی وارگێڕیی، بەڵکوو ئەرکێکی نیشتمانییە بۆ ئەوەی وزەی داهێنان و نوێبوونەوە بخرێتە ناو دەمارەکانی دەوڵەتدارییەوە. دەوڵەت پابەندە بە کردنەوەی دەروازەکان بۆ لاوان لە ناوەندەکانی بڕیارسازیدا، بۆ ئەوەی نەتەوەسازی پڕۆسەیەکی درێژەدار بێت و نەوەی نوێ بە هەمان هاوئاگایی نەتەوەیی و وەفادارییەوە ئەرکی پاراستنی دەوڵەتی کوردستان بگرێتە ئەستۆ.

پ

پابەندبوون

Commitment / Adherence

ئەم چەمکە لە دەستووردا تەنیا بە واتای ملکەچبوونی سادە بۆ دەقە قانوونییەکان نایەت، بەڵکوو هاوتەریبوونی ویژدانی و کرداریی شارۆمەند و دەسەڵاتە لەگەڵ ئامانجە باڵاکانی کوردستاندا. پابەندبوون، ڕەهەندێکی ڕۆشنگەرانەی هەیە کە بریتییە لە هەوڵی بێپسانەوە بۆ نەهێشتنی نەزانی و دواکەوتوویی. ئەمە پەیمانێکی زیندووە کە تێیدا هەموو لایەک بەڵێن دەدەن شکۆی مرۆیی و سەروەریی قانوون بپارێزن تاوەکوو دەوڵەت لە ئامانجە ڕەسەنەکانی خۆی دانەبڕێت.

پاشکۆ

Appendix / Annex

پاشکۆکان لەم دەستوورەدا تەنیا لاپەڕەی تەواکەر نین، بەڵکوو دەروازەی کردەیی گواستنەوەی دەستوورن لە «هزر»ـەوە بۆ «کردار». لێرەدا، لە ڕێگەی سوێندنامەی هاوواڵاتیبوون و فۆرمی تۆمارکردنەوە، پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمار لە دۆخێکی تیۆرییەوە دەگۆڕێت بۆ پەیمانێکی فەرمیی جێگیر. پاشکۆی دەستوور، ئەو شوێنەیە کە تێیدا شارۆمەند بە شێوەیەکی ویستمەندانە دەچێتە ناو ناخی قانوونمەنیی کوردستانی و بەرپرسیارێتییەکانی خۆی ڕادەگەیەنێت.

پاراستنی ئابووریی نەتەوەیی

Protection of National Economy

ئەم پاراستنە، ئەرکێکی ستراتیژییە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاردانی کوردستان لە بەرامبەر هەر جۆرە زەبر و هەژموونێکی دارایی دەرەکی. ئەم چەمکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بازرگانیی نێودەوڵەتی دەبێت لەسەر بنەمای بەهێزکردنی توانای ناوخۆیی بێت. لێرەدا، ئابووری جیا لە ئاڵوگۆڕی کاڵا هەروەها قەڵغانێکە بۆ ڕێگریکردن لە «خوێنبەربوونی سەرمایە" و مسۆگەرکردنی ئەوەی کە سامانی وڵات تەنیا بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەکار بهێنرێت.

پاراستنی زانیاریی کەسی و کەسینەیی دیجیتاڵی

Protection of Personal Data and Digital Privacy

لە سەردەمی «دەوڵەتی ژیر»ـدا، پاراستنی داتا وەک پاراستنی جەستەی مرۆڤ سەیر دەکرێت. ئەم چەمکە گێڕانەوەیە لە ئەرکی ڕەهای دەوڵەت بۆ دابینکردنی "سەربەخۆیی دیجیتاڵیی تاک". لێرەدا،

زانیارییە کەسییەکان سامانێکی سەوداهەڵنەگرن؛ دەوڵەت ئەرکدارە بە بنیاتنانی ژێرخانێکی پارێزراو کە رێگری بکات لەوەی شوناسی دیجیتاڵیی شارۆمەندان ببێتە کاڵایەکی بازرگانی یان ئامرازێکی سیخوڕی بۆ بۆ کەسانی نەخوازراو و بەتایبەتی بۆ هێزە بێگانەکان.

پاراستنی شکۆی نەتەوەیی و نەهێشتنی نەیارشەیدایی

National Dignity and Elimination of Enemy Adoration

ئەمە بنەمایەکی دەروونی-وارگێڕییە بۆ پاراستنی خۆئاگایی نەتەوەیی. نەیارشەیدایی وەک دۆخێکی ناهاوسەنگی واتایی پێناسە دەکرێ کە تێیدا تاک یان گرووپ تووشی ئەویندارى بۆ داگیرکەر دەبن. پاراستنی شکۆی نەتەوەیی، ئەرکی دەوڵەتە بۆ بنیاتنانی قەڵغانی هزری کە رێگری بکات لە دزەکردنی گوتاری بێگانەپەرستی و لاوازکردنی وڕەی نەتەوەیی. لێرەدا، وەفاداری بۆ دوژمن بە تاوانی باڵای ناپاکی و پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ گەوهەری نەتەوە دادەنرێت.

پاراستنی وارگەی نەتەوەیی

Protection of National Territory

ئەمە باڵاترین ئەرکی بوونایەتیی دەوڵەت و شارۆمەندە. وارگەی نەتەوەیی، جیا لە سنووورێکی جوگرافی هەروەها ڕووبەری ژیانی هەزاران نەوەی کورد و باوان و دایانەکانی و بۆ واتایەکی دیکە «جەستەی نەتەوە»یە کە نەوەکانی داهاتووی کوردیش تێیدا پێویستە ئۆقرە بگرن. پاراستنی یەکپارچەیی وارگەی نەتەوەیی، بەدەر لە هەر جۆرە سازان و سەودایەکی وارگێڕییە. هەر هەوڵێک بۆ دابەشکردنی خاک یان گۆڕینی دیمۆگرافیاکەی، بە هێرش بۆ سەر بوونایەتیی نەتەوە دادەنرێت و پرسێکی ئاسایشی نەتەوەییە لە باڵاترین ڕێژە و ئاستی خۆیدا. ئەم چەمکە گەرەنتیی ئەوە دەدات کە نەتەوەی کورد خاوەنی تاقانە و هەردەمیی ڕەبەقی خاکی مێژوویی و ئێستایی و داهاتوویی کوردستانە.

پارتییە وارگێڕییەکان

Political Parties

پارتەکان لێرەدا نەک وەک گرووپی بەرژەوەندیخواز، بەڵکوو وەک "ئامرازی دەسەڵاتی وارگێڕیی" پێناسە دەکرێن. ئەرکی ئەوان بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن بە مەبەستی گرتنی دەسەڵاتی وارگێڕیی و هەروەها پەرەپێدانی هۆشیاریی وارگێڕیی و پێگەیاندنی کادری لێهاتوو بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتە. دەستوور چوارچێوەیەکی قانوونیی تۆندیان بۆ دادەنێت تاوەکوو نەبنە پاشکۆی هێزە دەرەکییەکان و هەمیشە بەرژەوەندیی نیشتمانی لە سەرووی بەرژەوەندیی پارتایەتییەوە دابنێن. پارتی ڕەوا، ئەو یەکەیەیە کە ڕاڤەی بەهێزکردنی کۆمار دەکات.

پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەریی

Structure of Judicial Authority

ئەم پێکهاتەیە، ویژدانی بێلایەنی دەوڵەتە. جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دادوەری دەبێت لە ڕووی بودجە و کارگێڕییەوە سەربەخۆیی بنەڕەتیی هەبێت تاوەکوو لەژێر زەبری دەسەڵاتی ڕایەدارا نەمێنێتەوە. ئەم پەیکەربەندییە بۆ ئەوەیە کە دادگا ببێتە پەناگەی کۆتایی بۆ پاراستنی مافەکانی شارۆمەند و سەروەریی ڕەهای قانوون، بە جۆرێک کە هیچ کەسێک کە بەهۆی پێشێلکاری قانوون یان دەستدرێژی بۆ مافی شارۆمەندان، نەتوانێت لە سزای دادپەروەرانە ڕزگاری بێت.

پێشەکی

Preamble

پێشەکیی ئەم دەستوورە، مانیفێستێکی فەلسەفی و مێژوویی کە شوناسی کورد بە ڕەگ و ڕیشەی شارستانییەتەکانی سەرانسەری خاکی مێژوویی میدیاوە دەبەستێتەوە. ئەمە جیا لە دەقێکی دەسپێکی، هەروەها ڕووگەی تێگەیشتنی ڕەهای دەستوورەکەیە. تێیدا ڕەوایەتیی دەوڵەت لە قووڵایی مێژوو و ویستی پۆڵاییی کوردەوە هەڵدەهێنجرێت، نەک لە ڕەزامەندیی دەرەکی. پێشەکی، پەیمانی نێوان نەوەکانی ڕابردوو و داهاتوویە لەسەر ئەم خاکی کوردستان کە نەوەی ئێستایی خاوەندارییەتی لێ دەکات.

پڕۆسەی قانوونداناں

Legislative Process

ئەم پڕۆسەیە، ئامرازی گواستنەوەی ژیریی کۆیی و ویستی مەردم و پێداویستییەکانی کوردستانە بۆ فەرمانی دەستووریی و قانوونی. لێرەدا، نوێنەرانی کوردستان لە مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیراندا، ئەرکی داڕشتنی ئەو قانوون و ڕێسایانەیان لە ئەستۆیە کە ژیانی بەکۆمەڵ لە پەرگاڵی دەوڵەتدا ڕێکدەخەن. ئەم پڕۆسەیە بە جۆرێک داڕژاوە کە هەمیشە ملکەچی بنەما نەگۆڕەکانی دەستوور بێت، تاوەکوو قانوونداناں نەبێتە هۆی لاوازکردنی کۆڵەکەکانی دەوڵەت یان پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکان.

پڕۆسەی دادگاییکردن

Trial Process

ئەمە لوتکەی نواندنی دادپەروەریی و پاراستنی شکۆی مرۆڤە لە کۆماری کوردستان. بنەماکانی ئەم پڕۆسەیە (وەک بێتاوانبوون تا سەلماندنی تاوان و مافی بەرگری) تەنیا ڕێکاری تەکنیکی نین، بەڵکوو مەرجی ڕەوایەتیی دەسەڵاتی دادوەرییں. دەستوور گەرەنتی دەکات کە دادگاییکردن دەبێت بە زمانێکی ڕوون و بە شێوەیەکی ڕووەن بێت، تاوەکوو متمانەی گشتی بە دەوڵەت وەک پارێزەری مافەکان بپارێزرێت.

پەرگاڵی دەوڵەتی ژیر

Intelligent State System

ئەمە ڕەهەندی نوێ و دیجیتاڵیی کۆماری کوردستانە. پەرگاڵێکە کە تێیدا تەکنەلۆژیا و ژیریی دەستکرد لە ڕاژەی کارایی و دادپەروەریدان. ئامانجی ئەم پەرگاڵە، نەهێشتنی بیرۆکراسیی کۆن و گەیاندنی خێرای ڕاژە گشتییەکانە بۆ شارۆمەندان. دەوڵەتی ژیر وەک ئاوەزی تەکنیکیی نەتەوە کار دەکات بۆ پاراستنی داتا نیشتمانییەکان و دابینکردنی شوناسێکی دیجیتاڵیی پارێزراو بۆ هەموو کوردستانییەک.

پەرگاڵی وارگێڕی

Administrative/Political System

پەرگاڵی وارگێڕی، فۆڕمی ڕێکخستنی دەسەڵاتداریی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستانە؛ ئەم پەرگاڵە دەبێت هەمیشە پارێزوانی بنەما نەگۆڕەکانی دەستوور بێت، بە تایبەتی سەروەریی نەتەوەیی و یەکپارچەیی وڵات. ئەم پەرگاڵە بنەمای سەقامگیریی دەوڵەت و مانەوەی نەتەوەیە. هەرچەندە میکانیزمەکانی بەڕێوەبردن دەتوانن بەپێی ویستی بەکۆمەڵ گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، بەڵام جەوهەری پەرگاڵەکە کە پاراستنی وار، دەوڵەت، سەربەخۆیی، سەروەریی و ئازادیی کوردە، بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە.

پەیوەندیی ستراتیژیی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل

Strategic Relationship with Israel

ئەم پەیوەندییە، بڕیارێکی ستراتیژیی ئازایانەیە کە لەسەر بنەمای هاوچارەنووسیی مێژوویی و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی دامەزراوە. لێرەدا، کوردستان دان بە مافی نەتەوەکانی تردا دەنێت بۆ سەروەریی لەسەر خاکی خۆیان. لەو ناوچەییە کوردستان و ئیسرائیلی تێدا هەڵکەوتووە، بە درێژایی مێژوو هەم ئایدیۆلۆژیا بەڕەرییەکان و هەم نەتەوە ئیمپریاڵەکان وەک دوژمنی هاوبەشی کورد و جوو هەڵسوکەوتیان کردووە و لەم ڕووەوە ئەم هاوپەیمانییە ئامرازی بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیا توندڕەوانەیە کە دژایەتیی بوونی هەردوو نەتەوەی کورد و جوو دەکەن.

پەیمانی نەتەوەیی

National Pact

پەیمانی نەتەوەیی، پابەندی بە دەوڵەتخوازی و یەکپارچەیی کوردستان و خواستی سەروەریی دەوڵەتی کوردستان بەسەر وارگەی نەتەوەیی و هەروەها کۆی گشتیی ئەو ئەرک و مافانەیە کە شارۆمەند و دەوڵەت بەیەکەوە گرێ دەدەن. ئەمە پەیمانێکی بوونناسانەیە؛ شارۆمەند بە وەفاداری و بەرگری لە وڵات

پابەند دەبێت، و دەوڵەتیش بە دابینکردنی ئاسایش، ئازادی و خۆشبژێویی گشتی. پەیمانی نەتەوەیی، بناغەی یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی و تاکە سەرچاوەی هێزی نەتەوەیە لە بەرامبەر ئاڵەنگارییەکاندا.

پێگەی کەمینەکان

Status of Minorities

کۆماری کوردستان دەوڵەتێکی دیموکراتە کە تێیدا گشت کەمینە کولتووری و ئایینییەکان وەک بەشێکی گرینگ لە کوردستانیبوون دەناسرێن. پێگەی ئەوان لەسەر بنەمای یەکسانیی ڕەهای مافە شارۆمەندییەکانە. دەوڵەت پابەندە بە پاراستنی شوناسی کولتووری ئەوان، بە مەرجێک ئەم جیاوازییانە نەبنە هۆی لاوازکردنی یەکێتی نەتەوەیی و یەکپارچەیی کوردستان یان پابەندبوون بە دەستووری کوردستانەوە.

پیرۆزیی خاک

Sanctity of the Land

خاکی کوردستان زیاتر لە زەوییەکی جوگرافی، نواندنی پیرۆزی بوونایەتی و یادەوەریی هەزاران ساڵەی کوردە. ئەم پیرۆزییە دەبێتە بنەمای گشت جۆرە نەخشەدانانێکی ستراتیژی بۆ ئاوەدانکردنەوە. خاک کوردستان ملکی ڕەهای نەتەوەی کوردە و دەوڵەت تەنیا پاسەوانییەتی؛ لێرەوە، هەر جۆرە تێکدانێکی ژینگەیی یان فرۆشتنی خاک بە بێگانە، بیانی یان داگیرکەر، وەک دەستدرێژی بۆ سەر پیرۆزییە نەتەوەییەکان هەژمار دەکرێت و باڵاترین سزای هەیە.

ت

تەوژمێکی لێڵی نەناسراویی

Fuzzy Stream of Anonymity

ئەم چەمکە گێڕانەوە لەو دۆخە مێژوویییە تاڵەی کە نەتەوەی کورد لە سەردەمەکانی داگیرکاریدا تێیدا بووە؛ کە هەوڵ دەردێ یان دەدرا خودی کۆیی کورد لەناو شوناس و قەوارە داگیرکەرەکاندا ون بکرێت و مافی کرداریی کۆیی لێ زەوت بکرێت. لە ڕوانگەی دەستوورییەوە، ئەم تەوژمە وەک سڕینەوەی بنەڕەتی و زانەوانی سەیر دەکرێت؛ ئەرکی ئەم دەستوورە ڕزگارکردنی کورد لەم لێڵییە، بە خۆسەپاندنەوەی کوردستان وەک کەتواڕێکی ڕەها لە بازنەی سەروەرییدا کە چیدی پەسەند ناکات لە تاریکخانەی مێژوودا ون و بێدەنگ بکرێت.

تاوانی باڵای ناپاکی نیشتمانی

High Crime of National Treason

ئەم تاوانە جیا لە پێشێلکارییەکی قانوونیی، هەروەها بریتییە لە هەر کردەیەک کە هەوڵی پچڕاندنی پەیوەندیی ئۆرگانیکی نێوان کورد و ویستی گەوهەریی خۆی بۆ سەروەریی نەتەوەیی بدات. هەر جۆرە دڵسۆزییەک بۆ داگیرکەر یان هاوکارییەکی دەرەکی کە ئامانجی لاوازکردنی دەوڵەت یان دابەشکردنی خاک بێت، بەم تاوانە هەژمار دەکرێت. ئەمە وەک کودەتایەکی واتایی و گیانەکی دژ بە کوردستان و ڕۆحی دەستوور دەبینرێت و سزاکەی تووندترینە، چونکە هێرشە بۆ سەر تاقانە ژینگەی مانەوەی کورد کە دەوڵەتە.

تاوانی جەردەسالاری و داڕزاندنی دەوڵەت

Crime of Kleptocracy and State Degeneration

ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ تاڵانکردنی سامانی گشتی، کە وەک ژەهری ناو جەستەی دەوڵەت پێناسە دەکرێت. جەردەسالاری دەبێتە هۆی تێکدانی پەیمانی کۆمەڵایەتی و لەناوبردنی متمانەی شارۆمەندان؛ بۆیە دەستوور وەک تاوانێکی باڵا دەیناسێنێت. ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تاوانە، ئەرکێکی بوونناسانەیە بۆ ڕێگریکردن لە داڕمانی دامەزراوەکان، چونکە دەوڵەتێک کە لە ناوەوە تووشی داڕزان بێت، توانای پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی لەدەست دەدات.

تاوانی لێنەبوردە

Unforgivable Crime

لەم دەستوورەدا، جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کە بەرامبەر بە کورد ئەنجام دراون، وەک تاوانی لێنەبوراو دەناسرێن. ئەمە بەو واتایەیە کە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانە وارگێڕییەکان، سۆز و ڕەوایی بە تاوانباران نابەخشێت. ئەمە هەمووان نەیاران و دوژمنانی کورد فێر دەکات کە نرخی گیانی کورد بێ بەها نییە، بەڵکو تێچوویەکەی لە دەسکەوتەکەی زیاترە. ئەم چەمکە وەک پاسەوانی دادپەروەریی مێژوویی کار دەکات؛ دەوڵەت پابەند دەکات بە ڕاوەدوونانی هەردەمیی بکوژانی کورد، چونکە لێبوردن لە جینۆساید، بە واتای شەرعییەت دان بە لەناوبردنی بوونی نەتەوەیی دێت.

تەکنەلۆژیا

Technology

لە فەلسەفەی دەوڵەتی ژیردا، تەکنەلۆژیا جیا لە ئامرازێکی تەکنیکی، درێژە پێدەری سەروەریی نەتەوەییە هەم لە وارگەی نەتەوەیی فیزیکی و هەم لە وارگەی دیجیتاڵیدا. دەستوور داخوازی چوارچێوەیەکی قانوونیی و ڕەوشتیی توند دەکات بۆ بەکارهێنانی، تاوەکوو ببێتە گەرەنتیی سەربەخۆیی و ڕێگری لە داگیرکاریی بکات. هەروەها تەکنەلۆژیا دەبێت لە ڕاژەی بەرزکردنەوەی چلۆنایەتیی ژیانی

شارۆمەندان و پاراستنی نهێنییەکانی دەوڵەتدا بێت، نەک ببێتە ئامرازی سەرکوت یان پاشکۆیەتیی هێزە بیانی و دەرەکییەکان.

تیریتۆریالیزم / وارپارێزیی

Territorialism

ئەم چەمکە گێڕانەوەیە لە خاوەندارێتیی ڕەها و بێ ئەملاو ئەولای نەتەوەی کورد بەسەر گشت بستێکی خاکی مێژوویی کوردستاندا وەک پاوان و وارگەی نەتەوەیی. وارپارێزیی، بنەمای وارگێڕیی ڕەوای دەوڵەتە و وەک قەڵغانی بەرگری پێناسە دەکرێت. ئەمە نەک ململانێیەکی جوگرافی، بەڵکوو پاراستنی ئەو پانتاییە بوونناسانەیە کە تێیدا شوناسی کوردی فۆرمی گرتووە. هەر جۆرە دەستبەردارببوونێک لەم وار و پاوانە نەیەوەییە، بە هەوڵێک بۆ لەناوبردنی کورد دادەنرێت و بە ناپاکی نیشتمانی پێناسە دەکرێت.

تێکۆشان

Struggle / Endeavor

تێکۆشان لێرەدا بە واتای ئەو بزوێنەرە مێژوویییە دێ کە نەتەوەی کوردی لە قۆناغی خوازیاریی پاسیڤەوە گواستووەتەوە بۆ قۆناغی بکەریی چالاک. ئەمە ئەو وزە بێپسانەوەیەیە کە لە پێناو وەدیهێنانی سەربەخۆیی و شکۆمەندیدا دراوە. تێکۆشان وەک ڕەگ و ڕیشەی ڕەوایەتیی دەستوور دەبینرێت؛ هەر بەندێکی ئەم دەقە، بەرهەمی خوێن و ڕەنجی تێکۆشەرانە، بۆیە دەوڵەت ئەرکدارە کە هیچ کات ئەم ڕێبازە فەرامۆش نەکات.

تیرۆریزم

Terrorism

تیرۆریزم وەک هەڕەشەیەکی بوونایەتی دژ بە پەیمانی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی دەناسرێت. هەر کردەوەیەک کە ئامانجی تێکدانی ئارامی و تۆقاندنی شارۆمەندان بێت بۆ سەپاندنی ئەجێندایەکی ناقانوونیی، دەکەوێتە ئەم خانەیەوە. دەوڵەت لە ڕێگەی بەرگریی چالاکەوە پابەندە بە ڕیشەکێشکردنی تیرۆر، چونکە تیرۆریزم دژبەری سەرەکیی سەروەریی قانوون و ژیانی شکۆمەندانەی مرۆڤی کوردە.

تەوەرە ستراتیژییەکانی ئابووری

Strategic Economic Axes

ئەمە نەخشەی جووڵەی دەوڵەتە بۆ گەیشتن بە باڵادەستیی دارایی و پیشەسازی. ئەم تەوەرانە (وەک ئاسایشی خۆراک و پیشەسازیی بەرگری) وەک دەمارە ژینەکییەکانی دەوڵەت دەبینرێن. ئەرکی ئەم

تەوەرانە ئەوەیە کە کوردستان لە یەکەیەکی بەکارهێنەرەوە بگۆڕن بۆ وڵاتێکی ئاوەدان و بەرهەمهێنەر، تاوەکوو بازرگانیی نێودەوڵەتی نەک وەک پاشکۆ، بەڵکوو وەک ڕکابەرییەکی خاوەن ویست ئەنجام بدرێت.

ج

جەردەسالاری

Kleptocracy

جەردەسالاری، داڕزانی واتایی و کردارەیی دەسەڵاتە؛ کاتێک وارگێڕیی لە ئامرازێکی نەتەوەسازییەوە دەگۆڕێت بۆ ماشێنێکی تاڵانکردنی ڕەنج و سامانی نیشتمانی. ئەم دیاردەیە وەک «تاوانێکی باڵا» دژ بە شکۆی دەوڵەت دەناسرێت، چونکە متمانەی نێوان شارۆمەند و کۆمار لەناو دەبات و کۆڵەکەکانی سەروەریی نەتەوەیی لە ناوەوە دەپووکێنێتەوە. دەوڵەت ئەرکدارە بە ڕیشەکێشکردنی جەردەسالاری، چونکە مانەوەی کوردستان لەژێر سێبەری مشەخۆرەکاندا لەگەڵ لۆژیکی سەربەخۆیی نایەتەوە.

جیاکردنەوەی گەوهەری

Essential Seperation

ئەم بنەمایە ئەرک دەخاتە سەر شانی گشت دەسەڵاتەکان کە دەستوور نەک وەک دەقێکی قانوونیی سادە، بەڵکوو وەک بەڵگەنامەی دامەزرێنەری بوونی نەتەوە لێک بدەنەوە. جیاکردنەوەی گەوهەری واتا دانانی سنووڕێکی بڕبڕەیی لە نێوان ویستی نەتەوە بۆ «هەبوون" و ئەو ڕێسا و قانوونە کاتییانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە دەردەچن. ئەمە دڵنیایی دەدات کە دەستوور هەمیشە وەک ڕۆحی زیندووی ناو جەستەی دەوڵەت دەمێنێتەوە و ناکرێتە قوربانیی لێکدانەوەی وشک و ئامێری.

جینۆساید

Genocide

جینۆساید وەک ئامرازێکی ڕەق و نەرمی داگیرکەران بۆ سازکردنی زەبری دەروونی لە ناو هەناوی نەتەوەیی کورد، بڕینێکی قوواڵ و نەسڕاوەی سەر جەستەی نەتەوەی کورد و هەوڵێکی تۆندوتیژانەیە بۆ پچڕاندنی زنجیرەی بوونایەتیی کورد لە ڕێگای ناچارکردنی بە خۆونکردن. لەم دەستوورەدا وەک «تاوانێکی لێنەبوراو" پێناسە کراوە کە تێپەڕبوونی کات هیچ ڕەوایەتییەک بە ئاسەوارەکانی نابەخشێت و کورد هێزمەند بکاتەوە بە خۆنواندنی نەتەوەیی لە ڕێگای بەرەنگاربوونەوەی جینوساید و بکەرەکانی بە ئافراندنی ئەیجنسی لە ئاستێکی وەها باڵادا کە بتوانێت بکەرەکانی جینۆساید لێپرسراو بکات و سزایان

بدات. بەرەنگاربوونەوەی جینۆساید نەک تەنیا کردارێکی دادوەری، بەڵکوو ئەرکێکی هەردەمیی نەتەوەییە بۆ پاراستنی یادەوەریی بەکۆمەڵ و مسۆگەرکردنی ئەوەی کە جارێکی تر وارگەی نەتەوەیی نەبێتە گۆڕەپانی قەڵاچۆکردنی مرۆڤی کورد.

جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان کوردبوون و کوردستانیبوون

Distinction between Being Kurd and Kurdistanism

ئەم جیاوازییە، ناوەندی فەلسەفیی کوردستانیزم پێک دەهێنێت. کوردبوون، ڕەهەندە بوونناسانە و ڕەچەڵەکییەکەیە کە پەیوەستە بە زمان، کولتوور و مێژووی هەزاران ساڵەی نەتەوەی کورد؛ لە کاتێکدا کوردستانیبوون، پەیمانی شارۆمەندیی و وەفاداریە بۆ دەوڵەت و خاک و قانوونەکانی کۆماری کوردستان. دەستوور ئەم دوو ڕەهەندە یەکدەخات تاوەکوو یەکێتییەکی نەتەوەیی پتەو بونیاد بنێ کە تێیدا مافی ڕەسەنایەتیی کورد و مافی یەکسانیی گشت شارۆمەندان بەیەکەوە بپارێزرێن.

جیاکارییەکی ورد و بنەڕەتی

Precise and Fundamental Distinction

لەم دەستوورەدا، پێویستە لێکدانەوەی دادوەریی بێوچان ئەم جیاکارییە لە نێوان مافە تاکەکەسییەکان و ئەرکە باڵا نیشتمانییەکاندا بکات. ئەم چەمکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئازادیی ڕاستەقینەی تاک لە دەرەوەی ژینگەی وارگێڕیی (دەوڵەت. بوونی نییە؛ بۆیە لە کاتی هەر پێکدادانێکدا، بەرژەوەندیی گشتی و مانەوەی نیشتمان لە پێشترە. ئەم جیاکارییە بۆ ڕێگریکردنە لەوەی کە مافی تاک وەک پاساوێک بۆ لاوازکردنی کۆڵەکەکانی دەوڵەت بەکار بهێنرێت.

جێگرەوەی قانوونیی و دامەزرێنەر

Legal and Constituent Alternative

ئەم چەمکە گێڕانەوە لە دەوڵەتی ڕزگاریی وەک یەکەیەکی قانوونیی کە لە قۆناغی گواستنەوەدا ئەرکی بنیاتنان و ڕاییکردنی سەروەریی نەتەوەیی لەسەر وارگەی نەتەوەیی لە ڕێگای کۆتایی هێنان بە داگیرکاری دەگرێتە ئەستۆ. ئەم دەوڵەتە وەک پردێکی دامەزرێنەر کار دەکات بۆ گۆڕینی وزەی خەبات بۆ دامەزراوەی مۆدێرن و ڕێگری دەکات لە دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات. وەک جێگرەوەیەکی ڕەوا، هەموو ئەو قانوون و ڕێکارە ناقانوونییانەی داگیرکەران هەڵدەوەشێنێتەوە و بناغە و ژێرخان بۆ کۆماری سەربەخۆ دادەڕێژێت.

جیهانیی دادپەروەرانە

Just Global System

جیهانیی دادپەروەرانە، دیدگایەکی ستراتیژیی کۆمارە بۆ دارشتنەوەی پەرگاڵێکی جیهانی کە تێیدا یەکسانیی سەروەریی نەتەوەکان بکرێتە مەرجی سەرەکی. لە سەردەمی داگیرکاریدا کوردستان لە پەرگاڵی جیهانیدا جێگای نەکراوەتەوە و ڕێگا نەدراوە هەڵبژاردنی وارگێڕی بۆ خۆی بکات و بەشێک بێت لە کۆمەڵگەی دەوڵەتانی جیهان و بەم هۆکارە تووشی خەسار و زیانی گەورە بووە و زۆر نەوە لە کوردستان لە بندەستیدا لە دایکبوون و ژیان و ماڵئاوایان کرد. دەوڵەتی کوردستان وەک قوربانییەکی ئەو نادادپەروەرییە، ناتوانی بەرامبەر بە جیهان بێدەنگ و وەک سوبێکتێکی مێژووساز، کار بۆ پەرگاڵێک بکات کە تێیدا لۆژیکی زەبر و گوشار جێگەی خۆی بۆ لۆژیکی دادپەروەریی و ڕێزگرتن لە مافی خۆبڕیاردەری نەتەوەکان چۆڵ بکات. ئەمە بەشێکە لە بەرپرسیارێتیی گەردوونیی کۆمار بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر جۆرە داگیرکاری و نادادپەروەرییەکی ستراکچەری لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

چ

چاودێریی کارایی

Efficiency Oversight

ئەم چاودێرییە، دەمارە-پەرگاڵی تەندروستیی دەوڵەتە؛ بریتییە لە هەڵسەنگاندنی بێپسانەوەی ئەوەی کە ئایا دامەزراوەکان سامان و کاتی نەتەوەیان بە شێوەیەکی دروست و بەرهەمهێنەر بەکار هێناوە یان نا. لە ڕوانگەی دەستوورییەوە، ئەمە جیا لە وردبینییەکی ژمێریاری، بەڵکوو میکانیزمێکی ڕێگرییە لە داڕزانی دەوڵەت و جەردەسالاری. چاودێریی کارایی گەرەنتیی ئەوە دەدات کە ڕاژە گشتییەکان بە کەمترین تێچوو و بەرزترین چلۆنایەتی بگەنە دەست شارۆمەندان، تاوەکوو هێزی دارایی و ئابوریی کۆماری کوردستان لە چاڵە بیرۆکراتییەکاندا بەفیڕۆ نەچێت.

چاودێریی کۆمەڵایەتی

Social Oversight

ئەم چەمکە گێڕانەوە لە ڕەوایەتیی بەردەوامی دەسەڵات؛ واتا گواستنەوەی دیموکراسی لە ساتەوەختێکی خولیی دەنگدانەوە بۆ پرۆسەیەکی زیندووی هەموو ڕۆژە. لە ڕێگەی پێوانەکردنی ڕای گشتی و ئاستی ڕەزامەندیی کۆمەڵ، دەوڵەت خۆی لە دابڕان لە ویستی نەتەوە دەپارێزێت. چاودێریی

کۆمەڵایەتی ئامرازی وەڵامدەرەوەیی دەستوورییە؛ دڵنیایی دەدات کە دەسەڵات هەمیشە وەک ڕایەدارێکی پابەند بە پێسپێردەی نەتەوەیی دەمێنێتەوە و هەرگیز نابێتە هێزێکی دابڕاو و سەروو-کۆمەڵ.

چاودێریی مەکۆی نیشتمانی بەسەر دەسەڵاتی ڕایەداردا

Parliamentary Oversight

ئەمە بەرجەستەبوونی بنەمای پشکنین و هاوسەنگییە لە نێوان دەسەڵاتەکاندا. ئەرکی مەکۆی نیشتمانییە کە دڵنیا بێت کابینەی دەسەڵات و فەرمانگەکان بە ڕەهایی پابەندی دەستوور و قانوونەکانن. ئەم چاودێرییە وەک مێشک و ویژدانی دەوڵەت کار دەکات؛ ڕێگری دەگرێت لەوەی کە دەسەڵاتی ڕایەدار تووشی لاساری یان قۆرخکاری ببێت. لێرەدا، چاودێری جیا لە لێپرسینەوە، بەڵکوو پاراستنی گرێبەستی نەتەوەیی لە هەر جۆرە پێشێلکارییەکە.

چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان

UN Charter

کۆماری کوردستان، ئەم بەڵگەنامەیە وەک چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ یەکسانیی نەتەوەکان و مافی خۆبڕیاردەری دەناسێنێت. بەڵام پابەندبوون پێوەی مەرجدارە بە ڕێزگرتنی بێ مەرجی جیهان لە سەروەریی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکی کوردستان. دەوڵەت ئەم چارتەرە وەک ئامرازێکی قانوونی بەکار دەهێنێت بۆ ساغکردنەوەی مافە زەوتکراوەکانی کورد لە ناوەندە جیهانییەکاندا و بەرپەرچدانەوەی ئەو سنووردەستکردانەی کە دژ بە لۆژیکی مێژوویی و جوگرافیی وار کێشراون.

چەکداریی گشتی

General Armament

چەکداریی گشتی، بەرجەستەبوونی فیزیکیی پەیمانی نێوان شارۆمەند و نیشتمانە. لێرەدا، مافی هەڵگرتنی چەک سەربەشییەکی کەسی نییە، بەڵکوو ئەرکێکی پیرۆزە بۆ پاراستنی بوونی کورد و کوردستان. ئەم چەمکە بناغەی شوناسی شارۆمەندی پێشمەرگە پێک دەهێنێت؛ ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە کاتی هەڕەشەی بوونایەتیدا، گشتی نەتەوەی کورد دەبێتە قەڵغانی بەرگری. چەکداریی گشتی، مۆنۆپۆلی هێزی دادپەروەر دەخاتە خزمەت پاراستنی ئازادی و سەروەریی دەوڵەتەوە.

چوارچێوەی قانوونیی و ڕەوشتیی تەکنەلۆژیا

Legal and Ethical Framework of Technology

ئەم چوارچێوەیە، ئامرازی پاراستنی مرۆڤایەتیی نەتەوەی کورد لە جیهانی مۆدێرندا. دەستوور تەکنەلۆژیا (بەتایبەت ژیریی دەستکرد) وەک وزەیەکی ئامرازگەر دەناسێنێ کە دەبێت هەمیشە لەژێر

کۆنترۆڵی واتاداری مرۆییـدا بێت. ئەم چوارچێوەیە گەرەنتی دەکات کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی نابێتە هۆی سڕینەوەی شوناس یان لاوازکردنی ویستی شارۆمەندان. لێرەدا، ڕەوشتی تەکنەلۆژیا وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ئاسایشی نەتەوەیی سەیر دەکرێت بۆ ڕێگریکردن لە هەر جۆرە «داگیرکارییەک لە ڕێگەی ئەلگۆریتمەکانەوە.»

چوارچێوەی وارگێڕیی و نەتەوەیی

Administrative and National Framework

ئەمە ئەو ڕووگەی تێگەیشتنـەیە کە دەوڵەت تێیدا کێشەکانی پاراستنی شکۆی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی نەیارشەیدایی چارەسەر دەکات. ئەم چوارچێوەیە دڵنیایی دەدات کە هەموو کردارێکی کارگێڕی و وارگێڕی، دەبێت لە ناو جەرگەی هاوئاگایی نەتەوەیـیەوە هەڵقوڵێت. ئەرکی ئەم چوارچێوەیە پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاردانی کوردستانە لە هەر جۆرە تەمومژێکی گیانەکی و واتایی یان دزەکردنی هزری کە ئامانجی لاوازکردنی پەیوەندیی نێوان نەتەوە و دەوڵەت بێت.

خ

خاک

Land / Soil

خاک جیا لە ڕووبەرێکی جوگرافی، جەستەی فیزیکیی نەتەوە و وەدیارکەوتنی نواندنی بوونایەتییە مێژوویـیەکەیەتی. ئەم چەمکە گێڕانەوە لە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی و بوونناسانە لەنێوان کورد و وڵاتەکەی؛ ئەو شوێنەیە کە تێیدا خاک و جوگرافیا دەبێتە ژینگەی ژینی کۆیی و هاوبەشی گشتایەتی کورد و دواتر دەبێتە مێژوو و مێژووش دەبێتە شوناس. لە ڕوانگەی دەستوورییەوە، خاک سپێردەیەکی پیرۆزی نێوان نەوەکانە؛ هەر هەوڵێکی ناوخۆیی بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا یان لێدابڕینی هەر بستێکی، بە ناپاکی لە پەیمانی نەتەوەیی و هەر هەوڵێکی دەرەکیش بە داگیرکاری و دەستدرێژی بۆ سەر ڕەسەنایەتیی نەتەوە هەژمار دەکرێت. خاک ملکی ڕەهای نەتەوەیە و دەوڵەت ئەرکی پاسەوانی و ئاوەدانکردنەوەی لە ئەستۆیە.

خۆسازبوونی دەستوور

Self-Generation of the Constitution

خۆسازبوون، تایبەتمەندییەکی بنەڕەتیی دەستووری کوردستانە کە تێیدا دەقە بنەڕەتییەکە بەبێ پێویستی بە هیچ سەرچاوەیەکی قانوونیی دەرەکی، خۆی لە هەناوی ژیریی کۆیی کوردەوە دروست

دەکات و دادەمەزرێنێت. ئەمە وەڵامێکی دەستووریی بۆ دۆخی داگیرکارییە؛ کاتێک داگیرکەران ڕێگری لە دامەزراوەسازیی نەتەوەیی دەکەن بۆ ئەوەی دەستووری کوردستان لەدایک نەبێت، ئەم دەقە وەک کردەیەکی سەروەریی نێوەکی سەر هەڵدەدات. خۆسازبوون واتا ڕەوایەتیی دەستوور تەنیا لە ناخی ویستی نەتەوەوەیە و بە هیچ شێوەیەک بەند نییە بە ڕەزامەندیی هێزە بێگانەکان یان ئەو قانوونە ناقانوونییانەی کە بەسەر کورددا سەپێنراون.

خۆسەرچاوەیی دەستوور

Self-Sourcing / Self-Sovereignty

خۆسەرچاوەیی هاوشێوەی خۆسازبوونی دەستوور، ئەو چاوگە بوونناسییە بنچینەییەیە کە پڕۆسەی دەوڵەتبوون و دەستوور بەیەکەوە گرێ دەدات؛ بریتییە لەوەی کە سەرچاوەی دەسەڵات و ڕەوایەتیی دەستووری کۆماری کوردستان تەنیا لە قووڵایی ناخی خودی کۆیی و ویستی هەربوویی نەتەوەی کورددایە. ئەم چەمکە دەستوور دەخاتە پێگەی سەروو-دەوڵەت؛ بەو واتایەی کە دەوڵەت ئافرێنراوی دەستوورە، نەک بە پێچەوانەوە. خۆسەرچاوەیی وەک کێڵگەیەکی نەتەوەسازی کار دەکات کە ڕەوایەتی لە گشت دامەزراوە کارگێڕیی و وارگێڕییەکانی داگیرکەران دەسەنێتەوە، چونکە سەرچاوەی بوونی ئەوان لە دەرەوەی ویستی نەتەوەی کوردەوە هاتووە و بەمەش هەر لە بنەڕەتەوە پووچەڵن.

خۆشبژێویی گشتی

Public Welfare

خۆشبژێویی گشتی، ئامانجە دەستوورییە باڵاکەی دەوڵەتە بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە و شکۆمەندانە بۆ گشت شارۆمەندان. لە کۆماری کوردستاندا، ئەم چەمکە تەنیا وەک دابینکردنی ئاسوودەیی و خۆشبژێویی نابینرێت، بەڵکوو وەک خۆشبژێویی گەشەتەوەر پێناسە دەکرێت؛ بەو واتایەی کە دەوڵەت ئەرکدارە بە پاراستنی کۆمەڵگا لە پەتای تەوەزەلی و تەمەڵ و خولّقاندنی کەش و ژینگەی نیشتمانی بەرهەمهێنەر تاکو کوردستان کۆمەڵگایەکی پەرەستێن بێت و بمێنێتەوە. خۆشبژێوی کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی ئاسایشی نەتەوەییە؛ نەتەوەیەکی تەندروست و دڵنیا لە پاشەڕۆژی خۆی، تاقانە سەرچاوەی هێز و خۆڕاگریی دەوڵەتە. ئەمە بەرپرسیارێتییەکی دوولایەنەیە کە تێیدا دەوڵەت ژینگەی گەشە دابین دەکات و شارۆمەندیش بە بەرهەمهێنان وەک ئەرکێکی نیشتمانی بەشداری دەکات.

خوێندنی باڵا

Higher Education

خوێندنی باڵا، کۆڵەکەی سەرەکیی سەربەخۆیی گیانەکی و واتایی و کارگەی پێگەیاندنی سەرمایەی مرۆیی و ئاوەزی نەتەوەییە. ئەم بواڕە لە ڕاژەدارییەکی گشتیی ڕووت تێدەپەڕێت و دەبێتە ئامرازی

مسۆگەرکردنی باڵادەستیی زانستی و تەکنەلۆژی و بەرزبوونەوەی کوردستان لە جیهانی مۆدێرندا. دەوڵەت خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەک پەیمانێکی نەتەوەیی دەبینێت؛ تێیدا باشترین مێشکەکان لە باشترین شوێنەکاندا بۆ پاڕاستە دەکرێن تاوەکوو کوردستان لە وەرگری زانستەوە بگۆڕێت بۆ داهێنەر و پێشەنگ، کە ئەمەش مەرجی مانەوەی دەوڵەتێکی خاوەن ویستمەندییە.

خاوەندارێتی

Ownership

خاوەندارێتی، ڕێکخستنی دەستووریی پەیوەندیی نێوان نەتەوە و وارگەکەیەتی کە لە سێ ئاستی لێکدانەبڕاودا (نەتەوە وەک خاوەنی ڕەسەن، دەوڵەت وەک پاسەوان، شارۆمەند وەک بەکارهێنەر) پێناسە دەکرێت. لەم سۆنگەیەوە، خاوەندارێتیی خاک مافێکی بوونویستانەی میژوویی و هەرگیز ناکرێت وەک کاڵایەکی بازرگانیی ڕووت سەودای لەسەر بکرێ کە ببێتە هۆی لێدابڕینی بەشێک لە نیشتمان.

خۆئاگایی نەتەوەیی

National Self-Awareness

خۆئاگایی نەتەوەیی، ئەو کانییە بوونناسییە قوواڵ و ژێرخانی ناوەڕۆکسازیی دەستوورە کە تێیدا کورد وەک خودی بەکۆمەڵ پێناسەی خۆی دەکاتەوە. ئەم ئاگاییە، تێگەیشتنی نەتەوەیە لە تایبەتمەندیی بوونی خۆی و مافی ڕەهای بۆ سەروەریی. خۆئاگایی نەتەوەیی وەک ئامێری کارپێکەری خەبات کار دەکات؛ کورد لە دۆخی پاسیڤ و ونبوون لەناو ناسنامە بێگانەکان دەردەهێنێت و دەیکاتە بکەرێکی چالاکی میژووساز. ئەم ئاگاییە بەردی بناغەی گشت دامەزراوەکانی کۆمارە و بەبێ ئەو، دەوڵەت تەنیا پەیکەرێکی کارگێڕیی بێ ڕۆح دەبێت.

د

دەزگای داخوازکاریی گشتی

Public Prosecutor's Office

ئەم دەزگایە، ویژدانی بێلایەنی کۆمەڵگایە لەناو پەرگالی دادوەریدا؛ ئەرکی بنەڕەتیی بریتییە لە چاودێریکردنی ڕاییکردنی دروستی قانوون و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان لە هەر جۆرە دەستدرێژییەک. لە ڕوانگەی دەستوورییەوە، داخوازکاریی گشتی وەک پاسەوانی مافی نەتەوە دەبینرێت؛ دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە کە ڕێگری دەگرێت لەوەی هیچ لایەنێکی ڕایەدار یان دارایی بتوانێت لە دەرەوەی

چوارچێوەی دادپەروەریی و بە زەبری دەسەڵات کار بکات. ئەم دەزگایە مەرجی سەرەکیی سەروەریی قانوون و دڵنیابوونەوەی شارۆمەندانە لەوەی کە دەوڵەت پارێزەری مافە ڕەواکانیانە.

دەسەڵات

Authority

دەسەڵات لەم دەستوورەدا نەک وەک هێزێکی سەپێندراو، بەڵکوو وەک دەرکەوتەی قانوونیی ویستی هەربووییە نەتەوەی کورد لە دەرەنجامی بنیاتنانی دەسەڵاتداریییەتی لە کوردستان پێناسە دەکرێت. سەرچاوەی ڕەسەنی دەسەڵات تەنیا لە ناخی خودی کۆیی کوردەوە هەڵدەقوڵێت، دەبێتە پەرگاڵی وارگێڕیی و لە ڕێگەی دەستوورەوە ڕەوایەتی وەردەگرێت. لێرەدا، دەسەڵات تەنیا ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی دەزگا و پەرگاڵی وارگێڕیی و ژیانی بەکۆمەڵ و پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی؛ هەر فۆرمێکی دەسەڵاتداریی کە لە دەرەوەی ئەم پەیمانە نیشتمانییە بێت، بە کردەی زەبری ناقانوونیی هەژمار دەکرێت و هیچ ڕەوایەتییەکی مێژوویی و بوونناسانەی نییە و بوونی وەها دەسەڵاتێک پەسەند ناکرێت.

دەسەڵاتی قانووندانان

Legislative Authority

ئەم دەسەڵاتە، مەکۆی باڵای گۆڕینی ژیریی کۆیی نەتەوەیە بۆ فەرمانی دەستووریی و قانوونیی؛ شوێنێکە کە تێیدا ویستی بەکۆمەڵی کوردان دەبێتە پەرگاڵێکی ڕێکخراو بۆ بەڕێوەبردنی وڵات. لە ڕێگەی مەکۆی نیشتمانی و مەکۆی ژیرانـەوە، ئەم دەسەڵاتە ئەرکی داڕشتنی ئەو ڕێسایانەی لە ئەستۆیە کە ئاسایشی نەتەوەیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەچەسپێنن. دەسەڵاتی قانووندانان وەک ئاوەزی دەوڵەت کار دەکات بۆ ئەوەی دڵنیا بێت گشت بڕیارە وارگێڕییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستاندایە.

دەسەڵاتی دادوەریی

Judicial Authority

دەسەڵاتی دادوەریی، کۆڵەکەی سەربەخۆ و وێڕدانی بێلایەنی دەوڵەتی کوردستانە. ئەم دەسەڵاتە ئەرکی پاراستنی دەستوور وەک سەرچاوەی باڵا و جێبەجێکردنی دادپەروەریی بەسەر هەمووواندا بەبێ جیاکاری لە ئەستۆیە. بۆ مسۆگەرکردنی ئەم بێلایەنییە، دەسەڵاتی دادوەریی خاوەنی سەربەخۆیی بنەڕەتییە لە ڕووی بودجە و کارگێڕییەوە، تاوەکوو لەژێر هیچ جۆرە زەبر و گوشارێکی دەسەڵاتی ڕایەدار یان لایەنە وارگێڕییەکاندا نەمێنێتەوە. دادوەریی، دوا قەڵای پاراستنی ماف و شکۆی شارۆمەندانە.

دەسەڵاتی ڕایەدار/کابینەی دەسەڵات

Executive Authority

ئەم دەسەڵاتە، بزوێنەری کردەیی دەوڵەت و بەڕپرسی یەکەمە لە ڕاییکردنی فەرمانەکانی دەستوور و قانوونەکان. بە سەرۆکایەتیی سەرکۆمار، دەسەڵاتی ڕایەدار ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕۆژانەی وڵات و دابینکردنی ژاژە گشتییەکانی لە ئەستۆیە. ڕەوایەتیی ئەم دەسەڵاتە تەنیا لە ڕێگەی پابەندبوونی بێ مەرج بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و کارکردن بۆ بەدیهێنانی خۆشبژێویی گشتی بەدەست دێت. ڕایەدار دەبێت پەرگاڵێکی کارگێڕیی پێشکەوتوو و ڕووەن (شەفاف) پەیڕەو بکات کە تێیدا شایستەسالاری تاکە پێوەری وەرگرتنی بەرپرسیارێتی بێت.

دەوڵەت

State

دەوڵەت، ئافرێنراوی دەستوور و باڵاترین فۆڕمی ڕێکخستنی نەتەوەیە بۆ نواندنی سەروەریی بەسەر وارگەی نەتەوەیی خۆیدا. لەم دەستوورەدا، دەوڵەت وەک ژینگەی وارگێڕیی پێناسە دەکرێ کە مانەوەی تاکی کورد بە مانەوەی ئەو ژینگەیەوە بەستراوەتەوە. دەوڵەت ئامرازێکی پیرۆزە بۆ گۆڕینی نەتەوە لە خوازیارێکی پاسیڤەوە بۆ بکەرێکی چالاک لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا. ئەرکی دەوڵەت تەنیا و تەنیا ڕاییکردن و پاراستنی فەرمانەکانی دەستوور و مسۆگەرکردنی مانەوەی شکۆمەندانەی نەتەوەی کوردە لە مێژوودا.

دەوڵەتی ڕزگاریی

State of Liberation

ئەمە یەکەیەکی قانوونیی و مێژوویییە کە وەک جێگرەوەی دامەزرێنەر لە قۆناغی خەبات بۆ سەربەخۆیی کار دەکات. دەوڵەتی ڕزگاریی، بەرجەستەبوونی ویستی نەتەوەیە بۆ تێپەڕین لە دۆخی بێدەوڵەتی، ژێردەستی و داگیرکاری بەرەو دۆخی دەوڵەتی و سەروەریی ڕەها. ئەرکی ئەم دەوڵەتە کاتییە، بریتییە لە نەتەوەسازیی، دامەزراوەسازیی و ئامادەکردنی ژێرخانی پێویست (تەکنەلۆژی و کارگێڕی) تا ئەو ساتەی کە کۆماری کوردستان بە بێکەمایەسیی لەسەر خاکی نیشتمان جێگیر دەبێت. ئەم دەوڵەتە ڕەوایەتیی خۆی ڕاستەوخۆ لەم دەستوورە وەردەگرێت.

دەوڵەتی ژیر

Intelligent State

دەوڵەتی ژیر، ڕەهەندی پێشکەوتوو و دیجیتاڵیی کۆماری کوردستانە. ئەم چەمکە گێڕانەوەیە لە تێپەڕاندنی مۆدێلی کۆنی کارگێڕی بەرەو پەرگالێک کە تێیدا داتا، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و ژیریی

دەستکرد لە ڕاژەی نەتەوەسازیدان. ئەرکی دەوڵەتی ژیر، مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی تەکنەلۆژیی نەتەوە، خێراکردنی ڕاژە گشتییەکان و پاراستنی سەربەخۆیی داتای نیشتمانییە. ئەمە ئامێری کارپێکەری مۆدێرنی دەوڵەتە کە توانای پێشبینیکردنی هەڕەشەکان و وەڵامدانەوەی زیرەکانەی ئاڵەنگارییەکانی سەدەی بیست و یەکی هەیە.

دیاسپۆرای کورد

Kurdish Diaspora

دیاسپۆرا، بەشێکی زیندوو و دانەبڕاوی جەستەی نەتەوەی کورد و قووڵایی ستراتیژیی کۆماری کوردستانە لە دەرەوەی سنوورە فیزیکییەکان. ئەوان نوێنەری گیانەکی و مێژوویی کوردستانن لە جیهاندا و وەک یەدەگێکی گەورەی هزریی، زانستی و ئابووری سەیر دەکرێن. دەوڵەت ئەرکدارە بە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی ئەوان و بەستنەوەیان بە نیشتمانەوە، تاوەکوو دیاسپۆرا ببێتە بەشێکی کاریگەر لە پرۆسەی بڕیارسازی و بنیاتنانی هێزی نەتەوەیی کوردستاندا.

دۆکترینی بەرگریی چالاک و پاراستنی پێشوەختە

Active Defense Doctrine

ئەم دۆکترینە، ستراتیژیی باڵای کۆمارە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی؛ بڕیتییە لەوەی کە دەوڵەت تەنیا لە چاوەڕوانیی هێرشدا نامێنێتەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی چالاکانە و ژیرانە هەڕەشەکان پێش گەیشتنیان بە ناو خاکی کوردستان دەناسێتەوە و پووچەڵیان دەکاتەوە. ئەم فەلسەفەیە لەسەر بنەمای هێز و دادپەروەری دامەزراوە؛ ئامانجی تاقانەی پاراستنی سەربەخۆیی و ڕێگریکردنە لە هەر جۆرە داگیرکاری و تێکدانێکی وارگەی نەتەوەیی، بە بەکارهێنانی پێشکەوتووترین ئامرازی هەواڵگری و سەربازی.

ڕ

ڕابەری مێژوویی

Historical Guide

دەستوور لە دەق و ناوەرۆکی خۆیدا زیاترە لەکۆمەڵێک بەندی وشک، بەڵکوو چرایەکی مێژوویی و ڕابەرێکی ڕاستەقینەیە بۆ تێپەڕین لە تاریکستانی ژێردەستی بەرەو ڕووناکایی دەوڵەتداری و سەروەریی نەتەوەیی. ئەم ڕابەرە، ڕێچکەی گۆڕینی ویستی کورد لە تاسەیەکی دەروونییەوە بۆ دەوڵەتێکی ڕاستەقینە دیاری دەکات. ئەرکی ئەم ڕابەرە ئەوەیە کە دڵنیایی بدات نەتەوەی کورد چیدی وەک تەنێکی

بێدەسەڵات لەناو تەوژمە لێڵەکانی مێژوودا ون نابێت، بەڵکوو وەک بکەرێکی چالاک و خاوەن بڕیار، جێگەی خۆی لە پەرگالی دەوڵەتاندا دەسەپێنێتەوە.

ڕاژەی نیشتمانی

National Service

ئەمە پەیمانێکی کرداری و بوونناسانەی نێوان شارۆمەند و وڵاتە بۆ پاراستنی جەستەی نەتەوە و سەروەریی دەوڵەت. ڕاژەی نیشتمانی بەرجەستەبوونی وەفادارییە بۆ نیشتمان؛ تێیدا شارۆمەند ئەرکدار دەکرێ کە گشتی وزە و پسپۆڕییەکانی خۆی لە پێناو بەرگریی گشتگیر و سەقامگیریی کۆماردا بەکار بهێنێت. ئەم ڕاژەیە ستوونی بڕبڕەپشتی مانەوەیە و بەبێ ئەو، دەوڵەت ناتوانێت لە بەرامبەر زەبر و گوشارەکاندا ببێتە قەڵغانێکی تێکنەشکێنراو.

ڕاژە گشتییەکان

Public Services

ڕاژە گشتییەکان کۆی ئەو کارئاسانی و پێداویستییە ژینەکییانەیە (وەک فێرکردن، تەندروستی و ژێرخان) کە دەوڵەت پابەندە بە گەیاندنیان بۆ گشت شارۆمەندان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە. لە سایەی دەوڵەتی ژیردا، ئەم ڕاژانە لە قاڵبی سستی و بیرۆکراسیی کۆن دەردەچن و بە خێراییەکی بێهاوتا پێشکەش هاووڵاتییان و شارۆمەندان و کۆمەڵگای کوردستان دەکرێن. ڕاژەی گشتی وەک مافێکی دەستوورییە شارۆمەند و ئەرکێکی بێپسانەوەی دەسەڵاتی ڕایەدار دەبینرێت بۆ مسۆگەرکردنی خۆشبژێویی نیشتمانی.

ڕەچەڵەک

Origin / Ancestry

ڕەچەڵەک، ڕیشە و بنەچەی مێژوویی و بایۆلۆژیی هەر تاکێکە کە بە خاکی کوردستان و جەستەی نەتەوەی کوردەوە دەبەسترێتەوە. ئەمە بنەمایەکی بوونناسانەیە بۆ پێناسەکردنی کوردبوون؛ ڕەچەڵەک وەک تاقانە کلیلی گواستنەوەی شوناسی نەتەوەیی بۆ نەوەکانی داهاتوو دەناسرێت. دەوڵەت ئەرکدارە بە پاراستنی مافی ئەو کوردانەی کە لە ژێر زەبری داگیرکاریدا تووشی تواندنەوەی زمانی بوون، تاوەکوو لە ڕێگەی وارگێڕیی دروستەوە بگەڕێنرێنەوە سەر ڕەسەنایەتیی مێژوویی خۆیان.

ڕەنگی سوور

Red Color

سوور لە ئاڵای نەتەوەیی کوردستاندا، هێمای «پەیمانی خوێن و ڕەچەڵەک»ـە؛ ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیک و دانەبڕاوەیە کە هەر تاکێکی کورد بە ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی نەتەوەوە گرێ دەدات. سوور گێڕانەوەیە لە ئەرکی پاراستنی پاکی و دڕێژەداریییەتیی نەتەوە وەک باڵاترین ئەرکی بوونایەتی. ئەم ڕەنگە نیشانەی ئەوەیە کە شکۆی کوردستان بە قوربانیی و ڕەنجێکی بێوچان بەدەست هاتووە و هەرگیز سازشی لەسەر ناکرێت.

ڕەنگی سپی

White Color

سپی هێمای پەیمانی ژیانی بەکۆمەڵی گەش و ڕووناکی نەتەوەی کوردە کە لەسەر بنەماکانی ئاوەز، قانوون و دادپەروەری بونیاد نراوە. نوێنەرایەتیی لوتکەی ویستی پۆلّاییبنی کورد دەکات بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی هێزمەند و قانوونسەروەر کە تێیدا هیچ کەسێک لە سەرووی قانوونەوە نییە. سپی واتا پابەندبوون بە پەرەپێدانی زانست و ڕۆشنگەری و بەرەنگاربوونەوەی هەر جۆرە تەمومژ و دواکەوتوویییەک کە ڕێگر بێت لە پێشکەوتنی کۆمار.

ڕەنگی سەوز

Green Color

سەوز هێمای پەیمانی دانەبڕاو و هەردەمیی کوردە لەگەڵ وارگەی پیرۆزی کوردستاندا. ئەمە تەنیا ئاماژەیەک نییە بۆ جوگرافیا، بەڵکوو نیشانەی پەیوەندییەکی بوونناسانەیە لە نێوان نەتەوە و ئەو خاکەی کە جەستەی فیزیکیی وڵات پێک دەهێنێت. سەوز واتا ئەرکی پاراستنی یەکپارچەیی وار و دانەدواوەی ڕەهای هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی دیمۆگرافی کە ئامانجی لێدابڕینی هەر بستێکی نیشتمان بێت.

ڕەوایەتی

Legitimacy

ڕەوایەتی لەم دەستوورەدا تاقانە سەرچاوەکەی لە ژیریی کۆیی و هاوئاگایی میژوویی و تاسەی دەروونی نەتەوەی کوردەوە بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەت و سەروەریی هەڵدەقوڵێت. ڕەوایەتیی دەوڵەت و دەسەڵات بەندە بە ڕادەی دابینکردنی سەروەریی نەتەوەیی و خۆشبژێویی گشتی. هەر هێز یان دامەزراوەیەک کە سەرچاوەی دەسەڵاتەکەی لە دەرەوەی دەوڵەتی کوردستان و ویستی نەتەوەوە بێت، ناقانوونییە و هیچ ڕەوایەتییەکی نییە. ڕەوایەتی واتا ملکەچبوونی دەسەڵات بۆ فەرمانەکانی دەستوور وەک باڵاترین ویستی نەتەوەی کورد.

دانەدواوەی ڕەها

Absolute Rejection

ئەمە فەرمانێکی دەستووریی تونده بۆ دانەدواوەی هەر ئایدیۆلۆژیا یان گوتارێک کە هەوڵی سڕینەوەی پەیوەندیی بنەڕەتیی نێوان نەتەوەی کورد و وار و خاکی کوردستان بدات. دانەدواوەی ڕەها واتا نەهێشتنی هەر جۆرە مەیلی پاشکۆیەتی و نەیارشەیدایی؛ دەوڵەت پابەند دەکات بەوەی کە هیچ کات ڕێگە بە دەستێوەردانی بێگانە یان لاوازکردنی شوناسی نەتەوەیی نەدات، چونکە ئەمە پاراستنی گەوهەری بوونایەتی کورده.

ڕ

ڕێنوێن

Guiding Principle / Reference

دەستوور هەمیشە وەک باڵاترین ڕێنوێن و سەکۆی سەرووی هەموو قانوون و بڕیارێکی دیکە دەمێنێتەوە. هەر لێکدانەوەیەکی قانوونی یان کردەوەیەکی وارگێڕیی دەبێت دەستووری کوردستان وەک ڕووگەی تێگەیشتن بەکار بهێنێت. ڕێنوێن واتا ئەو جەمسەرە جێگیرەی کە ڕێگری لە هەر جۆرە لاساریيەکی دەسەڵات یان لادان لە ڕۆحی نەتەوەیی دەگرێت.

ڕاییکردن

Execution / Implementation

ڕاییکردن، پرۆسەی گۆڕینی فەرمانەکانی دەستوور و قانوونەکانە بۆ کردەی ڕاستەقینە لە ژیانی ڕۆژانەی وڵاتدا. ئەرکی دەوڵەت تەنیا و تەنیا ڕاییکردن و پاراستنی فەرمانەکانی دەستوورە. هەر کورتهێنانێک لە ڕاییکردنی ئەرکەکاندا، بە کەمبوونەوەی ڕەوایەتیی ئەو دامەزراوەیە هەژمار دەکرێت، چونکە دەوڵەت تەنیا بۆ بەجێگەیاندنی ئەم فەرمانانە دامەزراوە.

ڕوونایی / ڕووەنی

Transparent / Transparency

ئەمە بنەمایەکی دەستووریی گشتگیرە بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە شاردنەوە و لێڵی و گەندەڵییەک لە کاروباری دەوڵەتدا. ڕووەنی گەرەنتیی ئەوە دەدات کە گشت بڕیار، گرێبەست و خەرجییەکانی دەوڵەت لە ژێر چاوی وردی شارۆمەندان و دەزگا چاودێرەکاندا بن. ئەمە تاقانە ئامرازە بۆ جێگیرکردنی متمانەی نەتەوەیی بە دامەزراوەکانی کۆمار و بونیادنانی دەسەڵاتێکی پاکڕەوشت.

ڕێزگرتن

Respect

ڕێزگرتن لێرەدا بنەمایەکی وارگێڕییە بۆ یەکپارچەیی و یەکڕیزیی نەتەوەیی. بریتییە لە دانان بە جیاوازییەکان و فرەڕەنگیی پێکهێنەرەکانی نێوخۆی کورد و کوردستان لە سەر بنەمای یەکسانیی لەبەرامبەر بە قانوون. ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، مەرجی سەرەکیی ژیانی ئاشتییانە و ئاسایش و سەقامگیریی کۆمەڵایەتییە لە ژێر سێبەری دەوڵەتێکی دیموکراتدا.

س

سامانە سروشتییەکان

Natural Resources

سامانە سروشتییەکان، ملْکی ڕەها و دانەبڕاوی نەتەوە و سپێردەیەکی (ئەمانەتێکی) پیرۆزن لە دەستی نەوەی ئێستادا بۆ نەوەکانی داهاتوو. باڵادەستیی دەوڵەت بەسەر ئەم سامانانەدا ڕەهایە و دەبێت بە شێوازێک ڕێکبخرێ کە تەنیا لە ڕاڕەی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییدا بێت. لەم دەستوورەدا، سامانەکان نەک وەک کاڵایەکی بازرگانی، بەڵکوو وەک کۆڵەکەی سەربەخۆیی ئابووری دەبینرێن؛ هەر بۆیە هەر جۆرە بەفیڕۆدان یان قۆرخکارییەکی ناقانوونیی تێیاندا، بە تاوان دژی ئاسایشی نەتەوەیی و مافی نەوەکانی داهاتوو هەژمار دەکرێت.

سانایەتیی دەستووری

Constitutional Monarchy

سانایەتیی دەستووری پەرگاڵێکی وارگێڕپی مۆدێرن، دیموکراتیک، ئازاد، پارلەمانی و ڕەمزییە، کە تێیدا سان تەنیا پێگەیەکی یەککرتوویی، کولتووری، میژوویی و نوێنەرایەتیی بێدەسەڵات هەیە. سان، لەم فۆرمە دەستوورییەدا، سەرچاوەی سەروەری، دەسەڵات، بڕیار، قانوون، بەرگری، هەداری، دارایی یان ڕایەداری نییە؛ بەڵکو هێمایەکی ڕەمزییە کە تەنیا لە چوارچێوەی دەستوور، سەروەریی قانوون و ویستی گشتیی شارۆمەندانداا مانا و ڕەوایی هەیە. لە سانایەتیی دەستووریدا، هەموو دەسەڵاتی ڕاستەقینەی دەوڵەت دەبێت لە دامەزراوە دەستووری، هەڵبژێردراو، پارلەمانی، وەڵامدەرەوە و پابەند بە سەروەریی قانووندا بمێنێتەوە. سان نابێت هیچ دەسەڵاتی ڕایەدار، قانووندانان، دادوەری، بەرگری، هەداری، دارایی، دامەزراندن، هەڵوەشاندنەوەی مەکۆ، دانانی شالیار، یان کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەسەر بڕیاری دامەزراوە هەڵبژێردراو و وەڵامدەرەوەکانی دەوڵەت هەبێت.

سەرکۆماری کوردستان

President of Kurdistan

سەرکۆمار، باڵاترین هێمای سەروەریی نەتەوە، دەوڵەتداری، یەکێتیی نەتەوەیی و درێژەداریی میژوویی کوردستانە. ئەو لە ڕێگەی ماندانێکی (پێسپێردەیەکی) ڕاستەوخۆی جەماوەرییەوە، نوێنەرایەتیی ویستی نەتەوە بۆ ڕایەداریی دەوڵەتێکی بەهێز دەکات. سەرکۆمار سەرەڕای بەرپرسیارەتی وەک باڵاترین بەرپرسێکی کارگێڕی، هەروەها پارێزوانی ڕەهای دەستوور و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە. ڕەوایەتیی ئەو لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە تا چەند دەبێتە پاسەوانی بێ مەرجی

بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان، ئاسایشی نەتەوەیی و خاک و وڵات و دەوڵەتی کوردستان و ڕاییکردنی دادپەروەریی دەستووریی.

سەروەریی نەتەوەیی

National Sovereignty

سەروەریی نەتەوەیی، دەرکەوتەی ڕەها و ڕەبەقی تاسەی دەروونی و ویستی نەتەوەی کورد بۆ بنیاتنانی دەوڵەت بە مەبەستی بڕیاردانی بێ مەرج بەسەر تەواوی وارگەی نەتەوەیی خۆیدا. ئەمە بریتییە لە دەوڵەتێکی خاوەن وارگێڕیی ڕەسەن کە ژیریی کۆیی کورد و گەوهەری بوونایەتی دەخاتە بواری کردەییەوە. هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکی یان ناوخۆیی بۆی نییە بچووکترین دەست تێبردن لەسەر ئەم سەروەرییە بکات، چونکە مەرجی بنەڕەتیی هەبوون و مانەوەی کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک وڵاتە.

سەروەریی قانوون

Rule of Law

سەروەریی قانوون، بنەمایەکی دەستووریی پیرۆزە کە تێیدا هەموو تاک و دامەزراوەکان، بە سەرکۆمار و دەسەڵاتە باڵاکانیشەوە، بێ جیاوازی ملکەچی فەرمانەکانی قانوونن. ئەم بنەمایە گەرەنتی دەکات کە دەسەڵاتداریی بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە ڕایی ناکرێت و شکۆی شارۆمەند لە بەرامبەر هەر جۆرە زەبرێکی ناقانوونیی پارێزراو دەمێنێتەوە. دادگای باڵا پاسەوانی ڕەهای ئەم سەروەرییەیە تاوەکوو دڵنیا بێ کە هیچ بڕیارێک لە دەرەوەی چوارچێوەی دادپەروەریی و دەستووردا دەرناچێت.

سەرمایەداریی نیشتمانی

National Capitalism

سەرمایەداریی نیشتمانی، داینەمۆی گەشەی هێزی مادیی و مۆدێرنیزەکردنی وڵاتە؛ بریتییە لەو وزە ئابووریییەی کە لە ناوخۆی کوردستاندا وەبەرهێنان دەکات بۆ بەهێزکردنی کۆڵەکەکانی دەوڵەت و دابینکردنی خۆشبژێویی گشتی لە کوردستان. ئەم پەرگاڵە نەک وەک چاوچنۆکییەکی ڕووت، بەڵکوو وەک هاوبەشی ستراتیژیی نەتەوە دەبینرێت؛ ئەرکی سەرەکیی بریتییە لە پەرەسەندن بارستایی سەرمایەی وڵات و دابینکردنی سەربەخۆیی ئابووریی و گۆڕینی توانا مرۆییەکان بۆ بەرهەمی کێبڕکێکار، تاوەکوو کوردستان لە بازاڕێکی بەکاربەرەوە ببێتە جەمسەرێکی بەرهەمهێنەری خاوەن شکۆ. مەبەست لە سەرمایەداری نیشتمانی، هیچ چەشنێک لە سەرمایەداریی دەوڵەتی نییە کە دەستمایە و بەرهەم و بازاڕی ئەو سەرمایەدارییە لەلایەن دەوڵەتەوە قورغ، یان ئەندازیاری و کۆنترۆڵ کرابێت، بەڵکو سەرمایەدارییەکی ئازادە کە خاوەندارییەتی لە کوردستان بکات.

سەربەخۆیی

Independence

سەربەخۆیی، ئاواتی لەمێژینە و ئامانجی کۆتایی خەباتی ڕزگاریدەرانەی نەتەوەی کوردە؛ دۆخێکی دەستوورییە کە تێیدا کوردستان خاوەنی بڕیاری ڕەهای خۆیەتی لە گشت بوارەکانی وارگێڕیی، ئابووری و بەرگریدا، بێ ئەوەی ملکەچی هیچ ویستێکی دەرەکی بێت. ئەم سەربەخۆییە نەک دروشمێکی وارگێڕیی، بەڵکوو پرەنسیپێکی ڕێنوێنی بێپسانەوەیە کە دەبێت لە گشت پەیوەندییە خۆماڵی و نێودەوڵەتییەکاندا ڕەنگ بداتەوە. سەربەخۆیی واتا گەڕانەوەی کورد بۆ پێگەی دڵخوازی خۆی وەک نەتەوەیەکی سەروەر لەسەر خاکی باوان و دایانی مێژوویی خۆیەتی.

سەربەخۆیی تەکنەلۆژی و دیجیتاڵی

Technological and Digital Independence

ئەمە ڕەهەندی مۆدێرنی سەربەخۆییە لە سەدەی بیست و یەکەمدا. دەوڵەت پابەندە بەوەی کە تەواوی ژێرخانە دیجیتاڵییەکان، نەرمەوااڵە و ڕەقەوااڵەکانی دەوڵەتی ژێر لەژێر کۆنترۆڵ و خاوەندارێتیی نەتەوەیی کوردستاندا بن. ئامانج لێی ڕێگریکردنە لەوەی کە بڕیاری وارگێڕیی یان ئاسایشی نەتەوەیی بکەوێتە ژێر پشتبەستنی ستراتیژی بە تەکنەلۆژیای بیانی. ئەم سەربەخۆییە گەرەنتی دەکات کە داتاکانی نەتەوە وەک سامانێکی سەروەر پارێزراو بن.

سەقامگیریی دارایی

Financial Stability

سەقامگیریی دارایی، مەرجی مانەوەی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی و جێگیریی ژیانی شارۆمەندان و ئاسایشی کۆمەڵایەتییە. ئەم چەمکە گێڕانەوەیە لە توانای دەوڵەت بۆ پاراستنی بەهای دراوی نیشتمانی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاوسان و قەیرانە ئابووریەکان. بەبێ سەقامگیریی دارایی، سەربەخۆیی بڕیاری وارگێڕیی دەکەوێتە مەترسییەوە؛ هەر بۆیە دەوڵەت پابەندە بە بەڕێوەبردنێکی ژیرانەی داهات و خەرجییەکان تاوەکوو نیشتمان هەمیشە خاوەنی خۆڕاگرییەکی ئابووریی بەهێز بێت.

سنوورەکان

Borders

سنوورەکان لەم دەستوورەدا جیا لە هێڵی جوگرافی، بەڵکوو قەڵغانی بەرگری و دەروازەی نواندنی هێزی نەتەوەیین. سنوور ئەو پانتاییەیە کە تێیدا سەروەریی دەوڵەت بە شێوەیەکی فیزیکی جێگیر دەبێت. پاراستنی سنوورەکان باڵاترین ئەرکی هێزی بەرگریی نیشتمانییە؛ هەر جۆرە پێشێلکارییەک بۆ سەر سنوور،

بە پێشێلکردنی ڕاستەوخۆی بوونایەتیی نەتەوە دادەنرێت. سنوور وەک پەردەی پارێزەری وڵاتن کە دڵنیایی دەدەن بە ئارامیی ناوخۆیی.

سوێندنامەی هاووڵاتیبوون

Citizenship Oath

ئەم سوێندنامەیە، پەیمانێکی بوونناسانەی پیرۆز و کردەی بەستنەوەی ویژدانی هەر تاکێکی کوردە بە هاوئاگایی نەتەوەییەوە. سوێندنامە جیا لە ژێرخانێکی گیانەکی بۆ بەڵێنداری بۆ کوردستان، ساتەوەختی وەرگرتنی بەرپرسیارێتییە بۆ پاراستنی دەستوور و سەروەریی دەوڵەت و خاکی وڵات. لە ڕێگەی ئەم سوێندەوە، شارۆمەند بەڵێن دەدات کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سەرووی بەرژەوەندیی تایبەت دابنێت و وەک بەشێکی زیندوو لە جەستەی نەتەوەی کورد و پارێزوانی کوردستان کار بکات.

سەردەمی مۆدێرن

Modern Era

سەردەمی مۆدێرن جیا لە مێژووی چەند سەد ساڵە لە ئاستی جیهان، هەروەها بۆ نەتەوەی کورد، لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان وەک دەوڵەتی سەربەخۆ لە لایەن سمکۆی مەزن لە ١٩٢٢ دەست پێ دەکات و دواتر لە کۆماری کوردستان لە ئارارات لە ١٩٢٧ کۆماری کوردستان دادەمەزرێتەوە و پاشان لە مەهاباد وەک سێهەم دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی بۆ ماوەی یەک ساڵ درێژەی دەبێت. ئەم چەمکە لە دەستووردا ئاماژەیە بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی خۆجێبخوازی بەرەو قۆناغی دەوڵەتداریی ڕێکخراو و دامەزراوەیی. کۆماری ئێستای کوردستان خۆی وەک درێژەپێدەری ئەو ئیرادە مۆدێرنە دەبینێ کە دەیەوێت بە ئاوەزی وارگێڕیی و دەوڵەتی سەردەم و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، کورد بباتە ناو کاروانی شارستانیەتی ئازاد و مۆدێرنی جیهانی.

ش

شارۆمەندێتی

Citizenry

شارۆمەندێتی، پێگەیەکی قانوونیی و بکەرییەکی (ئەیجنسی) چالاک پێناسە دەکرێ کە تێیدا تاک وەک ئەندامێکی دانەبڕاو لە جەستەی نەتەوە و دەوڵەت کە ئەرکە نەتەوەییەکان و مافە تاکەکەسییەکانی خۆی بەباشی دەناسێت. ئەم چەمکە باڵاترە لە ناسنامەیەکی سەرکاغەز، بەڵکوو نواندنی ئەو ئەرک و مافە

دەستوورییانەیە کە لە چوارچێوەی کۆماردا ڕایی دەکرێن. شارۆمەندێتی واتا گۆڕانی تاک لە بوونەوەرێکی پەراوێزخراوەوە بۆ بەشدارێکی ئەمەگدار و سوێندخواردوو لە پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی و بنیاتنانی ئاوەدانیی وڵات.

شارۆمەندی

Citizenship

شارۆمەندی، ئەو پەیمانە دەستوورییە بنەڕەتییەیە کە مەرجەکانی ژیانی ئازاد و شکۆمەندانە لە ناو خاکی کوردستاندا دیاری دەکات. ئەم چەمکە بناغەی گشت ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان و سەرچاوەی خۆشبژێویی گشتییە. شارۆمەندی لەم دەستوورەدا وەک گرێبەستێکی پیرۆز دەبینرێت؛ تێیدا دەوڵەت گەرەنتیی ئاسایش و شکۆی تاک دەکات و شارۆمەندیش بە وەفاداریی بێ مەرج بۆ دەوڵەت نەتەوەیی و دەسەڵاتی نیشتمانی پابەند دەبێت.

شارۆمەندیی کوردستانی

Kurdistani Citizenship

ئەمە چەمکێکی گشتگیر و نیشتمانییە کە کۆی کوردان و ناکوردانی نیشتەجێی کوردستان لە یەک جەستەی قانوونییدا یەکدەخات. شارۆمەندیی کوردستانی گەرەنتیی ئەوە دەکات کە گشت دانیشتووان بەبێ جیاوازیی لە ڕەچەڵەک، نەژاد، یان باوەڕ، لەبەردەم قانوونداً یەکسانیی ڕەهایان هەبێت. ئەم پلەیە لەسەر بنەمای وارپارێزیی و وەفاداری بۆ خاکی نیشتمان دادەمەزرێت، بە جۆرێک کە فرەڕەنگیی پێکهێنەرانی نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستان ببێتە هێزێک بۆ یەکپارچەیی کۆمار نەک پەرتەوازەیی نەتەوەیی.

شایستەسالاری

Meritocracy

شایستەسالاری، کۆڵەکەی پۆڵاییبنی هێزی دەوڵەت و تاقانە پێوەرە بۆ پێسپاردنی بەرپرسیارێتییە گشتییەکان. لێرەدا، دەسەڵات و پێگە تەنیا بەو کەسانە دەبەخشرێ کە خاوەنی لێهاتوویی زانستی، توانای کرداریی و ئەزموونی و پاکڕەوشتیی سەلمێندراون. شایستەسالاری وەک دژە-تەنی جەردەسالاری کار دەکات؛ ڕێگری دەکات لەوەی خزمخزمێنە و لایەنگیریی پارتایەتیی ببێتە هۆی داڕزانی دەزگاکانی دەوڵەت. ئەم بنەمایە گەرەنتی دەکات کە باشترین مێشکەکان لە ڕاژەی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستاندا بن.

شکۆی نەتەوەیی

National Dignity

شکۆی نەتەوەیی، گەوهەری ڕەسەن و بێ سازانی بوونی کوردە وەک نەتەوەیەکی تامەزرۆی سەروەریی. ئەم شکۆیە لە دانەدواوەی هەر جۆرە ملکەچییەک بۆ داگیرکەر و پاراستنی سەربەخۆیی دەوڵەت و سەربەخۆیی بڕیاری وارگێڕیی کوردستاندا جێگیر دەبێت. شکۆی نەتەوەیی واتا گەڕانەوەی مرۆڤی کورد بۆ دۆخی «سوبێکتێکی مێژووساز» کە چیدی نایەوێت بە چاوی بێگانە پێناسەی خۆی بکات. پاراستنی ئەم شکۆیە ئەرکێکی دەستووریی باڵایە و بناغەی وەرەی بەرگریی و شانازیی نەتەوەییە.

شوناس

Identity

شوناس، ناسێنە و بوونایەتیی گەوهەریی نەتەوەی کوردە کە پەیوەندییە نەگۆڕەکانی نێوان نەتەوە، وارگە و مێژوو بەرجەستە دەکات. شوناس لەم دەستوورەدا وەک سەرچاوەی باڵای ڕەوایەتیی دەوڵەت دەناسرێت و دوو ڕەهەندی دانەبڕاوی هەیە:

کوردبوون: ڕەهەندە بوونناسانە و مێژووییەکەیە کە خودی کۆیی نەتەوەی کورد دەکات بە گەوهەری پێکهێنانی دەوڵەت کە ئەرکی پاراستنی سیستماتیکی سەربەخۆیی و سەروەریی لە ئەستۆ دەگرێت.

کوردستانیبوون: هەر دوو ڕەهەندە وارپارێزیی نەتەوەیی و شارۆمێندێتی قانوونیی و وارگێڕییەکەیە کە یەکسانیی گشت شارۆمەندان لە بواری خاوەندارێتی لە وارگەی نەتەوەیی و هەروەها لە ماف و ئەرکەکاندا مسۆگەر دەکات.

دەوڵەت پابەندە بە پاراستنی ئەم شوناسەکە ژێخانی ناسنامەی نەتەوەییە لەبەرامبەر هەموو هەوڵێکی هەڵوەشێنەرانە یان توانەوەی نەتەوەیی و کولتووری.

شوناسی نیشتمانیی دیجیتاڵی

National Digital Identity

ئەمە دەرکەوتەی نوێی دەوڵەتداریە لە سەردەمی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵدا. شوناسی دیجیتاڵ-KN ID بناغەی کەسایەتیی قانوونیی شارۆمەندە لە وارگەی ئەلیکترۆنییدا. دەوڵەت لە ڕێگەی دەوڵەتی ژیرەوە ئەرکدارە بە پاراستنی ئەم شوناسە لە هەر جۆرە دزەکردن یان شێواندنێک. ئەم شوناسە کلیلی دەستگەیشتنی پارێزراوی شارۆمەندانە بە ڕاژە گشتییەکان و گەرەنتیی ئەوەیە کە نەتەوە لە شۆڕشی دیجیتاڵیدا خاوەن پێگەیەکی سەربەخۆ و سەروەر دەبێت.

شوناسی فەرهەنگی و زمانیی ناکوردان

Cultural and Linguistic Identity of Non-Kurds

کۆماری کوردستان، وەک نیشانەی شکۆ و دادپەروەریی، پاراستنی شوناسی کولتووری و زمانیی گشت پێکهاتە نەکوردەکانی کوردستان بە ئەرکی دەستووریی خۆی دەزانێت. ئەم مافە گەرەنتیی ئەوە دەکات کە کوردستان ببێتە لانکەیەک بۆ گەشەی هەمووان، بەو مەرجە ڕەهایەی کە ئەم پاراستنە نەبێتە هۆی لاوازکردنی وەفاداری بۆ دەوڵەت یان پێکدادان لەگەڵ سەروەریی نەتەوەیی کوردستاندا. ئەمە بنەمای یەکپارچەیی نەتەوەییە لە چوارچێوەی فرەڕەنگیدا.

شارستانییەت

Civilization

شارستانییەت، پڕۆسەی مێژوویی درێژەداریی‌یەتی دروستبوونی ژیریی و کەسایەتیی کۆیی و نواندنی ویستی نەتەوەیی کورد لەسەر هێڵی شوێن-کات. کورد پاشماگگری ڕەسەنی ئەو شارستانییەتە دێرینانەیە (وەک هوریی، گوتی، سومەر، میدی، پارت، ساسانی و هتد) کە یەکەم جار بناغەی ئاوەزی دەوڵەت و قانوونیان لە وڵاتی مێژووی و ئێستایی نەتەوەی کورد دانا. شارستانییەت لێرەدا زۆر زیاتر لە ڕابردوو و یادەوەریی کۆیی لە مێژوو و کولتور و ژیاریی خۆیەتی، هەروەها ئامرازێکە بۆ نواندنی ویستەندیی لە جیهاندا و دارشتنی پاشەڕۆژێکی پێشکەوتوو و ئەو پڕۆسە مەزنە مێژوویی و ئەقڵانییەی کە تێیدا نەتەوەی کورد لە دۆخی پەرتەوازەیی و ژێردەستەیی دەردەچێت و بەرەو قۆناغێکی باڵاتر لە ژیریی کۆیی و ڕێکخستنی نیشتمانی هەنگاو دەنێت. شارستانییەتی کورد وزەیەکی زیندووی ژیرییە کە لە "ویستەندیی نەتەوە بۆ ژیان" سەرچاوە دەگرێت؛ ژیانێک کە تێیدا کورد چیدی نێچیری ڕووداوەکان و هەڕەشە دەرەکییەکان نین، بەڵکو دەبێتە بکەر و بونیادنەری چارەنووسی خۆی.

دەرچوون لە دۆخی هەڕەشەی بوونیایەتی، کە هەمیشە وەک سێبەرێکی مەترسیدار لەسەر ئەم نەتەوەیە هەبووە، تەنیا لە ڕێگەی بونیادنانی شارستانییەتێکی دەوڵەت-تەوەڕەوە دەستەبەر دەبێت. شارستانییەت لە دەستووردا ئەو قەڵغانە پۆڵاینەیە کە نەتەوە لە فەوتان و توانەوە دەپارێزێت. ئەگەر شارستانییەتی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی توانیویەتی لە ڕێگەی زانست و دامەزراوەی بەهێزەوە پێگەی خۆی بسەلمێنێت، ئەوا کوردستان وەک شارستانییەتێکی مێژوویی، پێویستە ڕەسەنایەتیی باوانی خۆی لەگەڵ مۆدێرنیتەی جیهانی ئازاد تێکەڵ بکات بۆ ئەوەی "دەوڵەتی ژیاریی" پێ بونیاد بنێت.

ئەم شارستانییەتە نوێیە، گەشەیەکی مرۆیی باڵایە کە تێیدا ژیریی کورد لە ئاستی جیهانی پاشڤەڕوویی بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستی باڵای مۆدێرنیزم وەک ژینگەی بەرهەمهێنانی فەلسەفە، زانست و تەکنۆلۆژیا. دامەزراندنی کۆماری کوردستان و دارشتنی ئەم دەستوورە، لوتکەی ئەو گەشە مرۆییەیە؛ چونکە لێرەدا "ژیریی کۆیی باوان" دەگۆڕێت بۆ "قانوونی وڵات" و ویستەندیی کورد دەگۆڕێت بۆ تاقە سەرچاوەی دەسەڵات. شارستانییەت لە دەستووردا، گەیشتنە بەو قۆناغەی کە تێیدا کورد وەک یەکەیەکی

خاوەن شکۆ، بەسەر خاک و چارەنووسی خۆیدا خاوەن سەروەریی و بڕیار بێت. ئەمە ئەو ژیانەوەیەیە کە بەرهەمی ژیریی کۆییە و دەوڵەت وەک جەستە و شارستانییەتیش وەک ڕۆحی ئەو سەروەرییە دەبینێت.

ف

فەرماندەیی ئەلیکترۆنیی ئارتەش

Electronic Command of the Army

ئەم فەرماندەییە، قەڵغانی دیجیتاڵیی نیشتمان و هێزی نوخبەی کۆمارە لە وارگەی ئەلیکترۆنییدا. ئەرکی ئەم یەکەیە هەم پاراستنی تۆڕەکان، و هەم بەرجەستەکردنی سەروەریی نەتەوەییە لە گۆڕەپانی پێنجەمی جەنگدا. لێرەدا، فەرماندەیی ئەلیکترۆنی وەک شمشێری ئاوەزمەندی نەتەوە کار بۆ پووچەڵکردنەوەی پێشوەختەی هەر هەڕەشەیەک دەکات کە ئامانجی پەکخستنی ژێرخانە ژینەکییەکانی دەوڵەتی ژێر بێت. ئەمە نیشانەی بنیاتنانی سوپای کوردستانە بە هێزێکی تەکنەلۆژیی پێشەنگ کە توانای پاراستنی واری لە هەردوو ڕەهەندی فیزیکی و دیجیتاڵدا هەیە.

فەرمیبوونی زمانی کوردی

Official Status of Kurdish Language

فەرمیبوونی زمان، فەرمانێکی دەستوورییە پیرۆزە بۆ چەسپاندنی سەروەریی زمانی بەسەر تەواوی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. زمانی کوردی سەرەڕای ئەوە ئامرازێکی ئاخاوتنە، بەڵکوو ژینگەی پەیدابوونی بوونایەتی و بنچینەی شوناس و پاسەوانی یادەوەریی کۆیی هەزاران ساڵەی کوردە. فەرمییەتی زمانی کوردی واتا گێڕانەوەی شکۆ بۆ ئەو زمانەی کە داگیرکەران هەوڵی سڕینەوەیان داوە. دەوڵەت پابەندە بەوەی کە زمانی کوردی لە گشت ئاستەکانی پەروەردە، دادوەری و ڕایەداریدا وەک زمانی تاقانە و باڵادەست ڕایی بکات، تاوەکوو پڕۆسەی تێگەیشتنی نەتەوەیی لە یەک سەرچاوەی ڕەسەنەوە ئاڕاستە بکرێت.

فەلسەفەی وارگێڕی

Philosophy of Governance / Administration

ئەم فەلسەفەیە، ئاوەزی بڕیارسازیی دەوڵەتی کوردستانە کە تێیدا ویستی نەتەوە دەگۆڕێت بۆ ستراتیژیی کارا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات. فەلسەفەی وارگێڕی لە کوردستان لەسەر بنەمای هێز و دادپەروەری دادەمەزرێت؛ ئامانجی تاقانەی گۆڕینی کوردستانە لە ئۆبژەیەکی پاسیڤەوە بۆ سوبێکتێکی مێژووسازی

سەربەخۆ. ئەم فەلسەفەیە ڕێگری دەکات لەوەی کە دەسەڵاتداریی ببێتە ئامرازی بەرژەوەندیی کەسی، بەڵکوو دەیکاتە ئامرازی پاراستنی وار و سەروەریی و بەدیهێنانی مانەوەی شکۆمەندانە بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو.

فرەیی / فراوانی

Pluralism / Diversity

فرەیی لەم دەستوورەدا نەک وەک هۆکاری لاوازی، بەڵکوو وەک کانیی هێزی نەتەوەیی دەبینرێت. بریتییە لە دانان بە فرەڕەنگیی پێکهاتە کولتووری و ئایینییەکانی نێوخۆی کوردستان لە ژێر یەک سەیواندا کە ئەویش کوردستانیبوونە. ئەم چەمکە گەرەنتی دەکات کە یەکێتیی نەتەوەیی لەسەر بنەمای یەکسانیی قانوونی و ڕێزگرتنی دوولایەنە بێت. فرەیی واتا دانەدواوەی هەر جۆرە قۆرخکارییەکی ناسنامەیی و بونیادنانی کۆمەڵگەیەک کە تێیدا گشت جیاوازییەکان لە ڕاژەی بەهێزکردنی یەکپارچەیی کۆماردا بن.

فۆرمی کۆماریی دەوڵەت

Republican Form of State

فۆرمی کۆماری، دەرکەوتن و نواندنی باڵای ویستی گشتی و تاکە فۆرمی ڕەوای دەسەڵاتداریە کە تێیدا سەروەریی ملکی ڕەسەنی نەتەوەی کوردە. ئەم فۆرمە وەک بەندێکی نەگۆڕ جێگیر کراوە تاوەکوو ڕێگری بکات لە هەر جۆرە گەڕانەوەیەک بۆ دەسەڵاتی بنەماڵەیی یان تاکەکەسی. کۆمار واتا دەوڵەتێک کە بۆ ڕاژەی گشت شارۆمەندان دامەزراوە و تێیدا ڕەوایی دەسەڵات تەنیا لە سندووقی دەنگدان و پابەندبوون بە دەستوورەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمە مەرجی بنەڕەتیی ئازادیی کوردە لە وڵاتی سەربەخۆی خۆی لە مێژووی مۆدێرندا.

فۆرمی خۆتۆمارکردنی هاوواڵاتیبوون

Citizenship Registration Form

ئەم فۆرمە، دەروازەی فەرمیی چوونەژوورەوەیە بۆ نێو جەستەی قانوونیی کۆماری کوردستان. پڕکردنەوەی ئەم فۆرمە وەک ڕێکارێکی کارگێڕی، کردەیەکی ویستمەندانە و دانپێدانانە بە گەوهەری نەتەوەیی کورد و پژراندنی بێ مەرجی ئەو پەیمانە پیرۆزەیە کە لە دەستووردا لەگەڵ کورد وەک نەتەوە، کوردستان وەک وڵات و دەوڵەت وەک ڕۆحی نەتەوە بە بەرزایی دەگات. ئەمە ئەو ساتەوەختەیە کە تێیدا تاک شوناسی خۆی لەگەڵ شوناسی دەوڵەتدا یەک دەخات و دەبێتە هەڵگری ماف و ئەرکە نیشتمانییەکان لە ژێر چەتری سەروەریی کوردستاندا.

ق

قانوون

Law / Legislation

قانوون لەم دەستوورەدا جیا لە کۆمەڵێک ڕێسای نووسراو، زایەڵەی ژیریی کۆیی مێژوویەکی درێژ و بەرفراوانی نەتەوەی کوردە کە کراوەتە فەرمانی پابەندکەر بۆ ڕێکخستنی ژیانی بەکۆمەڵ کورد و کوردستانیان لە وڵاتی کوردستان. قانوون، ئامرازی پاراستنی وارگەی نەتەوەیی، سەروەریی دەوڵەتی کوردستان، هاووڵاتی و مافەکانی شارۆمەندە. هەر قانوونێک دەبێت هەمیشە وەک لقێک لە قەدی دەستوور بڕوێت و هەرگیز لە بنەما نەگۆڕەکانی دەوڵەتی کوردستان لانەدەن، چونکە ڕەوایەتیی قانوون لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە تا چەند ڕاژەی ئامانجە باڵاکانی کوردستان دەکات.

قانوونی بنچینەیی

Fundamental Law

ئەمە تایبەتمەندی فەرمیی دەستووری کۆماری کوردستانە؛ باڵاترین دەقی قانوونیی وڵاتە کە لە سەرووی هەموو دەسەڵات و ویستێکی کاتییەوە وەستاوە. قانوونی بنچینەیی پەیمانێکی بوونناسانەی نێوان نەتەوە و مێژووە، کە ڕەوایەتی بە بوونی دەوڵەت دەبەخشێت. لێرەدا، دەوڵەت بە هەموو دامەزراوەکانییەوە تەنیا ئافرێنراوی ئەم قانوونەیە و ئەرکی سەرەکیی پاراستنی فەرمانەکانی ئەم دەقە پیرۆزەیە وەک مەرجی مانەوەی شکۆمەندانەی نەتەوە.

قانوونی نێوخۆیی

National Law

لە هاوکێشەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، قانوونی نێوخۆیی کوردستان هەمیشە خاوەن باڵادەستیی ڕەهایە بەسەر هەر ڕێککەوتننامەیەکی دەرەکیدا. ئەم چەمکە وەک کەرەسەیەکی بەرگریی دەستووری کار دەکات بۆ ئەوەی گەرەنتیی ئەوە بدات کە سەروەریی بڕیاردانی کورد هەرگیز فیدای بەرژەوەندییە کاتییەکانی هێزە بێگانەکان ناکرێت. قانوونی نێوخۆیی واتا دەستووری نیشتمان دوا-بڕیاردەری بێ مەرجە لەسەر خاکی کوردستان.

قانوونمەندی

Legality

قانوونمەندی ئەو تایبەتمەندییە پیرۆزەیە کە دەستوور بە شێوەیەکی خۆساز و خۆسەرچاوە بە خۆی و بە دامەزراوە نەتەوەکانی دەبەخشێت. بەم پێیە، گشت ئەو دەزگا و ڕێکارە وارگێڕپیانەی کە داگیرکەران بەسەر کوردستاندا سەپاندوویانە، بە ناقانوونیی هەژمار دەکرێن، چونکە ڕیشەیان لە ویستی نەتەوەی کورددا نییە. قانوونمەندی تەنیا لەو کردارانەدا بوونی هەیە کە لە ناو جەرگەی هاوئاگایی نەتەوەیی و خاوەن ڕەسانەیەتی و فەرمانەکانی ئەم دەستوورەوە سەرچاوەیان گرتبێت.

قانوونسەروەر

Rule of Law - Adjective

ئەمە سیفەتێکی بنەڕەتیی دەوڵەتی کوردستانە؛ ئاماژەیە بۆ بنیاتنانی قەوارەیەکی هێزمەند کە تێیدا تەنیا قانوون باڵادەستە و هیچ پلە، پۆست، کەسایەتی یان بنەماڵەیەک لە سەرووی لێپرسینەوەوە نییە. دەوڵەتی قانوونسەروەر واتا کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئارەزوومەندانە و جێگیرکردنی دادپەروەریی وەک تاکە پێوەری بەڕێوەبردنی وڵات، تاوەکوو هەموو شارۆمەندان لە ژێر سێبەری یەکسانییەکی ڕاستەقینە قانوونیدا بژین.

قەوقاز

Caucasus

قەوقاز یەکێکە لەو چوارچێوە جوگرافی و کەتوارسازێنەرانی نیشتمانی مێژوویی کورد؛ ئەو پانتاییە ستراتیژییەی باکووری کوردستانە کە گەواهی قوواڵایی ڕەگ و ڕیشەی باوانی نەتەوە و شارستانییەتی میدیا دەدات. لەم دەستوورەدا، قەوقاز نەک ناوێکی جوگرافی بەڵکوو بۆ کورد بەشێکە لە قووڵایی بوونناسانەی واری نەتەوەیی کە دەبێت وەک بەشێکی دانەبڕاو لە جەستەی کوردستان پارێزگاریی لێ بکرێت و لە یادەوەریی نەتەوەییدا بە زیندوویی بمێنێتەوە.

قۆناغی ژێردەستی

Phase of Subservience

ئەمە ئەو دۆخە تاریک و نادەستوورییەیە کە تێیدا نەتەوەی کورد لەژێر زەبری داگیرکاریدا مافی بڕیاردان و سەروەریی لێ زەوت کراوە. دەستوور وەک ڕابەرێکی مێژوویی کار دەکات بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و پەرینەوە بەرەو کەتوارێکی نوێ کە تێیدا سەروەریی نەتەوەیی و سەربەخۆیی ڕەها دەبنە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر. تێپەڕاندنی ژێردەستی واتا گەڕانەوەی نەتەوە بۆ دۆخی "بوون-بۆ-خۆی."

قوولّایی ستراتیژیی نەتەوە

Strategic Depth of the Nation

ئەم چەمکە گێڕانەوە لەو هێزە مرۆیی، زانستی و وارگێڕییە گەورەیەی کە دیاسپۆرای کورد لە دەرەوەی سنوورە فیزیکییەکان پێک دەهێنێت. قوولّایی ستراتیژی واتا نەتەوەی کورد تەنیا لەناو خاکەکەیدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو خاوەنی جەستەیەکی جیهانییە کە دەبێتە پشتیوانی سەرەکیی سەروەریی دەوڵەت و پارێزەری بەرژەوەندییە باڵاکان لە پایتەختەکانی جیهاندا. ئەم قوولّاییە گەرەنتیی ئەوە دەدات کە نەتەوە هەرگیز جارێکی دیکە بێ پەنا و بێ دەنگ نەمێنێتەوە.

ک

کوردبوون

Being Kurd

کوردبوون، ژێرخانی بوونناسانەی هەستی نەتەوەیی و دەرخەری پەیوەندییەکی ڕەسەن و مێژوویی و ڕەچەڵەکمەندانەیە لەگەڵ نەتەوەی کورد. ئەم چەمکە گێڕانەوەیە لەو شوناسە گەوهەرییەی کە لە ڕێگەی خوێن، زمان و یادەوەریی مێژووییەوە دەگوێزرێتەوە و گرێدراوە بە خاک و وارگەی نەتەوەیی لە وەک ژینگەی پەیدابوون و ژیان و درێژەدارییەتی نەوەکان. لە ڕوانگەی دەستوورییەوە، کوردبوون سەرەڕای هەستێکی دەروونی بە بوونایەتی، هەروەها چوارچێوەیەکی واتایی و گیانەکیشە کە دەوڵەت ئەرکی پیرۆزی پاراستنی بە شێوازی دامەزراوەیی لە ئەستۆ دەگرێت، تاوەکوو ئەم ڕەسەنایەتییە لە ژێر زەبر و گوشارەکانی دەرەکی و هەوڵەکانی تواندنەوەدا بە پارێزراوی بمێنێتەوە.

کوردستانیبوون

Kurdistani Identity

ئەم چەمکە، خاوەندارەتییەکی بنەڕەتی، دەوڵەتخوازانە و قانوونییە بە وارگەی نەتەوەیی کوردستان وەک وڵات و خاک. کوردستانیبوون هەروەها بناغەی دەستووریی شارۆمەندییە هەم بۆ هاوڵاتی و هەم بۆ شارۆمەند و مافی نیشتەجێبوون و ژیان لە سایەی سەروەریی دەوڵەتی کوردستان لەسەر ئەم خاکە لە بەرامبەر ڕەسەنایەتی یان هەڵگرتنی ئەرک و بەرپرسیارەتی مسۆگەر دەکات. ئەم ناسنامەیە هەم پەیوەستە بە ڕەچەڵەک، و هەم پەیمانێکی وەفادارییە بۆ دەستوور و خاکی کوردستان وەک وڵات کە کورد و ناکوردانی نیشتەجێی وڵات لە یەک جەستەی قانوونییدا یەکدەخات، بە جۆرێک کە هەموان لە ماف و ئەرکە نیشتمانییەکاندا یەکسان بن.

کوردستانیزم

Kurdistanism

کوردستانیزم، دۆکترینی باڵای نەتەوەیی و گەوهەری بنەڕەتیی جیاوازیی نێوان کوردبوون و کوردستانیبوونە. ئەم فەلسەفەیە وەک بکەرێکی چالاک و ئاوەزێکی ستراتیژی کار دەکات بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کە تێیدا ڕەسەنایەتیی کورد (کوردبوون) و خاوەندارییەتی دەوڵەتخوازانە لە کوردستان وەک وڵاتی نەتەوەی کورد و یەکسانیی شارۆمەندی (کوردستانیبوون) هاوسەنگ دەکرێن. کوردستانیزم ئەو ڕێبازە هزرییەیە کە ڕێگری دەکات لەوەی شوناسی نەتەوەیی ببێتە پاشکۆی ئایدیۆلۆژیا

بێگانەکان و هەمیشە ئاوەزی وارگێڕیی-دەوڵەتی و بڕیارسازی لە ناو جەرگەی بەرژەوەندییەکانی کوردستاندا دەهێڵێتەوە.

کورد

The Kurd

کورد، نەوەی ڕەسەنی ئەو کۆمەڵگا مرۆییە دێرینانەیە کە لە سەرەتای مێژووەوە لە شاخ و پێدەشتەکانی زاگرۆس، تورۆس، هەڵبورز، قەوقاز و پێدەشتەکانی چواردەوریان نیشتەجێ بوون و یەکەمین بناغەکانی شارستانییەتی مرۆییان داڕشتووە و لە گەشەیی مێژوویی گەیاندوویانەتە ئەوەی کە ئەمڕۆ ناوی کوردستانە. لەم دەستوورەدا، کورد نەک وەک نەتەوەیەکی دوور لە شارستانییەت، بەڵکوو وەک نەتەوەیەکی دایک پێناسە دەکرێ کە خاوەنی ڕەسەن و هەردەمیی ئەم خاکەیە کە ژینگەی سەرهەڵدانی شارستانییەتە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە. کورد پاشماگگری گشت ئەو شارستانییەتە شکۆمەندانەیەیە کە لە سەر خاکی کوردستان دامەزراون و ئەمڕۆ بە ویستێکی پۆڵاییەوە هاتووەتە گۆڕەپان تا سەروەریی ڕەهای خۆی بسەپێنێتەوە.

کۆماری کوردستان

Republic of Kurdistan

کۆماری کوردستان، دەرکەوتن و نواندنی قانوونیی و مۆدێرنی ویستی نەتەوەی کوردە بۆ دەوڵەتداریی. ئەم کۆمارە، کە ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم کۆماری کوردستان بە سەرکردایەتی سمکۆی مەزن لە ١٩٢٢، دووهەم کۆماری کوردستان لە ئارارات لە ١٩٢٧ و سێهەم کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ١٩٤٦وەک دەوڵەتی نەتەوەیی، تاقانە چوارچێوەی ڕەوایە بۆ ژیانی بەختەوەریی هەموو کوردستانیانە. کۆمار وەک دەوڵەتێکی دیمۆکراتی ڕاستەقینە کار دەکات کە تێیدا دەسەڵاتداریی تەنیا لە ڕاڤەی ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی شکۆی مرۆڤی کورددایە و هیچ جۆرە زەبر و گوشارێکی داگیرکاری تێیدا ڕەوا نییە.

کرداریی کۆیی

Collective Agency

کرداریی کۆیی وەک بزوێنەرێکی بوونناسانەی مێژوویی(Ontological Historical Engine) ، لە قووڵایی گێڕانەوەی هاوبەش و نواندنی هاوئاگایی نەتەوەیی نەتەوەی کوردەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم تەوژمە نیشانەی پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی (Organic Cohesion) قووڵە لە نێوان پێکهێنەرانی کۆمەڵگای کوردستاندا بە درێژایی کات، کە ستراکچەرێکی ناوەکیی تایبەت بە خودی کۆیی نەتەوە دروست دەکات. لە ڕووی سۆسیۆلۆژیای وارگێڕییەوە، ئەم دیاردەیە بەردی بناغەی گواستنەوەی ناسنامەیەکی کولتووریی-مێژوویە بۆ کەتوارێکی قانوونمەندانە و قانوونیی فەرمی.

لە دیدگای قانوونمەندی-وارگێڕیی مۆدێرنەوە، کرداریی کۆیی بریتییە لە پڕۆسەی سیستماتیک و ناچاریی گواستنەوەی ئەم ویستە بوونناسانەیە بۆ ئاستێکی کردەیی، فەرمی و دامەزراوەیی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا. ئەم کرداڕە بە شێوەیەکی یەکلایەنە و بێ مەرج، بناغەی ڕەوایەتیی دەسەڵاتداریی و سەرچاوەی قانوونی گشت دامەزراوەکانی کۆماری کوردستان پێکدەهێنێت، کە دەبنە جەستەی گیانەکی و واتایی نەتەوە. لە ڕووی قانوونییەوە، کرداریی کۆیی وەک بەدیهێنانی مافی ڕەهای نەتەوە بۆ نەتەوەسازیی دادەنرێت؛ بەو واتایەی کە نەتەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ، دەست دەکات بە بنیاتنانی پەرگاڵێکی وارگێڕیی کارا و قانوونسەروەر بۆ سەپاندنی سەروەریی نەتەوەی خۆی.

ئەم چەمکە سەرچاوەی نواندنی باڵادەستیی قانوونی ڕەبەقە بەسەر تەواوی وارگەی نەتەوەیی و گشت دانیشتواندا، و گەرەنتیی ئەوە دەدات کە دەوڵەت ملکەچ بێت بۆ پاراستنی سەرەکیی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمانی و ئاسایشی گشتی و نەتەوەیی. چالاکیی گشت دەسەڵاتە باڵاکان (قانووندانان، ڕایەدار و دادوەریی) بەندە بە توانای نواندنی ئەم کرداڕە کۆییە، کە بە قانوون و ڕێکارە فەرمانگەییەکان ڕێکخراوە و تەنیا مەبەست لێی پاراستنی سەروەریی و ئازادیی و دابینکردنی خۆشبژێویی گشتییە. هەر فۆرمێکی دەسەڵاتداریی یان بڕیارێکی فەرمانگەیی کە لە دەرەوەی ئەم چوارچێوە دەستوورییە و بێ ئاوەزی کۆیی کوردەوە سەرچاوە بگرێت، بە ناقانوونیی هەژمار دەکرێت و پێویستە ملکەچی لێپێچینەوە و قانوون بێت.

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان

Supreme Independent Elections Commission

ئەم دامەزراوەیە، پاسەوانی پاکی و بێگەردیی ویستی نەتەوەی کورد لە پڕۆسەی دیمۆکراسیدا. کۆمیسیۆن بە شێوەیەکی دەستووریی سەربەخۆیە و لەژێر هیچ جۆرە گوشارێکی دەسەڵاتی ڕایەدار یان پارتە وارگێڕییەکاندا نییە. ئەرکی ئەم دامەزراوەیە گەرەنتیی ئەوەیە کە دەنگی هەر شارۆمەندێک بە ڕاستگۆیی بگاتە ناوەندی بڕیار و سەرچاوەی ڕەوایەتیی دەسەڵات هەمیشە بە بێگەردی بمێنێتەوە. ئەمە مەرجی سەرەکیی سەقامگیریی پەرگاڵی کۆماریە.

کۆڕی باڵای ئابووریی نیشتمانی

Supreme National Economic Council

ئەم کۆڕە، ئاوەزی ستراتیژیی و ناوەندی بڕیارسازیی ئابووریی وڵاتە. ئەرکی سەرەکیی بریتییە لە داڕشتنی وارگێڕییە دارایی و پیشەسازییەکان بە جۆرێک کە کوردستان لە بەرامبەر زەبرە دەرەکییەکاندا ببێتە قەڵغانێکی خۆڕاگر. دامەزراندنی ئەم کۆڕە بۆ مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی ئابووریی و پاراستنی سامانی نەتەوەییە لە هەر جۆرە دەستێوەردانێکی بێگانە، تاوەکوو گەشەی وڵات هەمیشە لە ڕاژەی ئاوەدانکردنەوەی ستراتیژیدا بێت.

کێڵگە و کشتوکاڵ

Agriculture

کشتوکاڵ لەم دەستوورەدا کۆڵەکەیەکی گرینگی ئاسایشی خۆراکی و گەرەنتیی سەربەخۆیی وڵاتە. دەوڵەت کشتوکاڵ وەک جەستەی بەرهەمهێنەری پێداویستییە ژینەکییەکانی کوردستان دەبینێ کە دەبێت لە رێگەی تەکنەلۆژیای ژیرەوە مۆدێرنیزە بکرێت. پاراستنی کێڵگەکان و گەیشتن بە خۆبژێویی خۆراکی، ئەرکێکی دەستوورییە بۆ پووچەڵکردنەوەی هەر جۆرە گوشارێکی بێگانە کە بیەوێت بژێویی کورد وەک ئامرازی وارگێڕپی بەکاربهێنێت.

کەتواری ناوەڕۆکساز

Content-Creating Ontology

ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ئەو هێزە هەبوویی و نێوەکییەی کە دەستووری کوردستانی لەسەر دامەزراوە؛ واتا دەستوور نەک وەک داڵغە، بەڵکوو وەک ڕاستییەک سەر هەڵدەدات کە لە هاوئاگایی نەتەوەیی و ئەزموونی مێژوویی کوردەوە دێت. کەتواری ناوەڕۆکساز واتا دەستوور خۆی دەبێتە دروستکەری کەتوارێکی نوێ کە تێیدا سەروەریی کورد دەبێتە ڕاستییەکی سەوداهەڵنەگر و نکۆڵیهەڵنەگر و گشت دامەزراوە ناقانوونییەکانی داگیرکەران لەناو دەبات.

کەمینەکان

Minorities

کەمینەکان، پێکهێنەرە کولتووری و ئایینییە ڕەسەنەکانی کوردستانن کە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە تانوپۆی نەتەوەیی وڵات دەناسرێن. دەوڵەت بە تووندی پابەندە بە پاراستنی شوناسی فەرهەنگی و زمانیی ئەوان لە ژێر سایەی یەکسانیی شارۆمەندیدا. مافی کەمینەکان لێرەدا وەک نیشانەی شکۆی شارستانیی و لێبوردەیی کورد دەبینرێت، بەو مەرجە ڕەهایەی کە ئەم پاراستنە لە ناو چوارچێوەی وەفاداریی بێ مەرج بۆ دەوڵەت و سەروەریی نەتەوەیی کوردستاندا بێت. مافی کەمینەکان لەسەر بنەمای قانوونی نێودەوڵەتییە پەیوەندییدارەکان دیاری دەکرێت.

کۆمەڵگەی ژیاری

Civil Society

کۆمەڵگەی ژیاری، ئەو ڕووبەرە ئازاد و ڕێکخراوەیە کە تێیدا شارۆمەندان بە شێوەیەکی خۆویستانە و بێلایەنانە بەشداری لە چاکەی گشتیدا دەکەن. ئەم کۆمەڵگەیە وەک ویژدانی چاودێری دەوڵەت و سامانی کۆمەڵایەتی دەبینرێت؛ ئەرکی پەرەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی و پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانە. دەوڵەت ئەرکدارە بە پاراستنی سەربەخۆیی ڕێکخراوە ژیارییەکان، تاوەکوو ببنە هۆکارێک بۆ پتەوکردنی ئاسایش

و یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی و ڕێگریکردن لە هەر جۆرە سەرکوتێکی وارگێڕیی یان سەرهەڵدانی ئەتۆمیزم و پەرتەوازەیی کۆمەڵایەتی.

کولتوور

Culture

کولتوور، گەنجینەی گیانەکی-واتایی و پاشماگی هەزاران ساڵەی نەتەوەی کورد و بەشێکی دانەبڕاوی شوناسی نیشتمانییە. دەوڵەت کولتوور وەک هێزی نەرم و قەڵغانی پاراستنی ئاوەزی نەتەوەیی دەبینێت. پاراستنی زمان، هونەر، مێژوو و نەریتە ڕەسەنەکان ئەرکێکی دەستوورییە بۆ ڕێگریکردن لە داگیرکاریی فەرهەنگی. کولتوور لێرەدا وەک بزوێنەری ڕۆشنگەریی و ئامرازی ناساندنی شکۆی کوردستان بە جیهان پێناسە دەکرێت.

گ

گەشەی ڕاوەستاو

Sustainable Development

گەشەی ڕاوەستاو، وارگێڕییەکی ستراتیژیی ئاوەزمەندانەیە بۆ هاوسەنگکردنی پێشکەوتنی ئابووری، دادی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگە؛ بە جۆرێک کە دابینکردنی پێداویستییەکانی نەوەی ئێستا، نەبێتە هۆی تێکدانی "وار" و لاوازکردنی توانای نەوەکانی داهاتوو بۆ ژیانێکی شکۆمەندانە. ئەمە بەرجەستەبوونی پەیمانی نێوان نەوەکانە؛ گۆڕینی سامانە کاتییەکان (وەک نەوت و گاز) بۆ سەرمایەی زانستی، تەکنەلۆژی و ژێرخانیی تاوەکوو کوردستان وەک یەکەیەکی ژیندار و سەقامگیر لە مێژوودا بمێنێتەوە و هیچ کات تووشی "خوێنبەربوونی دارایی" و واتایی نەبێت.

گەشەکردن

Growth / Development

گەشەکردن لەم دەستوورەدا نەک هەر زیادبوونی ژمارەیی و ئابووری، بەڵکوو پرۆسەیەکی بوونخوازانەی نەتەوەیەکە کە بڕیاری داوە لە دۆخی پاسیڤبوون، دوورخراوەیی و پەراوێزخران دەرچێت و ببێتە بکەرێکی چالاکی مێژووساز. گەشەکردن وەک ئەرکێکی دەستوورییە نەتەوەیەکی دایک دەبینرێت؛ بریتییە لە پشکووتنی بێخەوشی تواناکانی کورد لە سەر خاکی خۆی. ئەم چەمکە گەرەنتیی ئەوە دەدات

که دەوڵەت هەمیشە لە جووڵەدایە بۆ بەهێزکردنی سەروەریی، بەرزکردنەوەی ئاستی زانین و پاراستنی شکۆی نەتەوەیی لە جیهانی مۆدێرندا.

گەرەنتیی سەربەخۆیی بنچینەیی

Guarantee of Fundamental Independence

ئەم گەرەنتییە، ئامرازی پاراستنی دامەزراوە هەستیارەکانی کۆمارە (بەتایبەت دەسەڵاتی دادوەریی) لە هەر جۆرە دەستێوەردانێکی بێگانە یان زەبر و گوشارێکی وارگێڕیی ناوخۆیی. ئەمە بە قانوون بۆ بودجە و کارگێڕیی دەزگاکان دەستەبەر دەکرێت تاوەکوو دادوەران و داخوازکارانی گشتی بەبێ ترس لە هەڕەمەکیبوونی دەسەڵاتی ڕایەدار یان هێزە داراییەکان، تەنیا ڕاڤەی دەستوور و دادپەروەری بکەن. ئەمە مەرجی بنەڕەتیی دروستیی دەمارە-پەرگاڵی دەوڵەت و مسۆگەرکردنی سەروەریی قانوونە.

گەندەڵی

Corruption

گەندەڵی، هەڵوەشێنەرەوەی پەیمانی کۆمەڵایەتی و یەکێکە لە مەترسیدارترین جۆرەکانی داڕزانی دەوڵەت. لەم دەستوورەدا وەک "تاوانێکی باڵا" دژی شکۆی نیشتمان پێناسە دەکرێت؛ چونکە گەندەڵی جیا لە دزیی سامانی گشتی، ژەهرێکە کە متمانەی نێوان شارۆمەند و دەوڵەت و هەروەها متمانەی و بڕوای نێوەدەوڵەتی دەکوژێت و کۆڵەکەکانی سەروەریی لە ناوەوە ڕزۆک دەکات. دەوڵەت ئەرکدارە بە ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی لە ڕێگەی دەستەی نیشتمانیی پاکڕەوشتییەوە، تاوەکوو کارایی و ڕەوایەتیی دامەزراوەکان هەمیشە لە ئاستی باوەڕی نەتەوەییدا بن.

گەڕیاریی نیشتمانی

National Tourism

گەڕیاریی نیشتمانی، پیشەسازییەکی ستراتیژیی ئاوەزمەندانەیە بۆ نواندنی شارستانیەت و شوناسی نەتەوەیی لە گۆڕەپانی جیهانیدا. ئەم چەمکە گوزارشتە لە گۆڕینی وار بۆ مەکۆیەکی جیهانیی زانین و بینین؛ ئەرکی گەڕیاری سەرڕای کات بەسەربردن، هەروەها ئامرازێکی "هێزی نەرم"ـی کۆمارە بۆ چەسپاندنی گێڕانەوەی ڕاستگۆیانەی کورد لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. هەروەها، گەڕیاری ڕەهەندێکی بەرگریی ئابووریی هەیە؛ دەوڵەت لەم ڕێگەیەوە ڕێگری لە پەرتبوونی دراوی نیشتمانی دەکات و سامانی وڵات لە ناوخۆی کوردستاندا لە جووڵەی ئاوەدانکەرەوەدا دەهێڵێتەوە.

گۆڕانکاریی مێژوویی

Historical Change

گۆڕانکاریی مێژوویی، پرۆسەی پەرەسەندنی دینامیکیی نەتەوەیە لەسەر هێڵی کات-شوێن؛ دەستوور بۆ هەر گۆڕانکارییەکی مێژوویی داهاتوو، پلاتفۆرمێکی ڕەوایەتیی قانوونیی بەرفراوان دابین دەکات. ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی کوردستان یەکەیەکی ستاتیک و چەقبەستوو نییە، بەڵکوو زیندووێتییەکەی لەوەدایە کە دەتوانێت لە چوارچێوەی بنەما نەگۆڕەکاندا، خۆی لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم بگونجێنێت بەبێ ئەوەی دەستبەرداری گەوهەری بوونی مێژوویی خۆی بێت.

گەوهەری بوونایەتی

Ontological Essence

گەوهەری بوونایەتی، لە کەتواری بوونایەتی هاوبەشی کورد لەسەر بنەمای خودی کۆیی وەک ناوکی ڕەسەن سەرچاوە دەگرێ کە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە کوردن، جا چ بزانن کوردن چ نەزانن کوردن، ئەمەش ژێرخانی بنچینەیی و دانەبڕاو و سەوداهەڵنەگری سەروەریی نەتەوەییە کە لە قووڵایی مێژووی کورد و باوانی مێژووی و خاک و وڵاتەکەیانەوە هەڵدەقوڵێت. ئەم گەوهەرە تاقانە سەرچاوەی ڕەوایەتیی دەستوور و دەوڵەتە و لە سەرووی گشت ویست و بەرژەوەندییەکی وارگێڕیی کاتییەوە دەوەستێت. لە ڕێگەی ئەم گەوهەرەوە، نەتەوەی کورد وەک خودی بەکۆمەڵ پەیمانی هەردەمیی لەگەڵ مانەوە و شکۆمەندی نەتەوەیی دەبەستێت، بە جۆرێک کە هیچ هێزێکی دەرەکی یان ناوخۆیی بۆی نییە دەستکاری بکات یان سازانی لەسەر بکات.

ل

لایەنی کاتی

Temporary Faction / Party

لایەنی کاتی، هەر تاقم، گرووپ یان ڕێکخراوێکی وارگێڕییە کە تەنیا نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکی بەرتەسک، ساتوەختی یان ناوچەیی دەکات. دەستوور جەخت دەکاتەوە کە دەسەڵاتی قانوونداناان و بڕیاردانی ستراتیژی دەبێت تەنیا نوێنەرایەتیی ویستی بەکۆمەڵیی نەتەوە بکات، نەک بەرژەوەندیی لایەنی کاتی. ئەم چەمکە وەک هۆشدارییەک کار دەکات بۆ ڕێگریکردن لەوەی کە دەوڵەت بکرێتە بارمتەی

ململانێی پارتەکان؛ چونکە کوردستان یەکەیەکی هەردەمییە و نابێت بڕیارە درێژخایەنەکانی لە ژێر کارایی ئارەزووی کاتیی گرووپەکاندا بشێوێنرێن.

لێپرسینەوە و سزادانی دادوەران

Interrogation and Punishment of Judges

ئەم پرۆسەیە، هاوسەنگییەکی دەستوورییە لە نێوان پاراستنی سەربەخۆیی دادوەریی و چەسپاندنی بەرپرسیارێتیی پیشەیی. پرۆسەکە بە شێوەیەکی زۆر توند ڕێکخراوە تاوەکوو لە لایەک شکۆی دادپەروەریی بپارێزرێت و لە لایەکی ترەوە ڕێگری بکات لە هەر جۆرە لادان یان بەد بەکارهێنانی دەسەڵات. ئەم لێپرسینەوەیە متمانەی شارۆمەندان بە پەرگاڵەکە پتەو دەکات و دەیسەلمێنێ کە لە کۆماری کوردستاندا هیچ کەسێک، تەنانەت دادوەرانیش، لە سەرووی لێپرسینەوەوە نین و شکۆی دادگا تەنیا بە پاکڕەوشتیی دادوەرەکانەوە بەستراوەتەوە.

لێپرسراوێتی

Accountability

لێپرسراوێتی، یەکێکە لە پایە بنەڕەتییەکانی دەسەڵاتداریی شکۆمەند و یەکێکە لە نیشانەکانی ڕووەنیی (شەفافیەت)؛ بریتییە لە ملکەچبوونی گشت هەڵگرانی پلە و پۆستە گشتییەکان بۆ وەڵامدانەوە و لێپێچینەوە لە بەرامبەر بڕیار و کردارەکانیاندا. لەم دەستوورەدا، لێپرسراوێتی ڕێکارێکی کارگێڕییە، و هەروەها مەرجی ڕەوایەتیی مانەوەیە لە دەسەڵاتدا. دەوڵەت بەبێ لێپرسراوێتی دەگۆڕێت بۆ یەکەیەکی ستەمکار؛ هەر بۆیە ئەم چەمکە گەرەنتییە کە دەسەڵاتداریی هەمیشە وەک ڕاژەیەکی نیشتمانی بمێنێتەوە و بەرژەوەندیی گشتی بپارێزێت.

لەسێدارەدان

Death Penalty

لەسێدارەدان، تووندترین جۆری سزایە کە لەم دەستوورەدا بە مەبەستی پاراستنی مافی ژیان بە تووندی سنووردار کراوە. دەوڵەت وەک نیشانەی شارستانییەت و ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆڤ، ئەم سزایە تەنیا بۆ ئەو تاوانە هەرە قورسانە دەهێڵێتەوە کە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و بوونایەتین بۆ سەر تەواوی نەتەوە (وەک ناپاکی نیشتمانی و تێرۆریزم). سنووردارکردنی لەسێدارەدان واتا دەوڵەت بەرپرسیارە لە پاراستنی ژیان، تەنانەت لە کاتی سزادانیشدا، مەگەر لەو بارودۆخە ئاوارتانەی کە مانەوەی "وار" و کۆمەڵگا بخەنە مەترسیی تێداچوونەوە.

لێکدانەوەی دەستوور

Interpretation of the Constitution

لێکدانەوەی دەستوور، زانست و هونەری دەرخستنی واتا ڕاستەقینەکانی پەیمانی نەتەوەییە لە ڕێگەی ڕووگەی تێگەیشتنی کوردستانیزمەوە. ئەم ئەرکە تەنیا لە دەسەڵاتی دادگای باڵادایە تاوەکوو دڵنیابێ کە هیچ قانوون یان بڕیارێک لە ڕۆحی دەستوور لای نەداوە. لێکدانەوە نابێت ببێتە ئامرازی پاساوهێنانەوە بۆ دەسەڵات، بەڵکوو دەبێت هەمیشە سەروەریی نەتەوەیی و پاراستنی بنەما نەگۆڕەکان وەک پێوەر و جەمسەری دوا-بڕیار لەبەرچاو بگرێت، تاوەکوو یەکپارچەیی واتایی دەستوور بپارێزرێت.

م

مانیفێستی واتایی

Conceptual Manifesto

مانیفێستی واتایی، سەرچاوەی باڵای لێکدانەوە و ڕووگەی تێگەیشتنی کورد بۆ دەقە بنەڕەتییەکانیەتی. ئەم مانیفێستە وەک قەڵغانێکی هزری کار دەکات بۆ پاراستنی ڕۆحی دەستوور لە هەر جۆرە شێواندن یان دزەکردنێکی واتایی بێگانە. ئەرکی ئەم مانیفێستە جێگیرکردنی یەکڕایی واتاییە، تاوەکوو زمان ببێتە پارێزوانی سەروەریی و ڕێگر بێت لە دروستبوونی هەر تەمومژێکی قانوونی لە ناو جەستەی دەوڵەتدا.

ماف

Right / Rights

ماف لەم دەستوورەدا، نەک وەک پاداشتێکی دەسەڵات، بەڵکوو وەک تایبەتمەندییەکی زگماکی و سەوداهەڵنەگری هەر شارۆمەندێک دەناسرێ کە کۆمار ئەرکدارە بە پاراستنیان. مافەکان تەنیا لە سایەی دەوڵەتێکی سەروەردا واتا وەردەگرن؛ بەو واتایەی کە ئازادی و شکۆی مرۆڤی کورد بەستراوەتەوە بە هەبوونی ژینگەیەکی وارگێڕیی پارێزراوی دەوڵەتیی نەتەوەیی. هیچ مافێک نابێت وەک ئامرازێک بۆ لاوازکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بەکار بهێنرێت، چونکە مافی تاک و مانەوەی نەتەوە دوو ڕووی یەک ڕاستەوایی مێژوویین.

ماد / میدیا

Medes / Media

ماد، لە درێژەی شارستانییەتە کوردییەکانی پێش خۆی ناوکی مێژوویی و ئاوەزی دەوڵەتداریی نەتەوەی کوردە لە سەر خاکی وڵاتی خۆی کە هەموو نیشتمانی کوردی کردەوە بە یەک. ئیمپراتۆریی میدیا وەک باوان و دایانی کۆماری کوردستان دەناسرێن، کە یەکەم جار بناغەکانی شارستانییەت و قانوونیان لەم ناوچەیەدا داڕشت. پەیوەندیی مێژوویی لەگەڵ نەوەکانی ماد، سەرەڕای شانازی بە ڕابردوو، پەیمانێکی ستراتیژییە بۆ پاراستنی شوناسی ڕەسەن و گێڕانەوەی ئەو شکۆ مێژوونووسییەی کە داگیرکەران بێوچان هەوڵی سڕینەوەیان دەدا.

مێدیا

Media / Press

مێدیا، کۆڵەکەی چوارەم و چاوی بێداری وڵاتی کوردستانە بۆ چاودێریکردنی دەسەڵات و گەیشتن بە ڕاستی. لەم دەستوورەدا، مێدیا وەک پاسەوانی ئاوەزی گشتی دەناسرێت و ئەرکدارە بە ڕۆشنگەریی نەتەوەیی و پاراستنی پانتایی گشتی لە هەر جۆرە زانیارییەکی چەواشەکارانە. ئازادیی مێدیا گەرەنتیی ئەوەیە کە دەسەڵاتداریی بە ڕووەنیی بمێنێتەوە و متمانەی نێوان شارۆمەند و دامەزراوەکان نەپچڕێت. مێدیا دەبێت ببێتە سەکۆیەک بۆ نواندنی ویستی نەتەوەیی، نەک ببێتە ئامرازی گوشار بۆ هێزە بێگانەکان.

پاشماگی شارستانی

Civilizational Heritage

پاشماگی شارستانی، کۆگای زیندووی یادەوەریی نەتەوە و وزەی واتایی سەروەریی کۆمارە. ئەم پاشماگە (چ شتەکی وەک قەڵا و شوێنەوارەکان، چ ناشتەکی وەک داستان و زمان) تەنیا پاشماوەی ڕابردوو نین، بەڵکوو بنچینەی سەوداهەڵنەگری ڕەوایەتیی بوونایەتیی کوردن لەسەر ئەم خاکە. پاراستنی پاشماگی شارستانی بە هەمان پلەی پاراستنی سنووورەکان گرنگە؛ چونکە نەتەوەیەک یادەوەریی مێژوویی خۆی لەدەست بدات، وارگەی بوونایەتیی خۆیشی لەدەست دەدات. دەوڵەت ئەرکدارە ئەم پاشماگە وەک دارایییەکی نیشتمانیی بۆ نەوەکانی داهاتوو بپارێزێت.

میکانیزمی ڕاگوێز

Transition Mechanism

میکانیزمی ڕاگوێز، ئەو نەخشەڕێگا قانوونیی و وارگێڕییەیە کە تێیدا نەتەوە لە دۆخی خەباتی ڕزگارییەوە دەپەڕێتەوە بۆ دۆخی دەوڵەتداریی سەقامگیر. ئەم میکانیزمە گەرەنتیی ئەوە دەدات کە گواستنەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە و بەپێی بنەماکانی دەستوور بێت، تاوەکوو هیچ جۆرە

بۆشاییەکی دەسەڵات یان پچڕانێکی دەستووری دروست نەبێت. ئەمە پرۆسەی بەرجەستەکردنی ویستی نەتەوەیە لە دامەزراوە هەردەمییەکاندا و ڕادەستکردنی شکۆمەندانەی سپێردەی خەباتە بە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان.

ملکەچ

Subordinate / Compliant

ملکەچبوون لەم دەستوورەدا، وەک فەرمانێکی بڕبڕەیی بۆ دەوڵەت پێناسە کراوە؛ بەو واتایەی کە دەوڵەت ئافرێنراوی دەستوورە و پێویستە بە ڕەبەقی ملکەچی فەرمانەکانی بێت. هیچ دامەزراوە یان بەرپرسێک بۆی نییە خۆی لە سەرووی دەقە دەستوورییەکانەوە ببینێتەوە. ئەم ملکەچبوونە، سەرچاوەی ڕەسەنی ڕەوایەتییە؛ چونکە تەنیا لە ڕێگەی پابەندبوون بەم پەیمانە باڵایەوە، دەسەڵات دەتوانێت نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی مەردم بکات و لە هەر لادانێکی وارگێڕیی پارێزراو بێت.

منداڵ

Child

منداڵ لەم دەستوورەدا، وەک سوبێکتێکی قانوونیی سەربەخۆ و سەرمایەی ژینەکیی داهاتووی نەتەوە دەناسرێت. پاراستنی منداڵ ئەرکێکی دەستووریی باڵایە، چونکە ئەوان هەڵگری یادەوەری و شوناسی نەتەوەین بۆ سەدەکانی داهاتوو. دەوڵەت گەرەنتی دەکات کە منداڵ لە سایەی ژینگەیەکی تەندروست، پەروەردەیەکی پڕاوپڕ لە شوناس و بە دوور لە هەر جۆرە زەبر و چەوساندنەوەیەک گەورە بێت. بەرژەوەندیی باڵای منداڵ، پێوەری سەرەکییە لە گشت بڕیارە کارگێڕی و دادوەرییەکاندا، تاوەکوو نەوەیەکی ئاوەزمەند و نیشتمانپەروەر بۆ پاراستنی کۆمار پێ بگات.

مۆدێرن و دیموکراتیک

Modern and Democratic

مۆدێرن و دیموکراتیک، لە چوارچێوەی ئەم دەستوورەدا، ئاماژەیە بەو پەرگاڵە وارگێڕییەی کە لەگەڵ پێوەرەکانی دەوڵەتداریی دەستووریی جیهانی مۆدێرن و ئازاد، سەروەریی قانوون، دیموکراسیی پارلەمانی، هەڵبژاردنی گشتی، لێپرسینەوە، جیاکردنەوە و هاوسەنگیی دەسەڵاتەکان، دادوەریی سەربەخۆ، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، ڕووناکی، پاکڕەوشتی، دژایەتیی گەندەڵی، پاراستنی کەمینەکان، خۆشبژێویی گشتی، بەختەوەریی کۆمەڵ، و پابەندی بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی دەوڵەتداریی مۆدێرن هاوئاهەنگ بێت. هیچ فۆرمێکی وارگێڕی کە کوردستان لە جیهانی مۆدێرن و ئازاد دابڕێت، یان پەرگاڵی دەوڵەتداریی کوردستان بکاتە پەرگاڵێکی داخراو، خێڵەکی، نێپۆتیستی، نادیموکراتیک، دژەماف،

دژەدادپەروەری، یان ناپابەند بە سەروەریی قانوون، نابێت بە فۆڕمی ڕەوای دەوڵەتی کوردستان هەژمار بکرێت.

مەکۆی ژیران / سەنا

Council of the Wise / Senate

مەکۆی ژیران، ژووری ژیرمەندی و سەقامگیریی نیشتمانییە؛ ئەو دامەزراوەیەیە کە ئەرکی پێداچوونەوەی قووڵ و دووربینانەی بەسەر قانوونەکاندا هەیە. ئەم ژوورە لەو نوخبە و پسپۆڕانە پێکدێ کە خاوەنی ئەزموونی باڵای نیشتمانین و ئەرکیان ئەوەیە کە ڕێگری بگرن لە دەرچوونی هەر بڕیارێکی هەڕەمەکی کە زیان بە بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی نەتەوە بگەیەنێت. مەکۆی ژیران وەک لەنگەری دەستووریی کۆمار بۆ پاراستنی بنەما نەگۆڕەکان کار دەکات.

مەکۆی نیشتمانی / پارلەمان

National Council / Parliament

مەکۆی نیشتمانی، مەکۆی باڵای نوێنەرایەتیی مەردمی کوردستان و دەسەڵاتی قانوونداناني کۆمارە. ئەم کۆڕە ڕەنگدانەوەی ویستی بەکۆمەڵی نەتەوە و فرەڕەنگیی کۆمەڵگای کوردستانە. ئەرکی ئەم دامەزراوەیە دارشتنی ئەو قانوونانەیە کە پارێزەری سەروەریی و دابینکەری خۆشبژێویی گشتین. مەکۆی نیشتمانی وەک چاودێرێکی دەستووری بەسەر دەسەڵاتی ڕایەدارەوە کار دەکات تاوەکوو دڵنیا بێ کە دەوڵەت هەمیشە لە ڕێچکەی پەیمانی نەتەوەیی لانادات.

ن

نەتەوە

Nation

نەتەوە، چەقی ویستی ڕەهای دەستوور و خاوەنی ڕەسەنی سەروەرییە؛ بریتییە لەو خودە مێژوویییە یەکگرتووەی کە خاوەنی ژیریی کۆیی و ویستی بێپسانەوە بۆ بوونە. لەم دەستوورەدا، نەتەوە جیا لە کۆمەڵێک مرۆڤ بە هاوبەشایەتی نەتەوەییەوە، کەتوارێکی مێژووسازە کە بە گێڕانەوەی ڕەسەن لە خودی کۆیی نەتەوە ڕەوایەتیی بە بوونی دەوڵەت دەبەخشێت. بەبێ دەوڵەت، نەتەوە وەک جەستەیەکی بێ گیان دەمێنێتەوە؛ بۆیە پاراستنی یەکپارچەیی و سەروەریی نەتەوە، باڵاترین ئەرکی دەستوورییە و هەر هەوڵێک بۆ لاوازکردنی، بە هێرش بۆ سەر ڕۆحی نەتەوە هەژمار دەکرێت.

نەتەوەیەکی دایک

A Mother Nation

ئەم چەمکە گێڕانەوە لە پێگە بوونناسانە و دێرینەکەی نەتەوەی کورد وەک یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی شارستانییەتی مرۆییە. نەتەوەی دایک واتا ئەو ڕەگ و ڕیشە قوواڵەی کە لە هەناوی کوردستانەوە ڕواوە و هەبوون و مانەوەی وەک پێویستییەکی گەردوونی دەبینرێت. ئەم پێناسەیە جەخت دەکاتەوە کە کورد نەتەوەیەکی ڕەسەنە و بۆ بوونی خۆی پێویستی بە دانپێدانانی هیچ هێزێکی دەرەکی نییە، بەڵکوو خۆی سەرچاوەی ژیان و داڕێژەری مێژووە لەم ناوچەیەدا و دەوڵەت تەنیا فۆرمێکە بۆ پاراستنی ئەم دایکایەتییە مێژوویی. نەتەوەی دایک ناشێ وەک ئامرازێکی نەژادپەرەستانە لە دژی نەتەوەکانی دیکە کاڵکی لێ وەربگیرێت.

نیشتمان

Homeland

نیشتمان، ئەو خاکە پیرۆزەیە کە بە خوێنی تێکۆشەران و یادەوەریی نەتەوەیی ئاو دراوە؛ بریتییە لە وارگەی تاقانەی نەتەوەی کورد. نیشتمان لە سەرووی ڕووبەرێکی جوگرافی، وڵاتی مێژووی هەموو هاوڵاتیانی کورد و ماڵی هاوبەشی هەموو ئەو شارۆمەندانەیە کە بە شوناسی کوردستانی بەیەکەوە بەستراونەتەوە. هەموو هاووڵاتییەک ئەرکێکی پیرۆزی لەسەر شانە بۆ پاراستنی نیشتمان لە هەر جۆرە دەستدرێژییەک، چونکە شکۆی تاک تەنیا لە سایەی شکۆی دەوڵەت و نیشتماندا پارێزراوە.

ناسنامەی نەتەوەیی

National Identity

ناسنامەی نەتەوەیی، ئامرازی واتایی و قەڵغانی پاراستنی شوناسی کوردە لە بەرامبەر ئایدیۆلۆژیا هەڵوەشێنەرەکان. ئەم ناسنامەیە لە یەکگرتنی زمان، مێژوو و وەفاداری بۆ دەستوور دروست دەبێت. دەوڵەت ئەرکدارە بە پاراستنی ئەم ناسنامەیە لە گشت جۆرەکانی توانەوە و شێواندن. ناسنامەی نەتەوەیی وەک مەرجی سەرەکیی یەکپارچەیی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و هێزی دەوڵەت دەبینرێت، کە ڕێگری دەکات لەوەی نەتەوە لە ناو کلتوورە بێگانەکاندا بتوێتەوە.

ناپاکی نیشتمانی

National Treason

ناپاکی نیشتمانی، گەورەترین و تاڵترین تاوانە دژی بوونایەتی کورد و سەروەریی دەوڵەتی کوردستان. ئەم تاوانە وێڕای هاوکاریی سەربازی و هەواڵگرین یان هەر جۆرە هاوکارییەکی دیکە، هەروەها هەر جۆرە دڵسۆزییەک بۆ داگیرکەر لە پێناو بەرژەوەندیی کاتی یان هەر هەوڵێک بۆ لێدابڕینی بستێکی خاکی نیشتمان

یان لاوازکردنی بناغەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە. ناپاکی نیشتمانی وەک پچڕاندنی پەیمانی پیرۆزی نێوان تاک و نەتەوە دەبینرێت و هیچ لێبوردنێکی قانوونی و مێژوویی نایگرێتەوە، چونکە ناپاکییە بەرامبەر بە باوان و پێشینیانی کورد و مەردمی ئێستای کوردستان و هەموو نەوەکانی داهاتوو و هەروەها ناپاکییە لە خوێنی شەهیدانی کوردستان و ئاواتە مەزنەکانی.

ناوەندی نیشتمانی بۆ هەواڵگری و شیکاریی ستراتیژی

National Center for Intelligence and Strategic Analysis

ئەم ناوەندە، مێشکی پێشبینیکەری دەوڵەتە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە جیهانێکی ئاڵۆزدا. ئەرکی ئەم ناوەندە گۆڕینی زانیارییە خاوەکانە بۆ هێزی بڕیارسازی، تاوەکوو کوردستان لە یەکەیەکی کاردانەوەییەوە بگۆڕێت بۆ ئەکتەرێکی پێشەنگ و خاوەن دەستپێشخەری. دامەزراندنی ئەم ناوەندە بە پێویستییەکی ژینەکی دادەنرێت بۆ ناسینەوەی هەڕەشە بوونایەتییەکان پێش ڕووداندیان، تاوەکوو سەروەریی وڵات هەمیشە بە پارێزراوی بمێنێتەوە.

نەوەکانی داهاتوو

Future Generations

نەوەکانی داهاتوو، خاوەنی ڕاستەقینەی پاشماگ و سامانە نیشتمانییەکانی کوردستانن. دەوڵەت پابەندە بە داڕشتنی وارگێڕییەک کە تێیدا ژێرخانی دەوڵەتداری، دامەزراوەکانی دەسەڵاتداریتی و سامانە سروشتییەکان زیان نەبینن و بەفیڕۆ نەدرێن و ژینگەی وڵات تێک نەدرێت. دابینکردنی دادی نێوان نەوەکان ئەرکێکی دەستوورییە؛ واتا نەوەی ئێستا تەنیا پاسەوانە و دەبێت وڵاتێکی بەهێز، ئاوەدان و خاوەن سەروەریی بۆ نەوەکانی پاشەڕۆژ بەجێ بهێڵێت، تاوەکوو زنجیرەی بوونی نەتەوە قەت نەپچڕێت.

نواندنی شارستانییەت

Demonstration of Civilization

نواندنی شارستانییەت، ئەرکێکی دەستووریی ئابووری و کولتوورییە بۆ ناساندنی شکۆی کوردستان بە جیهان. ئەمە جیا لە نیشاندانی ڕابردووی پڕشنگدار، نواندنی هێزی داهێنەری کوردە لە جیهانی مۆدێرندا. ئابووری دەبێت وەک ئامرازێک بۆ گەڕیاریی نەتەوەیی و نواندنی شارستانییەت کار بکات تاوەکوو کوردستان وەک جەمسەرێکی واتایی و زانستی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا دەربکەوێت و ڕێز لە مێژوو و داهێنانەکانی بگیرێت.

نووسینگەی پارێزەری گشتی

Office of the Public Ombudsman

ئەم دامەزراوەیە، پاسەوانی مافی شارۆمەندە لە بەرامبەر هەر جۆرە ناڕەوایی یان کەمتەرخەمییەکی کارگێڕیی دەزگاکانی دەوڵەت. نووسینگەیەکی سەربەخۆیە کە گەرەنتیی بێلایەنیی دەوڵەت بەرامبەر گشت پێکهاتەکان و پاراستنی سەروەریی قانوون دەکات. نووسینگەی پارێزەری گشتی ڕێگری دەکات لەوەی کە دەسەڵات ببێتە ئامرازی ستەم، و دڵنیایی دەدات کە دادپەروەریی گشتگیر بەسەر هەمووواندا وەک یەک جێبەجێ دەبێت.

نەختینەیی

Monetary

نەختینەیی، ڕەهەندی دارایی ئاسایش و سەروەریی نەتەوەییە؛ ئاماژەیە بۆ توانای دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردنی دراو و پەرگالی دارایی خۆی بە شێوەیەکی سەربەخۆ. سەربەخۆیی نەختینەیی و سەقامگیریی دارایی مەرجی بنەڕەتین بۆ هەبوونی دەوڵەتێکی خاوەن بڕیاری ئازاد. دەوڵەت لە ڕێگەی بانکی ناوەندییەوە گەرەنتیی ئەوە دەکات کە سامانە دارایییەکانی کوردستان نەکەونە ژێر زەبر و گوشاری بانکە بێگانەکان و هەمیشە لە ڕاڤەی ئاوەدانکردنەوەی ستراتیژیدا بن.

نەژاد

Race / Ethnicity

لە کۆماری کوردستاندا، شارۆمەندیی کوردستانی لە سەرووی هەر جۆرە جیاکارییەکی نەژادی و ڕەگەزییەوەیە؛ هەمووان لەبەردەم قانوونداً یەکسانن. دەوڵەت ڕێگری لە هەر جۆرە پاشکۆییەکی نەژادی دەکات و تەنیا شوناسی نەتەوەیی و شارۆمەندیی وەک پێوەر دەناسێت. ئەم چەمکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کوردستان ماڵی هەموو ئەو کەسانەیە کە پابەندی دەستوور و سەروەریی نەتەوەیین، دوور لە هەر دەمارگیرییەکی نەژادیی تەسکی بێگانە.

نیشتەجێبوون

Residency

مافی نیشتەجێبوون و دابینکردنی سەرپەنا، مافێکی بنەڕەتیی شارۆمەندییە کە دەوڵەت پابەندە بە مسۆگەرکردنی. لەم دەستوورەدا، نیشتەجێبوون لەگەڵ هەبوونی خانوو، جێگیربوونی مرۆییانەی تاکی کوردە بە شکۆمەندییەوە لەسەر خاکی خۆی. دەوڵەت ئەرکدارە بە داڕشتنی وارگێڕییەک کە تێیدا هەموو شارۆمەندێک خاوەنی سەرپەنایەکی شایستە بێت، تاوەکوو بناغەی خێزانێکی سەقامگیر و بەرهەمهێنەر لە ناو جەرگەی نیشتماندا بونیاد بنرێت.

و

وارگە / وار

Territory / Domain

وارگەی نەتەوەیی، جەستەی فیزیکی و سنووری قەڵەمڕەوی سەروەریی نەتەوەیی دەوڵەتە؛ بریتییە لە سەرانسەری ئەو خاک و نیشتمانەی کە بە وڵات دەناسرێت و شوێنی ژیانی مێژوویی باوان و دایانی کوردە کە تێیدا ژیانی بەکۆمەڵیان بنیاد ناوە. وارگە، نەک پانتاییەکی جوگرافیی ڕووت، بەڵکوو لانکەی سەرهەڵدانی خود کۆیی و شوناسی نەتەوەییە. ڕەنگی سەوزی ئاڵای کوردستان نیشانەی پەیمانی دانەبڕاوی کوردە لەگەڵ وارگەی پیرۆزی کوردستاندا. پاراستنی یەکپارچەیی وارگە و دانەدواوەی هەر هەوڵێک بۆ دابڕینی هەر بستێکی، بەرزترین ئەرکی بوونایەتیی دەوڵەت و شارۆمەندانە، چونکە نەتەوە بەبێ سەروەریی بەسەر وارگەی خۆی، توانای نواندنی ویستی مێژوویی نامێنێت.

وارگێڕیی

Governance / Administration / Politics

وارگێڕیی، باڵاترین چالاکیی ئاوەزمەندانە و زانستی بەڕێوەبردنی وڵاتە بۆ گۆڕینی ویستی نەتەوەیی بۆ کردار و هێز. ئەم چەمکە جێگرەوەی دەستووریی زاراوە بێگانەکانە بۆ "سیاسەت" و "ئیدارەدان"؛ ئامانجی تاقانەی پاراستنی "وار" و مسۆگەرکردنی مانەوەی شکۆمەندانەی کوردستانە. وارگێڕیی دەوڵەت دەبێت لەسەر بنەمای شایستەسالاری و دوور لە بەرژەوەندیی پارتایەتی بێت تاوەکوو هەمیشە لە ڕاژەی ئاسایشی نەتەوەییدا بمێنێتەوە. هەر وارگێڕییەک کە سەروەریی نەتەوەیی کوردستان لاواز بکات، لە بنەڕەتەوە نادەستووری و پووچەڵە، چونکە ڕەوایەتیی وارگێڕیی تەنیا لە پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەدایە.

ویست

Will / Desire

ویست، ئەو وزە بزوێنەرە ناوەکی و هێزە هەربوونییەی نەتەوەی کوردە کە دەستوور وەک دەرکەوتەی ڕەهای ئەو پێناسە دەکرێت. ویستی نەتەوە، سەرچاوەی گشت ڕەوایەتییەکە و لوتکەی ئەو ویستە پۆڵاییەیە کە لەسەر بنەماکانی ژیری، قانوون و دادپەروەری دامەزراوە. ئەم ویستە هێزێکی هەبوونییە کە ڕێگە نادات کورد جارێکی تر تووشی "تەوژمی لێڵی نەناسراویی" ببێت، بەڵکوو وەک بکەرێکی چالاک چارەنووسی خۆی دەنووسێتەوە. دەوڵەت تەنیا ئامرازێکە بۆ ڕاییکردنی ئەم ویستە؛ هەر بڕیارێکی دەسەڵات کە پێچەوانەی ویستی بەکۆمەڵی نەتەوە بێت، بە کردەیەکی ناقانوونیی هەژمار دەکرێت.

وردبینیی ستراتیژی و کارایی

Strategic and Efficiency Audit

وردبینیی ستراتیژی و کارایی، ئەرکی چاودێریکردنی وردی چلۆنایەتی و دەرەنجامی بڕیارەکانی دەوڵەتە تاوەکوو دڵنیایی بدرێ کە گشت سەرچاوەکان لە ڕاژەی ئامانجە باڵاکانی دەستووردان. ئەمە میکانیزمێکی ڕێگرییە لە بەفیڕۆدانی سامانی نەتەوەیی و ڕێگریکردن لە داڕزانی دامەزراوەیی. ئەم وردبینییە وەک چاوێکی بێدار کار دەکات بۆ ئەوەی دامەزراوەکان لە ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆیان لانەدەن و هەمیشە لە ئاستی پێداویستییەکانی نەتەوەدابن. ئەمە ئامرازی چەسپاندنی "ڕووەنیی" و لێپرسراوێتییە لە ناو جەرگەی دەوڵەتدا.

وزەی هەربوویی

Eternal Energy

وزەی هەربوویی، ئەو هێزە گیانی و بزوێنەرە هەردەمییەیە کە لە خۆری زێڕینی ئاڵای نەتەوەیی کوردستاندا بەرجەستە کراوە. ئەم وزەیە، پەیمانەکانی "وار" و نەتەوە و ژیانی گشتی پێکەوە گرێ دەدات و واتا بە سەروەریی دەبەخشێت. وزەی هەربوویی نیشانەی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد سەرەڕای هەموو داگیرکارییەکان، خاوەنی ئیرادەیەکی نەکوژاوەیە بۆ مانەوە و سەرهەڵدانەوەی بێپسانەوە لە مێژوودا. ئەم وزەیە ئەو هێزە ناوەکییەیە کە دەبێتە سووتەمەنی بۆ داهێنان و پێشەنگایەتیی نەتەوەیی لە جیهانی مۆدێرندا.

وڵات

Country / Land / Patria

وڵات، جەستەی واتایی، فیزیکی و مێژوویی نەتەوەی کوردە؛ ئەو پانتاییە تاقانەیەیە کە تێیدا جوگرافیا و شوناس دەبنە یەکەیەکی دانەبڕاو. وڵات جیا لە خاک، نواندن و دەرکەوتنی بوونایەتیی کوردە لەسەر هێڵی شوێن-کات. لەم دەستوورەدا، وڵات وەک چوارچێوەی کەتوارسازێنەری ژیان دەناسرێ کە باوانی ئێمە تێیدا شارستانییەتیان بونیاد ناوە. پاراستنی وڵات ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانی گشت شارۆمەندانە، چونکە بەبێ وڵات، نەتەوە وەک گیانێکی بێ جەستە پەرت دەبێت و ناتوانێت مۆنۆپۆلی هێزی دادپەروەر بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی بەکار بهێنێت.

هـ

هەڵبژاردن

Election

هەڵبژاردن لە کۆماری کوردستاندا ڕێکارێکی تەکنیکی بۆ دیاریکردنی نوێنەران و دەسەڵاتدارانە، و باڵاترین کردەی نواندنی ویستی نەتەوەیی و ساتەوەختی نوێکردنەوەی پەیمانی نێوان شارۆمەند و دەوڵەتە. ئەم چەمکە وەک میکانیزمێکی ڕاسپاردنی سەروەریی دەبینرێت؛ تێیدا شارۆمەندی کوردستانی بە ئاگاییەکی تەواوەوە بڕیار دەدات کە کێ دەبێتە ڕایەداری ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی دەستوور. هەڵبژاردن گەرەنتیی ئەوەیە کە دەسەڵات هەمیشە وەک ڕاژەکارێکی نیشتمانی بمێنێتەوە و هیچ کات نەگۆڕێت بۆ هێزێکی دابڕاو لە ویستی گشتی. ئەمە مەرجی بنەڕەتیی سەقامگیریی پەرگاڵی دیمۆکراتی و پاراستنی ڕەوایەتیی بێپسانەوەی کۆمارە.

هەڵوەشاندنەوەی قانوونەکان

Abolition of Laws

ئەم کرداره، پاڵاوتنی دەستووریی پەرگاڵی قانوونیی وڵاتە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هیچ دەقێکی لاوەکی زیان بە گەوهەری بوونایەتی نەتەوە ناگەیەنێت. هەڵوەشاندنەوەی قانوونەکان، کە تەنیا لە دەسەڵاتی دادگای باڵادایە، وەک میکانیزمێکی بەرگریی کار دەکات بۆ پاراستنی بنەما نەگۆڕەکانی دەستوور لە هەر جۆرە لاساریەکی وارگێڕیی یان گوشارێکی کاتی. لێرەدا، هەر قانوونێک کە دژی سەروەریی نەتەوەیی، شوناسی کوردستانی، یان یەکپارچەیی وارگە بێت، بە تەنێکی نامۆ لە جەستەی دەوڵەتدا دەناسرێت و دەستبەجێ ڕەوایەتیی لێ دەسەنرێتەوە تاوەکوو یەکپارچەیی کوردستان بەبێ خەوش بپارێزرێت.

هەربوویی

Ever-existing / Eternal

هەربوویی، گێڕانەوەیە لە سروشتە نەبڕاوە و هەتاهەتاییەکەی ویستی نەتەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەتداری. ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ئەو وزە ناوەکییەی کە دەبێتە سەرچاوەی خۆسازی و خۆسەرچاوەیی دەستوور و دەوڵەتی کوردستان. هەربوویی واتا بوونایەتیی کورد بەستراوەتەوە بە مێژوویەکی دێرین، کەتوارێکی ئێستایی و پاشەڕۆژێکی بێکۆتایی کە هیچ داگیرکاری و زەبرێکی دەرەکی ناتوانێت کۆتایی پێ بهێنێت. لێرەدا، دەوڵەتی کوردستان وەک سوبێکتێکی هەربوویی دەناسرێ کە واتا و ڕەوایەتییەکەی لە دەرەوەی کات و مەرجە کاتییەکانی وارگێڕیی جیهانییدایە و بەرهەمی ویستی هەردەمیی نەتەوەی کوردە بۆ مانەوەی شکۆمەندانە لە فۆرمی دەوڵەتدا.

هەواڵگریی نیشتمانی

National Intelligence

هەواڵگریی نیشتمانی، کۆکردنەوەی زانیاری و دەیتای پێویست بۆ خوێندنەوەی دۆخی ئاسایی و نائاسایی و تەنانەت ئاوارتە لە پەیوەندیی لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەییە و وەک ئاوەزی پێشبینیکەر کار دەکات و ئامرازی کۆمار بۆ پاراستنی بوونی نەتەوە لە جیهانی پڕ مەترسیدایە. ئەرکی ئەم دامەزراوەیە جیا لە کۆکردنەوەی زانیاری و داتا، ئامرازە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی لە ڕێگەی دۆکترینی پاراستنی پێشوەختە. هەواڵگری وەک چاوی بێداری دەوڵەتە کە هەڕەشەکان پێش ئەوەی بگەنە سەر جەستەی فیزیکیی وڵات، دەیناسێتەوە و پووچەڵیان دەکاتەوە. ئەم چەمکە پابەندە بەوەی کە زانیاریی نەتەوەیی وەک سامانێکی ستراتیژی بپارێزرێت و تەنیا لە ڕاڤەی پاراستنی دەستوور و یەکپارچەیی نیشتمانی و پاراستنی دەوڵەت و نەتەوەی کورد بەکار بهێنرێت.

هێز

Force / Power

هێز لەم دەستوورەدا، نەک وەک ئامرازی ستەم، بەڵکوو وەک مۆنۆپۆڵی هێزی دادپەروەر پێناسە دەکرێ کە تەنیا لە دەستی دەوڵەتی سەروەردایە بۆ دەرچوون لە باری سروشتی و جێگیرکردنی ئاسایش. هێز و دادپەروەری، دوو ڕووی یەک دراون کە مانەوەی نەتەوەی کورد مسۆگەر دەکەن. دەوڵەت تەنیا کاتێک مافی بەکارهێنانی هێزی هەیە کە لە پێناو پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی و ڕاییکردنی فەرمانەکانی قانوونداو بێت. هێزی ڕاستەقینە لە کوردستاندا لە ویستی بەکۆمەڵی شارۆمەندانەوە سەرچاوە دەگرێت و ئامانج لێی بنیاتنانی وارگەیەکی ئارامە کە تێیدا ژیان بە شکۆمەندییەوە درێژەی هەبێت.

هێزی بەرگریی نیشتمانی / ئارتەش

National Defense Force / Army

ئارتەش، شمشێری پۆڵایینی کوردستانە و بەرجەستەبوونی فیزیکیی ویستی پاراستنی دەستوورە. ئەم هێزە تاکە هەیکەلەی چەکداری ڕەوای وڵاتە کە ئەرکی تاقانەی بریتییە لە بەرگریکردن لە دەوڵەت، مەردم، وارگەی نەتەوەیی و پێشێلنەکردنی سنوورەکانی کۆمار. ئارتەش لەم دەستوورەدا وەک پاسەوانی سەروەریی دەناسرێت و بە تەواوی ملکەچی دەسەڵاتی ژیاری (مەدەنی) و فەرمانەکانی سەرکۆمارە. لێرەدا، دڵسۆزیی ئارتەش تەنیا بۆ ئاڵا و دەستوور و نیشتمانە؛ هەر جۆرە لایەنگیرییەکی پارتایەتیی یان ناوچەیی لە ناو ئەم هێزەدا، وەک پێشێلکاریی توندی بناغەکانی دەوڵەت و هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی نیشیمانی و نەتەوەیی هەژمار دەکرێت.

ی

یادەوەریی نەتەوەیی

National Memory

یادەوەریی نەتەوەیی، کۆگای زیندووی شوناس و ئاوەزی مێژوویی کوردستانە؛ گێڕانەوەی هێمانە مێژوویەکان، و وزەیەکی واتاییە کە لە قووڵایی مێژووەوە واتا بە بوونی ئێستای کورد دەبەخشێت. پاراستنی یادەوەریی (وەک پاشماگی شارستانی و شوێنەوارەکان) ئەرکێکی باڵای دەستوورییە، چونکە نەتەوەیەک یادەوەریی خۆی لێ بستێنرێتەوە، لە ناو تەوژمە لێڵەکانی بێگانەدا ون دەبێت. یادەوەریی نەتەوەیی وەک قەڵغانی شوناس کار دەکات بۆ ڕێگریکردن لە هەر جۆرە شێواندنێکی مێژوویی کە ئامانجی لاوازکردنی ویستی سەروەریی نەتەوەیی بێت.

یەکگرتوو

Unified

ئەم چەمکە گێڕانەوەیە لە یەکبوونی ئۆرگانیکی جەستەی نەتەوە لە ژێر سەیوانی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا. یەکگرتوو واتا بنیادتنانی یەکپارچەییەکی پتەو کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و فرەڕەنگیی پێکهاتە نێوخۆییەکان دامەزراوە. لێرەدا یەکگرتوویی نەک وەک سەپاندنی ڕەنگێکی تاقانە، بەڵکوو وەک تێکهەڵکێشکردنی گشت هێزە فیزیکی و واتاییەکانی وڵات پێناسە دەکرێت تاوەکوو کوردستان وەک یەکەیەکی تێکنەشکێنراو و خاوەن یەک ئاسۆی چارەنووس لە گۆڕەپانی جیهانییدا دەربکەوێت.

یەکسان

Equal

یەکسانی لەم دەستوورەدا، هاوتایی ڕەهای گشت شارۆمەندانە لەبەردەم قانوون و لە مافی شارۆمەندێتیدا، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەچەڵەک، نەژاد، یان باوەڕ. یەکسانی وەک بناغەی دادپەروەریی نیشتمانی دەناسرێت؛ ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە شکۆی هەر تاکێکی کوردستانی پارێزراوە و هەمووان خاوەنی دەرفەتی هاوتان بۆ گەشەکردن و بەشداری لە دەسەڵاتداریدا. ئەم چەمکە ڕێگری دەکات لە دروستبوونی هەر جۆرە پلەبەندییەکی کۆمەڵایەتی یان پاشکۆیەتییەک کە دژ بە پرەنسیپی شارۆمەندیی ئازاد بێت.

یەکپارچەیی وارگەی نەتەوەیی

Integrity of National Territory

ئەمە فەرمانێکی دەستووریی سەوداهەڵنەگرە بۆ پاراستنی تەواوی جەستەی فیزیکیی وڵات. یەکپارچەیی واتا خاکی کوردستان یەکەیەکی دابەشنەکراوە و هیچ دەسەڵاتێک مافی دەستبەردارببوون لە بستێکی نییە. پاراستنی ئەم یەکپارچەییە بەرزترین ئەرکی بوونایەتیی دەوڵەتە، چونکە لێدابڕانی هەر بەشێکی وارگە، بە بریندارکردنی جەستەی نەتەوە و لاوازکردنی سەروەریی دەوڵەت هەژمار دەکرێت. ئەم چەمکە گەرەنتییە کە کوردستان وەک وارگەیەکی یەکگرتوو بۆ هەزاران ساڵی داهاتوو بە پارێزراوی دەمێنێتەوە.

یەکێتیی نەتەوەیی

National Unity

یەکێتیی نەتەوەیی، زرێی کۆیی و مەرجی سەرەکیی خۆڕاگریی دەوڵەتە؛ بریتییە لە یەکبوونی ئیرادەی گشت شارۆمەندان و پێکهێنەران لە دەوری بنەما نەگۆڕەکانی دەستووری کۆماری کوردستان. ئەم یەکێتییە لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی فرەیی و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکان بونیاد نراوە. دەوڵەت ئەرکدارە بە بەهێزکردنی ئەم یەکێتییە و بەرەنگاربوونەوەی هەر گوتارێک کە هانی دووبەرەکی و پەرتبوونی نەتەوەیی بدات، چونکە یەکێتی تاقانە سەرچاوەی هێز بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و بەرەنگاریی هەڕەشە دەرەکییەکانە.

یەکینەیەکی کۆیی

A Collective Unit

ئەمە لوتکەی پێناسە بوونناسییەکانی دەستوورە؛ گێڕانەوە لەو یەکخستنە قوواڵەی کە کورد وەک خودی بەکۆمەڵ لە دەرەوەی هەموو مەرج و ڕەزامەندییەکی دەرەکی دروست کردووە. یەکینەیەکی کۆیی واتا نەتەوەیەک کە لە ڕێگەی ژیریی کۆیی و قووڵایی ڕەگ و ڕیشەی میژوویییەوە بووەتە یەک جەستەی خاوەن بڕیار. ئەم یەکینەیە ژێرخانی پەیدابوونی کەسایەتیی نەتەوەیی کورد و وەک سوبێکتێکی میژووساز مافی ڕەهای هەیە سەروەریی ڕەبەقی خۆی بەسەر خاکەکەیدا ڕایی بکات. لێرەدا کورد یەکینەیەکی هەربوونییە کە دەوڵەت وەک ئامرازی نواندنی هێزی خۆی دادەمەزرێنێت.

پەیکەری شەشەم:

دەزگا چاودێرییەکان

دەزگا چاودێرییەکان

هێزی چاودێری؛ بنەمای سەقامگیریی کۆمار و گەرەنتیی هەرمانی نەتەوە

هێز بەبێ چاودێری، دەستپێکی داڕزانی سەروەرییە و لەسەر ئەو بنەمایە لە کۆماری کوردستاندا، دەسەڵات جیا لەوەی ئامرازی بەڕێوەبردنی وڵاتە، هەروەها وەک سپێردەیەکی پیرۆزە کە لە لایەن نەتەوەی کوردەوە بە ڕایەداران سپێردراوە تاوەکوو ئەرکی پاراستنی وار وەک پاوانی نەتەوەیی و بەدیهێنانی خۆشبژێویی گشتی ڕاپەڕێنن. سروشتی مرۆیی و مێژووی دەوڵەتداری سەلماندوویانە کە هێزی بێچاودێری، مەیلی بەرەو قۆرخکاری، فەرامۆشکردنی بەرژەوەندییە باڵاکان و دواجار کەوتنە ناو تەڵەی جەردەسالاری هەیە. لەبەر ئەمە، چاودێریکردنی دەسەڵاتداران نەک تەنیا پێویستییەکی کارگێڕی، بەڵکوو فەرمانێکی بوونخوازانەیە بۆ پاراستنی جەستەی نەتەوە لە ژەهری گەندەڵی و داڕزان.

پێویستە ئەم چاودێرییە بە شێوەیەکی سیستماتیک و دەستووری بێت؛ واتا نابێت چاودێری کارێکی هەڕەمەکی یان کاتی بێت، بەڵکوو دەبێت وەک دەمارە-پەرگاڵی دەوڵەت لە ناو تەواوی ئیسکبەندیی کۆماردا داکوترا بێت. چاودێریی سیستماتیک واتا بوونی تۆڕێکی چڕ لە دامەزراوەی بێلایەن کە بەردەوام و بێپسانەوە وردبینی لە گشت بڕیار، گرێبەست و کردارێکی وارگێڕیی دەکەن. ئەم جۆرە لە چاودێری، ڕووناییی دەکاتە کولتوورێکی دەوڵەتداری و ڕێگری دەکات لەوەی کە بڕیارە ستراتیژییەکانی نیشتمان لە پشت پەردە تاریکەکاندا و بۆ بەرژەوەندیی لایەنی کاتی بدرێن. دەوڵەتی

کوردستان تەنیا کاتێک دەتوانێت لە ژێر چاودێریدا گەشە بکات، کە چاودێری نەک وەک بەربەست، بەڵکوو وەک ئاوەزێکی ڕاستکەرەوە ببینرێت و بەکار بێت.

دەسەڵاتی ڕایەداریی لە ژێر چاودێرییەکی سیستماتیکدا، ناچار دەبێت پەنا بۆ داهێنان و «شایستەسالاری" ببات. کاتێک ڕایەدار بزانێ کە گشت هەنگاوەکانی لە ژێر وردبینیی دەوڵەتی ژیر و دەزگا پسپۆڕەکاندایە، هەوڵ دەدات باشترین مێشکەکان و کاراترین ڕێگاکان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات هەڵبژێرێت. ئەمەش گەشەکردن و پەرەسەندنی ڕاستەقینە گەرەنتی دەکات؛ چونکە لە ژینگەیەکی چاودێردا، سامانی نەتەوەیی لەبری ئەوەی بۆ گیرفانی جەردەسالاران بڕوات، دەخرێتە ناو خولی سامان و سەرمایەی نیشتمانی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ستراتیژیی وارگەی نەتەوەیی واتا کوردستان. چاودێری دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت وەک یەکەیەکی کارا و بەرهەمهێنەر لە گۆڕەپانی جیهانییدا دەربکەوێت و سەروەرییەکەی لە بەرامبەر زەبرە دەرەکییەکاندا بپارێزرێت، چونکە ناوخۆیەکی پاک و تۆکمە، باشترین ئامرازی بەرگرییە.

پاراستنی مەردم و وارگەی نەتەوەیی، تەنیا بە ئارتەش نابێت، بەڵکوو بە دادپەروەریی دەبێت. چاودێریی سیستماتیک گەرەنتیی ئەوە دەکات کە هیچ ناوچەیەک یان گرووپێک پەراوێز ناخرێت و گشت دەرفەتەکان بە یەکسانی بۆ هەمووان دابین دەکرێن. ئەمە واتای ڕاستەقینەی دادپەروەرییە لە کۆماری کوردستاندا؛ واتا دابینکردنی دەرفەتی هاوتا بۆ گشت کچ و کوڕێکی کوردستانی تاوەکوو تەنیا لە سەر بنەمای لێهاتوویی خۆیان بڕسکێن و پۆستە باڵاکان بەدەست بهێنن. کاتێک چاودێری هەبێت، خزمخزمێنە دەمرێت و جێگەی خۆی بۆ توانست و شیان چۆڵ دەکات، کە ئەمەش متمانەی مەردم بە دەوڵەت پتەوتر دەکات و یەکێتییەکی نەتەوەیی تێکنەشکێنراو دەخوڵقێنێت.

لە ئەنجامدا، چاودێری لەم دەستوورەدا پەیدابوون و وەدیارکەوتنی ژیریی کۆیی نەتەوەی کوردە. دەوڵەتی ژیر لە ڕێگەی ئەم تۆڕە چاودێرییە مایکرۆ-ستراتیژییەوە، دڵنیایی دەدات کە کۆماری کوردستان نەک تەنیا دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، بەڵکوو دەوڵەتێکی پێشەنگ و دادپەروەریشە. چاودێری، ئامرازی پاراستنی سەروەرییە؛ چونکە ڕێگری لە هەر جۆرە داڕزانێکی ناوخۆیی دەکات کە ببێتە دەروازەیەک بۆ دەستێوەردانی بێگانە. بەم شێوەیە، چاودێری دەبێتە گەرەنتیی هەرەمانی کوردستان و ژیانی شکۆمەندانەی نەتەوەیەکی دایک لە سەر خاکی پیرۆزی باوان و دایانی هەزاران ساڵەی خۆی.

١ .چاودێریی باڵای دەستووری، قانوونی و وارگێڕیی

دادگای باڵا (بەندی ٢٨ و ١٢٩): باڵاترین دەسەڵاتی چاودێریی دەستوورییە؛ پشکنینی گشت قانوونەکان، بڕیارەکانی سەرکۆمار و کردارەکانی دەسەڵاتەکان دەکات تاوەکوو لەگەڵ دەستووردا بگونجێن.

مەکۆی ژیران/ سەنا (بەندی ١٧ و ٢١): چاودێریی باڵای بەسەر پڕۆسەی قانووندانانداا هەیە و پشکنینی شایستەیی بەرپرسە باڵاکان دەکات پێش جێگیربوونیان.

مەکۆی نیشتمانی/ پەرلەمان (بەندی ١٨ و ٢٢): چاودێریی وارگێڕیی بەسەر کابینەی دەسەڵاتدا لە ڕێگەی پرسیار، وەپرسین و لێژنەی لێکۆڵینەوە دەکات.

لێژنە پسپۆڕییەکانی مەکۆی نیشتمانی (بەندی ١٨.١٠): چاودێریی وردی کاروبارەکان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان دەکەن بەپێی پسپۆڕی.

لێژنەی پسپۆڕی دەستووری (بەندی ١٢٦): پشکنینی گشت قانوونە کۆنەکان و دیاریکردنی ڕادەی گونجانیان لەگەڵ ئەم دەستوورە نوێیەدا لە قۆناغی ڕاگوێزدا.

٢. چاودێریی دارایی، وردبینی و دژە-جەردەسالاری

نووسینگەی ژمێریاریی گشتی (بەندی ١٠٩): وردبینیی دارایی و چاودێریی کارایی لە گشت خەرجی و داهاتەکانی دەوڵەتدا دەکات تاوەکوو ڕێگری لە بەفیڕۆدان بگرێت.

دەستەی نیشتمانیی پاکڕەوشتی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (بەندی ١٣٤): چاودێریی بێوچانی گشت گرێبەستە گەورەکان و پشکنینی سامانی بەرپرسانی دەوڵەت دەکات.

دەستەی نیشتمانیی قەڵغانی دژە-جەردەسالاری (بەندی ١٠٧): چاودێری و لێکۆڵینەوەی گشتگیر بۆ ڕیشەکێشکردنی تاڵانکاریی سیستماتیکی دەسەڵات.

دەستەی نیشتمانیی وردبینیی ستراتیژی و کارایی (بەندی ١٣٨): هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئایا پڕۆژە نیشتمانییەکان گەیشتوونەتە ئامانجە ستراتیژییەکانیان یان نا.

یەکەی هەواڵگریی دارایی (بەندی ٩٠): چاودێریکردنی جووڵە داراییە گوماناوییەکان و بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە.

دامەزراوەی باڵای چاودێریی دارایی (بەندی ۱۳ و ۱۰۱): چاودێریکردنی دارایی شارەوانییەکان و دەزگای مێدیای گشتی.

۳. چاودێریی ژیاری، مافەکان و ڕاژەداریی

نووسینگەی پارێزەری گشتی/ئۆمبودسمان (بەندی ۱۱۰): چاودێریی ڕەفتارە کارگێڕییەکانی دەزگا دەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی شارۆمەند لە ستەم و کەمتەرخەمی دەکات.

دەستەی نیشتمانیی مافەکانی مرۆڤ (بەندی ۱۳۵): چاودێریی پابەندبوونی دەزگا هەدارییەکان و زیندانەکان بە مافە بنەڕەتییەکان و شکۆی مرۆڤ دەکات.

کاریاری خۆماڵی (بەندی ۱۳): نووسینگەیەکی سەربەخۆ لە ئاستی شارەوانییەکان بۆ چاودێریکردنی کارگێڕیی خۆماڵی و وەرگرتنی سکاڵای خەڵک.

دەستەی سەربەخۆی ژیاری بۆ چاودێریکردنی پۆلیس (بەندی ٦٧): چاودێریی دەرەکی بۆ دڵنیابوون لەوەی پۆلیسی نیشتمانی زەبر و گوشار بە ناقانوونیی بەکار ناهێنێت.

دەزگای نیشتمانی بۆ چاودێریکردنی بازاڕ (بەندی ٦٢): چاودێریی چلۆنایەتیی کاڵاکان و پاراستنی مافی کڕیاران لە قۆرخکاری.

دەزگای نیشتمانیی چاودێریی ژینگە (بەندی ۹۱): چاودێریی توند بۆ سزادانی پیسکەرانی وارگەی نەتەوەیی.

٤. چاودێریی تەکنەلۆژی، داتا و دەوڵەتی ژیر

پەرگاڵی دەوڵەتی ژیر (بەندی ۱۱۳): وەک پەرگاڵێکی چاودێریی خۆگەڕ بێوچان پشکنین بۆ گشت فەرمانە دیجیتاڵییەکان دەکات تاوەکوو لە دەستوور لانەدەن.

کۆڕی باڵای دیجیتاڵی و ژیریی دەستکرد (بەندی ۱۱۳): دەسەڵاتێکی ڕێکخەری سەربەخۆ بۆ چاودێریکردنی بێپسانەوەی ئەلگۆریتمەکانی دەوڵەتی ژیر.

دەستەی نیشتمانیی پاراستنی زانیاری (بەندی ٥٤ و ١١٤): چاودێریکردنی پڕۆسەی کۆکردنەوە و بەکارهێنانی داتای کەسیی شارۆمەندان.

دەستەی باڵای سەرپەرشتیاری ژیانی دیجیتاڵیی شارۆمەند (بەندی ۱۱۹): چاودێریی ڕەوشتیی پەرگاڵە یەکگرتووەکانی پەروەردە و تەندروستی.

دەسەڵاتی نیشتمانیی ڕێکخەری تەکنەلۆژیا (بەندی ١٢٠): پشکنینی دەوریی گشت تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان لە ڕووی ڕێک و ڕاستی و ڕەوشتییەوە.

دەستەی نیشتمانیی هەداریی ئەلیکترۆنی (بەندی ١١٢): چاودێریی پاراستنی ژێرخانە ژینەکییەکانی نەتەوە لە هێرشی ئەلیکترۆنی.

٥. چاودێریی شوناس، دیمۆگرافیا و پەروەردە

دەزگای نیشتمانیی یەکپارچەیی دیمۆگرافی (بەندی ١٣١): چاودێریی زیرەکی گۆڕانکارییەکانی دانیشتووان و ڕێگری لە شێواندنی شوناسی نەتەوەیی.

کۆڕی باڵای پاراستنی ئاوەزی نەتەوەیی (بەندی ١٣٠): چاودێریی پانتایی هزری و کولتووریی بۆ بەرپەرچدانەوەی داگیرکاریی گیانەکی و واتایی.

ئەنجومەنی باڵای ستراتیژیی پەروەردەیی و هەڵسەنگاندن (بەندی ٩٦): چاودێریی چلۆنایەتیی خوێندن و ناوەڕۆکی پڕۆگرامەکان.

دەستەی نیشتمانی بۆ دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشینی ئەکادیمی (بەندی ٩٧): چاودێریی ئاستی زانستیی زانکۆکان و پڕۆسەی پلەبەرزکردنەوەی مامۆستایان.

لیژنەی ڕەوشتی توێژینەوەی زانستی (بەندی ٩٧): چاودێریی پابەندبوون بە ڕاستگۆیی ئەکادیمی و ڕێگری لە دزیی زانستی.

دەستەی نیشتمانیی پارێزگاریی پاشماگ و یادەوەری (بەندی ٥): چاودێریی پاراستنی شوێنەوارە مێژوویییەکان.

٦. چاودێریی بواره هەداریییەکان و ستراتیژییەکان

لیژنەی تایبەتمەندی مەکۆی نیشتمانی بۆ کاروباری هەواڵگری (بەندی ٦٨): چاودێریی قانوونداناں بەسەر کار و بودجەی دەزگای هەواڵگریدا.

پشکنەری گشتیی ناوەندی هەواڵگری (بەندی ١١٨): پۆستێکی سەربەخۆ بۆ چاودێریکردنی ناوخۆیی دەزگای هەواڵگری و ڕێگری لە بەد بەکارهێنانی دەسەڵات.

لیژنەی ستانداردی پیشەیی و لێپرسینەوە لە ناو پۆلیس (بەندی ٦٧): چاودێریی ناوخۆیی بۆ ڕێگری لە سەرپێچیی ئەفسەران.

کۆڕی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی (بەندی ٦٤): چاودێریی گشتگیر بەسەر وارگێڕییەکانی بەرگری و هەواڵگریدا.

کۆڕی باڵای هەداریی نیشتمانی (بەندی ١٣): چاودێریی هەداری بەسەر شارەوانییەکان لە دۆخی نائاساییدا.

٧. چاودێریی جەماوەری، مێدیایی و شارۆمەندی

دەستەی نیشتمانی بۆ پێوانەکردنی ڕای گشتی (بەندی ١٠٤): چاودێریی ئاستی ڕەزامەندی و متمانەی کۆمەڵ بە کارایی دەسەڵات.

ناوەندی نیشتمانی بۆ پێوانەکردنی خۆشبژێویی گشتی (بەندی ١٠٨): چاودێریی کاریگەریی وارگێڕییەکان لەسەر ئاستی ژیانی خەڵک.

کۆڕی متمانەپێکراوی نیشتمانی (بەندی ١٠١): چاودێریکردنی بێلایەنیی مێدیای گشتیی نەتەوەیی.

کۆڕی نیشتمانیی مێدیا (بەندی ١٠٠): دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆ بۆ چاودێریکردنی ڕەوشتی ڕۆژنامەوانی.

دەستەی باڵای شایستەسالاری و ڕاڕەی دەوڵەتی (بەندی ١٠٦): چاودێریی گشت دامەزراندنەکان تاوەکوو تەنیا لەسەر بنەمای لێهاتوویی بن.

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان (بەندی ١٣٣): چاودێریی پاکی پڕۆسەی دەنگدان و پرۆژەی دارایی پارتەکان لە هەڵبژاردنەکاندا.

مێدیا (بەندی ١٠٠): وەک «کۆڵەکەی چوارەم»، ئەرکی چاودێریی بەردەوامی ژیاریی بەسەر گشت جومگەکانی دەوڵەتدا هەیە.

ڕێنیشاندەری ناوەڕۆک

ئابووریی نیشتمانی ..... ١٩، ٧٦، ٨٥، ١٨٢، ٢٠١، ٢١٩، ٢٧٧، ٢٨٤، ٣٠٣، ٣٢٤، ٤٩٢
ئازادیی مێدیا ..... ٢١١، ٣٣٣، ٥٤٣
ئاسایشی خۆراک ..... ٣٠، ٦٢، ٧١، ٢٨٤، ٣٠٢، ٣١٧، ٤٤٨، ٤٩٣، ٥٠٧
ئاسایشی نەتەوەیی ..... ٢٨، ٦٢، ٧٦، ٢٨٧، ٣٠٤، ٣٢١، ٣٣٤، ٣٩٩، ٤٤٧، ٤٩٣، ٥٤٨
ئاڵای کوردستان ..... ٥٣، ٤٢٢، ٤٩٤، ٥٥٠
ئامانجی باڵای دەوڵەت ..... ٧٠، ٤٩٥
ئاوەزی گشتی ..... ١٧، ٣٦، ٣٣٢، ٥٤٣
ئایدیۆلۆژیای هەڵوەشێنەر ..... ٢٨، ٣٤٦، ٤٩٤
ئەرشیفی نەتەوەیی ..... ٣٢٨، ٣٤١، ٤٠٣، ٤١٩، ٤٥٦

بازرگانیی نێودەوڵەتی ..... ٣٠، ٣٠٠، ٥٠٠، ٥٠٧
بانکی ناوەندیی کوردستان ..... ٣٠، ٢٩٧، ٤٤١، ٤٩٦
بنەما نەگۆڕەکان ..... ١٢٠، ٤٩٦، ٥٤٢، ٥٤٥

بنەماکان..... ٤٦، ٣٧٧، ٤٢١، ٤٧٤
بنەماکانی دادپەروەری..... ١٥٦، ٤١٤
بەربژێربوون..... ٨٤
بەرگریی نیشتمانی..... ٢٩، ٤٨، ٨٨، ١٧٠، ١٨٣، ٢٣٨، ٣٩٨
بەندە نەگۆڕەکان..... ١١٥، ١٢٩، ٤٢٣

پاتریا..... ٧٤، ٤٩٦
پارتایەتی..... ١٩، ١٠٨، ٢٦٥، ٣٤٩، ٤١٥، ٤٥٤، ٤٦٢، ٤٨٢، ٥٥٠
پارتی وارگێڕیی..... ٤٨
پارتییە وارگێڕییەکان..... ١٦٥، ١٦٩، ٥٠١
پارێزگا..... ٩٩
پاکتاوی دیمۆگرافی..... ١٨٧
پۆلیسی نیشتمانی..... ٢٩، ٩٥، ٢٣٤، ٥٦٠
پیرۆزیی خاک..... ١٨، ٦١، ٥٠٤
پەرگاڵی وارگێڕی..... ٩٠، ١١٦، ٤٢١، ٥٠٣
پەروەردەی نیشتمانی..... ٦٧، ٣٠٨، ٣١٢، ٣٤٧
پەیمانی نەتەوەیی..... ٥٢، ١٨٣، ٢٨٠، ٣٢٠، ٤٠٤، ٤٢٥، ٤٧١، ٤٧٥، ٤٨٧، ٥٠٣، ٥٤٦

تاوانی سیخوڕی..... ١٧٨
تێریتۆری..... ٤٧
تێریتۆریالیزم..... ٤٧

جینۆساید..... ١٧، ١٨٥، ٢٧١، ٣٤١، ٤٤٨، ٥٠٥
جینۆسایدی ژینگەیی..... ١٨٧
جینۆسایدی سپی..... ١٨٧
جەردەسالاری..... ١٩، ٢٨، ٣٥١، ٤٣٦، ٤٥٥، ٤٨٤، ٤٨٦، ٥٠٥، ٥٢٧، ٥٥٧، ٥٥٩

چینی ناوەند ..... ٢٨٢، ٣٠٣، ٤٦٤
چەکداریی تاکەکەسی ٨١
چەکداریی گشتی ..... ٧٨، ٨٠، ٥١١

خاوەندارێتی ..... ٤٧، ٥٩، ٧٣، ١٠٠، ١٨٢، ٢٠٢، ٤٦٩، ٥١٤، ٥٢٨
خودی کۆیی ..... ٢١، ٢٢، ٤٩، ٤٨٥، ٥٠٤، ٥٢٧، ٥٣٦، ٥٤٦
خوێنبەربوونی دارایی ..... ١٩، ٢٨٠، ٤٦٤، ٤٩٢، ٥٣٩
خۆساز ..... ٢٢، ٣٨، ٥٨، ٥٣٢
خۆسەرچاوەیی ..... ١٨، ٣٢، ٣٩، ٥٨، ٤٢٢، ٤٥٠، ٤٨٤، ٥١٢، ٥٥٢
خۆشبژێویی ..... ٦٢، ٨٦، ٩٥، ٢١٣، ٢٦٣، ٣٠٣، ٣٥٤، ٣٥٦، ٤٣٢، ٤٥٩، ٤٩٢، ٥٦٢

دادگای باڵا ..... ٢٦، ٧٢، ٨٩، ١١٦، ١٣١، ١٤٠، ٥٥٨
دادی کۆمەڵایەتی ..... ١٩٩، ٣٠٢، ٣٥١، ٤٥٠، ٤٥٩، ٥٣٨
دوژمن ..... ٢٥، ١٧٢، ١٨٤، ٢٣٦، ٢٤١، ٢٧٠، ٣٠٥، ٣٨٧، ٤١١، ٤٤٩، ٥٠١
دیاسپۆرا ..... ٢٦٧، ٢٦٩، ٣٢٠، ٤٠٢، ٤١٥، ٤٣٥، ٥١٧
دیپلۆماسی ..... ٤٨، ٦٦، ٢٤٨
دیمۆگرافی ..... ٣٢، ٥٠، ١٠٠، ٢٧٣، ٤٣١، ٤٦٥، ٤٩٥، ٥٦١
دەزگا چاودێرییەکان ٥٥٧
دەستووری کوردستان ..... ٢١، ٥٢، ٥١٢، ٥٢١
دەستووری کۆماری کوردستان ..... ١٧، ٥٠، ٨٧، ٤٨٩، ٥١٢، ٥٥٥
دەستەی نیشتمانیی مافەکانی مرۆڤ ..... ٢٩، ٤٣٨، ٥٦٠
دەسەڵاتداری ..... ٤٨، ٨٢، ٤٢٣
دەسەڵاتی دادوەریی ..... ١٨، ٢٦، ١٠٧، ١٤٦، ١٥٨، ٣٨٢، ٤٩٨، ٥٠١، ٥١٥
دەسەڵاتی ڕایەدار ..... ٢٦، ٩٢، ٩٤، ١١٧، ١٤١، ١٥٨، ٢٢٦، ٥١٠، ٥١٦
دەسەڵاتی قانوونداناں ..... ٩٦، ١١٢، ١٢٥، ١٣٧، ٣٥٨، ٣٩٣، ٤٢٠، ٤٨٦، ٥١٥

دەسەڵاتە خۆماڵییەکان ..... ٩٩، ١١٠، ١٥١
دەوڵەتداری ..... ٢٠، ٤٨، ٥٦، ٨٢، ٤٠٣، ٤٥١، ٤٦٩، ٤٧٥، ٤٨٨، ٥١٨، ٥٤٨
دەوڵەتی ڕزگاریی ..... ٤٠٢، ٤١٦، ٥٠٩، ٥١٦
دەوڵەتی ژێر ..... ٢٨٨، ٣٦٥، ٣٧٦، ٣٨٩، ٤٠٢، ٤١٦، ٥٠٣، ٥١٧
دەوڵەتی کوردستان ..... ١٨، ٢٨، ٤٩، ٥٠، ٦٨، ١٣٠، ١٨٩، ٢٠٣

ڕاژەی گشتی ..... ١٨، ٨٥، ٩٧، ١٧٠، ١٩٤، ٤٥٥، ٤٧٣، ٥١٨
راژەی نیشتمانی ١٩
ڕایەداری ..... ٢٥، ٦٠، ٨٩، ٢٥٤، ٣٦٧، ٤٥٤، ٥٢٢، ٥٥٢
ڕوونایی ..... ٧٨، ١٠٩، ١٦٧، ٢٠٨، ٣٣٤، ٣٥٦، ٣٧٣، ٣٩٩، ٤١٧، ٤٣٥، ٥٢١، ٥٤٥
ڕووەن ..... ٨٦، ١٠١، ١٢٤، ١٥٤، ٢١١، ٢١٤، ٢٩٠، ٣٦٨، ٣٩٣، ٤٣٧، ٥٠٢
ڕووەنی ٥٢١
ڕیفراندۆم ..... ٩٢، ٣٤٦

زمانی کوردی ..... ١٥٧، ٢٠٢، ٢٧٥، ٣٠٩، ٣٢٦، ٤٣١

ژیریی کۆیی ..... ١٨، ٢٢، ٤٩، ٤٥٨، ٤٧٤، ٥٠٢، ٥١٥، ٥٣١، ٥٤٦، ٥٥٨

سامانە سروشتییەکان ..... ١٩، ٢٠٦، ٢٨٤، ٤٦٠، ٥٢٢
سندوقی هاوسەنگیی نیشتمانی ١٠١
سەرکۆمار ..... ٦٠، ٨٥، ٩٥، ١٣٩، ٢٢٦، ٣٢٥، ٣٦٦، ٣٧٩، ٤٣٢، ٤٧٠، ٥١٦
سەرکۆماری کوردستان ..... ٨٤، ٥٢٣
سەرمایەداریی نیشتمانی ..... ١٩، ٢٧، ٢٧٩، ٤٦٤، ٤٩٢، ٥٢٤
سەرمایەی نیشتمانی ..... ٢٨٠، ٥٥٨
سەروەریی ..... ٢٨، ٤٩، ٥٨، ١٧٠، ٢٠٢، ٣٥٠، ٤٠٢، ٤٣١، ٥٠١، ٥٤٤
سەروەریی ڕەها ..... ١٧، ٥٤، ٤٠٥، ٤٥٨، ٥١٦

سەروەریی قانوون..... ٢٩، ٣٦، ١٥٠، ١٥٣، ١٩٣، ٢٤٤، ٤١٤، ٤٥٧، ٤٧١، ٥٢٣، ٥٤٨
سەروەریی نەتەوەیی..... ٣١، ٤٧، ١٨٠، ٢٣٦، ٣٦٢، ٤٠٨، ٤٢٨، ٤٥٠، ٤٨٢، ٥٣٣
سەرۆکی دەوڵەت..... ٨٤، ١٣٥، ١٣٧، ١٧٤

شارۆمەندی کوردستانی..... ١٨، ٢٤، ٤٣، ٥٢، ٥٥٢
شارۆمەندیی پێشمەرگە..... ٧٩، ١٦٣
شارەوانی..... ٩٩، ١٠٩
شارەوانییەکان..... ١٠٠، ١٠٩، ١٥٢، ٥٦٠
شالیار..... ٩٣، ٥٢٢
شالیارگە..... ٩٩، ٤١١
شایستەسالاری..... ١٩، ٢٨، ٣٤٩، ٤٥٤، ٤٨٦، ٥١٦، ٥٥٠، ٥٦٢
شەڕی زانیاری..... ٢٢٥، ٣٣٤

فرەیی..... ٢٤، ٣٧، ٥٣٠، ٥٥٥

قانوونی بنچینەیی..... ٥٣٢

کابینەی دەسەڵات..... ٩٣، ٩٤، ١١٧، ٢٢٨، ٣٥٦، ٤٣٢، ٥١٠، ٥١٦
کرداریی کۆیی..... ٢١، ٤٩٥، ٥٠٤، ٥٣٦
کوردبوون..... ١٩، ٢٤، ٤٣، ٥١، ٤٦١، ٤٨٢، ٥٠٨، ٥١٩، ٥٣٤
کوردستانیبوون..... ١٩، ٢٤، ٤٣، ٥١، ٤٦١، ٤٧٧، ٥٠٤، ٥٢٨، ٥٣٤
کوردستانیزم..... ١٩، ٢٤، ٢٦٨، ٤٨٠، ٤٨٨، ٥٠٨، ٥٣٤
کۆڕی باڵای دادوەریی..... ١٥٠
کۆڕی باڵای ستراتیژیی سنووورەکان..... ٧٠
کۆڕی باڵای نەخشەدانانی نیشتمانی..... ٦٣

کۆڕی باڵای ئابووریی نیشتمانی ..... ٢٧، ٤٣٢، ٥٣٧
کۆڕی نیشتمانیی میدیا ٣٣٥
کۆماری کوردستان ..... ٢٧، ٤٨، ٥٦، ٦٨، ٩٩، ١٧٠، ٢١٠، ٣٦٣، ٤١٨، ٤٢٨، ٥٠٢
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ..... ٤٣٤، ٥٣٦، ٥٦٢
کۆمەڵگای زانین-تەوەر ٣٠٧
کۆمەڵگەی ژیاری ..... ١٨١، ٢٠٨، ٣٣٧، ٤٢١، ٥٣٨
کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ٤٠٢
کەرتی تایبەت ..... ١٨٢، ٢٨١، ٢٨٦، ٣١٧، ٣٣١، ٤٣٢، ٤٩٢

گەڕیاریی نیشتمانی ..... ٢٧، ٢٨٦، ٤٦٦، ٥٤٠
گەندەڵی ..... ١٩، ٢٨، ١٠٣، ١٠٩، ١٢٧، ١٥٤، ٢١٤، ٣٧٠، ٤٣٦، ٥٣٩، ٥٥٩

لێخۆشبوونی نیشتمانی ٤١٥

مافی ڤیتۆ ..... ٨٨، ١٤٠
مافی هزری ..... ٢٨١، ٢٩٢، ٣٢٣، ٣٣١
ملکایەتی ..... ٢٧٩، ٤٣٠، ٤٦٥
میدیا ..... ١٥٦، ٣٣٣، ٥٤٣، ٥٦٢
میدیا ..... ١٧، ٤٢، ٤٨٤، ٥٣٣، ٥٤٣
میکانیزمی ڕۆبێک ١٠٢
میلیشیای ناقانوونیی ٨٠
مەکۆی ژیران ..... ١٨، ٢٦، ٨٩، ٩٦، ١١٩، ١٣٧، ٤٣٤، ٤٤٣، ٤٨٤، ٥٤٥، ٥٥٩
مەکۆی نیشتمانی ..... ٨٩، ١١٨، ١٢٥، ١٩٢، ٢٧١، ٣١٤، ٣٥٦، ٣٨٠، ٥٠٢، ٥٤٦، ٥٥٩

ناپاکیی نیشتمانی ..... ٢٠، ٨٥، ١٣٠، ١٧٢، ١٩٢، ٣٣٣، ٤١٤، ٤٨٥، ٥٠٦، ٥٤٢، ٥٤٧
ناسنامە ..... ٣٠، ٤٦، ١٨٣، ٢١٨، ٣٤٦، ٤٢١، ٤٢٨، ٤٦٥، ٤٧٣، ٤٨٧، ٥١٤

نەتەوەی دایک ..... ١٧، ٥٤٦
نەیارشەیدایی ..... ٢٥، ١٨٤، ٥٠٠، ٥١١، ٥٢٠

هاوواڵتی ..... ١٨، ٣٦، ٧٢، ١٩٣، ٤٠٧، ٤٧٠، ٤٧٣، ٤٨٧
هاوئاگایی نەتەوەیی ..... ٢٥، ٤٠، ٥٩، ٧٨، ٤٥٨، ٤٩٤، ٥٣٢
هێزی بەرگریی نیشتمانی ..... ١٩، ٢٩، ٦٨، ٨١، ١٧٠، ٢٢٤، ٢٣٤، ٤١٣، ٥٥٣
هێزی دامەزرێنەر ٤٠٥
هەڕەشەی بوونایەتی ..... ٢٤٣، ٢٧٩، ٤٤٨
هەموارکردنەوەی دەستوور ..... ١٢١، ١٢٩، ٤٢٠
هەواڵگریی نیشتمانی ..... ١٩، ٢٩، ٢٣٥، ٣٢٢، ٥٥٣

وارپارێزیی ..... ١٩، ٢٩، ٤٧، ٥١، ٤٨٥، ٥٠٦، ٥٢٧
وارگێڕی ..... ٤٧، ٧١، ١٤٠، ١٦٨، ٢٣٠، ٢٧٠، ٣١١، ٣١٥، ٣٤٦، ٣٦٨، ٣٧٥
وارگێڕیی دەرەوە ..... ٨٦، ١٧٨
وارگەی نەتەوەیی ..... ٤٩، ٥٢، ٧٣، ٢٠٣، ٤٠٧، ٤٢٣، ٤٥٠، ٤٦٩، ٥١٦، ٥٥٠، ٥٥٨
وڵاتی کوردستان ..... ١٨، ٤٣، ٥٢٧، ٥٣١

یادەوەریی نەتەوەیی ..... ٦٥، ١٨٥، ٣٢٨، ٣٤٣، ٤٦٠، ٥٤٧
یەکپارچەیی ..... ٢٠، ٢٣، ٥٥، ٧١، ١٦٤، ١٧٠، ٢٢٨، ٤٢٣، ٥٠٣، ٥٤٦، ٥٦١
یەکپارچەیی وار ..... ٢٠، ٤٧١
یەکێتیی نەتەوەیی ..... ٨٤، ٩٩، ١١٠، ١٦٧، ٢٣١، ٣١٣، ٣٤٦، ٤٠٩، ٤٢٠، ٥٢٣، ٥٥٥



تۆمارکردنی دەستوور و دانپێدانانی خوێنەر

خوێنەری بەڕێز،

دەستووری کۆماری کوردستان، وەک بەڵگەنامەیەکی بنەڕەتیی نیشتمانی، بۆ خوێندنەوە، ناسینی بنەماکانی دەوڵەتداری و بەشداری لە گفتوگۆی دەستووری پێشکەش کراوە. بانگهێشتت دەکەین بە سەردانکردنی مالپەڕی خوارەوە یان سکەنکردنی کۆدی QR، پەڕتووکەکەت تۆمار بکەیت و، ئەگەر لەگەڵ بنەما و ناوەڕۆکی دەستوور هاوڕایت، دانپێدانانی خۆشت بە دەستووری کۆماری کوردستان تۆمار بکەیت.

تۆمارکردنەکەت هەروەها هاوکارییەکی بەهادارە بۆ ناسینی ئاستی بڵاوبوونەوەی دەستوور لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا. لە ڕێگای ئەم تۆمارگەیەوە دەتوانین زانیارییەکی وردتر لەسەر ژمارەی پەڕتۆکە تۆمارکراوەکان، شوێنی دابەشبوونیان، ئاستی خوێندنەوە و ڕادەی دانپێدانانی خوێنەران بە دەستوور کۆ بکەینەوە.

دەتوانیت پەڕتۆکەکەت بە ناوی ڕاستەقینە یان ناوی خوازراو تۆمار بکەیت. هەروەها دەتوانیت دیاری بکەیت کە پەڕتۆکەکەت کڕیوە، بە دیاری وەرتگرتووە یان بە قەرزت وەرگرتووە، و دۆخی خوێندنەوەی خۆت تۆمار بکەیت.

دانپێدانان بە دەستوور هەڵبژاردەیەکی ئازادانە و سەربەخۆیە لە تۆمارکردنی کتێب. هەر خوێنەرێک دەتوانێت بەپێی تێگەیشتن و بڕوای خۆی بڕیار بدات.

بە تۆمارکردنی پەڕتۆکەکەت، بەشداری لە دروستکردنی وێنەیەکی ڕوونتر لە ئاستی گەیشتن و خوێندنەوەی دەستووری کۆماری کوردستان دەکەیت.

بۆ تۆمارکردن، کۆدی QR ـی پەڕتۆک سکەن بکە یان سەردانی ئەم بەستەرە بکە:

https://kurdistancongress.com/constitution/register

کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان



دەستووری کۆماری کوردستان

ئەم دەستوورە، بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و دەربڕینی باڵاترین ویستی نەتەوەی کورد بۆ بەرجەستەکردنی مافی ڕەهای خۆی بۆ دەوڵەتسازی، دەوڵەتداری و سەروەریی نەتەوەیی لەسەر وارگەی مێژوویی خۆی. دەستوور، سەروەریی نەتەوەی کورد لە هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکی ناخوازێت؛ بەڵکوو ئەو سەروەرییە وەک گەرەکمەندیی بنەڕەتی و هەردەمیی نەتەوەی کورد دەناسێنێت و چوارچێوەی دەستووریی بۆ دادەنێت. لەسەر بنەمای سەروەریی قانوون، جیاوازیی دەسەڵاتەکان، سەربەخۆیی دادوەری، پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان و بەرپرسیارێتیی دامەزراوەکان، ئەم دەستوورە بناغەی دەوڵەتێکی دادپەروەر، بەهێز و خاوەن دامەزراوەی سەقامگیر بناغەڕێژ دەکات و لەهەمانکاتدا، بە یەکخستنی بنەماکانی دەوڵەتداریی مۆدێرن، ئاسایشی نەتەوەیی، ئابووریی نیشتمانی و دەوڵەتی ژیر، نەخشەڕێگایەکی دەستووری بۆ ڕۆژگاری، بنیاتنانی دەوڵەت و پاراستنی سەربەخۆیی کوردستان دادەڕێژێت. ئەم دەستوورە نەک تەنیا ڕێککخستنی دەسەڵات بێت؛ پەیمانی قانوونی و مێژوویی نێوان نەتەوەی کورد، نیشتمانی کوردستان و نەوەکانی داهاتووبە. سەروەریی سەرچاوەی ڕەوایەتیی دەوڵەتە؛ دەستوور چوارچێوەی پاراستنی ئەو سەروەرییەیە.

ISBN 978-82-694326-0-2

بڵاوگەی کۆمار

www.kurdconstitution.com